www.pertwk.com

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان
زنجیره (41)

PDF4Kurd

# پاژنەی ئاسنین

نووسینی:
جاك لندن

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە :
کەمال غەمبار

پیاچوونەوەی:
عوسمان محەممەد هەورامی

**وەزارەتی رۆشنبیری**
**بەڕێوەبەرێتیی خانەی وەرگێڕان**
www.roshnbiri.org
khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی کتێب: پاژنەی ئاسنین
- نووسینی: جاک لندن
- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: کەمال غەمبار
- پیاچوونەوەی: عوسمان محەممەد هەورامی
- تایپ و نەخشەسازیی کۆمپیوتەری: شیلان نوری
- نەخشەسازیی بەرگ: کەمال حامد
- زنجیره: (41)
- تیراژ: 1500 دانە
- چاپ: چاپخانەی دیلان
- ژمارەی سپاردنی (43)ی ساڵی (2004)ی وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە
- چاپی یەکەم: 2004- سلێمانی

www.pertwk.com

www.pertwk.com

# العقب الحديدية

THE IRON
BY
JACK LONDON

نقلها الى العربية
منير البعلبكي

ترجمها الى الكوردية
كمال غمبار

المراجعة اللغوية:
عثمان محمد هورامي

www.pertwk.com

# پێشەكی

## بەپێنووسی نووسەری نەمری فەرەنسی
## ئەناتۆڵ فرانس

"پاژنــەی ئاســنین" ئــەو نــاوە بەهێزەیــە كــە"جــاك لنــدن" بــە ســونبولی پلۆتۆكراتیيەتی[1] لەقەڵەمدەدات. ئەو كتێبەی ئەم ناوەی بەخۆوە گرتووە, ساڵی 1907 بڵاوكراوەتەوە. ئەو ململانێیەمان بۆ وێنە دەكێشێ كەرۆژێ لەڕۆژان, ئەگەر خواوەندەكان لەساتی تووڕەییاندا رێی پێبدەن –لەنێوان پلۆتۆكراتییەتو گەلدا بەرپا دەبێ, هەی بەداخەوە! جاك لندن ئەو بلیمەتییە تاكانەی تێدا بوو كە دەركی بـەوەی لەخـەڵكی رەشـورووت شـاردرابۆوە دەكـردو, زانیارییـەكی تایبـەتی وای هـەبوو كـەبتوانێ ویـژدانی دوارۆژ بدۆزێتـەوە. پێشبینی ئـەو كۆمەڵـە رووداوانـەی كـرد كـە ئـەمڕۆ نـەبێ لەبەرچـاومان دیـار نـەبوون. ئـەو دراما ترسـناكەی بانگمـان دەكـات بـۆی, لەراسـتیدا تـاكو ئێـستا روویـنـەداوە. ناشـزانین ئـەو پێـشبینییە ترسـناكەی ئـەو مریـدە ئەمریكییـەی لـەمیردەكانی ماركـسەوە رایگەیانـد كـەی دێتەدی.

جـاك لنـدن سۆشیالـستبوو, سۆشیالـستێكی شۆڕشـگێڕ. ئـەو پیـاوە كەلـەم كتێبەدا– دەگاتە راستیو, پێشبینی دوارۆژ دەكات, ئەو پیاوە حەكیمە بـەهێزە دڵپاكەیـە كـەپێی دەوتـرێ ئێرنـست ئێڤـەر هـاردە, ئـەم ئارنـستە, وەك دانـەر, لەڕۆڵـەكانی چـینە زەحمەتكێـشەكانبوو, بەهـەردوو دەسـتەكانی كاریـدەكرد, لەبەرئەوە دەبێ تۆ بزانی نووسەری ئەم چیرۆكە كەپـەنجا بـەرگی سەرسوڕهێنەری پڕ لـەژیانو زرنگیـی هێناوەتەبەرهـەمو, لەگـەڵ ئەوەشـدا لەهـەڕەتی لاویـدا كۆچـی دوایی كـرد, كوڕە جووتیارێك بـوو, بەرۆژنامـە فرۆشتن نـانی پەیـدا دەكـرد كەئەو حەلە تەمەنی دەساڵان بوو.

ئارنست ئێڤـەر هـارد هـەموو لەشـی ئازایـەتیو حیكمەتـە, پڕە لـەهێزو عـەقڵو دانایی, هەمووشیان خاسیەتی هاوبەشن لەنێوان خۆیو ئەو نووسەرەی دروستی كـردووەو. بـۆ تـەواوكردنی پێكـچوونی نێـوان هـەردووكیان, نووسـەر, دانـەر ئـــافرەتێكی گیـــان بـــەرزو زیرەكـــی مـــەزن بەپاڵەوانەكـــەی دەبەخـــشێ كەخولْقاندوویەتی, ئافرەتێ كەهاوسەرەكەی مێشكی بـەبیروباوەڕی سۆشیالـستی ئاودەداتو ئەویش بادەریان پێدێنێ. ئەو ئەوەمان بیردەخاتەوە كە ئێمـە دەیـزانین كـەوا چێرمان كیتریـدج لنـدن, لەگـەڵ جاكی هاوسـەری وازیـان لـەپارتی كرێكـاران هێناوە دوای ئەوەی نیشانەی بێدەسەڵاتی راستەوخۆ لەو دەزگایەدا دەركەوتووە.

ئـەو دوو شۆڕشـەی كەرەسـتەی ئـەم كتێبـەن كەپێـشكەشی خوێنـەریان دەكـەم زۆر خوێنـاوی بـوون, هـەردووكیان لەنەخـشەی ئـەو كەسـانەی هەڵیانگیرسـاند زۆر لەستەمو لەچۆنییەتی ئەنجامدانیان, زۆر دڕندەیی دەنوێنن, تاڕادەیـەك وا لـەمرۆڤ دەكات بپرسێت: ئایا دەشێ شتێكی ئاوا لەهەر رۆژێكبێ لەئەمەریكا, لەئەوروپادا

---

( 1) plutocracy یاخود حكومەتی دەوڵەمەندان.

www.pertwk.com

رووبدات؟ دەشێ شتێکی ئاوا لەفەڕەنسادا رووبدات؟ من باوەڕمنەدەکرد کەدەشێ بەبێ ئەگەر وێنەی ئەو رۆژە حوزەیرانیانەم لەبەرچاو نەبان کەشۆڕشی رەشوڕووتانی (کۆمۆنە Commune)ی ساڵی 1871ی ملکەچ نەکردبایەو، کەبیرماندەخاتەوە هەمووشتێك دژی هەژاران دەشێ رووبدا ئەزموونەکانی سەدەکان سەلماندیان.

کەپرۆلیتاریا لەهەر ولاتێکدابێت، جا ئەو ولاتە ئەوروپی بێ، یان ئەمریکی بۆ(پاژنە ئاسنینەکان) فریودانێك ساز دەدات بەجۆرێ کەخۆی لەبەریا ناگرێ.

سۆشیالیزم لەفەڕەنسا، ئەویش وەك ئەوەی ئیتالیاو ئیسپانیا، ئەمڕۆ لەوە بێهێزترە کەئەوەی بەدەستەوە بێ لە "پاژنە ئاسنینەکان" بترسێ، چونکە ئەوپەڕی لاوازی نیشاندان بەلای بێهێزەوە پشتێنی سەلامەتییە. چ "پاژنەی ئاسنین" نییە خۆی ماندوو بکات پێ لەو حیزبە لاوازە خاك ئاساییە بنێ‌و، چ پێویست بەبێهێزکردنی دەکات؟ لەراستیدا هاڕینی تەقەلایەکی گەرەکەو چیترنا، لەفەڕنسا کە ژمارەی پرۆلیتاریا زۆرکەمەو، لەبەر چند هۆیەکی جیاواز، دیمان ئەو شەڕەی ئەوپەڕی سەختی‌و بارگرانیبوو بەسەرشانی چینە ناوەڕاستە نزمەکانەوە، رایرڤاندبوون. بێئەوەی تاکە هاوارێکیان لێ رابپچڕکێنی، چونکە ئەو کرێکارەی لەپیشەسازیی گەورەدا کاریدەکرد، ئەو کرێکارەی لەڕێگەی دروستکردنی بۆمباوە نانی دەسدەکەوت، کەشەڕ کۆتاییهات رۆژانەکەی فرەکەمبوو لەگەڵ ئەوەشدا قەت لەوەزیاتر دانەبەزی کەوەك پێویستبوو. پیاوانی کات بەتەنگ ئەوەوە بوون‌و کردیانە خەمێك لەخەمەکانیان! بەهەر بارێبێ ئەو کرێیانە لەکاغەز زیاتر نەبوون کەپێشەوا دەوڵەمەندەکانی پیشەسازی- ئەوانەی بەهێزترین پەیوەندییان بەدەسەڵاتدارەکانی بالاوە هەبوو، لەپەیداکردنیدا ئەوەندە ماندوو نەدەبوون. بەمشێوەیە کرێکار بۆی لوا بەچاکترین شێوە بژی. ئەوەندەی درۆ بیستبوو وای لێهاتبوو کەئیتر سەیری بەهیچ شتێ نەیەت‌و سەری لێسوڕنەمێنێ.

هەر لەم ماوەیەدا پارتی سۆشیالست خۆی ئەوەی ویست کەتێکوپێك بشکێ‌و خۆی بەربادبکات، ئەمەش تێکشکانێکی گەورەبوو بۆ سۆشیالیزم، تێکشکانێك بێ کوژراوو بریندار کۆتاییهات! بەڵام ئەوە چۆن بوو؟ ئەو هۆیانەی کەباسمکردن بۆ شیکردنەوەی مەسەلەکە بەسن، بێگومان جەنگ لەشتێکی لەو بابەتە بەرپرسیارە.

بەڵام ململانێی بەڵام نێوان کارو سەرمایەدار دەبێ رۆژێ دەستپێبکاتەوە. ئەو حەلە رۆژگارێ بەچاوی خۆمان دەبینین وەك رۆژانی شۆڕشی سان فراسیسکۆو چیکاگۆ کەجاك لندن پێشبینییەکی ئەوەندە ترسناکی کردن کە زەحمەتە وەسف بکرێ‌و، هیچ هۆیەك نییە وامان لێبکات کەلەو بڕوایەدا بین سۆشیالیزم لەو ساتەدا- درەنگ یا زوو- لەژێر پاژنەی ئاسنیندا وردو خاشدەکرێ‌و لەناو خوێندا نقومدەکرێ.

لەساڵی 1907دا جاك لندن بەڕەشبینی ترسناك لەقەڵەمدەدرا، تەنانەت سۆشیالستە راستگۆیەکانیش گلەییان لێکرد چونکە ترسی خستەناو ریزەکانی حیزبەوە. ئەوان بەهەڵەدا چووبوون، چونکە ئەو کەسانەی توانای بەنرخی نایابیان هەبوو کەشۆڕببنەوە ناو ویژدانی نەبینراوو ناچار دەبن کەئەو مەترسییانەی بۆیان دەردەکەون دەریانخەن. من گوێم لە"جۆریس"ی مەنزبوو، زۆرجار دەیوت: "هێزی ئەو چینانەی کەدەبێ دژیان تێبکۆشین ئێمە بایەخی

www.pertwk.com

تـەواویان پێنـادەین, ئـەو چـینانە بـەهێزن. دەشـڵێن خێرخـوازان, کاهینـەکانیان ڕەوشـتی کڵێـسایان بـەلاوە نـاوە تـا ڕەوشـتی کارگـە بگـرن‌و, کـاتێ مەترسـی بـەرەنگاری ئـەو چـینانە دەبێتـەوە, کۆمـەڵ خێـرا بەیەکـدڵ بـەرگریان لێـدەکات". ئەرکی ئەوبوو, هـەروەك ئەرکی "جاك لندن"یش بوو, کـە ئاوێنـەی پێشبینیمان لەبەردەم هەڵگرن کەتیایا هەڵەو بێئاگاییەکانمان ڕەنگ دەدەنەوە.

دەبـا دوارۆژ لەمەترسـی دووربخەینـەوە, ئـەوە بـۆ ئێمەیـە, پلۆتۆکراتییـەت دەفەوتێ‌و, ئێمە هـەر لەئێستاوە لەڕواڵـەتی هێـزی خۆیـدا دەتـوانین نیـشانەکانی هەرەسهێنانی بەدیبکەین.

ئەو دەفەوتێ, چونکە هەموو حکومەتێکی چینایەتی هـەر دەبـێ لـەناو بچێ, ئەو دەفەوتێ چونکە دادوەرینە, ئەو دەفەوتێ, خۆی بەشانازی پفدراوە, دڵنیایە لەوەی کە گەیشتۆتە ئەوپەڕی هێزو وزەی, هەر وەك چۆن کۆیلایەتی‌و بەندایەتی وەك یەك لەناوچوون, تەنانەت لەرۆژگاری ئەمڕۆی خەڵکدا هەرکەسێ سەرنجبدات دەتـوانێ ئـەوە ببینـێ کەئـەو بـەلادا چـووەو بـەرەو کەوتنـە. ئـەم شـەڕەی کەبەرژەوەنـدیی بازرگانییـە گـەورەکان, لەهـەموو وڵاتـانی جیهانـدا ئارەزوویـان کـردووە, ئـەو شـەڕەی کەشـەڕی ئـەوانبوو() ئـەو شـەڕەی کەئومێـدێکی گـەورەیان پێهـەبوو سـامانی نوێیـان چـنگ دەکـەوێ, وێرانکارییـەکی ئەوەنـدە قـووڵ‌و

() مەبەست ئەوەیە کەشەڕی پلۆتۆکراتییەتبوو –وەرگێڕی– ع.

فراوانیلێکەوتەوە, بەجۆرێ کەخودی ئۆلۆگارکییەتی() لەقاندو ئەو رۆژەش نزیکە کەئەوروپا دەبێتە کەلاوە.

مـن نـاتوانم ئـەوەتان پێبڵـێم کەئۆلیگارکییـەت هەرئێـستاو بێخـەباتکردن دەفـەوتێ. ئـەو خۆشـی خەباتـدەکات. کـێ دەزانـێ, لەوانەیـە, دوایـین شـەڕی درێژخایەنی چارەنووس جیابێ. ئای, ئەی میراتگرانی پرۆلیتارییەکان! ئای, ئەی وەچـەکانی دواڕۆژ, ڕۆڵـەکانی ئـەو ڕۆژانـەی دێنەبـەرەوە. ئێـوە تێدەکۆشـن. کەنائومێدییـەکان واتـان لێدەکـەن گومـان لەسـەرکەوتنتان بکـەن, هەڵبەتـە ئێـوە ئازایەتیتان دێتەوەبەرو لەگەڵ ئێڤەر هاردی وەجاخزادەدا دەیڵێینەوە:

"جـارێ دۆڕاندوومانـە, بـەڵام هـەتا هـەتانا! زۆرشـت فێربـووین, بـەیانیش مەسـەلەکە لەنۆژەنـەوە راسـتدەبێتەوە, کـەوا بەحیکمـەت‌و گیـانی ڕێکـوپێکی بەهێزترە."

ئەناتۆل فرانس

() Oligarchy حکومەتی کەمینە –وەرگێڕی عەرەبی–.

www.pertwk.com

# بەشی یەکەم

10

# هەڵـــۆکەم

www.pertwk.com

# هەڵۆکەم

شنەی سازگاری هاوین لق و پۆپی (سوورەچنار) دەورووژێنێ و، ئاوی "وایەڵد وۆتەر" شەپۆلدەداو ئاوازی شیرین بەسەر تاشەبەردە قەوزەدارەکانیدا دەبارێنێ. پەپوولە لەبەر خۆرەتاوا هاتووچۆیانەو لەهەر شوێنێك گیزە گیزی هەنگی خەواڵوو بەرگوێ دەکەوێ. هەمووشتێك زۆر هێمن و مەندو ئاسوودەیە، من لێرەدا دادەنیشم و، دەکەومە بیرکردنەوە. دەروون شڵەژاوو نەسرەوتم، هێمنییەکە شڵەژان و نەسرەوتن دەخاتە دڵ و دەروونم. ئەو خۆی بەناڕاست دەنوێنێ، سەرتاپای جیهان کپە، بەڵام کپییەکی بەر لەگێژەڵووکەیە. من چاوەکانم و هەموو هەستەکانم ماندوو دەکەم، بەدوای شتێکدا عەودالم نیشانەی ئەو گێژەڵوکە نزیکەی تیایە. ئای، چەند حەز ئەکەم مەییوی کاڵنەبێ! چەند حەز دەکەم مەییوی کاڵنەبێ!

شڵەژان و نیگەرانیم مایەی سەر سوڕمانێکی زۆر نییە. من هەر بیر دەکەمەوە. ناشتوانم واز لەبیکردنەوە بێنم، ژیانی ساڵانی تەمەنم پڕبوون لەتەوژم و تاو، بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەهێمنی و کپی بارگرانبووم(□)، ناتوانم بیرنەکەمەوەو لەناو

(□) شۆڕشی دووەم، لەپلەو پایەی یەکەمیا دەسکردی ئێڤەر هاردبوو، هەرچەندە لەڕاستیدا خۆی لەگەڵ پێشەوا ئەوروپییەکاندا هاوکاریکرد. دەسگیرکردنی ئێڤەر بەهاری 1932 بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئامادەکردنەی بۆ شۆڕشی کردبوو، وردبوو، تا رادەیەك هاوبەشەکانی لەپیلاندا والێکردن کەبەشڵەژانێکی کەم، یا ئارامگرتن بتوانن



ئەو گێژەنە سەرشێتەی مەرگ و وێرانییەی کەبەو نزیکانە دەتەقێتەوە. هات و هاواری کڵۆڵان گوێم کاسدەکەن. دەمتوانی بەچاوی خۆم ببینم، وەك لەرابوردووشدا بینیم(□)، دەمتوانی شێواندنی بەتوندی لەو لەشانەی لەخۆیان بایین. پاڵپێوەنانیان بەوپەڕی دڵڕەقییەوە بەرەولای خوا.

هەر بەمجۆرە ئێمەی مرۆڤی بەستەزمان ئامانجەکانمان دێنینە دی، لەناو جەرگەی لاشەو وێرانیدا تێدەکۆشین بۆئەوەی ئاشتییەکی هەمیشەیی و بەختەوەرییەکی سەقامگیر بهێنینە سەر زەوی.

پاشان من تاك و تەنیاو بێکەس دەژیم. کاتێ بیر لەوە ناکەمەوە کەلەڕۆژانی ئایندەدا روو دەدا، بیرە لەوە دەکەمەوە کەهەبوو، دوایی نەما– بیر لەهەڵۆکەم دەکەمەوە کەجووتە باڵەکانی لەبۆشاییدا دەکوتێ و شلوکوت نابن، هەردەم بەرەو ئەو شوێنە دەفڕی کە هەمیشە خۆرەتاو بوو. بەرەو نموونەی بەرزی رۆشنی ئازادیی و مرۆڤایەتی بەرز دەبێتەوە. من ناتوانم تەمەڵ و دەستە ئەژنۆ دابنیشم و چاوەڕوانی رووداوە گەورەکە بکەم کە دەستکردی ئەوە، هەرچەندە ئەو لەناوماندا نییە هەتا بەچاوی خۆی ببینێ، هەموو ساڵانی پیاوەتی و مەردایەتیی خۆی

نەخشەکانی جێبەجێبکەن. پاش خنکاندنی ئێڤەر هارد، هاوسەرەکەی روویکردەوە یك رۆبن لودج Wake Robin کەماڵێکی شانەیی "واتە شانەیەکی حیزبیبوو وەرگێڕی کوردی–" لە "سۆنۆماهیلز Sonama Hills لەکالیفۆرنیا.

(5) گومانی تێدا نییە لێەدا پەنجە بۆ کۆمونە "شۆڕشی رەشورووتان"ی چیکاگۆ درێژ دەکات.

www.pertwk.com

لەپێناوی ئەودا داناو، لەپێناوی ئەودا ژیانی خۆی بەخشی شۆڕش دەسکردی ئەوبوو، خۆی دروستیکردبوو(□).

لێرەدا بەڵێنمدا، لەم ماوەی چاوەڕوانیی تەلەزگەدا،خۆم تەرخانکەم بۆ لەسەر نووسینی هاوسەرەکەم. رووناکییەکی زۆر هەیە من بەتەنیا خۆم دەتوانم بێ لەهەموو ئەو کەسانەی زیندوون بیخەمەسەر کەسێتییەکەی‌و، کەسێتییەك بەو هەموو شەرەفمەندییەوە بێ ناکرێ، زیاتر لەپێویست بەڕەنگی گەش وێنەی بکێشرێ. گیانێکی مەزن بوو. کە خۆشەویستیم لەخۆپەرستی دەترازێ هیچ شتێکم نییە خەمی لێبخۆم داخی ئەوە نەبێ کەخۆی لێرە نییە تاکو کازیوەی سبەی ببینێ. ئێمە نابێ ژێر بکەوین. ئەو بینایەی کە بنیاتی نا بەهێزترو پتەوترە لەوەی کە وابکات بشێ سەرنەکەوتنەکە ببێ، قوڕ بەسەر "پاژنەی ئاسنین" بەو زووانە بەداهێنراوی بەرپەرچی مرۆڤایەتیی لەعەردی دراو دەداتەوە، کەوشەی نهێنی رادەگەێنرێ جەماوەری کرێکاران لەهەموولایێکی جیهاندا رادەپەڕن. شتێکی وەك ئەمە هەرگیز لەمەوبەر لەمێژووی جیهاندا رووی نەداوە. یەکێتیی ریزەکانی کرێکاران پتەوبووەو، بۆ یەکەم جار شۆڕشێکی جیهانیی بەرفراوانمان، پڕ بەفراوانیی جیهان بەدیدەکەین.(□)

---

(□) لەگەڵ هەموو رێزمدا بۆ ئەڤیس ئێڤەر هارد Avis Everhard دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کەئەرفست ئێڤەر هارد تەنیا یەکێك بوو لەزۆر پێشەوایانی کارامەو شارەزا، نەخشەی "شۆڕشی دووەمین"یان کێشاو، ئێمە ئەمڕۆ کەبەسەدەکاندا دێینەوە، دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین: بانەت ئەرفست ئێڤەر هاردیش لەژیاندابوایە سەرەنجامی شۆڕشی دووەمینی نەهامەتی‌و کارەساتەکانی لەوە کەمتر نەدەبوون کەبوون.

(□) شۆڕشی دووەمین بەڕاستی جیهانی بوو. کارێکی قەبە بوو. کارێکی لەوە قەبەتربوو کەکاری تاکە پیاوێك بێ‌و کەسی ترنا. لەراستیدا کارگەران، لەهەموو ئۆلیغارکییەتەکانی



ئاوا دەبینی من پڕم لەوشتەی کەخەریکە بقەومێ، بەجۆرێکی رەها شەوو رۆژ تێیدا ژیاوم‌و، بۆ ماوەیەکی دووردرێژ تەنانەت وای لێهاتووە هەموو کاتێك لەخەیاڵمدایە. بەقەد ئەوەی کارەکە پەیوەندیی بەم مەسەلەیەوە هەیە ناتوانم بیر لەمێردەکەم بکەمەوە بێئەوەی بیر لەو بکەمەوە، ئەو گیانە کەیبوو، من لەکوێ دەتوانم لەمێشکی خۆمدا هەردووکیان لێکجیابکەمەوە!

لێرەدا، وەك لەمەوبەر گوتم رووناکییەکی زۆر هەیە، من نەبم کەس ناتوانێ بیخاتەسەر کەسێتییەکەی‌و، خەڵکیش هەموو دەزانن کەئەو لەپێناوی ئازادیدا رەنجێکی سەختی‌داو لەپێناویدا ئەوی چەشتی چەشتی. بەڵام من زۆر چاك رادەی ئەو توندوتیژییە دەزانم کەرەنجەکەی جیاکردەوەو، تا چ رادەیێ ئەوەی چەشتبووی بەئێش‌و ئازار بوو. چونکە من لەماوەی ئەو بیست ساڵە شپرزە نەسرەوتەدا لەتەکیا بووم من تێدەگەم لەئارامگرتن‌و، ئەو تەقەلایەی مانای ماندووبوون نازانێ‌و، دڵسۆزیی بێپایانی بۆ ئەو مەسەلەیەی، کە گیانی خۆی هەر بەر لەدوو مانگ کردە، قۆچی قوربای.

من هەوڵدەدەم بەساکاری بنووسم‌و ئالێرەدا ئەوەتان بۆ بگێڕمەوە، کەچۆن ئێرنست ئێڤەر هارد پێینایە ژیانم – چۆن یەکەم جار پێی گەیشتم. چۆن گەشەیکرد، هەتا بوومە پارچەییێك لەئەوو ئەو گۆڕانکارییانەی لەژیانمدا کردنی.

---

جیهاندا خۆیان بۆ راپەڕین ئامادەکردبوو هەر کە ئیشارەتیان پێدرابا. ئەڵمانیاو ئیتالیاو فەرەنساو ئوسترالاسیا Austra Lasia هەموویان وڵاتی کرێکاربوون. دەوڵەتانی سۆشیالست بوون، ئامادەبوون دەستی یارمەتی بۆ شۆڕش درێژکەن، مەردانە ئەوکارەیان ئەنجامدا، لەپێناو ئەوەدا هەر کەشۆڕشی دووەمین وردو خاشکرا ئەو دەوڵەتانەش لەلایەن ئۆلیگارییە یەکگرتووەکانی جیهانەوە پانکرانەوە، لەشوێنی حکومەتە سۆشیالستەکانیان حکومەتی ئۆلیگاری قیتکرانەوە.

بەمشێوەیە دەتوانی بەچاوەکانی من سەیری بکەیتو, وەك من چۆن دۆزیمەوە تۆش ئاوا بیدۆزیتەوە –هەموو شتێك دەگێڕمەوە, تەنیا ئەوشتانە نەبن کەئەوپەڕی نهێنییان, ئەوپەڕی شیرینییان ڕێنادەن, ئاشکرا بکرێن. یەکەم دانیشتنم لەگەڵیا لەشوباتی 1912دا بوو, کەهاتە ماڵمان لەبێرکلی باوکم بۆ نانی شێوان بانگیکردبوو[8]ناتوانم بڵێم لەیەکەم چاوپێکەوتنمدا, ڕام بەرامبەری باشبوو. یەکێکبوو لەو میوانە زۆرانەی بۆ خواردنی نانی شێوان بانگکرابوون, لەژووری مێوانان. دانیشتینو چاوەڕوانی هەموو بانگکراوەکانبووین, دەرکەوتنەکەی نەگونجاو, یاخود نزیکبوو وابێ. ئەم شەوە وەك باوکم لەناوخۆماندا ناوی لێنا "شەوی موژدەبەران" بوو, بێگومان ئێرنست لەناو پیاوانی کڵێسەدا لەشوێنی خۆیدا نەبوو.

بەڕادەی یەکەم جلەکانی, لێنەدەهاتن, جلێکی حازربەدەستی لەبەردابوو کەقوماشێکی تۆخبوو, جلێکبوو پڕ بەلەشی خۆی نەبوو, لەراستیدا هیچ جلێکی حازربەدەست پڕ بەپێستی نەبوو. لەو شەوەدا, وەك هەمیشە ئاوابوو, قوماشەکە بەماسولکەکانیەوە نووسابوو, لەکاتێکا چاکەتەکەی لەنێوان هەردوو ئەنیشکیدا

(8) چۆن کانینگهام, باوکی ئیڤیس ئێڤەر هارد, لەزانکۆی بێرکلی لەکالیفۆرنیا پرۆفیسۆر بوو, ئەو خانەیەی هەڵیبژاردبوو فیزیابوو, وێڕای ئەوە لەخانەی باسە ڕەسەنەکاندا چالاکییەکی فراوانی نواند, وەك زانایێك پایەیەکی بەرچاوی هەبوو, بەڵام شوێنەوارە سەرەکییەکەی لەزانستدا, لێکۆڵینەوەکانی بوون لەبارەی ئەلەکترۆنو کتێبە مەزنەکەی بوو: "هاوتایی ماتریالو وزە" کە بەشێوەییێکی یەکجارەکی بڕیاریدا کەدەمەقاڵ هەڵناگرێ یەکێتیی ڕەها لەماتریالو یەکێتی ڕەها لەوزەدا هاوتان. پێشتر سێر ئۆلیڤەر ئۆدجو زانایانی دیکە لەبواری (چالاکیی تیشکدانەوە)ی نوێدا ( Radio Activity) ئاگاداری ئەم بیرۆکەیە بوون, بەڵام بێبەڵگە هێنانەوە.



لەبەر قەبەبوونی هەردوو شانەکانی, تۆڕێکی ئاڵۆزی چۆچو لۆچ بوو, ملی لەملی پاڵەوانێك دەچوو کەزۆرانبازی کردبێتەپیشە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی دارایی[9] مل ئەستوورو بەهێزبوو, لەدڵی خۆمدا وتم: " کەوتە ئەمەیە فەیلەسوفی کۆمەڵایەتیو ناڵبەندی پێشووی وڵاخکە باوکم دۆزیویەتیەوە؟" بێگومان سەروسیمای لەمە دەکات, بەوماسولکە بادراوانەو ئەم قوڕگەی کە لەقوڕگی گاجووت دەکات. هەریەکسەر کەجیامکردەوە جۆرە داهۆڵێکبوو هەروەها لە دڵی خۆمدا گوتم: "تۆمەکوێر"ی کوڕە کرێکارێکە[10].

دوای ئەوە کەدەستی گوشیم, دەستگوشینەکەی خۆگرو بەهێزبوو, بەڵام بەدوو چاوە ڕەشەکانی ئازایانە سەیریکردم, ئازایەتییەکی زیاتر لەپێویست, هەروەها لەدڵی خۆمدا گوتم, وەك دەبینی بوونەوەرێکە لەبوونەوەرانی ژینگە, ئەو حەلە غەریزەی بەهێزی چینایەتی دەسەڵاتیان بەسەرماکێشابوو, خۆ ئەگەر پیاوێك لەڕۆڵەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکەم بەمجۆرە سەیرکردنە دلێرانە ڕووبەڕوومبوایە هەڵبەتە ئەو کردەوەیەی شتێك دەبوو لەپشت لێخۆشبوونو لێبووردنەوە. من دەزانم نەمتوانی چ بکەم ئەوەندە نەبێ کەسەرم داخست, کەلێی

(9) لەو ڕۆژانەدا نەریتی پیاوان وابوو کەلەپێناوی کیسە پارەدا هاڤبڕکێ بکەنو, بەدەست زۆرانی بگرن, تەنانەت ئەگەر زۆرانبازێك ژێرکەوتایەو لەهۆش خۆی بچوایە, یا لەگۆڕەپانەکەدا بکەوتایەو گیانی لەدەستدایە –ئەوی دیکە دەستی بەسەر پارەکەدا دەگرت.

(10) لەقسەکەیدا "تۆمە کوێر" Blind Tom ئیشارەتێکی نادیارە بۆ موزیکژەنێکی زەنگی (قوڵەرەش)ی کوێر, کەلەناوەڕاستی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمینی عیساییدا دونیای پڕ کردو سەری خەڵکی قاڵکرد, لەڕواڵەتو دڵپاکیدا لەمەسیحی دەکردو, هەروەها زاناشبوو.

www.pertwk.com

تێپەڕبووم هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا, سووڕامەوە تابەخێرهاتنی "قەشە مۆرهاوس"ی دڵکێش بکەم, کەپیاوێکی خوێنشیرینی کارامەبوو, لەتەمەنی لاوی تێپەڕیکردبوو, بووبووە قەیرەپیاو. بەلاّم ئەو ئازایەتییەی کەمن وامزانی بێشەرمییە کلیلی زیندەگیی سروشتی ئێرنست ئێڤەر هاردبوو, پیاوێکی ساکارو راشکاوبوو, لەهیچ نەدەترسا, لەگەڵ کات بەفیڕۆداندا لەوجۆرە خۆلێگۆڕینانەی کەداب و نەریت پێویستیدەکردن نەبوو, "بەدڵم بوو" هەروەها دوای ئەوە بەماوەیەکی زۆر بۆی روونکردمەوە بۆچی چاوەکانم پڕ نەکەم لەوەی بەدڵمەوپێی سەرسامم؟" وتم ئەو لەهیچ نەدەترسا, خۆرسك ئۆردستۆکراتی بوو, هەرچەندە کەلایەنگیری ئۆردوگای نائوروستوکراتییەکان بوو. خۆی (سوپەرمان)بوو, گیانلەبەرێکی مووزەردە بوو وەك ئەوەی کەنیچە وەسفیکرد[11]. وێڕای ئەوەش ئاگری دیموکراسییەتی گرتبوو.

بەلاّم بایەخدانم بەکۆبوونەوەم لەگەڵ میوانانی تر داو لەیەکەم سەیرکردنی نەگونجاومدا هەموو شتێکیان لەمەڕ فەیلەسووفی چینی کارگەرانەوە لەبیر نەبردمەوە. هەرچەندە کەمن یەك دوو جار لەسەر خوان بەدیمکرد, بەتایبەتی ئەو تروسکاییەم بەدیکرد کەلەچاوەکانیدا دەدرەوشایەوە, وەختیّ لەپێشەوە گوێی لەقسەکانی ئەو قەشەیە گرتبوو. ئینجا لەقسەکانی ئەویتر. لەدڵی خۆمدا وتم پیاوێکی ڕووخۆشە. خەریکبوو چاو لەجلەکانی بپۆشم, بەلاّم وەختی نەماو شێوخواردنەکە تەواو بوو, هەردەمی نەکردەوە تا قسە بکات, کەچی قەشە بێوچان دەربارەی چینی کرێکاران و پەیوەندیی بەکلێسەوە دوا, کە کلێسە چیکردووە, یاخود لەپێناویدا چیدەکرد. سەیرمکرد باوکم پەستبووە چونکە

ئێرنست قسەینەکرد. جارێك باوکم رایگەیاند لەماوەیەك لەماوەکانی بێدەنگیدا پێیوت کەشتیّ بلّیّ, بەلاّم ئێرنست شانەکانی هەڵتەکاندو وتی: "هیچم پیّ نییە بیڵێم"و لەسەر خواردنی بادەمی سوێر بەردەوامبوو.

بەلاّم باوکم رازی نەبوو کە ئارەزووەکەی نەیەتەدی. پاش ماوەیەك وتی:

–ئالێرەدا یەکێکمان لەناودایە کەئەندامی چینی کرێکارانە. من دڵنیام لەوەی کەدەتوانیّ لەباری سەرنجێکی نوێیەوە, کە شیاوی ئەوەبیّ خۆش و گەشەداربیّ بارودۆخەکەمان بۆ وێنەبکێشیّ, بەمەوە ئاماژە بۆ مستەر ئێڤەر هارد دەکەم".

نیشانەی بایەخدانێکی بەئەدەبانە لەرووی ئەوانی دیکەدا دەرکەوت. بەپێداگرتنەوە بەئێرنست, یان وت– کە باری سەرنجی خۆی دەرخات. هەڵوێستیان بەرامبەری زۆر سینگفراوانەو رووخۆشانەبوو, تارادەیەك وایان لێکرد کەبەڕاستی و دروستی شیاوو ئامادەی تەواوی مەیدانخوازی و فەرموونبیّ. دیتم کەئێرنست تێبینی ئەوەی کردو, خۆی پێی خۆشبوو, بەهێمنی و زیرەکانە چاوێکی بەدەوروبەری خۆیدا گێڕاو, تروسکەی پێکەنینم لەچاوەکانیدا بەدی دەکرد:

دەستی بەقسەکردو وتی:

–من شارەزای داب و نەریتی دەمەقاڵێ ئیکلیرکی نیم."

پاشان بەشەرم و سڵەمینەوە بێدەنگبوو؟

بەپێداگرتنەوە پێیان وت:

"بەردەوام بە!"

دوکتۆر هامەرفێڵد وتی:

"ئێمە لاریمان نییە لەوەی کەڕاستی لەهەرکەسێکەوە دەبچیّ ببیستین, پاشان دەرکی پێکردو وتی "ئەگەر دڵسۆزانەبیّ."

---

(11)فریدرید نیچە فەیلەسوفی شێتی سەدەی نۆزدەیەم کەبەتروسکەی زۆرزانیی نەمری دەیرِوانییەشتەکان, بەلاّم بەر لەکۆچکردنی بەرەو شێتی چوو.

ئێرنست کەزوو پێکەنینیدەهات وتی:

–کەواتە تۆ دڵسۆزی لەراستی جیا دەکەیتەوە؟

دوکتۆر هامەر فێڵد هەناسەبڕکێ بوو، ویستی وەلامیبداتەوەو وتی:

–لاوۆ، رەنگە چاکترینمان هەڵە بکەین، بەڵێ رەنگە چاکترینمان هەڵەبکەین!"

هەڵوێستی ئێرنست یەکسەر گۆڕا، بوو بەپیاوێکی دیو، وەڵامیدایەوە:

–زۆرباشە، رێمبدە بەوە دەستپێبکەم کە ئێوە هەموتان بە هەڵەچوون. ئێوە لە بابەت چینی کرێکارەوە هیچ نازانن، بەڵکو نەزانینتان دەربارەی ئەم چینە زۆر لەوە ئاشکراترە. سۆسیۆلۆجییەتییەکەتان لە چۆنیەتیی بیرکردنەوەتان خراپترو هیچو پوچترنییە!"

رەگەزی بەئیش لەناو خودی قسەکاندا نەبوو، بەقەد ئەوەی لەناوشێوەی زاراوەکەیدا بوون کە تیایا بە تاڵیکردن.

هەرکە گوێم لە یەکەم دەنگ هەڵبڕینی بوو بە ئاگا هاتمەوە، ئەو دەنگەوەك چاوەکانمی، ئازابوو، لێدانی شەبپوور بوو بروسك مووچڕکی بە هەموو لەشمداهێنا. هەموو خوانەکە وروژاو، ژیانی نوێی تێدا گەڕاو لەنەگۆڕی و یەکهەوایی و خەواڵوویی دەربازکردبوو.



دوکتۆر هامەر فێڵد پرسی:

–لاوۆ. ئەو گەندیو پروپووچیەی تا ئەمرادە ترسناکە لەرێبازی بیرکردنەوەی ئێمەدا چییە؟ شێوازی دوانەکەی شتێکی چارە گرانبوو.

–ئێوە میتافیزیکیین، هەریەکێك لە ئێوە دەتوانێ لە رێگەی میتافیزیکەوە بەڵگە لەسەر هەرشتێك، تەنانەت ئەگەر ئەمەی بۆ رەخسا، دەتوانێ– بەپێی مەبەستەکانی خۆی. هەڵە میتافیزیکییەکانی دی هەموویان بچەسپێنێ.

ئێوە لە دونیای ئایدیادا گێرەشێوێنن. ئیوە دروستکەری چەند گەردوونێکی cosmos makers شێتنو، هەریەك لەئێوە لە "گەردوونێك" cosmas دا دانیشتووە کە دەسکردی خۆیەتی. گەردوونێکە لەحەزو ئارەزووی ئەو خوڵقاوە، ئێوە لەو جیهانە واقیعییە ناگەن کە تیایا دەژینو، بیرکردنەوەتان لەجیهانی واقیعدا جێی نابێتەوە، تەنیا بەقەد ئەوە نەبێ کەدیاردەیەکە لەدیاردەکانی گومڕای عەقڵی.

"ئایا دەزانی چیت خستەوەبیرم کە من دانیشتووم لەسەر خوانەکەو گوێم لێگرتبووی قسەت دەکردو دەکرد؟ کتومت مامۆستایانی scholastic سەدەکانی ناوەراستت بیرخستمەوە، ئەوانەی بەشارەزایی و کارامەییو فێربوون لەم مەسەلە خۆشە دەکۆڵنەوە. چەند فریشتە دەتوانێ لەسەر نووکی دەرزی سەما بکا؟ بەرێزانی ئازیز. هیچ سەیرنییە ئێوە لە ژیانی سەدەی بیستەمەوە دوورن. وەك دووریی ئەو سیحربازە هیندییەی لەدارستانی سەرەتاییدا بەرلە دەهەزار ساڵ نوشتەیدەکرد"

وادیاربوو کە ئێرنست قسەیدەکرد بەهەڵچوونێکی بەجۆشەوە کڵپەی سەندبوو، ڕووی گڕی گرتبوو، چاوەکانی پریشکیاندەداو تروسکەیان دەدا. دەمو شەویلاکی نیازی دوژمنکارییان پێوە دیاربوو، بەڵام ئەمە هەموو رێگەیێك نەبوو لە ڕێگەکانی. ئەم رێگەیەی لە پەلاماردان، رێگە وردوخاشکەرەکەی وەك بلێی چەکوشێکی زل دروستدەکات. هەردەم خەڵکی دەوروژاند، وایلێکردن کە خۆیان لەبیربچێتەوە، میوانەکەمان وای لێکردن کە ئێستا خۆیان لەبیربچێتەوە. قەشە مورهاوس بۆ پێشەوە نوشتابۆوەو بەوپەڕی هوشیارییەوە گوێی بۆ قولاغکردبوو، رقو کینەو تورەیی خوێنی لەدەموچاوی دوکتۆر هامەرفێڵد گەڕاندبوو، هی دیکەش تووڕەو تەنگاو بووبوون. تاقمی سێیەم بەجۆرە لوتبەرزییەکی شادانە

www.pertwk.com

زەردەیان دەهاتیٚ, بەلاّم من بینیم تابلّیی هەلّویٚستەکە خۆشبوو, بەدزییەوە سەیری باوکم کرد کە وامدەزانی خەریکە پیٚکەنینی بیٚت لە ئەنجامی ئەو بۆمبا مرۆییەی خۆی بەرپرسیاربوو لە تەقاندنەوەی لە نیٚوانماندا.

دوکتۆر هامەرفیلّد قسەی پیٚبڕی:

–"گوزارەکانت هەندیٚك تەماوین. کە ناومان دەنیٚی میتافیزیکی بەتەواوی مەبەستت چییە؟"

ئیٚرنست لەسەرقسەکانی خۆی بەردەوامبوو:

–" من پیٚتان دەلّیم میتافیزیکی, چونکە ئیٚوە میتافیزیکیانە بیردەکەنەوە. ریٚبازی بیرکردنەوەتان بە پیٚچەوانەی ریٚبازی زانستە. دەرئەنجامەکانتان هیچ راستییان تیٚدانییە. دەتوانن هەموو شتیٚ بچەسپیٚنن و ناتوانن هەموو شتیٚ بچەسپیٚنن, هەریەك لە ئیٚوە پەنا دەباتە بەر ویژدانی شەخسی کە خودی خۆی و گەردوون شیدەکاتەوە, وەك چۆن بەقەیتانی پووتەکانتان خۆتان بەرز دەکەنەوە بۆ ئەوەی ویژدان بە ویژدان لیٚکبدەنەوە."



قەشە مورهاوس وتی:

–"تیٚناگەم. وابزانم شتەکانی عەقلٚ گشتییان میتافیزیکین.ماتماتیك گەورەترین و پیٚسەلمیٚنترین زانستە, لە سەدا سەد میتافیزیکییەو, هەرکردەیەك لەکردەکانی عەقلّی کە رووناکبیریی زانستی دەینویٚنیٚ, میتافیزکییە. بیٚگومان تۆ لەمەدا لەگەلٚ منی, وانییە؟".

ئیٚرنست وەلاّمیدایەوە:

–"تۆ تیٚناگەی, وەك خۆت لەبابەت خۆتەوە وتت. میتافیزیکی بەشیٚوەیەکی پیٚوەریی (Deductively) لەناوخودی خۆیدا بیردەکاتەوە بەلاّم زانا بەشیٚوەیەکی ئیستقرائی (دەرئەنجامدان) Inductively لەناو واقعەکانی Facts پسپۆڕی, یاخود ئەزموونداا بیردەکاتەوە. بیرکردنەوەی میتافیزیکی لەتیۆرەوە دەردەچیٚ بەرەو واقیع, لەکاتیٚکا بیرکردنەوەی زانا لەواقیعەوە بەرەو تیۆرە. میتافیزیکی لەبەر رۆشنایی خودی خۆی گەردوون شیدەکاتەوە, بەلاّم زانا خودی خۆی بەگەردون شیدەکاتەوە.

دوکتۆر هامەرفیٚلّد بەسرەوتنەوە مینگەمینگی لیٚوەهات:

–"سوپاس بۆ یەزدان ئیٚمە زانا نین!"

ئیٚرنست لیٚی پرسی:

–"کەوابیٚ. ئەی ئیٚوە چین؟"

"فەیلەسووفین!"

ئیٚرنست پیٚکەنی و وتی:

–"ئاوا سەرتان لیٚدەشیٚویٚ. زەمینی رەقی واقیعیتان بەجیٚهیٚشت و, چوون لەهەوادا فڕین پەیڤیٚکتان کردە فڕۆکەی خۆتان. دەستم دامیٚنتان کەدابەزنەوە سەر زەوی و بەتەواوی پیٚمبلّیٚن مەبەستتان لەفەلسەفە چییە"

–فەلسەفە ئەوەیە .. "دوکتۆر هامەرفیٚلّد کەمیٚك وەستاو ئحە ئحیٚکی کرد, پاشان وتی "شتیٚکە بەشیٚوەیەکی هەمەلایی پیٚناسە ناکریٚ تەنیا بۆ ئەقلٚ و میزاجی فەلسەفی نەبیٚ.

زانای بیرتەسك کەخۆی خزاندۆتە ناو بۆڕییەی تاقیکردنەوە ناتوانیٚ لەفەلسەفە بگات."

ئیٚرنست گوێینەدایە توانجەکە, ریٚبازەکەی ئەوەبوو کەبەلّگەی نەیار بقۆزیٚتەوەو لەسنگی بکوتیٚتەوە. ئەمەی ئیٚستا بەڕوویەك و شیٚوەیەکی برایانە کرد:

www.pertwk.com

–"کەواتە گومانی تێدا نییە کەتۆ لەو پێناسە دەگەی کەئێستا بۆ فەلسەفەی دادەنێم. بەڵام پێش ئەوەی داینێم من رووبەڕووبوونەوەت دەکەم کەهەر هەڵەیەکی تێدایە نیشانمی بدەی, ئەگینا میتافیزیکیەکی بێدەنگ بە, فەلسەفە ئەوەنییە کەبەشێوەیەکی رەها فراوانترین زانستبێ‌و. رێبازەکەی لەبیرکردنەوەدا هەمان رێبازە کەسەرجەمی زانستەکان دەیرەخسێنن بەم رێبازە خۆی لەبیرکردنەوەدا– رێبازی دەرئەنجامدان, فەلسەفە هەموو زانستەکان لەزانستییەکی مەزندا قاڵدەکاتەوە. هەروەك سپنسەر دەڵێ:

"راستییەکانی هەر زانستێك بۆخۆی بەپەرتی زانیارییەکی یەکگرتووە. فەلسەفە ئەو زانیارییە یەکدەخات کەگشت زانستەکان پێشکەشیدەکەن. فەلسەفە زانستی زانستەکانە زانستی سەرەکییە, ئەگەر حەز بکەیت, ئاخۆ پێناسەکەی منت بەدڵبوو؟"

دوکتۆر هامەرفێڵد بەمینگە مینگەوە:

–"شتێکی زۆر سەرسامە, زۆر سەرسامە!"

بەڵام ئێرنست دڵڕەقبوو, بەزەیی نەدەزانی. بەئاگادارکردنەوە وتی:

–"لەبیرتنەچێ پێناسەی من لەناوبەری میتافیزیکیایە. ئەگەر پەنجە نەخەیتە هەر کەلەبەرێك لەپێناسەکەمدا ئیتر هەقی ئەوەت نامێنێ کەلەدواییدا هەر بەڵگەیەکی میتافیزیکی پێشکەشکەیت. دەبێ بۆ داواکردنی ئەم کەلەبەرە بەوپەڕی بایەخدانەوە ژیان بژارکەیت تاکو دەیدۆزیتەوەو میتافیزیکییانە خۆت بێدەنگ کەیت."

ئێرنست چاوەڕوانبوو, بێدەنگییەکە بەئێشبوو, ئازارەکە لەدوکتۆر هامەر فێڵد ڕاچوو, هەروەها واقووڕمانیش بەسەریا زاڵبوو,ە هێرشی ئێرنستی توندوتیژی هەڵکوتانە سەر نەیار لەشێوەی چەکوشێکی زل سەری لێ شێواندو شڵەژاندی.



خۆی شارەزای رێبازی ساکاری راستەوخۆ نەبوو لەدەمەقاڵێدا. چاوی بەدەوروبەری خوانەکە داگێڕا داوای یارمەتی دەکرد. بەڵام کەس فریاینەکەوت. دیتم باوکم پێکەنینەکەی بەدەستەسڕی خوانەکە دەشارێتەوە.

ئێرنست کەبەتەواوی هامەرفێڵدی بەزاند, وتی:

–"رێبازێکی دیکە هەیە بۆپووچەڵکردنەوەی میتافیزیکییەکان, هەوڵدە لەبەر رووناکیی کارەکانیاندا حوکمیان لەسەربدەی.

لەچنینی خەیاڵی تارمایی بەدەرو کردنی سێبەری خۆیان بەخواوەند, چی تریان بۆ مرۆڤایەتی کردووە؟ من دان بەوەدا دەنێم کەئەوان خۆشی‌و نیعمەتی توخمی مرۆڤیان زیادکرد, بەڵام چ خێرێکی هەستپێکراویان پێشکەش بەمرۆڤایەتی کرد؟

فەلسەفەیان لێدا –ئەگەر بەخراپ بەکارهێنانی ئەم وشەیەم لەقسەدا لەسەر دڵ بەکارهێنابێ, کەمەڵبەندی سۆزە, لەکاتێکا زاناکان خولی خوێنیان لەلەشدا دادەڕشت. بەزمانێکی کارتێکەر بەخەڵکیان راگەیاندو پێیان وتن کە برسییەتی‌و تاعون دووسزان لەخواوەندەوە, کەچی زاناکان قووچەکیان دروستدەکردو لەناو جەرگەی شارەکاندا زێرابیان رادەکێشا. خواوەندیان لەسەر شێوەی وێنەی خۆیان‌و ئارەزووەکانیان دروستکرد. کاتێ زاناکان رێگایان شەقدەکردو پردیان دروستدەکرد, وایاندەزانی کەزەوی مەڵبەندی گەردوونە, کەچی زاناکان ئەمەریکایان دەدۆزێتەوەو دەچوونە ئاسمان بەدوای ئەستێرەو یاساکانی ئەستێرەدا. بەکورتی میتافیزیکییەکان بۆ خزمەتی توخمی مرۆڤ هیچیان نەکردووە, هەنگاو دوای هەنگاو بەڕووی پێشکەوتنی زانستدا گەڕاونەتە دواوە. هەر کەبۆیان ساغبۆوە کەراستەقینەکانی زانست لێکدانەوە خودییەکانیان بۆشتەکان تێکوپێك شکاند, تەنانەت لێکدانەوەی خودی نوێیان بۆ شتەکان

بڵاودەکردەوە. لەسەرجەمیاندا لێکدانەوەی دوا راستەقینەی چەسپاو. ئەمەشە تا ئاخر زەمان. بێگومان بەردەوامدەبن لەسەری. بەڕێزان, میتافیزیکی جادووگەرێکی قولبڕەو جیاوازیی نێوان تۆو ئەسکیمۆ کە خواوەندی دروستدەکات فەرموو لەبەر بکاتو ماسی لینج بخوات لەوەزیاتر نییە. لەوەزیاتر نییە کە جیاوازیی چەند هەزار ساڵی راستەقینەی ساغکراوەبێ, ئەمەیە ئەوی هەیەو نییە."

دوکتۆر بالینگفۆرد بەنازو فیزێکەوە جاڕیدا:

–"لەگەڵ ئەوەشدا فیکری ئەرستۆ بەدرێژایی دوانزە سەدە باڵی بەسەر ئەوروپادا کێشا. ئەرستۆش میتافیزیکی بوو." دوکتۆر بالینگفۆرد چاوی بەدەورو پشتی خوانەکەدا گێڕا, تتێبینییەکەی مایەی زەردەخەنەو سەرلەقاندنی پڕ لەپێسەرسامبوون بوو.

ئێرنست وەڵامیدایەوە:

–"ئەو نموونەیەی کەهێناتەوە خراپترینو کلۆڵترین نموونەبوو. تۆ ئاماژە بۆ سەردەمێکی زۆر تاریکی مێژووی مرۆڤایەتی دەکەی. لەراستیدا ئێمە بەو ماوەیە دەڵێین سەردەمە تاریکەکان.

سەردەمێك میتافیزیکییەکان زانستییان زەوتکردبوو, وەك چۆن پیاو ئافرەت زەوتدەکات. فیزیا بووە گەڕان بەدوای بەردی فەیلەسووفەکاندا, سەردەمێك کیمیا chemistry بووە سیمیا Alcchemyو گەردووnناسی Astronomy بووە ئەستێرەناسی. بەداخەوە کە ئەم سەروەرییە هی هزری ئەرستۆ بوو!"

نیشانەی بەئازاربوون بەدوکتۆر بالینگفۆردەوە دیاربوو, بەڵام هەندەی نەخایاند کەڕووی گەشی تێگەڕایەوەو وتی:

–"تەنانەت ئەگەر گریمان ئەو وێنەیەی کێشات راستە, دەبێ دان بەوەدا بنێی کەمیتافیزیکا خۆڕسكو بەهێزبوو, تاڕادەیێ وای لێکرد کە مرۆڤایەتی لەو سەردەمە تاریکەدا دەرباز بکاتو بەرەو رووناکیی ئەو سەردەمانەی بەرێت کەبەدوایدا هاتن."

ئێرنست وتی:

–"میتافیزیکیا پەیوەندی بەوەوە نییە."

دوکتۆر هامەرفێڵد هاواریکرد:

–"چی؟ دەتوانی نکوڵی لەوەبکەیت کەبیرکردنەوەو رامان بوونە هۆی گەشتەکانی دۆزینەوە؟"

لێرەدا ئێرنست زەردەیەکی هاتیو وتی:

–"ئای, کاکی ئازیزم, وەمزانی تۆ مافی دەمەقاڵێت نەما بەگفتوگۆدا, تۆ هێشتا درزت لەپێناسەکردنی منت بۆ فەلسەفە نەدۆزیوەتەوە, تۆ ئێستا لەسەر بناغەیەکی ناپتەو دەوەستیت, ئەوە رێبازی میتافیزیکییەکانە, من لەوەدا لێتدەبوورم. نەخێر, من دووپاتیدەکەمەوە: میتافیزیکیا هەر هیچ پەیوەندی پێوە نییە, نانو کەرەو, ئاوریشمو گەوهەرو, دۆلارو سەنتو, بەشێوەیەکی رووکەش, داخستنی رێگەو بانی بازرگانی بۆ هیندستان ... ئەوانەبوون هۆی گەشتەکانی دۆزینەوە. هەر کەقوستەنتەنییە ساڵی 1452 رووخا یەکسەر تورکەکان رێگەیان لەوکاروانانە گرت کە بۆب هیندستان دەهاتن, دەبوایە بازرگانە ئەوروپییەکان رێگەی دیکە بدۆزنەوە کۆلۆمبۆس لەدەریایدا تا رێگەی نوێ بۆ دورگەکانی هیندستانی رۆژهەڵات بدۆزێتەوە. ئەمەیە کەهەموو کتێبەکانی مێژوو باسی لێوە دەکەنو لەڕێگەی رێککەوتەوە خەڵك راستەقینەی نوێیان لەبارەی سروشتی

www.pertwk.com

زەمین و قەوارەو شێوەکەیەوە زانی. سستمی بەتلیمۆس هەناسەی لێبڕاو رووناکییەکی کزو بێهێزی لێبەجێما"

دوکتۆر هامەرفێڵد گنەیەکی کرد:

ئێرنست لێیپرسی:

–"ئایا لەوەدا قسەکەم پەسەندناکەی؟ کەوابێ هەڵەی قسەکەی من چییە"

دوکتۆر هامەر فێڵد بەدەنگێکی شارەزاو لێزانینەوە وەڵامی دایەوە:

–"ناتوانم, هەردەبێ هەڵوێستەکەم بسەلمێنم, بەهەرحاڵ, ئەمە چیرۆکێکە لەوە درێژترە کەئێستا بچینە ناوی."

ئێرنست بەناسکییەوە وتی:

–"بەدیدی جیهان چیرۆکێك نییە لەوە درێژتربێ کەبچینە ناوی, ئەمەشە ئەو هۆیەی کە جیهان لەپێناویا دەگاتە شوێنی دوور. ئەوەش بوو ئەو هۆیەی لەپێناویا گەیشتە ئەمەریکا."

من وەسفی ئەو هەموو شەونخونییە ناکەم. هەرچەندە ئەوەی کەدڵم خۆشدەکات هەرساتێك لەساتەکانی یەکەمین سەعاتەکان بیرخۆم بخەمەوە کە (ئێرنست)م تیادا ناسی لەگەڵ هەرچی هەیەو نییە لەڕووداوەکاندا.

گۆبەندێکی گەورە روویدا, قەشەکان هەڵچوون و دەم و چاویان خوێنیان تێداگەڕا (سوورهەڵگەڕان), بەتایبەتی لەوساتانەی کەتیایاندا ئێرنست بەفەیلەسووفی رۆمانتیکی و سێبەر کەرو شتی لەو بابەتە ناوبردن. هەموو جارێکیش بۆ راستەقینەکان رەتیدەکردنەوە: "راستەقینە Fact, ئادەمیزاد, ئەو راستەقینەیەی پووچەڵناکرێتەوە! بەمشێوەیە لەسەرکەوتنا هەرچەند جارێ یەکێك لەوانی ببەستباوە جاڕیدەدا. پڕبوو لەراستەقینەکان. وای لێکردن



کەلەئاستی راستەقینەکاندا ساتمە بکەن. بەڕاستەقینەکان بۆسەی بۆ دانانەوەو, بەبۆمبای راستەقینەکان رژایە سەریان.

–دوکتۆر هامەرفێڵد بەگاڵتەپێکردنەوە وتی:

–"وادیارە لەکۆتەڵی راستەقینەدا نوێژ دەکات."

دوکتۆر بالینگفۆرد دەستی بەڕاڤەکردن کرد:

"بێجگە لەڕاستەقینە هیچ خوداوەندێکینیەو مستەر ئێڤەر هاردیش پێغەمبەرەکەیەتی."

ئێرنست بەزەردەخەنەیەکەوە ملکەچبوو, وتی:

–"من وەکو پیاوە تەکساسییەکەم."

کەداوایان لێکرد بۆیان روونبکاتەوە, لەسەر قسەکەی خۆی رۆیشت:

–رۆڵەی ولایەتی میزۆری هەمیشە دەڵێ: "پێویستە لەسەرت پێشانمبدەی. بەڵام کوڕە تەکساسییەکە دەڵێ: "پێویستە لەسەرت ئەم مەسەلەیەم تێبگەیەنی و بیخەیتە مێشکمەوە."

لێرەدا بۆتا روونده‌بێتەوە کەئەو میتافیزیکیینیە."

جارێکی دی کەئەرفست وتی: فەیلەسوفە میتافیزیکییەکان ناتوانن بەرامبەر مەحەکی راستەقینە خۆیان بگرن, دوکتۆر هامەرفێڵد لەپڕ لێی پرسی:

–"لاوۆ, مەحەکی راستەقینە چییە؟ زەحمەتنەبێ ئەوەی سەردەمێکی دووردرێژە کە سەرانێ لەسەری تۆ حیکمەتیان زیاترە سەریان لێسووڕماوە شیناکەیتەوە؟"



ئێرنست وەڵامیدایەوە:

–"بێگومان. سەرە حەکیمەکان لەبارەی مەسەلەی راستەقینەوە دووچاری ئەو هەموو واقوڕمانە بەژانە بوون چونکە لەئاسماندا بەدوایدا دەگەڕان. ئەگەر لەسەر

www.pertwk.com

زەوی بمابانــەوە شـیاوی ئـەوەبوون کـە بەسـووکیو ئاسـانی بیدۆزنـەوە. بـەڵێ شیاوی ئەوەبوون کـەخۆیان لەواقیعـدا, راسـتەقینە بەهـەر کارێـك لـەکارەکانیانو هەربیرێك لەژیانیاندا بەبیریاندا دێ تاقیبکەنەوە."

دوکتۆر هامەرفێڵد ئارامی لێهەڵگیراو دووپاتیکردەوە:

–"مەحــەك, مەحــەك, واز لــەو پێــشەکییانە بێنــە, ئـەوەمان بـدەرە دەســت کەدەمێکە هەستی پێدەکەین بەدوایدا دەگەڕێین:

مەحەکی راستی, بماندەرێ ئەو حەلە وەك خواوەندەکان دەبین". لەقسەکانیو رەفتـاری هـەموو لەشـی گومـانێکی گاڵتـەجاڕی سـەختبوو, بە شـێوەیەکی نهێنـی شادی خستە دڵی زۆربەی دانیشتووانی سەرمێزەکە, هەرچەندە وادیاربو تەنگـەی بەقەشە مورهاوس هەڵچنیبێ.

ئێرنست وتی:

دوکتۆر جۆردان[12] زۆر ئاشکراو روون گوزارشتی لێکرد. مەحـەکی راسـتەقینە لــەلای ئەمــەبوو: "ئایــا ســەرکەوتووانە کاردەکــات؟ ئــاخۆ بۆژیانــت متمانــەی پێدەکەیت؟"

دوکتۆر هامەرفێڵد بەگاڵتەوە:

–رووت سـپیبێ! تـۆ قەشــە بێرکلیــت[13] نەخـستە حیـسابەوە, تـۆ هــەرگیز بەرپەرچی لەڕوو هەڵگەڕانەوەکەیت نەداوەتەوە."

ئێرنست پێکەنیو وتی:

بەشــێوەیەکی رەهــا پیــاوترین میتــافیزیکی بــوو, بــەڵام ئــەم نموونەیــەت, نموونەیــەکی کلۆڵــە, چــونکە میتافیقیــای بێرکلــی هــەروەك خــۆی بڕیاریــدا, سەرنەکەوت."

دوکتۆر هامەرفێڵد تووڕەبوو, جێی خۆیبوو تووڕەبێ. واخۆی نواند وەك بڵێی کەئێرنستی لەسەر دزییەك, یا درۆیەك گرتبێ هاواریکرد:

–"لاوۆ, هەرچی ئەمشەو وتوومە ئەم حوکمە دەیگۆڕێ, ئەوە قسەیەکی قۆڕەو لەسەر هیچ بناغەییێکی پتەو ناوەستێ؟"

ئێرنست لەسەرخۆ مینگە مینگەلی لێوەهات:

–"بەهاڕین هاڕدژم. کەچی نازانم چ شتێ پشتی لەعەردی کوتام. ئەوەم بۆ روونناکەیتەوە؟"

دوکتۆر هامەرفێڵد مینگەکی لێەهات:

–"دەیکەمو دەیکەم. چۆنت زانی؟ تۆ نازانی کەقەشەبیرکلی بڕیاری ئەوەیدا کەمیتافیزیکییایەکەی سەرینەگرت.

بەڵگەت بەدەستەوە نییە رۆڵە, میتافیزیکیا هەردەم کردەیبوو"

–"ئەوەی کەبۆم دەسەلمێنێ کەمیتافیزیکیای بیرکلی سەرنەکەوت ئەوەیە .. ئێرنــست تاوێــك وەســتاو دوایــی گــوتی: "ئــەو هــەردەم کردبــووی بــەخوو کەلەدەرگاکانەوە بێتەژوورەوە, نەك لەدیوارەکانەوەو, لەبەرئەوەی بڕوای بەنانو کەرەو گۆشتی سووکراوە گا هەبوو, بەمووسێك ریشی تاشی کەبەچاکیو بێ گرێو گواڵ مووی لەدەموچاوی کردەوە."

---

(12) جـۆردان Jordan پەروەردەکــەرێکی دیــاری دواییــنەکانی ســەدەی نۆزدەیــەمو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی لەدایکبوونی مەسیحە. سەرەك زانکۆی ستانفوردبوو کەدەزگایەکی خێرو چاکەبوو لەو سەردەمەدا.

(13)بێرکلی یەکێکە لەو ئایدیالیستانەی کەتاکییەتی گەردوون دەبێژن, هەرچەندە فەیلەسووفەکانی ئەو سەردەمەی واقوڕماند بەڵکو لێکردن لەبوونی ماتریال, بەڵام بەڵگە نایابەکانی لەئەنجامدا پووچەڵبوونەوە کەراستەقینەکانی ئەزموونگەریی نوێی زانست کران بەگشتییەکی فەلسەفی.

www.pertwk.com

دوكتۆر هامەرفێڵد هاواریكرد:

-"بەڵام ئەمانە شتی واقیعین! كەچی میتافیزیكیا شتێكی عەقڵییە."

ئێرنست لەسەرخۆ لێیپرسی:

-"ئەم شتانەش لەعەقڵدا ... كار دەكەن؟"

ئەوی تر بەبەڵێ سەری لەقاند.

ئێرنست بەڕوخسارێكی تێڕامانانە لەسەر قسەكانی بەردەوامبوو:

-"تەنانەت فریشتەش، كۆمەڵێك لەوان دەتوانن لەسەر نووكی دەرزی ... لەعەقڵدا سەما بكەن. خواوەندی فەروو لەخۆپێچاوی ماسی لینجخۆر دەتوانێ هەبێ و لەعەقڵدا ... كاربكات. بەپێچەوانەوە لەعەقڵدا.. چەند سەلماندنێكی نییە دوكتۆر، من وابزانم، تۆ لەعەقڵدا دەژیی؟"

وەڵامەكەی ئەوەبوو:

-"عەقڵی من ئەوەیە كەمن پاشانیشنم هەیە."

-"ئەمە ڕێچكەیەكی تری قسەیە كەتۆ لەئاسماندا دەژیت.

بەڵام هەركاتێ وەختی خواردن هات دەگەڕێیتەوە سەر زەوی، من لەوەدا دڵنیام، كەزەوی تووشی بوومە لەرزە دەبێ. یاخود دوكتۆر پێم بڵێ: تۆ لەشتی ئەثیری[14] ناترسێی كەلەكاتی بوومەلەرزەدا، خشتێكی نامادی پێ بكەوێ؟"

هەر یەكسەر بێئەوەی بەتەواوی ئاگای لەخۆبێ، دەستی دوكتۆر هامەرفێڵد بۆسەرچوو، كەلەژێر قژدا جێبرینێك شاردرابۆوە ، وا ڕێككەوت كەئەو وێنە بەیانییەی ئێرنست دۆزییەوە تابڵێی وینەیەكی تۆكمەو پتەوبوو. چونكە دوكتۆر



(14) ئەثیر: وشەیەكی یۆنانییە: مادەیەكە ناكەوێتە ژێر كێش و بەناو لەشدا دەڕوات. دەنگوگەرمایی بەهۆی شەپۆلەكانییەوە درێژ دەبنەوە (ك).

هامەر فێڵد وەختبوو لەبوومەلەرزە زلەكەدا[15] بمرێ كەدووكەڵكێشێك بەسەریداكەوت. خەڵكەكە هەموویان لەقاقای پێكەنینیاندا.

كە كەف و كوڵی خۆشیەكە نیشتەوە ئێرنست لێیپرسی:

باشە بەڵگەی پێچەوانەت بەدەستەوەیە؟ لەگەرمەی ئەو بێدەنگییەی كە باڵی بەسەرا كێشان پرسیارەكەی كردەوە:

-"باشە، لەگەڵ ئەوەشدا، بەڵگەكەت باشە. بەڵام زۆر باشیش نییە."

كەچی دوكتۆر هامەر فێڵد جارێ هاڕدرا، گۆبەندەكە چەند لایەنێكی بەخۆوەگرت، خاڵ دوای خاڵ ئێرنست ڕووبەڕووی قەشەبۆوە، كەدووپاتیانكردەوە ئەوان شارەزای چینی كرێكارن، بەڕاستەقینە بنچینەییەكانی دەربارەی ئەم چینەی كەنەیاندەناسی، ڕووبەڕوویان بۆوەو، پەنجەی لەچاوی نان كە سەلماندنی پووچەڵكەرەوە بهێننەوە. ڕاستەقینەكانی بەسەردا باراندن، هەردەم بەڕاستەقینەكانەوە گەشتەكانیانی بۆ ئاسمان ڕاگرت و، هێنانییەوە سەر زەویی ڕەق و سەر ڕاستەقینەكانی.

ئێستا، دیمەنەكە، چەند بەڕوونی لەمێشكما دیاردەبێ! ئا لەوساتەدا من دەتوانم بیبیستم، لەدەنگیا نەبرەی ئەو جەنگەی تێدایە، بەڕاستەقینەكانی كەوڵیاندەكات و هەر ڕاستەقینەیەك لەو ڕاستەقینانە قامچییەكە جار جارە پێوەدەدا، هەتا بڵێی سەختی دڵڕەقبوو، بەزەیی و ڕەحمی قبووڵنەكردو ڕەحمیشی نەبەخشی[16]. ناتوانم، تاماوم ئەم هێرشە ڕامالدەرەم لەبیربچێتەوە كەلەئەنجامدا بردیە سەریان.

[15] بوومەلەرزەی مەزنی ساڵی 1906، كەسان فرانسیسكۆی وێرانكرد.

(16) ئەم وێنەیە لەداب و نەریتی ئەو ڕۆژانە وەرگیراوە، لەو پێشبڕكێیانەی كەپیاوەكان لەسەر شێوەی جانەوەری دڕندە زۆرانبازییان تێدادەگرت. پاڵەوانی سەركەوتوو لە

www.pertwk.com

–"بەشێوەیەکی دووبارەکراوە ئەمشەو پێتان لێناو، بەڕێگەی ددان پیانانی راستەوخۆ، یاخود بڕیاری نەزانانە، کە ئێوە چینی کرێکاران ناناسن. بەڵام هەقی ئێمە نییە سەرکۆنەی پێوەبکەین لەسەرئەوە، زۆر دوورە ئێوە شتێك لەمەڕ چینی کارگەرانەوە بزانن؟ ئێوە لەگەڵ چینی کارگەراندا لەیەك گەڕەك نین، ئێوە لەگەڵ چینی سەرمایەدارن‌و لەگەڕەکێکی دیکەن. بۆچی نا؟ چینی سەرمایەدارانە کە کرێتان پێدەدات‌و، خواردنتان پێدەبەخشێ‌و، ئەویشە تەنانەت ئەو جلانەی کەلێرەدا ئەمشەو لەبەرتانکردوون دەیانخاتە سەرپشتتان.

ئێوەش بەرامبەر ئەوە رێنمایی کارمەندەکانتان بەوجۆرە میتافیزیکیانە دەکەن کەدڵ‌و دەروونیان حەسانەوەییێکی تایبەتی پێدەحەسێنەوەو، ئەم نموونانەی کەپەسەندن لایان، ئەم پەسەندییەیان بەخۆوە دیوە، چونکە سیستمی کۆمەڵی لەئارادا ناخەنەبەر مەترسی.

لێرەدا لەدەوری خوانەکەدا گەردەلوولێکی بەرهەڵستکاری‌و ناڕەزایی بەرپابوو.

ئێرنست لەسەر قسەکانی بەردەوامبوو:

–"ئای، من ڕووبەڕووی دڵسۆزیتان ناوەستم. ئێوە دڵسۆزن. ئێوە ئەوە بڵاودەکەنەوە کەبڕواتان پێ هەیە.

هێزو پێزتان سەبارەت بەچینی سەرمایەداری ئالێرەدایە. بەڵام ئەگەر بەمێشکتانا دابێ بڕواتان بەرامبەر شتێ بگۆڕن هەڕەشەی مەترسی لەڕژێمێ لەئارادا بکات. ئەو حەلە رێنماییکردنەکەتان لای کارمەندەکانتان پەسەندنابێ.

دوونەخشەدا یەکێکی هەڵدەبژارد. یا ملۆزمە ژێرکەوتووە چەکفڕێدراوەکەی سەردەبڕی، یاخود نەیدەکوشت.

ئەوکاتە لەوەزیفە دەردەکرێن، بەهەرحاڵ ناوناوە بەمشێوەیە یەکێك لەئێوە دەردەکەوێ"[17] ئایا راست نیم؟".

ئەمجارەیان هیچ بەرهەڵستیکردن، یاخود ناڕەزایییەك نەبوو. بەشێوەیەکی لاڵانە بەملکەچی دانیشتن، تەنیا دوکتۆر هامەرفیڵد نەبێ کەوتی:

–"کاتێ بیرکردنەوەیەك هەڵەدەبێ‌و چیترنا، پێیاندەوترێ کەداوای دەستکێشانەوە بکەن."

ئێرنست وەڵامیدایەوە:

–"ئەمە رێچکەیەکی تری قسەمانە: کەبیرکردنەوەیان ناپەسەندبێ".

پاشان لەسەر قسەکانی بەردەوامبوو، وتی:

–"بەمشێوەیە پێتاندەڵێم کەبەڕێی خۆتانا بڕۆن‌و رێنماییبکەن‌و کرێ‌و بەرتیلی خۆتان وەربگرن، بەڵام بۆ خاتری خوا تکاتان لێدەکەم لەچینی کرێکاران گەڕێن، هەقتان بەسەرییەوە نەبێ، ئێوە سەر بەسەربازگەی دوژمنن، چ دابەشکەرێکی ناوکۆ لەنێوان ئێوەو چینی کرێکاردا نییەو، دەستتان بەو کارەی کەهی دیکە لەجیاتی ئێوە کردنی سووکەو، ورگتان بەزۆر خواردن هەڵپەماوە."

لێرەدا دوکتۆر بالینگفۆرد راپەڕی‌و، هەموو چاویان بڕییە ورگە زلەکەی. گوایە چەندساڵێکدەبێ هەردوو پێیەکانی خۆی نەدیون.) "مێشکتان پڕە لەئامۆژگاری کەنابنە ڕاگری ستوونەکانی ئەم رژێمە. ئێوە سەربازی بەکرێگیراون (سەربازی بەکرێگیراوی دڵسۆزن، من ددان بەوە دادەنێم) بەقەد ئەوەی کەسانی پاسەوانی

(17) لەو ماوەیەدا زۆر قەشە لەکڵێسا دەکران، لەبەرئەوەی، بیروباوەڕی ناپەسەندیان بڵاودەکردەوە. بەتایبەتی، بۆیە دەردەکران هەر کە رێنماییەکەیان بۆیەی سۆشیالیزم پێوە دیاردەبوو.

www.pertwk.com

سویسری[18] سەربازی بەکرێگیراو بوون، دڵسۆزی خاوەن مووچەو نیعمەتیان بوون. بەئامۆژگاریتان، بەرژەوەندیی کارمەندەکانی خۆتان بپارێزن. بەڵام مەیەنە ئاستی چینی کرێکاران‌و خزمەت مەکەن بەو سیفەتەی سەرکردەی ساختەچین. ئێوە ناتوانن بەدڵسۆزی، لەیەك کاتدا لەهەردوو سەربازگە (ئۆردوگا) بن. بڕوام پێبکەن چینی کارگەران هێشتا پێویستی بەئێوە نییە. چینی کارگەران هەتا هەتایە پێویستی بەئێوە نابێ، لەژوور ئەمەشەوە چینی کرێکاران دەتوانێ بێئێوە، بەخ[illegible]، زیا[illegible]ەگەڵ ئێوەدا بژی)).

# بەشی دووەم

# ڕووبەڕووبوونەوەکان

---

(18) پاسەوانی بیانی بەکرێگیراو کە کۆشکەکانی لویسی شانزەمینیان دەپاراست، پاشاییێکی فەرەنسی بوو، گەل لەمیداو سەری پەڕاند.

www.pertwk.com

# رووبەڕووبوونەوەکان

پاش دەرچوونی میوانەکان و بڵاوەلێکردنیان باوکم خۆی خستە سەرکورسییەك‌و پالیدایەوەو، جڵەوی بۆ هەورەتریشقەی قاقا پێکەنینێکی توندوتیژبەرەڵڵاکرد. من لەوەتەی دایکم مردووە قەتنەمدیبوو کە لەهەموو دڵیەوە، بەمشیوەیە پێبکەنێ.

بەپێکەنینەوە وتی:

–"گرەودەکەم کە دوکتۆر هامەرفێڵد لە هەموو ژیانی خۆیدا رووبەرووی ئەم جۆرە هەڵوێستە نەبۆتەوە.

"نەریتی دەمەقاڵی ئیکلیرکی!" تێبینی ئەوەتکرد، کە چۆن وەك بەخۆڵەیەك دەستی بەقسەکرد. مەبەستم ئێڤەر هاردەو، چۆن لەپڕبووە نەڕەشێرێك؟ تارادەیەکی نایاب مێشکێکی رێکوپێکی هەیە. وا چاکتر بوو ببێتە زانایەکی سەرکەوتوو، ئەگەر وزەو تواناکانی لەم رێگەیەوە تەرخانبکرابان."

وابزانم پێویستم بەوقسەیە نییە کە ئێرنست ئێڤەر هار بەچاکی کەوتە بەردڵم. هۆی ئەوەش ناگەڕێتەوە بۆسەر ئەوەی کەوتی‌و چیتر نا، یاخود ئەو شێوەیەی وتنەکەی و چیتر، بەڵکو بۆ پیاوەکە خۆشی. من پێشتر هەرگیز بەپیاوی وا نەگەیشتووم. وابزانم لەبەرئەو شوومنەکرد، هەرچەندە کە تەمەنیشم گەیشتە بیست‌و پێنجسالان. خۆشمویست، دەبێ لەبەرخۆم دان بەوەدا بنێم.



خۆشەویستی من بۆ ئەو لەسەر چەند شتێك لە پشت ئەقڵ‌و لێکۆڵینەوەوە بنیاتنرابوو. جگە لە ماسوولکە بادراوەکانی‌و قوڕگە پاڵەوانئاساییەکەی، پێی سەرسامبوو بەوسبفەتەی کە لاوێکی راستگۆو قسە لەڕووبوو. هەستمکرد لەبەرگی بێشەرمیی عەقڵمەندیداگیانێکی ناسك‌و هەستیار هەیە. هەستم بەوەکرد، بەچەند شێوەیەك کە خۆشم تێیاننناگەم، چەند شیوەیەك لەوە دەرناچێ کە پێشبینیەکانمبن وەك ئافرەتێك.

شتێك لەوفووتێکردنەی کە ڕەنایەکە چووە ناودڵم‌و هەر لە گوێما دەنگیدەدایەوەو، هەستمکرد کە من حەزدەکەم سەرلەنوێ گوێم لێبێتەوەو، تروسکەی پێکەنین لە چاوەکنیا بەدیبکەم، ئەو تروسکەیەی لەگەڵ بەڕاستییەتی (جددییەت)

رووە هەڵچووەکەی نەدەگونجا. چەند تووڕەبوونێکی دیکەی هەست‌و نەستی نادیار لەدەروونما پەنگیانخواردەوە. ئەو کاتە، خەریکبوو شەیدای خۆشەویستی ببم، هەرچەندە لەوراستییە دڵنیابووم کە ئیتر من جارێکی تر چاوم پێناکەوێتەوە، کەوابێ ئەو هەست‌و نەستە نادیارانە نامێنن‌و، کەوابێ بە سووکی و ئاسانی لەبیریدەکەم. بەڵام چارەنووس نەیویست جارێکی دی بیبینمەوە. بایەخدانی تازەی باوکم بەزانستی کۆمەڵایەتیی ئەو دەعوەتانەی کە دەیکردن رێگەی بەوەنەدا.

لەڕاستیدا باوکم  زانایەکنەبوو لە زانایانی کۆمەلایەتی. دوای ئەوەی دایکمی هێنا زۆر بەختەوەر بوو، بەو لێکۆڵینەوانەی لە بواری پسپۆڕیی خۆیدا، کەفیزیایە، کردنی زۆربەختەوەربوو. بەڵام هەردایکم مرد نەیتوانی ئەو بۆشاییە پڕکاتەوە کە لەدوای خۆی بەجێمهێشت. لەسەرەتادا بێگەرم‌وگوڕی بایەخی بەلێکۆڵینەوەی فەلسەفیدا. پاشان کەزەوقی کرایەوە، بەدوای زانستی ئابووری‌و

www.pertwk.com

کۆمەڵایـەتی کـەوت. هەسـتێکی ناسـکی بەرامبـەر دادپـەروەری هـەبوو, هـەر زوو ئارەزووییێکی کڵپەسێن هەموو لەشی گەرم داهێنا بۆ نەهێشتنی ستەمو زۆرداریو لـەناوبردنی هـەموو دۆرە مـاف پێـشێلکردنێكو بـە شـوکرانەو نمەکدارییـەکی زۆر پێـشوازیم لـەو نیـشانانە کـرد کـە بەڵگـەی دڵپێخۆشـبوونی ژیـانێکی نوێبـوون. هەرچـەندە کـەمن تـەنیا کـەمێك خـەونم بـەو ئەنجامـەوە بینـی کـە شـیاوی ئـەو دڵخۆشییەیە سوودی لێببینی. بەوێنـەی مێرمناڵێك زۆر بەگـەرموگوڕی چووە نـاو ئەم ئارەزووە نوێیانەوە, بێئەوەی گوێبداتە ئەو تێکەوتنانەی کە پەلکێشیدەکەن.

لـە تاقیگـەدا هـۆگری کـاربوو, لەبەرئـەوەی ژووری خواردنی کردە تاقیگەیـەکی تایبەت بەزانستی کۆمەڵایەتی. بۆئەوەی پیاوان بەجیاوازی ێزو پایـەو باریانـەوە, زانـاو, سیاسـیو, خـاوەن بانـكو بازرگـانو, پرۆفیـسۆرو, پێـشەوای کرێکـارانو سۆشیالـستو, گێرەشـێوێن, بـۆ دەمـەقاڵ دەیوروژانـدنو رایـەکانیانی دەربـارەی ژیانو کۆمەڵ شیدەکردنەوە.

بەرلەشـەوی مـوژدە بـەرەکان –مبـشرین– بەچـەند رۆژێکـی کـەم بەئێرنـست گەیـشتو, پـاش بڵاوەلێکردنـی میوانـەکان, زانـیم چـۆن پێیدەگـەم. شـەوێك لەشەقامێك دەهاتە خوارێ, لەپڕ وەستا تاگویێ لـە پیاوێـك بگـرێ لەسـەر سـندووقە سابوونێك وەستابوو قسەی بۆ کۆمەڵێك کرێکار دەکرد, پیـاوە وەسـتاوەکەی سـەر سندووقە سابوونەکە ئێرنستبوو, ئەمە مانای ئەوە نییە کە خۆی خـەتیبێکبوو لـە خەتیبەکانی سندووقی سابوون, نەخێر پلەو پایەیـەکی بەرچـاوی لـە کۆنگرەکـانی پـارتی سۆشیالـست هـەبوو, یـەکێکبوو لـە پێـشەواکان, خـۆی پێـشەوایەکبوو کـە دانیپادەنرا لەریزی پێشوەیە لە فەلسەفەی سۆشیالیزمدا. بـەڵام بـەزمانێکی سـادە شـێوازێکی روونـی لـە داڕشـتنی دەقـی گرانـی داخـراودا هـەبوو, بەرسروشـت راڤەکـەرو مامۆسـتابوو. بەشـتێکی کـەمی نـەدەزانی لەسـەر سـندووقی سـابوون



بوەستیێ مادامەکی هۆیەکە بۆ راڤەکردنی زانستی ئابووریبوو بۆ رۆڵـەکانی چینی کارگەران.

بـاوکم وەسـتا تـاگوێی لێبگـرێ, ئـارەزوو وشـەوقو زەوقـی بزوانـد, هەوڵیـدا لەگەڵیـدا کۆببێتـەوە, پـاش ئـەوەی بەچـاکی ناسـی بـۆ شـێوخواردنی قەشـەکان بـانگیکرد. بـاوکم بەوشـتەکەمەی لەبارەیـەوە زانیبـووی, دوای ئـەوەی خەڵکەکـە بڵاوەی لێکـرد ئنجـا پێیگـوتم. لـەجیهانی چینی کارگـەران لـەدایکبوو, هەرچـەند لەپاش وەچەی ڕەسەنی ئێڤەر هاردبوو کە لەئەمـەریکا بـە درێـژایی دووسـەدویەك, دووساڵ ژیا.[19] هێشتا تەمەنی دەساڵانبوو کە چوو لە کارگـەدا کاربکات. پاشان مەشـــقکردنی تـــەوزیمی تـــەواوکرد, بـــووە ناڵبەنـــد, رۆشـــنبیرییێکی خـــودیی هەبوو(خۆی خۆی رۆشنیر کردبوو), بۆخـۆی زمـانی ئـەڵمانیو فەرەنسی فێربوو, لەوسـەردەمەدا لەڕێگـەی وەرگێڕانـی کتێبـی زانـستی و فەلـسەفی بـۆ دەزگایـەکی سۆشیالستی تێکۆشـەری بڵاوکردنـەوە لـە شیکاگۆ شتێکی کـەمی دەستدەکەوت. لەتەك ئەم دەرامەتەیدا هەندێ پارەی لەوچەند دانە دیاریکراوانەی کـە دەفرۆشـران لەبابەتە ئابووریو فەلسەفییەکان بەدەستدەگەیشت.

ئەوە سەرجەمی ئەو شتانە بوو کە لەبارەیەوە زانیم پێشئەوەی بچمە سەرجێی خۆم, لەویش ماوەیەکی زۆر بێداربووم.

لەمێـشکما گـوێم بـۆ زەنگـی دەنگـیێ هەڵخـستبوو, لەبەرئـەوبیرو خولیایانـەم ترسـام. هـەتا بڵێـی لـە پیـاوانی دیکـەی رۆڵـەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکـەی منـی نەدەکرد. ئەوپەڕی سەیرونامۆبوو, ئەوپەڕی بەهێز بوو. شارەزاییەکی شادیکردم, لەهەمانکاتیـشدا ترسـاندمی, چـونکە بۆچـوونەکانم بـە شـێوەیەکی سەرچـڵانە

(19) لـەو رۆژگارانـەدا جیـاوازیی نێـوان ئـەوەی لـە خـاکی نیـشتمانو ئـەوەی لـەدەرەوەدا لەداکدەبیێ سەختبوو, رقو کینەی بەرپادەکرد.

www.pertwk.com

سەریانکرد, تەنانەت خۆم بەدۆستێك, بەژنێك لەقەڵەم دا. زۆرمبیستبوو کە هێزی پیاوان تا رادەیێ ئافرەت دڵکیشدەکات کە خۆی لەبەردا ناگیرێ, بەڵام زیاتر لە پێویست بەهێزبوو, هاوارمکرد:"نا, نا, ئەمە هەرنابێ, قسەی قۆڕە!" بەیانی لەخەوهەستام تاکو لەخودی خۆما تاسەیەك بەدیبکەم بۆ چاوپێکەوتنی جارێکی دیکە. حەزمکرد کە ببینم لەگفتوگۆدا پیاوان بێدەنگبکاتو, دەنگهەڵبڕینی جەنگی لەدەمابێ. کە ببینم هەموو باوەڕبەخۆیی و هێزیەوە لەخۆرازیبوونیان تێکوپێك بشکێنێ. لەناو چاڵەکانی بیرکردنەوەی ئاساییاندا نارەحەتییانبکاتو, چ هێزو ئازایەتییەکە ئەگەر لەبەرگی بێشەرمێکی شانازیکەر خۆی دەرخات؟ ئەوبێشەرمە, ئەگەر دەربڕینەکەی ئەومان دەستکرد کرد "سەرکەوتووانە کاری خۆی دەکرد" شوێنکاری دیاربوو, بۆ ئەمەش, بێشەرمییەکەی شتێکی نایاببوو, شیاوی ئەوەبوو کە ببینرێ, مرۆڤی دەورووژاند وەك چۆن دەستپێکردنی جەنگ دەیوروژاند.

رۆژگارێکی زۆر بەسەرچوو, تایا نووسینەکانی ئێرنستم خوێندنەوە کە لە باوکم وەرمگرتبوون. پەیڤە نووسراوەکەی وەك قسەکانی دەمی بوو, روونی قەناعەت پێکەربوون, ساکاریە رەهاکەی قەناعەتت پێدەکات, تەنانەت ئەگەر مرۆڤ بکەوێتە گومانیش لێی. بەهرەی رودانی تیابوو, خۆی راڤەکەری تەواو بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا, وێرای شێوازەکەی زۆر شتی تێدابوو حەزم لێنەدەکرد. زیاتر لە پێویست جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ناوینابوو ململانێی چینایەتی و, دوژمنایەتیی نیوان کارو سەرمایەدارو لێکدانی بەرژەوەندییەکان بەدڵشادییەوە باوکم ڕای دوکتۆر هامەر فێڵدی بەرانبەر ئێرنست پێیگوتم. پوختەکەی ئەوەبوو کە ئەو لاوێکی لووتبەرزە. تابڵێی رۆشنبیریی لاوازو گەندی کردوویەتی



بەبوونەوەرێکی لەخۆبایی. بۆ ئەمەش دوکتۆر هامەر فێڵد نەیویست جارێکی دی لەگەڵ ئێرنستدا دانیشێ.

بەڵام قەشە مورهاوس پێ سەرسامبوونی بەئێرنستو ئارەزووکردنی بەدانیشتنێکی دیکە نیشانداو گوتی: "خۆی لاوێکی توندو تۆڵە, پڕە لەچالاکی, تاڕادەیەکی زۆر پڕەلە چالاکی, بەڵام زیاتر لەپێویست باوەڕی بەخۆی هەیە".

رۆژ لەزەردانێك کە لەگەڵ باوکمابووم ئێرنست هاتەلامان. بەرلەئەو قەشە گەشتبوو, لەسەر باڵکۆنەکە چامان دەخواردەوە, بەم بۆنەیەوە, بوونی بەردەوامی ئێرنست لەئەم راستییەی لێکدەدایەوە, ئەویش ئەوەبوو کەدەرسی تایبەتی لەزانستی بایلۆجی لەزانکۆدا دەخوێندو خەریکی دانانی کتێبێکی نوێ بوو بەناوی "فەلسەفەو شۆڕش"[20].



–لاپەڕە (132). بەمشێوەیە ململانێی چینایەتی, لەقۆناغی ئێستای بۆ پێشەوەچوونی کۆمەڵایەتی لەنێوان چینی کرێدەرو چینی کرێوەرگر, سەر هەڵدەدات".

بەڕوخسارێکی سەرکەوتووانە سەیرێکمکرد, جارێکی دی بەڕوومپێکەنی.

پێم گوت:

–بەڵام تۆ دەڵێی :"ململانێی چینایەتی..."

گوتی:

"ئەوە شتێکە لەگەڵ رق و کینەی چینایەتیدا جیاوازیی هەیە, بڕواشم پێبکە کەئێمە هیچ رق و کینەیەك نانێیینەوە, ئێمە دەڵێین تێکۆشانی چینایەتی

---

(20)ئەم کتێبە بەدرێژایی سێ سەدە کە" پاژنە ئاسنین"ەکە باڵی بەسەردا کێشابوون, بەنهێنی چاپدەکرا. ژمارەیەکی زۆر لەچاپی جیا جیای کتێبەکە لەکتێبخانەی نیشتمانی ئەردیس هەن.

www.pertwk.com

یاساییکه لەیاساکانی بۆپێشەوەچوونی کۆمەڵایەتی, ئێمەش لەوەدا لێپرسراو نین, ئێمە ململانێی چینایەتی ناخولقێنین. ئێمە شیدەکەینەوە چیتر نا. وەك چۆن (نیوتن) راکێشانی شیکردەوە, ئێمە سروشتی لێکدانی بەرژەوەندی لێکدەدەینەوە کەململانێی چینایەتی دێنێتەکایەوە".

هاوارمکرد:

–"بەڵام نابێ هەر هیچ لێکدانی بەرژەوەندییەکان هەبێ!"

وەڵامیدایەوە:

_"من لەهەموو دڵەوە لەوەدا لەگەڵ تۆدام. ئەوەشە کەئێمەی سۆشیالست تەقەلا دەدەین بیهێنینە دی: هەڵوەشاندنەوەی لێکدانی بەرژەوەندییەکانە. داوای لێبووردن دەکەم, ئەگەر دەستوور بدەی بڕگەیەکت بۆ بخوێنمەوە."

کتێبەکەی گرتەدەستو چەند لاپەڕەیەکی لێهەڵدانەوە, ئینجا گوتی:

–"لاپەڕە 126: خولگەی ململانێی چینایەتی, کەبە داهێنرانی کۆمۆنیزمی خێڵەکیی سەختی ناڕەحەتو نەشونوماکردنی موڵکدارییەتیی تایبەتی دەسپێدەکات, سابەنەمای موڵکدارییەتی تایبەتی لەناو هۆیەکانی بووی کۆمەڵایەتیدا کۆتاییدێ."

قەشە پەڵپی پێگرت, لەبەر زیاد هەڵچوونی, رووە سیسو گرژەکەی, نەختێك گەشانەوەی پێوەدیاربوو:

–"بەڵام من لەمەدا لەگەڵ تۆدا نیم, پێشەکییە مەنتیقییەکەت هەڵەیە. لێرەدا شتێك نییە ناوی لێکدانی بەرژەوەندییەکانبێ لەنێوان کارو سەرمایەداردا, یاخود راستتر دەبێ لێرەدا شتێکی وەك ئەوە نەبێ".

ئێرنست بەهێمنیو لەسەرخۆ گوتی:

–"سوپاس. تۆ بەو دەستەواژەی دواییت پێشەکییە مەنتیقییەکەمەت پێدامەوە."

قەشە بەگەرمی پرسی:

–"بەڵام چییە ئەوەی پێویست بەراستبوونەوەی ئەم لێکدانە دەکات؟"

ئێرنست شانەکانی خۆی هەڵتەکاندنو گوتی:

–"وابزانم, ئێمە ئاوا خوڵقاوین."

ئەوی دیکە هاواریکرد:

کەئێرنست هات لەپڕ بانێژەکە وا خۆی نواند, وەك بڵێی بچووك بۆتەوە, نەك لەبەرئەوەی زۆر زل بووە بالای لەپێنج پێ,و نۆگرێ زیاتر نەبوو, بەڵکو بەلای منەوە لەبەر ئەوەبوو کە کەشێکی لەزلایەتی بلاوکردەوە. کاتێ وەستا تا پێمبگات سووکە شێوانێکی دەرخست, کەتاڕادەیەکی سەیر بەپێچەوانە دوو چاوە نەترسو دەستە توندو تۆڵە نەگۆڕەکەی بوو کەئەوساتەی چاكو خۆشیی لەگەڵدا دەکردمو دەستی گرتبووم. لەو ساتەدا هەردوو چاوی بەشێوەی ئەو توندو تۆڵیو خۆگرە بوون. ئەمجارەیان خۆی وا نواند وەك بڵێی پرسیارێکیان تیایە, هەروەك جاری پێشووی سەرنجی زۆر دامیو پێمگوت:

–"کتێبەکەتم دەخوێندەوە "فەلسەفەی چینی کارگەران" وەڵامیدایەوە. هەردوو چاوی بەشێوەیەکی شادانە رۆشن بوونەوە:

_"هەڵبەتە بەچاوی بایەخ چینی هەژارانت وەرگرت کە ئەو کتێبە دەیدوێنێ."

بێباکانە گوتم:

–"بەڵێ وامکرد, ئەمەشە ئەو هۆیەی دەمەوێ رقابەرایەتیت لەگەڵدا بکەم."

قەشە مورهاوس گوتی:

–"منیش هەروەتر دەمەوێ رقابەریت بکەم."

www.pertwk.com

ئێرنست بەشێوەیەکی سەیر شانەکانی هەڵتەکاندن و کووپە چایەکی وەرگرت.

قەشە نووشتایەوەو مافی هاتنە پێشەوەی پێدام, گوتم

–"تۆ رقەبەرایەتی و دوژمنایەتیی چینایەتی بەرپا دەکەیت. من لەو بڕوایەدام شتێکی هەڵەو تاوانە کەهەرچییەك لەچینی کرێکاران تەنگەبەرو ئاژەڵییە ختوکەی بدەیت. رقەبەرایەتی و دوژمنایەتیی چینایەتی شتێکە دژ بەکۆمەڵایەتی. بەڵکو بەلای منەوە شتێکە دژ بەشۆسیالیزم."

وەڵامیدایەوە:

–"بێتاوانە, رقەبەرایەتیی چینایەتی. نە لەدەق و نەلە گیانی هەرشتێکدا کەبۆم لواوە بینووسم لەئارادا نییە."

بەدەنگێکی سەرکۆنەکردن قیژاندم:



–"ئاخ!"

دەستم درێژ کردو کتێبەکەیم وەرگرت و کردمەوە.

چاپەکەی فڕکردو, وەختێ لاپەڕەکانم هەڵدەدانەوە بەدەممەوە پێکەنی.

بەدەنگێکی بەرز خوێندمەوە:

–"بەڵام ئێمە ئاوا نەخولقاوین!"

ئێرنست لێی پرسی:

–"ئایا لەئادەمیزادی سوپەرمان دەدوێی؟ ئادەمیزادی جیاوازو خوا ئاسایی, بەدەگمەن تا رادەیێ بەکردەوە لەخانەی نەبووی دادەنێ, یاخود لەئادەمیزادی ناسراوو باوی ئاسایی؟"

وەڵامەکەی ئەوەبوو:–"لەبابەت ئادەمیزادی ناسراوی ئاسایی."

–"ئەوەی کەبێ دەسەڵاتە. لەگوناه بەدەرنییەو, ئارەزووی هەڵە دەکات؟"

قەشە مۆرهاوس سەری بەبەڵێ لەقاند.

–"ئەوەی کەهیچوپووچەو خۆپەرستیشە؟"

جارێکی دی قەشە سەری لەقاند

ئێرنست ئاگادریکرد:

–"باش ئاگادار بە! گوتت: "خۆپەرست"؟."

قەشە بەدڵێکی قاییمەوە دووپاتیکردەوە:

–"ئادەمیزادی ئاسایی خۆپەرستە."

–"هەرشتێکیشی دەستبکەوێ دەیەوێ؟"

–"بەڵێ هەر شتێکیشی دەستبکەوێ دەیەوێ. ئەمە راستە, بەڵام بەداخەوە."

شەویلاکی سەرەوەی ئێرنستی تەڵە ئاسایی خستەسەر شەویلاکی ژێرەوەی و گوتی:



–کەواتە بەتەڵەوەمکردی,لێمگەڕێ نیشانتدەم, ئەمە ئەو پیاوەیە کەلەهێڵی ئۆتۆمبیلی گشتی کاردەکات."

قەشە پەڵپی پێگرت:

–"ئەگەر سەرمایە نەبوایە نەیدەتوانی کار بکات."

–"راستە جا لەگەڵ من دەیسەلمێنی کەوا چاکترە سەرمایە لەناو بچێ ئەگەر کرێکار نەبن بۆ دەسکەوتنی قازانجی پشکەکان."

قەشە خۆی بێدەنگکرد:

ئێرنست سوور بوو:

–"لەگەڵ من بەمە دەیسەلمێنی, ئاخۆ وانییە؟"

قەشە سەری لەقاند.

ئێرنست لەشێوەی دەنگی ئەمری واقیعدا گوتی:

www.pertwk.com

–"بەمشێوەیە هەریەك لەحوکمەکانمان ئەوی تر رەشدەکاتەوە, گەڕاینەوەسەر ئەوی پێشوو. با ئێستا لەنۆژەنەوە دەستپێبکەین. کارگەران لەهێڵی ئۆتۆمۆبێلی گشتی کاردەکەن‌و خاوەن پشکەکان سەرمایە پێشکەشدەکەن‌و لەڕێگەی رەنجی هاوبەشەوە لەلایەن سەرمایەوە پارە پەیدا دەکرێ[21]. هەردوولا ئەم پارە پەیداکراوە دابەشدەکەن. بەڵام بەشی سەرمایە پێیدەگوترێ "قازانجی پشکەکان"و بەشی کار پێی دەگوترێ "کرێ".

قەشە پەڵپی پێگرت‌و گوتی:

–"زۆر چاکە ئێرنست وەڵامیدایەوە.

وادیارە تۆ ئەوەی لەسەری رێککەوتین لەبیرت چۆوە. لەسەر ئەوە رێککەوتین کەمرۆڤی ئاسایی خۆپەرستە, ئەم مرۆڤەیە کەلەواقیعدا هەیە. بەڵام تۆ بەئاسماندا هەڵگەڕایت تاکو تەقەلای دابەشکردنێك بدەی لەنێوان جۆرێك خەڵکدا کە پێویستە ببێ, بەڵام لەڕاستیدا نییە. ئێستاش, با بگەڕێینەوە سەر زەوی.

کە کارگە خۆپەرستبوو چاوی لەوەیە هەرچی لەدابەشکردنا دەستیکەوێ وەریگرێ. وەکەسەرمایەدار خۆپەرستبوو ئەویش هەروەتر چاوی لەوەیە هەرچی لەدابەشکردنا دەستیکەوێ چیتر نییەو, وەختێ هەردوولا چاویان لەشتێکا پچڕاندنی هەرچی دەتوانن بیپچڕێنن لەخودی ئەو شتەدا ئەو بێ حەلە لێکدان لەبەرژەوەندیدا بەرپا دەبێ. ئەوەیە لێکدانی بەرژەوەندییەکانی نێوان کارو سەرمایە کەپێکهێنان‌و گونجاندنی تێدا نییە. مادامەکی کرێکارو سەرمایەدارهەبن, هەردەبێ ناخۆشی لەسەر دابەشکردن بەردەوامبێ. ئەگەر

---

(21) لەوسەردەمەدا کۆمەلانی خەڵکی تالانکەر دەسەڵاتیان بەسەر هەموو هۆیەکانی گواستنەوەدا گرت بۆ ئەوەی ماڤ سازکردنی ئەو هۆیانە بەکۆمەڵ بسپێرن جۆرەها باج‌و سەرانەیان بەسەردا دەسەپاند.

لەسان فراسیسکۆ, ئەم رەسەنە, بایت, ناچاردەبووی بەپێیان بڕۆیت, هیچ ئۆتۆمۆبیلێکی گشتی نییە ئامادەبێ نەفەران سواربکات."

قەشە خۆی پێنەگیراو پرسی:

–"مانگرتنێکی نوێ, ها؟[22]"

–"بەڵێ ئەوان لەسەر دابەشکردنی ئەو پارەو پوولانەی لەڕێگەی گواستنەوەوە بەئۆتۆمۆبیلی گشتی خەتەکانی هاتوچۆی ناوشار پەیدا دەکران ناخۆشییانە.

قەشە مۆهاوس هەڵچوو و, هاواریکرد:

–"بەڵام ئەمە هەڵەیە, ئەە کورتبینییە لەکرێکارانەوە. چۆن دەتوانن داوای ئەوە بکەن بەزەیی‌و بەشدارکردنی ویژدانانەکان بمێنێ...."

ئێرنست بەمەکرەوە گوتی:

–"کەناچار دەبێ بڕۆین!".

بەڵام قەشە مۆرهاوس گوێی پێنەداو لەسەر قسەی خۆی بەردەوامبوو:

–"سەرنجیان بەرامبەر شتەکان زیاتر لەپێویست تەنگە. خەڵك دەبێ خەڵکبن. نەك جانەوەر, ئێستا توندو تیژی‌و خوێنڕشتن روودەدەن. جا ئافرەتان بێوەژن

---

(22) لەو سەردەمە گێرە شێوێنییە ناعەقڵمەندانەدا ئەم ناخۆشی‌و دوژمنایەتییانە زۆر باوبوون. هەندێ جار کرێکاران نەیاندەویست کاربکەن. هەندێ جاریش سەرمایەدارەکان رەتیاندەکردەوە کەڕێ بەرکێکاران بدەن کاربکەن, بەهۆی توندوتیژی‌و هەڵچوونەوە کەلەئەنجامی ئەم ناخۆشی‌و دوژمنایەتییانە سەریانهەڵدەدا, موڵك‌و ماڵێکی زۆر ەناو دەچوون‌و خەڵێکی زۆر دەفەوتان. هەموو ئەوانە کەئێمە ئەمڕۆ ناتوانین بیانهێنینە بەرچاوی خۆمان, هەروەها ناتوانین نەریتێکی تر لەنەریتێکی ئەو سەردەمانە بهێنینە بەرچاو, مەبەستم ئەو نەریتەیە کەوای پێویستدەکرد لەسەر پیاوان هەرچەند جارێ شەڕیان لەگەڵ خێزانەکانیان بکردایە کەلوپەلی ناوماڵیان بشکاندایە.

www.pertwk.com

دەبن و منداڵان هەیتو دەبن. دەبێ کارو سەرمایە دۆستبن. دەبێ لەپێناوی بەرژەوەندیی هەردووکیاندا دەست لەناو دەست کاربکەن.

ئێرنست بەوشکی تێبینیکرد:

–"ئای ئەوە سەرلەنوێ گەڕایتەوە ئاسمان! بگەڕێوە سەر زەوی. لەبیرت نەچێ لەسەر ئەوە رێککەوتین کەمرۆڤی ئاسایی خۆپەرستە."

قەشە هاواریکرد:

–"بەڵام شتێك هەیە ئەوەی لەسەر دەسەپێنێ!"

وەڵامی ئێرنست ئەمەبوو:

–"لێرەدا لەگەڵتام شتێ نییە ئەوەی لەسەر بسەپێنێ و بەڵام ماوەی ژیانی لەسایەی سیستمێکی کۆمەڵایەتی بیناکراو لەسەر سروشت و خووی چڵێسیی بەراز، هەرخۆپەرست دەبێ."

قەشە حەپەساو، باوکم بووره پێکەنینێکی لێوەهات. بەڵام ئێرنست بێبەزەییانە لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوامبوو:

–"بەڵێ رەوشت و خووی چڵێسی و چاوچنۆکیی بەرازانە. ئەوەمانای ڕژێمی سەرمایەدارییەو ئەوەشە کە کڵێساکەتان بەرگریی لێدەکات. هەرچەند جارێ دەچنەسەر بڵندگۆی ئامۆژگاریکردن موژدەی پێدەدەن. رەوشت و خۆی بەرازانە. لێرەدا چ ناوێکی تری نییە."



قەشە مۆرهاوس roویکردە باوکم فریایکەوێ. بەڵام باوکم پێکەنی و سەری لەقاند. ئینجا گوتی:

–"دەترسم مستەر ئێڤەرهارد راستبێ. سیاسەتی لێیگەڕێ کار بکات Laissez faire ، سیاسەتی لێیگەڕێ، هەرکەسەو کاروباری خۆی، با شەیتان بەجێماو ببات، هەروەك مستەر ئێڤەر هارد دوێنێ شەو گوتی، ئەو کەسەی ئێوەی، پیاوانی کڵێسا، بەجێیدێنن، پاراستنی رژێمی کۆمەڵایەتی لەئارادایە، کۆمەڵی ئێمە ئەمڕۆ لەسەر ئەم بنەمایە وەستاوە."

قەشە هاواری کرد:

–"بەڵام ئەمانە ئامۆژگارییەکانی مەسیح نین!."

ئێرنست هەرزوو پەلپی پێگرت و پێی وت:

–"ئەمڕۆ کڵێسا بیروڕایەکانی مەسیح نازانێ. ئەمەشە ئەو هۆیەی کەکرێکاران لەپێناویدا هیچ کارێکیان بەکەنیسەوە نابێ. کڵێسا چاو لەو جانەوەرییە ترسناکە دەپۆشێ کەچینی سەرمایەدار لەمامەڵەکردنی چینی کرێکاراندا سازیدەدات."

قەشە ناڕەزایی دەربڕین:

–"کڵێسا چاوی لێناپۆشێ."

ئنجا ئێرنست وەڵامیدایەوەو گوتی:

–"بەڵام کڵێسا ناڕەزایی خۆی دەرنابڕێ، مادامەکی کڵێسا ناڕەزایی خۆی دەرنابڕێ کەواتە چاودەپۆشێ. لەبەر ئەوە دەبێ لەبیرمان نەچێ کەکڵێسا لەلایەن چینی سەرمایەدارانەوە پشتگیری لێدەکرێ."



قەشە ساویلکانە گوتی:

–"من لەبەر رۆشنایی ئەوەوە سەیری مەسەلەکە ناکەم، دەبێ تۆ بەهەڵەچووبی، من دەزانم زۆر شتی شەڕانی لەم جیهانەدا هەن، من دەزانم کەڵێسا ئەوەی پرۆلیتاریا داوایدەکرد ... دۆڕاندی[23]"

---

(23) Proletariat لەبنەچەدا proletarid ی لاتینییەوە وەرگیراوە، ئەو ناوەی کەلەئاماری سیرفیوس تولیوس servis Tullus ەوە بەو کەسانە درا کە نرخیان لەکن دەوڵەتەوە لەوەدابوو کە ئەوانە پیشەوکاریان زاووزێکردن و وەچە زۆرکردنە. Prolis

www.pertwk.com

ئێرنست هاورای‌یکرد:

–"ئێوە رۆژی لە رۆژان پرولیتاریاتان لەدەستدانەبوو, هەتا لە کیستان بچیٚ. پرۆلیتاریا لەدەرەوەی کلێساو بێکلێسا سەریهەڵداو گەشەی سەند."

قەشە بەدەنگێکی نزم گوتی:

–"تێتناگەم."

– "کەواتە بابۆت باسبکەم , کە ئامێر پەیدابوو, سیستمی کارگە لەبەشی دوایی سەدەی هەژدەمدا سەریهەڵدا زۆربەی زۆری چینی کارگەران لەزەوی دابڕکران‌و سیستمی کۆنی کارتێکدراو, رۆڵەکانی چینی کارگەران وەکو مێگەل بەرەو کارخانەی شارەکان پەلکێشکران. لە پشت ئامێرەتازەکانەو کار بەدایکان‌و منالاٌن سپێردرا. ژیانی خێزانی کۆتاییهات. بارودۆخ ترسناکبوو, ئەوەش چیرۆکێکە لە چیرۆکەکانی پێغەمبەران."

قەشە مۆرهاوس قسەکەی پێبڕی‌و نیشانەیەکی بەئازار لەسەر رووی دیاربوو:

–"دەزانم, ئەوە تا بلێی شتێکی پیسبوو. بەلاٌم سەدەو نیوێك لەمەوبەر روویدا."

ئێرنست درێژەی دایی‌و گوتی:

–"لەم ماوەیەدا, سەدەو نیوێك لەمەوبەر, پرۆلیتاریای نوێ گەشەیکردو کلێسا خوی لێنەفامکرد. کە سەرمایەدارەکان, ولاٌتیان کردە قەسابخانەیەکی گەورە, کلێسا خۆی لاڵکرد, نارەزایی دەرنەبڕیٚ وەك چۆن ئەمڕۆش نارەزایی

بەواتایەکی دی, ئەوانە چ لەڕووی سامانەوە یاخود پایەوە, یاخوود لەڕووی توانای هەلاٌوێردنەوە بێنرخبوون.

دەرنابڕیٚ ئۆستن لیویس [24] وتەنی کەلەو رۆژگارانەدا دەدویٚ, ئەوانەی ئەو راسپیرییەیان ئاراستەکرا کە دەبێژیٚ "خۆراك بەبەرخەکانم بدەن" دیتیان ئەو بەرخۆلانە لە بازاری کۆیلەیەتیدا دەفرۆشرێن‌و ناچار دەکرێن تا ئەو رۆژەی دەمرن کاربکەن بێئەوەی دەنگی نارەزایی خۆیان دەربڕن[25] کلێسا ئەو حەلە لاڵبوو, پێش ئەوەی لەسەر باسەکەم برۆم داوات لێدەکەم کە یان بێفرتوفێلٚ لەگەلٚ رایەکەمدا بی, یاخود بێفرتوفێل لەقسەم دەرچی. ئایا کلێسا ئەو کات لاڵبوو؟"

قەشە مۆرهاوس سڵەمییەوە, ئەو وەك دوکتۆر هامەر فیلٚد لەم زۆرانبازییە توندو تیژە هاروهاجە رانەهاتبوو, وەك ئێرنست ناویدەبرد.

ئێرنست بیری خستەوە گوتی:

–""مێژووی سەدەی هەژدەیەم نووسرایەوە, ئەگەر کلێسا لاڵنەبوایە, خۆ دەماندی کە لەکتێبەکانی مێژوودا لاڵنییە."

قەشە پێی لینا:

–"وەختە بێمەسەر ئەو باوەڕە کە کلێسا بەڕاستی لاڵبوو."

–"هەروەها ئەمڕۆش کلێسا لاڵە."

(24) لەسەر گەلاٌڵەی سۆشیالست, بۆ پایەی ولایەتی کالیفۆرنیا لە هەڵبژاردنی پاییزی 1906دا پالێوراوبوو. بەرەچەڵەك ئینگلیز بوو, نووسەرێکبوو ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی "ئابووریی سیاسیی‌و فەلسەفەیی" دانا. یەکێکبوو لە پێشەوا سۆسیالیستەکانی ئەوسەردەمە.

(25) لە هەموو مێژوودا لاپەڕەیێك نییە ترسناکترو دژواتر بیٚ لەمامەڵەکردنی کۆیلە پیشەسازەکان– لە مندالاٌن‌و ئافرەتان, کە لە کارگەکانی ئینگلستان لە ماوەی نیوەی دوایی سەدەی هەژدەیەمدا کاریاندەکرد. لەم نمونانەی دۆزەخە پیشەسازییەکان هەندیٚ سامانی ئەو سەدەیە پێکهات, کە فرە قەبەو زیاتر مایەی لەخۆبایی بوونبوو.

www.pertwk.com

قەشە گوتی:

–"ئالێرەدا لەگەڵتانیم"

ئێرنست لەسەرخۆبوو, چاوی تێبڕیو, پێش مەیدانخوازی "تحدي" گووتی:

–"باشە" بابزانین, لە چیکاگۆدا هەفتەیەك یەتەوە دەستت کاردەکەن, ئایا کڵێسا ناڕەزایی دەربڕی؟

وەڵامەکەی ئەمەبوو:

–"ئەمە شتێکە یەکەمجارە دەیبیسم, نەوەت سەنت لە هەفتەیەکدا؟ ئەوە شتێکی ترسناکە!"

ئێرنست سووربوو:

–"ئایا کڵێسا ناڕەزایی دەربڕی؟"

–"کڵێسا ئاگای لەوە نییە."

قەشە بەتوندی تەقەلایدەدا, ئێرنست بەگاڵتەوە گوتی:

–"لەگەڵ ئەوەشدا ئەو راسپێرییەی کە ئاراستەی کڵێسا کرابوو دەیفەرموو: "بەرخەکانم تێرکەن" خۆراك بدەن بەبەرخەکانم".

پاش ساتێك گوتی:

–"لەگاڵتە جاڕییەکەم ببورە قەشەگیان. بەڵام ئایا دەتوانی سەیرت پێبێ ئەگەر تەنگەمان پێهەڵچنین؟ کەی لای رۆڵەکانی کڵێساکەتان ناڕەزاییتان لەدەست سەرمایەداران دەربڕی لەسەر ئیشپێکردنی مندان لەکارگەکانی باشووری لۆکە.[26] ئەو منداڵانەی کە تەمەنی هەریەکێك لەوان لەشەشساڵ تێپەڕناکات و



(26) ئێڤەر هارد دەیتوانی نموونەیەکی باشتر لەمەی بەرگریکردنی ئاشکرای کڵێسای باشووری بەئاشکرا و رووله بابەت رسواکردنی کۆیلان بدۆزێتەوە بەرلەوەی بە "جەنگی یاخیبوون" بناسرێ. وا ئێمە لەم پاشکۆیەدا زۆر لەو نموونە هەڵبژاردنەی ناو بەڵگەنامەکانی سەدە دێنینەوە. لەساڵی 1835دا کۆمەڵەی گشتیی پیرانی کڵێسا Presbyterian (سیستمێکە چەند پیرێکی هەڵبژاردە کاروباری کڵێسا دەبەن کەهەموویان یەکسانن لە پلەو پایەدا –ك– بڕیاریدا کە "کۆیلایەتی لەهەردوو سەردەمی کۆن و نوێدا– العهد القديم والجديد– واتە تەورات و ئنجیل – ك– دانی پیانراوەو خوا ناڕەزایی خۆی بەرامبەریان – دەرنابڕێ"و کۆمەڵەی چارلستنی مەعمەرانی – لەئاوهەڵکێشراو– لەدوانێکدا کەلەساڵی 1835دا پێشکەشکرا, جاڕیدا: "ماڤ سەردەستەکانە دەست لەکاتی بەندە کۆیلەکان وەربدەن لەلایەن دروستکەری هەموو شتەکان داننانێکی ئاشکرای پیانراوە, کەخۆی گومانی تیا نییە هەموو ئازادییەکی هەیە کەماڤ موڵکداری بەهەرکەسێ ئارەزووی لێبێ ببەخشێ. (بەڕێز "ئەی. دی. سانسیمۆن"ی دوکتۆر لەلاهووت و پرۆفیسۆر لەکۆلیجی راندۆلفی مایقۆنی میتۆلۆژی لەفەرجینیا نوسیوویەتی: (گەواهنامەی زۆر لەکتێبی پیرۆز بێ تێکەڵی و پێکەڵی و تەمومژ جەخت لەسەر ماڤ موڵکداریی بەندو کۆیلە دەکەن, جگە لە پێداویستییە باوەکانی ئەو مافە. دەقی ماڤ فرۆشتنی کۆیلەو کڕینیان بەڕوونی تیایە. تێکڕا ئەگەر گەڕاینەوە سەر ئەو پێڕەوو رێبازەی جوولەکایەتی کەخوا خۆی دایناوە, یاخود ئەوەی مرۆڤایەتی پێی باشبووەو بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ لەهەموو سەدەکاندا رەفتاری کردووە, یا بۆ سەر راسپێرییەکانی "ئینجیل"و یاسای ئەخلاقی. هەردەبێ ئێمە بگەینە ئەم دەرەنجامە ئەویش ئەوەیە کە کۆیلایەتی نائاکاری "ئەخلاقی" نییە تەنانەت ئەگەر سەلماندیشمان کە کۆیلە ئەفریقییەکان یەکەمین کەسن بەشەرعی کران بەبەندە, ئەو حەلە دەتوانین بڵێین بەکۆیلەکردنی رۆڵەکانیان ئەنجامێکی حەتمییە بەمجۆرە دەبینین ئەو کۆیلایەتییەی لەئەمەریکادا هەیە لەسەر بنچینەیەکی هەق دامەزراوە.

هەرگیز شتێکی سەیر نییە کەکڵێسا پاش وەچەیەك, یا لەم بابەتە بەهەمان پیکی لێدابێ لەبابەت ئەوەی پەیوەندی بەبەرگریکردنی لەماڤ موڵکدارییەتی سەرمایەدارییەوە هەیە.

لەمۆزەخانەی ئەزگار Asgard دا کتێبێك هەیە بەناوی "چەند گوتارێك دەربارەی پراکتیك" هەنری ڤاندایك" نووسیویەتی. ئەو کتێبە ساڵی 1905 چاپکراوە, لەناو

ئەوانەی هەموو شەویٚ بەنۆرە دوانزە سەعات کاردەکەن؟ ئەوان هەرگیز خۆری پیرۆز نابینن‌و، ئەوان کەوەکو مێش دەمرن، قازانجی پشکەکان لە خوێنەکانیان دەدریٚ‌و لەقازانجی پشکەکانیان کلێسای زل زل لەنیۆزیلەندا دروستدەکریٚ کەجۆری ئێوە مەزنی شیرینی هیچ‌و پووچ پێشکەش بەو خۆشحاڵە ورگ زلانە دەکات کە ئەم قازانجانە وەرگرن".

–"قەشە بەدەنگێکی کز مینگە مینگی کرد.

–"نەمدەزانی"

–"رووی زەرد هەڵگەڕابوو، وادیاربوو وەك بڵێی دڵی تێکدەچیٚ.

–"کەواتە ئێوە ناڕەزاییتان دەرنەبڕی؟"

قەشە سەری لەقاند.

–"کەواتە کلێسا ئێستا لاڵە. هەروەك لەسەدەی هەژدەیەمیشدا وابوو؟".

قەشە بێدەنگ بوو، بۆ جاری یەکەم ئێرنست بێزینەهات لەسەر خاڵەکە سووربیٚ.

–"نابیٚ ئەوەت لەبیربچیٚ کەهەر قەشەیەك ناڕازیبیٚ چارەنووسی دەرکردنە".

قەشە ناڕەزایی دەربڕینوگوتی:

---

لاپەڕەکانی کتێبەکەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەویٚ، ئەگەر دەرئەنجامەکان راستبن، کەڤاندایك پیاوێك بووە لەپیاوەکانی کلێساو، کتێبەکە نموونەیەکی باشە کەشیاوی ئێڤەر هارد بیٚ ناوی بنیٚ "بیروڕای برجوازی" سەیری لێکچوونی نێوان قسەی کۆمەڵەی چارستۆنی مەعمەدانی بکە کەلەسەرەوە نووسراوەو نێوان قسەی ڤاندیك پاش هەفتا ساڵ: "کتێبی پیرۆز" فێرمان دەکات کەخوا موڵکداری جیهانە. ئەو بەپێی ئارەزووی تایبەتی خواوەندی خۆی‌و بەپێی شەریعەتی گشتیی بەهەر مرۆڤێك دەبەخشیٚ.

–"وابزانم تۆ لەمەدا زوڵمت لەکلێسا کرد."

ئێرنست لێی پرسی:

–"ئاخۆ تۆ ئامادەی بۆ نارەزایی دەربڕین؟"

–"ئەو خراپانەم نیشاندە، لەم دەوروبەرەماندا، لەو نمونانەی ئاماژەیان بۆ دەکەی، ئەو حەلە لەناڕەزایی دەربڕین ناپرنگێمەوە.

ئێرنست بەهێمنی گوتی:– "نیشانتدەدەم، من لەژێر فەرمانی تۆدام، جا بەڕێگەی دۆزەخا گەشتێکت پێدەکەم."

–"جا نارەزایی دەردەبڕم."

قەشە لەسەر کورسییەکەی هاتەپێش، رووخسارە ناسکەکەی دڵرەقیی جەنگاوەری تێزاو گوتی:

–"کلێسا لاڵ نابیٚ."

ئێرنست ئاگاداری کرد:

–"جا دەردت دەکەن."

وەڵامی قەشە بەڕوویدا درایەوە.

–"پێچەوانەکەیت بۆ دەردەخەم، جا بۆت دەرکەویٚ ئەگەر ئەوەی دەربارەی ئیشپێکردنی منداڵان گوتت راستبیٚ. کلێسا لەتاریکی نەزانیندا گومڕابووە، لەسەر ئەوەش من بۆ ئەوە دەچم ئەوەی لەکۆمەڵی پیشەسازیدا ترسناکبیٚ بۆ نەزانینی چینی سەرمایەدار دەگەڕێتەوە. ساهەر کەپەیامەکەی پێدەگات هەر هەڵەیەك لەم هەڵانە راستدەکرێتەوە. ئەرکی کلێساش ئەوەیە کەئەم پەیامە بەجێبگەیەنیٚ."

ئێرنست پێکەنی، بەشێوەیەکی جانەوەرانە پێکەنی. خۆم وادی کەناچارم بەرگری لەقەشە بکەم‌و گوتم:

www.pertwk.com

–"ئاگاداربە، تۆ تەنیا دیوێکی وێنەکە دەبینی، لەدەروونمانا زۆر چاکە هەیە، هەرچەندە تۆ لەهەموو چاکەیەکمان دادەماڵێی، قەشە مۆرهاوس راستە، من لەگەڵتام، کەستەمکاری پیشەسازی زۆر ترسناکە، بۆ نەزانیش دەگەڕێتەوە، بەشەکانی کۆمەڵ گەیشتنە ئەوەی کەزیاتر لەپێویست لەهەندێکی دیکە دابترازێن.

وەڵامی دایەوەو لەو ساتەدا رقم لێی هەستا:

–"چینی سەرمایەدار لەهیندی سووری سەرسەخت، دڵڕەقترو جانەوەرترە."

وەڵامەکەم ئەوەبوو:

–"تۆ نامناسی، ئێمە نەدڵڕەقین‌و نە جانەوەر."

–مەیدانی بۆ خواستم:

–"ئەوە بسەلمێنە"

گوتم، تووڕەییش هەژاندمی :

–"چۆن دەتوانم پێت بسەلمێنم؟"

سەری لەقاندو، گوتی:

–"من داوات لێناکەم پێم بسەلمێنی، من لێتدەپرسم کەبەخۆتی بسەلمێنی."

پێم گوت:

–"دەزانم."

وەڵامە رەقەکەی ئەمەبوو:

–"تۆ هیچ شتێك نازانی."

باوکم بۆ هێمنکردنەوەمان گوتی:

–"لەسەرخۆ، لەسەرخۆ منداڵینە..."

بەتووڕەییەوە گوتم:

–"من بێباکم ..."



بەڵام ئێرنست قسەی پێبڕیم:

–"من دەزانم تۆ پارەو پوولت هەیە، یاخود باوکت هەیەتی، ئەنجامەکە یەکە، پارەو پوول خراونەتە کارگەکانی سییرا."

هاوارم کرد:

–"ئەمە پەیوەندیی چییە بەباتەکەمانەوە؟"

لەسەرخۆ دەستی پێکرد:

–"پەیوەندییەکی گەورەی نییە، تەنیا ئەوە نەبێ، کەئەو کراسەی لەبەتایە، لەخوێن ئالاوەو ئەو خواردنەی دەیخۆیت خواردنێکی خوێناوییە، خوێنی زارۆکەکان‌و لاوە بەهێزەکان لەقڵیشەکانی بنمیچە تەختەدارەکانیماڵتان دەتکێ‌و ئێستاکە دەتوانم چاوم بنووقێنم‌و گوێم لێبێ لەهەموولایەکییەوە دڵۆپ دڵۆپ دێتەخوارێ."

کارو قسەی پێکەوە لواندن‌و چاوەکانی نوقاندن‌و لەسەر کورسییەکەی بۆ دواوە نووشتایەوە. لەپڕمەی گریاندنی رووشکاندن‌و ئابڕووی بریندار کراومدا، من لەهەموو ژیانما هەرگیز وەك ئەم مامەڵە جانەوەرانەیە نەکراوم. باوکم‌و قەشە هەردووکیان تێکچوون‌و شڵەژان. تەقەلایاندا ئاخاوتنەکە بەرەو رێچکەیەکی ساناترو روونتر بەرن، بەڵام ئێرنست چاوی کردەوەو، سەیری منی کردو، ئاماژەی بۆ کردن کەخۆیان کڕ کەن. دەمی رەش داگەڕابوو، هەروەها هەردوو چاوەکانی، لەو دوو چاوانەی تروسکەی پێکەنین بەدینەکرا. چ شتێك بوو خەریکبوو بیڵێ بەچ سەرکۆ نەکردنێکی ترسناك، دەیویست بەردەبارانم بکات، ئەمەم هەرگیز نەدەزانی چونکە ئەو هەر لەوساتەدا پیاوێك لەشۆستەکەوە تێپەڕی‌و هێندەی پێنەچوو وەستاو سەیری ئێمەی دەکرد. پیاوێکی کەتەی جل نابووت بوو،

www.pertwk.com

سەیری ماڵەکەی کرد وەك بڵێی لەخۆی دەپرسی ئایا بێتەژوورەوەو بیەوێ هەندێ کەلوپەلمان پێبفرۆشێ, یاخود نا؟.

ئێرنست گوتی:

-"ئەم پیاوە ناوی جاکسنە."

بەکورتی و ساردییەوە گوتم:

-"واچاکتر بوو, بەم لەشە زلەیەوە ملبداتە ئیشکردن, نەك بەکۆڵانانـدا بگەڕێ[27] بۆشتومەك فرۆشتن."

ئێرنست بەناسکی گوتی:

-"سەیری قۆڵی باڵی چەپی بکە."

سەیرم کرد دیتم بێ قۆڵە

ئێرنست بەناسکییەکی بەردەوامەوە گوتی:

ئەو دڵۆپەی کە گوێم لێبوو, لەقەڵشتی بنمیچی تەختەدارەکانی ماڵەکەت دەتکێ, هەندێ خوێنی ئەم باسکەیە.

لەکارگەکانی سییرا قۆڵەکەی لەکیسداو, وەك وڵاخێکی داهێنراوی نەخۆش, تۆش تووڕتدایە سەر چەقی ڕێگا تا لەوێدا بمرێت. وە کەدەڵێم "تۆ" مەبەستم بەڕێوەبەری کارگەو ئەو فەرمانبەرانەن کەتۆو خاوەن پشکەکانی دی مووچەیان پێدەدەن, بۆئەوەی لەجیاتی تۆ کاروباری کارگەکە بەڕێوەبەرن. ئەوە ڕووداوێك بوو لەڕووداوەکانی کار. خۆ ئەم ڕووداوەش لەئەنجامی ئەوەدا بوو کەتەقەلایدا

(27) لەو رۆژگارانەدا شەقامەکان پڕبوون لەهەزاران لەو وردە فرۆشە هەژارانەی کەهەر شتومەکێکی هەیانبوایە لەکۆڵی خۆیان دەناو, ئەم ماڵو ئەو ماڵیان پێدەکرد. لەوەدا بۆ بەفیڕۆبردنی وزەی مرۆڤایەتی لێی گەورەتر نییە. دابەشکردنی وەك سیستمی کۆمەڵاییەتی گشتیی, هەموویان وەکو یەك بوون.

چەند دۆلارێك بۆ کۆمپانیا بگێڕدرێتەوە. بەڵام "پاڵنەری مەکۆك"ە بەددانەکە چی لەدەست نەهات, ئەوە نەبێت کەچڕنوکەکانی لەباسکی گیرکرد, دەیتوانی واز لەو پارچە بەردە ئەستێ بچووکە بێنێ کەدیتی لەددانەکاندا بەوێدا تێدەپەڕێ. دەبوایە دوو ڕیزە بزمار ووردکات. بەڵام باسکی خۆی درێژکرد تا پارچە بەردە ئەستێیەکە دەرکات, کەچی ئامێرەکە چڕنوکەکانی تێچەقاندو لەسەری پەنجەکانیەوە تاکو شانی هاڕین. ئەوەش لەنیوەشەودا بوو, کارگەکە بەدرێژایی شەو کاریدەکرد, لەو وەرزەدا قازانجێکی زۆریان بەخاوەن پشکەکاندا. جاکسن چەندین سەعات کاریکرد ماسولکەکانی جیڕیو تواناییان لەدەستدابوو. کەچی لەپڕ وایان لێکرد کەجووڵانەوەی هەندێك سستبێت. ئەمەش بوو ئەوهۆیەی کەلەپێناویا ئامێرەکە توانی قۆڵەکەی قووتبدا. ژنێك و سێ منداڵی هەبوون."

پرسیارم لێکرد ئەی کۆمپانیا چی بۆکرد؟

-"هیچ, ئۆف, بەڵێ شتێکی کرد. لەرەتکردنەوەی داوای پەککەوتن و زیانلێکەوتنی وەختی دەرچوونی لەنەخۆشخانە, کەدابووی بەدادگە, سەرکەوت. کۆمپانیا, وەك خۆت دەزانی, پارێزەری زۆر شارەزا بەکاردێنێ."

بەقەناعەتەوە گوتم:

-"تۆ حیکایەتەکەت بەتەواوی نەگێڕایەوە, یا لەوانەیە هەقایەتەکە بەتەواوی نەزانی. ڕەنگە پیاوەکە بێشەرم و هیچ و پووچبێ."

-"بێشەرم و هیچووپووچ! ها! ها! های!"پێکەنینی شەیتانانە بوو. "خوای گەورە! بێشەرمو هیچوپووچ!

پاشئەوەی دەستی ووردوخاشبوو قوتدرا! لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتگوزارێکی هێمن و چەوساوەبوو. هیچ شتێك لەڕوویدا دیارنەبوو کەنیشانەی بێشەرمییەکی وای پێوەدیاربێ."

www.pertwk.com



سووربووم:

–"بەڵام دادگە! لەتواناکەیدا نەبوو کەداواکەی رەتکاتەوە, ئەگەر ئەو هەقایەتەی گێڕاتەوە پاشماوەی نەبووایە."

–"کۆلۆنێل ئەنگرام" گەورە پارێزەرانی کۆمپانیایە. خۆی پارێزەرێکی ئێجگار شارەزایە.



ئێرنست ساتێك چاوی تێبڕیم, ئنجا گوتی:

## سێیەم بەش

–"[illegible] پێویستە لەسەرت کەبیکەیت."

–"لە[illegible]ی جاکسن بکۆڵەوە.

بەساردییەوە گوتم:

–"هەرکەباسەکەت بۆمانگێڕاوە ویستم ئەم لێکۆڵینەوەیە بکەم."

بەنەرموونۆڵییەوە رووی گەشایەوە:

–"زۆر چاکە, ئەو شوێنەی نیشاندەدەم کەلەوێدا دەیبینی, بەڵام من لەبەرت دەلەرزم کەبێ لەهەر شتێك دەکەمەوە دەی[illegible] بەڵگە بەهۆی قۆڵەکەی جاکسنەوە."

## قۆڵی جاکسن

بەمشێوەیە وابوو, کەمن و قەشە بەمەبدانخوازی ئێرنست قایلبووین.

هەردوو[illegible] هێشت هەستکردن بەو زوڵمەی کەوا لەمن و لەچینەکەی من دەکرا برینداریکردم. کابرا جانەوەر بوو. ئەوکاتە رقم لێبۆوە. دڵی خۆمدایەوە بەو قسەیەی ئەم رەفتارەی ئەو رەفتارەیە کەدەبێ مرۆ لەپیاوێکی ناو پیاوانی چینی کارگەران چاوەڕوانی بێ.

www.pertwk.com

# قۆڵی جاکسن

کەم بۆئەوە دەچووم کەقۆڵی جاکسن چ دەورێکی گەورەی لەژیانی مدا دەبینی. جاکسن خۆی بەچاکی نەکەوتە بەر دڵم کاتێ لەهەموو شوێنێکدا بەدوایدا دەگەڕام. لەخانوویەکی نیمچە داڕووخاودا بینیم، کەزۆر ورگیدابوو، خەریکی هەرەسهێنانبوو[28] لەنزیك کەنداوێکی کن رۆخی زۆنگاوێکبوو. گۆمو گۆلاوی وەستاو دەورەی خانووەکەیانی دابوو، قەوزەی سەوزو بۆگەن بەسەر ئاوەکەوەبوو، بۆنێکی وایان لێدەهات مرۆۋ خۆی لەبەر نەدەگرت.

دیم جاکسن هێمنو چەوساوەیە، هەروەك ئێرنست وەسفیکرد خەریکی هەندێ ئیشی حەیزەرانبوو. کاتێ من قسەم لەگەڵدا دەکرد ئەو سووربوو لەسەر کۆششو رەنجدانی. کەچی سەرەڕای هێمنیو بێدەسەڵاتییەکەی، وامدەهاتەبەرچاو، کەوتومەتە سەر یەکەم دەنگی تاڵاوی نوێ لەلای کەگوتی:

---

(28) خاسیەتێکە بۆ وەسفکردنی خانووی وێرانو کەلاوە بەکاردێت کەکۆمەڵێکی زۆر لەکرێکارانی ئەو سەردەمە تێیدا ستاربببوون. بێگومان کرێیاندەدایە خاوەن موڵکەکان، کرێیەك بەپێی نرخی ئەو خانوانە، زۆر زۆر گرانبوو.

www.pertwk.com

–"بەهەرحاڵ. دەیانتوانی بەپاسەوانم دابنێن[29].

نەمتوانی شتێکی زۆری لێهەڵکڕێنم, وا کەوتە بەردڵم کەگێلەپیاوە, لەگەڵ ئەوەشدا خۆ خەریککردنی بێدەنگانەی کەبەتاکە دەستێك کردی, وادیاربوو وەك بلێی لەگەڵ گێلییەکەیدا ناگونجێ. ئەوەش بیرۆکەیەکی پێبەخشیم.

لێمپرسی:

–"چۆن بۆ مەکینەکە رێککەوت کەدەستەکەت قووتبدا؟"

بەئارامی و تێڕەوانینەوە سەیریکردم و سەری لەقاندو گوتی:

–"نازانم, هەرئەوەندە دەزانم کەئەوە روویدا."

منیش گوتم:

–"بەهۆی کەمتەرخەمییەوە؟"

وەڵامیدایەوە:

–"نەخێر. من رام وانییە ئەوەی کەروویدا بیدەینە پاڵ کەمتەرخەمی. چەند سەعاتێکی زێدە کارمدەکردو وابزانم ئەوە هەندێکی ماندووکردم. من لەو کارگانەدا هەڤدەساڵ کارمکرد. تێبینی ئەوەمکرد کەزۆربەی رووداوەکانی هەر

(29) لەوسەردەمانەدا دزیی بەڕادەیەکی ئێجگار زۆر پەرەی سەندبوو, هەریەکە شتوومەکی ئیدیکەی دەدزی. بەڵام کوڕانی ئەو چینانەی دەسەڵاتیان بەسەر کۆمەڵەوە هەبوو بەشەرعی دەیاندزی, یاخود سیفەتێکی شەرعییان بەدزییەکەیاندەداو کەچی کوڕانی چینە هەژارەکان بەشێوەیەکی ناڕەوا دەیاندزی, هیچ شتێك لەدزین دەرباز نەدەبوو. ئەوانە نەبن کەپاسەوانییەکی بەهێزیان لەسەر دانرابوو. ماڵی دەوڵەمەندەکان لەدۆڵابی ئاسن و سەرداب و قەڵا پێکهاتبوون و, ئارەزووکردنی منداڵان ئەمڕۆ بۆ دەستبەسەراگرتنی شتوومەکی شەخسی خەڵکی تر لەشوێنەوارێکی بەجێماوی (تایبەتبێ بەدزی) لەقەڵمدەدرێت, کەلەسەردەمەکانی رابوردوودا شتێکی گشتییبوو.



یەکسەر دوای لەفیکەلێدان دەقەومێن[30], من ئامادەم گرەو بکەم کەئەو رووداوانە لەسەعاتی دوایی پێش فیکەلێدان دەقەومێن, لەژوور هەموو ئەو رووداوانەن کەلەسەعاتەکانی دیکەی رۆژدا روودەدەن. لەبەرئەوە پیاو دوای ئیشکردنێکی بێوچان درێژایی ئەو هەموو سەعاتانە سرك و چوستنابێ.

کرێکارێکی زۆرم بینی ئامێر تێکوپێکیان دەشکێنێ و دەیانکروژێ...

لێمپرسی:

–"ژمارەیەکی زۆرن لەواندی؟"

–"بەسەدان و سەدان. هەندێکیشان منداڵبوون"

جگە لەهەندێ درێژەپێدانی ترسناك, گێڕانەوەی جاکسن لەبارەی ئەو رووداوەی دووچاریبوو, هەروابوو, کەپێشتر گوێت لێبوو. کەلێمپرسی ئایا بنکەیەك لەبنکەکانی ئیشپێکردنی ئامێر پێشێلکراوە. سەری لەقاندو گوتی:

–"پشتێنەکەم بەدەستی راستم لادا, باسکی چەپم درێژکرد تا پارچە بەردە ئەستێیەکە دەربێنم. من رانەوەستام تابزانم پشتێنەکە دەرهاتووە, یان نا, وامزانی دەستی راستم ئەوی تەواو کردووە –لەڕاستیشدا وانەبوو. خێرا قۆڵم درێژکرد, پشتێنەکە بەتەواوی دوورنەخرابۆوە, ئەوکاتە قۆڵم قووتدراو هەنجن هەنجنبوو."

بەزمانێك بەشداریکردنی ویژدانی لێدەتکا گوتم:

–"بێگومان تۆ هەستت بەئێشێکی یەکجارکرد."

–"ئێسقان ووردبوون شتێکی خۆشنەبوو."

(30) کرێکاران بۆ کارکردن بانگدەکران, دوایی بەهۆی فیتفیتەی هەڵمی جانەوەرانەی بەزیقە زیقی دەمار تێکدەر (گێژکەر) ئیزنیاندەدان.

www.pertwk.com

دەربارەی ئەو مەسەلەیەی پەیوەندیی بەپەککەوتن و زیانەوە هەبوو مێشکی تەماوییبوو. بەڵام شتێك لای روونەبوو، ئەویش ئەوەبوو کەهیچ قەرەبووی وەرنەگرت. هەر شتێکی وایدەکرد کەشایەدی تێبینیکەرانی کارگەران و بەڕێوەبەری کارگەبوو بەهۆی بڕیاری بەشوومی دادگە، بەقسەی خۆی شایەدییەکەیان وانەبوو کەپێویستە وابێ."

سووربووم کەبچم بۆلایان.

شتێك هەبووئاشکراو روونبوو، جاکسن لەحاڵی کلۆڵیدابوو، خێزانەکەی نەخۆشبوو، ئەویش نەیدەتوانی بەئیشی حەیزەران و دێوەری خۆراکی پێویست بۆ خێزانەکەی پەیدا بکات. لەبەر دەستکورتی، نەیتوانی کرێی خانوو بدات، کوڕە نۆبەرەکەی کەمنداڵێکی $11$ساڵبوو دەستیکردبوو بەکارکردن لەکارگەدا.

–"لایان سانابوو کەکاری پاسەوانی پێبسپێرن".

ئەوەبوون دوا قسەکانیان، کاتێ منماڵئاوایم لێدەکرد.

تەنانەت ئەگەر لەگەڵ ئەو پارێزەرەی بەرگری لەکێشەی جاکسن و تێبینیکەرانی کرێکاران و بەڕێوەبەری کارگەکە دەکرد، کۆببومایەوە کەلەدادگەدا شایەدی خۆیاندا، لەئەنجامدا هەستم بەوەکرد، کەبۆچوونەکەی ئێرنست هەندێ ماقوڵیەتی تێدایە.

پارێزەرەکە پیاوێکی لاوازبوو، نیشانەی بێتوانایی و بێدەسەلاتی پێوەدیاربوو، کەچاوم پێکەوت، پێم سەیر نەبوو کەجاکسن داواکەی دۆڕاند.

یەکەم بیرۆکە بەمێشکمدا هات ئەوەبوو کەجاکسن لەبەرئەوە ئەوجۆرە سزایەدرا کەشیاوی بوو، چونکە ئەو جۆرە پارێزەرەی هەڵبژاردبوو، بەڵام دوو دەستەواژەی ئێرنست ئەوەندەیان نەخایاند کەلەویژدانمدا بریسکانەوە:



"کۆمپانیا پارێزەری زۆر شارەزاو کارامە بەکاردێنێ" و "کۆلۆنێل ئەنگرام پارێزەرێکی بلیمەتە"

کەمێك بەپەلە بیرمکردەوە، هەتا بۆمدەرکەوت هەڵبەتە کۆمپانیا لەسازکردنی بەهرەی مافخوازی درەوشاوەدا لەکرێکارێکی ساویلکەی وەك جاکسن بەتواناترە. بەڵام ئەمە تەنیا درێژەیەکی لاوەکی بوو دڵنیابووم کەهۆیەکی زۆربەجێ لەئارادایە، کەجاکسن لەداواکەیدا سەرنەکەوتووە.

لێمپرسی:

–"بۆچی لەداواکەتدا سەرنەکەوتی؟"

شپرزەیی و شڵەژان تینیان بۆ پارێزەرەکەهێنا. زۆر بەزەییم بەو بوونەوەرە لاوازو کلۆڵەدا هاتەوە. پاشان دەستی بەسکاڵاکردن و پاڕانەوەکرد. من لەو بڕوایەدام کەئارەزووی سکاڵاکردن و پاڕانەوەی ئارەزوویەکی زکماکیبوو. هەر لەمنداڵییەوە پیاوێکی بێدەسەلاتبوو. دەربارەی شایەدیی شایەدەکان، نقەیەکی لێوەهات، ئەو شایەتانە ئەو بەڵگانەیان پێشکەشکردن کەیارمەتی تاقمەکەی دی دەدەن. نەیتوانی قسەیەکیان لێوەرگرێ کەشیاوی ئەوەبێ، یارمەتی جاکسنی پێبدا. هیچ سەیر نییە، دەیانزانی چ تاقمێك دەتوانێ کولێرەکانیان بۆ چەورکات. جاکسن گێلایەتییەکی تۆخی دەرخست. کلۆنێل ئەنگرام ترس و لەرزی خستە دڵییەوەو شێواو شڵەژا. کۆلۆنێل ئەنگرام لەلێپرسینەوەدا نایاب بوو. داوای لەجاکسن کرد کەوەڵامی پرسیاری ئازاربەخش بداتەوە.

لێمپرسی:

–"چۆن دەبێ پرسیار ئازاربەخشبێ ئەگەر هەق لای ئەوبێ؟

ئەویش پرسیاری لێکردم:

–"پەیوەندی هەق بەهەموو مەسەلەکەوە چییە؟

www.pertwk.com

تەماشای ئەو هەموو کتێبانە دەکەی؟" پەنجەکانی بەسەر ریزێك لەچەند بەرگێکدا هێنا کەبەدیواری نوسینگە نابووتەکەیدا هەڵپەسێررابوون، خوێندنی، ئەوانەو خوێندنەوەیان فێریانکردم کەیاسا شتێکەو ماف شتێکی دیکەیە. حەز دەکەی لەهەر پارێزەرێ دەپرسی بپرسە. کەمرۆڤ دەچێتە قوتابیخانەی یەکششەممەی ئایینی تاکو فێری مافببێ، بەڵام بۆ ئەم کتێبانە دەچێ تاکو فێری یاسابێ."

بەکەمێك سڵەمینەوەوە لێمپرسی؟

–"دەتەوێ بڵێی کەهەق بەجاکسنبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەزێنرا؟ دەتەوێ پێم بڵێی کەدادوەری لەدادگەی قازی کالدۆیلدا نییە؟"

پارێزەرە نابووتەکە تاوێ سەیریکردم پاشان نیشانەی شەڕکردن لەڕووخساریدا نەما. هات دڵنیابێ و سەرلەنوێ بنووزێتەوەو سکاڵا بکات.

–"من دەرفەتێکی دادوەرانەم پێنەدرا. فێڵیان لەجاکسنکرد، هەروەها فێڵیان لەمنیشکرد. چ دەرفەتێکم پێدرا؟ کۆلۆنیل پارێزەرێکی گەورەیە، ئەگەر گەورە نەبا ئایا کاروباری یاسایی تایبەت بە کارگەی سییراو "یەکێتی ئەرستونی زەویوزار" و گردبوونەوەی کۆمپانیاکانی بیرکلی"و کاروباری ئۆکلاندو، سان لێندەرو، بلیزانتون"ی پێدەسپێردرا؟ خۆی پارێزەری کۆمپانیاکانەو، کۆمپانیا مووچەی زۆر بەپارێزەران نادات، لەبەر گێلییان[31].



(31) ئەرکی پارێزەری کۆمپانیاکان ئەوەبوو، کەبەرێگەی پەناوپێچی هیچو پووچ بۆ پارە رڤاندن خزمەتی کۆمپانیاکان بکەن. لەکتێبی مێژوودا هاتووە تیودۆر رۆزفڵت، کەئەو حەلە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکابوو، ساڵی 1905لەدوانێکیدا لەئاهەنگی دابەشکردنی بڕوانامە لەزانکۆی هارڤێرد گوتی: ئێمە هەموومان لەواقیعی شتەکانەوە ئەوە دەزانین کەژمارەیەکی زۆر لەبەدەسەڵاتترین پارێزەرو گرانترین کرێ هیچ

چ شتێك وا لەکارگەکانی سییرا بەتەنیا دەکات کەساڵێك 20000دۆلاری پێبدەن؟ چونکە لای ئەوان ساڵێ 20000 دۆلار دەکات. ئەوەیە هۆیەکە. بەڵام من ئەو هەموو پارەیە ناکەم ئەگەر ئەوەندەبام لەدەرەوەی ئەڵقەی بەختداران نەدەبووم‌و، تامی برسێتیم نەدەچێشتوو، بەرگریم لەمەسەلەیەکی وەك مەسەلەی جاکسن نەدەکرد! بەلای تۆوە پێشیاوی چ دەستکەوتێکدەبووم ئەگەر داواکەی جاکسنم بردباوە!"

وەڵامم دایەوە:

–"بەمەزندە دەبووایە ئاگاداری بکەیت."[32]

بەتووڕەییەوە هاواریکرد:

–"بێگومان، دەبێ من بژیم، وانییە؟"

بەزمانێکی توندوتیژ پێمگوت:

–"بەڵام ژن‌و منداڵی هەیە!"

وەڵامەکەی ئەمەبوو:

–"منیش هەروەتر ماڵ‌و منداڵم هەیە. لەهەموو دونیادا کەسێك نییە، من نەبم، گوێبداتێ ئەگەر برسیی بن یا برسی نەبن."



خەمیان نییە، تەنیا دەرئەنجامدانی پلانی بوێری نایاب نەبێ، کەبریکارەکانیان چەند کەسێ بن یا چەند کۆمپانیا، دەتوانن خۆیان لەیاسای داندراو بدزنەوە کەبۆ رێکخستنی سامانی گەورە سازکردنێك سازکراوە، کەلەبەرژەوەندیی جەماوەر دەبێ.

(32) ئەمە وێنەیەکی نموونەییە لەو خەباتە کوشندەیەی مۆرکی هەموو کۆمەڵبوو لەو رۆژگارانەدا. خەڵك وەك گورگی برسیی دەچوونە سەریەکترو گورگی زل هی بچووکیان دەخواردو، لەڕەوەی کۆمەڵایەتیدا جاکسن، بچووکترین گورگی ناو گورگە بچووکەکان بوو.

www.pertwk.com

لـەپڕ دەموچـاوی هێوربـۆوە. سـەعاتەکەی کـردەوەو وێنەیـەکی فۆتـۆگرافی بچووکی پیشاندام لەناو قەباغی سەعاتەکە درابوو. وێنـەی ئافرەتێك‌و دوو کچی بچووکبوو.

–"ئا ئەوانـەن, سـەیریانکە. ڕۆژگـارێکی زۆر سـەخت‌و دژوارمـان بەسـەر بـردو بـەو ئومێدەبووم ئەگـەر داواکـەی جاکسن ببەمـەوە بیاننێرمـە لادێ. ئـەوان لێـرەدا تەندروستییان باش نییە, بەڵام من ناتوانم بیاننێرمە لادێ, کە هەستام‌و ویستم دەرچم, هاتەوە سەر نقە نق‌و نووزە نووز:

تارماییـەك دەرفـەتم بـۆ ڕێکنەکـەوت. مـن‌و کۆلۆنێـل ئـەنگرام‌و قـازی کالـدۆیی دۆستایەتیمان باشە, من ناڵێم ئەگەر من بەڵگەی گونجاوم لەشایەتەکانی هەردوولا لەکاتی هێنانە وەڵام دەستکەوتبا, ئەوە ئەو دۆستایەتی‌و چارەنووسی داواکەی دیار دەکرد. لەسەرئەوەش دەبێ من ئەوەش بڵێم کە قازی کالـدۆیین تەقەلایـەکی زۆریدا کەنەیەڵێ من ئەو بەڵگەیەم دەستکەوێ. بۆ نا! قازی کالـدۆیل‌و کۆلۆنێـل ئـەنگرام هـەردووکیان سـەر بەکۆمەڵەیـەکی ماسـۆنین لەیـەك یانـەن. هـەردووکیان لەیەك گەڕەکدان, گەڕەکێك کەدارایی ئەوەم نییە لێیدانیشم. ژنەکانیان بەردەوام هاتوچۆی یەکدەکەن. شەو نییە یاری هویست [33] و لەم بابەتە نەکەن."

ساتێك لەبەر دەرگا وەستام‌و لێمپرسی:

–"لەگەڵ ئەوەشدا تۆ وا حیسابدەکەی کە حەق بەجاکسنبوو؟"

وەڵامەکەی ئەمەبوو:

–"مـن واحیسـاب ناکـەم, بـەڵام بەدڵنیاییـەوە دەیـزانم, لەسـەرەتادا وامزانـی کەنـەختێ ئومێـد هەیـە. بـەڵام بەهاوسـەرەکەی خـۆمم نـەگوت, چـونکە مـن نەمدەویست نائومێدی بکەم, بەو ئومێدە بوو کەگەشتێك بۆ لادێ بکات."

(33) یارییەکە لەیارییەکانی کاغەز.



پرسـیارم لەپیتـەر دۆنلـی کـرد کەیـەکێکبوو لـەو دوو فۆرمانـەو [34] چاودێرەی کرێکاران کەلەدادگەدا شایەتیاندا:

–بۆچـی سـەرنجی دادگـەت بـۆ ئـەم ڕاسـتییە ڕانەکێشا, کەجاکسن دەیویـست ئامێرەکە زیانی پێنەگات؟."

بەرلەوەی وەڵامداتەوە. ماوەیەکی زۆر بیریکردەوە. ئەنجا چاوێکی شپرزانەی بەدەوروبەری خۆیدا گێڕاو گوتی:

–"چـونکە ژنێکـی بـاش‌و سـێ جـوانترین منـداڵم هـەن کـەخۆت چـاوت پێیانکەوتووە. ئەوەش هۆیەکەیە."

–"گوتم: ئەوەی دەیڵێیت تێناگەم."

وەڵامیدایەوە:

–"بەواتایـەکی دی, چـونکە ڕەفتـارکردنی کـارێکی ئـاوا دەبوایـە کـارێکی گەوجانەبێ."

–"مەبەستت.."

بەڵام بەهەڵچوونەوە قسەکەی پێبڕیم:

–"مـن ئـەوەی گوتومـە مەبەسـتمە. ماوەیـەکی دورودرێـژە مـن لەکارگەکـەدا کاردەکەم, بەمنداڵی سەرم پیاکردوو ئەرکی من وەستانبوو بەرامبەر تیغی تەشی, هـەر لەوکاتـەوە مـن پێـشدەکەوم‌و بـەرز دەبمـەوە. بەئـەرکێکی سـەخت گەیـشتمە پایەی باڵای ئێستام. تواناشم هەیە کەبۆت بسەلمێنم کەس لەکارگە ڕۆژێ لەڕۆژان دەسـتی یارمـەتی بـۆ درێـژ نـەکردووم لـەخنکان دەربازمبکـات. پێـشتر لـەڕیزی سەندیکادابووم, بەڵام لەدوو مانگرتنندا لەکۆمپانیا لەکاردا بەردەوامبووم, ناویان

(34) فۆرمـان: وشـەیەکی ئینگلیزییـە بـەمانای چـاودێری کرێکـاران یـاخود تێبینیکـەر بەکاردێ (ك.غ)

www.pertwk.com

لێنام (ناپیاو). ئەمڕۆ کەسێك نییە لەناویاندا رازیبێ ئەگەر داوای لێبکەم پێکێکم لەگەڵدا بخواتەوە. ئەو جێ و شوێنانە لەسەرمدا نابینی کەخشتە بارانیان کردم! منداڵێك نییە کەلەپشت تیغی تەشیەوە دەوەستێ نەفرەت لەناوی من نەکا. دۆستی تاقانەم کۆمپانیایە. لایەنگیریکردنی کۆمپانیا ئەرکی من نییە, بەڵام نان و رۆن و ژیانی ژنەکەم و منداڵەکانمە, ئەوەیە هۆیەکە."

لێمپرسی:

–"ئایا جاکسن شیاوی لۆمەکردنبوو؟"

–"مافی خۆیبوو قەرەبووی پەککەوتن و زیانەکەی بدرێتێ, کرێکارێکی چاکبوو, پێشتر چ ئەرك و گیروگرفتێکی نەخستبووە سەر کۆمپانیا."

–"کەواتە هەستت نەدەکرد تۆ ئەو ئازادیەت هەیە, کەبەتەواوەتی راستی بڵێی, هەروەك سوێندت خواردووە کەبیکەیت .

سەری لەقاند.

بەسەرنەواندنەوە گوتم:

–"راستی.. راستی بەتەواوی... هیچ شتێنا, غەیری راستی؟"

سەرلەنوێ هەڵچوون رووی داگرت, بەرزیکردەوە, نەك بۆ لای من, بەڵکو بۆ ئاسمان.

–"من ئامادەم کە بەچاوی خۆم ببینم لە پێناوی سێ منداڵەکەمدا لەش و گیانم لەدۆزەخا هەتا هەتایە بسوتێن"



بەڵام "هەنری دالاس"ی بەرێوەبەری کارگەکە, کابرایەکی دەموچاو رێوییانە بوو, بەچاوێکی زۆر سووك, سەیریکردم نەیویست قسەبکات. من نەمتوانی تاکە قسەیەکی لێدەربێنم لەوەی کە پەیوەندیی بە دادگەییکردن و ئەوشایەتییە هەیە کەدای, بەڵام لەگەڵ فۆرماتەکی دی باشتر بووم. جێمس سمیث پیاوێکی خاوەن

سەرو سیمای توندو تیژبوو, کە رووبەڕووی بوومەوە زەندەقم لێی چوو, ئەویش شتێکی وای خستە دەروونمەوە, سەرنجێك ئەو هەستەی دامێ کە خۆیشی لەهەندێ کۆت و زنجیر دەربازنەبووە, کە نەیاندەهێشت ئەو دەربڕینەی لەدل و دەروونیدایە دەریبڕی. کاتێ قسەمان دەکرد بۆمدەرکەوت ئەو لەکەسانی تاقمە ئاساییەکەی خۆی ژێرتر بوو, پیتەر دونیلی دانی بەوەدا نا کە جاکسن دەبوایە قەرەبووی بدرێتێ, لەوەش پتری گوت, کەدەرکردنی کرێکار– پاش ئەوەی رووداوەکە پەکیخست–بەکارێکی وای لەقەڵەمدا کە دڵڕەقی و خوێنساردیی لێدەتکێ. هەرئەمەش نا, بەڵکو بۆی روونکردمەوە, کە کارگەکە زۆر رووداوی ئاوای بەخۆوە بینیون و, سیاسەتی کۆمپانیا گیانفیدایییە لە پووچەڵکردنەوەی هەموو داوایەکی پەککەوتن و زیانی ئایندە.

هەروەها گوتی:

–"دەزانی ئەوە چ واتاییێك دەبەخشێ؟ سەبارەت بە خاوەن پشکەکان, واتە هەموو ساڵی بەسەدان هەزار دۆلار."

کاتێ کە قسەیدەکرد دوا پارەم هاتەوە بیر کەدرایە باوکم وەك قازانجی پشکەکانی لە کۆمپانیادا. ئەو کراسە نازدارەم هاتەوەبیر کە من کڕیم و ئەو کتێبانەی کە باوکم لەسایەی ئەو قازانجەوە کڕیبوونی. تۆمەتبارکردنی ئێرنستم هاتەوە یاد کە گوتی: کراسەکەم لە خوێن ئالاوە. بەمشێوەیە پێستم لە ژێرکراسەکەما دەستیکرد بە مێرووولەکردن.



پێمگوت:

–" کە شایەتیت لەکاتی دادگەییکردندا دا, ئاماژەت بۆ ئەوە نەکرد کە جاکسن ئەوەی تووشیبوو لە ئەنجامی تەقەلادانیدا بوو بۆ دەربازکردنی ئامێرەکە لە زیان.

بەتاڵوییەکی زۆرەوە وەڵامیدامەوە:

www.pertwk.com

-"نەخێر. ئاماژەم بۆ ئەوە نەکرد. شایەدی ئەوەمدا کە جاکسن لە ئەنجامی کەمتەرخەمی و بایەخپێنەدانەوە ئازاری بەخۆی گەیاند, هەر هیچ بوار نییە کە لۆمەی کۆمپانیا بکرێ, یاخود بە لێپرسراو دابنرێ لەوەی کە روویدا."

لێمپرسی:

-"بەراستی رووداوەکە بەری بەکەمتەرخەمی و بایەخپێنەدانەوە بوو؟"

-"نـاوی لێنـێ کەمتەرخـەمی و بایەخپێنـەدان, یـا هەرشـتێك دەتـەوێ. راستییەکەئەمەیە: پیاو پاش چەند سەعاتێك کاری بەردەوام هەست بەماندوویی و داهێزران دەکات."

وام لێهـات حـەز بەقـسەی کـابرا بکـەم. بێگومـان, کالاکـەی لـەهی رۆڵـەکانی تاقمەکەی ئەو باشتر بوو.

پێمگوت:

-"رۆشنبیرییەکەی تۆ لە رۆشنبیریی زۆربەی کرێکاران فراوانترە."

وەڵامیدامەوە:

-"لەقوتابخانەیـەکی باڵاخوێنـدنی دواناوەنـدیم تـەواو کـردووە. بـەکاری فەڕاشی و دەرگەوانی گەیشتمە ئەو رادەیە. ئارەزووی ئەوەم دەکرد بچمە زانکۆ. بەڵام باوکم تۆخۆش, ناچاربووم کار لەکارگەدا بکەم."

تاوێـك بێـدەنگبوو, پاشـان بەشـەرمەوە روونیکـردەوە وەك بڵێـی دان بـەخاڵێك لەخاڵەکانی بێدەسەڵاتیدابنێ:

-" ویـستم بـبم بەزانایـەکی بـایۆلۆجی, مـن گیانلەبـەرم خۆشـدەوێ, بـەڵام ناچاربووم ئیش لەکارگەدا بکەم. کە بووم بە تێبینیکەری کرێکاران-فۆرمان- ژنم هێنا, پاشان خێزانەکەم زۆر بوو... باشە... لەوکاتـەوە خاوەن و سەروەری خۆم نیم."



لێمپرسی:

-" مەبەستت چییە لەوە؟"

-"ئەوەم باسدەکرد بۆچی لە دادگەدا بەوشێوەیە شایەتیمدا, بۆچی پەیڕەویی ئامۆژگارییەکانم کرد"

-"ئامۆژگاریی کێ؟"

_"هـی کۆلۆنیل ئەنگرام. هێڵە زلەکانی ئەو شایەتییەی کێشا, کە دەبێ من بیدەم."

-"کە مەسەلەکەی جاکسنی تێکدا."

سەری لەقاندو دەموچاویدا سوور هەڵگەڕا.

-"جاکسن ژنێك و دوومنداڵی هەبوو, خۆی تاکە بەخێوکەریانبوو."

بەهێمنی گوتی, هەرچەندە تا دەهات دەموچاوی زیاتر دەگۆڕا:

-"دەزانم."

ئەوسا زیاتر لەسەری رۆیشتم و گوتم:

-"پێمبڵێ, ئایا بەلاتـەوە سانابوو خۆت بەرزکەیتـەوە لـەوەی کەتیابووی, بۆ نموونە لە قوتابخانەی دواناوەندییـەوە, بۆ ئـەو پیاوەی کە دەبی بەئـەو, تـاکو لـە کاتی دادگەییکردندا رەفتاربکەیت وەك چۆن هەڵسوکەوتت کرد؟"

هەڵچوونە لەپڕەکەی کاسیکردم و ترسی خستە دەروونم.

تەقییەوە و[35] جنێوێکی جانەوەرانەی پێدام و, دەستی گرمۆڵەکرد وەك بڵێـی دەیەوێ لێمبدات.



(35) شتێکی خۆشە کە تێبینیی "پیاوەتی"ئەو زمانە بکەین کە لەورۆژگارانەدا وەك دیاردەیەکی بەڵگەخواز indicatiue ی دیاردەکانی ژیانی "چنگ و کەڵبە خوێناوی " کە ئەوکات تێیدا دەژیان, بەسەر زبانانەوە بوو. هەڵبەتە لێرەدا ئاماژە نییە بۆ ئەو

www.pertwk.com

دوای ساتێك گوتی:

-"داوای لێبوردنت لێدەکەم. نەخێر, ئەوە سانا نەبوو, ئێستاش, وابزانم دەتوانی دەرچی. هەرچی گەرەکتبوو لەمن دەستتکەوت. بەڵام پێشئەوەی بڕۆی ئەمەت پێبڵێم: چ شتێك سوودت نادا ئەگەر هەرچی من گوتوومە دووپاتیبکەیتەوە. چونکە نکوڵیی لێدەکەم.لێرەدا هیچ شایەتم لەسەرنییە. هەر پیتێکی لەوەی گوتوومە نکوڵیی لێدەکەم. خۆ ئەگەر بۆئەوە ناچارکرام لەسەرسەکۆی شایەتیدان سوێند بەکتێبی پیرۆز دەخۆم"

پاش دانیشتنم لەگەڵ سمیڤدا, چووم بۆ نووسینگەی باوکم لە بینایەی کیمیا "لەوێ چاوم بە ئێرنست کەوت. ئەوە هەرهیچ چاوەڕواننەدەکرا. بەڵام بەدوو چاوە نەترساکەکانی و بەدەستە تەوقەکەرە نەگۆڕەکەو, بەوئاوێتە سەیرەی لەپەتپساندن و بڕوابەخۆکردن پێشوازیی لێکردم. خۆی وا نواند وەك بڵێی دواکۆبوونەوەی توندوتیژمان لەبیرچۆتەوە, بەڵام من لەبارێکی دەروونیی وادانەبووم کە یاریدەی لەبیرچوونەوەم بدات."

بەکورتی گوتم:

-"لە کێشەکەی جاکسنم دەکۆڵییەوە:

هەموو لەشی هوشیاری و بایەخدانبوو, چاوەڕوانیکردم هەتاکو تەواویکەم هەرچەندە دەمتوانی لەچاوەکانیدا نیشانەی دڵنیایی و بێگومانی بەدیکەم کە بیروباوەڕم لەقیوە.

دانم پیانا و گوتم:



جنێوەی کە سمیث دای, بەڵام بۆ فرمانی "تەقییەوە"یە کە ئێرنست ئێڤەرد هارد سازیکرد.

-"دیارە مامەڵەیەکی خراپی لەگەڵدا کراوە من.. من لەوبڕوایەدام کە هەندێ لە خوێنەکەی لە قەڵشی بنمیچە دارینەکانمانەوە دەتکێ."

وەڵامیدایەوە:

-"بێگومان. ئەگەر جاکسن و هەموو هاوڕێیانی مامەڵەیەکی بەڕەحمانە بکرابان قازانجی پشکەکان بەمجۆرە زۆرو زەبەندە نەدەبوو."

منیش گوتم:

-"لەمڕۆوە لەتوانامدا نابێ چ خۆشییەك لە لەبەرکردنی کراسی جواندا ببینم."

هەستم کرد من سووك و رسوام, دڵم هەلاهەلا بووە, هەستم بەخۆشییەکی زۆر بەچێژکرد کە ئێرنست "پیر- کاهن-ێکی پێدرکاندنە" ئەوحەلە هێزەکەییم بەدڵبوو, وەك لەوکاتەوە هەتاهەتا بەدڵمبوو. واخۆی نواند وەك بڵێی بەڵێنی ئاسایش و پاراستنی لێدەدرەوشێتەوە.

بەشتێك لەخەمۆکییەوە گوتی:

-"نەخێر. لەتواناتا نابێ پۆشاکی زبر لەبەربکەیت. وەك ئاگاداری کارگەی گونییە هەیە. هەمان شت هەموو رۆژێ لەوێدا دەبێ. ئەو لەهەموو شوێنێك دەبێ, وەك خۆت دەزانی ژیاریمان کە شانازی پێوە دەکەین لەسەرخوێن بنیاتنراوە, لەخوێن هەڵکێشراوەو, نەلەتوانای تۆو نەلەتوانای هیچکەسماندا هەیە کە لەو لەکە ئاڵە رابکات. بەڵام ئەوپیاوانە کێن کە قسەت لەگەڵدا کردن."

هەمووشتێکم بۆ باسکرد

گوتی:

-"کەسیان ئازادیی هەڵسوکەوتیان نەبوو, هەموویان بەوئامێرە پیشەسازییەوە بەسترابوونەوە کە رەحمناکات و, رەگەزی بەڵا لەمەسەلەکەدا

www.pertwk.com

ئەوەیە کە ئەوان بەناوجەرگیانەوە بەوئامێرە بەستراونەتەوە. جگەرگۆشەیان,بوونەوەری ناسك کە بە غەریزە ئارەزووی پاراستنیان هەیە. ئەم غەریزەیە لەهەر رەوشتکارییەکی هەیانە بەهێزترە. باوکم! درۆیکرد, دزیکرد, هەموو شتێکی بێشەرمانەی کرد تا پاروو بخاتە دەمی منو دەمی خوشكو براکانم. کۆیلەیەکی ناسکی ئامێری پیشەسازیبوو, ژیانیت فەوتاندو ناچارتکرد هەتاکو مردن کاربکات."

قسەم پێبڕی:

–"بەڵام تۆ... تۆ بێگومان ئازادیی هەڵسوکەوتت هەیە."

وەڵامیدایەوە:

–"بەشێوەیەکیتەواونا. من بەشادەماری دڵمەوە نەبەستراومەتەوەو, زۆرجار زبانم بەسوپاس دەگەڕێ, چونکە من منداڵم نییە. من منداڵم زۆر خۆشدەوێ. لەگەڵ ئەوەش بۆم نەلواوە کە ژن بێنم, ناوێرم تاکە منداڵێکم ببێ."

هاوارمکرد:

–" ئەمە بێگومان رێبازێکی خراپە."

بەدەنگێکی غەمگینەوە گوتی:

–" من دەزانم ئەوە وایە. بەڵام رێبازێکی گونجاوە. من پیاوێکی شۆرشگێڕمو, پیشەیەکی مەترسیدارە."

پێکەنینێکی وا پێکەنیم بڕوای پێنەکرێ

–" ئەگەر لەنیوەشەودا, خۆم بەماڵی باوکتا بکەم, تاکو قازانجی پشکەکانی لە کارگەکانی سییرادا بدزم, لەو بڕوایەدای چ دەکات؟"

وەڵاممدایەوە:

–" ئەو کەدەنوێ لەسەر مێزی قەرەوێڵەکەی دەمانچەیێ دادەنێ.



بەزوریی مەزەندە ئەگەر خۆت بەماڵەکەیا بکەیت گوللەیەکت پێوە دەنێ."

–" ئەگەر منو چەندکەسێکی تر ملیۆنو نیوێك پیاومان[36] بەرەو ماڵی هەموو دەوڵەمەندەکان برد, ئەو حەلە رێژنەی گوللە بەسەرماندا دەبارێ. وانییە؟"

بە پەڵپ پێگرتنەوە گوتم:

–" بەڵێ. بەڵام تۆ ئێستا شتێکی لەوبابەتە ناکەیت."

–"ئەوەیە کە من کتومت دەیکەم ئێمە سوورین کە دەستی بەسەردا بگرین, نەك تەنیا بەسەر ئەو سامانەی لەماڵەکاندایە بەڵکو هەموو داهاتی ئەوسامانە. لەسەرهەموو کانەکانو خەتی شەمەندەفەرو, کارگەو, بانكو, شوێنە بازرگانییەکان. ئەوەیە شۆڕشو, بەڕاستی سامناکە وامدێتە بەرچاو کە گوللە دادەبارێ زیاتر لەوەی کە خەو دەبینم, بەڵێ زیاتر لەوەی کە خەودەبینم. بەڵام هەروەکو دەمگوت. کەس لەلای ئێمە ئەمڕۆ ئازادیی هەڵسوکەوتی بەدەستنییە. ئێمە هەموومان کوشتەی چەرخی پیشەسازیو ددانەکانیانین. بۆم دەرکەوت تۆش کوشتەی ئەم چەرخەو ددانانەی. هەروەها ئەوپیاوانەی لەگەڵیانا دوای. قسە لەگەڵ پیاوی دیدا بکە. بڕۆ دیداری کۆلۆنێل ئەنگرام بکە. لەسەر نوێنەرە رۆژنامەنووسەکان بوەستە کە کێشەکەی جاکسنیان لەرۆژنامەو, ئەو سەرنووسەرانە دوورخستەوە کەوا سەرپەرشتی سیاسەتی رۆژنامەکان دەکەن, دەبینی هەموویان بەندەی ئامێرن."

---

(36) ئەمە ئاماژەیە بۆ کۆی ئەو دەنگانەی کە سۆشیالستەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1910دا وەدەسیان هێناو, بەرزبوونەوەی ئەو ژمارەیە بەڵگەی ئەوگەشەکردنە خێرایەیە کە پارتی شۆڕش بەخۆیەوە دیی. لەساڵی 1888دا هێزی هەڵبژاردنەکەی 2.068 بوو, لە ساڵی 1912دا 127.713بوو, لە 1904دا 435.040 بوو, لەساڵی 1908دا 1.108.427بوو لە 1912دا 1.688.211 بوو.

www.pertwk.com

پاش ماوەیەکی کەم پرسیارێکی بچووکی سانام لێکرد لەبابەت ئەو رووداوانەی تووشی کارگەران دەبن. لە وەلامدا سمینارێکم بەسەرژمێرەوە گوێلێبوو.

–"ئەوە هەمووی لەناو کتێباندا هەیە. ژمارەکانم کۆکردوونەتەوەو بەلگەی دابڕم بەدەستەوەیە کە رووداوەکان بە دەگمەن لە یەکەم سەعاتەکانی بەیانیانی کارکردندا دەقەومێن, بەلام بەزوویی لە سەعاتەکانی دیکەدا زیاد دەکەن دوای ئەوەی کرێکاران ماندوو دەبن و لە پرۆسەی ماسوولکەیی و عەقلییاندا زۆرتر خاو دەبنەوە. ئایا دەزانی ژیانی کرێکارو ئەندامی لەشی بەرەنگاری مەترسی دەبن سێجار زیاتر لە ژیانی باوکت و ئەندامی لەشی؟ بەلام ئەمەیە واقیعەکەو کۆمپانیای دابینکردن[37] ئەوە دەزانێ. ئەوان هەموو ساڵێ پانزە دۆلار لەسەر کرێکار پێویستدەکەن بەرامبەر چەکی دڵنیایکردن دژی رووداو بەنرخی هەزار دۆلار, لە کاتێکا بەرامبەر چەکی دابینکردنی خۆی لەسەر باوکت چ پێویستناکەن تەنیا ساڵی چوار دۆلارو بیست سەنت نەبێ. "

لێمپرسی:

–" ئەی تۆ چەندت لێدەستێنن."

(37) لەگەرمەی تێکۆشانی گورگانەی ترسناك کە ئەو سەردەمانە بە خۆیانەوە دیبوو پیاوێك نەبوو خاوەن سامان و پارەو پوولبێ و لەخۆی ئەمین و پارێزراوبێ. لەترسی ئەوەی بنەماڵەکانیان پاش ئەوان تووشی هەژاری بن. پیاوەکان نەخشەی دابینکردنیان داهێنا. ئەم هۆکارە بۆ ئێمەی لەم سەدە دانایەدا دەژین, خۆی وا دەنوێنێ کە بەشێوەیەکی کومیدییانە گەوجییەکی سەرەتاییە. بەلام لەورۆژانەدا دابینکردن تا رادەیەکی زۆر مەسەلەیەکی جیددییە. تیایا شتی خۆش ئەوەیە کە مووچەخۆرانی راسپێردراو بە پاراستنی پارەپوولی کۆمپانیای دابینکردن و رێکخستنیان زۆر جار خۆیان ئەو پارەو پوولانەیان بەتالان دەبردو تەفروتوونایان دەکرد.



هەرکە ئەم پرسیارەم لێکرد هەستم بەنیگەرانییەکی کەم نەکرد.

بێبایەخدان وەلامیدامەوە:

ئای... بەوسیفەتەی پیاوێکی شۆرشگێڕم, نزیکەی هەشت جار زیاتر لەکرێکار تووشی ئازارو کوشتنبووم.کۆمپانیاکانی دابینکردن پێویستییان بەو کیمیا سازە شارەزایانە هەیە کە لە تەقەمەنیدا ئیشدەکەن و بەدەستی خۆیان هەشت ئەوەندەی پێویستیان بە کرێکاران هەیە سەرەوبنیاندەکەن. بەهەرنرخێ بێ وا هەستناکەم, وابزانم ئەوان حەز بەدابینکردنی ژیانی من ناکەن. بۆچی ئەم پرسیارەت لێکردم؟"

دڵم خورپەیکردو هەستم بە قوڵپی خوێن کرد لە روومەتمدا. لەبەرئەوە نەبوو کە ئەومنی گرت نیگەرانیم تێدا دیاربوو, بەلام لەبەرئەوەبوو کە من لەبەردەمیا لەسەرئەوحاڵە دانم بەخۆمداگرت.

لەوساتەدا باوکم هاتە ژوورەوە و دەستیکرد بە خۆکۆکردنەوە لەگەڵما دەرچێ. ئێرنست چەند کتێبێکی هێنابوو وە کە خواستبوونی, پێش ئێمە بۆی دەرچوو, بەلام هەر کە چەند هەنگاوێکی نا یەکسەر ئاوڕیدایەوەو گوتی:

ئای. بەم بۆنەیەوە کەوا تۆ ئاسایشی عەقڵیت تێکدەشکێنی و منیش ئاسایشی قەشەتێك دەشکێنم وا چاکە تۆ لەسەر خاتوو ویکسن و خاتوو بیرتونوایث بوەستی, وەك خۆت دەزانی, هەردووهاوسەرەکانیان خاوەنی سەرەکی پشکەکانن لە کارگەی سییراو. ئەو دوو خانمە, وەك هەموو مرۆڤ, بە ئامێرەوە بەستراونەتەوە, بەلام بەجۆرێك وایان لێدەکا کەلەسەر لوتکەکانیان دابنیشن.

www.pertwk.com

# چوارەم بەش

# کۆیلەکانی ئامێر

# کۆیلەکانی ئامێر

هەرچەندە بیرم لە قۆڵی جاکسن دەکردەوە زیاتر هەڵدەچووم رووبەڕووی واقیع بوومەوە بۆ یەکەم جار بۆم رەخسا کە ژیان بەدیکەم, خوێندن و رۆشنبیری و ژیانی زانکۆم واقیعی نەبوون. من تەنیا چەند تیۆرێك لە بابەت ژیان و کۆمەڵەوە فێربووم کە وادیاربوون لەسەر کاغەزی چاپکراو زۆر باشبوون, بەڵام ئێستا خودی ژیانم دی. قۆڵی جاکسن راستییەکبوو لە راستییەکانی ژیان. وشەی ئێرنست "راستی, ئادەمیزاد, ئەوراستییەی پووچەڵ ناکرێتەوە" لەویژدانما دەزرنگێتەوە.

بۆم دەرکەوت کە شتێکی ترسناکە, ناچێتە سەر, کە کۆمەڵمان هەمووی لەسەر خوێن بنیاتنرابێ. لەگەڵ ئەوەشدا, جاکسن لەئارادا بوو. من نەمتوانی خۆی لێدوور بکەمەوە, بیرم بۆلای دەگەڕایەوە, بەشێوەیەکی بەردەوام, هەر وەك چۆن دەرزی قیبلەنوما بۆ جەمسەر دەگەڕێتەوە. مامەڵەیەکی سامناك کرا, تۆڵەی خوێنە رژاوەکەی نەدرا بۆ ئەوەی لە توانای کۆمپانیادا هەبێ قازانجێکی گەورەتر بدا بەخاوەن پشکەکان. بەدەیان بنەماڵەی رەزامەندی بەختەوەرم دین کە ئەم قازانجانەیان وەرگرت, هەریەکە– هێندەی خۆی– سوودی لە خوێنی جاکسن بینی. خۆ ئەگەر بشێ تاکە پیاوێك ئەم جۆرە مامەڵەترسناکەی لەگەڵدا بکرێ و کۆمەڵ هەر لەسەر رێچکەی خۆی بڕوات و گوێنەداتە هیچ, ئایا ناشێ کۆمەڵێ پیاو هەمان ئەم مامەڵەیە بکرێن؟ ئەو ئافرەتانەی چیکاگۆم هاتنەوە بیر کە ئێرنست باسیکردن و هەفتەیەکی تەواو بۆ نەوەت سەنت ئیشدەکەن و ئەو مندالانەی کە ئاماژەی بۆ کردن, ئەوانەی وەکو کۆیلە لە کارگەکانی خوارووی لۆکەدا کاریاندەکرد, لە توانامدا هەبوو دەستە سپییە چرچە خوێن تێزاوەکانیان



www.pertwk.com

ببینم کە ئەو کاڵایەیان دروستدەکرد کە کراسەکەی منی لێدوورابوو. ئەو حەلە بیرم لەکارگەی سییراو لەو قازانجانە کردەوە کە دران, چاوم بە خوێنی جاکسن کەوت لەسەرکراسەکەی خۆم. نەخێر لەتوانامدا نەبوو لە جاکسن راکەم. سەرنجەکانم بەردەوام بۆلای ئەویان دەگێڕامەوە.

لەوێدا لە ناخی دەروونما هەستێکم بەسەردا زاڵبوو, بەوەی کە من لە رۆخ کەندێکی داتەپیودا وەستاوم.

بۆم دەرکەوت, وەك بڵێی من خەریکە وێنەیەکی نوێی ترسناکی ژیان ببینم. من بەتەنیا نەبووم کە دووچاری ئەم قەیرانە دەروونییە ببووم. سەرتاپای ژیانم سەرەوبندەبوو. باوکم هەبوو, توانیم ئەو شوێنەوارە بەدیبکەم کە ئێرنست لە دەروونیا بەجێهێشت, هەروەها قەشەش هەبوو, کە دواجار بینیم, بەپیاوێکی نەخۆشم هاتە بەرچاو. دووچاری دەمار کرژییەکی بالاببو. لە چاوەکانیدا ترسێکی وا هەبوو نایەتە وەسفکردن. لەو هەواڵە کەمەی بەمن گەیشت, زانیم ئێرنست هەر لەسەر بەلێنی خۆیەتی کەبەچاو دۆزەخی پێنیشانبدا. بەلام چ دیمەنێکی دۆزەخ چاوی قەشە دەیبینێ, ئەوەم نەزانی. لەبەرئەوە دیاربوو حەپەسابوو تارادەیێ وای لێکردبوو و زبانی خۆی بگرێ و لێی نەدوێ.

جارێکیان, ئەو هەستە واتینی بۆ هێنابووم تەنانەت جیهانی بچووك و هەموو جیهان سەرەو ژێر ببوون.

بیرم لە ئێرنست کردەوە بەوسیفەتەی ئەو هۆی هەموو ئەوەبوو. هەروەها لە نێوان خۆم و دەروونمدا گوتم:

"پێش ئەوەی بێ زۆر بەختەوەر بووین, زۆر دڵنیا بووین!" پاش تاوێ تێگەیشتم کە ئەو بیرۆکەیە ناپاکیکردنە لەراستی, ئێرنست لەبەرچاوم لەشێوەی پەیامبەری راستی دەرکەوت: بەنێوچەوانی رۆشن و, جوامێری فریشتەیەك لە

www.pertwk.com

فریشتەکانی خوا, لە پێناوی راستیو مافدا تێدەکۆشیٚو لە پێناوی فریاکەوتنی هەژارانو چەوساواندا خەبات دەکات, ئەوسا وێنەیەکی دیکەم هاتەبەرچاو: مەسیح! ئەویش لایەنگریی ریزی بێکەسو چەوساوانی کردو رووبەڕووی دەسەڵاتی پیری ئایینیو دوو رووەکان "فریسییەکان" بۆوەو, کۆتاییەکەیم لەسەر خاچ وەبیرهاتەوە چوار میخە کێشانیم هاتەوە بیر, کە بیرم لە ئێرنست کردەوە وەك دوا هەناسەی مەرگ دڵم گوشرا کە ئاخۆ ئەویش لەچارەی نووسراوە لە خاچ بدریٚ؟ ئەوێك بە بانگەشەکردنە رەشبگیرییەکەیو دەنگە جەنگییەکەیو هەرچی لەباردایە لە هێزی پیاوی زیرەكو ورەکەی, دەشیٚ چارەنووسی وابیٚ!!...

لەوساتەدا زانیم کەمن خۆشمدەویٚ. من زۆر ئارەزووی بەختەوەرکردنیم دەکردو, بیرم لەژیانی کردەوە. بێگومان ژیانێکی پڕ لەکزی, سەختیو کڵۆڵیبوو. بیرم لە باوکی کردەوە کە لەپێناویدا درۆیکردو دزیکرد, هەتاکو مردن ناچارکرا کاربکات. ئەویش خۆی ناچاربوو لە کارگەکانا کاربکات, کە هێشتا دەساڵانبوو! بۆمدەرکەوت وەك بڵێی هەموو دڵم بەتاسەی لەباوەشگرتنیو حەسانەوەیسەری لەسەر سینگم, ئەوسەرەی کە بێگومان ماندووی بیرو باوەڕوو خەمو خولیای زۆربووە, بەدرێژایی رۆژگارێکی درێژ چاوەڕوانی پێبەخشینی حەسانەوە– تەنیا حەسانەوە, ئارامی, دڵنەواییو بیرچوونەوە بوو.

لە ئاهەنگێکدا لە ئاهەنگەکانی کلێسا بە کۆلۆنیل ئەنگرام گەیشتم. لەراستیدا من زۆر چاکم دەناسی, چەند ساڵێك بوو چاکم دەناسی. لەپشت دارخورماو درەختی لاستیکی زل زلەوە بەتەڵەوەم کرد, هەرچەندە ئەو دەرکی بەوە نەکرد پێوەبووە, بەرووەخۆشو گەشەکەیەوە بەرەو رووم هات. هەمیشە پیاوێکی قسەزانی سەنگینبوو, بەڵام بەڕواڵەت, دیارترین کەسبوو لەناوکۆمەڵەکەماندا, سەرۆکی مەزنی زانکۆ خۆی لە پاڵ ئەودا بەبچووكو کەم خۆی دەنواند, لەگەڵ ئەوەشدا کۆلۆنیل ئەنگرامم دی بەوێنەی سپرینگی زنجیری بێسەوادان بەسترابۆوە. ئازادیی هەڵسوکەوتی نەبوو. خۆی سپرینگێك بوو بەچەرخی ئامێرەوە بەسترابۆوە, تاماوم ئەو تێکچوونەم لەبیرناچێتەوە کە بەسەریاهات وەختیٚ ئاماژەم بۆ کێشەکەی جاکسن کرد, وەك تارماییێك نەرمونۆڵییە بەخەندەکەی رەوییەوە. سەرنجێکی لەپڕی ترسناك رووەخۆشەکەی شێواند, هەستم وەك هەمان هەستی پڕ لەترسبوو کاتیٚ کەرقی جێمس سمیث تەقییەوە. بەڵام کۆلۆنیل ئەنگرام کفرونەفرەتی نەکرد, ئەمەشیان ئەو جیاوازییە کەمەبوو کە لەنێوان خۆیوکرێکاراندا هێشتبوویەوە.

بەوریاییو ژیریو بەئاگایی ناسرابوو. بەڵام ئێستا لەم بوارانەدا, پەکیکەوتبوو. بێئەوەی ئاگای لەخۆبیٚ چاوی لێرەو لەوێدا دەگێڕا بەئومێدی دۆزینەوە رێگەیێك کە خۆیم لێدەرباز بکات بەڵام کەوتبووە تەڵەی ناودار خورماو دارو درەختی لاستیکەوە.

ئای, گوێلێبوونی ناوی جاکسن نەخۆشیخست. بۆچی ئەم کێشەیەم وروژاند؟ ئەو نوکتە پێکردنەکەی منی پێخۆشنەبوو. ئەوە لەمنەوە بێزەوقیو بێهۆشیبوو. ئایا نەمدەزانی هەستو نەستی شەخسی, نەلەپیشەکەی پێشیدەخاتو, نەدواشیدەخات؟ کە بۆ نووسینگەکەی چوو, هەستونەستە شەخسیەکانی لەماڵەوە بەجێهێشتو, لە نووسینگەدا تەنیا هەستو نەستی پیشەکەی پێبوو.

لێمپرسی:

–"پێمبڵیٚ. ئایا ماف Riht چ پەیوەندییەکی بە یاساوە هەیە؟"

بەزەردەخەنەیەکەوە وەڵامیدایەوە.

–" لەیەکەم وشەدا پیتی بێدەنگی هەڵەت بەکارهێنا.

بەپرسیارەوە گوتم:

www.pertwk.com

–"مەبەستت ئەوەیە دەبوایە بڵێم Might "هێز"؟"

سەری لەقاند, واتە بەڵێ.

پێمگوت:

–"لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لەسەرمان بەهۆی یاساوە دادوەریمان دەستکەوێ."

لێمپرسی:



–"تۆ ئێستا بە مەنتیقی (لۆجیك) پیشە دەدوێی, وانییە؟"

خوێن لە رووی کۆلۆنێلدا گەڕا, بەهەموو مانیایەکەوە گەڕاو, جارێکی دی چاوی بەدەوروپشتی خۆیدا گێڕا, بە ئومێدی رێگەییێك بۆ دەربازبوون.

پێمگوت:

–"پێمبڵێ, کە پیاو واز لەهەستونەستی شەخسی دێنێ بۆ هەست ونەستی پیشەی, ئایا ناشێ ئەمکارە بەجۆرە شەق و پەقکردنێکی رۆحی لەقەڵەم بدرێ؟"

وەڵامێکم لێدەستنەکەوت, کۆڵۆنێل ئەنگرام بە شێوەیەکی ناسەربەرزانە رایکرد...

دوای ئەوە رۆژنامەکانم تاقیکردنەوە. بابەتێکی هێمنی, تەرازوو بەندی, بێلایەنم لەسەر کێشەکەی جاکسن نووسی. هیچ تۆمەتێکم نەخستە ئەستۆی ئەوکەسانەی قسەم لەگەڵا کردن, بەڵکو ناویشم نەهێنان. راستییەکانی رووداوەکانی مەسەلەکەم خستنە روو. ئەوساڵە دوورودرێژانەی کە جاکسن بەکاربردنی لەکارگەدا بەسەریبردن و, تەقەلادانی بۆ دەربازکردنی ئامێرەکە لە زیان پێگەیشتن و ئەو رووداوەی کە بەدوای ئەوەدا هات و, باری کلۆڵی و برسییەتی ئێستای. بەڵام هەرسێ رۆژنامە خۆماڵییە رۆژانەکان قایل نەبوون نامەکەم بڵاوبکەنەوە, هەروەها دوو گۆڤارە هەفتانەکەش نەیانکرد.

دەستم لەیەخەی پێرسی لاتیو گیرکرد. کە لەدەرچووانی زانکۆ بوو, رۆژنامەگەریی خوێندبوو. ئەوکاتە ماوەی راهێنانی وەك پەیامنێری بەهێزترین و دەسەڵات رۆیشتووترین ئەوسێ رۆژنامەیەی, بەسەردەبرد. کە لێمپرسی لەبەرچی رۆژنامەکان هیچ ئاماژەیان بۆ جاکسن, یا بۆ کێشەکەی نەکرد.

بەزەردەخەنەوە گوتی:

–"سیاسەتی دەستەی نووسینە. ئێمە هیچ پەیوەندیمان بەم کاروبارانەوە نییە, سەرنووسەر خۆی بڕیاری ئەوە دەدا!!.

لێمپرسی:

–"بەڵام پەیوەندیی ئەم کێشەیە بە سیاسەتی رۆژنامەکەوە چییە؟"

وەڵامیدایەوە:

–" ئێمە هەموومان لەگەڵ کۆمپانیاکاندا یەکڕیز دەوەستین, تەنانەت ئەگەر هەقی بڵاوکردنەوەش بدەی پێتناکرێ تاکە وشەیەك لەو رۆژنامانەدا دابەزێنی. خۆ ئەگەر یەکێ لە ئێمە تەقەلایدا بیخاتە ناو رۆژنامەیەك, ئیتر کارەکەی لەدەسدەچێ. بەڵکو تۆ لە تواناتایە ئەگەر وتارێکت بڵاوکەیتەوە دە هەندی هەقی بڵاوکردەوەش بدەیت."

–"ئەی سیاسەتی تۆ؟ وابزانم پیشەکەت گۆڕینی راستییە لەبەرخاتری گەورەکانت, کەئەوانیش بەدەوری خۆیان لەویستی کۆمپانیاکان دەرناچن."

–"من هەر هیچ پەیوەندیم بەوەوە نییە. تاوێك نارەحەتیی پێوە دیاربوو, پاشان کە ڕێگەیەکی خۆڵیدەربازبوونی بەدیکرد, رووی گەشایەوە." من خودی خۆم شتی وانانووسم کەلەگەڵ راستیدا نەگونجێ. بێگومان, من بەرلەهەرشتێ کە بیکەم لەویژدانمەوە پرسیار دەکەم. لەکاری رۆژانەدا شتی واهەیە پیاو بێزی

www.pertwk.com

لێدەکاتەوە, بەڵام ئەمانە گشتیان, وەك خۆت دەبینی, لەوەدەرناچن کە بەشێکبن لەکاری رۆژانەو جیاناکرێنەوە."

بەم شێوەیەو هەرزەکارانە کۆتایی بەقسەکەی هێنا.

"لەگەڵ ئەوەشدا تۆ بەتامی ئەوەی رۆژێ لەرۆژان لە سەرکورسیی سەرنووسەر دانیشیو سیاسەتی رۆژنامەکە ئاراستە بکەیت."

وەڵامەکەی ئەمەبوو:

–"هەتا ئەو کاتە دادێ, کانزام رەقو سەختدەبێ".

–"مادامەکی هێشتا کانزاکەت رەقو سەختنەبووە, پێمبڵێ لەم ساتەدا, رات چییە دەربارەی سیاسەتی گشتیی سەرنووسەران"



زوو وەڵامیدایەوە

–"رام نییە. پیاو ناتوانێ شەق لەپەت هەڵدا ئەگەر بیەوێ لە رۆژنامەدا سەرکەوێ. بەهەرحاڵ, ئەمە ئەو چەردەیەیە کە رۆژگار فێریکردم."

بەوێنەی سەربادانی پیاوێکی ژیرو دانا, سەرە نەرمونۆڵەکەی بادا.

سووربووم:

–"ئەی هەق؟"

–تۆ لە یارییەکە ناگەیت. گومانی تیانییە ئەوە هەمووی هەقە, چونکە کۆتایی بە ئەنجامێکی باش دێ, وای تێناگەی؟"

مینگە مینگم لێوەهات.

–"قسەیەکی تەماوییە بەشێوەیەکی شاد".

بەڵام دڵم بەم گەنجە دەسووتا کە بەداخەوە ئاوایەو, هەستمکرد یادەبێ بقیژێنم, یاخود دەستبکەم بەگریان.

وای لێهات چاوم بۆ پشت رواڵەتەکانی ئەو کۆمەڵەی هەمیشە تیایا ژیام گوزرەی دەکردو, ئەو راستییە ترسناکانەی دەردەخست کە لەژێریاندا شاردرابوونەوە. وادیاربوو وەك بڵێی پیلانێکی نهێنی دژی جاکسن تەنرابوو. هەستم بەتەزووی بەزەیی کرد بەرامبەر بەپارێزەری نووزاوە, کە بەرگرییەکی ناشەریڤانەی لە کێشەکە کرد. بەڵام ئەم پیلانە نهێنییە تا دەهات گەورەترو فراوانتر دەبوو. هەر بەتەنیا دژی جاکسن سازنەکرابوو, دژی هەر کرێکارێ بوو کە کارگە شێوەی شێواندبوو, یاخود ئەندامێکی لەشی هەلاهەلاکردبوو. ئەگەر ئاراستەی هەرکەسێ کرابێ لە کارگە بۆچی ئاراستەی هەرکەسێ نابێ لەهەموو کارگەکانی تردا؟ ئایا ئەمە بەسەر هەموو پیشەسازییەکاندا ناگونجێنرێ؟

ئەگەر ئەوە ئاوابێ کەواتە دەبێ کۆمەڵ درۆو دەلەسە بێ. لیەم دەرئەنجامە



سڵەمییەوە بەجۆرێ پیس و دژوار بوو, کە ئادەمیزاد گومان لەروودانی دەکات. بەڵام جاکسن لەئارادابوو... قۆڵی جاکسن, ئەو خوێنەی لە کراسەکەم ئاڵابوو, کە دڵۆپەکانی لە قەڵشتەکانی بنمیچیماڵەکە مانەوە دادەڕژان, زۆر کەسی وەك جاکسن هەبوون, بەسەدان لەوانە تەنیا لەکارگەی سییرا بوون, هەروەها جاکسن خۆی گوتی, نەخێر, نەمتوانی جاکسنم لەبیربچێ یاخود لەبیرخۆمی بەرمەوە.

لەگەڵ مستەر ویکسن و مستەر بیرتوایتدا, ئەو دووپیاوەی پشکی زۆریان لە کارگەی سییرادا هەیە, دانیشتم. بەڵام نەمتوانی ویژدانیان بهەژێنم, وەك چۆن ویژدانی ئەو میکانیکییانەم هەژاند کە لەخزمەت ئەوانەدا ئیشدەکەن. لە رەوشتکارییەکەیاندا بۆم دەرکەوت, کەوا لە ژوور رەوشتکاریی خەڵکی دیکەی کۆمەڵەوەیە, کە دەاتوانم ناوی بنێم رەوشتکاریی ئۆرستۆکراتی, یاخود

www.pertwk.com

ڕەوشـتکاریی سـەرەوەرەکانیان.[38] بەرادەیـەکی فـراوان لـە سیاسـەت دەدوان. سیاسـەتو مافیـان بەیـەك شـت لەقەڵەمـدەدا. بەشـێوەیەکی باوکانـە لەگـەڵ منـدا دوان. بەزەییان بەنەوجەوانیو کەمئەزموونیمدا دەهاتەوە. لە ڕاستیدا من ئومێدم بڕی کە بەهەڵەی هەڵوێستیان قەناعەتیان پێبێنم، وەك چۆن نەمبڕی لەو کەسانەی پەوەینـەدیم پێـوە کـردن بـۆ پێزانینـی کێـشەکە. بڕوایـەکی تـەواویان هـەبوو کـە ڕەفتارەکەیان ڕاستو دروستبوو. هـیچ بوارێکیـان لانـەبوو بـۆ گومـانکردن لـەوەدا یـاخود بـۆ لێکۆڵینـەوەی. لـەو قەناعەتـەدا بـوون کـە ڕزگارکـەری کۆمـەڵنو، هـەردووکیان بوون کە بەختـەوەریان دەخستە دڵو دەروونـی زۆر کەسەوە. چەند وێنەیـەکی کارتێکـەری ئـەوئێشو ئەشـکەنجەیان کێـشا کـە دەبوایـە کرێکـاران دووچاری ببان، ئەگـەر دەرفـەتی کارنەبوایـە کـە هـەردووکیان، تـەنیا هـەردووکیان بەحیکمەتو دووربینیان بۆیان دەرەخسێنن.

پـاش پەیوەنـدیکردنم بـەم دووپیـاوەوە کـە خـاوەنی زۆربـەی دەسـەڵاتبوون، بـە ئێرنـــست گەیـــشتمو ئەنجامـــەکانی پێزانینەکـــەم پێگـــوت، ســـەیریکردمو پێخۆشحاڵبوون لە ڕوخساریدا دیار بوو گوتی:

–بەڕاستی ئەمە نایابە وابۆخۆت لەڕاستی دەگەڕێیت. ئەوە بەگشتیکردنێکی ئەزموونگەرییە کە بە تەقەلای تایبەتی خۆت پێی گەیشتی، خۆی ڕاستیشە، لەناو ئیـشکەرانی دونیـای ئـامێری پیـشەسازیدا پیـاوێکی هەڵسوکـەوت ئـازاد نییـە،

(38) پێش ئەوەی ئێڤیس ئێڤەر هارد لـەدایکبێ، جۆن ستیورات مل وتارێکی نووسی ناوینا "لە ئازادیدا" لەو وتارەدا ئەمە هاتبوو: "چینێکی دەسەڵاتدار گەشە دەکا،دەبینین بەشـێکی زۆری ڕەوشـتی لەبەرژەوەندییـە چـینایەتییەکانیو هەسـتی چـینایەتیی بەخۆزلزانینو جیاوك هەڵدەقوڵێ".

ئەگەر لەم شێوازە ئێرلەندییە لێم ببوری[39]. بەم شێوەیە دەبینـی کـە سـەروەرەکان دڵنیـان لـەوەی دەیکـەنو بەراستیـشی دەزانـن. ئەوەشـە بەگـشتی لوتکـەی هـیچو پووچی لە هەڵوێستدا. ئەوان بەستراون بە سروشتی ئادەمیانەوەو تارادەیێ وایـان لێدەکات کـە نـاتوانن شـتێ بکـەن ئەگـەر بێتـو لەوبڕوایەدانـەبن دادوەرانەیـە. ئـەوان هەمیشە پێویستییان بە فەتواییێ هەیـە پشتگیری کارەکانیـان دەکاتو نیشانەی قایلبوونی پێدەبەخشێ."

ئـەوان کـە دەیانـەوێ لـە ئاسـتی ئیشوکـاری بازرگـانیو پیـشەسازیدا شـتێ بکەن، هەڵبەتە ناچارن چاوەڕوانبن کە لەسەرخۆ بەرێگەیەکی وا بۆچوونی ئایینی، یا ڕەوشتکاری، یا زانستی، یاخود فەلسەفی لە مێشکیاندا پەیدا بێ. بیانخاتـە سەر ئەوهەستەی کە ئەوشتە دادوەرانەیە، ئنجا دێنەپێش بۆ کردنی، ئاگایان لەوە نییە کە خاڵە لاوازەکانی ئەقڵی مرۆڤ ئەوەیە کە ئارەزوو بیرۆکە دەخوڵقێنێ. جا هەر جۆرە کارێکبێ ئارەزوویان لێبێ بیکەن فەتوا هەمیشە فریایاندەکەوێ. ئـەوان سەفسەفائیی رووکەشـن. ئـەوان جزوێتـی ساختەچین. هـەر ئەمـەش بەتـەنیا نـا، بەڵکو ئەوان وا دەزانن کە دادوەری لە چۆنیەتیی زوڵمباراندا هەڵدەقوڵێ، هـەروەها لـەو ئەفسانە خۆشـە باوانـەی کـە دروسـتیانکردوون، لەبـەر ئەوەیـە کـە ئـەوان حیکمەتو کاریگەرییان لە توخمی مرۆڤ بەرزترە. ئالێرەدا فەتواکەیان هەڵدەقوڵێ کـە مـافی سەرپەرشـتیکردنی نـانو ڕۆنـی خـەڵکی تـری تـوخمی مرۆڤیـان

(39) ناکۆکییە وشەکانو، پێیان دەگوتن Bulls (هەڵە پێکەنیناوییەکان) لای ئێرلەندییە کۆنەکان، بێتواناییەکی پەسەندو خۆشەویستبوو.

www.pertwk.com

پێدەسپێردرێ. بەڵکو لەوەش زیاتر پێیان لێهەڵبڕی لە نەبوونەوە تیۆری مافی خواوەندیی پاشایانیان ژیاندەوە- ئاخۆ ئەوان پاشای بازرگانی نین(□□)؟

"رەگەزی لاوازی لە هەڵوێستیان لەوەدایە کە ئەوان تەنیا خاوەن کارن, ئەوان فەیلەسووفنین. ئەوان نەبایۆلۆجین‌و نەزانای کۆمەڵایەتین. ئەگەر وابان هەمووشتێ باشدەبوو. ئەوخاوەن کارەی لەتەك ئەو سیفەتەدا, سیفەتی زانای بایۆلۆجی‌و زانای کۆمەڵایەتیی تێدایە, شیاوی ئەوەیە نزیکی ئەوە بێتەوە- ئەوشتە بزانێ- ئەوشتەی شیاوی ئەوەیە بیکات و لەبەرژەوەندیی مرۆڤایەتیدابێ. بەڵام ئەو پیاوانە خۆیان, لەدەرەوەی ئیش‌و کاری بازرگانیدا, گەوج‌و بێهۆشن. ئەوان تەنیا کاری بازرگانی دەزانن.

ئەوان نە توخمی ئادەمیزاد دەناسن‌و نە کۆمەڵ. لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان بەقازی دادەنێن‌و چارەنووسی ملیۆنان برسی‌و هەموو ملیۆنانی دیکەی مرۆڤ کە کۆمەڵ پشتی تێکردوون دەخەنە ژێر رکێفی خۆیان. دەبێ مێژوو رۆژێ لە رۆژان, لەسەر حیسابی وان لەقاقای پێکەنینێکی جەرگبڕانە بدات"

هیچ سەرم نەسوڕما کە قسەم لەگەڵ خاتوو دیکسۆن‌و خاتوو بیرتونوایش کرد, کە دووخانمی ناوخانمەکانی کۆمەڵبوون(□□) ماڵەکانیان کۆشکبوون.

(40) ئەو رۆژنامانەی ساڵی 1902 دەردەچوون, لەوسەردەمەدا جاڕدانی ئەم سەرەتایەیان بۆ سەرۆکی "ترۆستی خەڵووزی ئەنتراسایت جورج ف بایەر گەڕاندەوە کە بنەمای ئەوەی راگەیاند:"ماف‌و بەرژەوەندییەکانی‌کرێکار پیاوە مەسیحییەکان دەیانپارێزن. ئەوانەی کە خوا لە حیکمەتی بێپایانی خۆی سامانی وڵات‌و مافی موڵکداریی پێبەخشیون.

(41) لێرەدا وشەی کۆمەڵ بەمانایەکی تایبەتی دیاریکراو بەکارهاتووە, ئەویش گوزارشتێکی باوی گوزارشتەکانی ئەوسەردەمانەیە کە ئافرەتە تەمەڵە زێڕ بەخۆوە کەرەکان بایەخیان پێدەدا, ئەوانەی کە هیچ کاریان نەدەکرد بێجگە لەورگ پڕکردن لە

خانووبەرەیەکی زۆریان لەم لاو لەولای وڵاتدا هەبوو. لەچیاکان‌و, لەدەم دەریاچەکان‌و, سەرکەنارەکانی دەریا. سوپایەك لەخزمەتکار شەونخوونی هێمنی‌و حەسانەوەیان دەکرد. چالاکیی کۆمەڵایەتییان جێی سەرسوڕمانبوو. چاودێرییان زانکۆو کلێساکانی گرتەوە. بەتایبەتی قەشەکان لەبەرپێیاندا بە ملکەچیی سەرشۆڕانە چۆکیان دادەدا(□□). ئەم دووئافرەتە, بەهۆی ئەوپارەو پوولەی هەیانبوو بەهێزو بەسامبوون. هێزی چاودێریی هزرو پشتیوانی لێکردنی بەبەخشین‌و پێدان تارادەیەکی زۆر لە بەردەستی خۆیاندا بوو, هەروەکو پاش کەمێك لەو وانانەی ئێرنست دایمێ زانیم.

لاسایی مێردەکانیان کردەوەو لەسەرهەمان مەودای فراوان لە سیاسەت‌و لەئەرکی دەوڵەمەندان‌و بەرپرسیارییەکانیان دوان. هەمان رەوشتکاری کەبەسەر هاوسەرەکانیاندا زاڵبوو بەسەر ئەوانیشدا زاڵبوو, رەوشتکاریی ئەو چینەی سەربەئەون. قسەی ئەوەندە ژیرو وەستایانەیان دەکرد کە گوێچکەکانیانی خۆیان لە ماناکانیان نەدەگەیشتن.

کاتێ کە ئەوحاڵە غەمناکەم بۆ باسکردن کە بنەماڵەی جاکسن تووشبوون, زۆر تووڕەبوون, سەیرم پێهات کە دەستی یارمەتیدانی ئارەزوومەندییان بۆ ئەو پیاوە درێژ نەکردووە. پێمگوتن ئەوان سوپاسی هیچکەسێ ناکەن کە سەرنجیان بۆ ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیان راکێشێ. کە بەئاشکرا داوام لێکردن فریای جاکسن

کووپەی هەنگوین کە کارگەران لە دەرهێنانیدا ماندوو دەبن, هیچ کارێکیان نەدەکرد. نەپیاوانی خاوەن کارو- نە کارگەران ئەوەندە کات‌و دەرفەتەیان دەبێ کە لەدەرگای "کۆمەڵ"دا بچنە ژوورەوە "کۆمەڵ" ئەو دەوڵەمەندە بێکارانە بوون کە نەیاندەزانی رەنجدەران چییەو ژیانی خۆیان بەرابواردن‌و بەرەڵڵایی‌و بێهوودەیی بەسەر دەبرد.

(42) "پارەو پوولە لەبێئابڕوویی وورچووەکانتان بێنن" ئوز سۆزە بوو کە کلێسا لەوسەردەمەدا بەراشکاوی دەربڕی.

www.pertwk.com

کـەون, بەهـەمان راشـکاوی داواکـەمیان رەتکـردەوە. شـتی سەرسـوڕهێنەر لـە مەسـەلەکەدا ئەوەیـە ئـەوان ئـەوەیان بەقـسە رەتکـردەوە کـە نزیکـە هاوتـابێ, هەرچەندە من هەر ئافرەتم بەتەنیا چاوپێکەوت هەرچەندە کەسیان نەیزانی کەمن دیومە, یاخود ویستوومە ئەویدی ببینم, وەڵامی هاوبەشیان ئەوەبوو هەردووکیان بەختەوەرن کە دەرفەتیان بۆ دەرەخسێ بۆ دەقێکی روونی وا کە سەرلێتێکدانی تێدانەبێ, کە هەردووکیان رۆژێ لە رۆژان پاداشتیان نەداوە بەکەمتەرخەمان لەبەر بێتە [illegible] هەژاران هەڵنافڕوێنن کە بەدەستی ئەنقەست و بەخت‌وخۆڕایی بەه[illegible] [illegible]وشی ئازار بکەن[43].

ئـەم دوو ئافرەتـە, هـەردووکیان راسـتگۆ بـوون. مەسـتبوون بـە بـالآبوونی چـینەکەیان‌و بـالآبوونی خۆیـان. بـەپێی رەوشـتکاریی چـینایەتیەکەیان, بـۆ هـەرکارێکی دەیـانکرد فەتوایـەکی پاسـاو دراویـان بەدەسـتەوە بـوو. کـاتێ کـە گالیسکەکە لەماڵـە زلەکـەی خـاتوو بیربـونوایـث دووریخستمەوە ئـاوڕم لێدایـەوەو قسەکەی ئێرنـستم هاتـەوە بـیر ئـەودوو خانمـە بـە ئـامێر بەسـتراونەتەوە, بـەڵام بەجۆرێ وایان [illegible] لەسەر لوتکەکەی دانیشن.

# پێنجەم بەش

# فیلۆماتییەکان

---

(43) لــە کۆمەڵــەکانی گۆڤــاری "ســەرەتاتکی"دا Outlaak لــە هەفتەنامەیــەکی رەخنەسازییە, لە ژمارەی رۆژی 18ی ئابی 1906دا, هەواڵێکی لە بابەت کرێکارێ تێدا بڵاوکراوەتـەوە کـە قـۆڵی پـەڕیوە. درێـژەی بەسـەرهاتی ئـەم کرێکـارە بەتـەواوەتی لـە کێشەکەی جاکسن دەکات وەك ئێڤس ئێڤەر هارد گێڕایەوە.

# فیلوماثییەکان

ئێرنست جاروبار هاتوچۆی ماڵمانی دەکرد. تەنیا هەربۆ دانیشتننەبوو لەگەڵ باوکما، نەبۆ ئەو کۆڕە پڕ لەدەمەقاڵێ‌و سیمینارکردنەش، ئەوەی وای لێکردبوو لامان میوانبێ، تەنانەت لەو ماوەیەدا لەبەینی خۆم و بەینی دەروونمدا لافی ئەوەم لێدەدا، من دەورێکی ئازایانەم نواند کەوام لێکرد زوو زوو سەرمان لێبدات. هەرزوو رۆژگار راستگۆیی پێشبینییەکەمی بۆ دەرخستم، بەوەی کە مێژووی خۆشەویستی هەرگیز دڵدارێکی وەك ئەرست ئێڤەر هاردی بەخۆیەوە نەدیوە. ئەگەر بکرایە سەرنج‌و دەستگوشینی بەهێزترو پتەو تردەبوون. ئەو پرسیارەی هەر لەسەرەتاوە لە چاوەکانیدا سەری هەڵدا رۆژبەرۆژ سوورترو گیرتریدەکرد.

یەکەم جار کە دیتم، رام بەرامبەری، باشنەبوو. پاشان خۆم بینی سەرنجی راکێشاوم. دوای ئەوە هەستمکرد سڵی لێدەکەم، کە بەوجۆرە دڕییەو بەوشێوەیە پەلاماریدام‌و، پەلاماری چینە کۆمەڵایەتییەکەشی دام پاشان هاتمە سەرئەوە کە ئەو بەخۆڕایی تانە لە چینەکەم ناداو، ئەوشتە تاڵاوو دژوارانەی باسکردن بەڵگەی خۆیان هەیە. ئینجا خۆم دی جارێکی تر سەرنجی راکێشاوم. بووە پەیامبەرم. بەلای منەوە رووپۆشی دووڕوویی لە رووی کۆمەڵدا هەڵماڵی‌و، چاومی لەسەر چەند چاوخشانێك لەمەڕ راستی کردەوە کە تفت‌و تاڵبوو بەقەد ئەوەی کە راستبوو بەشێوەیێ کە نکوولی لێناکرێ.

مێژووی خۆشەویستی، وەك گوتم، قەت دڵدارێکی وەك ئەوی نەناسیوە، لەراستیدا کچێ نییە بتوانێ لەشارێکی زانکۆییدا بژی تادەگاتە بیست‌و چوار ساڵان بێئەوەی هەندێ ئەزموونی دڵداری بۆ سازبووبێ. لاوی بەوەج لە قوتابییانی ساڵی دووەمی زانکۆو پرۆفیسۆرانی زانکۆ کە داوی سەریان سپی بووبوو، وەرزشەوان‌و زەبەلاحانی یاریکەری فتبۆڵ هەڵیانفریواندم‌و لە خشتەیان بردم، بەڵام هیچ کامێك لەوانە هەڵیاننەفریواندم وەك ئەوەی ئێرنست کردی. دەستی کردە ملم‌و لێوی بە لێومەوەنا، بەرلەوەی بتوانم ناڕەزای دەربڕم یا بەرگریبکەم. سەربەرزیی ئاسایی پاکیزە بەرامبەر گەرموگوڕی‌و جیددییەتی شتێکی کۆمیدیبوو. بە هەڵمەتە نایابە نەبەزەکەی سۆزو هەستی بردم. خۆی بۆ ئەوە نەچوو، دەستی لەملکردم‌و ماچیکردم. وای دانا کە ئەرکی سەرشانمە وەك کارێکی لەکارترازاو ببین بە هاوسەری یەکتر. ئەم مەسەلەیە بەلایەوە، ئەوەی هەڵنەدەگرت کەوتووێژ، یان لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێ. تاکە لێکۆڵینەوە کە دەربارەی ئەوە سەری هەڵدا دوایی سەری هەڵدا– دەربارەی کاتی شووکردنەکە بوو. ئەوەشتێك بوو، وێنەی نەبوو، کارێکبوو لەخەیاڵ نزیکتر بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هاوسەریمان، ئەگەر بە سەنگی مەحەکی ئێرنست لەمەڕ راستی حوکمی لەسەربدەین– سەرکەوتوو بوو. ژیانی خۆم پێبەخشی. ئەمەش بڕیارێکی بەختەوارانە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لەیەکەم رۆژانی خۆشەویستیمانەوە ترسی دوارۆژم لێنیشت کە بیرم لە چاوبڕکێ کردەوە لەگەڵیا. سەرەڕای ئەمە ئەم ترس‌و لەرزانە پووچبوون، بۆ هیچ ئافرەتێك نەلواوە کە بەهاوسەرێك لەوناسکترو بەسۆزتر شادبێ. ئەم ناسکی‌و ئەو توندە تیژییە لەلای، ئاوێتەیەکی سەیری هاوجۆری ئەو ئاوێتە رەفتارە بوو کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردووە کە لەتوندو تیژی‌و

www.pertwk.com

کۆکی پێکهاتبوو. ئەی لەو توندو تیژیە سووکەڵەیە! قەت نەیتوانی بەسەریا زاڵبێ.

خۆی شیرینبوو دەکەوتە بەردڵان. بەڕاستی ڕەفتاری لە هۆڵی میوانانی ماڵەوەمان گامێشێکی وریایی خستەوە بیرم لەیەکێ لە دووکانەکانی گیزەو گۆزەدا.[44]

هەرلەم ماوەیەدا دوا سێبەری گومانم لە خۆشەویستیی تەواوم بۆی نەما (بەزۆری گومانێکی ناهۆشمەندانە) بوو. ئەمەشیان لەشەوێکی نایابدا بوو کە گۆبەندەکە لەیانەی فیلوماثیە کاندا ڕوویدا، کاتێ ڕووبەڕووی سەروەرەکان بۆوە لە بێشەی خۆیاندا.

ئەم یانەی فیلوماثییەکان بە جیاوکترین یانە بوو لەکەناری دەریا لووشی هێمندا خاتوو برینتورد دروستیکردبوو، کە خۆی قەیرەکچێکی دەوڵەمەندبوو. ئەم یانەیە هاوسەرو بنەماڵەو بووکە شووشەکەیبوو. ئەندامەکانی دەوڵەمەندترین کەسانی کۆمەڵبوون‌و بەهێزترین عەقڵمەندی دەوڵەمەند بوون. هەڵبەتە جگە لە ژمارەکی دیاریکراو لە زانایان بۆ پێدانی داڕشتەیەکی هزری بە دەزگاکە.

یانەی فیلوماثییەکان بارەگای نەبوو. ئەو لەوجۆرەیانە نەبوو، ئەندامەکانی هەموو مانگێ لەماڵێ‌یەکێکیان کۆدەبوونەوە بۆ گوێگرتن لە سیمیناری. هەندێ جار سیمینارەکان بەکرێدەخران. ئەگەر کیمیاگەرێك لە نیویۆرك گەیشتە دۆزینەوەیەکی نوێ، بۆ نموونە لە بواری رادیۆمدا، یانە هەموو خەرجییەکانی هاتوچۆکۆدنی دەداتێ‌و، زیاد لەوەش قەرەبوویەکی بەرچاوتێرانەی بۆکاتەکەی دەداتێ.

یانەکە هەمان شتی لەگەڵ ئەو دۆزەرەوەدا دەکرد کە لە جەمسەرەکانەوە دەگەڕایەوە، لەگەڵ نووسەرێ یاخود هونەرمەندێ پێش ماوەیەکی کورت سەرکەوتنێکی بەرچاوی وەدەسهێنابوو. نەیدەهێشت شتێك لە لێکۆڵینەوەو دەمەقاڵێ بگاتە دەست ڕۆژنامەکان. بەمجۆرە گەورە سیاسەتمەدارو پیاوانی دەوڵەت بۆیان بلوایە دەیانتوانی لە هەموو بۆنە زۆرەکاندا ئامادەبن‌و بەتەواوەتی بیروباوەڕی خۆیان دەربڕن.

ئێستا نامەیەکی گەچڵاوم لەبەر دەمما بڵاوکردۆتەوە کە ئێرنست بیست ساڵ دەبێ بۆی نووسیبووم ئەوانەی خوارەوەی لەبەر دەنووسمەوە:

–"باوکت لەیانەی فیلوماثییەکان ئەندامە. بەمجۆرە دەتوانی ئامادەبی، کەواتە ئێوارەی سێشەممەی ئایندە وەرە. پەیمانتدەدەمێ ئەو شەوە خۆشترین شەوانی تەمەنتدەبێ. لە دیدارەکانی ئەم دواییەتدا نەمتوانی سەرودڵی سەروەرە ئۆروستقراطییەکان بگرم، بەڵام ئەگەر تۆ بێیت سەرو دڵیان بۆتدەگرم، وایان لێدەکەم وەکو گورگ بلوورێنن– تۆ گومانی خۆت دەربارەی ڕەوشتکارییان دەربڕی، لە راستیدا بەمە ئەوان وا هەستدەکەن ڕێزو جیاوکیان لە زیادیدان. بەڵام من گیرڤانەکانیان دەخەمە مەترسییەوە، ئەمە تاسەر ڕەگ ریشەی بەراییان دەیانهێنێتە لەرزە. ئەگەر بتوانی بێیت، بەچاوی خۆت پیاوی ئەشکەوتەکە بەبەرگی شەونشینییەوە دەبینی، ئەلوورێتەوەو ئێسقان دەکرێنێتەوە. پەیمانت پێدەدەم کەمیاو میاو بیبیستی‌و بە قووڵی لە ناخی جانەوەرانەوە رابگەی.

---

[44] لەو ڕۆژگارەدا هێشتا نەریت واپێویستیدەکرد کە خەڵك ژووری میوان پڕکەن لە جۆرەها شتی نایابی کۆن. جارێ نەگەیشتونەتە ساکاریی ژیان، ئەو ژوورانە مۆزەخانە بوون دەبوایە بێوچان خەریکی پاکراگرتنیان، ئەمەش تەقەلایەکی بەردەوامی بێکۆتایی گەرەکبوو. "شەیتانی تۆزو خۆڵ" گەورەی ماڵەوە بوو. بەهەزاران ئامراز هەبوون بۆ گەرد هەڵگرتنەوە، بەڵام چەند ئامرازێکی کەم هەبوون بۆ دەربازبوون لێی.

www.pertwk.com

" بانگهێشتیانکردم تاکو هەلاهەلامکەن. ئەمە بۆچوونی خاتوو برینتود بوو. کە بانگهێشیکردم بە شێوەیەکی نائاسایی هەستم بەوەکرد. پێشتر بواری بۆ ئەندامانی یانەکە رەخساندبوو بۆ سازدانی ئەم چەشنە گاڵتە جارییە. کاتێ چاکسازانی بێوەی‌و رەزا سووك دەبینن لەبەردەمیاندا نواندن دەکەن ئەوان زۆر کەیڤان پێدێ. خاتوو برینتوردیش وا دەزانێ من وەکو بەچکە پشیلەیەکی وەکو مانگای خێزانیش سادەو گەمژەم. بەبیرمنایە لەو دەستەمۆم بۆچوون‌و وێنانەدا هاوکاریمکردبێ. لەسەرەتادا زۆر بەئاگاو دوودڵبوو, پاشان بۆی دەرکەوت زیانەرۆنیم. ئەوان پاداشت دووسەدو پەنجا دۆلارم دەدەنێ, ئەمەش بۆ پیاوێکی ڕادیکاڵ دەشێ کە جارێکیان خۆی پاڵاوتبوو بۆ حاکمی ولایەتەکە. لەبەرئەوە پێویستە پۆشاکی شەونشینی بپۆشم, ئەوە شتێکی تەوزیمییە. بەڕاستی رۆژێ لە رۆژانی ژیانما جلێکی ئاوان لەبەر نەکردووە. وابزانم من ناچار دەبم لە شوێنێك بەکرێیبگرم. بەڵام من, بەڵام من ئامادەم لەوەش پتر بکەم لە پێناوی ئەوەدا دەرفەتێکم دەسکەوێ لەیانەی فیلۆماثییەکاندا رێگەی قسەکردنم پێبدرێ.

ئەوشەوە ئەندامانی یانەکە, کەلەهەموو لاییێکەوە هاتبوون لەماڵی بنەماڵەی بیرنوایشدا گەرمبوو. خاوەن ماڵ کورسیی زیادیان بۆ هۆڵی گەورەی میوانان هێنابوو, ژمارەی ئەو فیلوماثییانەی بۆ گوێگرتنی ئێرنست دانیشتبوون لە دووسەد کەس کەمتر نەبوو. بەڕاستی سەردەستەی کۆمەڵبوون. دڵی خۆم دایەوە لە مێشکی خۆما هەموو ئەوسامانانەم نمایشکردن کە تەمسیلیان دەکردن‌و دەگەیشتنە سەدان ملیۆن. خاوەنەکانیان لەتەمبەڵە دەوڵەمەندەکان نەبوون. پیاوانی خاوەن کاربوون, تا ئەو پەڕی سنوور ڕۆڵی کاریگەریان لە ژیانی پیشەسازی‌و سیاسیدا نواندبوو.



هەموومان شوێنی خۆمان گرتبوو کە خاتوو برینتوود هاتە لامان‌و ئێرنستی لەگەڵ خۆیدا هێنا. هەر یەکسەر بۆلای سەرەوەی  دیوەخان پێشکەوتن, کە ئەو شوێنە بوو بڕیار وابوو دوانەکە پێشکەشکا, جلی شەونشینیی لەبەربوو. لەبەردوو شانە پانوپۆڕەکەی‌و سەرە بەشکۆیەکەی, قۆزو نازداربوو, بۆ ئەمەش, گەردە ئاسا بەدەرێکی تەنکی ئاشکرا لە جووڵانەوەیدا هەبوو. وەختە وابێتە بەرچاوم کە دەتوانم هەر لەبەرئەوە خۆشمانبوێ.

کە چاوم بەدەوروپشتی خۆمدا گێڕا هەستم بەدڵگەشانەوەیەکی گەورە کرد. جارێکی دی هەستم بە لێدانی ناولەپی کرد لەسەر لەپی دەستم‌و دەست لە لێودانی. تارادەیەکی زۆر شانازی بەسەرما زاڵبوو تەنانەت بەجۆرێ هەستمکرد ئەرکی من ئەوەیە کە ڕاپەڕم‌و بەبەرچاوی ئەم حەشامەتەوە هاوارکەم:" ئەمە لاوی منە! لەباوەشیکردووم,منم بەتەنیا– توانیم بەشێوەیەك مێشکی پڕکەم کە خەریکە لەوهەموو هزرانەی لە ژمارە نایەن سەری قاڵکات!"

لەسەری سەرەوەی هۆڵەکەدا خاتوو برینتوود بەکولۆنێڵ (ڤان جیلبرت)ی ناساند, زانیم ئەمەی دوایی سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکە دەکا. کۆلۆنێل جیلبرت پارێزەرێکی گەورە بوو لەناو پارێزەرانی کۆمپانیاکاندا.سەرەڕای ئەمەش زۆر دەولەمەند بوو, کەمترین قەرەبووی ماندووبونی کە پێی کەمبوو سەیربکات سەدهەزار دۆلار بوو, پێشەوایەکبوو لەپێشەواکانی یاسا, یاسابوو کە شووشەیەکبوو, هەرچۆنێك بیویستبا یاریی پێدەکرا, بەشێوەیێ لە قاڵبیدابوو وەك بڵێی قوڕە, بایدابوو, گوڕیبووی وەك بڵێی مەتەڵی چینییە بەهەرشێوەیەك کە ویستی. لەرووی رواڵەت‌و شێوازی رەوانبێژییەوە ئاساییبوو, جلوبەرگی کۆنبوو.

www.pertwk.com

بەڵام لە رووی خەیاڵو زانیاریو زۆرزانییەوە لەدواین یاسا کە بۆ خەڵك دانراوە تازەترو لاوتربوو گەشایەوە کە راسپێریی (شاردویل)ی[45] پوچەڵکردەوە.

هەر تەنیا بەرامبەر ئەم کارە پێنجسەد هەزار دۆلاری وەرگرت. لەوکاتەوە وەکوموو شەك بەرزبۆوە. زۆرجار بەگەورەترین پارێزەری وڵات ناودەبرا. لێرەدا مەبەست لەوشەی "پارێزەر" بێگومان پارێزەری کۆمپانیاکانبوو. لەتوانای هیچ پۆلێنیکدا نەبوو لە ریزبەندیی گەورەترین سێ پارێزەری وڵاتە یەکگرتووەکاندا وەدیخات. هەستاو دەستیکرد بە پێشکەشکردنی ئێرنست بەچەند دەستەواژەیەکی کورتی وردو هەڵبژاردە. چەند دەستەواژەیێ کە سێبەری گاڵتە جارییەکی سووکیان بەخۆوە گرتبوو. کۆلۆنێل ڤان جیلبرت بەشێوەیەکی ناسك لە پێشکەشکردنی رابەری کۆمەلایەتیو ئەندامی چینی کارگەراندا قسەخۆشبوو.

(45) ئەم پووچەڵکردنەوەی راسپێرییەکان رواڵەتێکی دەگمەنی ئەو ماوەیە بوو, چونکە کەڵەکەبوونی سامانی زۆرو زەبەنگ گیروگرفتی دەربازبوون لەم سامانە دوای مردن کردە گیرو گرفتێك کە ئاسوودەیی کۆکەرەوەکانی دەشێواند. بەمشێوەیە دۆخی راسپێرییەکانو پووچەڵکردنەوەی بووە دووبازرگانیی هاوچەرخ وەك دروستکردنی قەڵغان و تفەنگ. زیرەکترین پارێزەری کارامە لەدانانی راسپێریدا, دانانی راسپێریی وایان دەخستە ئەستۆ, کە ناشێو ناکرێ هەڵبوەشێتەوە, بەڵام ئەم راسپێرییانەی هەمیشە پووچەڵدەکرانەوە. پووچەڵکەرەوەکانی بەزۆری خۆیان ئەو پارێزەرانە بوون کە دایاننابوون. لەگەڵ ئەوەشدا لەناوچینی ئۆرۆستۆکراتیدا ئەو خەیاڵە بەردەوامبوو کە گوایە دەکرێ راسپێریی وا دابرێژن کە هەر هیچ رووتنەکرێتەوە بەمشێوەیە بە بریکاردەروە پارێزەرەکان وەچە دوای وەچە شوێن پێی ئەمخەیاڵە کەوتن. شوێن پێکەوتنێکبوو لەوەی دەکرد کە سیمیائییەکان Alch emiata ی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ دۆزینەوەی بەردی فەیلەسووڤان کردیان, کەوایاندەزانی کانزای بێنرخ دەکاتە کانزای بەنرخ.

تەنانەت بینەران زەردەیان هاتێ. ئەوە تووڕەیکردمو سەیری ئێرنستم کرد. بەڵام دیمەنەکەی تووڕەییەکەمی کردە دووفاقە. وا خۆی نواند وەك بڵێی لە تەوانجو پلارەکەی کۆلۆنێل نەگەیشت. وای خستە خەیاڵی سەیرکەر کە بەراستیگێلەپیاوە. لەبەرخۆمەوە پرسیارمکرد: تۆبڵێی ئەم چەند ریزە سامناکەی لە عەقڵو دەسەڵات پێکهاتوون ترساندبێتیان؟ پاشان من زەردەم هاتێ. ئەو نەیتوانی هەڵمفرێوێنێ. بەڵام ئەوانی دیکەی هەڵفریواندن. وەك چۆن پێشتر خاتوو برینتودی لە خشتە برد, کە کورسییەکی لە پێشەوەی هۆڵەکە بەتەواوی داگیرکرد, زۆر ئاوڕیی لەم برادەرو ئەوبرادەر دەدایەوە, بەزەردەخەنە سەرسامیی خۆی بە تێبینییەکان دەردەبڕی.

هەرکە کۆلۆنێل ڤان گیلبەرت وتەکەی تەواو بوو ئێرنست هەڵساو دەستی بەقسانکرد بە دەنگێکی نزم دەستی پێکردو بەدوودڵیو شەرمەوە.نیشانەی شێوانێکی ئاشکرا لەروویدا دیاربوو. دەربارەی لە دایکبوونی لە چینی کارگەکاندا هەروەها دەربارەی هیچوپووچیو رسوایی ژینگەکەیو کلۆڵییەکەی, کەلەشوگیان وەك یەك برسیکرابوونو ئەشکەنجە درابوون. وێنەی هیواکانیو بەها بەرزەکانی کێشا, بۆ وێنە کێشانی ئەوبەهەشتەی رۆڵەکانی چینە باڵاکان تێیدا دەژین.

-"زانیم لەسەرروومەوە پێخۆشبوون بەکاری باشو بەخشینی پێ دڵسرەوتنی گیانو, بیرکردنەوەی پاکوخاوێنی مەردانەو, ژیانی فیکری عاقڵانە هەن. ئەوەم هەموو زانی چونکە من رۆمانەکانی "کتێبخانەی کەنار"[46]م خوێندەوە. کەوا

(46) جۆرە ئەدەبێکی سەیری سەرسوڕهێنەرە کە بەمەبەستی گومڕاکردنی چینی کارگەرانەو پێدانی بیرۆکەیەکی هەربەتەواوەتی ناراستبوو, لەبابەت چینە شۆڕشگێرەکانەوە.

پیاو و ژن جگە لە پیاوی چەپەڵ و ئافرەتی هەڵەشە بەبیرۆکەی جوان بیردەکەنەوە بەزمانێکی شیرین دەدوێن و، کردەوەی سەربەرزانە دەکەن. سەرجەم وەك چۆن رۆژهەڵاتن وەك شتێکی سروشتی ئەم دیوو ئەو دیوی کرد، ئەم فیکرەیەش ئەم دیوو ئەو دیوی کرد، لە سەرورومەوە، هەرچی جوان و ئەرەفمەند و خێرخواز، هەبوو هەرشتێ چێژو سەربەرزی بەژیان دەبەخشێ، هەرشتێ کەوا لە ژیان دەکات شیاوی ئەوەبێ تێیدا بژی و ئەوەی پاداشی مرۆ بەقەد رەنج و کڵۆڵییەکە دەدا.

لەدوانەکەیدا سواربوو، ژیانی لەکارگەکاندا خستە بەردەم و فێربوونی پیشەی ناڵکردنی ولاخ، کۆبوونەوەی لەگەڵ سۆشیالستەکانداو لەناویاندا– وەك گوتی– رووناکبیریی ژیرو قسەخۆشی درەوشاوەی دی، هەروەها پیرانی هەڵگری ئینجیل کە دەسەڵاتیان لە دەس دەرهێنرابوو چونکە مەسیحییەتیان لەوە فراوانتر بوو کە چاو لەهەرتاقمێکی پارە پەرست و، پرۆفیسۆری پلیشاوەی ژێر رەوڕەوەی کۆیلایەتی گردکەرەوەی چینە کاربەدەستەکان بپۆشن. گوتیشی سۆشیالستەکان شۆرشگێڕبوون، لەپێناوی تێکدانی کۆمەڵی ناعەقڵانیی ئێستاو دروستکردنی ئەوکەرەستەیەی لەوەوە پەیدا دەبێ لە بنیاتنانی کۆمەڵی عەقڵانیی دوارۆژدا تێدەکۆشن. زۆرشتی گوت کە جێی ئەوە نابێتەوە باسی لێوەبکرێ. بەڵام من تاکو مردن لەبیرمناچێتەوە کە چۆن ژیانی ناوشۆرشگێرانی باسکرد. هەموو دوانێکی دڵەراوکێ شوێنەواری نەما. دەنگی بەهێزوپڕبوو لەباوەڕ بەخۆبوون. لەگەڵ پرشنگی ئێرنست و لەگەڵ پرشنگی ئەو بیرۆکانەی هاتنە سەرزبانی، پرشنگی داوگەشایەو گوتی:

–"لەناوشۆرشگێڕاندا، هەمیسان بڕوایەکی گەرمم بەنموونەیی مرۆڤایەتیی گەرموگوڕو، شیرینیی بەرخودان و خۆ نەویستن و شەهیدبوون لەکۆڕی گیانفیداکاری و هەموو شتێکی گیانی شۆخ و شەنگی هێمنی کارامەی شارەزا دا.



ئالێرەدا ژیان پاك و پاکیزەو چالاکبوو. پەیوەندیم بەدەروونی گەورەوە هەبوو کە لەژوور دۆلارو سەنتەوە پایەیەکی بەرز گیان و لەش بەرزدەکەنەوە. ئەو دەروونانەی کە گریەی ناسك و هەنسکی سینەی منداڵانی برسیی گەڕەکی پیس و پۆخڵی کارگەران بەلایانەوە شتێکی زیاتری لەو هەموو کەش و خۆ بەگەورەزانینەی پەرەسەندنی بازرگانی و شاهەنشاهیەتیی جیهانیی ئەو سامانە زل و زەبەندانەی تیایاندایە، دەگەیاند. هەر چییەکی لەدەوروپشتما بوو شەرەفمەندیی مەبەست و بەجەرگ و ئازایەتیی رەنجبوو، رۆژان و شەوانم گشتییان گزنگی خۆرو تریفەی مانگبوون. گشتیان ئاگرو شەونمبوون و لەبەرچاوم "کاسەی قوربانیی پیرۆز" هەمیشە دەسوتاو گڕیدەگرت، کاسەی قوربانیی خودی مەسیح، لەشی گەرمی ئادەمیزاد کە ئازاری چەشتووەو خراپەی لەگەڵدا کراوە، سەرەڕای ئەوەش سەرئەنجام هەردەبێ دەرباز بکرێ".

وەك پێشتر دیبووم دیارو بەرچاوو سەربڵندبوو، هەروەها ئێستاش دیتم لەبەرچاوم دیارو سەربەرزە، نیوچەوانی بەو رووناکییە خواوەندییەی لێوەی دەردەچوو گەشبووبووەوە چاوەکانی لەناو ئەو تیشکەدا کە خۆی دەنواند، وەك بڵێی وەك تارا دەپێچێتەوە، گەشتر بوون. بەڵام ئەوانی دی ئەم تیشکەیان نەدی. کە تێڕوانینەکەی تەماویکرد گریمانەمکرد لە فرمێسکی شادی و خۆشەویستی پەیدا بوو وە بەهەرحاڵ مستەر دیکسۆن. کەلەپشتەوەم دانیشتبوو، زۆر لەوە دوور بوو کارتێکەر بێ. چونکە من گوێم لێبوو بە دەنگێکی بەرزو بەگاڵتەوە دەیگوت: تۆباوی Utopian.[47]

---

(47) خەڵك لەو چەرخەدا بەندەی وشە بوون. لە راستیدا نزمی و سووکایەتیی کۆیلەتییەکەیان ناچێتە مێشکمانەوە. لەوشەدا جادوویەکی مەزنتر هەبوو لەو جادووەی کە لە هونەری قۆڵبڕیندایە. چونکە عەقڵیان شێواوو تەماویبوو، تا رادەیێ کە گوتنی

www.pertwk.com

ئێرنست لەسەر دوانی خۆی رۆیی، باسی بەپەیژە هەنگاوانی کۆمەڵکرد، هەتاکو لە ئەنجامدا پەیوەندیی لەگەڵ هەندێ لە رۆڵەکانی چینەباڵاکان پەیداکردو شانکوتانی لەگەڵئەوپیاوانەدا کرد کەریزی پێشەوەی پایەبەرزەکانیان بۆ خۆیان گرتووە. پاشان لاچوونی پەردەی خەیاڵو تارمایی بوو لە سەرچاوی. ئێرنست بەجۆرێکی وا وەسفی ئەم لاچوونەی کرد کە ماستاوکردننەبوو بۆ گوێگرانی ئەوشەوە، لەبەر هیچو پوچیی قوڕ حەپەسا ژیان چەسپاندی کە خۆی نەبەرزەو نە خێر خوازیشە. ئەو خۆپەرستییەی کە رووبەڕووی بۆوە هەترەشی بردبوو، لەوەش زیاتر نەبوونی ژیانی هزری زەندەقیبردبوو، تووشی خورپەیەکی بەهێزبوو، بیرەوەریی هاوڕێ شۆڕشگێڕەکانی لەمێشکیدا هێشتا تەڕوپڕبوو. لەهەمانکاتدا بێمیشکیی چینە دەسەڵاتدارەکاکەی بۆ دەرکەوت. بۆ ئەمە دەریخستبوو کە ئەو سەرەدەستانە بەپیاو و ژنەوە وێڕای کڵێسا زلەکانیان‌و موژدەبەرە خاوەن مووچە زۆرەکانیان، یەکجار پارە پەرستبوون. راستە ئەوان دەربارەی بەهای بەرزی بچووکی شیرین‌و رەوشتکاریی بچووکی بەنرخ دەدوان، بەڵام کلیلی دەسەڵاتسەپاوی ژیانیان سەرەڕای قسەی پووچی مناڵانەیان مادییەکی رووتبوو. لە راستیدا لە هەر ڕەوشتکارییەکی ڕاستەقینە پەکیان کەوتبوو، بۆ نموونە: ئەورەوشتکارییە کە مەسیح رایگەیاند، بەڵام ئیتر کەس راینەدەگایاند: گوتی:

---

تاکە وشەیەك توانای هەبوو ئەو واقیعانە پووچەڵکاتەوە کە سەرەنجامی تەمەنێکی تەواوی لێکۆڵینەوەو بیرکردنەوەی خەست‌و چڕن. لەناو ئەو وشانەدا "تۆباوی" یاخود (نموونەیی)– ئایدیالیست–تەنیا بەدەم گوتنی ئەم وشانە توانای پەکخستنی هەر نەخشەییێکی چاککردن، یاخود ژیاندنەوەی ئابووری هەبوو، هەرچەندە راست‌و دروستیش بێ. کۆمەڵانی ئەم دەستەواژانە ئەوە بەلایانەوە بەخشینێکی بلیمەتانە بوو.

–"خەڵکم بینی لەدوانە ناوزڕاندنەکانیان دژی شەڕ لە (میری ئاشتی) دەپاڕانەوە کەچی لەهەمان کاتدا دەمانچەیان دەدایە دەست (پۆلیسەکانی بینکرتۆن)[48] بۆ ئەوەی ئاگربارانی مانگرتووەکان بکەن لە ناوکارگەکانیاندا. تووشی پیاوی داخداری دژی جانەوەرییەتی پێشەوەر بووم ، بەلام لەهەمان کاتدا دەستیان لە فرتو فێڵ تیا کردنی ئەو خوراکەدا هەیە کەهەمو ساڵێ ژمارەیەك منداڵ دەکوژێ کەهیرۆ دۆسی هاوتای دەست بەخوێن سووری نەیکوشتوون.

"ئەمە پیاوێکی ناسکە، رەنگو رووخساری ئۆرۆستۆکراتییە بەڕێوەبەری بووکە شووشەیەو ئامێرێکە لەدەستی ئەو کۆمپانیانەی بەنهێنی پارەو پوولی بێوەژن‌و هەیتوان دەدزن. ئەمەشیان پیاوێکی چاکە چاپی کتێبی تێرو تەسەل کۆدەکاتەوەو پشتگیریی بزاڤی ئەدەبی دەکاو سەرانە دەدات بەپێشەوای ریشپانی بڕۆڕەش. ئەمەش نووسەری رۆژنامەیە ئاگاداری‌و بۆ زانین لەبارەی "ئامادەکراویی پزیشکیی تۆمارکراو" بلاودەکاتەوە. بە" بەوروژێنێکی دیماگۆکی بەدناوم لەقەڵەمدەدات" چونکە من بەگژیداچوومەوە کەلەرۆژنامەکەیدا راستی لەمەڕ ئامادەکراویی پزیشکیی تۆمارکراو" بلاوبکاتەوە.[49] ئەمەشیان پیاوێکە



---

(48) لە بنەڕەتدا پیاوی سازمانی تایبەتیبوون. بەڵام هێندەی نەبرد بوونە شەڕکەری بەکرێگیراو کە لەخزمەتی سەرمایەداریدابوون.
پاشان ئەنجامیان بەوەگەیشت کە بن بە سەربازی چڵکاو خۆری ئۆلیگارکییەتی بەکرێگیراو.

(49) ئامادەکراوی پزیشکیی تۆمارکراو" درۆی تۆمارکراوبوون. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکیان لەخشتە برد وەك چۆن نووشتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست‌و لێخۆشبوونەکانیان لە خشتەیان بردن. تاکە جیاوازی ئەوەیە کە ئامادەکراوە تۆمارکراوەکان ئازار بەخشترو نرخگرانتبوون.

www.pertwk.com

بـەهێمنیو قورسـیو گرانـیو گـەرموگوڕی لـەجوانی میـسالییەتو خێرخـوازی دەدویٚو پێش چەند دەقیقەیەك لەپەیمانێکی فرۆشتن (صفقە)دا هەڤاڵەکانی خۆی لەخـشتەبردن. ئـەوەش پیاوێکـە بەکۆڵەکـەی کلێـساو خۆتەرخانکـەری چـاوتێری ناردەی موژدەبەرایەتی –ارسالیة تبشیریة– لەدەرەوەدا، لەقەڵەمدەدەن.

لەگـەڵ ئەوەشـدا ئافرەتـە کرێکارەکـانی کۆگاکـانی رۆژێ دە سـەعات ئیـشیان پێدەکات بەمووچەیێ رەنگە زگیشیان تێرنـەکات، بەوەش راستـەوخۆ هانیانـدەدا، بۆ داوێنپیسی. ئەوەش کابرایەکە لەسـەر ئـەرکی خـۆی کورسـیی[50] بـۆ فێربـوونی لقـەکان لـەزانکۆ دادەمـەزرێنیٚو کلێـسای زل زل دروسـتدەکات. لەگـەڵ ئەوەشـدا لەدادگەکانـدا لەبـەرخاتری چـەند دۆلارێـكو چـەند سـەنتێك سـوێندی بـەدرۆ دەخـوات، ئـەوەش قوتبێکـە (پیـاوێکی زلـە) لەقوتبـەکانی هێڵـی ئاسـن وەك هاولاتییـەك، وەك پیاوێـك، وەك مەسـیحییەك بـەڵێنی خـۆی بـەجیٚ ناگەیـەنیٚ، داشکاندنێکی نهێنی لەسەر نرخ دادەنیٚو ئای کەئەم داشکاندنە چەندە زۆرە!.

ئەمەشیان ئەندامی ئەنجومەنی پیرانە، خۆی دەکاتە دەستکەلاو کۆیلەو بووکـە شووشـەیەکی بـچووك لەناودەسـتی پێـشەوایەکی سیاسـەتمەداری دڵڕەقـی ناڕۆشنبیردا[51]. هەرئاواش، ئەم کاربەدەستەو ئەو قازییەی ئەندام لەئەنجوومـەنی بـالاٚی دادگەریـدا، هەرسـێکیان بەپەسـاپۆرتی بـەلاشو بەشـەمەندەفەر هاتوچـۆدەکەن. ئـەم سـەرمایەدارەش خـۆی دەزگـای حیزبیـی هەیـەو پێـشەوای دەسـەلاٚتی تـەواوی هەیـە بەسـەر خـەتی شـەمەندەفەردا کەپەساپۆرتی بـەلاش دەردەکات.

–"بـەمجۆرە خـۆم دی، نـەك لەبەهەشـتدا، بـەڵکو لـەبیابانی ڕێبـازی بازرگـانی وشكو برینگـدا. مـن جگـە لەبێمێـشکی لەهـەموو شـتێکدا چیم نـەدی، بازرگـانی نـەبیٚ. کەسم نـەدی پـاکبیٚ، پیـاوبیٚو چـەلەنگبیٚ لەگـەڵ ئەوەشدا زۆر کەسم دیـن لەوانەی زۆر بەتواناو ناچالاکبوون– بەلاٚم هەموو لەگەندەڵیدابوون، ئەوەی کـەدیتم خۆپەرسـتیو دڵڕەقیـی ترسـناکبوو، پـارە پەرەسـەتییەکی فـرە چلێـسانەی شارەزایانەی کردەبوو."

ئێرنـست شـتی زۆری تـری دەربـارەی خۆیـانو نائومێـدبوون لێیـان پێگـوتن، لـەڕووی عەقڵـەوە پەسـتیو بێزارییـان خـستەدڵو دەروونـەوە، بـەلاٚم لـەڕووی رەوشـتکاریو گیانییـەوە، بێـزی لـە رەفتارەکانیـان، دەکـردەوە. تەنانـەت بەگەڕانەوەی بۆلای ئەو هەڤاڵە شۆڕشگێڕانە بەختەوەربوو، کەپاكو شەرەفمەندو گـورجو چـەلەنگبوون، هـەموو ئـەو رەوشـتە باشـانەیان تێـدابوون کەلەسەرمایەدارەکاندا نەبوون.

گوتی:

–"ئێستا با باسی ئەو شۆڕشەتان بۆ بکەم."

بـەلاٚم پێویـستە لەسـەرم ئـەوە بڵـێم کەئـەم رەخنـە فرەتاڵـە هەسـتو سـۆزی نەبزوانـدن. چاوم بە دەوروبەری خۆمدا گێڕا، سەیری دەمو چاویانم کرد، دیتم

(50) کورسیی فێربوون، شوێنی دەرسخوێندنە لەزانکۆدا، یا دەرسێکی تایبەتییە لەسەر بابەتێك، لقێك لە لقەکانی خوێندن لەزانکۆدا.(ك.غ)

(51) هـەتاکو سـاڵی 1912 زۆربـەی زۆری خـەڵك هێشتا وایانـدەزانی کەبەدەنگـەکانی رۆژی هەڵبـژاردن ولاٚت بـەڕێوە دەبـەن. لەراسـتیدا ولاٚت لەبەردەسـتی حـوکمی کۆمـەڵێك پێـشەوای بـچووکی ئاراسـتەکەری سیاسـەتی حیزبـەکانو ناسـراو بـەMachines political دابوو. لەسـەرەتادا ئـەو پێشەوایانە سـەرانەی زۆریـان لەسـەرمایەدارە زلـەکان دەسـەند. بـەلاٚم هەنـدەی نەخایانـد ئـەو سـەرمایەدارانە دیتیـان بۆئـەوان وا هـەرزانترە کەخۆیان دەزگای حیزبییان هەبیٚو پێشەواکان بەکرێبگرن.

www.pertwk.com

بەرەزامەندیو دڵنیاییەوە خۆیان لەو تاوانەی ئاراستەیکردن باڵاتر دانا. ئەو حەلە ئەوەم بیرهاتەوە کەرۆژێکیان ئێرنست پێی گوتم: هەرتاوانێك ئاراستەی رەوشتکارییان دەکرێ، هەرچەندە رەقو سەختبێ، ناتوانێ بیانهەژێنێ. بەهەرحاڵ، لەتوانام دا هەبوو ئازایەتیو بوێریی زمانەکانی بەدیبکەم کەهەستی خاتوو برینتۆدی تەزاندو، نیشانەی شپرزەییو ترس لەرەنگو روخسارسیدا دیاربوو.

ئێرنست دەستیکرد بەوەسفکردنی لەشکری شۆڕشو، کاتێ ئەو ژمارانەی دەدان کەنیشانەی هێزبوونو ئەو دەنگانەی لەو هەڵمەتە هەڵبژاردنانەدا لەوڵاتە هەمەجۆرەکاندا دەستیکەوتبوون) گوێگرەکان نارەحەتی دایگرتنو، بێئارامیان پێوەدیاربوو واملێهات چیم نەدەدی تەنیا لێوی توند نوقاو نەبێ. لەئەنجامدا ئێرنست دەستکێشی مەیدانخوازانی بەدەموچاوی خەڵکەکەدا وەسفی رێکخراوی نێو نەتەوەیی سۆشیالستەکانی کرد کەسۆشیالستەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان ژمارەیان دەگاتە ملیۆنو نیوێك دەبەستێتەوە بەشۆسیالیستەکانی هەموو جیهانەوە، کە ژمارەیان بیستو سێ ملیۆنەو ریزەکانیان یەکدەخات.

گوتی:

–"ئەم جۆرە لەشکرە، لەشکری شۆڕش، کەلە بیستو پێنج ملیۆن پیاو پێکهاتووە، شیاوی ئەوەیە کەکاربەدەستو چینە کاربەدەستەکان والێبکات هێوربنو بیربکەنەوەو. دروشمی ئەم لەشکرە: بێپشوودان. ئێمە هەرچی هەتانە گەرەکمانە، دەمانەوێ جڵەوی دەسەڵاتو چارەنووسی توخمی مرۆڤ بگرینە دەست خۆمان. ئەمەتان دەستەکانمان، دەستی بەهێزن. ئێمە حکومەتەکەتانو



کۆشكو تەلارەکانتانو هەموو خۆشگوزەرانیی ئەرخەوان[52] پۆشراوتان لەدەست دەردێنین. ئەو رۆژە دادێ کەپێویستە لەسەرتان بۆ پەیداکردنی نانی رۆژانەتان کاربکەن. وەك چۆن جووتیار لەکێڵگەدا رەنجدەدات، یاخود کارمەندی برسیکراوی ناتەواو لەشارە گەورەکانتانو مەڵبەندە بازرگانییەکانتاندا کاردەکەن ئەمە دەستی ئێمەیە. دەستی بەهێزن!"

لەکاتی قسەکردندا لەهەردوو شانە شکۆدارەکانیەوە، هەردوو باڵە زلەکانی کردنەوە، دەستەکانی دەستی ناڵبەنێبوون وەك چڕنووکی هەڵۆ خۆیان بەهەواوە گرتبوو. کاتێ لەوێ وەستابوو گیانی دەسەڵات سەپاندنی کرێکارانبوو، هەردوو دەستەکانی کراوەبوون بۆ پارچە پارچەکردنو هاڕینی گوێگرەکانی. دەرکم بەوەکرد کە وائەو گوێگرانە خۆیان بردبۆوە بۆ قەپێلك بەرامبەر وێنەی ئەم شۆڕشە، کەشۆڕشێکی واقیعی، شاردراوەی، هەڕەشە لێکەرە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ئافرەتەکانیش پووکانەوە.

ترسو لەرز لەرووباندا دیاربوو. بەڵام پیاوەکان ئەوە حاڵیان نەبوو. خۆیان دەوڵەمەندی بەکاربوون، نەك دەوڵەمەندی تەمەڵ. خەڵکی شەڕکەربوون. دەنگە دەنگێکی کزی نووساو بەرزبۆوە، ساتێك لەهەوادا مایەوە. پاشان رەوییەوە. ئەمە سەرەتای گرمەگرمبوو. بۆم رەخسا کەئەو شەوە زۆرجار گوێم لێ بێ –نیشانەی چوارپێ لەمرۆڤدا، نۆبەرەی بەئاگاهاتنی هەستو نەستی سەرەتاییبێت. ئەوان ئاگایان لێنەبوو کەئەو دەنگە دەنگەیان لێوەهات. گابۆرەی مێگەلبوو، مێگەل بەرەڵڵای کرد. بێئاگالێبوونێکی تەواو بەرەڵڵایکرد. لەوساتەدا کاتێ دڵڕەقیو سەخیتم لەڕوخساریاندا بەدیکردو چەخماخەی شەڕکردن لەچاوەکانیاندا

[52] ئەرخەوان: ئاماژەیە بۆ سەربەرزیو دەسەڵات کە رەمزێکە بۆ هەردووکیان. –وەرگێڕ–

www.pertwk.com

دەدرەوشایەوە, تێگیەشتم کەئەوان, وا بەسووکیو ئاسانی واز لەدەسەڵاتداگرتن بەسەر جیهاندا ناهێنن.

ئێرنست لەهێرشەکەیدا بەردەوامبوو, بوونی ملیۆنو نیوێك شۆڕشگێڕ لەوڵاتە یەکگرتووەکان بەتاوانبارکردنی چینی سەرمایەدار لێکدایەوە کەوا لە ڕێکخستنی کۆمەڵدا خراپبووەو سیاسەتی چاکنەبووە لەگەڵیا, هێڵە گەورەکانی باری ئابوریی کێشان, وەك چۆنبوو لەلای پیاوی ئەشکەوتو, وەك چۆنبوو لەکن گەلە جانەوەرەکانی ئەمڕۆ. ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کەئەوان نەئامێریان هەبووە, نە مەکینە, بەڵکو تەنیا ئەو توانا سروشتییەی تاکە کەس هەیەتی بۆ وەبەرهێنانی هێز. دوایی پێشکەوتنی ئامێرو سیستمی کۆمەڵایەتیی بەدواداهات ئەمڕۆ وزەی بەرهەمهێنەری مرۆڤی شارستانی گەیشتۆتە هەزار هەندی وزەی ئادەمیزادی کێوی.

–"پێنج پیاو دەتوانن بەشی هەزار کەس نان بهێنە بەرهەمو پیاوێکی دەتوانێ بەشی دوو سەدو پەنجا کەس کالای لۆکە بێنێتە بەرهەمو بەشی سێسەد کەس چنراوی خوریو بەشی هەزارکەس پێڵاو. لەمەدا پیاو دەتوانێ بگاتە ئەنجامی کەمرۆڤی تازە شارستان, مایەی بەڕێوەبردنێکی باش بۆ کۆمەڵ, لەبارێکی زۆر باشتردابێ لەبارودۆخی پیاوی ئەشکەوت.

بەڵام ئایا بەڕاستی وایە؟ با بزانین, لەوڵاتە یەکگرتووەکانا ئەمڕۆ پانزە ملیۆن کەس[53] بەهەژاری دەژین. بەڵکو مەبەستی لەوشەی "هەژاری" لێرەدا ئەو حاڵەتەیە کەناتوانرێ لەگەڵیا, بەهۆی نەبوونی خۆراكو نەبوونی هەوارگەی باشەوە کاریگەریی کاری ئەندازەیی کەدەستنەدات. ئەمڕۆ لەوڵاتە یەکگرتووەکانا, وێڕای هەموو یاسا دانانتان کەناوتانناوە یاسادانانی کار, سێملیۆن کرێکاری منداڵ هەن[54]. لە ماوەی دوانزە ساڵدا بوونە دووهەندە, بەم بۆنەیەوە, حەزدەکەم لێتان بپرسم, لەئێوە ئەی بەرێوەبەرانی کۆمەڵ بۆچی لەناو خەڵکدا ژمارەی ئاماری 1910 بڵاودەکەنەوە؟ من لە جیاتی ئێوە وەڵامدەدەمەوەو دەڵێم ئێوە دەترسان. ژمارەی کلۆڵی شیاوی ئەوەیە پەلە لەوشۆڕشە بکات کە خۆی بۆ هەڵمەت بردن دانوساندووە, تەنانەت لەم ساتانەشدا.

"بەڵام بابگەڕێینەوە ئەر ئەو تۆمەتەی کە ئاراستەی ئێوەی دەکەم. ئەگەر وزەی ئادەمیزادی نوێ هەزار جار لەوزەی مرۆڤی ناوئەشکەوت پترتربێ, لەبەرچی لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا ئەمڕۆ چاومان بەپانزو ملیۆن کەسی بێبەش لەخانووی باشو خۆراکی باش دەکەوێ؟ بۆچی ئەمڕۆ سێملیۆن کرێکاری منداڵ لەولاتە یەکگرتووەکاندا دەبینین؟ئەوە تۆمەتبار کردنێکی راستە. چینی سەرمایەدار لە ڕێکخستنی کۆمەڵدا خراپبوو, سیاسەتەکەی باشنەبووە, یبەرامبەر ئەو راستییەی کە دەڵێ مرۆڤی نوێ بە شێوەیەکی کلۆڵتر لە مرۆڤی ناو ئەشکەوت دەژیو کە دەڵێ وزەی بەرهەمهێنانی هەزارجار لەوزەی مرۆڤی ناوئەشکەوت زیاترە, پیاوناتوانێ ئەوەنەبێ کە بگاتە ئەو دەرئەنجامە:چینی سەرمایەدار کۆمەڵی خراپ ڕێکخستووە, ئێوە گەورانم بەڕێوەبردنتان خراپبوو. لەبەرئەمە ناتوانن ئالێرەدا ئەمشەو رووبەڕوو بەرپەرچمبدەنەوە, زیاتر لەوەی هەموو چینەکەتان کەبەرپەرچی ملیۆنو نیوێك شۆڕشگێڕ لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بداتەوە. من پەنجە دەکەمە چاوتان, کە قسەکانم تەواو دەکەم وەڵاممبدەنەوە.

---

(53) دەقی قسەکەی رۆبەرت هانتەرە, کە ساڵی 1906 لە کتێبی "برسییەتی"ی وەرگێڕاوە, کە لەو رۆژگارەدا لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا دەملیۆن کەس بەهەژاریو نەبوونی دەژیان.

(54) لە ئاماری ساڵی 1900دا هاتووە (کە دوائامارە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا کراوە و ژمارەکانی لەناو خەڵکا بڵاوکراونەتەوە) ژمارەی کرێکاری منداڵ 1.752.187 کەسە.

www.pertwk.com

زبانتان لەهەرشتێك پەیوەندیی بەم خاڵەوە هەیە دەبەسترێ, هەرچەندە کە ئێوە لەبارەی شتی دیکەوە زۆر قسەی هەلەق‌و مەلەق دەکەن.

" لە رێکخستنی کاری کۆمەڵدا سەرنەکەوتن. ژیاریتان کردە قەسابخانە کوێرو چڵێسبوون. بێشەرم وشوورەیی لە کۆڕە یاسادانانەکانمان دابوون (وەك چۆن ئەمڕۆ راستدەبنەوە)و جاڕتاندا کە وەدەسهێنانی قازانج هەرنابێ و ناکرێ ئەگەر منداڵکارو شیرەخۆرە ناچاری کاری زەحمەتکێشی نەکرێن. من داوا لە ئێوە ناکەم لەم کێشەیەدا پشت بەقسەی من ببەستن. هەموو ئەم راستییانە لە کۆنووسەکاندا نووسراونەتەوەو, بەرەسمی تاوانبارتاندەکەن. ختووکەی ویژدانی خۆتان داوە تاکو بەچەنەبازیی منداڵانە لەبارەی بەهای بەرزو لەبارەی رەوشتکاری بەنرخەوە بخەوێ. ئێوە بەدەسەڵات‌و سامان ورگتان هەڵئاوساوەو, مەستن بە سەرکەوتن. هیوای زاڵبوونتان بەسەرماندا لەهیوای نێرە هەنگ زیاتر نییە کە لە کووپەی هەنگوین وەردێن, کە هەنگە مێیە کارگەرەکان هەڵدەکوتنە سەریان تا سنوورێك بۆ بوونی پڕلە ورگهاتن‌و ئاوسانیان دابنێن. لە رێکخستنی کۆمەڵدا سەرنەکەوتن. چارنییە دەبێ ئەم ئەرکە لە ئێوە بسێنرێتەوە. ملیۆن‌و نیوێك کەس لە پیاوانی چینی کارگەران دەڵێن ئەوان رۆڵەکانی چینی کارگەران والێدەکەن بێتەریزی ئەوان و ئەو ئەرکە لەدەست ئێوە دەربێنن. گەورانم, ئەمەیە شۆڕش, ئەگەر دەتوانن بیوەستێنن."

ماوەیەکی درێژ دەنگی ئێرنست لە هەموو لایەکی هۆڵەکەدا دەزرنگایەوە. پاشان دەنگە دەنگی نووساو کەلەوەوبەر گوێم لێنەبوو, بەرزبۆوەو, دوانزە پیاو راستبوونەوە سەرپێ‌و داوایان لە کۆلۆنێل ڤان جیلبرت کرد کە مافی قسەیان پێبدا. سەیریکرد هەردوو شانەکانی هەڵدەتەکاند وەك بڵێی رەقبووبن. لەسەرەتادا توورەیی دایدەگرتم, چونکە من وامزانی کە بەگاڵتەوە بە ئێرنست پێدەکەنێ, بەڵام پاشان بۆمدەرکەوت کەئەمە پێکەنیننەبوو, بەڵام هیستریابوو. ئەوشتەی کردی دەرگاکانی یانەی پیرۆزی فیلوماثی لەڕووی ئەم شۆڕشگێڕە گێرەشێوێنەدا کردەوە هەترەشی کرد.

کۆلۆنێل جیلبرت تێبینی دوانزە پیاوە هەڵچووەکانی نەکرد, کەتەقەلایان دەدا وای لێبکەن هەقی قسەکردنیان پێبدا.

هەڵزەقییەوەو لەسەر هەدوو پێی وەستاو, باڵەکانی راوەشاندن, بۆ ماوەیەکی کورت نەیتوانی زیاتر لەهەندێ قسەی پچڕ پچڕی بێسەرو گوێ بکات. پاشان قسە لەسەر زبانی دەرچوو. بەڵام قسەی پارێزەرێ نەبوو کەسەد هەزار دۆلار لەسەر هەر داوایەك وەردەگرێ‌و خاوەن دیباجەیەکی رەوانبێژیی بەرگکۆن نەبوو.

هاواریکرد:

–"خۆ بەهەڵە بردنێکی تەواوە! هەرگیز لەژیانمدا بەمجۆرە گوێم لەوەندە زۆر خۆ بەهەڵبردن نەبووە کەلەسەعاتێکدا گوتی. بۆ ئەمە ئەرکی من ئەوەیە, لاوۆ کە پێتبڵێم. کۆششێکی نوێت پێنەبوو ئەوانە گشتیان لەزانکۆ فێربووم بەرلەوەی تۆ لەدایکبیت. نزیکەی دوو سەدە لەمەوبەر ژان ژاك رۆسۆ تیۆرە سۆشیالستەکەی تۆی جاڕدا. گەڕانەوەسەر زەوی, بەڕاستی. هەڵگەڕانەوەیە! بایولوجیا پووچیی ئەم بۆچوونانەمان فێردەکات. گوتراوەو ئەوەی گوتراوە راستە, کەزانیاریی ناتەواو شتێکی ترسناکە, ئەوا تۆش ئەمشەو, چاکترین نموونەت لەسەرئەوە بەتیۆرە سەرکێشە هەڵچووەکانت هێنایەوە. خۆ بەهەڵە بردنە! من هەرگیز هەستم بەپێویستیی رشانەوە نەکردووە بەقەد ئەوەی ئێستا هەستی پێدەکەم لەبەر زۆر بیستنی خۆ بەهەڵەبردنەکانت. ئەوە رای منە لەمەڕ بەگشتیکردنە کرچ‌و کاڵەکانت‌و بیرکردنەوەی منداڵانەت!"

www.pertwk.com



بۆ نیشانەی سوکایەتیپێکردن‌و بەکەمهاتنە پێشچاو پەنجەکانی تەقاندن‌و دانیشتەوە, ئافرەکان بەسەری لێویان هوتاڤ ئافەرینیان کێشاو, پیاوەکانیش بەدەستەواژەی پاڵپشتی کردن دەنگیان بەرزکردەوە کەلەپێشتر زیاتر دەنگ نووسانی پێوەدیاربوو.

بەلاّم دوانزە پیاوەکە کەداوایان لەسەرەك کۆبوونەوەکە کرد دەستووری قسەکردنیان پێبدا نیوەیان لەیەك کاتدا دەستیان بەقسەکردن کرد. ئاژاوەو وروژان نەدەهاتنە وەسفکردن. لەراستیدا***دیوارە پان‌و بەرینەکانی خاتوو بیرنوایش لەمەوبەر قەت دیمەنی وایان بەخۆوە نەبینیبوو, کەواتە, ئەوانە, ناودارانی پیشەسازی‌و سەروەری شارەزاو کارامەی کۆمەڵ بوون‌و ئەو کێوییە بەگرم‌و هوڕەی ددان جیرکەرەوانەی وان لەبەرگی بێداریدا! بەراستی ئێرنست هێنانیە هەژان کە هەردوو دەستەکانی لەبەر پارێزگاری پارەکانیان پانکردەوە, ئەو دوودەستەی کەلەبەر چاویاندا وادیاربوو وەك بڵێی دەستی ملیۆن‌و نیوێك شۆرشگێڕن .

بەلاّم ئێرنست قیت بۆوەو بازێکی بۆ پێشەوەداو بەروویاندا گرماندی:

–"یەك یەك لەهەردوو سییە ئەستوورەکانی بەرز بۆوەو دەسەلاّتی بەسەر گەرداو بەشەرییەکەدا کێشا. هەر بە هێزی کەسێتێکی خۆی, چیتر نا, بێدەنگ و ماتیکردن.

بەناسکی دووپاتیکردەوە:

–"یەك یەك قسە بکەن: باجاریٚ بەرپەرچی کۆلۆنێل ڤان جیلبرت بدەمەوەو, پاشان ئەوانەی کەماون بەرەنگارمبن, بەلاّم یەك لەدوای یەك, لەبیرتان نەچیٚ! لێرەدا مەودای یاریی بەکۆمەڵ نییە. ئێمە ئێستا لە یاریگەی تۆپانیدا نین".

دوایی روویکردە کۆلۆنێل ڤان جیلبرت:



–"بەلاّم ئەوەی کە پەیوەندیی بەتۆوە هەیە, تۆ وەلاّمت لەسەر هیچ شتێك نەدایەوە لەوەی من گوتم. تۆ لەهێنانەوەی هەندیٚ ئەحکامی لەخۆوەی وروژاو لەبارەی توانای عەقڵیم زیاد نەکرد. ئمە لە پیشەکەتدا یارمەتیتدەدا, بەلاّم ناتوانی بەمجۆرە قسەم لەگەڵدا بکەی. من کرێکارێك نیم, بەملکەچی لێت بێتە پێشیٚ, داوای زیادکردنی کرێیەکەی بکات, یاخود لێت بێتە پێشیٚ, داوای زیادکردنی کرێیەکەی بکات, یاخود لەو ئامێرەی بپارێزیٚ کە لەپشتەوەیدا کاردەکات. کە مەسەلەکی پەیوەندیی بەمنەوە هەبیٚ تۆ ناتوانی لە ئاستی راستییدا هەڵوێستێکی لەخۆوە, یاخود لاریٚو لادان بوەستی. ئەم جۆرە هەڵوێستانە لای خۆت کۆکەرەوە بۆ سازکردن لە مامەڵە کردنت, چونکە نان‌و رۆن‌و ژیانیان لەناو دەستی تۆدایە.

"بەلاّم ئەوەی پەیوەندیی بەم مەسەلەیەوە هەیە " گەرانەوەیە بۆ سروشت" کە گوایە تۆ لە زانکۆ فێریبووی پێش ئەوەی من لە دایکبم, ببوورە کە بۆ ئەوە بچم تۆ لە تواناتدا بوو, وەك دیارە, لەو رۆژەوە هەر هیچ فێرنەبی. سۆشیالیزم پەیوەندیی بە "حاڵەتی سروشتی"یەوە نییە, مەگەر ئەگەر راستبیٚ کە حیسابی لە پێشگرتن (تفاصل) calculus پەیوندیی بە پۆلێك خوێندنی تەوراتەوەهەبیٚ.

من پێشتر چینە سەرمایەدارییەکەتم بەبێمێشك ناوبرد لە بارەی هەرشتێك کە لەدەرەوەی سنوری کاری بازرگانییەوەیە. وا تۆش, قوربان, نموونەیەکی زەقم دەدەیتە دەست راستیی ئەوە دەسەلمێنیٚ کە من دام بەرووتاندا."

ئەم لەدەمدانەوە سەختەی پارێزەرە کە لەیەك داوادا کرێیەکەی دەگاتە سەدهەزار دۆلار شتێکە زیاترە لەوەی کە مێشکی خاتوو برینتوو هەڵیبگریٚ. لەپڕ هیستریاکەی بەتەوژمبوو, خەڵکەکە ناچار بوون لە هۆڵەکەی بەرنەدەرەوە ئەویش

www.pertwk.com

دەگریاو پێدەکەنی.و چاکیانکرد, چونك هەندەی نەخایاند شتی خراپتری بەدواوە هات.

ئێرنست لەسەر قسەکەی خۆی رۆیی:

-" لەم بابەتەدا پەنا مەبەرە بەررای من. دەسەڵاتەکانتان شیاوی ئەوەن کە بە تێکڕایی بیسەلمێنن ئێوە بێمێشکن. ئەو "بەڵێنپارێز"ە بە کرێگیراوانەی کە توێشەبەرەی رۆشنبیرییان پێشکەشدەکەن ئاگادارتاندەکەن کە ئێوە هەڵەن. برۆ لای بچوکترین مامۆستا لە مامۆستایانی زانستی کۆمەڵایەتی لە زانکۆکەتان, دەڵێی بپرسە جیاوازی لە نێوان نیری رۆسۆ لەگەڕانەوە بۆ سروشت و تیۆری سۆشیالستدا چیی؟, لە گەورەترین پسپۆڕانی برژوازی دا راستەکانت لە زانستی ئابووریی سیاسیو زانستی کۆمەڵایەتیدا بپرسە, لاپەڕەکانی هەر کتێبێك لە کتێبەکانی واتە گواستنەوەی لەم بابەتەدا دانراون و لەسەر رەفەی کتێبخانەکان دانراون کە ئێوە بەخشینیان پێدەدەن هەڵدەوە, تەنی وەڵامێکیان تیادا دەبینی وەچیترنا, ئەویش کە هیچ هرمۆنییەت و تەبایێك لە نێوان گەڕانەوە بۆ سروشت و نێوان سۆشیالیزمدا نییە. هەرئەمەش نا, بەڵکو وەڵامیئەرێی (ئیجابی) تێکڕایی بریار لەسەرئەوەدەدا کە سۆشیالیزم و بۆ سروشت گەڕانەوە لەگەڵ یەك ناگونجێن, هەروەك گوتم لەم بابەتەدا تۆ لەسەر ڕای من مەبە. بێمێشکیتان لەوێدایە لەناو کتێبەکانیاندا تۆمارکراوە- کتێبەکانی ئێوە کە بۆ هەتاهەتا نایانخوێننەوە. بەڵام بێمێشکیی خودی خۆت تەنیا وێنەیەکە لەبێمێشکیی چینەکەت.

-" ئەی کۆلۆنێل ڤان جیلبرت, تۆ سەرت لە یاساو کاری بازرگانی دەردەچیٚ. تۆ دەزانی چۆن خزمەتی کۆمپانیاکان دەکەیت و قازانجی خاوەن پشکەکان بەگۆرینی یاساو شێواندنی زیاد دەکەیت. زۆر چاکە, ئەم ڕێگەیە بەرمەدە. تۆ کەسیەتێکی بەرچاوی. تۆ پارێزەرێکی زۆر کارمەی. بەڵام مێژوونووسێکی



خراپی. تۆ شتێك لەمەڕزانستی کۆمەلایەتی نازانیو زانیارییە بایۆلۆژییەکانت هی سەدەی پلینی " Pliny "ن .

لێرەدا کۆلۆنێلٚ ڤان جیلبرت لەسەر کورسییەکەی جینگڵی داو کشوماتییەکی قوولٚ ژوورەکەی داگرت. هەرکەسە بەدەمبەستراوی, جادوولێکراو, یان راستتر بەپەشێوی و ئیفلیجی دانیشت. ئەم جۆرە هێرشە ترسناکە بۆ سەر کۆلۆنێلٚ ڤان جیلبرتی مەزن شتێکبوو پێشتر نەبیسترابوو, شتێکبوو قەت بڕوا نەدەکرا. کۆلۆنێلڤان جیلبرتی مەزن کە قازییەکان لە بەردەمیا دەلەرزین هەر چەند جاریٚ ل هۆڵی دادگەدا دەوەستا. بەڵام ئێرنست هەرگیز لەگلٚ دوژمندا نەرم‌وشل نەبو.

ئێرنست گوتی:

-"هەڵبەتە, ئمە لەپیەی تۆ کەمناکاتەوە, هەر کەسە لەگەلٚ ئەوپیشەیەدا گونجاوە کە بۆی خولٚقاوە. بەڵام تۆ پێویستە لە سەرت خەریکی پیشەکەی خۆتیو, منیش خەریکی پیشەی خۆم دەبم. تۆ بەشێکی پشپۆریت هەڵبژاردووە, کە پێویست بەزانینی یاسا دەکات. بەزانینی چاکترین رێگە دەکات بۆ خۆدزینەوەو راکردن لە یاسا, یاخود دانانی یاسایەکی نویٚ کە لەبەرژەوەندیی کۆمپانیا دزەکاندا بیٚ.

دەبینی لەبەر پێتا لەناو خۆڵە پۆتا دەگەوزم, بەڵام کە کارەکە پەیوەندی بەزانستی کۆمەلایەتییەوە دەبیٚ- واتە پیشسازی من- ئەوحەلە تۆ لەبەرپێی مندا لەناو خۆڵدا دەگەوزیٚ.

ئەوەت چاك لەبیربیٚو لەبیریشتنەچیٚ کە یاساکەت ماوەی تاکەرۆژێکە, تۆ لوماوەیەدا شارەزانیت کە زیاتر لە رۆژێك دەگرێتەوە. ئیتر دووپاتکردنە لەخۆوەکانت و گشتکردنە سەرکێشەکانت لەمەسەلەکانی مێژوو و زانستی کۆمەلایەتی ئەو هەناسەیە ناهێنن کە تۆ بۆیان بەفیڕۆی دەدەیت."

www.pertwk.com

ئێرنست ساتێك هێوربۆوەو لە كۆلۆنێل ڤان جیلبرت راما, سەیری دەموچاوی كرد, تێبینیكرد كە دەموچاوی غەزەبی لێ دەباریێ هەناسە بڕكێی پێكەوتووە, لەشی لەتاو ئازاردا جینگڵدەداو, هەردوو دەستە سپییەچرچەكانیشی بەشێوەیكی دەمارگرژانە دەنووقانو پاشان دەكرانەوە.

–"بەڵام وابزانم تۆ چەند هەناسەیەكت هەیە گەرەكتە سازیان بكەیتو, سافن دەرفەتی سازبوونیانت بۆ دەرەخسێنم. چینەسەرمایەدارەكەتم تۆمەتبار كرد. نیشانمدە كە ئەم تۆمەتباركردنەم راست نییە. كلۆڵیی ئادەمیزادی نوێم بۆ دەرخستی– سێ ملیۆن منڵی كۆیلە لە وڵاتە یەكگرتووەكاندا, كە ئەگەر رەنجی ئەوان نەبێ– سەرمایەدارەكان قازانجیان دەسناكەوێ, هەروەها پانزە ملیۆنیش لەوانەی پێویستیان بە خواردەمەنی تەواو و جلوبەرگی لێوشاوەو, ماڵی باش هەیە. سەرنجم بۆ ئەوە راكێشای كە وزەی بەرهەمهێنانی ئادەمیزادی نوێ لەسایەی رێكخستنی كۆمەلایەتیو بەكارهێنانی ئامێردا, بۆتە هەزار جار وزەی ئادمیزادی ناو ئەشكەوت. ئەوەم دەرخستو دیاریكرد كە پیاو تەنیا لەرێگەی ئەم دووراستیەوە دەتوانێ بگاتە تاكە دەرئنجامێك:

رەفتارو رێكخستنی چینی سەرمایەداری خراپبوو. ئەوەبوو ئەو تاوانەی ئاراستەمكردی, لەئەنجامدا بەتایبەتی لەرووی تۆدا وەستام, كەرەتی كەیتەوە. نەخێر لەوەش زیاتر چووم مەن پێشبینی ئەوەم كرد كەتۆ تەقەلا نادەی رەتیكەیتەوە.

ئەركی خودی خۆت بوو كە پێشبینییەكەم بهاڕیت. گوایە دوانەكەی من خۆ بهەڵە بردنە. خۆبەهەڵەبردنم نیشاندە كاكی كۆلۆنێل ڤان جیلبرت, ئەو تۆمەتە راتكەوە كەمنو هاوڕێیەكانم كە ژمارەیان دەگاتە ملیۆنو نیوێك, ئاراستەی تۆو چینەسەرمایەدارەییەكەتم كرد.



كۆلۆنێل ڤان جیلبرت بەتەواوەتی لەبیریچۆوە كە ئەو سەرۆكایەتیی كۆبوونەوەكی دەكردو دابو نەریت وای پێویستدەكرد كە ڕێگەی قسەكردن بەداواكەرانی بدات.

هەستایە سەرپێو هروەها باڵیو رەوانبێژی و دەسەڵاتەكەی بەلاوەناو, دەستیكرد بە جنێودانی ئێرنستو لاویەتییەكەیو دیماگۆكییەتەكەی, جانەوەرانە– هێرشیكردە سەرچینی كرێكاران. هونەرمەندانەی هیچوپووچیو ناكاریگەریەتەكەی وێنە كێشا.

ئێرنست بەرپەرچی ئەم شاڵاوەی دایەوەو گوتی:

–" لاویەتیم هیچ پەیوەندیی بەوەوە نییە كە جارمدا, نەخێر, هەروەها هیچوپووچیی چینی كرێكرانیش پەیوەندیی پێوە نییە.

چینی سەرمایەدارم تاوانباركرد كە رێكخستنی كۆمەڵی خراپ بوو. چاكی بەرێوەنەبردو رێكینەخست, تۆ ئەو تۆمەتانەت راتنەكردەوە. بەڵكو تۆ هیچ تەقەلایەكت نەدا بۆ رەتكردنەوە لەبەرچی؟ ئایا لەبەر ئەوەی تۆ وەڵامت بەدەستەوە نییە. تۆ پاڵەوانی ئەم هەموو یانەیەی. هەر كەس لێرەیە. جگە لەمن چاوی بڕیوەتە لێوەكانت داوای ئەو وەڵامە دەكات. چونكە ئەوان خۆیان وەڵامیان بەدەستەوە نییە. بەڵام من دەمزانی وەك لەمەوبەر گوتم– تۆ ناتوانی وەڵاممبدەیتەوە. هەرئەمەش بەتەنیا نا, بەڵكو دەمزانی – تۆ تەقەلای وەڵامدانەوە نادەیت."

كۆلۆنێل ڤان جیلبرت هاواریكرد:

–" ئەمە شتێكە قەبووڵناكرێو سووكایەتی پێكردنە!"

ئێرنست زۆر بەهێمنی وەڵامیدایەوە:

–" ئەوەی قەبووڵناکرێ نەویستنی وەڵامدانەوەتە. کەس نییە لوانەبێ لەرووی هزرەوە سوکایتی پێبکری سووکایەتی لە سروشتی خودی خۆیدا, هەڵچوونە, وەرەوە سەر هێمنیی و هەستو هۆشت لای خۆتبێ. وەلامێکی فیکریم لەبابەت تۆمەتبارکردنی عەقڵیم بدەرەوە کە تیایدا گوتم چینی سەرمایەداری رێکخستنی کۆمەڵی چاکنەبوو, خراپبوو."

کۆلۆنێل ڤان جیلبرت خۆی ماتکردوو لەروویا نیشانەی خۆپارێزیو گرژوومۆنی دەرکەوت. وك ئەو نیشانەیەی لەرووی یەکیچکدا دەردەکەوێ کە بێزی نەیە دەمەقاڵێ لەگەڵ کەسێکی بێئەقڵو ناپیاودا بکات.

ئێرنست گوتی:

–" پەشتمەبەو دڵت نەشکێ. ئەوەندە دڵنیایت بەسبێ کە هیچ کەس لەرۆڵەکانی چینەکەت تاکو ئەمڕۆ نەیتوانیوە ئەم تۆمتە رەتبکاتەوە."

ئینجا roویکردە ئەو کسانەی سووتاوی قسەکردن بوون:

–" وا ئێستاش دەرەفەتیان بۆ هەڵکەوت, ئەوی هەتانە بیڵێن, لەبیرتان نەچێ کە من لێرەدا پەنجە دەخەمە چاوتان کە ئەو وەڵامەی کۆلۆنێڵ ڤان جیلبرت نەیتوانی بیداتەوە ئێوە بیدەنەوە."

لەتوانی مندا نییە, ئالێرەدا هەرچی لەوگفتوگۆیەدا وترا تۆماریکەم. من پێشتر قەت نەمدەزانی لەماوەی سێسەعاتدا دەبێ چ قسەیەك بکات.بەهەرحاڵ, ئەوە شتێکی سەربەرزانەبوو, هەرچەندە وروژاندنو شڵەژاندن تاویان بۆ دوژمنەکانی ئێرنست دەهێنا ئەو زیاتر دەیوروژاندن. دەسەڵاتێکی ئینسیکلۆپیدایی بەسەر زانیارییەوە هەبوو. بەواتایەکی تر. بەتێوەژەنیێکی وەك زەبری شمشێر کونیدەکردنو شەق شەقیدەکردن. نالۆجیکییەکەی (نامەنتیقی) دەرخستنو دەستیانی خستنە سەری. ئەمە پێوەرێکی لۆجیکی خراپەو, ئەوەش



دەرئەنجامێکە پەیوەندیی بە پێشەکیی لۆجیکییەوە نییە. لە کاتێکدا ئەو پێشەکییە لۆجیکی (مەنتیقی)یە لەخشتەبەرە چونکە لەتوێکانیدا زۆر فێڵزانانە, ئەو دەرئەنجامەی شاردەوە کە تەقەلایاندەدا بەڵگەی بۆ قوتبکەنەوە ئەمەش هەڵەیەو, ئەوەش لافلێدانە, ئەوەش دووپاتکردنەوەیە لەگەڵ راستیی بڕیاردراودا ناگونجێ, هەروەك لە گشت کتێبەکانی خوێندندا هاتووە.

بەمجۆرەو بەمجۆرەو, هەندێ کات شمشێری بەکوتەك دەگۆڕینەوە. بە چەپو راست پێی بەهزرەکانیاندا دەناو وردوخاشی دەکردن. هەردەم لەسەر راستیەکان سووربوو, وتووێژی لەسەر تیۆرەکان دەدایە دواوە, بە زیندانێکی زۆر خراپ بەزاندنی, ئەوان هەرچەندە هێرشیاندەکردەسەر چینی کرێکار, ئەو بەم قسەیە بەرپەرچیدەدانەوە:" نموونەی ئێوە وەك نموونەی مەنجەڵێکی رەشداگەڕاو وایە, کەچی بەجزوی قاوە دەڵێ: تۆ رەشی!

ئەمە وەڵامی ئەوتۆمەتە نییە کە دەڵێ رۆتان پیسە."

پێی دەگوتنو بەهەرکەسێك لەوانی دەگوت:" بۆچی وەڵامی منتان نەدایەوە بە توانبرکردنی چینەکەتن بەبەد رەفتارو خراپیی رێکخستن؟ شتی دیکەتان باسکرد, ئایا ئەوە دەبێ لەبەرئەوە بێ کە ئێوە وڵامتان بەدەستەوە نییە؟

مستەر ویکسن قسەینەکرد هەتا ئەو کاتەی کە دەمەقاڵێیەکە بەرو کۆتایی چوو. ئەو تاکە کەسبوو لەسەر خۆنەشێواندنو هێمنی خۆی مایەوە. ئێرنست رێزی ئەوی پتر لەهەموان دەگرت.

مستەر ویکسن بە داناذیۆ هێمنی گوتی:

–" هیچ پێویست بەوەلامدانەوە ناکات. بەسەر سوڕمانو قێەوەنی ئاگام لە هەموو دەمەقاڵێیەکە بوو. من قێزم لە جەنابتان دەبێتەوە ئەی رۆڵەکانی چینە کۆمەلایەتییەکەم, وەك منالانی ساویلکەی قوتابخانە رەفتارتانکردو لەهۆیەکانی

www.pertwk.com

ئەوەد رەوشتو هەورەتریشقە سیاسی ئاساییتان تێر نجاندە ئم دەمەقاڵێیە. بەزین و هرەفی پێشکەوتنەوەی لەدەس دەرهێنان. زۆربڵێی و قسەی تێکەڵو پێکەڵتان چەند زۆر بوو, بەلاّم ئەوە گشتی تەنیا ویزەویزبوو وەك مێشوولە لەدەورەی ورچدا ویزەویزتان بوو.

بەرێزان ئائەمەتا ورچ لەبەر دەمتانا "ئاماژەی بۆ ئێرنست کرد گیزو ویزەتان لەوەزیاتر نەبوو کە یاری بەگوییێکانی بکات."

"بڕوام پێبکەن ئەگەر گوتم بارودۆخەکە ترسناکە. ئەو ورچە ئەمشەو چەپۆکەکانی بۆ هارینمان کردونەتەوە " .

گوتی لەولاّتە یەکگرتووەکاندا ملیۆن ونیوێك شۆرشگێڕ هەن.

ئەمە راستییەو گوتی ئەوانە سوورن لەسەر ئەوە حکومەتەکەمان وخولیاو هەمووخۆشییێکی ئۆرۆستۆکراتیمان لەدەست دەربێنن. ئەمەشین راستیەکە, ئەوەی کە ئەمڕۆ کۆمەڵ تووشی بووە, گۆڕانێکی گەورەی بەسەردابیٚ, بەلاّم رێککەوت وادەخوازیٚ وا دەخوزیٚ ئو گۆڕانەنە نەبیٚ کە ورچەکە بەتەمایەتی. ورچەك گوتی ئەو ئێمە دەهاڕیٚ. بەلاّم ئێوە دلێن چی ئەگەرئێمە ورچەکەمان هاڕی؟!"



قڕەقڕی دەنگی قورگەکان لە هۆڵەکەدا بەرزبۆوە. هەندیٚ کەس بۆ هەندێکی تر سەریان لەقاند و لایەنگیری و بێگومانیی خۆیان دەربڕی. نیشانەی توندوتیژی لەروویاندا دیاربوو. شەڕکەر بوون, ئەوەش شتێکە گومانی تێدانییەو لەئارادایە.

مستەر ویکسون بەساردیو قورسی و گرانییەوە لەسەر قسەکەی بەردەوامبوو:

–"سا ورچەکە راودەکەین و ئێمە بەقسە بەرپەرچی ورچەکە نادەینەوە. نەخێر, وەلاّمی ئێمە لەزمانی گوللەدا بەتاڵدەکریٚ.

ئێمە خاوەن دەسەلاّتین. کەس ناتوانیٚ نکووڵی لەوە بکاتو لەسایەی ئەو دەسەلاّتەدا دەسەلاّت بە خۆمانەوە دەگرین."

لەپڕ روویکردە ئێرنست. ساتێکی دراماتیکییانە بوو:

–"ئیتر ئەوەیە وەلاّممان. قسەی ترمان لەدەمەقاڵێکردن لەگەڵیا بەفیڕۆی بدەین. بەلاّم تۆ دەستەبەهێزە درێژەکانت بۆ کۆشكو خۆشگوزەرانییە ئۆرستۆکراتییە ئەرخەوانپۆشەکەمان درێژ ناکەیت. هەتاکو ئێمە نیشانتدەدەین کەهێز چییە. ساوەلاّمی ئێمە لەهارژنەی بۆمباو پڕیشكو گرمەی تۆپی میکانیکی خێرا[55] بەتاڵدەکریٚ. ئێمە لەژێر پاژنەکانمانا دەتانهاڕین و سا بەسەردەموچاوتاندا دەڕۆین, ئەی شۆڕشگێڕان. جیهان جیهانی ئێمەیە, ئێمە دەسەلاّتداری ئەوین و جیهانەکەمان هەتا هەتا دەمێنیٚ, بەلاّم کۆمەلاّنی خەڵکی کرێکار هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە لەناو چڵپاودا دەگەوزن, من مێژوو دەخوێنمەوە وەك چۆن پێویستە بخوێنرێتەوە, لەپیسایيدا هەردەگەوزن مادامەکی من و رۆڵەکانی چینەکەم و ئەوانەی جێی ئێمە دەگرنەوە دەسەلاّتمان هەیە, ئەمە قسەیەکە, شای قسان:–

"دەسەلاّت. نەخواوەند, نە سامان, بەڵکو دەسەلاّت, لەسەر زمانتی بگێڕە هەتاکو پێی سڕ دەبیٚ. دەسەلاّت."

ئێرنست لەسەرخۆ وتی:



(55) بۆ روونکردنەوەی رێچکەی بیرکردنەوە لەوسەردەمانەدا ئەوپێناسە لە"فەرهەنگی گاڵتەجار"ی ساڵی 1906دا هاتووە, پیاوێك دایناوە, ناوی "ئەمبرۆز بیرس"ە Bierceو توندو تیژترین ناحەزانی مرۆڤبوو لەوزەمانەدا:" بۆمبای هێشویی"ناوی بەڵگەیەکە دوارۆژ بۆ سۆشیالیزمی ئەمەریکی سازیدەکات.

www.pertwk.com

–وەڵامم دەسکەوت، ئەوە تاکە وەڵامە کەدەشێ بدرێتەوە. دەسەڵات، ئەوەیە کەئێمەی چینی کارگەران داوایدەکەین. ئێمە دەزانیی و لەڕێگەی ئەزموونی تفتو تاڵدا چاکدەزانین کەنەماف و نە عەدالەت و نەمرۆڤایەتی، ناتوانن کەللەی ئێوە نەرمکەن. دڵتان رەقە وەك پاژنەکانتان کە سەرو گوێلاکی هەژارانیان پێدەکوتنەوە. ئاواش ئێمە داوامانکرد کەپێویستە دەسەڵات بگرینە دەست و بەدەسەڵاتی دەنگەکانمان رۆژی هەڵبژاردن حکومەتەکەتان لەدەس دەردێنین..."

مستەر نیسکون پەڵپی پێگرت و پرسی:

–"حیسابی ئەم گریمانکارییەشمان کردووە. سا وەڵامی خۆمان لە زمانی گوللەدا پێشکەشتاندەکەین. جارێدا کەوشەی "دەسەڵات" پاشای وشان. زۆر چاکە، کەواتە دەسەڵات دەبێتە بڕیاردەر، ئەورۆژەی لەڕێگەی سندووقی دەنگدانەوە سەرکەوتن بەدەستدێنن، قایلنابن جڵەوی ئەو حکومەتە بدەنە دەست ئێمە کە بەشێوەیەکی دەستووریی و ئاشتییانە دەستمان بەسەردا گرت و، پرسیار دەکەن لەبەرامبەر ئەمەدا چی دەکەین؟!

دەڵێم لەورۆژەدا وەڵامتاندەدەینەوە. جا وەلاممان لەهارژنەی بۆمباو پریشکەکانی، لەگرمە تۆپی ئۆتۆماتیکی خێرادا بەتاڵدەکرێ.

"ئێوە ناتوانن لەئێمە دەربازبن. راستە تۆ مێژووت خوێندۆتەوە وەك چۆن پێویستە بخوێنرێتەوە. راستە کە جەماوەری کارگەران لەبەرەبەیانی مێژووەوەو تا ئێستا لەناو پیساییدا دەگوزەرێن. راستیش کەمادامەکی تۆو رۆڵەکانی نەتەوەکەت، ئەوانەی جێی ئێوە دەگرنەوە، جڵەوی دەسەڵاتتان بەدەستەوەیە، ئەو کارگەرانە هەر لەناو پیساییدا دەکەون. من ئەمەت پەسەند دەکەم. من هەرچی گوتت پەسەنیدەکەم، هێزبڕیار دەدا. وەك چۆن هەمیشە بڕیار بووە. ئەوە ململانێی چینەکانە. وەك چینە کۆنەکەی بەگزادەی دەرەبەگەکان کەچینی ئێوە



رووخاندی، ئەویش ئاوا بەدوری خۆیدا دەڕوخێ، ساچینەکەی من، چینی کارگەران، دەبێتە خاوەن چاکە لە رووخاندنیدا. ئەگەر بێتو تۆ زانستی بایۆلۆجی و زانستی کۆمەڵایەتی بخوێنێتەوە، وەك ئەو روونیی و ئاشکرایییەی مێژووی پێدەخوێنێتەوە دەبینی کە ئەو ئاکامەی باستکرد، کارێکە هەر دەبێ ببێ. جا ئەوە لە ساڵێکدا ببێ، یاخود لە دەساڵدا، یاخود هەزار، هەڵبەتە چینەکەی ئێوە لەعەرشەکەی دەهێنرێتە خوارێ. هەرەسهێنانەکەی بەری دەسەڵات دەبێ. ئەم وشەیەمان لە کەلەی خۆمانا گێڕا، تەنانەت عەقڵیشمان پێی سڕبوو. دەسەڵات وشەیەکی پاشایانەیە!"

بەمجۆرە ئەوشەوەی لەیانەی فیلوماثییەکاندا بەسەرمانبرد، دوایی هات.

www.pertwk.com

# بەشی شەشەم

## سەرنجەکان (تێلنیشانەکان)

www.pertwk.com

## سەرنجەکان (تیلنیشانەکان)

هەر لەدەوروبەری ئەوەماوەیەدا مەترسیی رووداوەکانی داهاتوو لە دەوریاندا بەپەلەو بەزۆری دەستیان بەسەردەرهێنان کرد. ئێرنست سەرنجی باوکمی بۆ خراپیی ئەنجامی ئەو پێشوازییەی دوایەی پێشەواکانی سۆشیالستەکانو کرێکارەکانی کە لەماڵەکەیدا کردی,. ڕاکێشا, هەروەها ئامادەبوونی بەئاشکرای لە کۆبوونەوەکانی سۆشیالستەکان. باوکم بەمە زیاتر پێکەنینی گاڵتەجاڕیی بە مەترسییەکان هات. بەڵام من زۆر سوودم لەو نزیکبوونەوەیەی پێشەواکانو ڕووناکبیرەکانی چینی کارگەران دەدی. رووەکەی تری بارەکەم بەدیکرد.

شادبووم بەو لەخۆبردنو میتافیزیکییەی (میسالییەتەی) هەستم پێکردن. هەرچەندە کەمن زەندەقم لەسەختیو گرانی ئەو کتێبە فەلسەفیو زانستییانە چوو کە لەسۆشیالیزمیان دەکۆڵییەوە, ئەو کتێبانەی خرابوونە بەردەستم. زوو فێردەبووم. بەڵام ئەوحەلە بەو خێراییە تەواوە فێرنەبووم کە وام لێبکا لە مەترسیی بارودۆخەکەمان بگەم. چەند مەترسییەك هەبوون, بەڵام هەستم پێنەکردن. بۆ نمونە خاتوو بیرتونوایپو خاتوو ویکسن. دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی یەکجار زۆریان هەیە لە زانکۆی شارەکەماندا. لەناو خەڵکیدا بڵاویانکردەوە کە من زیاتر لە پێویست کچێکی پێشکەوتنخوازمو, من ڕێبازێکی خۆ تێهەڵقوتانو دەستخستنە ناو ئیشوکاری هی دیکەم هەیە. وا هاتە بەرچاوم ئەوە زۆر سروشتییە. لەبەر ئەو دەورەی لە لێکۆڵینەوەی مەسەلەی قوڵی جاکسندا نواندم. بەڵام بەتەواوەتی رادەی ئەو شوێنەوارە خراپەم نەزانی شیاوی ئەو داوایەبێ کە لەدوو خانمی ئاوای خاوەن دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتیی گەورە دەربچێو لە دڵو دەروونی خەڵکیشدا کاربکات.

بەراستی من تێبینی هەندێ خۆ کشاندنەوەی دەستە خوشكو برادەرەکانم کرد, بەڵام ئەمەم وا لێکدایەوە ئەو بە سووك تەماشاکردنەم کە باڵی بەسەر ئەڵقەکانی دەورو بەرەکەیدا کێشا لەبەر بڕیاردانی شووکردنم بێت بە ئێرنست.

تەنیا پاش ئەوە بەماوەیەکی کورت ئێرنیست بۆی روونکردمەوە ئەم هەڵوێستە گشتییەی چینەکم شتێك بوو زیاتر لەوەی کە لەخۆوە بێو چەند هۆیەکی شاردراوەی رەفتارێکی رێکوپێك لەدوایەوە بوون. گوتی:

—"داڵدەی دوژمنێك لە دوژمنەکانی چینەکەتدا بەتەنیا هەرئەمەش  نا, بەڵکو خۆشەویستیشت پێبەخشی. خۆتت پێشکەشکرد. ئەمە ناپاکیکردنە لە چینەکەت. ئاگاداربە کەوابزانی لەسزادان دەربازدەبی.

بەڵام هەتا پێش ئەوە بەماوەیەك باوکم رۆژ لە زەردانێك گەڕایەوە ماڵەوە. ئێرنست لەتەکمەوە بو, توانیمان باوکم ببینین بەجۆرێکی فەلسەفیانە تووڕەیە—تووڕە. لەڕاستیدا باوکم بەدەگمەن تووڕەیی سەرکێشانە دایدەگرت, بەڵام پلەیەك تووڕەیی کپکراوی بە خودی خۆی ڕەوادەبینی. ئەو پلەتووڕەییەی بەدەرمانێکی بەهێزکەر ناودەبرد. لە توانای مندا هەبوو بیبینین ئەو شتێك لەم ""دەرمانە بەهێزکەرە" بخواتەوە کە هاتە ژورەوە.

—"راتان چییە؟ نانی نیوەڕۆم لەگەڵ ویلکۆکس خوارد." ویلکۆکس سەرۆکی زانکۆی خانەنشینکراو. ئەقڵە سیسەکەی بە گشتیکردنگەلێك ئاخنرابوو وکەساڵی 1870 تەڕو پڕ بوون, بەڵام لەوکاتەوە تەقەلاینەداوە پێیاندا بچێتەوە.

باوکم جاڕیدا:

—"بانگکرابووم, داوام لێکرا کە بچم."

کەمێك بێدەنگبوو, چاوەڕوانبووین.

www.pertwk.com

–" ئـای. ئـەوە یـەکجار نایابانـە رەخـسا. مـن ئەمـە دەسـەلمێنم, بـەڵام سەرکۆنەکرام, منو ئەو, پێش ئەوە کەسێکی بیروڕا کۆنینەی داڕزاو Fossil !"

ئێرنست گوتی:

_(گرەوت لەگەڵ دەکەم من دەزانم بۆچی سەرزەنشتکرای)

باوکم پێکەونیو گوتی:



–(ئەگەر سێ جار دەرفەتیشت بدەمێ هەڵیبیێنی، هەرنازانی)

ئێرنست وەڵامی دایەوە:

–(دەرفـەتێکم بەسـە، ئـەوەش بەهـەرحاڵ هـەڵهێنان نـابێ ئـەوە دەرئـەنجامێك دەبێ، لەبەر ژیانی تایبەتیت سەرزەنشت کرای)

باوکم هاواری کرد

–(بەتەواوەتی وایە ! چۆنت هەڵهێنا)

–(دەمزانی هـەردەبێ ئـەوە رووبـدات پێش ئەمرۆ لـەم جۆرە ئەنجامـە ئاگـادارم کردیت)

باوکم لەناوگێژەنەی بیرکردنەوەدا گوتی:

–( بـەڵێ ئاگـادارت کـردم، بـەڵام مـن بڕوامنـەکرد ئـەوە ببـێ. بەهـەرحاڵ ئەمـە بەڵگەیـەکی نـوێم دەداتـە دەسـت بـێ دەنگکـەر تـرە، لەنووسـینەکانمدا دەقەکـەی تۆمار دەکەم)

ئێرنست لەسەرقسەی خۆی بەردەوام بوو:

–(ئەمە سەبارەت بەوەی دوا رۆژ پێشانتدەدا شتێکی ئەوتۆ نییە ئەگەر بێتـو لەسـەر نەخـشەکەت رۆیـتو واز لەپێـشوازی لێکردنـی ئـەو سۆشیالـستو رادیکالەلییانـە بەهـەموو جۆرەکانیانـەوە بێنـی لـەماڵی خۆشـداو) لەناویانـدا پێشوازی لێکردنی منیش)

_(ویلکۆکس)ی پیرەمێـرد بەتـەواوەتی ئـەوەی گـوت دەربـارەی هـەموو شـتێکی رێ پێنـەدراو دوا گـوتی ئـەوە نیـشانەی چـێژێکی خراپـە، هـەردەبێ ببـێ، لەگـەڵ دابو نـەریتی زانکـۆو سیاسـەتەکەیدا نـاگونجێ، لـەبارەی زۆرشـتی لـەو بابەتـە نادیـارەی خـۆی قـسەی کـرد، نـەمتوانی وای لێ بکـەم قـسەکەی لـەخودی مەسەلەیەکدا کۆبکاتـەوە، زۆرم نارەحـەت کـرد، ناچـار بـوو خـۆی بجوێتـەوەو پـێم بڵێ کەتاچ رادەیەك رێزم لێدەنێو تاچ رادەیەك جیهان رێزم لێدەنێ بەوەی کەزانام پیاو هەق بڵێ ئەو ئەرکەی بەدڵنەبوو، دەمتوانی تێبینـی ئـەوە بکـەم کەئـەو حـەزی پێنەدەکرد)





ئێرنست گوتی:

–(ئەویش خۆی ئازادیی، رەفتار کردنی نەبوو ئەوەی هەردوو پێـی بەکۆتـەوەن teg gar [56] هەمیشە بەرووخۆشیو ئاقڵمەندی، ئاگاداری ناکرێ)

_(بـەڵێ، ئـەوە ئەوەنـدەی کـەلێی تێگەیـشتم، گـوتی زانکـۆ ئەمـساڵ پێویـستی بـەپارەو پـوولی زیـاتر هەیـە لـەوەی کەولایـەت ئـارەزوو دەکـات پێـشکەشی بکـات، ئەوپارەو پوولانەش دەبێ لەهەندێ لـەو دەوڵەمەندانـەوە بـن کـەدەبێ لادانـی زانکـۆ لەبـەها بـەرزەکانی دڵیـان بتـەزێنێو ئـەوەش لێکۆڵینـەوەی پتـەوو عـەقڵی پتـەو دەیکەن. کە هەوڵمدا وای لێ بکەم بیخەمەسـەر لێکۆڵینـەوەو دەمـەقاڵ لەپەیوەنـدیی ژیـانی ماڵەوەمـدا بـەلادانی زانکـۆ لەبـەها بـەرزەکانی، پێـشنیازی کـرد مۆڵـەتی دوو سـاڵم بەمووچـەی تـەواو بـداتێ لەئـەوروپادا بەسـەری بـەرم بـۆ حەسـانەوەو

(56) لەو رۆژانەدا بەم شێوەیە کۆتو پێوەندیان لەقاچی کۆیلە ئەفریقییەکان دەکرد، هەروەها واشیان لەتاوانکارەکان دەکرد. ئەم نەریتە لەگەڵ دەرکەوتنی سەدەی (برایەتیی نێوان مرۆڤ)دا لەناوبرا.

www.pertwk.com

راپەرانــدنی هەنــدیٚ لێکۆڵینــەوە زانــستی ئاشــکرایە مــن لــەم پێــودانگ‌و سەرلێکچوونانەدا بەبەخشینەکەی رازی بووم)

ئێرنست بەخەمۆکییەوە گوتی:

_(ئەگەر قەبووڵت کردبا هەزار جار بۆتۆ باشتر بوو)

باوکم بەنارەزاییەوە گوتی:

_(بەخشینەکەی تەنها هەر بەرتیل بوو)

ئێرنست سەری لەقاند کەنیشانەی قایل بوونە، باوکم لەسەر قسەی خۆی بەردەوام بوو:

–(لەســەرووی ئەمــەوە، ســواڵکەرەکە گــوتی قــسەییٚ هەیــە، لەســەرمێزی چاخواردنەوە گوتراوەو دەگوتریٚ، پوختەکەی ئەوەیە کەکچی من، لەبەرچاوی خەڵك، لەگەڵ کەسیەتیەکی وەك تۆی تابڵێی بەدناودا هەڵدەستیٚ‌و دادەنیشیٚ، ئەمەش بەهیچ جۆریٚ لەگەڵ گیانی زانکۆو شەرەفمەندییەکەیدا ناگونجیٚ، ئەوەش مانای ئەوەنییە ئەو خودی نارازییە، ئای، نەخێر، بەڵام خەڵکی قسە دەکەن‌و واچاکە بۆ من کەتیٚ بگەم)

ئێرنست خۆی لەم قسەیەدا بیری‌کردەوە، خەمۆکییەکی قووڵی مەیلەو رقێکی ئەستوور بەرروویەوە دیاربوو، پاشان گوتی:

_(لەپشت هەموو ئەمەوە شتێکی زیاتر لەنموونەی باڵای زانکۆ هەیە، هەڵبەتە یەکێك پاڵەپەستۆی خستۆتە سەر سەرەك‌و ویلکۆکس.

دەموچاوی باوکم ئەوەی پێوەدیاربوو کەقسەکانی ئێرنست، زیاتر خۆ تێهەڵقورتانی‌و وروژاندنی لەوەی کەترسەکەی بوروژێنیٚ پاشان لێی پرسی:

_(بەمەزەندەی تۆ وایە؟)

ئێرنست گوتی:

_(خۆزیا دەمتوانی ئەو بیرۆکەیەت بۆ باس بکەم، کەلەمێشکمدا بەشێوەیەکی تەمومژاوی تێك ئالاوە، مێژووی جیهان ماوەیەکی وای بەخۆیەوە نەدیوە تیایدا کۆمەڵ لەژێر رکێفی گۆرانێکی ترسناکی بەردەوام بووبیٚ زیاتر لەو سەردەمەی کەئێمە تێیدا دەژیین ئەم گۆڕانە خێراخێرا ناوەختانەش کەبەسەر سیستمە پیشەسازییەکەماندا دێن گۆرانکاریی وادێننە کایەوە کەخێراییەکانیان لەدروستبوونی ئایینیمان‌و لەدروستبوونی سیاسیمان‌و دروستبوونی کۆمەڵایەتیمان کەمتر نین.

ئەمرۆکە شۆڕشێکی ترسناکی نەبینراو لەتەونی کۆمەڵ‌و دروستبوونەکەیدا بەڕێوەیە، ئەوەشتی وەهایە بەشێوەیەکی نادیارنەبیٚ پیاو ناتوانیٚ هەستی پیٚ بکات. بەڵام ئەمرۆ کەلەبارێکی تەلکە تەمێکدایە مرۆ دەتوانیٚ سێبەرە تەماوییەکەی بەدی بکات، شتی قەبەو زلی نادیار، زۆرو زەبەنگ ئاوەزیشم لەئاست بیرکردنەوە لەو وێنە کۆتاییەی کەتیایاندا دەرەخسیٚ دەسڵەمێتەوە، من خۆم گوێم لەویکسون بوو ئەوشەوە قسەی دەکرد، لەپشت قسەکانیەوە هەمان ئەو شتانە هەبوون نەناویان هەیەو نەشێوە، کەئێستا هەستیان پیٚ‌دەکەم لەقسەکەیدا راپەرموونێکی هوشیارانەی وادەردەچوو کەدوورتربوو لەوەی هۆشیاریبیٚ.

دوایی باوکم هێور بۆوە، قسەکەی تەواو نەکردو گوتی:

_(مەبەستت...)

_(مەبەستم ئەوەیە تارمایی شتێکی بەسامی بەگەف‌و هەڕەشە، تەنانەت لەم رۆژگارەی خەڵکدا وای لێهات بنیشێتە سەر وڵات، حەز دەکەی ناوی بنیٚ تارمایی جۆرە ئۆلیگارکییەتێك ئەوە نزیکترین وێنەیە کەدەوێرم بۆی بکێشم، بەڵام

www.pertwk.com

سروشتیەکەی چ دەبیٚ، ئەوە شتیٚکە نامەویٚ بیهیٚنمە بەرچاوی خۆم[57] بەلاٚم ئەوەی ویستم بیلٚیٚم ئەمەیە: تـۆ لەمەلٚبەندیٚکی بەمەترسی دەورە دراوی مەترسییەکە هیٚجگار ترسم زۆر دەکات، چونکە تەنانەت ناتوانم رادەی بزانم، یابکەومە بنج و بناوانی. ئامۆژگارییەکەم وەرگرە بەمۆلٚەتەکە قایلبە)

بەنارەزاییەوە گوتی:

_(بەلاٚم لەوانەیە ئەم قایل بوونە ترسنۆکی بیٚ..)

_(نەخیٚر، بەگشتی، تۆ پیاویٚکی پیری، پەیامی خۆت لەم جیهانەدا بەجیٚ گەیاند، پەیامیٚکی مەزنیش بوو، جەنگی ئیٚستا بۆ لاوان و هیٚز جیٚ بیٚلٚە، بۆ ئیٚمەی جەحیٚلٚ، هیٚشتا پەیامەکەمان بەجیٚ نەگەیاندووە، (ئیڤیس)یش لەرووبەرووبوونەوەی رووداوەکانی دوارۆژدا لەتەك مندا دەوەستیٚ و پشتم دەگریٚ. ئەو دەبیٚتە نویٚنەری تۆ لەبەرەی تیٚکۆشانا)

(57) هەرچەندە خەلٚك وەك ئیٚڤەرهارد، خەویان بەسروشتی ئەوتارماییە نەدی، تەنانەت بەرلەرۆژگاری ئەو، خەلٚك هەبوون چەند چاوخشانیٚکیان لیٚبەدی کردبوو، جۆن کالهۆن CALHOUN گوتی: (لەناو رژیٚمدا هیٚزیٚك سەریهەلٚدا لەخودی گەل مەزنتر بوو لەزۆر بەرژەوەندیی بەهیٚزی جیاجیا پیٚکدەهات لەتاکە پەلیٚك یەکیگرت و لەسایەی زیٚدە بایی زل و زەبەنگدا لەبانکەکان و جۆش پیٚ دراوەکەی تۆکمەو توندو تۆلٚ بوو) مرۆڤخوازی گەورە ئەبراهام لەنکۆلٚن بەرلەکوشتنی یەکسەر گوتبووی: من لەدوا رۆژدا قەیرانیٚکی خشۆك بەدیدەکەم جەرگم دەدریٚنیٚ و تەزوو بەهەموو لەشمادیٚنیٚ لەبەر سەلامەتیی نیشتمانەکەم کۆمپانیاکان گەیشتنە لوتکەو سەردەمیٚکی گەندەلٚی (فساد) لەدەزگا بالاٚکانا بەدوا دادیٚ، دەسەلاٚتی دارایی تەقەلای دریٚژەی پیٚدانی حوکمڕانییەکەی خۆی دەدا لەریٚگەی بەکارهیٚنانی رق وکینەی خەلٚك تاکو سامان لەدەست چەند کەسیٚکی کەم کۆبیٚتەوەو هەتاکو کۆمار هەرەسبهیٚنیٚ.

باوکم پەلٚپی گرت:

_(بەلاٚم ناتوانن ئازارم بدەن، من لەبەر خۆشیی سەربەخۆیی سوپاسی خوادەکەم، ئاخ، من بەو چەوساندنەوە ترسناکە دەزانم، دەتوانن بیخەنە سەر هەرپرۆفیسۆریٚك کەجگە لەزانکۆکەی هیچ دەرامەتیٚکی تری ژیانی نییە، بەلاٚم من باکم بەوان نییەو، من لەزانکۆدا مامۆستایەتیم نەکردووە کەچاوم لەو مووچەیەبیٚ پیٚم دراوە، بەخۆشی و ئاسوودەیی دەژیم ئەوی بتوانن لیٚشم بسیٚننەوە هەر مووچەکەیە)

ئیٚرنست ولاٚمی دایەوە:

_(بەلاٚم تۆ ئاگات لەڕاستی هەلٚویٚست نییە، ئەگەر هەموو مەترسییەکانم هاتنەدی ئەوە دەتوانن داهاتە تایبەتییەکەو، سەرمایە تایبەتییەکەت بەهەمان سووك و ئاسانی کەمووچەکەت لەبن دەست دەردیٚنن، لیٚت بسیٚنن)

باوکم چەند دەقیقەیەك بیٚ دەنگبوو، چوو بووە ژیٚر) دەمتوانی نیشانەی سوور بوون و خواست لەدەموچاویدا بەدیبکەم و، لەدواییدا قسەی کردو گوتی:

–(من مۆلٚەت وەرناگرم)

سەرلەنویٚ بیٚدەنگ بوو، پاشان گوتی:

_(لەسەردانانی کتیٚبەکەم بەردەوام دەبم[58]، لەوانەیە تۆ هەلٚەبی، جائەگەر هەلٚەبی، یاراست، من لەسەر هەلٚویٚستی خۆم و بەرگری لە هزرەکانم دەکەم)

(58) ئەم کتیٚبەی (زانستی ئابووری و پەروەردە) لەو سالٚەدا بلاٚوبۆوەو هیٚشتا سیٚ دانەمان لاماون، دوویان لەئەردیس (Ardis)ن، ئەوی تریشیان لەئز گارد (Asgard)ە، بەدووردریٚژییەکی توندو تۆلٚ لەیەکیٚ لەهۆیەکانی بەردەوامبوونی رژیٚمی لەئارادا دەدویٚ، واتە سەرمایەدار پەرستن و پشتگیٚری کردنیانە لەلایەن زانکۆو قوتابخانە گشتییەکانەوە تۆمەتبارکردنیٚکی مەنتقییانەو پووچەلٚکردنەوەی هەموو سیستمی

www.pertwk.com

ئێرنست گوتی:

–(زۆرباشـە، تـۆ هـەمان ڕێبـاز دەگـری کەقەشـە مۆرهـاوس لـەم ڕۆژانـەدا پەیڕەویدەکات تۆ بەرەوکارەساتێکی هاوجۆر دەچیت، بەرلـەوەی بگەنـە کۆتایی ئەنجامەکە هەردوکیان دەبنە پرۆلیتار) ئاخاوتنەکە بەلای قەشەداو وەرسورایەوە، داوامان لەئێرنست کرد بۆمان باس بکات چی بەسەردەهێنا.

_(ئەو گەشتەی لەگەڵیا بووم بۆ دۆزەخ دڵو دەروونی تووشی نەخۆشی کرد، بردمە ماڵی چەند کەسێك لەکرێکارانی کارگەکانمان ئەو کەلوپەلە ئادەمییانەم نیشاندا کەئامێری دەستکرد خستبوونیە لاوە گوێی لە چیرۆکی ژیانیان بوو بردمە گەڕەکە پیسەکانی سان فرانسیسکۆ لەگەرمەی زۆر خواردنەوەو داوین پیسی و تاوان کردندا، مەسەلەیەکی دۆزییەوە کەغەیری گەندەڵیی خۆڕسك بوو تابڵێی هەست بەقێزو بێز لێبوونەوە دەکات. نەدەکرا سەرکێشی کپ بکرێ، ئەمەشیان خراپترە خۆی زیاد لەپێویست ڕەوشکارییە بەشێوەیەکی ئارام لێهەڵگیراو سۆزەکانی وروژان ئەو وەك خوو ڕەوشتی هەمیشە، کردەیینییە، لەئاسمانی خەیاڵدا باڵدەگریو جۆرەها وێنەی نەخشەو پلانی ئاکاری بەهەڵە چوون دەکێشێ بۆ شالاوبردنێکی موژدەبەرانە لەناووکۆڕی ڕۆشنبیرندا، ئەو واهەستدەکات ئەرکی تەواوی ئەوەیە کەکڵێسای کۆن لەنەبوونەوە بژێنێتەوەو پەیامەکەی بەکارلەدەستو سەروەرەکان ڕابگەیەنێ نەخۆشیو لاوازی سەریان تێکردوەوەو ماندوو بوون هێزی لێدەبردن، هەردەبێ, چ زوو چ درەنگ بتەقێتەوە،

---

پەروەردە بوو کەلەمێشکی قوتابیەکاندا تەنیا ئایدیۆلۆژیەتی لایەنگیریکردنی ڕژێمی سەرمایەداری گەشە دەکات بەجۆرێ هەموو ئایدیای دوژمنکاری تێکدەر بڕەتێنن، دەرچوونی ئەم کتێبە وروژانێکی گەورەی نایەوە، ئولیگار کبیەت خێرا دەستی بەسەرداگرت.

ئەو حەلە کارەسات دەقەومێ، بەلاّم ئەو شێوەیەی بەخۆیەوە دەگرێ، ئەوە شتێکە ناتوانم بڵێم چۆن دەبێ خۆی دەروونێکی پاکی بەرزە، بەلاّم ئەوپەڕی کردەییە، کارەکەی بەلای منەوە زەحمەت بوو، ناتوانم قاچەکانی لەسەر زەوی بهێڵمەوە ئەو بەناو خەیاڵدا بەرەو جوسما (Gesthsemane)* نییەکەی هەڵمەتدەبات، ئینجا لەخاچ دەدرێ، وەکو دەروونی پاكو بەرز دروستبوون کەلەخاچ بدرێن.

پرسـیارم لێکـردو، لەپـشت زەردەخەنەکەمـەوە جیدیـەتی نەسـرەوتنی خۆشەویستیبووە.

_(ئەی تۆ؟)

ئەویش بەپێکەنینەوە وەلاّمیدامەوە:

_(نەخێر، نەخێر، لەوانەیە من لەسێدارە بدرێم، یابکوژرێم، بەلاّم لەخاچ نادرێم، ڕەگو ڕیشەم زیاد لەپێویست بەپتەویو خۆبەستنەوە بەخاکدا ڕۆچووە)

پێم گوت:

_( بەلاّم، چ وات لێدەکات پاڵ بەقەشەوە بنێی لەخاچبدرێ؟تۆ ناتوانی دان بەوەدانەنێی کەتۆ هۆی هەموو ئەوەی)

ئەویش لێیپرسیم:

–(چ والەمن دەکات گیانێکی دڵنیاو ئارام بە دڵنیایی و ئاسوودەیی خۆی بهێڵمەوە لەکاتێکا جیهان پڕیەتی لەملیۆنەها گیانی خنکاوی ناوقوڕە ڕەشی ئێشو ئازاری بەتینو کڵۆڵیی سەپێنراو.

_(کەواتە بۆچی ئامۆژگاریی باوکمت کرد مۆڵەت وەردەگرێت؟)

وەلاّمەکەی ئەوەبوو:

---

* جثمانیة Gesthsemane ئەو شوێنەیە کەلەدەرەوەی (بیت المقدس)دا مەسیحی تیابەندکرا.

ـ(چونکە من دەروونێکی پاکی بەرزنیم، چونکە من رەقم، کۆڵنەدەرم، خۆپەرستم، چونکە من تۆم خۆشدەویٚ، بەتۆوە نووساوم‌و کەس‌و کارت وەك (روث)* ی دێرین کەسوکاری منن بەڵام قەشە کچی نییە، لەبەر ئەمە هیمەتەکانی قەشەی خێرخواز هەرچەندە دەسنادەن‌و کەمن، هەردەبیٚ لەشۆڕشدا بەچاکە بگەڕێتەوە، تۆزقاڵە گەردێك کێش‌و بایەخی خۆی هەیە).

نەمتوانی بۆچوونەکەی ئێرنست پەسەند کەم، زۆرچاك شارەزای سروشتی مەردانەی مۆرهاوس بووم، لەتوانام دانەبوو ئەوە بێنمەوە بەرچاوم کەدەنگی نرکەی دیٚو داوای ماف‌و دادپەروەری دەکات لەهیمەتێکی کەمی نەگونجاو زیاتر نابیٚ، بەڵام ئەو حەلە من، وەك ئێرنست، بەتەواوەتی لەراستەقینەکانی ژیانم نەدەزانی، ئەو بەشێوەیەکی ئاشکرا، پووچەڵی‌و بێهوودەیی دڵ‌و دەروونی گەورەی قەشەی زانی، کەشتێك بوو هێندەی نەخایاند ئەو رووداوانەی بەدوادا هاتن بەروون بوونێکی هاوجۆر بۆیان دەرخستم.

پاش ئەو رۆژە بەماوەیەکی کەم ئێرنست ئاگاداری کردم،وەك بڵێی حەقایەتێکی خۆشم بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو داواکارییەی لەمیرییەوە پێیگەیشتبوو بەدامەزراندنی بەکارگێڕ لەولاتەیەکگرتووەکان، دڵیخۆش کردم، مووچەکە تاڕادەییٚ قەبەبوو، دەیتوانی کاری هاوسەریەتیمان ئاسان کات، سەرەڕای ئەمەش گومانی تیانییە شانازی پێوەکردنی غیرەتمەندانە وای لێکردم کەداواکارییەکەم پێخۆشبیٚ، وەك داننانی حکومەت بەبەهرەو تواناکانیدا ئەو حەلە لەچاوەکانیا تێبینی تروسکەم کرد، گاڵتەی پێم ئەهات بەلەرزینەوە گوتم:

ـ(تۆ رەتی ناکەیتەوە؟)

گوتی:

* Ruth یەکێکە لەئافرەتە پاڵەوانەکانی کتێبی پیرۆز_ وەرگێڕی عەرەبی.



ئەوە بەرتیلە، دەستی نەرم‌و نۆڵی (ویکسون)ی لەپشتەوەیە، لەپشت ویکسونەوەش پیاوی لەو بەوە چتر هەن، ئەوە فێڵێکی کۆنە_ کۆنە وەك خودی تێکۆشانی چینایەتییەکە مەبەستی رڤاندنی سەرکردەکانە لەناوجەرگەی سوپای کرێکاراندا کرێکارانی بەستە زمان چەند جۆرەها وازهێنان‌و ناپاکییان دیون، خۆزیا دەزانی کە ئۆلیگارکییەت لەمەوپێش بەم شێوازانە چەند پێشەوای کرێکارانی کڕیون، ژەنەراڵێك بکڕی هەرزانترە، بگرە زۆر هەرزان ترە، لەوەی کەشەڕی لەگەڵدا بکەیت‌و شەڕ لەگەڵ هەموو سوپاکەیدا بکەی کەسانیٚ هەبوون، بەڵام من ناویان نابەم بارودۆخ لەشێوەی ئێستایدا بەتەواوەتی دەسووتێنیٚ، من گیانە شیرینەکەم، سەرکردەیێکی کرێکارانم من ناتوانم کێشەکەم بفرۆشم‌و ناپاکی لەهاورێکانم بکەم. بیرەوریی پیرە باوکە بەستەزمانەکەم‌وئەو شێوەیەی ناچاریان کرد هەتا مردن کاربکات هەر تەنیا شیاوی خۆیەتی ئەگەر هۆکاری تر نەبن ببنە تەگەرە لەنێوانی من‌و نێوانی ئەودا)

فرمێسك لەچاوەکانیدا هاتنەخوار، لەچاوەکانی ئەو پاڵەوانە بەهێزەم، نەیدەتوانی لەخەڵکەکە خۆش بیٚ، هەرچەندە زەمانە دەستی درێژ بیٚ_ بەو شێوەیەی کەباوکیان شێواند لەدرۆو دەلەسەی پیس‌و بیٚنرخ‌و دزیی بچووك کەباوکی پێیان ناچارکرا، بۆ ئەوەی پارووە نان بنێتە دەمی منداڵەکانی.

ئێرنست ڕۆژێکیان پێیگوتم:

–(باوکم پیاوێکی چاکبوو دڵ‌ودەروونێکی باشی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا جانەوەریی ژیانەکەی کردییە قوربانی*. کورتبینی‌و چڵێسی‌و حەسوودیی سەروەرە جانەوەرە زلەکانی کردیانە جانەوەرێکی دڵ تێکشکاو وەك باوکی تۆ،

* مەبەست لەو قوربانییە ئەو سەربڕاوەیە کەدەسووتێنریٚ‌و تەفروتوونا دەکریٚ بۆ خواپەرستی‌و دان نان بەرەهای دەسەڵاتیدا_ك_

www.pertwk.com

هەقی ئەوەی هەبوو هێشتا لەژیاندا بیٚ لەشێکی زۆر بەهێزی هەبوو، بەڵام ئامێر فەوتاندی، هەتاکو مردن لەپێناوی قازانجدا هەرکاریدەکرد خوێنی ژیانی بووە شێوی سەرخۆشێك یاخود خشڵێکی هەرزانی بەگەوهەر رازاوە، یارابواردنێکی بەرەڵلای دەوڵەمەندە چلێو ملە بیٚ کارەکان، رابواردنی سەروەرە جانەوەرە گەورەکانی)

www.pertwk.com

# حەوتەم بەش

# دیدی قەشـــــە

www.pertwk.com

# دیدی قەشە

ئێرنست لەنامەیەکیدا بۆی نووسیبووم دەڵێ: (جڵەوی سەرکێشیی قەشە راناگیرێ. لەئاسمانی خەیاڵا بەرز دەبێتەوە، ئەمشەو بریاریداوە دەست بەچاککردنی خودی ئەم جیهانەمان بکات جیهانی نقوومی کلۆڵی ئەو دەیەوێ پەیامەکەی خۆی ئەنجامبدات ئەوە بوو ئاگاداری کردمو ناشتوانم لەویستەکەی ساردی کەمەوە ئەمشەو سەرۆکایەتی کۆبونەوەی I. P.H [59] دەکاتو ئەو پەیامەی لەتێبینییە سەرەتاییەکانیدا بەتاڵ دەکات.

(دەتەوێ بانگت کەم بۆ گوێلێ بوونی؟ وادیارە تەقەلاکەی دەبێتە ناماقووڵییەکی پووچ ئەو جەرگت شەق دەکات_ جەرگت شەق دەکات بەڵام ئەوە سەبارەت بەتۆ دەبێتە وانەیەکی کردەیی نایاب گیانە شیرینەکەم تۆ ئاگات لەرادەی شانازی کردنم بەخۆشەویستیتەوە هەیە، لەبەر ئەوە دەمەوێ نرخی تەواوم بزانی دەمەوێ لەپلەیەکی کەم هەست کردن بەهیچو پووچیم دەربازتکەم ئەمەشە والەشانازیم دەکات حەز بەوە بکات کەبزانی بیرکردنەوەی من راستو دروستە راکانم زەقن، بەڵام بێ هوودەییو ناماقووڵی دەروونێك لەوێنەی پیاوەتیی دەروونی قەشە، پێویستی ئەم رەقییەت نیشان دەدات، دەی ئەمشەو وەرە، راستە ئەوەی کەئەمشەو دەقەومێ شیاوی ئەوەیە پەستت کات بەڵام لەمنت پتر نزیك دەکاتەوە)

---

(59) بەتەواوەتی ناوی ئەو ناوچەیە نازانین کەئەم پیتانە بوونەتە سونبولی.



ئەو شەوە رێکخراوی I.P.H کۆنگرەی خۆی لەفرانسیسکۆ[60] سازدا ئەو کۆنگرەیە بۆ سەیرکردنی گەندەڵی رەوشتکاریی گشتیو دۆزینەوەی چارەسەرێك لەبۆی سازدرا بوو.

قەشە مۆرهاوس سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەی کرد کەلەسەر بڵند گۆکە دانیشت شڵەژابوو دەمتوانی هەست بەبارگرانیی گرژییە زۆرییەکەی بکەم ئەمانەش لەتەنیشتیەوە دانیشتن قەشە دیکسنونو ه.ه جۆنز، سەرۆك دەزگای زانستی رەوشت لەزانکۆی کالیفۆرنیاو خاتوو و.و.هێرد گەورە رێکخەری پرۆژە خێرخوازییەکانو فیلیب وارد خێرکەری گەورەو کۆمەڵێك ئەستێرەی کەمتر درەوشاوە لەئاسمانی پیاوەتیو چاکەدا.

قەشە مۆرهاوس هەستایە سەرپێو بێ پێشەکی دەستی بەقسان کرد:

_( لەگالیسکە قەپاتەکەمدا بەناو شەقامەکاندا دەسوڕامەوە شەودا هاتبوو ناوبەناو لەپەنجەرەی عەرەبانەکەوە دەمڕوانی لەپڕ بۆم دەرکەوت، وەك بڵێی چاوەکانم کرانەوە شتەکانم بەراستی دیتن، سەرەتا بەدەست بەری چاوەکانم گرت نەوەکو دیمەنە ترسناکەکە ببینن لەناو جەرگەی تاریکیدا ئەم پرسیارەم رووبەروو بۆوە، پێویستە چ بکا؟ پێویستە چ بکا؟ پاش تاوێکی کەم پرسیارەکە بەشێوەیەکی تر رووبەروومبۆوە دەبوایە مەسیح لەم جۆرە هەڵوێستەدا چ بکات؟ لەگەڵ ئەم پرسیارەدا واهاتە بەرچاوم وەك بڵێی رووناکییەکی گەش شوێنەکەی داگرت، وەك خۆر بەرۆژی رووناك ئەرکی خۆم بەروونی بەدیکرد، وەك چۆن شاوول لەرێگەی بەرەو دیمەشق ئەرکی خۆی بینی.

---

(60) مرۆڤ بەچەند دەقیقەیەك لەبیرکلییەوە دەپەرییەوە سان فرانسیسکۆ لەراستیدا ئەم دووشارە شاری دیکەی کەنداو یەك کۆمەڵیان پێکدەهێنا.

(عەرەبانەکەم راگرت، لێی هاتمە خوارێ، پاش وتووێژێکی چەند دەقیقەیی کەم دوو سۆزانیە کەم قایلکردن کەلەگەڵما سواری عەرەبانەکە بن، ئەگەر یەسووع لەسەرهەق بێ، هەڵبەتە ئەم دوو ئافرەتە کلۆڵە خوشکی من بوون‌و، تاکە هیوایان لەتۆبە کردن‌و خۆ پاککردنەوەدا وابەستە بوو بە خۆشەویستی‌و سۆزی منەوە.

(من لەجوانترین گەڕەکی سان فرانسیسکۆدا دادەنیشم‌و ئەو خانووەی تێیدا دەژیم سەد هەزار دۆلاری تێچووە،ئەو کەلوپەل‌و کتێب‌و شاکارە هونەرییانەی تێیدان سەد هەزاری دیکەیان تێچووە. خانووێکی گەورەیە، بەڵکو کۆشك‌و تەلارێکەو ژمارەیەکی زۆر خزمەتکار بەخۆوە دەبینێ من هەرگیز نەمدەزانی کۆشك بۆچ شتێك دەست دەدات وامزانی بۆ ئەوە کراوە مرۆ تێیدا بژی.. بەڵام، ئێستا وام لێهات کە بزانم. هەردوو سۆزانی‌یەکەم بردنە کۆشکەکەم لەوێدا لەگەڵما دەژین هیوادارم کەهەر ژوورێك لەژوورەکانی کۆشکەکەم پڕکەم لەخوشکی وەك ئەوان..)

تادەهات ناڕەحەتی زیاتر تینی بۆ سەیرکەران دەهێنا، رووی دانیشتوانی سەر سەکۆکە پلەیەکی پەرەسەندووی پڕ ترس‌و لەرزی دەگەیاند، لەئاستی ئەم خاڵەدا قەشە دیکنسون راپەری، سەکۆو هۆڵەکەی بەجێهێشت سەرنجی قێز لێ بوونەوە لەروویدا دیاربوو، بەڵام قەشە مۆرهاوس لەسەر قسەی خۆی بەردەوام بوو، لەخەڵکەکە بێ ئاگا بوو چاوەکانی پڕ بوون لەخەون‌و دیدەکەی.

_(ئاخ، برایان، خوشکان لەو کارەمدا چارەسەرم بۆ هەموو گیرگرفتەکانم دۆزییەوە من نەمزانی بۆ چ مەبەستێك عەرەبانە قەپاتەکان دروستکراون بەڵام ئێستا دەزانم، بۆ گواستنەوەی بێتواناو نەخۆش‌و پیرو بەساڵچووان دروستکراون بۆ ئەوە کراون کەشەرەف ببەخشن بەو کەسانەی هەستی شەرمەزارییان لەکیس چووە.

(من نەمدەزانی بۆچ مەبەستێك کۆشك‌و تەلار دروستکراون بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوت بۆچی بەکاردەهێنرێن، کۆشکەکانی کڵێسا دەبێ خەستەخانەو ماڵی پەروەردەکردن بن، بۆ ئەوانەی لەرۆخ رێگادا کەوتوون‌و تەوژم‌و تینی مەرگ دەچێژن)

تاوێك بێدەنگ بوو، زۆرچاك دیاربوو کەدەمارەکانی گرژ بوون، تەقەلای‌دا چاکترین رێگە بگرێ بۆ دەربڕینی ئەو بیرۆکەیەی بەسەریا زاڵ بوو..

پاشان هەندەی پێنەچوو گوتی:

(برا ئازیزەکانم، من شیاوی ئەوە نیم، کەهیچ قسەیێکی لەمەڕ رەوشتەوە بکەم. من لەناو قوڕە رەشی خەوش‌و دوو روویی‌و ریاکاریدا ماوەیەکی زۆرتر ژیام لەوەی وام لێ بکات بتوانم دەستی یارمەتی بۆ خەڵکی دی درێژ کەم، بەڵام بەو کارەی بەرامبەر ئەو دوو ئافرەتە کردم، کەبەخوشکی خۆمیان دەزانم، بۆم دەردەکەوێ کەرێگەی چاك لەئارادایە بیگەینێ، سەبارەت بەوکەسانەی بڕوا بەیەسوع‌و ئینجیلیەکەی دەکەن, ناکرێ هیچ جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان ئادەمیزادا هەبێ، پەیوەندیی خۆشەویستی نەبێ بەتەنیا خۆشەویستی لەخراپەکاری بەهێزترە _ لەمردن بەهێزترە لەبەر ئەوە داوا لەدەوڵەمەندانی ناوخۆتان دەکەم کەئەرك وایان لەسەر پێویست دەکات ئەوەی من کردم‌و من دەیکەم ئەوانیش بیکەن. باهەر دەوڵەمەندێك لەئێوە دەرگای ماڵەوەی لەرووی دزێك لەدزان بکاتەوە، وای مامەڵە لەگەڵدا بکات وەك بڵێی کەبرایەتی. یالەرووی سۆزانییەکدا لەسۆزانیان‌و وای لەگەڵدا بجووڵێتەوە وەك بڵێی خوشکیەتی ئەو حەلە سانفرانسیسکۆ نەپێویستی بەپۆلیسەو نەبە لەشکرێك قازی، ئەو حەلە بەندیخانەکان دەبن بەنەخۆشخانەو، تاوانکارو تاوان نامێنن.

(پێویستە لەسەرمان کەگیانمان ببەخشین، نەك هەر پارەو پوولمان دەبێ کردەوەمان وەك کردەوەی مەسیح بێ، ئەوەیە ئەمرۆ پەیامی کڵێسا رێگەمان

www.pertwk.com

لێتێکچووەو لەئامۆژگارییەکانی مەسیح دوورکەوتووینەتەوە ئێمە نوقومی خۆشیو رابواردنین شەیتانی چڵێسمان لەجێگەی مەسیح داناوە. ئالێرەدا هەڵبەستێکم لەکنە هەموو چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە من حەز دەکەم بۆتان بخوێنمەوە دەروونێکی سەرلێشاوی گومڕا دایناوە، سەرەڕای گومراییەکەی توانیویەتی بەروونی ببینیٚ.[61] کەس لەئێوە واتێنەگات کەهێرش بردنە بۆ سەر کڵێسای کاسولیکی. خۆی هێرش بردنە بۆ سەر گشت کڵێساکان، بۆ سەر کەشو فشو لەخۆباییبوونی هەموو ئەو کڵێسانەی لەرێگەی مەسیح لایان داوە لەنێوان خۆیانو نێوان مەڕەکانیدا تەیمانێکی پارێزەریان قوتکردەوە، ئەمەش هۆنراوەکەیە:

لەناو گومەزەکەوە شەیپورە زیوینەکان لێدران،
خەڵکەکە بەسامناکی چۆکیان دادا،
لە قەڵا دۆشکانی پیاوەکاندا سەروەریی پیرۆزی رۆمام دی
وەك خواوەندێکی مەزن هەڵگیراوە.
وەك کاهن (پیر) جلێکی لەکەف سپیتری لەبەردا بوو،
وەك پاشایان کەوای ئەرخەوانی پیرۆزی پۆشیبوو
بەرووکەشیو درەوشانەوە پاپا بەرەو بارەگەکەی رۆیی
سیٚ تاجی زێڕ لەسەرتەپڵی سەری دەدرەوشانەوە
(بەدزییەوە، دڵەکەم بەرەو ساڵە دێرینەکان گەڕایەوە
بۆ لای پیاوێك لەنزیك دەریایەکی چۆڵدا دەخولایەوە،
بەڵام، بێهودە لەشوێنی دەگەڕا تێیدا بحەسێتەوە گوێم لێبوو، دەیگوت:
گورگو دراوسێکەی هەموو باڵندەییٚ لانەیان هەیە.

(61) ئۆسکار وایلد میرێکبوو لەمیرەکانی روونبێژی لەسەدەی نۆزدەیەمدا.

بەڵام من زیاد لەهەمووان هەردەبیٚ بخولێمەوەو بخولێمەوە
قاچەکانم خوێنیان تێبزیٚو ئەومەیە بخۆمەوە کەفرمێسکەکانم خوێنیان پێوە کردووە..)

هەموو سەیرکەرانی خستنە هەژان، بەڵام بەدەنگییەوە نەهاتن: لەگەڵ ئەوەشدا قەشە مۆرهاوس لەم رووداوە نەگەیشت. بیسیٚو دوو لێکردن لەسەر هەڵمەتەکەی بەردەوام بوو:

–( بەمجۆرە بەدەوڵەمەندانی ناو ئێوەو بەگشت دەوڵەمەندان دەڵێم ئێوە خراپترین زوڵمو ستەم لەمەڕەکانی مەسیح دەکەن، دڵتان وەك بەرد رەقکردووە گوێتان لەئاستی هاواروناڵەی کلۆڵو چەوساوان کەڕ کردووە، هاوارو ناڵەی ئەو ئێشو ئازارو خەمو پەژارەیە نەتانبیستووەو سەرەرای ئەوەش رۆژیٚ لەرۆژان دەبیستریٚ، بەم شێوەیە دەڵێم...) بەڵام ه.ه جۆنزو فیلیب وارد کەهەردووکیان لەجێگای خۆیان راستبوونەوەو لەئاستی ئەم خاڵەدا خێرا قەشەیان لە بڵندگۆ کە کەدابەزاند، لەهەمان کاتدا گوێگرەکانی دیکە لەشوێنی خۆیاندا بەهەناسە بڕکیٚ وڕو کاس نەبزوێن.

ئێرنست کەگەیشتە سەرشەقام پێکەنینێکی سەختی جانەوەرانە پێکەنی، پێکەنینەکە بەتوندی هەژاندمی خەریك بوو دڵم بەفرمێسکی کپکراو بتەقێتەوە.

ئێرنست هاواری کرد:

_(پەیامەکەی خۆی بەجێگەیاند، پیاوەتیی قەشەکەیانو سروشتە ناسکە شاردراوەکەی بەقووڵی لەخودی دەروونیدا تەقیەوە، ئەو گوێگرانەی خۆشیاندەویست بۆیان دەرکەوت کەتێکچووەو سەری لێشێواوە دیتیان کەچۆن بەشپرزەییو بێئارامی لەبڵند گۆیان دوور خستەوە؟

بێگومان کەخەڵکەکە چاویان بەو دیمەنە کەوت، دایانە قاقای پێکەنینێکی بەتەوژمو گەرم.

www.pertwk.com

گوتم:

_(لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی ئەمشەو، قەشەکردیو گوتی، سەرنجێکی بەهێز جێدێڵێ

ئێرنست بەگاڵتە جاڕییەوە گوتی:

_(ئایا لەو بڕوایە دای؟)

بەجەخت لەسەرکردن پێمگوت:



_(ئەوە گۆبەندو هەرایەك دەنێتەوە، نەتبینی کەئەو قسەی دەکرد پەیامنێرانی ڕۆژنامەکان هەرزوو بێبایەخ پێدان قسەکانیان نووسینەوە وەك بڵێی ئەوەی بیستیان عەقڵی بردن؟

_(تەنیا دێڕێکیش لەرۆژنامەکانی بەیانیدا بڵاوناکرێتەوە)

هاوارمکرد:

_(ناتوانم بڕوا بەوە بکەم.)

وەڵامەکەی ئەوەبوو:

_(هیچت لەسەر پێویست نییە ئەوەنەبێ کەچاوەڕوانبیو بەچاوی خۆت ببینی، تاکە دێرێك بڵاوناکرێتەوە لەوەی گوتی تاقە بیرۆکەیەکی لێ بڵاوناکرێتەوە، ڕۆژنامەی ڕۆژانە پێشێلکردنی شتی ڕۆژانەیە!)

پەلیمگرتو گوتم:

_(ئەی پەیامنێرەکان؟ خۆبەچاوی خۆم بینیمن.)

_(هەر قسەیەکی کردوویەتی نابێتە تیپی چاپکراو سەرەك نووسینەکانت لەبیرکردن، ئەو مووچەیەی وەریدەگرن پاداشتی ئەو سیاسەتەیە کەپێوەی بەستراون. سیاسەتەکەشیان ئەمەیە کە شتێك بڵاونەکەنەوە مەترسیی کاریگەری لەسەر بەرژەوەندیی رژێم هەبێ. قسەکانی قەشە هێرشێکی توندو تیژ بوو بۆسەر ڕەوشتی باو، شتێکی داهێنراو (بدعە) بوو، لەسەر بڵندگۆ کەهێنایانە خوار تانەهێڵی زیاتر هەر توقیانە (ئەفسانەیی) بدوێ، ڕۆژنامەکان بەبیرچوونەوەی بێدەنگی شتیداهێنراو دەخنکێنێ، ڕۆژنامەکانی وڵاتەیەکگرتووەکان چڵومڵێکن لەسەر پێبەخشینو خەڵاتی چینی سەرمایەداران قەڵەو دەبنو، ئەرکیان ئەوەیە کەپێرۆی کۆمەڵایەتی لەئارادا بوو، لەرێگەی لەقاڵبدانی رای گشتییەوە خزمەتبکەن، ئەوان بەچاکترین شێوە ئەو ئەرکە دەبێنن.

_(لێم گەڕێ باپێشبینیبکەم، ڕۆژنامەکانی بەیانی کتوومت تەنیا ئەوە دەنووسن کەقەشە تەندروستی تەواو نییە، لەمێژە خۆی بەکارێکی قورسی بەردەوام ماندوو کردووە، دوێنێ شەو لەبەرماندوویی و هیلاکی کەوتووە، تەنانەت ئەگەر چەند ڕۆژێك بەسەر ئەوەدا تێپەڕی، ڕۆژنامەکان پەنا دەبەنە بەر ئەو دەقە کەقەشە دووچاری مێشك تێکچوون بووەو، دەستوپێوەندە چاكو ئەمەکدارەکەی مۆڵەتیان داوەتێ، پاشان یەك لەدووان روودەدات، یان ئەوەیە قەشە هەڵەی ڕەفتاری خۆی دەزانیو لەمۆڵەتەکەی بەلەش ساغی دەگەڕێتەوەو هیچ جۆرە خەونو دیدێکی نوێ لەچاوەکانیدا نییە، یاخود سوور دەبێ لەسەر گەوجییەی ئەو حەلە سانایە چاوەڕوانی ئەوە بکەی کەڕۆژنامەکان هەواڵی شێتبوونی بەچەند وشەیەکی ناسکی خەمو وروژێن بڵاوبکەنەوە ئینجا دەخرێتە پشتگوێ تاکو خەونو دیدەکانی بۆ دیوارە کپو بێگوێکان تەواو بکات)

هاوارم کرد

_(تۆ زیاد لەپێویست دەڕۆیت)

وەڵامی دایەوە:

_(بەڕاستی لەبەرچاوی کۆمەڵ دەبێتە شتێکی تەواو ئایا پیاوێکی بەرێز هەیەو شێت نەبێ، دەرگای ماڵەکەی بۆ سۆزانیو دزان واڵا کات تاکو وەك خوشكو برا لەگەڵی بژین؟ ڕاستە مەسیح لەنێوان دوو دزدا مرد، بەڵام ئەمە حەکایەتێکی ترە، شێتی؟ ئەو کەسەی ئەو پرۆسیسە عەقڵیانەی دەیانکاو ئێمە

www.pertwk.com

رایەکانی پەسەند ناکەین هەمیشە هەڵەن کەواتە عەقڵی ئەو پیاوە هەڵەیە کوا هێڵی جیاکەرەوەی نێوان عەقڵی هەڵەو عەقڵی ئەو کەسەی کە مێشکی تێکچوو؟ خەڵك ناتوانن ئەوە بێننە بەرچاو کەلەتوانای هەر پیاوێکی عاقڵدا هەیە لەدەرەئەنجامە ئەقڵانییە زۆر قووڵەکانیاندا لەگەڵیاندا نەبێ، رۆژنامەکانی ئەم ئێوارەیە نموونەیەکی باشی ئەم راستیەن ماری ماکینا، لەباشووری (مارکت ستریت) دادەنیشێ، ئافرەتێکی هەژارە، بەڵام ئابڕوومەندە. هەروەها دەروونی پڕە لەگیانی نیشتمانپەروەری بەڵام لەبارەی ئەوەی پەیوەندی بەئاڵای ئەمەریکاییو ئەوپاراستنە کەپێویستە رەمزی بێت، رای هەڵەی هەیە، فەرموو ئەوەی بەسەر ئەو ئافرەتەدا هاتووە، مێردەکەی تووشی رووداوێ هات لەئەنجامدا خرایە خەستەخانەو سێ مانگ تیایدا مایەوە، هەرچەندە خۆی (واتە ئافرەتەکە) دەستیکرد بەجلشتنی خەڵکی، بەڵام نەیتوانی لەکاتی خۆیدا کرێی خانوو بدات، دوێنێ خانووەکە بەدەریاندا بەڵام بەرلەوەی دەرچێ ئاڵایەکی ئەمەریکایی هەڵکردو، لەژێر لۆچەکانیدا جاڕیدا کەئەوان ناتوانن لەسایەی ئەو پاراستنەی کەهەیەتی فڕێیدەنە سەرشەقامی ساردوسڕ.

بەڵام دوای ئەوە چ قەوما؟ گیراو بەشێتیان لەقەڵەم دا ئەمرۆکە خرایە ژێر چاوەدێری پزیشکی چەند پسپۆڕێك لەنەخۆشیی عەقڵیدا، بریاریاندا کەشێت بووە، لەوێوە رەوانەی خەستەخانە کرا لەنابا)

بەناڕەزاییەوە گوتم:

_(بەڵام ئەم نموونەیە دەستکردە، یاخود بڵێ زەوتکراوە گریمان کەمن دەربارەی شێوازی ئەدەبیی کتێبێك لەکتێبان لەگەڵ رای هەموو خەڵکیدانیم هەڵبەتە ئەوان بەهۆی ئەوەوە من نانێرنە خەستەخانەی شێتان)

وەڵامی دایەوە:

_(ئەمە راستە، بەڵام ئەم جۆرە جیاوازییە لەبیروڕادا، هیچ مەترسییەك بەکۆمەڵ ناگەیەنێ، جیاوازییە کە ئالێرەدایە. بەڵام جیاوازی لەرادا، وەك لەمەسەلەکەی (ماری ماکیناو قەشە مۆرهاوس)دا دیارە، مەترسی دەخاتە سەرکۆمەڵ، چ روودەدات ئەگەر گشت هەژاران کرێی خانوویان نەداوە پەیانان بردە بەر پاراستنی ئاڵای ئەمەریکا؟ ئەو حەلە لەموڵکیەتی زەویو زار تێکوپێك دەشکێو هەرەس دێنێو، راکانی قەشە مەترسییان بۆ کۆمەڵ نابێ، کەواتە، یاراپێچبکرێ بۆ نەخۆشخانەی شێتان(

لەگەڵ ئەوەشدا نەمویست بڕوا بکەم

ئێرنست گوتی:

_(چاوەڕێ بکەو سەیر کە)

چاوەرێم کرد.

بۆ بەیانی هەموو رۆژنامەکانم کڕین، دیتم ئێرنست تائەو قۆناغەش راست بوو، رۆژنامەکان هیچ قسەیەکی قەشە (مۆرهاوس)یان بڵاونەکردەوە، یەك دوو رۆژنامە تەنیا ئاماژەیان بۆ ئەوەکردبوو کەهەستو سۆز بەسەریا زاڵ بوونو لەسەر خۆی نەماوە لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەکان قسەی قۆڕی قسەکەرەکانیان بەدەقی خۆیان بڵاوکردەوە کەدوای قسەکانی قەشە کران.

پاش چەند رۆژێك رۆژنامەکان زۆر بەکورتی بڵاویان کردەوە، کەقەشە لەشار دەرچووە، مۆڵەتی هەیە کەتەندروستی بێتەوە سەرخۆو ماندوویی دەرچێ، تائەم ئاستە هەموو شتێ باش بوو بەڵام هیچ تروسکەیەك نەبوو بۆ شێتی، یاخود تەنانەت مێشك تێکچوونیشی، من کەمم بەخەیاڵدا دەهات کەدەبوایە قەشە چ رێبازێکی ترسناك بگرێتەبەر رێبازی جوسمانییەتو لەخاچدان کەئێرنست تێیرامابوو.

www.pertwk.com

www.pertwk.com

# هەشتەم بەش

# ئامێر تێکشێنەکان

www.pertwk.com

# ئامێر تێکشێنەکان

کەمێك بەر لەپاڵاوتنی ئێرنست بۆ ئەندامییەتی کۆنگرێس، لەسەرلیستی سۆشیالست، باوکم خواردنی ئێوارەی ئامادەکرد کەلەناو خۆماندا ناوی دەنا (شێوی قازانجو زیان) بەڵام ئێرنست ناوی نا شێوی ئامێرتێکشکێنەکان. لەراستیدا تەنیا شێوێك بوو تاقمێك خاوەن کار_ هەڵبەتە خاوەن کاری بچووکی بەخۆوە دەگرت. من گومانم نییە کەهەر یەکێك لەوان کەبەپیشەسازییەك، یاکارێکی بازرگانییەوە خەریك بوو، پوختەی سەرمایەکەی لەدووسەد هەزار دۆلار زیاتر بوو، چاکترین نوێنەری خاوەن کاری رۆڵەی چینی ناوەراست بوون.

ئۆوین هەبوو، لەدەزگای سیلفیر بێرگو ئۆوینو هاوبەشەکانی بەقەڵخانەیەکی زل بوو چەندین لقی لێ دەبوونەوە، ئێمە کەرەستەی خواردەمەنیمان لەوێ دەکڕی، هەروەها شێوەکە خاوەن دەزگای کووالتو واشبوتی گەورەی دەرمان فرۆشتنو جۆرەها خواردنو خواردنەوە مستەر ئاسمۆنسین کەخاوەن کانگەیەکی زلی گرانیتبوو لەناوچەی کونتراکوستا هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لەو جۆرە پیاوانە خاوەن کارگەی بچووكو ژووری بازرگانیی بچووك یاخود بەشدار لەو جۆرە کارگەو ژوورانە بوون، بەکورتی هەموویان سەرمایەداری بچووك بوون.

پیاوی زرینگو رووخۆش بوون، بەساکاریو روونی دوان سکاڵای کۆمەڵایەتییان خستە ئەستۆی کۆمپانیا زلەکانو ترۆستاتی پاوانخوازی رێبازەکەیان: ((ترۆستاتەکان کەوی کەنو لێ رایانێنن) بوو، هەموو بەڵاکە لەترۆستاتەکانەوە، بوو هەموویان هەمان هاواری ترسو لەرزیان کرد، داوایان



کرد حکومەت موڵکیەتی ئەم ترۆستاتانە بخاتە سەرخۆی وەك ترۆستی هێڵی ئاسنو ترۆستی بروسك، یاتەلگرافو هی تر، باجی سەختو گران بخاتە سەرداهاتو بەرەبەرە توندو ترو سەخت تر، بۆ شەقووپەق کردنی کەڵەکە بوونی سامانی بێ شومار هەروەها وەك چارەسەرکردنی هەندێ دەردوبەڵای ناوخۆ، داوایان کرد شارەوانی دەست بەسەر موڵکداری کۆمپانیای ئاوو بەنزینو تەلەفۆنو ئۆتۆمبێلو بەرژەوەندیی گشتی تردا بگرێ.

حەقایەتی مستەر ئاسمۆنسین لەبابەت کارەساتەکانی وەك خاوەن کانگەی مەڕمەڕ (گرانیت) بەشێوەیەکی تایبەت خۆشبوو، دانی نا بەوەدا کەرۆژێ لەرۆژان هیچ قازانجێکی لەمەڕ مەڕەکانی نەکردووە، هەرچەندەش داواکاریی زۆرە ئەویش بەهۆی ئەو وێرانکارییە بوومەلەرزە گەورەیەی تووشی سانفرانسیسکۆیکرد, ئەوە شەش ساڵدەبێو پینەوپەڕۆکردنی سانفرانسیسکۆی بەرێکوپێکی دەڕواو بەردەوامە، چوارچێوەی کارەکانی پەرەدەسێنێ تەنانەت گەیشتۆتە چوار هەندێ پێشوو، بگرە هەشت هەندی پێشوو دەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا باری دارایی وەکو خۆیەتیو هیچ چاك نەبووە.

گوتی:

_(هێڵی ئاسنین کەمێك لەوەی من دەیزانم شارەزای پیشەسازییەکەی منە، ئەو فلس بەفلس خەرجییەکانی بەرهەم لەلای من دەزانێو بڕیارەکانی رێککەوتنەکانمو دەقەکانیان دەزانێ، بەڵام چۆن ئەوە دەزانێ، ئەمە تەنیا بەمەتەڵی دەزانم، گومانی تیانییە لەناو کرێکارەکانمدا سیخوڕو قسەچن هەنو، پەیوەندییان بەهەموو تاقمەکانەوە هەیە لەو رێککەوتننامە هەمە جۆرانەی واژۆمکردوون سەیر کەن بۆ نموونە من رێککەوتننامەیەکی زل واژۆ ناکەم کەبریارەکانی شیاوی ئەوەن قازانجێکی زۆرم دەستبخەن کەئەو کرێی گواستنەوەیە لەکانگەکەمەوە بۆ بازاڕ زیاد دەکات، کۆمپانیا هیچ لێکدانەوەیەك

www.pertwk.com

پێشکەش ناکات، بەمجۆرە خەتی شەمەندەفەر قازانجەکەم بەتالآن دەبات، لەو جۆرە تێکەڵی و پێکەڵییە هەرگیز نەمتوانیوە والەهێڵی ئاسن بکەم چاو بەزۆر کردنی کرێدا بگێڕێتەوە، لەلایەکی ترەوە سەردەکەوتم هەرچەندە ڕووداوەکانی کار زیاد دەبوون و خەرجی بەرهەم زیادی دەکردو بریاری رێککەوتنامنەکان قازانجی کەمتریان تێدا دەبوو، کەهێڵی ئاسن قایل کەم بەکەمکردنەوەی کرێکانی ئەنجامەکە چ دەبوو؟ هێڵی ئاسن هەمیشە قازانجەکانی منی دەکەوتە دەست، جائەو قازانجە کەم بێ یازۆر.)

ئێرنست قسەی پێبڕی تابڵێ:

_(پاش ئەمە بەگشتی ئەوەی بۆت دەمێنێتەوە وەك بەڕێوەبەرێك نزیکەی بەرانبەر مووچەکەت دەوەستێ ئەگەر خەتی شەمەندەفەر کانگەت بکاتە موڵکی خۆی)

مستەر ئاسمۆنسین وەڵامی دایەوە:

_(بەتەواوەتی وایە هەرماوەیەکی کەم دەبێ سەرنجێکی وردم دایە دەفتەرکانم لەماوەی دەساڵی رابوردوودا، بۆم دەرکەوت کەقازانجی من بەدرێژایی ئەم دەساڵە وەك مووچەی بەرانبەر بەرێوەبەر بوو، خەتی شەمەندەفەر دەیتوانی کانگەکەم بکاتە موڵکی خۆی بۆ بەرێوەبردنی بەرکێم بگرێ)

ئێرنست پێکەنی و گوتی:

_(بەلآم لەگەڵ ئەو جیاوازییەش دەبێ خەتی شەمەندەفەر لەحاڵەتی موڵکداریەتی کردنی کارگەکەدا بەدڵنیاییەکی زۆرەوە بەرگەی هەموو ئەو مەترسییانە بگرێ کەتۆ ئەمرۆ لەپێناویدا بەرگە دەگری)

ئاسمۆنسین بەدەنگێکی غەمناکەوە گوتی:

_(ئەمە لەسەدا سەد راستە)

تەنانەت ئەگەر ئێرنست وازی لێهێنان ئەوی بیانەوێ بیڵێن, دەیڵێن. لەچەپ و راست بەپرسیار دایگرتن لەمستەر ئۆوینەوە دەستیپێکرد.

_(نزیکەی شەش مانگ دەبێ، لێرەدا لەبیرکلی لقێکت بۆ بەقاڵخانەکەت کردەوە؟)

مستەر ئۆوین وەڵامیدایەوە:

_بەڵێ..



_(لەو کاتەوە سەیرم کرد کەسێ بەقاڵخانەی بچووکی گۆشەکان دەرگایان داخستبوو، ئایا بەهۆی لقە تازەکەتەوە ئەوە بوو؟)

مستەر ئۆوین بەخەندەیەکی رەزامەندانە ئەوەی بۆ یەکلاکردەوە:

_(بەهیچ بارێ نەیاندەتوانی بەرانبەر ئێمە خۆبگرن)

_(بۆچی)؟

_ئێمە سەرمایەیەکی زۆرترمان هەبوو، مامەڵە کاری گەورە پلەی بەفیڕۆچوونی کەمترەو پلەی کاریگەریەتیی زیاترە)

_(لقە نوێیەکەت قازانجی هەرسێ دووکانە بچووکەکەی هەڵمژی، تێگەیشتی, بەلآم پێمبڵێ، خاوەنی سێ دووکانە بچووکەکە چییان بەسەرهات؟)

_(یەکێکیان ئەمرۆ عەرەبانەیەك ، لەعەرەبانەکانی دابەشکردن لێ دەخوڕێ کەهی ئێمەن بەلآم نازانم، دووانەکەی تر چییان بەسەرهات)

لەپڕ ئێرنست روویکردە مستەر کووالت:

www.pertwk.com

ـ(تۆ گوژمەی گەورە گەورەی شمەك بەنرخی هەرزان دەفرۆشی.[62] چ بەسەر خاوەن داوودەرمانو جۆرەكانی خواردنو خواردنەوە هات، ئەوانەی ناچارتكردن بگەرێنەوە دواوە؟)

وەڵامەكەی ئەمەبوو:

ـ(یەكێك لەوانە، مستەر هاسفوردزە، ئەمرۆ بەرێوەبەری دەزگای رەچەتەی پزیشكییە لەدوكانەكە)

ـ(ئەو قازانجانەی دەستیان دەكەوتن هەڵتان دەلووشین)

ـ(بێگومان، ئەوەبوو كەئێمە لەپێناویا دابەزیینە مەیدانی بازرگانی.)

ئێرنست لەپڕ بە(ئاسمۆنسین)ی گوت:

ـ(ئەی تۆ؟ تۆ داخ لەدڵی چونكە هێڵی ئاسن قازانجەكانتی هەڵلووشین، ئاخۆ وانییە؟)

مستەر ئاسمۆنسین سەری لەقاند، كەنیشانەی بەڵێیە.

ـ(تۆ گەرەكتە هەمیشە قازانجت دەسكەوێ)

مستەر ئاسمۆنسین جارێكی تر سەری لەقاند

ـ(لەوانی دیكە)

لێرەدا ئێرنست وەڵامی نەدرایەوە سوور بوو لەسەر پرسیار

ـ(ئەوانی دیكە)

(62) cut- rates لەو سەردەمەدا نرخی شتەكانیان دادەشكاند تارادەی نرخی تێچون (كلفە) بەڵكو لەنرخی تێچوونیش كەمتر بەم شێوەیە لەتوانای كۆمپانیای گەورەكاندادەبێ كەبەفرۆشتنی زیان لێكەوتن بفرۆشن، ماوەیەكی زۆرتر لەوەی كەكۆمپانیا بچووكەكەكان دەتوانن، بەوەوە كۆمپانیای بچووك لەبازڕدا وەدەردەنرێ، ئەم رەفتارە هۆیەكی باوبوو لەهۆیەكانی هاڤبركێ (منافسه).



مستەر ئاسمۆنسین بەكورتییەكی وشك وەڵامیدایەوە

ـ(ئەوەیە ئەو رێگەیەی قازانجی لێوە دەكرێ)

ـ(كەواتە یارییە بازرگانییەكە ئەوەیە كەقازانجت لەهی ترەوە پێبگات هی دیكە قازانجت لێبكەن ئایا وانییە؟)

دەبوایە ئێرنست پرسیارەكەی دووپات بكاتەوەی بەرلەوەی ئاسمۆنسین بەو قسەیەی وەڵامیبداتەوە.

ـ(بەڵێ، ئەمەیە بارودۆخەكە، بەڵام ئێمە پەڵپناگرین لەقازانجكردنی خەڵكی دی مادامەكی زۆرنییە)

(( مەبەستت مادامەكی تەبەنییە, لەگەڵ ئەوەشدا خراپ نییە، كەتۆ بەگرانی نازانی خۆت ئەم جۆرە قازانجە قەبانەت دەسگیربن، بێگومان ئەمە خراپترە وانییە؟)

مستەر ئاسمۆنسین بەسانایی دانی بەم بێ دەسەڵاتییەدا نا پیاوێكی دیكە هەبوو، ئێرنست تاقیكردەوە، ئەویش مستەر كالفین بوو كەكارگەیەكی گەورەی شیرو بەرهەمەكانی هەبوو.

ـ(ماوەیەك لەمەوبەر، شەڕت لەگەڵ تروستی شیر، دەكرد وائەمرۆ تۆ كەوتوویتەتە ناو چالاكی رامیاری پارتی گراینج[63] ئەوە چۆنە؟)

مستەر كالفین كەبەراستی نیشانەی جەنگاوەرێك لەروویدا دیاربوو.

(63) لەو سەردەمەدا، تەقەلایەكی زۆر درا بۆ رێكخستنی چینی كشتكاران لەپارتێكی سیاسیدا كەئامانجی لەناوبردنی ترۆستاتو كۆمپانیا گەورەكان بوو لەرێگەی یاسادانانی كاریگەرەوە، بەڵام ئەم تەقەلایانە گشتیان سەرنەكەوتن.

www.pertwk.com

ـ(ئاخ، من باسی شەڕم نەكرد، من دژی (تروست) دەجەنگم لەتاكە گۆڕەپانێ كەپیاو تیایدا دەتوانێ بجەنگێ واتە مەیدانی سیاسی، پیشانت بدەم ئێمەی خاوەن كارگەكانی شیرەمەنی چەند ساڵێك دەبێ هەموو شتێك بەئارەزووی خۆمان دەكەین)

ئێرنست قسەكەی پێ بڕیو گوتی:

ـ(بەڵام لەناوخۆتانا بەربەرەكانیی یەكترتان دەكرد)

ـ(بەڵێ، ئەوەش بووە هۆی هێشتنەوەی قازانج لەئاستێكی نزمدا، تەقەلامان‌دا خۆمان رێكبخەین بەڵام خاوەن كارگە سەربەخۆكانی شیرەمەنی هەمیشە ریزی ئێمەیان كەرت دەكرد، پاشان ترۆستی شیر هات)

ئێرنست گوتی:

ـ(سەرمایەیەكی زێدەی لەلایەن ستاندەرد ئۆیلەوە پێدراوە)[64]

مستەر كالفین پێی لێنا:

ـ(بەڵێ، بەڵام ئەو كاتە ئەم راستییەمان نەدەزانی بەكرێگیراوەكانیان هاتن هەڕەشەیان لێكردین، پێیان گوتین:

(وەرنە ریزی ئێمەوە قازانجێكی زۆر دەكەن، یاخود لەدەرەوەی ترۆست بمێننەوەو برسی بذ( زۆربەمان چووینە ریزی تروست ئەوانەی نەهاتن برسی بوون، ئای، ئەوە لەسەرەتاداقازانجێكی باشی پێ گەیاندین نرخی شیر هەر چارەكە گالۆنێكی سەنتێكی هاتە سەر، چارەكی ئەم سەنتە دەچووە گیرڤانی ئێمە، بەڵام سێ چارەكەكەی تری بۆ ترۆست بوو، پاشان نرخی شیر سەنتێكی دیكەی زیاد كرد، بەڵام هیچ بەشێكمان لەو سەنتە دەست نەكەوت ئەو سەنتە

(64) یەكەم ترۆستی گەورەی سەركەوتوو بوو، نزیكەی وەچەیەكی تەواو پێش هەموو ترۆستەكان كەوتبۆوە.





هەرچییەك بێ سكالاكانمان بەفیڕۆ چوون دەسەڵاتی بكەومەكە هەر هی ترۆست بوو، بۆمان دەركەوت كەئێمە چەند پشتگوێ خراوین، لەئەنجامدا لەچارەكە سەنتە زێدەكەشی بێ بەشیان كردین، ئینجا قۆڵیان بڕین‌و پارەو پوولیان پێ‌ڵ نەهێشتن، خاوەنی كارگەی شیرەمەنی لەئارادا نەمان هەر تەنیا ترۆستی شیرمانەوە:

ئێرنست بەشەیتانییەوە سەرنجیدا:

ـ(بەڵام لەو باوەڕەدام پاش ئەوەی نرخەكەی دوو سەنت زیادیكرد، دەتانتوانی هاڤبركێی ترۆست بكەن)

ـ(ئێمە لەوەشدا بەهەڵە چووین، تەقەلای ئەوەمان دا، مستەر كالفین ساتێك ئارامی گرت (بەڵام ئەم تەقەلایەماڵی وێرانكردین تروست دەیتوانی شیر بەهەرزانتر لەوەی ئێمە توانیمان، بێنێتە بازاڕ، لەگەڵ ئەوەشدا بەو رێگەیە قازانجێكی كەمی دەكرد، كەچی ئێمە بەزیانێكی راستەقینەمان دەفرۆشت، لەو گردەوەیەدا پەنجا هەزار دۆلارم زەرەركرد زۆربەمان كەوتینە چاڵی نابووتی[65] خاوەن كارگەكانی شیرەمەنی لەناوچوون) ئێرنست گوتی:

ـ(بەمجۆرە تروست قازانجەكانی لەچنگ دەرهێنای ملتدایە سیاسەت، تاوا لەدەوڵەت بكەی یاسایەك دابنێ تروست لەناوبەرێ‌و قازانجەكانت بگەرێنێتەوە)

رووی مستەر كالفین گەشایەوەو گوتی:

ـ( ئەمە بەتەواوەتی قسەی منە لەم وتارانەدا، ئاراستەی كشتكارەكانی دەكەم، ئەوە گشت فیكرەكەمانە لەچەند وشەیەكدا هەڵیدەرێژین)

(65) نابووتی: دەزگایەكی سەیر بوو، وای لەو كەسەدەكرد كەلەپیشەسازیی هاڤبركێدا سەرنەكەوتووە، قەرزەكانی نەداتەوە، ئەنجامەكەی هەرچاككردنی باری جانەوەری بوو كەململانێی چەپۆك‌و كەڵبەری كۆمەڵایەتی گرتبووە خۆی

www.pertwk.com

ئێرنست لێی پرسی:

_(لەگەڵ ئەوەشدا تروست شیر بەنرخێکی زۆر هەرزانتر دێنێتە بەرهەم لەوەی خاوەن کارگە سەربەخۆکان دەیهێننە بەرهەم؟)

_(چۆن شیر بەو هەرزانییە ناهێنێتە بەرهەمو سەرمایە قەبەکەی وایلێدەکات کەرێکخستنێکی نایابو ئامێری نوێی هەبن؟)

ئێرنست وەڵامی دایەوە:

_(پێویست بەلێکۆڵینەوە ناکات، تواناکانی ئەوەی بۆ دەرخسێننو بەکردەوە جێبەجێیدەکەن)

لێرەدا مستەر کالفین دوانێکی سیاسییدا رایەکانی خۆی تێدا دەرخستن، دوای ئەو دوو کەسی تر زۆر گەرموگوڕ دوان، هاواری هەمووان داوای نەهێشتنی تروستەکانی دەکرد)

ئێرنست بەدەنگێکی وەك چرپە پێیگوتم:

_(ئای چ خەڵکێکی بەستەزمانی ساویلکەن) بەڕوونی ئەوەندە دەبینن کەچاویان ڕێگەیان پێدەدا ببینن بەڵام تەنیا سەری لووتی خۆیان دەبینن)

پاش تاوێك هەڵسا تاجارێکی دی قسە بکات بەشێوە جیاکەرەوەکەی توانی کاربکاتە سەر هەستونەستی ئامادەبووانو هەقی قسەکردنی بەخۆیدا لەوەی شەو بەسەربردنەکە بەبەرییەوەماوە قسەکەی دەست پێکردو گوتی:

_(بەبایەخەوە گوێم لەهەمووتان گرت، من بەروونی دەبینم کەئێوە یارییە بارزگانیەکە لەسەر ڕێگە راستو رەوانەکەی ئەرتۆدۆکسی یاریدەکەن، ژیان لای ئێوە تەنیا قازانجە هەر یەك لەئێوە دەزگاو بروایەکی پتەوتان هەیە کەئێوە بۆیەك مەبەست خوڵقاون، ئەویش قازانج کردنە، بەڵام تەگەرەیەك هەیە کاتێ ئێوە خەریکی تەقەلادانی دەسکەوتنی قازانجن تروستەکانی پاوانکاری سەرهەڵدەدەنو قازانجەکانیان لەگیرفانتان دەردەکەن، ئەمەش تێکەوتنێکە بەرێگەییێك کەلەگەڵ بوونەوەریدا ناگونجێ تاکە ڕێگاش بۆ خۆ لێدەرباز کردن وەك لەلاتان دیارە لەناوبردنی ئەو تروستانەیە کەقازانجەکانتان لێ دەستێنن)

(بەبایەخەوە گوێم لەقسەکانتان گرت، تەنیا یەك ناو هەیە پێیدەکرێ کەمتان بکاتەوە سائەو ناوەتان لێدەنێم ئێوە ئامێر تێکشکێنن، دەزانن ئامێر تێکشکێن کێیە؟ باپێتان بڵێم لەسەدەی هەژدەیەمداو لەئینگلستان ژنو پیاو کاڵایان لەکۆختەکانی خۆیان بەتەون دەچنی ئەم سیستمەی پیشەسازی ناوماڵ شێوەیەك بوو لەچنینی کاڵا کەلەوی خاوترو لەوی ئاسابەدەرترو تێچونی زیاتر نەبوو لەپڕ ئامێری هەڵمیو ئامێری کەمکردنەوەی تەقەلای کارگەر هاتنەکایەوە هەزار خەرەك پێکەوە لەکارگەیەکی گەورەدا کەبەئامێری هەڵمی مەڵبەندی کاردەکەن، دەتوانن کاڵا بەزۆر هەرزان تر بهێننە بەرهەم لەوەی کەجۆڵاکانی ناوماڵ بەتەون دەیانتوانی بیهێننە بەرهەم لێرەدا لەکارگەدا، هاوکاری هەبوو بەربەرەکانی بەرامبەر ئەم هاوکارییە نەما، لەمەوبەر ژنو پیاو بۆ گیرڤانی خۆیان ئیشیان بەخەرەکەکانی دەستیان دەکردو ئێستا روویان کردۆتە کارگەکانو ئیش بەخەرەکی ئامێر ناکەن بۆ گیرڤانی خۆیان، بەڵکو بۆ گیرڤانی خاوەن موڵکی سەرمایەدار بۆ ئەمە منداڵە بچووکەکان لەپشت خەرەکە ئامێرییەکانەوە بەکرێیەکی کەم دەستیان کرد بەکار، لەسەرپارووی رۆژانە هاڤبرکێی پیاوەکانیان دەکرد، لەئەنجامی گشت ئەوەدا پیاوەکان دووچاری قەیرانێکی سەخت بوون، ئاستی ژیانیان دابەزی برسی بوون گوتیان ئەم کارەساتەیان لەمەڕ ئامێرەکانەوەیە، بەم شێوەیە دەستیان کرد بەتێکوپێکدانی ئامێرەکان بەڵام سەرنەکەوتن هەتا بڵێی گێلو وێل بوون.

(لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە پەندتان لەهی وەك ئەوان وەرنەگرت تائێوە ئەو کەسەن، پاش سەدەو نیوێك، تەقەلای ئامێر تێکشکاندن دەدەن، ئامێری تروستە پاوانکارییەکان، بەدانانانی خۆتان، کاردەکەن، بەشێوەیەکی کاریگەرترو خەرجی کەمتر لەوەی کەئێوە دەتوانن بیکەن، ئەمەشە هۆی ئەوەی کەئێوە ناتوانن

www.pertwk.com

هاڤر کێیان بکەن، لەگەڵ ئەمەشدا ئێوە بەئاشکرا ئارەزووی تێکشکانی ئامێرەکان دەکەن، ئێوە تەنانەت لەکرێکارە گێلەکانی ئینگلستانیش گێل ترن، کاتیٚ ئێوە لەبارەی ژیاندنەوەی هاڤبر کێوە ورێنە دەکەن، تروستەپاوانکارییەکان لەماڵ وێرانکردو گۆڕەپان وێرانکردنتاندا بەردەوامن.

_(ئێوە هەمووتان هەمان حەقایەت دووپاتدەکەنەوە بەسەر چوونی سەردەمی هاڤبرکیٚو سەرهەڵدانی سەردەمی گردبوونەوەی هاوکاری لەگەڵ ئەوەشدا مستەر ئۆوین تۆ لێرەدا لەبێرکلی هاڤبرکێت لەناوبرد کاتیٚ لقە تازەکەت سیٚ بەقاڵخانەی بچووکی ناچار کرد مەیدان چۆڵ بکەن، دەزگا گردبووەکەت کاریگەرییەتی زیاترە، لەگەڵ ئەوەشدا تۆ هەیت بەقورسایی پاوانکارییەکانی تر دەکەیت لەسەرت بارگرانیی تروستە پاوانکارییەکان جادەنگی سکاڵا دەربرین بەرزدەکەیتەوە بۆیە ئەوەش دەکەیت چونکە خاوەن تروست نیت ئەگەر تروستەکی بەقاڵیت هەبوایە خۆی بەسەر بازارەکانی ولاٌتەیەکگرتووەکاندا سەپاند با، ئیتر تۆش دەبوایە گۆرانیەکی دیکە ببێژیو، ئەو سترانە شیاوی ئەوەیە کەهاوار بکات:

(تروستەکان پیرۆزن) پاشان تۆ، جگە لەوەی دەزگا گردبووە بچوکەکەت بەڕاستی تروست نییە، ئەوە دەزانی کەئەم دەزگایە هێزێکی باشی نییە، بەم شێوەیە پێشبینی سەرەنجامەکەی دەکەیت، تۆ هەست دەکەیت لەوە دەرناچی کەخۆتو تۆڕی بەقاڵییەکانت تەنیا هۆیەکی ناوەنجین لەیارییەکەدا، تۆ دەبینی دەزگا بەهێزەکان دەدرەوشێنەوەو رۆژبەرۆژ بەهێزتر دەبن تۆ هەست بەدەستەزریٚ پۆشەکانیان دەکەی پەلاماری قازانجەکانت دەدەنو چنگێك لێرەو چنگێك لەویٚ دەرفێنن تروستی خەتی شەمەندەفەر نەوت تروستی پۆلاو تروستی خەڵوزی بەردینو تۆ دەزانی کەئەوانە لەئەنجامدا لەناوت دەبەنو دوا رێژەی سەدیی قازانجەکەمەکانت لیٚ دەسێنن)



_(قوربان تۆ یاریزانێکی ساکاری چەوساوەی بەلاٌم کەدەستت نایە بیناقاقای سیٚ بەقاڵخانە بچووکەکە لێرە لەبێرکلی ، چونکە تۆ لەوان سەرمایەت زیاتر بوو رێکخستنت باشتر بوو، لەخۆت بایی بووی دەستتکرد بەباسکردنی کاریگەریو گیانی ئازایەتیو خێزانەکەت ناردە ئەوروپا، ئەگەر ئەو قازانجە نەبوایە کەتۆ لەرێگەی قووتدانی سیٚ بەقاڵییە بچووکەکەوە دەستتکەوت، ئەوەی بۆ نەدەلوا ئەوسیٚ بەقاڵیە سەگ بوونو یەکتریان دەخوارد، پاشان تۆ هاتیو هەموویانت خوارد، بەلاٌم وائەم سەگە زلانە ئەوانیش، دەستیان پێکردووە، ددانیان لەگۆشتت گیر دەکەن، ئەمەشە وات لێدەکات بقیژێنی، ئەوەی کەبە تۆی دەڵێم، سەبارەت بەهەمووتان راستە، ئەی ئەوانەی ئەمشەو لەسەر ئەم خوانەدانیشتوون، ئێوە هەمووتان دەقیژێنن، ئێوە هەمووتان یارییەکی دۆراو دەکەن، لەبەر ئەوە بۆ بەختی خۆتان دەگرین.

_(بەلاٌم ئێوە کەدەقیژێنن بەڕاشکاوی بارودۆخەکە ڕاڤە ناکەن، وەك من راڤەمکرد ئێوە دەتانەویٚ قازانجی خەڵکانی دی هەڵووشن ئێوە ئەو هەموو گۆبەندە هەر لەبەرئەوە دەنێنەوە چونکە هی دیکە قازانجەکانتان لەدەست دەردێنن، نەخێر، ئێوە لەوە زیرەکترن کەئەوە بکەن، ئێوە شتێکی دیکە جاڕ دەدەن، ئێوە وتاری سیاسی دەدەن، تەمسیلی باری سەرنجی سەرمایەدارە بچووکەکان دەکەن، وتاری وەك ئەو وتارەی کەمستەر کالفین دای چی گوت؟ فەرموون چەند دەستەواژەیەکی وەك نووسیومەتەوە (بیروباوەڕە بنەرەتەکانمان راستو گەرانەوەیە بۆسەر ریبازی ئەمەریکایی بنچینەیی: رەخساندنی دەرفەتی ئازادە بۆ هەموو هاوولاٌتیان)( گیانی ئازادی کەئەم نەتەوەیەی تیادا لەدایك بوو)(بابگەرێینەوە سەر بیروباوەڕی باووباپیرانمان)

ئەو کەدەڵیٚ: (رەخساندنی دەرفەتی سەربەست بۆ هەموو هاوولاٌتیان مەبەستی رەخساندنی دەرفەتی ئازادە بۆ قازانج لەچنگ دەرهێنان ئازادییەکە ئێستا

www.pertwk.com

دروست بەزلەکان نکووڵی لێدەکەن لایەنی پووچ لەمەسەلەکەدا ئەوەیە کەئێوە ئەو قسانە بەجۆرێکی بەردەوام دەڵێنەوە تەنانەت واتان لێهاتووە بڕواتتان پێ هەیە ئێوە داوای ئازادی دەکەن بۆ ئەوەی بەرێگە بچووکە تایبەتییەکەتان براکانتان لەمرۆڤایەتیدا تاڵان بکەن.. بەڵام موگناتیسییانە خۆتان دەنوێنن بۆ ئەوەی وای لێ بکەن وابزانێ ئێوە سەربەستیتان دەوێ، ئێوە چڵێسن دەسکەوتنخوازن، بەڵام سیحری قسەکانتان دەتانخاتە سەرئەو بڕوایەی کەئێوە نیشتمانپەروەرن هەرئەمەش بەتەنیا نا، بەڵکو ئێوە حەزکردنتان بەقازانج دێننە بەرچاو، ئەویش خۆپەرستییەکی رووتە، وەك بڵێی بێ ئارامیەکی غیرەتمەندانەی بەرانبەر ئینسانییەتی بەئەشکەنجەو ئازار، ئێستا فەرموون، لێرە لەم شوێنەی سەرراستیو دەستپاکی لەرووەکەیدا سەیری مەسەلەکە بکەنو بەداڕشتەی بێ پەناوپێچ دەریبڕن).

خەڵکەکە سوور هەڵگەرانو، نیشانەی تورەییان پێوە دیار بوو، تەنیا هەر ئەمەش نا، بەڵکو کەمێکیش ترسیان لێ نیشت، بەبینینی ئەم لاوە رووناسکەو تەوژمی وشەو وردو خاشکەرەکانیو رێبازە ترسناکە راستو رەوانەکەی نەختێ هەترەشیان چوو مستەر کالفین سنگی خۆی هێنا پێشەوەو بۆ وەڵامدانەوە پرسی:

_(بۆ نا؟ بۆ ناتوانین بگەرێینەوە سەر ئەوڕێو شوێنەی باووباپیرانمان گرتبوویان کاتێ ئەم کۆمارە دامەزرا تۆ مستەر ئێڤەرهارد راستییەکی زۆرت دەربڕی هەرچەندە ناخۆشو ناسازیشن، بەڵام بالەناو خۆمانا، ئالێرەدا لێك ئاشکرابین باهەموو رووپۆشەکان فرێدەینو بەڕاستی قایل بین، وەك چۆن مستەر ئێڤەر هارد بێفرتوفێڵ پەنجەی لەسەردانا راستە ئێمەی سەرمایەداری بچووك بەدوای قازانج کەوتووینو تروستەکان ئەم قازانجانەمان دەبەن، راستیشە کەئێمە دەمانەوێ تروستەکان لەناوبەرین تابتوانین قازانجەکانمان بەدەستەوە بمێنن بەڵام چی تیایەو بۆچی ناتوانین ئەم ئارەزووە بهێنینە دی؟ بۆچی نا؟ دەڵێم بۆچی نا؟)

نیشانەی سرەوتن لەسەر رووی ئێرنست دیاربوو گوتی:

(ئای... واگەشبین مەبەستەکە بۆت شیدەکەمەوە بۆچی نا، هەرچەندە ئەوشیکردنەوەیە هەندێك ناخۆشە ئێوە جەنابتان بازرگانیتان بەشێوەیەکی سنووردار خوێندووە، بەڵام هەڵبەتە گەشەکردنو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیتان نەخوێندووەو، ئەمرۆش ئێوە لەناوجەرگەی گواستنەوەدا لەپەرەسەندنی ئابووریدا دەژین، بەڵام ئێوە تێیناگەن ئەمەش هۆی ئەم هەموو شڵەژانو ئەو شێواندنەیە بۆچی ناتوانن بگەرێنەوە سەر رێو شوێنی باووباپیرانمان؟ چونکە ئێوە ناتوانن ئێوە ناتوانن هەڵکشانی باری گۆڕینی ئابووری بوەستێننو بیگەرێننەوە ئەو شوێنەی لێی هاتووە بەقەد ئەوەی دەتوانن تەوژمی ئاوی تاڤگە ناچار بکەن لەخوارەوە بۆ سەرەوە بێ یۆشەع خۆری لەسەر (جبعون)* راگرت، بەڵام ئێوە دەتانەوێ خۆر ناچار بکەن لەئاسماندا بۆ دواوە بگەرێتەوە ئێوە دەتانەوێ کات پاشەوپاش بگەرێتەوە لەنیوەرۆوە بۆ بەیانی (ئامیرییەتی زۆرو زەبەندکردنی تەقەلای کرێکاریو بەرهەمی رێكوپێك، کاریگەرییەتی پەرەسەندووی پاوانکردن، کاری سازکردن، حەزتان کرد خۆری ئابووریی وەچەیەکی تەواو، یا لەو بابەتە بۆ پاشەوە بگەرێننەوە بۆ ئەو سەردەمەی سەرمایەداری گەورەو ئامێرییەتی زلو هێڵی ئاسنینی تیا نەبوون ئەو رۆژەی کۆمەڵێك لەسەرمایەدارە بچووکەکان لەناو ئاژاوەیەکی ئابووریدا کەوتبوونە گیانی

---

*Gabuon: شارێکە لەفەلەستین، لەباکوری ئۆرشەلیم تیایدا یۆشەعی کوڕی نوون بەسەرکەنعانیەکاندا زاڵ بوو _ بڕوانە : المنجد فی اللغه والادب والعلوم لویس معلوف ل131/ وەرگێڕی کوردی.

www.pertwk.com

یەکتر ئەو ڕۆژەی بەرهەم سەرەتایی فەوتێنەر (تەرفێن)ی بەناریێکی نرخگران بوو، بڕوام پێبکەن، ئەرکی یۆشەع ئاسانتر بوو، خواوەندی لەپشتەوە بوو یارمەتی دەدا.

بەڵام ئێوەی سەرمایەداری بچووك خواپشتی بەردان خۆری سەرمایەدارە بچووکەکان بەرەو ئاوابوونە جارێکی دیکە هەتا هەتایە هەڵنایە، نەخێر هەرنەبێ ناتوانن بیوەستێنن ئێوە بەرەو لەناوچوون دەچن، هەردەبێ بەیەکجاری لەناو کۆمەڵدا تەفروتوونابن.

(ئەوەیە بریاری گۆران کەڕەتناکرێتەوە ئەوە پەیڤی خوایە، هاوکاری لەهاڤبرکێ بەهێزترە، ئادەمیزادی سەرەتایی ئادەمیزادێکی گەشە ناتەواو بوو (جەستە ناتەواو) لەناو کون و کەلەبەری بەردا دەژیا، پاشان خۆی کۆکردەوەو هاوکاری کردو پەلاماری دوژمنە گۆشتدارەکانی خۆیدا، دوژمنەکانی گیانلەبەری ناکۆك بوون، بەڵام ئەو گیانلەبەرێکی هاوکار بوو، لەبەر ئەوە توانی بەسەر هەموو گیانلەبەراندا زاڵبێ لەو کاتەوە مرۆڤ پشتگیری و هاوکاریی گەورە گەورەتر وەدەست دێنێ.

مەسەلە مەسەلەی ململانێی نێوان پشتگیری و هاوکاری و هاڤبرکێیە ململانێیەکی کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ هەزار سەدە لەمەوبەر تیادا تووشی سەرنەکەوتنی بەردەوام بوو، ئەوی لایەنی هاڤبرکێ بگرێ هەردەمێ لەناوبچێ)

کالفین پەڵپی گرت و گوتی:

_(بەڵام تروستات خۆی، لەوە زیاتر نییە کەبەروبوومی هاڤبرکێ بێت)

ئێرنست وەڵامی دایەوە:



_(ئەو پەڕی راستە، تروستیش خۆی هاڤبرکێی لەناوبردنە هەرلەبەر ئەم هۆیەشە وەك تۆ خۆت گوتت لەپیشەسازیی شیرکشایەوە)

بەدەور مێزەکەدا یەکەم تریقانەوەی شەو بەسەربردن بەرزبوەوە تەشەنەی کرد، تەنانەت مستەر کالفینیش پێکەنینی بەخۆی هات.

ئێرنست لەسەر قسەکەی خۆی ڕۆیی:

(ئێستاش مادام لەتروستەکان دەدوێن بابریار لەسەر هەندێ مەسەلە بدەین.. من دەقی چەند حوکمێك وەك خۆیان دەدەم، ئەگەر لەگەڵ مندا نەبوون رای خۆتان دەربڕن بێدەنگی مانای را لەسەربوونە ئایا راست نییە جۆڵایی ئامێریی دەتوانێ کاڵای زۆر بچنێ لەوەی کەبەتەون دەچنرێ و تێچوونی زۆر لەو کەمترە؟

کەمێك وەستا، بەڵام کەسیان دەمی نەکردەوە، پاشان گوتی:

(کەواتە ئاخۆ گەوجی و بێ عەقڵیی تەواو نیەکە ئامێرێك تێکوپێکدەین و بگەرێینەوە سەرچنین بەخەرەکی دەستی، ئەو شێوەیە نائاساییەو زیاتریشی تێدەچێ)

وەك نیشانەی رازیبوون خەڵکەکە سەریان بۆ لەقاند لەسەر قسەی بەردەوام بوو:

_(ئایا راست نییە ئەو گردبوونەوەیەی بەتروست ناسراوە بەشێوەیەکی کاریگەرترو هەرزان تر دەتوانی بەرهەم وەبەر بهێنێ لەوەی کەهەزار دەزگای تروستی بچووکی هاڤبرکێ کەر بهێننە بەرهەم؟)

لەگەڵ ئەوەشدا کەس نارەزایی دەرنەبڕی:

_(کەواتە گەوجیەتی بێ ئەقڵی نییە کەئەو گردبوونەوە هەرزانە کاریگەرە تێکدەین؟)

خەڵکەکە هەموویان دەمێك مات و کپ بوون ئینجا مستەر کووالت بەپرسیارەوە گوتی:

_(کەواتە چ پێویستە لەسەرمان کەبیکەین؟ لەناوبردنی تروستەکان تاکە رێگەیەکە کەدەتوانین بیهێنینە بەرچاوی خۆمان بۆ دەرباز بوون لەدەسەڵاتیان)

www.pertwk.com

ئێرنست یەکسەر هەموو گیانی بووە ئاگرو چالاکیو قیژاندی:

( رێگەیەکی ترتان نیشان دەدەم بیر لەو ئامێرە نایابانە نەکەینەوە کەبەکاریگەریو هەرزانی وەبەرهەم دێنن، بابیخەینە ژێر دەسەڵاتمان، باسوود لەکاریگەریو هەرزانی وەرگرین باخۆمان بیانخەینە کار، بامولْکدارانی ئێستای ئامێرە نایابەکان دەرکەینو خۆمان مولْکداری ئەو ئامێرانەبین گەورانم، ئەوەیە سۆشیالیزم خۆی گردبوونەوەیەکی هاوکارییە لەتروستات بەرزترە گردبونەوەیەکی ئابووریو کۆمەڵایەتی مەزنترە لەهەر گردبوونەوەیەك هەتا ئەمرۆ لەسەر ئەم زەمینە دەرکەوتبێ ئەو لەگەڵ بارگۆراندا گونجاوە وەرنەریزی ئێمە، ئێمەی سۆشیالست گرەو لەسەر لایەنی قازانجکەرـــ سەرکەوتوو بکەن)

لێرەدا بەرهەڵستی تاك سەری هەڵدا، خەڵکەکە سەریان لەقاند دەستیان کرد بەچرپە چرپو مینگە مینگ.

ئێرنست پێکەنیو گوتی:

(زۆر چاکە، کەواتە ئێوە پێتان چاکترە کەدژ بەپێشکەوتنبن ئێوە پێتان باشترە کەدەوری هەڵگەرانەوە بنوێنن هەردەبێ لەناوچن وەك چۆن دەبێ هەر رێبازێکی هەڵگەرانەوە لەناوچێ ئایا رۆژێ بەخەیاڵتانا نەهاتووە بپرسن کەگردبوونەوەی هاوکاری گەورەتر لەتروستانی ئێستا دەربکەوێ چیتان لێدێ؟ ئایا رۆژێ بیرتان لەچارەنووسی خۆتان کردۆتەوە بەچی دەگات کەتروستە گەورەکان خۆیان لەناو گردبوونەوەی گردبوونەوەکاندا– لەتروستی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسیدا یەك دەگرن؟)

لێرەدا لەپڕ روویکردە کالفینو گوتی:



ـ(پێمبڵێ، ئەگەر ئەمە راست نییە، ئێوە ناچارن پارتێکی نوێی سیاسی دروستکەن، چونکە پارتە کۆنەکان هەموویان ملکەچی دەسەڵاتی ترۆستانن، ئەو تەگەرە سەرەکییەی کەرێگەی پروپاگەندەی (گراینجییە) کەتان دەگرێ تروستانن.

لەپشت هەر کۆسپێك تووشی دەبنو، هەرلێدانێکی پێتان دەکەوێو هەر شکانێك تووشی دەبن، دەستی تروستانی پاوانکاری تێدایە پێم بڵێ، ئایا ئەمە راست نییە؟)

مستەر کالفین بەکەمێك پەستیو نارەحەتیەوە بێدەنگبوو ئێرنست هانی داو گوتی:

ـ(دەی قسە بکە!)

مستەر کالفین نارەزایی دەربڕی:

ـ(ئەوە راستە زۆربەی کورسییەکانی ئەنجومەنی یاسادانانمان لەولایەتی ئۆریگۆن وەرگرتو یاسایەکی خۆ پاراستنمان دەرکرد، بەڵام کاربەدەستی ولایەتەکە کەئەڵقە لەگوێی تروستات بوو، ڤیتۆی لەسەر دانا. کاربەدەستێکمان بۆ ولایەتی کۆلۆرادۆ هەڵبژارد، بەڵام ئەنجومەنی یاسادانان نەیهێشت ئەو پۆستەی پێبدرێ، دووجاریش بریارمان لەسەر پرۆژەی باجی نیشتمانی داهاتداو پەسەندمانکرد هەردوو جارەکە پرۆژەکەی پێشێل کردو کێشایەوە بەبیانووی ئەوەی نادەستوورییە دادگەکان لەدەست تروستاتدانو ئێمەش، رۆڵەکانی گەل، مووچەی باش نادەینە قازییەکانمان بەڵام هەردەبێ رۆژگارێ دابێ..)

ئێرنست قسەی پێ بڕیو گوتی:

ـ(رۆژگارێك کەگردبوونەوەی تروستات، هەموو دەستەکانی یاسادانان دەخەنە ژێر رکێفی خۆیان، رۆژگارێك گردبوونەوەی تروستات دەبێتە خودی حکومەت)

www.pertwk.com

بووە هات‌و هاوار:

_(ئەمە نابی! ئەمە نابیٚ!)

هەرکەسە تەواو هەڵچوو بوو، نیشانەی ئارەزوو کردنی شەڕ لەروویان دیاربوو

ئێرنست لێی پرسین:

_(پێم بڵێین کەئەو رۆژگارە دادیٚ چ دەکەن)

مستەر ئاسمۆنسین هاواریکردو زۆر درەنگ ئەو بریارەی وی پەسەند کرد:

_( پەنا دەبەینەبەر رەخساندنی هێزی خۆمان)

ئێرنست ئاگاداریکردنەوە..

_(بەلاّم ئەمە مانای شەڕی ناوخۆیە)

مستەر ئاسمۆنین وەلاّمیدایەوەو، هاوارکردنی هەموو پیاوە دانیشتوەکانی سەرمێزەکەی لەپشت بوو:

_(کەوابیٚ باشەڕی ناوخۆ بیٚ! ئێمە ئەو کارە مەردانەمان لەبیر ناچێت کەباووباپیرانمان کردیان کەئازادیمان دەکەوێتە مەترسی دەمانبینی ئامادەین شەڕ بکەین‌و بمرین)

ئێرنست زەردەی هاتیٚ‌و گوتی:

_(لەبیرتان نەچێت، ئێمە لەناورا (خمیأ) رێکەوتین، کەئازادی لای ئێوە گەورانم، مانای ئازادیی قازانج لەچنگ دەرهێنانی خەڵکی ترە)

توورەیی باڵیکێشا بەسەر کۆڕی خوانەکەدا توورەیی ئەم جارەیان توورەییەکی شەڕکەرانە بوو، بەلاّم ئێرنست زانی چۆن قاووقیژەکە کپ کات‌و دەنگی خۆی بگەیێنێتە گوێچکەیان.



_(پرسیارێکی تر ماوەتەوە، کەپەنا دەبەنە بەرسازکردنی هێزی خۆتان، لەبیرتان نەچیٚ هۆی ئەم پەنابردنەتان بۆ هێزو زاڵبوونی تروستاتە بەسەر حکومەتدا، مانای ئەوەیەکە میری سوپای نیزامی‌و کەشتیگەل‌و میلیشیاو پۆلیستان بەرامبەر رادەگریٚ بەکورتی هەموو ئامێری رێکوپێکی ئەمەریکایی شەڕتان بەرووەوە دەنیٚ ئەو حەلە هێزی ئێوە دەتوانیٚ چ بکات؟)

دەموچاویان سامی لێنیشت، بەرلەوەی بێنەوە سەرخۆ ئێرنست زەبری نوێی خۆی وەشاند:

_(ئەو سەردەمە زۆر لەمێژنییە تان لەبیرە کەلەشکری نیزامیمان ژمارەی لەپەنجا هەزار جەنگاوەر زیاتر نەبوو؟ ئەم ژمارەیە ساڵ بەساڵ زیادی کرد، تەنانەت ئەمرۆکە بۆتە سیٚ سەد هەزار جەنگاوەر)

سەرلەنویٚ زەبری وەشاندەوە:

_(بەلاّم ئەمە هەمووی شت نییە کاتیٚ ئێوە تارماییە خۆشەویستەکەتان راودەنا، ئەوەی کەناوتان ناوە قازانج، کاتیٚ ئێوە فەلسەفەیەکی ئاکاریتان دادەمەزراند پایەی بوتە بریقەدارەکەتان بەرزکاتەوە، ئەوەی پێیدەڵێن هاڤبرکیٚ، پاوانکردنی شتی گەورەترو سامناکرتی وەدەستهێنا میلیشیای دامەزراند..)

مستەر کووالْت هاواری کرد:

میلیشیا هێزمانە، بەهۆی ئەوەوە دەتوانین هێرشی سوپای نیزامی بەربەست کەین)

وەلاّمی ئێرنست ئەمە بوو:

_(ئێوە خۆتان دەچنە ریزی میلیشیاوەو، دەنێردرێنە ماین، یافلۆریدا، یافلیپین، یاخود هەرشوێنێکی دیکە تاکو لەخوێنی هاوڕیٚ شەڕکەرەکانتان

www.pertwk.com

شارســتانانە لــەپێناوی ئازادییانــدا بخنکێنــیٚ لــەکاتێکا هاوڕێکانتــان خۆیــان لەکانــساس و یــاخود ویسکنــسین یاهــەر ولایــەتێکی دیکــەوە دێنــە ئێــرە، بــۆ کالیفۆرنیا تاکو لەخوێنی هاوریٚ شەڕکەرەکانتان شارستانانە بخنکێن).

خەڵکەکــە بەراســتی راتــەکان ,مــاتبوون و نقــەیان نــەکرد مــستەر ئــۆوین بەمنگەمنگەوە گوتی:

ـ(ناچینە ریزی میلیشیاوە لەمەدا مەسەلە ساغدەکرێتەوە ئێمە تائەو هەموو رادەیە گەوجنابین)

ئێرنست لەقاقای پێکەنینی داو گوتی:

ـ(ئێوە لەڕاستیی ئەو گردبوونەوە ناگەن کەبووە ناتوانن ئەرکی بەرگریکردن لەخۆتان بگرنە ئەستۆی خۆتان لەبەر ئەوە بەڕاکێشان دەتانبەن بۆ میلیشیا)

مستەر ئۆوین سوور بوو:

ـ(بەڵام شتێك هەیە پێیدەڵێن یاسای شارستانی)

ئــەو کاتــە ناکەحکومــەت کاربەیاســای  شارســتانی ناکــات، ئــەو رۆژەی تیایــا باســی پــەنا بردنــە بــەر ســازکردنی هێــز دەکــەن ئــەم هێزەتــان لەڕووتانــدا هەڵدەگەرێتەوە ئێوە بەخۆشی و بەناخۆشی دەچنە ناومیلیشیاوە ئەگەر نەچوونە ریــزی میلیــشیاوە یــاخود دوای خۆتــان لەمەیــدانی شــەڕەکەدا لەبــەردەم چــوونە ئەنجومەنێکی عورفیدا دەبیننەوە وەك سەگ گوللە باران دەکرێن بەتەواوەتی ئەوە یاساکەیە!

مستەر کالفین بەتەواوەتی دووپاتی کردەوە:

ـ(نەخێر، ئەمە یاساکەنییە یاسایەك نییە بەم شێوەیە، لاوۆ خەونت بەگشت ئــەوەوە بینــی چــۆن نــا، باســی نــاردنی میلیــشیات کــرد بــۆ فلیــپین ئەمــە شــتێکە



پێچەوانەی دەستوورە دەستوور ئەو دەقە دووپات دەکاتەوە کەناشیٚ میلیشیا رەوانەی دەرەوەی وڵات بکریٚ)

ئێرنست لێی پرسی:

ـ(دەســتوور چ کــاری بەســەر ئــەم مەســەلەیەوە هەیــە؟ دادگــەکان دەســتوور لێکدەدەنــەوە، دادگــەکانیش وەك مــستەر ئاسمۆنــسین دانــی پیانــا دەســتکردی تروستاتن بۆ ئەمەو بۆ ئەوە یاسایە وەکو گوتم ئەوە چەند ساڵێکە ئەو یاسایە پەیرەو دەکریٚ یاسای پەیرەو کراو گەورەکانم کەنۆ ساڵ دەبیٚ!)

کالفین بەباوەڕنەکردنەوە گوتی:

ـ(یاســا دەقــی تیایــە بــەناردنمان بــۆ ریــزی میلیــشیا، یاســا دەقــی تیایــە بەدادگــەیی کردنمــان لەبــەردەم ئەنجومــەنی عورفیــدا کەلــەخودی گۆرەپــانی شــەڕدا دەبەستریٚ ئەگەر بێتو یاخی بین؟)

ئێرنست گوتی:

ـ(بەڵیٚ، یاسا بەتەواوەتی ئەوەی تیایە)

باوکم پرسی، دەمتوانی ئەوە ببینم کەمەسەلەکە بەلای ئەویشەوە نوێیە:

ـ(بەڵام چۆن شیاوە کەبەر لەئەمڕۆ ئەم یاسایەمان نەبیستبیٚ؟

ئێرنست گوتی:

ـ(لەبــەر دوو هــۆ، یەکــەم چــونکە هێــشتا پێویــستی نــەکردووە کەبخرێتــە کــار، ئەگەر ئەم پێویستییە هاتە کایەوە ئیتر یەکسەر دەیبیسین دووەمیان چونکە یاسا بەنهێنی و بەپەلە خراوەتە بەردەم کۆنگرێس و ئەنجومەنی پیران هەردوو دەستەی یاسادانان بەکەمە لێکۆڵینەوەیەك پەسەندیان کرد بێگومان رۆژنامەکان ئاماژەیان بەشــتێکی وانــەدا بــەڵام ئــەوەی بــوو، ئێمــەی سۆشیالــست زانیمــان،

www.pertwk.com

لەرۆژنامەکانی خۆماندا بڵاومانکردەوە بەڵام ئێوە رۆژنامەکانی ئێمە هەر ناخوێننەوە)

مستەر کالفین بەکەللە رەقییەوە گوتی:

_(من هێشتا سوورم لەسەر ئەوە کەتۆ خەو دەبینی ناشێ وڵات رێگا بەم جۆرە یاسادانانە بدا.

ئێرنست وەڵامی دایەووە:



_(بەڵام وڵات بەراستی رێگەی پێداو، ئەوەی کەپەیوەندیی بەقسەکەتەوە هەیە من خەودەبینم..

لێرەدا دەستی خستە گیرڤانیو نامیلکەیەکی بچووکی دەرهێنا.

(پێم بڵێ، ئایا ئەمە واخۆی دەنوێنێ زیندەخەوبێ؟)

نامیلکەکەی دەرهێناو دەستیکرد بەخوێندنەوەی:

_(بەندی یەکەم: میلیشیا لەهەر هاووڵاتییەکی نێری لەش ساغ لەهاووڵاتیانی ولایەتە هەمە جۆرەکانو، ناوچەکانو هەرێمی کۆلۆمبیا پێکدێ، تەمەنی لەهەژدە ساڵ پتر بێو لەچلو پێنج کەمتر بێ)

_( بەندی حەوتەم: هەر ئەفسەرێك، یاسەربازێك، بەندی یەکەمتان لەبیر نەچێ، گەورەکانم، ئێوە هەمووتان سەربازن، هەرکەسێ لەبەردەم ئەفسەری سەرباز گرتنداو سەرباز گردکردنەوە) بوەستێ، یاخۆی دوابخات لەگەڕانەوەدا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەدرێتە دادگەیەکی سەربازیو ئەو سزایەی دەدرێ کەقازییەکان بڕیاری لەسەر دەدەن)

بەندی هەشتەم: دادگە سەربازییە تایبەتییەکان بەدادگەیی کردنی ئەفسەرەکانو سەربازەکانو تەنها لەئەفسەرانی میلیشا پێك دێن)

بەندی نۆیەم: میلیشیا، کەبەشێوەیەکی کردەیی بۆشەڕ بانگ دەکرێ لەپێناوی وڵاتەیەکگرتووەکاندا، ملکەچی هەمان بنچینەکانی شەڕو بڕیارەکانیەتی کەهێزەکانی نیزامی وڵاتەیەکگرتووەکان ملکەچین)

(ئەمەیە واقیعەکە، گەورەکانم، هاوڵاتیانی ئەمەریکایی ئەی چەك لەشانانی میلیشیا! نۆ ساڵ لەمەوبەر ئێمەی سۆشیالست لەو بڕوایەدابووین کەیاسا دژی کرێکاران داندراوە، بەڵام وادیارە دژی ئێوەش داندراوە، (ویلی) ئەندامی کۆنگرێس لەئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە کورتەدا کەسەرەکی ئەنجومەن رێی پێدا گوتی: پرۆژەی یاساکە (خۆ ئامادەکردن دەگەیەنێ بۆ دامەزراندنی هێزێکی یەدەگ بەمەبەستی خنکاندنی رەشورووتان، لەبیرتان نەچێت گەورانم ئێوەش رەشورووت هەروەها ژیانی خەڵكو ئازادیوماڵو موڵکیان لەهەموو مەترسیەك دەپارێزێ لەرۆژانی ئایندەدا، کەپەنا دەبەنە بەرهێز سازکردنتان لەبیرتان بێ کەئێوە دژی ماڵو موڵکی تروستات سازی دەکەن، لەرۆژانی ئایندەدا، کەپەنا دەبەنە بەرهێز سازکردنتان لەبیرتان بێ کەئێوە دژی ماڵو موڵکی تروستات سازی دەکەن، بەپێی یاسا ئازادیی تروستات دەرهێنانی قازانجە لەچنگ ئێوە گەورانم ددانەکانتان کێشراونو چڕنووکەکانتان قرتێنراون رۆژێ کەپەنا دەبەنە بەرسازکردنی هێزتانو لەددانو چڕنوك بێ بەشن ئەو حەلە وەك لەشکری ماسیی پوولەکەداتر ناتوانن ئازار دەربن!



کووالت هاواری کرد:

بڕوا بەوە ناکەم یاسای وانییە، ئەوە چیرۆکێکە ئێوەی سۆشیالست خۆتان هەڵتانبەستووە بەمەبەستی وروژاندنو هەڵچوون.)

www.pertwk.com

وەڵامەکەی ئەوە بوو:

_(ئـەم یاسـایە 30ی تـەمموز (یۆلیـۆ) خرایـە بـەردەم ئەنجومـەنی نوێنـەران، نوێنـــەر (پەلـــەمانتار) (دیـــك) Dick نوێنـــەری ئۆهۆیـــۆ پێـــشکەشی کـــرد، پێـشکەشکردنەکەی زۆر بەپەلـە بـوو، ئەنجومـەنی پـیران تێکـڕا لـە14ی کـانوونی دووەمی 1903دا پەسەندیکردو، پـاش هەفتـەکیش سـەرۆکی وڵاتـەیـەکگرتووەکان پەسەند کرد[66].





(66) ئێڤەرهارد لەکارەساتە بنەرتییەکاندا راست بوو بەڵام لەدەستنیشانکردنی رۆژی پێشکەشکردنی پرۆژە یاساکەدا بەهەڵەداچوو هەرچەندە لەو مێژووەی کەپرۆژەی یاساکەی تێدا پێشکەشکرا بەهەڵە چوو پرۆژەی یاساکە لە30ی حوزەیران پێشکەشکرا نەك لە30ی تەمموزدا، لێرە، لەئاردیس (تۆماری کۆنگرێسمان)لاهەیە پێداچوونەوەی ئەم تۆمارە ئەوە دەردەخات کەئاماژە کردن بەو یاسایە لە30ی حوزەیران‌و 9و15و16و17ی کانونی یەکەم 1902و 7و14ی کانوونی دووەمی 1903دا هاتووە، بەڵام ئەو نەزانینەی لەپیاوانی خاوەن کار لەو دەعوەتەی نان خواردن دەرکەوت، شتێکی نائاسایی نەبوو، ژمارەیەکی کەم لەخەڵك بەبوونی ئەم یاسایەیان زانی کەشۆڕشگێڕێك لەتەمموزی 1903دا نامیلکەیەکی لەگێراد، کانسانس، لەبابەت (یاسای میلیشیا)وە بڵاوکردەوە ئەم نامیلکەیە لەناو کرێکاراندا برەوێکی سنووورداری هەبوو بەڵام کردەوەی جیاکردنەوەی چینەکان، هەندێك لەهەندێکی تر، گەیشتە رادەیەك لەپێشکەوتنی کەوای لەرۆڵەکانی چینی ناوەراست کرد هیچ گوێ نەدەنە ئەم نامیلکەیە، بەم شێوەیە هیچیان لەمەڕ ئەم یاسایە نەزانی.

www.pertwk.com

# نۆیەم بەش

# ماتماتیکی خەون

www.pertwk.com

# ماتماتیکی خەون

لەگەرمەی ئەو ترس و لەرزەی لەئەنجامی ئەو کارەساتانەی دەریخستن، ئێرنست لەنۆژەنەوە دەستی بەقسەکردەوە:

-"ئەمشەو، دوانزە کەس لەئێوە، گوتتان سۆشیالیزم (موستەحیلە). بەڵام ئێوە ئێستا جەختتان لەسەر موستەحیل کرد، با ئەوەی هەردەبێ ببێ بۆتان روونبکەمەوە. هەرتەنیا شتێکی حەتمی نییە ئێوەی سەرمایەداری بچووك لەناوا نەمێنن. بەڵام هەردەبێ سەرمایەداری گەورەو تروستەکانیش لەناوا نەمێنن. لەبیرتاننەچێ کە کشانی بەرەو پێشەوەچوون هەرگیز ناگەڕێتەوە دواوە. بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ پێشەوە تەکاندەدات. لەهاڤبڕکێییەوە هەنگاو بەرەو گربوونەوەی هاوکاری داوێ، لەگردبوونەوەی بچووکەوە بەرەو گردبوونەوەی گەورەو، لەگردبوونەوەی گەورەوە بۆ گردبوونەوەی قەبەو زل و، ئینجا بەرەو سۆشیالیزم دەچێتەپێش، کە هەڵبەتە قەبەترین گردبوونەوەیە.

ئێوە بەمن دەڵێن من خەو دەبینم. زۆر چاکە، ماتماتیکی خەونمتان پێشکەشدەکەم. وامن لەپێشەوە، مەیدان دەخوازم، کەنیشانیبدەن ماتماتیکەکەم هەڵەی تیایە. سا لەپێشەوە حەتمیەتی هەرەسهێنانی رژێمی سەرمایەداریتان نیشاندەدەم و ماتماتیکانە بۆتان روونکەمەوە. بۆچی تەپینەکەی کارێکبوو دەبوایە ببێ. با بەدرێژی باسیبکەم. ئەگەر بۆتا دەرکەوت لەبابەتەکە لامداوە، تکایە ددان بەخۆتاندا بگرن. بەر لەهەموو شتێك، با بەخودی کردەیەك



لەکردەکانی پیشەسازیدا سەر خوار بکەینەوە، هەرجارێ کەباسی کارێ دەکەم ئێوە لەگەڵ رای من نین، تکاتان لێدەکەم قسەم پێبڕن گریمان کارگەیەکی پێڵاومان هەیە. ئەم کارگەیە پێست وەردەگرێ و دەیکاتە پێڵاو.

چەردەیەك لەم پێستەیە کەدەکاتە سەد دۆلار، دێتە کارگەو پاشان بەشێوەی پێڵاوی لێدەردەچێ، با وادابنێین دەکاتە دوو سەد دۆلار، چ روویدا؟ سەد دۆلار خرایە سەر نرخی پێستەکە. چۆن ئەو هاتنە سەرەبوو؟ با سەیرکەین.

"سەرمایەوکار Labour هەردووکیان ئەم هەموو دۆلارەیان خستە سەر نرخی پێستەکە. بەڵام "سەرمایە" کارگەو ئامێری پێشکەشکردن و هەموو خەرجییەکانی دان. "کار"یش جموجووڵی کرێکارانی پێشکەشکردو لەسایەی ئەو تەقەلایە هاوبەشەی کە "سەرمایە"و "کار" دایان سەد دۆلار خرایە سەر نرخی خەڵکی دەوری مێزەکە سەری ڕا لەسەربوونیان لەقاند.

"تەنانەت ئەگەر" "سەرمایە" و "کار" ئەم سەد دۆلارەیان هێنایە بەرهەم، دێنەپێش بۆ دابەشکردنی لەنێوان خۆیانداو ئامارە تایبەتییەکان بەم دابەشکردنە کەرتییە. کەواتە بۆ ئاسانکردنی باسەکە، با بەشێوەیەکی نزیکتر بڵێین "سەرمایە" بەشێك وەردەگرێ کەپەنجا دۆلارە، "کاریش" بەشێوەی کرێ بەشێك وەردەگرێ کە پەنجا دۆلارە. ئێمە نامانەوێ لەو ناکۆکییە بدوێین کەلەسەر دابەشکردنەکە[67] دەکەوێتە نێوان هەردوولا. هەرچەندە ناکۆکییەکە درێژە

(67) لێرەدا ئێڤەر هارد، هۆی هەموو گیروگرفتەکانی کرێکارانی ئەو سەردەمە روونەدەکاتەوە. لەدابەشکردنی بەرهەمی هاوبەشدا، "سەرمایە" چاوی لەوەیە هەتا پێیبکرێ دەستی بەسەردا بگرێ و کاریش چاوی لەوەیە کەبتوانێ ئەوپەڕی دەستی بەسەردا بگرێ. ئەم ناکۆکییەی لەسەر کار لەسەر دابەشکردنی بەرهەمی هاوبەش هەتا رژێمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەئارادا بێ بەردەوامە. ئەوە لەبەرچاوی ئێمە وا

www.pertwk.com

بکێشیٚ کە لەسەر بنچینەی ئەم ڕێژە سەدییە, یا ئەو دەکریٚ. لێرەدا سەرنجتان بۆ ئەوە رادەکێشم ئەوەی سەبارەت بەم کردە تایبەتە پیشەسازییە راستە, سەبارەت بەهەموو کردە پیشەسازییەکانیش راستە, ئایا من راستم؟" جارێکی تر دەوردەرانی مێزەکە رایان لەقسەکانی ئێرنستبوو.

–"ئێستا گریمان کە "کار" پەنجا دۆلارەکەی خۆی وەرگرت, ویستی ئەو پێلاوانەی دروستیکردن بیانکڕیٚ. ئەو ناتوانیٚ زیاتر لەبایی پەنجا دۆلاریان لێبکڕیٚ. ئەمە ئاشکرایە, وانییە؟ "با ئێستا لەم کردە تایبەتییەوە بێنەسەر کۆمەڵیٚ کردە پیشەسازییەکان لەسەرجەمی وڵاتە یەکگرتووەکاندا, ئەو کردانەی خودی پێست دەگرنەوە, واتە کە رەستەو بارگەو فرۆشتنو هەموو شتێك. سادەڵێن, لەبەر سووربوونی خۆمان کەوەك لەولاتە یەکگرتووەکاندا هەموو ساڵی دەگاتە چوار ملیار دۆلار. کەواتە "کار" بەشێوەی کرێی رۆژانە لەهەمان ماوەدا دوو ملیار دۆلاری وەرگرتووە. ئەمەش لێکۆڵینەوە هەڵناگریٚو من لەوە دڵنیام. کەچی ئەو ڕێژە سەدییەی کەدەیهێنمەوە زیادەی تێدا نییە. چونکە "کار" لەبەر هەزار لەهۆیەکانی سەرمایەداری, ناتوانیٚ تەنانەت نیوەی ئەوەی دروستیکردووە لەبەرهەمی پوختە بکریٚ.

"بەلاّم با بگەڕێینەوە ناوجەرگەی بابەتەکەی خۆمان, دەڵێین "کار" شمەك بەدوو ملیار دۆلار دەکڕیٚ. ئەمە والە ئەقڵی تەواو دەکات کەددان بەوەدابنیٚ کە "کار" ناتوانیٚ زیاتر لەدوو ملیار بەکاربەرێت, ئەمەش مانای ئەوەیە هیچشتا دوو ملیاری دیکە ماون کە دەبیٚ سەیری مەسەکەیان بکەین. دوو ملیار. کار ناتوانیٚ بیانکڕیٚ یا بەکاریانبەرێت.

لێرەدا مستەر کووامت گوتی:

–"بەڵکو کار" هەردوو ملیارەکەی خۆی بەکار نابات. بەلاّم ئەگەر کردی ئەو حەلە لەبانکی پاشەکەوتیدا هیچ سپاردەیەك "ودائع" ی ناچێت".

–"سپاردەکانی "کار" لەبانکەکانی پاشەکەوتیدا تەنیا جۆرە مایەیەکی یەدەگن هەر بەوچەشنە خێراییەی کەڵەکە دەبن بەکاردەبرێن. ئەم پارەو پوولانەش بۆ تەمەنی پیری نەخۆشی کفنو ناشتن پاشەکەوت دەکرێن. رووداوەکانی کار کەکرێکار لەبانکی پاشەکەوت کردنی سپاردە لەپارچە نانێك زیاتر نین کەدەخرێتەوەسەر رەفتە تا رۆژی دوایی بخوریٚ. نەخێر, "کار" تەواوی ئەو بەرهەمە پوختە بەکاردەبات کە کرێیەکان پێیاندەکریٚ بۆی بکڕن.

"دوو ملیار دۆلار بۆ سەرمایە دەهێڵرێتەوە, پاش ئەوەی سەرمایە خەرجییەکانی دەدا ئایا ئەوەی دەمێنێتەوە بەکاریدەبات؟ ئایا سەرمایە دوو ملیارەکەی بەتەواوی بەکاردەبا؟ ئێرنست ساتیٚ بێدەنگبوو نیشانەیێکی زەقی روونی پرسیاری لەژمارەیێك لەپیاوەکان کرد. سەریان لەقاند.

یەکێکیان بەراشکاوییەوە گوتی:

–"نازانم"

ئێرنست دوای ئەو گوتی:

–"بەڵکو گومانی تێدا نییە دەزانی بوەستەو ساتیٚ بیربکەرەوە خۆ ئەگەر سەرمایە بەشی خۆی بەکاربباب ئەوە لەتوانا دا نەبوو کەسەرجەمی پوختەی سەرمایەکان زیادبکات. کەواتە نەگۆڕ دەبوو و نەدەگۆڕا. سەرنجێك بدەرە مێژووی ئابووریی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبینی سەرجەمی پوختەی سەرمایەکان پتربوو هێشتا بەردەوامیشە, کەواتە سەرمایە بەشی خۆی بەکارنابات ئەو سەردەمەتان لەیادە کەئینگلستان ژمارەیەکی زۆر کۆمپیالەی هێڵی ئاسنینی ئێمەیان هەبوو؟ بەلاّم رۆژگار شالاّویهێناو توانیمان ئەم کۆمپیالانەیان لێبکڕین. ئەمە چ دەگەیەنیٚ؟

---

خۆی دەنوێنیٚی کەمایەی پێکەنین بیٚ. بەلاّم نابیٚ لەبیرمان بچیٚ کەحەفت سەدەی تەواو لەڕۆڵەکانی ئەو سەردەمەمان دا دەبڕن. ئەوە بۆ ئێمە بەسە کەلەوانمان جیادەکاتەوە.

www.pertwk.com

ئەمە مانای ئەوەیە کەبەشی سەرمایەی بەکار نەبراو بوو ئەو کۆمپیالانەی کڕینو گەڕاندنییەوە. ئەو راستییە چ دەگەیەنیٚ کەدەڵیٚ سەرمایەدارانی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەمڕۆ هیٚندەی سەدان ملیۆن دۆلار کۆمپیالەی مەکسیکی, کۆمپیالەی رووسی کۆمپیالەی ئیتالیو کۆمپیالەی یۆنانیان هەیە؟ واتە کە ئەم سەدان ملیۆنە بەشیٚك بوون لەو بەشە سەرمایەیەی کە سەرمایەدارەکان بەکاریاننەبرد. سەرەڕای ئەمەش, لە بەرەبەیانی رژیٚمی سەرمایەدارییەوە, رۆژیٚك لەرۆژان سەرمایە هەموو بەشەکەی خۆی بەکار نەبردووە.

"ئیٚستا دەگەینە مەبەستی سەرەکی. چوار ملیار دۆلار سامان لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا لەماوەی ساڵیٚکدا دیٚتە بەرهەمو "کار" دەیکڕیٚو دوو ملیار بەکار دەبا. لەکاتیٚکا سەرمایە ئەو دوو ملیارەی ماوە بەکار دەبات. بەمجۆرە پشتیوانەی (رەسید) قەبەی بەکارنەبراو دەمیٚنیٚ. چ لەم پشتیوانە دەکات؟ دەتوانیٚ چی لیٚ بکات؟

کار ناتوانیٚ شتیٚکی لیٚ بەکار بدات, چونکە "کار" دەبیٚ ئیٚستا هەموو کریٚیەکەی خەرجکردبیٚو, سەرمایە ئەم پشتیوانە بەکارنابات, چونکە پیٚش ئەوە, بەپیٚی سروشتی خۆی, ئەوی پیٚیدەکرا, بەکاری ببا, بەکاریبرد. بەمجۆرە پشتیوانە لەئارادا دەمیٚنیٚتەوە. دەتوانیٚ چ شتیٚکی لیٚبکات؟"

مستەر کووالت لەخۆیەوە وەڵامیدایەوە:

–"لەدەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەفرۆشریٚ."

ئیٚرنست ئەم بۆچوونەی پەسەندکرد:

–"زۆر راستە, بەهۆی ئەم پشتیوانەیە پیٚویستمان بەبازاڕی بیانی هەیە, خۆی لەدەرەوە دەفرۆشریٚ. ئیٚمە ناچارین لەدەرەوە بیفرۆشین, هیچ ریٚگاییٚکی تر نییە بۆ خۆلیٚدەربازکردنی. ئەو زیٚدە لەکارنەبراوە, ئەو زیٚدە فرۆشراوەی لەدەرەوە, دەبیٚتە ئەوەی دەڵیٚین تەرازووی بازرڤانیی ئەکتیڤ ئیجابیمان. ئایا ئیٚمە هەموومان ریٚککەوتووین لەسەرئەوەی گوتم, تاکو ئیٚستا, راستە؟"

مستەر کالفین بەڕەقییەوە گوتی:

–"بیٚگومان بەخۆڕایی وەخت بەفیڕۆدانە ئەو هەموو دریٚژدادڕییە لەسەر ئەلفو بیٚی بازرگانی, ئیٚمە هەموومان ئەم ئەلفبیٚیە دەزانینو تیٚیدەگەین".

ئیٚرنست بەرپەرچی دایەوەو گوتی:

–"بەم ئەلفبیٚیەی کەمن بایەخم بەدریٚژەی قسەکانمدا لەبارەیەوە تا ئەو سنوورە ئابڕووتدەبەم. ئەوە نهیٚنی جوانییەکەیەتی. سا لەم ساتەدا بەوی ئابڕووتدەبەم. گوێبگرە: "وڵاتە یەکگرتووەکان وڵاتیٚکی سەرمایەدارییە, دەرامەتەکانی پەرەی بەدەرامەتەکانیداو گەشەی پیٚدان. ئەو لەسایەی رژیٚمی پیشەسازییە سەرمایەدارییەکەیدا, زیٚدەکی لەکارنەکراوی هەیە, پیٚویستە لەسەری لیٚی دەربازبیٚ. پیٚویستە لەسەری کەلەدەرەوەی سنووردا, لیٚی دەربازبیٚ[68]. ئەوەی سەبارەت بەوڵاتە یەکگرتووەکان راستە, سەبارەت بەهەموو وڵاتیٚکی سەرمایەداری تری دەرامەت پەرەسەندوو راستە. هەریەك لەو وڵاتانە

(68) ڤیو دۆر روزفلٚت, کەسەرەك وڵاتە یەکگرتووەکانبوو بەر لەکاتی ئەم چیرۆکە بەچەند ساڵیٚك ئەمەی درکاندووە: ئیٚمە پیٚویستمان بەئاڵوگۆڕە لەکڕینی شتومەكو فرۆشتنی کەئازادتربیٚو فراوانتربیٚ بۆ ئەوەی لەتوانادا هەبیٚ بەشیٚوەیەکی گونجاو لەزیٚدە بەرهەمی وڵاتە یەکگرتووەکان دەرباز بین, گومانی تیانییە ئەو زیٚدەیەی ئاماژەی بۆ دەکەین. قازانجەکانی رژیٚمی سەرمایەداری بوو کەوزەی بەکاربردنی سەرمایەدارەکان نەیتوانی بەکاری ببات. ئەوەی شیاوی باسە سیناتۆر مارك حەننا Hanan هەر لەو ماوەیەدا بڵاویکردەوە کەبەرهەمهیٚنانی سامان لەوڵاتە یەکگرتووەکانا ساڵانە بەڕیٚژەی سیچییەکی لەژوور بەکاربردنیەتی سیناتۆریٚکی تر درکاندی: کە گەلی ئەمەریکی هەموو ساڵیٚ سامانی دوو ملیار دۆلار زیاتر لەوەی بەکاریدەبات دەهیٚنیٚتە بەرهەم."

www.pertwk.com

زێدەیەکی دەبێ. لەناوخۆیاندا, بازرگانی ئاڵوگۆڕکراو سەری هەڵدا. سەرەڕای ئەوەش, ئەم زێدەییانە, هێشتا بەکارنەبراون, چونکە "کار" لەم هەموو وڵاتانەدا هەموو کرێیەکانی خەرجکردوون, ناتوانێ چ زێدەیەك بکڕێ. هەروەها سەرمایەدار لەم هەموو وڵاتانەدا هەموو کرێیەکانی خەرجکردوون, ناتوانێ چ زێدەیەك بکڕێ. هەروەها سەرمایە لەم هەموو وڵاتانەدا بەپێی سروشتەکەی ئەوەندەی دەیتوانیو پێیکرا لەکاری بەکاریببات, بەکاریبرد. لەگەڵ ئەوەشدا زێدە هێشتا کەڵەکەبووە. هەریەك لەم وڵاتانەدا بەناردنی بۆ وڵاتێکی تر ناتوانێ لەزێدەکەی دەربازبێت, بە چ ڕێگەیەك دەیەوێت لەم هەموو زێدەییانە دەرباز بێت؟

مستەر کووالت پێشنیاریکرد:

–"بەفرۆشتنیان بەوڵاتانی دەرامەت گەشەنەکردووە."

–"تەواوە, بەمجۆرە دەبینین کەبەڵگەی من بەجۆرێ روونو ئاشکرایە ئێوە لەجیاتی من بەمێشکتان قسەی لێوە دەکەن. ئێستاش بۆ ئەو هەنگاوە: گریمان وڵاتە یەکگرتووەکان لەزێدەی خۆی دەربازبوو بەناردنی دەرەوەی بۆ وڵاتێکی دەرامەت گەشە نەسەندوو؟

بۆ نموونە بەڕازیل, کە فرۆشراو بەکاربرا. وڵاتە یەکگرتووەکان بەرامبەر ئەوە چی دەستدەکەوێت؟"

مستەر کووالت گوتی:

–""زێڕ"

ئێرنست نارەزایی دەربڕی:

–"بەڵام بڕێکی سنووردار زێڕ لەجیهاندا هەیە"

مستەر کووالت وەڵامەکەی خۆی راستکردەوە.

–"زێڕ" لەشێوەی بەڵگەنامەی وامو کومپیالەو هی لەوبابەتە"

مستەر کووالت وەڵامەکەی خۆی راستکردەوە.

–"زێڕ لەشێوەی بەڵگەنامەی وامو کومپیالەو هی لەو بابەتە".

ئێرنست گوتی:

–"ئێستا نیشانەت پێکا. وڵاتە یەکگرتووەکان بەرامبەر زێدەیەکەی لەبەڕازیل کومپیالەو بەڵگەنامەی وەردەگرێ بەڵام ئەمە چییەو مانای چییە؟ مانای ئەوەیە کەوڵاتە یەکگرتووەکان لەبەڕازیل هێڵی شەمەندەفەرو کارگەو کانگەو زەویو زاری دەبێ.

ئەمە بەرامبەری چ مانایەکی هەیە؟

مستەر کووالت بۆی چووە ژێریو سەری لەقاند.

ئێرنست لەسەر قسەکەی بەردەوامبوو:

–"پێتدەڵێم. مانای ئەوەیە کەدەرامەتی بەرازیل ڕێی گەشەپێدانو پەرەسەندنی گرتەبەر. ئێستاش بۆ خاڵی داهاتوو. کە بەڕازیل, لەسایەی رژێمی سەرمایەداریدا سەردەکەوێ, لەگەشەپێدانی دەرامەتەکانی, ئەوحەلە ئەو خۆی زێدەی لەکارنەکراوی لەدەستا دەبێ. بەڵام ئایا دەتوانێ بەهەناردنە دەرەوەی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان لەم زێدەیە دەربازبێ؟ نەخێر. چونکە وڵاتە یەکگرتووەکان خۆی زێدەی هەیە. ئایا وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ وەکو پێشوو بکات, لەزێدەی رزگاریببێ بەهەناردەی بۆ بەڕازیل؟ نەخێر, چونکە ئێستا بەڕازیل خۆی زێدەی هەیە.

"چ روودەدا؟ دەبێ وڵاتە یەکگرتووەکانو بەڕازیل تێکڕا لەوڵاتی دەرامەت گەشەنەکردوو بگەڕێن, تاکو باری زێدەکەیان بخەنەسەر شانیان. بەڵام کردەی دەربازبوون لەخودی زێدە لەئەنجامدا هەردەبێ ببێتە هۆی گەشەپێدانی داهاتی ئەو وڵاتانە. ماوەیەکی پێناچێ کەئەوانیش زێدەیان دەبێ. هەتاکو داوای وڵاتی دیکە بکەن. بارەکانی خۆیان دەدەن بە کۆڵیاندا.

www.pertwk.com

ئێستاش, گەورەکانم باش ئاگاتان لەقسەکانمبێ, هەسارەکەمان زۆر زل نییەو, ئەو جیهانەی تێیدا دەژیین تەنیا چەند وڵاتێکی بەخۆوەگرتووە. چ روودەدات کە هەر وڵاتێك لەوڵاتانی جیهان, تەنانەت بچووکترینی ئەو وڵاتانەو دوا وڵاتیش راپەڕیو زێدەی لەناو دەستابێو, رووبەڕووی وڵاتانی دیکە بێتەوە کەزێدەکان دەستەکانی قورسکردوون؟"

کەمێك ئارامیگرتو سەیری ئەو خەڵکەی کرد کە گوێیان بۆ گرتووە. ئەو سەرسوڕمانەی نیشتەسەر روویان خۆشیی دەخستە دڵەوە. هەر ئەمەش بەتەنیا نا, بەڵکو روویان ترسو لەرزیان پێوە دیاربوو. ئێرنست بەوێنەی جادووی جادووگەر لەهەندێ دارِنین -تجریدات-, خەونی سەیر سەیری سازکرد. چاوی پێکردنەوە لەوکاتەدا سەیریاندەکرد, ئەوانیش دانیشتبوون. بەوە مەترسیی خستە دڵیانەوە.



ئێرنست بەشەیتانی گوتی:

-"مستەر کالفین. لەئەلف و بێوە دەستمان پێکرد. ئەوا من پاشماوەی ئەبجەدیم پێشکەشکردیت. خۆی زۆر سانایە. ئەوەشە نهێنیی جوانییەکە. گومانی تیا نییە, بەو زوانە وەڵامت دەستدەکەوێ. کەواتە, چ روودەدا؟ کەهەر وڵاتێك لەجیهاندا زێدەی دەبێ؟ ئەو حەلە رژێمی سەرمایەداریتان لەکوێ کۆتاییدێ؟

بەڵام مستەر کالفین بەشپرزەیی سەری لەقاند, بەڵگەکانی ئێرنستی دەهێنایەوە مێشکی خۆی بەڵکو هەڵەیەکیان تێدا بدۆزێتەوە.

ئێرنست گوتی:

-"با لەگەڵتاندا, نەختێك بەکورتی, بەو هەنگاوانە دا بێمەوە کەتا ئێستا رۆیشتین. دەستمان بەخودی پرۆسەیەکی پیشەسازی کرد: کارگەی پێڵاو, دیتمان دابەشی بەرهەمی هاوبەش, کەلەوێ کرا, لەودا بەشە دەچێ کەلەهەموو کردەکانی (پرۆسە)ی پیشەسازیی دیکەدا کرا. هەروەها دیمان کە (کار) بەکرێیەکانی تەنیا جۆری چەردەیەك بەرهەمی پێدەکرێو, سەرمایە هەموو ئەو بەرهەمەی مابوو بەکارئەبرد, دیمان پاشئەوەی کە "کار" هەرچییەکی کرێیەکانی دەسەڵاتی بەکاربردنیان پێبەخشی لەبەکاریبرد, پاش ئەوەی سەرمایە هەرچی ئارەزووی بوو, بەکاریبرد. زێدەیمان لەدەستاما. هێشتا بەکار نەبراوە, رێککەوتین هیچ رێگایەك نییە بۆ دەربازبوون لەم زێدەیە, دەرەوەی سنوور نەبێ. هەروەها رێککەوتین کەئاکامی باری ئەم زێدەخستنە سەرشانی وڵاتێکی تر جگە لە گەشەپێدانی داهاتی ئەو وڵاتە چی تر نییە. ئەو وڵاتەش شیاوی ئەوەیە لەماوەیەکی کورتدا خۆی لەبەردەم زێدەیەکی بەکاربراو بدۆزێتەوە. چوارچێوەی ئەم پرۆسەیەمان فراوانکرد,تەنانەت هەموو وڵاتانی سەر ئەم زەوییەی گرتەوە, هەر وڵاتێك هەموو ساڵێك, بەڵکو هەموو رۆژێك زێدەیەکی بەکار نەبراو بەرهەمدێنێ کەناتوانێ بەهەناردنە درەوەی بۆ وڵاتان لێی دەربازبێ.

ئێستاش سەرلەنوێ ئەم پرسیارەتان لێدەکەم: چ لەم زێدانە دەکەین؟

کەس وەڵامینەدایەوە:

ئێرنست پرسیاریکرد:

-"مستەر کالفین؟"

مستەر کالفین پێیهاتو گوتی:

-"ئەوە ناتوانم".

-"مستەر تاسمۆنسین گوتی:

-"من هەرگیز خەوم بەشتێکی وەك ئەمەوە نەدیوە. لەگەڵ ئەوەشدا وەك پیتی چاپکراو لەبەرچاوم دیارە."

www.pertwk.com

ئەمەیە کەم جارە تیۆری "کارل مارکس"[69] لەبارەی "زێدەبایی"یەوە دەبیستم، ئاساندەکریێو راڤە دەکرێ. ئێرنست ئەوەی بەزۆر سادەیی کردو وای لەمنیش کرد واقم وڕبمێنیێو زمانم بگیرێ.

ئێرنست گوتی:

–"رێگەی دەربازبوونتان لەزێدە پێشاندەدەم، بیخەمە دەریاوە. هەموو ساڵێ چەند چەردەیەك پێڵاوو گەنمو جلو بەرگو جۆرەها شتومەکی بازرگانی کەنرخەکانیان سەدان ملیۆن دۆلار دەبن بخەنە دەریاوە. ئایا چارەسەری گیروگرفتەکە لەمەدانییە؟"

مستەر کالفین وەڵامیدایەوە

–"بێگومان ئەوە چارەسەریدەکات، بەڵام شتێکی هیچوپووچە بەمجۆرە بدوێی".

لێرەدا ئێرنست وەك هەورە تریشقە هەڵیکوتایەسەری:

"ئەی ئامێرە تێکشکێنەکان، ئایا لەوە قۆڕترە، کەئێوە داوای گەڕانەوە دەکەن بۆسەر ریێو شوێنی باپیرانتان کە هی بەر لەتۆڤانەکەی نووحە. چ پێشنیار دەکەن بۆ دەربازبوون لەزێدە؟ ئێوە دەتانەوێ گیروگرفتی زێدە، بەبەرهەمنەهێنانی هەر زێدەیەك لەناوبەرن. بەچ رێگەیەك پێشنیاری دوورخستنەوەی زێدەیەکی ئەوتۆ دەکەن؟ بەگەڕانەوە بۆ سەر شێوازێکی سەرەتایی لەبەرهەم. شێوازی پڕ لەئاژاوەو

---

(69) کارل مارکس گەورە پاڵەوانی هزری سۆشیالیزم، جوولەکەیەکی ئەڵمانی سەدەی نۆزدەیەمبوو. هاوچەرخی جۆن ستیوارت میل بوو. بەلای ئێمەوە ئەمڕۆ زەحمەتە کەبڕوا بکەین چەند وەچەیەك بەتەواوەتی بەسەر دۆزینەوە ئابوورییەکانی مارکسدا تێپەڕین، رووناکبیرو زانایانی بەرچاوی جیهان گاڵتەیان پێدەهاتو بەهۆی ئەم دۆزینانەوە لەوڵاتی خۆی دروورخرایەوە، لەئینگلستان بەدوورخراوەیی مرد.

گێرەشێوێنیی ناعەقڵمەندانە، شێوازی زۆر بەفیڕۆچوونی یەکجار تێچوون. تارادەییێ زەحمەتە بۆ ئێوە هیچ زێدەیەك بهێننە بەرهەم."

مستەر کالفین تفی قووتدایەوە. تیرەکە نیشانەکەی پێکا خەڵکەکە هەستیان بەکاریگەرییە ئازاردەرەکەی کرد لەدڵو دەروونیاندا. مستەر کالفین سەرلەنوێ تفی قووتدایەوە، ئحە ئحێکی کرد.

ئینجا گوتی:

–"تۆ راست دەفەرمووی. من ئێستا لەجێی گوناهباردام. گەڕانەوە بۆسەر ریێو شوێنی باوكو باپیرانمان شتێکی بێجیێو هیچوپووچە. بەڵام دەبیێ ئێمە شتیێ بکەین بەلای ئێمەی رۆڵەکانی چینی ناوەڕاستەوە مەسەلەی ژیانە، یا مردنە ئێمە نامانەوێ بفەوتێین، ئێمە لەجیاتی ئەوە پێمان خۆشترە کەهیچوپووچبین‌و بگەڕێینەوە سەر ریێو شوێنی بەتەواوەتی لەئاسابەدەرو زۆر بەفیڕۆچووی باوكو باپیرانمان. سا پیشەسازی دەگەڕێنینەوە قۆناغی "بەرلە تروستات".

ئامێرەکان تێکدەشکێنن. لەم رووەوە دەتانەوێ چ بکەن؟"

–"بەڵام ئێوە ناتوانن ئامێر تێکشکێنن. ئێوە ناتوانن والەکشانی گەشەکردن بکەن بۆ پاشەوە بڕوا. دوو هێزی زل هەن بەرەنگارتاندەبنەوە. هەریەکەیان لەئێوەو چینە ناوەڕاستەکەتان بەهێزترە– بەکورتی سەرمایەدارانی گەورە – تروستات– نایەڵن بگەڕێنەوە دواوە. ئەوان حەزناکەن ئامێر ببینن تێکشکێنرێن. بەلایەکی دیکەوە کرێکار هەیە، ئەوان لە تروستاتو کارگەکاندا لاردەبنەوە.

ئەوەیە نەخشەی شەڕەکە. هەرکامێك لەدوو تاقمەکە نایەوێ ئامێر تێکدرێن، بەڵام هەر تاقمێ دەیەوێ خاوەنی ئامێربیێ، لەم شەڕەدا جێگەی چینی مام ناوەندی نابێتەوە. چینی مامناوەندی لەنێوان دوو زەبەللاحدا کورتەباڵایە. ئایا وانییە؟ ئێوەی رۆڵەکانی چینی مامناوەندی بەستەزمان لەسەر رۆخی گڵکۆ،

www.pertwk.com

لەنێوان دوو بەرداشدا هەڵواسراون, تەنانەت لەم رۆژگارەی خەڵکیشا کردەی هاڕین دەستیپێکردووە.

"ماتماتیکانە حەتمیەتی هەرەسهێنانی رژێمی سەرمایەداریم بۆ روونکردنەوە. کاتێ هەر وڵاتێك دەوەستێ‌و زیدەی لەدەستیدایەو رێگەییێکی نییە بەکاربردنی لەناوەو فرۆشتنی لەدەرەوە, ئەو حەلە رژێمی سەرمایەداری لەژێر ئەو تەلارە ترسناکەی قازانجدا, کە رژێم خۆی قوتکردۆتەوە دەتەپێ. لەو رۆژەدا هیچ تێکشکاندنێکی ئامێر لەئارادا نابێ, ئەوکاتە ململانێکە لەدەرەوەی موڵکداریەتی ئامێردا دەسووڕێتەوە. ئەگەر سەرکەوتن بۆ کارگەرانبێ. ئەو حەلە رێگەتان سووك‌و ئاساندەبێ, ئەو حەلە وڵاتە یەکگرتووەکان‌و هەموو جیهان لەم مەیدانەوە پێدەنێنە سەدەیەکی نوێ‌و مەزن, لەجیاتی ئەوەی کەئامێر ژیان بهاڕێ, دەبینین ئامێر ئامێر خۆی ژیان دادوەرانەتر, بەختەوەرتر, نەجیبزادەترو چاکتر دەکات. ئێوەش, رۆڵەکانی چینی مامناوەندی بێچارەی لەناوچوو, بەشداریی کرێکارانی دیکە دەکەن –چونکە ئەوکاتە تەنیا کارو کرێکار لەئارادا دەبن– لەدابەشکردنی دادوەرانەی بەرهەمە نایابەکانی ئامێردا سا ئێمەش, ئێمەش گشتمان, ئامێری نوێ‌و نایاب پتر دادەهێنن. هیچ زێدەکیش نابێ بەکاربراو نەبێ چونکە هیچ قازانجێك لەئارادا نابێ"

مستەر کووالت پرسی:

–"بەڵام گریمان تروستات لەم زرۆانبازییەدا سەرکەوتن کەلەربارەی موڵکدارییەتی ئامێرو جیهانەوە بەرپابووە"

ئێرنست وەڵامیدایەوە:

–"ئەو حەلە دەهاڕدرێن‌و کرێکار دەهاڕدرێن‌و هەمووومان لەژێر پاژنەی ئاسنینی دیکتاتۆریەتێکدا دەهاڕدرێین کەلەهیچ دیکتاتۆریەتێکی لاپەڕەکانی



مێژووی مرۆڤ دڕندایەتی‌و دڵرەقیی کەمترنین. لەڕاستیدا ئەم دوو وشەیە, پاژنەی ئاسنین –شیاوی ئەوەن ببنە ناوێکی چاك بۆ ئەو دیکتاتۆریەتە.[70]

ماوەیەکی زۆر ماتبوون, هەریەك لەدانیشتوانی سەرمێزەکە کەوتنە بیرکردنەوەیەکی نائاسایی قووڵ.

مستەر کالفینی گوتی:

–"بەڵام ئەم سۆشیالیزمەی تۆ خەونە".

پاشان دووپاتیکردەوە:

"خەونە"

ئێرنست وەڵامیدایەوە:

–"کەواتە, شتێکت نیشاندەدەم خەون نییە. ئەو شتەش ناودەنێم تۆلیگارییەت. بەڵام ئێوە پلۆتۆکراتییەتی پێدەڵێن. ئێمەش هەموومان هەمان شتمان گەرەکە. سەرمایەدارە گەورەکان, یاخود تروستات, با هەوڵدەین بزانین ئەمڕۆ کێ هێزی بەدەستەوەیە. بۆئەوەی بگەینە ئەمە واچاکەبەشەکانی چینایەتیی کۆمەڵ دەرخەین. "سێ چینی گەورە لەکۆمەڵدا هەن, یەکەمیان پلۆتۆکراتیەتە, لە خاوەنی بانکە هی دەوڵەمەندەکان, کار بەدەستانی خەتی شەمەندەفەر, بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاو کاربەدەستانی تروستات پێکهاتووە. لێرەدا دووەم چینی ناوەڕاست لەئارادایە –چینەکەتان, بەڕێزان, کەپێکهاتووە لە



---

(70) ئەمە یەکەم سازکردنی ناسراوی ئەو ناوەیە بۆ روونکردنەوەی گا واتای ئۆلیگاریەت.

www.pertwk.com

وەرزێر، بازرگان، پیشەسازی بچووك‌و پیشەوەر. لێرەدا سێیەم‌و دوایینی چینەکەی منە، واتە پرۆلیتاریا، کەپێکهاتووە لەکرێکاری خاوەن کرێ[71].

"ئێوە ناتوانن دان بەوەدا نەنێن کەمولکیەتی سامان ئەمڕۆ هێزێکی بنەڕەتی لەوڵاتە یەکگرتووەکان پێکدێنێ، بەشی هەریەك لەم سێ چینە لەمولکیەتی ئەم سامانەدا چەندە؟ ئەوەتان ژمارەکان: پلۆتۆکراتییەت شەست‌و حەوت ملیار دۆلاری هەیە، لەسەرجەمی پوختەی ئەو کەسانەی لەبواری کاروپیشە لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا ئیشدەکەن، پلۆتۆکراتییەت نۆکەرت لەدە لەیەك لەصەد رێکدەخا. لەگەڵ ئەوەشدا پلۆتۆکراتییەت لەسەدا حەفتای تەواوی سامانی نیشتمانییە. چینی مامناوەندی بیست‌و چوار ملیار دۆلاری هەیە. لەسەدا بیست‌و نۆی ئیشکەران لەبواری کارو پیشەدا سەر بە رۆڵەکانی چینی ناوەندین، ئەوان لەسەدا بیست‌و پێنجی گشت سامانیان هەیە. ماوەتەوە پرۆلیتاریا، ئەو چوار ملیارەی هەیە، لەناو هەموو ئیشکەرانداو لەمەیدانی کارو پیشەدا لەسەدا حەفتایان سەربەپرۆلیتاریان‌و لەسەدا چواری سەرجەمی سامانیان هەیە. گەورەکانم، هێز لەدەست کام چین لەو چینانە کۆدەبێتەوە؟"

مستەر ئاسمۆنسین سەرنجیداو گوتی:

(71) دابەشکردنی کۆمەڵ لەلایەن ئێڤەر هاردەوە لەگەڵ ئەوەی کە لوسیان سانیال، کە یەکێکە لە باوەڕپێکراوەکانی زانستی ئامار لەو سەردەمەدا دایینابوو دەگونجێ. خەملاندنی رۆڵەکانی هەریەك لەم چینانە، لەسەر بنچینەی ئەژماری دانیشتووانی وڵاتەیەکگرتووەکانیساڵی 1900 بەم شێوەیە دەکرا چینی پلۆتۆکراتییەت: 250.251کەس. چینی مامناوەندی 8.429.845کەس، چینی پرۆلیتاریا: 20.393.137کەس.

-"لەخودی ژمارەکانتا وادیارە ئێمەی چینی مامناوەندی لەکارگەران بەهێزترین"

ئێرنست وەڵامیدایەوە:

-"کەئێوە ئێمە بەبێهێز لەقەڵەمدەدەن، بەرامبەر هێزی پلۆتۆکراتییەت بەهێزتان ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا، من هێشتا لەگەڵ ئێوەدا حسابم ماوە، هێزێك لەئارادایە لەسامان مەزنترە، خۆی مەزنترە، چونکە هێزێکە لەوانە نییە لەچنگ دەربێت. ئێمە هێزمان هێزی پرۆلیتاریایە، لەماسوولکەکانمدایە. لەتوانای دەستماندایە، لەدەنگخستنەناو سندووقی هەڵبژاردندایەو، لەتوانای پەنجەی دەستماندایە، بەپێداهێنانی پەلاپیتکەی چەکی ئاگردار. ئەم هێزەش بەهەر بارێ بێ، هیچ رێگایەك نییە بۆ لەچنگ دەرهێنانی. هێزی سەرەتاییە، هێزی پەیوەندیداری توندوتۆڵە بەژیانەوە. ئەو هێزەیە کەلەسامان بەهێزترەو سامانیش ناتوانێ لەچنگ خاوەنەکانی دەریبێنێ.

"بەڵام هێزی ئێوە لەوانەیە لەچنگ دەربێ، کارێکی شیاوە لێتانی بسێنین. تەنانەت لەم رۆژانەشدا پلۆتۆکراتییەت دەستیداوەتێ کەلێتانبسێنێ. لەئەنجامادا ئێمە هەمووتان لێدەسێنین، ئەو حەلە وانامێننەوە پێتان بڵێن چینی مامناوەندی. ئێوە دێنە ئاستی ئێمە، دەبنە پرۆلیتاری. جوانترین شت لەمەسەلەکەدا ئەوەیە ئێوە ئەو حەلە ئێوە، هێزی ئێمە دوو ئەوەندە لێدەکەن. سا بەناوی برای خۆمان بانگتاندەکەین‌و لەگەڵ ئێوەدا شان بەشان لەپێناوی دۆزی مرۆڤایەتیدا دەجەنگێن.

"کرێکاران شتێکی ماددیان نییە لێیانبسێنرێ. بەشیان لەسامانی وڵاتدا بریتییە لەجل‌و بەرگ‌و کەلوپەل، لەهەندێ جاروباری زۆر دەگمەندا لەماڵێکی چۆڵ‌و هۆڵ. بەڵام ئێوە سامانی مادیتان هەیە، بیست‌و چوار ملیار دۆلارتان هەیە کەلەپێشەوە پرۆلیتاریا بتوانێ لێتانبسینێ. بەڕێزان، دۆخی خۆتان نابینن؟

www.pertwk.com

چینی مامناوەندی بەرخۆلەیەکە لەنێوان شێرو پڵنگدا, بەلادا دەچێ, ئەگەر یەکەمیان راوتاننەکاتو ملتان نەشکێنێ دووەم راوتاندەکات. ئەگەر لەپێشەوە پلۆتۆکراتییەت راوتانبکاتو بتاخوات کاتێکی زۆر ناخایانێ کەپرولیتاریاش پێیدەکرێ پرۆلیتارییەت راوبکاتو بیخوات.

"تەنانەت سامانی ئێستاشتان پێوەرێکی راست نییە بۆ هێزتان: هێزی سامانتان لەم ساتەدا لەوە تێپەڕ ناکات کەرێککەوتێکی بۆشبێ. لەبەرئەم هۆیەشە کەئێوە هاواری نزمی شەڕەبچووکەکەتان دەکەن: "گەڕانەوە بۆسەر رێو شوێنی باوكو باپیلاران" ئێوە لەپەککەوتنی خۆتان دەکەن. ئێوە دەزانن کەهێزەکەتان رێککەوتنێکی بۆشە. سا بۆشاییەکەیتان بۆ دەردەخەم.

"وەرزێرەکان چ هێزێکیان هەیە, زیاترلەسەدا پەنجایان لەبەر ئەم راستییە کۆیلەو بەندەن. ئەوان تەنیا کرێگرتەن, یاخود خۆیان بەبارمتە بەستۆتەوە. بەڵکو ئەوان لەبەرئەم راستییەدا خۆیان بەبارمتە بەستۆتەوە. بەڵکو ئەوان لەبەر ئەمراستییەدا هەموویان کۆیلەو بەندەن. ئەویش ئەوەیە ئەمڕۆکە تروستات وایلێهاتووە بەبێجیاوازی دەسەلات, یامولکداریەتی بەسەر هەموو هێزەکانی بەروبووم ناردنە بازاڕەوە هەبێ, وەك داکردن لەبەفرکار, خەتی شەمەندەفەر, سپلنگی گەنم بۆ سایلۆکانیانو رێگەی هاتوچۆی دەریایی. سەرەڕای ئەمەش تروستات بازاڕی خستۆتە ژێر رکێفی خۆی. لەم هەمووەدا, وەرزێرەکان دەسەلاتیان نییە (نەهێزیان هەیەو نەتوانا) بەلام دوایی باسی دەسەلاتیان دەکەم لەمەیدانی سیاسیو میریدا, ئەویش کاتێ قسە لەسەر دەسەلاتی سیاسیو حکومیی چینی مامناوەندی دەکەم.

"تروستات وەرزێرەکان دەگوشێو قازانجەکانیان لەدەست دەردێنێ. وەك چۆن قازانجەکانی مستەرکالفینو ئیشکەرانی دیکەی دروستکردنی شیرەمەنیی گوشینو بەزۆر بردنی. رۆژ لەدوای رۆژ بەهەمان شێواز قازانجی بازرگانی دەبات.

ئایا لەبیرتانە چۆن تروستی تووتن توانی هەر لەشاری نیویۆرك زیاتر لە چوار کۆگای جگەرە فرۆشتن لەناوبەرێت. کوان موڵکدارە کۆنەکانی کانگەکانی خەڵووزی بەردین؟ ئێوە دەزانن ئەمڕۆ تروستی هێڵی شەمەندەفەر –پێویستم بەئاگادارکردنتان نییە بەوە– هەموو کانگەکانی خەڵووزی قیری هەیە, یا لەسەر هەموو کانگەکانی خەڵووزی ئەنتراسایتو قیر دەڕوا. تروستی ستاندەرد ئۆیل[72] ئایا بیست هێڵی گواستنەوەی دەریایی لەڕێگەی دەریالووشەوەنییە؟ هەروەها دەسەلاتی بەسەر مسدانییە, ئەمەو ئەگەر شتێك لەمەڕ رێکخستنی تروستی تاواندنەوەی کانزادەکان وەك پرۆژەییێکی لاوەکی نەڵێن. لەولاتە یەکگرتووەکاندا دەهەزار شار هەیە, ئەمشەو چەند کۆمپانیایەك رووناکیدەکەنەوە کەهی شاندەر ئۆیلن یاخود دەسەلاتی بەسەریاندا هەیەو لەژمارەیەك وەك ئەو شارانە ستاندەرد ئۆیل خۆی بەسەر هەموو هۆیەکانی گواستنەوەی کارەبادا سەپاندووە ئەوانەی لەناو شاردان, یاخود لەدەرەوەیان, یاخود نێوان شارێكو شارێکی تر کار دەکەن. هەموو سەرمایەدارە بچووکەکان کەلەو بوارەدا کاریاندەکردو بەهەزاران کۆمپانیایان هەبوون لەشانۆ دوور خرانەوە هەروەك ئێوە وەکو یەك دوورخرانەوە.

–"باری پیشەسازیی بچووك لەباری وەرزێر دەکات. پیشەسازە بچووکەکانو وەرزێرە بچوکەکان ئەمڕۆ, بەکردار, کرانە کۆیلەو بەندەی پەتی. لەم لایەنەوە دەتوانین بڵێین, کە خاوەن پیشەکانو هونەر کارەکان لەم ساتەی ئێستادا لەهەموو شتێك بەندەو کۆیلە کراون, تەنیا ناو نەبێ. لەکاتێکا پیاوانی سیاسەتمەدار تۆکەرو کلکن. مستەر کالفین تۆ بۆ بەدرێژایی شەوو رۆژەکانت بۆ کۆکردنەوەی ریزی وەرزێرانو هەموو چینی مامناوەندی لەحیزبێکی سیاسیی نوێدا کاردەکەیت؟ چونکە سیاسەتمەدارانی حیزبە کۆنەکان, بیرۆکە لەڕێ لادەرەکانت

---

(72) ستاندەرد ئۆیلو رۆکفلەر .

پەسـەند ناکـەن. چـونکە نـەتگوت مـن ئـەوانم, مەبەسـتم نۆکـەرو کلکـی بلۆتۆکراتییەتە.

"بۆ ئەوە چووم کەخاوەن پیشەو هونەرکارو کۆیلەی بەبەندەکراون, باشە, ئەی ئەگـەر ئـەوە نـەبن, چـین! پرۆفیـسۆرەکان‌و موژدەبەخـشەکان‌و سەرنووسـەری ڕۆژنامەکان, هەموویان لەڕێگەی ئەو خزمەتەی پێشکەشی پلۆتۆکراتییەتی دەکەن پلـەو پایـە وەردەگـرن. خزمەتگوزارییەکـەیان لەسـەر بـەبرەو خـستنی ئـەو رایانـە دەوەستێ کەبۆ پلۆتۆکراتییـەت خراپنین, یاخود داوای ڕێزلێنـانی دەکەن‌و چیتر نـا. تەنانـەت ئەگـەر یـەکێ لـەوان تۆزێ خراپبـوو بـرەو بـە بـیروڕا بـدات, پلۆتۆکراتییەت تووشی مەترسی بکات لەوەزیفە دەردەکرێ. لەم حاڵەتـەدا ئەگـەر ماڵی گەشیان بۆ ڕۆژی ڕەش نـەبێ دێنـە ریـزی پرۆلیتاریـاو لەناودەچن‌و دەبنـە بـەرەق هـەڵاتووی کرێکـار. لەبیریـشتانەچێ کەرۆژنامـەو بڵنـدگۆی ئامۆژگـاری‌و زانکۆن, کەرای گشتی لەقاڵبدەدەن‌و ڕێبازی ئایدۆلۆژی نەتەوە دیاریدەکەن. بەڵام هونـەرکاران بەرامبـەر پلۆتۆکراتییـەت‌و بەرامبـەر چـێژە هیـچوپووچەکەی جگـە لەساناکردنی ڕێگەی لەزەت‌و ناپیاوەتی چ کارێکیان نییە.

"بەڵام بەهەرحاڵ. سامان, لـەخودی خۆیدا دەسـەڵاتی راستەقینە نییـە, بـەڵکو هۆیەکە بۆ دەسەلات‌و دەسـەڵاتەکەش حکومییە. کێ ئـەمڕۆ لینگی بەسـەر میریـدا شـۆڕکردۆتەوە؟ پرۆلیتاریـا بەبیـست ملیۆنـە راپەڕیوەکـەی بەهـەموو جـۆری پیـشەکانییەوە, تەنانـەت ئێـوەش گاڵتـەتان بـەم بیرۆکەیـە دێـت. ئایـا چـینی مامناوەندییـە بەهەشت ملیۆنەکەیـەوە خـەریکی کاروبـاری خۆیـانن؟ ئـەو ئەوەنـدە بەسەر میریدا زاڵ نییە کەبەسەر پرۆلیتاریـادا زاڵـە, کەواتـە کـێ دەسـەڵاتی بەسـەر میریـدا هەیـە؟ پلۆتۆکراتییـەت بـە کەمئەنـدامانی کـەژمارەیان چارەکە ملیۆنێکـەو بـەس, بـەڵام چـارەکە ملیۆنەکـە, بەسـەر میریـدا زاڵ نـین, هەرچـەندە خزمـەتێکی مەزنیـشی پێـشکەشدەکەن. مێـشکی پلۆتۆکراتییەتەکـە بەسـەر میریـدا زاڵـە, ئـەم



مێشکەش لەحەوت لەکۆمەڵە بچووکی بەهێزی پیاوێکەوە[73] لەبیرتانەچێ کە ئەم کۆمەڵانە ئەمڕۆکە بەکردار, بەهاوکاری‌و ئاوێتەبوون کەتۆنەتەکار.

"با باسی هێزێك لەم کۆمەڵانە بکەم‌و چیترنا: کۆمەڵـەی خـەتی ئاسنین, چل هـەزار پـارێزەر بـەکاردێنن بـۆ بەزانـدنی گـەل لەدادگـەدا. ئـەو بەهـەزارانی بێـشومار پەساپۆرتی خۆڕایی بۆ قازی‌و, پیاوانی بانك, ئەندامانی ئەنجومـەنی یاسادانان‌و ئەنـدامانی کـۆنگرێس دەردەکـات. ئـەو هـۆڵی خۆشـرابواردنی پێـشوازیکردن[74]

(73) هەتا ساڵی 1907 خەڵك وایاندەدایە قەڵەم کە یانزە کۆمەڵە ولاتیان خستوونەتە ژێر رکێفی خۆیان. بەڵام ئەم ژمارەیە بەیەککگرتنی پێنج کۆمەڵەکەی هێڵی ئاسنین لەگردبوونەوەیەکی قەبەی هاوکارییانەی ڕێکخەری هەموو هێڵی ئاسنیندا کەمبۆوە, ئەم پێنج کۆمەڵە یەککگرتووە, لەگەڵ هاوپەیمانە دارایی‌و سیاسەتمەدارەکانیان ئەوانەبوون: 1-کۆمەڵەی (جێمس جی هێل)ی, دەسەڵاتدار بەسەر هێڵی ئاسنین لەباکووری ڕۆژئاوادا. 2-کۆمەڵەی خەتی ئاسنینی پەنسلڤیناو بەڕێوەبەرە داراییەکەی (شیڤ)و چەند دەزگایەکی بانکی زلی کارکە لەڤیلادیڤیاو نیویۆرك.
3-کۆمەڵەی (هاریمان) و (فریك)ی پارێزەری‌و (ئۆدیل)ی ئاراستەکەرە سیاسییەکەی, دەسەڵاتی بەسەر خەتی هاتوچۆ لەکەنارەکانی ژووررووی ڕۆژئاوای دەریالووشی هێمندا هەیە.
4-بنەماڵەی گۆڵدو هێڵە ئاسانینە قەبەکەی. 5-کۆمەڵەی (مۆر) و (راید)ی ناسراو بە (تاقمی دوورگەی ڕۆك). ئەم ئۆلیغارکییەتییە بە هێزە لەئەنجامی هاڤبڕکێ‌و بەدواداهاتنی لێکدانی بەرژەوەندییەکان سەریانهەڵداو, ڕێگەی حەتمیان بەرەو گردبوونە بڕی.
(74) هۆڵەکانی پێشوازی لێکردن لەوێستگەی هێڵی ئاسنین دەزگایەکی سەیربوو بۆ بەرتیلدان بەئەندامانی ئەنجوومەنەکانی یاسادانان‌و تۆقاندن‌و دەس پیسکردنیان, ئەو ئەندامانەی کەپێویستبوو لەسەریان نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەن‌و داکۆکی لێبکەن.

www.pertwk.com

لەپایتەختەکانی گشت وڵاتەکان دەکاتەوەو هەروەها لەپایتەختی یەکیەتیش‌و, لەهەموو شارە گەورەکانی وڵات‌و شارە بچووکەکانی دیکەدا سوپایەکی گەورەی بێشوومار لەپارێزەری ئاژاوەچی‌و سیاسی بچووک‌و ئەوانەی کەئەرکیان ئامادەبوونی کۆبوونەوەی دەنگدەرانە بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی داهاتوو و هەڵبژاردنی نوێنەرو پەیوەندیکردن بەسوێند خۆرانی دادوەری‌و بەرتیل‌و بەقازییەکان‌و کارکردن بەهەر ڕێگەییێبێ بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەم کۆمەڵە, بەکاردێنێ[75].

"بەڕێزان, بەوێنەکێشانی هێڵە گەورەکانی هێزێکی ئەو حەوت کۆمەڵەیە گەیشتوومەتە ئەو بڕوایە کەدەماغی پلۆتۆکراتییەت پێکدێنن[76]سامانە بیست‌و

(75) بەر لەدوانەکەی ئێڤەر هارد بەدەساڵ, ئەنجوومەنی بازرگانی نیویۆرك, راپۆرتێکی دەرکرد ئەم بڕگەیەی لێوەردەگرین: "هێڵی ئاسنین لەزۆربەی ولایەتەکانی یەکێتیدا, بەتەواوەتی ئەنجوومەنی یاسادانانی خستوونەتە ژێر رکێفی خۆی, ئەوان سیناتۆری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو نوێنەرو کاربەدەستانی ولایەتەکان دادەنێن‌و لایاندەبەن. دەشێ بەدیکتاتۆری حکومی لەوڵاتە یەکگرتووەکان لەقەڵەمبدرێن.

(76) رۆکفلەر لەسەرەتای ژیانیدا, ئەندامێکبوو لەپرۆلیتاریا, لەڕێگەی فرتوفیڵ‌و پاشەکەوتەوە توانی یەکەم تروستی تەواو دابمەزرێنێ. مەبەستم ئەوەیە کەبەستاندەرد ئۆیڵ ناسراوە. ئالێرەدا هیچ سنوورلادانێك نابینم, لەپێشکەشکردنی ئەم لاپەڕە سەیرو سەمەرەی مێژووی ئەو سەردەمە بۆئەوەی دەریخەم کەچۆن ئاتاج (پێویستی) گەڕانەوەی تەرخانکردنی زێدەی پارەوپوولی ستاندەرد ئۆیل توانی کۆمەڵێك سەرمایەداری بچووك بهاڕێت‌و چۆن هەرەسهێنانی رژێمی سەرمایەداری زووتر بەپەلەترکرد. دێڤیدگراهام فلیپس نووسەرێکی رادیکالی ناو نووسەرانی ئەو سەردەمەبوو. لەرۆژنامەی "ساتەردەی ئیڤنینگ پۆست"دا, لەو ژمارەیەدا کەلە 4ی تشرینی دووەمی 1902 دەرچووبوو, وتارێکی بلاوکردبۆوەو ئەو بڕگانەی لێوەردەگرین, لەڕاستیدا تەنیا ئەو تاکە دانەیەی

رۆژنامەکەمان پێگەیشتووە, لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین لەڕواڵەت‌و ناوئاخنیدا بگەینە ئەو ئەنجامە کەیەکێکبووە لەبڵاوکراوە میللیە بەربڵاوەکان. فەرموو ئەو بڕگانەی لەو وتارەدا گوڵبژێر کراون:

نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر یەکێك لەباوەڕپێکراوە بەرچاوەکان داهاتی دۆکفلەری بەسی ملیۆن دۆلار قەبڵاندووە گەیشتە ئەوپەڕی تەرخانکردنی قازانجکەری قازانج لەپیشەسازیی نەوت‌و گۆژمەی قەبە لەپارەو پوول دەڕژانە سەرجۆن دەیڤیسون رۆکفلەر, بەتەنیا مانگی لەدوو ملیۆن دۆلار زیاتر. بەم شێوەیە تەنگو چەڵەمەی تەرخانکردنەوەی پارەو پوول بەتەوژمبوو. بوو بە مێردەزمە, داهاتی نەوت تا دەهات قەبەتر دەبوو. ژمارەی ئەو پرۆژانەی ترس لە بەگەڕخستنی پارەپوول تیایاندا نەدەکرا دیاربوو, بەڵکو لەمرۆکە سنووردارتربوون. ئینجا بنەماڵەی رۆکفلەر دەستیانکرد لەبازدان لەپیشەسازیی نەوتەوە بۆ پیشەسازی تر. بێئەوەی ئارەزووی تایبەتی بۆ قازانجی زێدە بۆ ئەوە هانیانبدات. ناچاربوون ئەوە بکەن کەشەپۆلی بەتەوژمی سامان کەموگناتیسی پاوانکردن بەڕادەیێ کەبەرگریناکرێ بکێشی کردن. دەستەیەکی تایبەتییان بۆ زانینی چاکترین ڕێگە بۆ بەگەڕخستنی پارەو پوولە زێدەکانیان دامەزراند, دەڵێن ئەو مووچەیەی کەسەرەکی ئەم دەستەیە وەریدەگرت ساڵانە دەگەیشتە بیست‌و پێنج هەزار دۆلار.

"بنەماڵەی رۆکفلەر یەکەم هێرشی ئاشکراو روونیان بردەسەر کێڵگەی هێڵی ئاسنین, ساڵی 1895 ی نەبرد کەپێنج یەکی درێژایی هەموو هێڵی ئاسنینیان لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا خستە ژێر رکێفی خۆیان. ئەمڕۆ ژییان هەیە, یا لەژێر دەسەڵاتیاندایە؟ ئەوان خاوەن دەسەڵاتی گەورەن, لەهەموو (هێڵە گەورەکانی ئاسنین)ی رۆژئاواو رۆژهەڵات‌و باکوور لەنیویۆرك, جگە لەیەکێك نەبێ, کەبەشیان دەکاتە چەند ملیۆنێك‌و بەس. ئەو پشکی زۆریان لەزۆربەی هێڵی پەلوپۆ لێبۆوە لەچیکاگۆ هەیە. هەر ئەمەش بەتەنیا نا, بەڵکو ژمارەیەکی تۆ لەهێڵی درێژبۆوەی بەرەو دەریالووشی هێمن) یان خستۆتە ژێر رکێفی خۆیان. دەنگەکانیان کەئێستا مستەر (مۆرگنیان خستۆتە سەر ئەم

www.pertwk.com

هێزو دەسەڵاتە, هەرچەندە ئێمە دەتوانین ئەوە زیاد بکەین کەئەوان پێویستیان بەمێشکی ئەو زیاتر هەیە لەدەنگەکانیان. هاوکاریی هەردووکیان یەکێتیی بەرژەوەندییەکان بەشێوەیەکی فراوان پێکدێنێ.

"بەڵام هێڵی ئاسنین هەر بەتەنیا ناتوانێ لێشاوی بەتەوژمی زێڕەکانیان هەڵمژێ. داهاتی د. ڕۆکفلەر لەمانگێکداو لەپڕ لەدوو ملیۆن دۆلارو نیوەوە بۆتە چوار ملیۆن‌و پاشان پێنج ملیۆن‌و ئینجا مانگی شەش ملیۆن. لەساڵێکیشدا حەفتاو پێنج ملیۆن, نەوتی ڕۆشنکردنەوە (کیرۆسین) بووە قازانج‌و گەڕاندنەوەی بەکارهێنانی داهات‌و بەروبوومی کەمی ساڵانە چەند ملیۆن دۆلار دەخاتە سەر سامانی ڕۆکفلەر.

"بنەماڵەی ڕۆکفلەر گواستیانەوە سەر غازی ڕۆشنکردنەوەو کارەبا, کەئەو دوو پیشەسازییە پەرەیانسەندو گەیشتنە قۆناغی بەکارهێنانی ئاسوودانە. ئەمڕۆش دەبێ بەشێکی گەورەی گەلی ئەمەریکی لەگەڵ هەموو خۆرئاوابوونێکدا دەستبکات بەزیادکردنی سامانی بنەماڵەی ڕۆکفلەر, جا ئەو ڕووناککردنەوەیەی سازیدەدەن هەرچەندە بێ. هەروەها بەرەو مەیدانی ڕەهنکردنی کشتگەکان چوون. دەڵێن ئەو گەشانەوەیەی وڵات چەند ساڵێکبوو بەخۆیەوە دیبووی, بوو بەهۆی ئەوەی کەوەرزێڕەکان بتوانن زەوییە ڕەهنکراوەکانیان دەرباز بکەن فرمێسکێك لەچاوی د. ڕۆکفلەر دەرچوو, لەبەرئەوەی ئەو هەشت ملیۆن دۆلارەی کەوایزانی بەدرێژایی چەند ساڵێك بایەخی پێدابوو بۆئەوەی چەردەیەکی زۆری لەسووپێبداتەوە, هەندەی پێنەچوو لەپڕ توورڕ درایە بەر دەرگای ماڵەکەی. لەوێدا دەستیکرد بە هاوارکردن‌و داوای گۆڕێکی نوێی دەکرد –واتا سووەکە–ربا–, ئەو زیادە چاوەڕواننەکراوەی خەمەکانی, خەمی عەوداڵبوون بە دوای ئەو شوێنانەی نەوەی نەوتەکەی‌و نەوەی ئەم نەوەیو نەوەی نەوەی نەوەکەی تێیاندا بحەوێنەوە. لەوە زۆرتربوو کە ئازایەتیی پیاوێکی بێهەرسکردن بەرگەی بگرێ.

"بنەماڵەی روکفلەر روویانکردە کانزاو –کانزای ئاسن‌و خەڵووزی‌و بەردی‌و مس‌و قوڕقوشم. بەرەو کۆمپانیای پیشەسازی تر, بەرەو ڕێگەکانی ئۆتۆمبێلەکان, بۆ

چوار ملیار دۆلارەکەتان بەقەد بیست‌و پێنج سەنت دەسەڵاتی حکومیتان پێنابەخشێ. ڕێککەوتنێکی بۆشەو بەو زووانە لێتاندەسێنن. ئەمڕۆ پلۆتۆکراتییەت هەموو دەسەڵاتی لەدەستە. ئەمڕۆ ئەو یاسا دادەنێ. چونکە ئەنجوومەنی پیران‌و کۆنگرێس‌و دادگەکان‌و ئەنجومەنەکانی یاسادانانی

کۆمپیالەی نیشتمانی‌و کۆمپیالەی ولایەتەکان‌و شارەوانییەکان, بەرەو پاپۆڕو بەلەمی هەڵم‌و کۆمپانیای بروسك, بەرەو خانووبەرەو بینای ناو هەوران‌و کۆشك‌و تەلارو ئوتێل‌و ساختمانی ناوچەی بازرگانی, بەرەو کۆمپانیای دابینکردنی ژیان, بەرەو بانکەکان. زۆری نەخایاند هیچ بوارێك لەبواری پیشەسازیدا. نەمابوو لەملیۆنەکانیان خاڵیبێ.

"بانکی ڕۆکفلەر –ذی ناشناڵ سیتی بانك– لەهەمان کاتدا گەورەترین بانکە لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا, جگە لەبانکی ئینگلتەرەو بانکی فەڕەنسا هیچ بانکێکی دی لەجیهاندا لەو باڵاتر نییە. ناوەندی سپاردەکان (الودائع) تیایا ڕۆژێ لەسەد ملیۆن دۆلار زیاترە. ئەو دەسەڵاتی بەسەر بازاڕی قەوام لەدۆڵ ستریت‌و لەسەر بازاڕی پشکەکاندا هەیە. بەڵام تەنیا نییە, ئەو خۆی سەرە زنجیرەیەکی بانکەکانی بنەماڵەی ڕۆکفلەرە کە چواردە بانك‌و تروست لەشاری نیویۆرك‌و بانکی خاوەن ئەوپەڕی هێزو دەسەڵات لەهەموو مەڵبەندەکانی دارایی لەوڵاتدا ڕێکدەخات.

جۆن د.ڕۆکفلەر بەپێی نرخی بازاڕی دارایی, نزیکەی بایی نێوان چوارسەد ملیۆن دۆلارو پێنج سەد ملیۆن دۆلار لەپشکەکانی ستاندەرد ئۆیڵی هەیە. ئەو بایی سەد ملیۆن دۆلار لەتروستی پۆڵای هەیە, نزیکەی ئەوەندەشی لەتاکە بەرەژەوەندیی (دەزگا)یێکی دەزگاکانی هێڵی ئاسنینی ڕۆژئاوای هەیە. نیوەی ئەوەندەش لەدەزگایەکی تری هاوجۆر. بەمشێوەیە, بەمشێوەیە, بەمشێوەیە, هەتا عەقڵ لە ئامارو ژماراندا ماندوو دەبێ داهاتی پارەکەی سەد ملیۆن دۆلاربوو, ڕەنگە ئەو داهاتەی بنەماڵەی ڕۆچیلد هەیانە هەمووی پێکەوە نەگاتە ئەو ژمارەیە, ژمارەکە کەبەوپەڕی خێرایی کتوپڕ زیاد دەکات."

www.pertwk.com

بەدەستەوەیە، هەرئەمەش بەتەنیا نا، چونکە دەبێ وەزراەتی یاسا هێزێکبێ لەجێبەجێکردنی یاسادا پەنایباتەبەر. ئەمڕۆ پلۆتۆکراتییەت یاسادادەنێو لە جێبەجێکردنی پشت بەپۆلیس‌و سوپاو کەشتیگەل‌و لەدواییدا ئەو میلیشیایەی کەئێوەو من‌و هەریەك لەئێمەین" پاش ئەوە وتووێژێکی کەمی بەرپاکرد. خێرا گرێی بانگکراوانی سەرخوانەکە کرایەوە، هەموویان لەناچاری هێمن‌و کپ‌و بێدەنگبوون. خەڵکەکە بەدەنگی نزم یەکتریان بەڕێکرد، دیاربوو وەك بڵێی زەندەقیان چووە، یانزیکەی بەجیهانبینی ئەو سەدانەی کەبۆیان دەرکەوت هەترەشیان بچێ.

مستەر کالفین رووی قسەی کردە ئێرنست‌و گوتی:

–"بەڕاستی دۆخەکە مەترسیدارە، من تەنیا رەخنەیەکی کەمم لەسەر ئەو رێگەیە هەیە کەلەوێنەکێشانیدا سازتدا. بەڵام من راکەت پەسەند ناکەم لەبابەت چینی مامناوەندییەوە، ئێمە لەناو ناچین، ئێمە تروستات دەبەزێنین‌و لەناویدەبەین."



ئێرنست قسەکەی تەواوکرد:

–"دەگەڕێنەوە سەر رێوشوێنی باوك‌و باپیرانتان."

مستەر کالفین بەخەمۆکییەوە وەڵامیدایەوە:

"–بەڵێ، دەگەڕێینەوە سەر رێو شوێنی باوو باپیرانمان. من دەزانم ئەوە جۆرە تێکشاندنێکی ئامێرەو لەبەرداوو پیلانی ئلۆتۆکراتییەت بەهیچوپووچی خۆی دەنوێنێ، بەهەر بارێبێ رەوشتی ئێمە وەك ئامێرتێکشێن هەرنەبێ لەبارەو بەکردەیە. کەچی خەونەکەت لەتوانادا نییەو کردەش نییە. خەونە سۆشیالستەکەت .. باشە. ئەوە تەنیا خەونە، ئێمە ناتوانین بەدوات بکەوین".

ئێرنست بەکەمێك پەستییەوە کەسدەتی گوشی‌و ماڵئاوایی لێکرد پێیگوت:

–"خۆزیا شتێکتان دەربارەی گەشەپێدانی زانستی کۆمەڵایەتی دەزانی، ئەوسا ئەو هەموو ئەرکەمان بەبەرخۆمان نەدەدا".

www.pertwk.com

# دەیەم بەش

# گـــێڕاو

www.pertwk.com

# گێژاو

پاش داوەتی خاوەنکارەکان, وەك هەورەتریشقە رووداو, یەك بەدوای یەکدا هاتن‌و هەمووشیان تارادەییێکی تۆقێن ترسناکبوون. لەناکاو من, بەڵێ منێك کەبەدرێژایی رۆژانی رابوردووم ژیانێکی زۆر ئاسوودە ژیام. لەشاری هێمنی زانکۆیی, خۆم‌و کارو باری شەخسیم دەدی بۆلای گێژاوی گەورەی بێشووماری کاروباری جیهانی بەکێش دەبن‌و نازانم چ شتێ منی کرد بە شۆڕشگێڕ: خۆشەویستیم بۆ ئێرنست, یاخود پێبەخشینیم بەسەرنجێکی ئاشکراو روون بۆ ئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژیام؟ بەڵام ئەوەی دەیزانم ئەوەیە کەمن بووم بەشۆڕشگێڕ, من تووڕدرامە ناو گێژەنەیەك رووداو کەتەنیا بەر لەسێ مانگ شیاوی ئەوەبوون بەزەحمەت بێنە بەرچاو.

ئەو گیروگرفتەی تووشی چارەنووسەکانی منبوو لەگەڵ گیروگرفتی گەورەو قەبە, کەتووشی کۆمەڵبوو لەیەك کاتدابوون. ئای, بەر لەهەموو شتێك, باوکم لەزانکۆ دەرکرا, بەواتایەکی تەکنیکار technically داوای لێکرا وازبێنێ, ئەوە هەموو شتێبوو. ئەمەش لەخودی خۆیدا, کارێکی گرنگنەبوو, لەڕاستیدا باوکم بەدڵشادییەوەی وەریگرت. ئەوەی لەهەر شتێکی تر, دڵخۆشیدەکرد بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی بوو "زانستی ئابووری‌و پەروەردە" کەبووەهۆی بەپەلە دەرکردنی لەزانکۆ. بۆئەوە چوو کە ئەو باری سەرنجی دەچەسپێنێ. ئایا لەتونای پیاودا هەیە کەبەڵگەیەك لەم بەڵگانە چاکتر پێشکەشبکات کەچینی سەرمایەدار پەروەردەو ئامۆژگاکانی خستوونەتە ژێر رکێفی خۆی؟.

بەڵام ئەم سەلماندنە کەڵکبەخشنەبوو, کەس نەیزانی کەباوکم ناچارکرا دەست لەزانکۆ بکێشێتەوە, بەرادەیەکی وا زانایەکی گەورە کە بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی ئاوەها —لەدوای ئەو هۆیەی شیاوی ئەوە بێ ورووژان لەهەموولایەکی جیهاندا بەرپابکات.

رۆژنامەکان رێژنەی بارانی پیاهەڵدان‌و رێزلێنانیان بەسەردا باراندو شایستەو سوپاسیانکرد کەماندوویی‌و هیلاکی هۆڵی سیمنار بەلاوە بنێ بۆ ئەوەی هەموو کاتێ خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی تەرخانبکات.

لەسەرەتادا باوکم پێکەنی, پاشان تووڕەیی دایگرت, تووڕەیی بەهێزکەر, ئینجا پرۆسەی "کوژاندنەوەی کتێبەکەی‌و خنکاندنی لەبێشکەدا. بەڵکو ئەم پرۆسەیەش بەنهێنی کرا. بەنهێنی تارادەیەك, لەسەرەتادا, هەرچەندمان کرد, تێینەگەیشتین, بڵاوکردنەوەی کتێبەکە, راستەوخۆ, هەندێ گۆبەندی لەوڵاتا نایەوە. رۆژنامەکانی سەرمایەداری شاڵاوێکی بەئەدەبانەیان کردە سەرباوکم, کە ئەوەیان دەگەیاند, مایەی بەزەیی پیاهاتنەوەیە کەزانایەك لەم جۆرە مەزنییەدابێ واز لەمەیدانی پسپۆڕی خۆی بهێنێ‌و تاکو لەدونیای زانستی کۆمەڵایەتیدا ناودەرکات کەشتێکی لێوەنازانێ, هەندەی پێناچێت لەبیابانەکانیدا رێی لێتێکدەچێت‌و سەری لێدەرناچێت, ئەم هێرشە حەفتەیەکی خایاند, باوکم لەو ماوەیەدا بەساردو سڕی پێدەکەنی‌و دەیگوت کتێبەکە برینێکی بەسوێی کردۆتە دڵی سەرمایەداری. لەپڕ رۆژنامەو گۆڤارەکانی رەخنەگری وازیان لە تەنیا ئاماژەپێدانی بەکتێبەکە, هێنا, بەکتوپڕێکی هاوتا, کتێبەکەش لەبازاڕدا نەما, زۆر زەحمەتبوو مرۆڤ دانەیەکی لەکتێبخانەکاندا دەستکەوتبا.

www.pertwk.com

باوکم لەم رووەوە بۆ بڵاوکەرەوەکانی نووسی، وەڵامیدایەوە کە پلێتەکانی کتێبەکە دوور لەدەستی ئەنقەست فەوتاون، ئەوە نامەناردانی نا قایلبوون و نا قەناعەت پێکردنی بەدواوە هات. تاکو لەئەنجامدا بڵاوکەرەکە ناچارکرا هەڵوێستێکی ئاشکرا بنوێنێ، بلاوکەرەوەکە رێگایەك نادۆزێتەوە بۆ پیتچنینی کتێبەکەو، ئەوپەڕی ئامادەیی خۆی دەربڕی کەواز لەماف خۆی بێنێ لەکتێبەکەدا.

ئێرنست گوتی:



–" چ دەزگایەکی دیکەی بڵاوکردنەوە لەسەرتاپای وڵاتدا نابینی کەبوێرێ دەستی بداتێ ئەگەر لەشوێنی تۆبام ئەوە لەئێستاوە پەنامەدەبردە بەر گەڕان بەشوێن ئەمەکدا. ئەوەی تا ئەم ساتە چێشتووتە لەیەکەم تامی پاژنەی ئاسنین دەرناچێ."

بەڵام باوکم گەر زانا نەبوایە شتێك نەدەبوو. ئەو هەرگیز بڕوای بەخێرایی بازدان نەبوو بۆ دەرئەنجامدان. ئەزموونی پێڕاگەیاندن و پێزانین بەچاو نا، بەهەڵبژاردن بەلایەوە ئەزموونی پێزانین نەبوو ئەگەر بەهەموو سەروبەرییەوە نەکرێت. بەمشێوەیە، بەخۆگرتن و ئارامییەکی زۆرەوە لەدەرگای گشت دەزگاکانی بڵاوکردنەوەیدا، کۆمەڵێك پاکانەو پاساو هێنرانەوە. بەڵام هیچیان ئارەزووی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی نیشانەدا.

کە باوکم قەناعەتی کرد کتێبەکە بەکردە "خنکێنرا"، ویستی ئەم رووداوە لەسەر لاپەڕەی رۆژمانەکاندا بڵاوکاتەوە. بەڵام نامەکانی خرانە تەنەکەی خۆڵەوە، لەکۆبوونەوەیەکی سیاسیدا، کەسۆشیالستەکان بەستیان و ژمارەیەکی زۆر پەیامنێر بەشداریان تێداکرد، باوکم ئەو دەرفەتەی قۆستەوە کە چاوەڕوانیبوو. لەناو خەڵکەکەدا وەستاو چیرۆکی خنکاندنی کتێبەکەی گێڕایەوە، بۆ بەیانی کەچاوی بەرۆژنامەکان کەوت پێکەنی، پاشان تووڕەیی دایگرت، تا رادەیێ هەموو خاسیەتە هێزبەخشەکانی لەناوبردن. رۆژنامەکان هیچ ئاماژەیەکیان بۆ کتێبەکە نەکرد، بەڵام ئەوەی دوێنێ گوتبووی بەشێوەیەکی شێوێنراویان گێڕابۆوە. وشەو گوزەرەکانی لە شوێنی خۆیاندا گۆڕدرابوون و تێبینییە کپکراوە تەرازوو بەندەکانی کرابوونە دوانێکی گێرەشێوێنی بەحەپە. ئەوەیان بەشارەزای و هونەرمەندانە کردبوو. من هێشتا کتومت نموونەیێکم بەشێوەیەکی تایبەتمەندانە لەبیرە. باوکم دەستەواژەی "شۆڕشی کۆمەڵایەتی" هەڵبژارد، پەیامنێرەکە تەنیا وشەی "کۆمەڵایەتی لێپەڕاندبوو، بە بروسکەیەك لەبروسکەکانی "ئەسۆسیێتد پرێس" ئەوەی گەیاندبووە هەموولایەکی وڵاتو، لەهەموو لایەکدا هاواری ترس و لەرز دەرچوو. باوکم خاسیەتی گێرەشێوێنی و نهیلستی (عدمی) درایەپاڵ و لەوێنەیەکی کاریکاتێریدا کەرۆژنامەکان بەشێوەیەکی فراوان وەریانگرتبوو، باوکم وانیشاندرا کە ئاڵایەکی سوری هەڵگرتووەو لەپێشەوەی جەماوەرێکی رەش و رووتی قژ درێژی چاوپڕقین و رقی دڕندانەوەیەو جەماوەرێك لەڕەشورووت کە مەشخەڵ و چەقۆو بۆمبای دینامیتیان بەدەستەوەیە.

رۆژنامەکان بەچەند وتارێکی درێژدادڕیی پڕ لە داشۆرین، لەبەر گێرە شوێنییەکەی، هێرشێکی تۆقاندنیان بردەسەرو، ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کەتووشی مێشکتێکچوون و داتەپین بووە، ئێرنست پێی گوتبوون کەئەم رەفتارەی سەرمایەداری هەرگیز شتێکی نوێنەبووە. داب و نەریت وای پێویستدەکرد، وەك گوتی، کە پەیامنێرەکان ئاراستەبکرێن بۆهەموو کۆبوونەوە سۆشیالستەکان، تەنیا بۆ گۆڕینی ئەوشتانەی لەوێدا دەگوترێن و گەڕانەوەیان بەشێوەیەکی شێوێنراو، بەمەبەستی ترساندنی چینی مامناوەندی و نەهێشتنی هەر توانایەکی رێکسختنی لەناو پرۆلیتاریادا. ئێرنست باوکمی زۆر ئاگادارکردەوە. داوایلێکرد واز لەشەڕ بێنێ و لەبەرچاوان ونبێ.

بەرهەرحاڵ، رۆژنامە سۆشیالستەکان لەسەر شەڕ بەردەوامبوون، بەکرەتی خوێنەری کرێکاران زانرابوو کە کتێبەکە "خنکێنرا" بەڵام ئەم زانینە لەسنووری

www.pertwk.com

چینی کارگەراندا وەستا, پاشان دەزگای "پەنا بردنە بەر ئەقڵ" کە دەزگایەکی سۆشیالستی بڵاوکردنەوەیە, لەگەڵ باوکمدا ڕێککەوت بۆ دەرکردنی کتێبەکە. باوکم زۆر دڵشادبوو, بەڵام ترسێکی بەتەوژم ئێرنستی ڕاتەکاند, لەسەر ئەم قسەیەی سووربوو:

–"پێتدەڵێم ئێمە لەسەر لێواری نەزانراوین. شتی قەبە قەبە بەنهێنی لەدەورەمان و ئەملاو لامان دەقەومێن. دەتوانین هەستیان پێبکەین. ئێمە نازانین چین؟ بەڵام بەهەرحاڵ لەوێدان و هەموو قەوارەی کۆمەڵ بەهۆیانەوە ڕادەچڵەکێ. لێم مەپرسە, من خۆشم نازانم, بەڵام هەردەبێ لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە بەردەوامە شتێك گەڵاڵە بێت. وا ئێستا گەڵاڵە دەبێ و دەڕەخسێ.

(خنکاندن)ی کتێبەکەت هۆیەکی بەپەلەخەرە لەم گۆڕانەدا. ژمارەی ئەو کتێبانەی ئێستا "خنکێنراون" چەندن؟ کەمترین بیرۆکەمان لەو بارەیەوە نییە. ئێمە لەتاریکیدا دەژین, بۆ زانیاری هیچ ڕێگایەکمان لەبەردەمدا نییە. چاوەدێری ئەم هەنگاوە بکە: "خنکاندن"ی ڕۆژنامە سۆشیالستەکان و دەزگا سۆشیالستەکانی بڵاوکردنەوە. پێم ناخۆشە ئەم پرۆسەی (خنکاندن)ە نزیکە ڕوو بدات, سا ئێمەش دەخنکێنرێین".

ئێرنست ترپەی لێدانی ڕووداوەکانی بەشێوەیکی زۆر پتەوتر گرت تەنانەت لەسۆشیالستەکانی دیکەش. دوو ڕۆژی زیاتر نەبرد کەزەبری یەکەم وەشێنرا, گۆڤاری " پەنابردنە بەر عەقڵ" –گەڕانەوە سەر عەقڵ– بوو, هەفتەی جارێك دەردەچوو, ناوەندی دابەشکردنی لەناو پرۆلیتاریادا حەفت سەدو پەنجا هەزار دانەبوو. هەر ئەمەش نا, بەڵك زۆرجار چاپی تایبەتی دەردەچوو کە هەر ژمارەیەکی لەنێوان دوو ملیۆن و پێنج ملیۆن دانەدا دەبوو لەچاپدانی بەمشێوە قەبەیە تێچوون و خەرجی خۆی دەردەهێنا, دابەشکردنیشی ئەرکی ئەو سوپا خۆبەخشە بچووکەی کرێکاران بوو کەهاتبوونە ژێر ئاڵای "پەنا بردنە بەر عەقڵ".

کەچی لەپڕ زەبری یەکەم لەم چاپە تایبەتییە درا, بەڕاستی زەبرێکی توندوتیژبوو. بەڵام چۆن؟ بەڕێوەبەرایەتی پۆستە بڕیارێکی ستەمکارانەیدا کە نکووڵی لێکرد لەوەی ئەم چاپەمەنییانە بەشێکی جیاکراوە بن لەرەوتی "پەنابردنە بەر عەقڵ", لەبەر ئەوە نەیویست دابەشبکرێن.

پاش هەفتەیەك بەڕێوەبەری پۆستە, بڕیارێکی دەرکرد کە ئەم گۆڤارەی بەگێرەشێوێنی ئاژاوە نانەوەی فیتنەگێڕ لەقەڵەمداو بەتەواوەتی ڕەتیکردەوە. ئەمە زەبرێکی سامناکبوو بۆ پڕوپاگەندەی سۆشیالستی. گۆڤاری "پەنابردنە بەر عەقڵ" کۆڵینەداو نەخشەیەکی بۆ خۆگەیاندنە بەشدارەکانی لەڕێگەی (ئێکس پرێس)ەوە کێشا. بەڵام ئەم کۆمپانیانە نەیانویست بیبەن. کۆتایی "پەنابردنە بەر عەقڵ" لەوەدابوو. بەڵام کۆتاییەکی یەکجاری نەبوو. خۆ ئامادەکردنبوو بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب بەبەردەوامی. بست هەزار دانە لەکتێبەکەی باوکم لەبەرگتێگرتندابوون. چەرخی ئامێری چاپکردن چەند چەردەیەکی زێدەی دەردەکرد. لەپڕ, بێئاگادارکردن, شەوێك کۆمەڵێك ئاژاوەگێڕو هیچوپووچ ئاڵایەکی ئەمەریکیان هەڵکردبوو, بەچەپڵەڕێزان و هەندی سروودی نیشتمانی؟, هەڵمەتیانبردە سەر دەزگای گەورە "پەنابردنە بەر عەقڵ"و ئاگریان تێبەرداو بەتەواوەتی سووتاندیان. گێرارد سەر بەولایەتی کانساس بوو, شارێکی هێمن و ئاسوودە بوو, هیچ گێرە شێوێنییەکی کرێکاران لێرەدا بەرپانەبوو. "پەنابردنەبەر عەقڵ" بەپێی بنچینەی یەکێتی کرێکران کرێی بە کارمەندەکانی دەدا. لەراستیدا بڕبڕەی پشتی شاربوو. دەرفەتی کاری بۆ سەدان پیاوو ژن ڕەخساندبوو, ڕۆڵەکانی گێرارد ئەوانە نەبوون کەتاقمە هیچوپووچەکەیان پێکهێناو ئاگریان لەدەزگاکە بەردا. نەخێر, وادیارە ئەم تاقمە, لەناخی زەوییەوە هەڵقوڵێن, ئەگەر ئەرکی خۆیان ئەنجامدا, سەرلەنوێ دەگەڕێنەوە ناو زەوی. ئێرنست لەم مەسەلەیەدا واتایەکی وای دۆزییەوە کەلێی ڕەشترو بەشوومتر نییە.

www.pertwk.com

گوتی:–"سەدان لە رەشەکان[77] ئەمڕۆکە لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا رێکدەخرێن ئەمەش سەرەتایە. لەم بابەتە شتێکی زۆر دەبینین. پاژنەی ئاسنین دەستیکردووە بەخواردنەوەی شیری شێر."

بەمجۆرە کتێبەکەی باوکم فەوتا, لەرۆژانی دواییدا, بۆمان لوا زۆرێك لەتاقمی (سەدان رەشەکان) بینین. هەفتە بەهەفتە بەڕێوەبەرایەتیی پۆستە دابەشکردنی رۆژنامە سۆشیالستەکانی قەدەغەکرد. لەچەند بۆنەیەکدا تاقمی "سەدان رەشەکان" چاپخانە سۆشیالستەکانیان تێکوپێکدان. پێویست بەقسە ناکات کەرۆژنامەکان ناوچەی خۆیان بەو سیاسەتە کۆنەپەرستانە نەبەستەوە کەچینی کاربەدەست پەیڕەویانکرد. لەپڕ دەستیکرد بەناوزڕاندنی رۆژنامە سۆشیالستەکانی دەستدرێژی لێکراو دۆزەکەیان بەشێوەیەکی شێوێنراو وێنەکێشا. لەهەمان کاتدا "سەدان رەشەکان"ی کرد بە نیشتمانپەروەری راستەقینەو رزگارکەری کۆمەڵ. ئەم هەموو وێنەکێشانە شێوێنراوە, ئەوەندە قەناعەت پێهێنەر بوو تارادەیێ وای لەهەندێ قەشەی دڵسۆزکرد کەلەسەر بڵندگۆی کڵێسەکان بە (سەدان رەشەکان)دا هەڵبێن‌و هاوکات مخابنی خۆیان بۆ ئەم کاتە نالەبارە دەربڕن کەوایکرد پەنا بردنەبەر توندوتیژی پێویستییەکبێت لەپێویستییەکان.

(77)سەدان رەشەکان Black Handerds کۆمەڵەو تاقمی هیچوپووچی کۆنەپەرستن. لەکاتی شۆڕشی رووسیدا ئۆتۆکراتییەتی گیان دەرچوو رێکیخستبوون. ئەم تاقمە کۆنەپەرستانە هێرشیاندەبردەسەر کۆمەڵانی شۆڕشگێڕو لەکاتی پێویستدا خراپەیان لەسەر زەوی دەکرد, ماڵ‌و موڵکی هاوڵاتییانیان لەناو دەبرد, تاکو بیانوویێك بەدەست ئۆتۆکراتییەتەوە بدەن پەنای پێبباتە بەر قۆزاقەکان.

مێژوو هەنگاوی گورجی دەهاویشت. هەڵبژاردنەکانی پاییز نزیکبوونەوە. پارتی سۆشیالست ئێرنستی بۆ ئەندامییەتی کۆنگرێس پاڵاوت. بارودۆخی دەرچوونی زۆرچاك رەخسابوو. چونکە مانگرتنی ئۆتۆمبێلەکان لەسانفراسیسکۆ هاڕدرا, پاش ئەمە بەماوەیەکی کەم مانگرتنی لێخوڕی گالیسکەکانیش هاڕدرا.

ئەم دوو شکستییە پشتی بزووتنەوەی رێکوپێکی کرێکارانیان شکاند. یەکێتی کرێکارانی بەندەرەکان لەگەڵ هەموو هاوپەیمانەکانیدا لەبواری بیناسازیدا پشتگیریی مانگرتنی لێخوڕی گالیسکەکانیان کرد. زۆر هاڕدرا. مانگرتنێکی خوێناویبوو. پۆلیس بەکوتەکە تایبەتەکانیان بۆ قەدەغەکردنی ئاژاوە سەری ژمارەیەکی بێئەندازەیان شکاند.

بستەی کوژراوەکان قەبەتربوو بەڕووتێکردنی لوولەی رەشاشێك لەسایلۆی کۆمپانیای "مارسدین سپێشەڵ دێکیڤەری" لەمانگرتووەکان.

پەستی‌و بێزاری رووی پیاوەکانی داگرت‌و, تۆڵە سەندنەوەیان کرد. ئەوان لەو گۆڕەپانە هەڵبژێردراوەیاندا شکێنران, لەو پەڕی ئامادەبووندا بوون بۆ تۆڵەسەندن لەڕێگەی کاری سیاسییەوە. هێشتا رێکوپێکی کارگەرییان بەدەستەوە بوو, ئەمەش لەململانێی سیاسیدا کەلە ئارادابوو هێزی پێبەخشین. پلەی سەرکەوتنی ئێرنست زۆر زۆر زیاتربۆوە. رۆژ بەرۆژ یەکێتییەکان دەستیانکرد بەبانگەوازکردنی بۆ پۆشێلکردنی سۆشیالستەکان, تەنانەت ئێرنست خۆی پێکەنی کەیاریدەدەرانی بەڵێندەرانی تابووت‌و مریشك کۆکەرەوەکانیش لایەنی ئەوانیان گرت. کرێکارەکان دڕوو هەڵەشەبوون. بەگەرموگوڕییەکی هارو هاجانە بەشداریی کۆبوونەوە سۆشیالستەکانیان دەکرد. بۆ ئەوەی سیاسەتمەدارانی حیزبە کۆنەکان لەخشتەیاننەبەن. خۆیان کەڕدەکرد. بە شێوەیەکی ئاسایی وتاربێژ (خطیب)ەکانی ئەم کۆنەپارتانە, بەهۆڵی چۆڵوهۆڵ پێشوازییان لێدەکرا, بەڵام بەدەگمەن کۆمەڵانی خەڵکیان دەدی لەم هۆڵانەدا چاوەڕوانیانن. کۆمەڵانی

خەڵك كەپیشەیان لێتێكدانی كەشی كۆبوونەوەكانیانبوو، ئەوانیش ناچاردەبوون پەنا بەرنە بەرپۆلیس.

مێژوو هەنگاوی گورجی دەناو، كەش بەچەند شتێك دەلەرایەوە. هەندێكیان روویانـدابوو، هەندێكیـشیان خـەریكبوو رووبـدەن. بـوونی ولاّت لەسـەر لێـواری ماوەیـــەكی ســـەختو تونـــدو دژوار[78]، كەلەئـــەنجامی زنجیرەیـــەك ســـالاّنی گەشەكردندا سەریهەڵدابوو، كەتیایاندا دەربازبوون لەزێدەی لەكارنەكرا، لەڕێگـەی نـاردنی بـۆ دەرەوەی سـنوور زیـاتر بـوو، گرفتێكـی بـەگرفتبوو. پیـشەسازییەكان سـەعاتی كاریـان كـەمكردەوەو. ژمارەیـەكی زۆر لەكارگـەكان لـەكار دەوەسـتان هەتاكو زیدەكە ساغدەكرایەوە. بەچەپو راستیشدا كرێ كەمدەكرایەوە.

هـەر ئەمـەش نـا، بـەڵكو هـاڕینی مـانگرتنی گـەورەی میكانیـشكیش بـەمجۆرە دووسـەد هـەزار میكـانیكیو، لەگـەڵ نیـو ملیـۆن هاوپەیمانـەكانیان لـەكرێكارانی پیـشەسازیی ئیـشوكاری كـافزادی، لـەمانگرتنێكی خوێناویـدا سـەریان لێـشێوا كەولاّتـە یـەكگرتووەكان لـەوی سـەختترو وێرانكـەرتری تووشنەبوو بـوو، لەشـەڕی مـەرگخوازی دژی سـوپای بـچووك لەتێكـدەرانی مـانگرتن[79] تێهەڵـچووبوون

(78) لەسایەی رژێمی سەرمایەداریدا ماوەكانی ئەم قەیرانە هێندەی ئەوەی هیچوپووچ بوون، ئەوەندەش بەرێزبوون. گەشەكردن هەمیشە، بەبەڵاو كارەسات بۆ ولاّت دەگەڕان. بێگومان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی قازانجی لەكار نەكراو كەبەسەریەكدا كە كەڵەكە دەكران.

(79) تێكدەرانی مانگرتن – مانگرتن شكێنەكان Strihe – breakerd، ئەوانە ئەگەر ئامانجو رەفتارو هەمو شتێ، جگە لەناو رەچاوكەین، سەربازی تایبەتی سەرمایەدارەكانبوون. بەوردی رێكوپێكو فراوانبوونو چاك پڕچەك كرابوون. هەمیشە لەوپەڕی ئامادەبووندابوون كە بەشەمەندەفەری تایبەتی، بۆ هەر پارچەیەكی ولاّت بچن كرێكاران مانیان تێداگرتووە، یا سەرمایەدارەكان دەرگای كارگەكانیان بەڕوویاندا



كـەرێكخراوەكانی خـاوەن كارگـەكان دایـان بەزانـدبوون. تاقمـەكان "سـەدان رەشـتاڵەكان" كـەوا لـەدەیان شـوێنی ئـەملاو ئـەولادا دەركـەوتن. هێرشـیانبردە سـەرماڵو مـوڵكی تایبـەتی، لەئـەنجامی ئـەوەوە داوای هێزێكـی سـەد هـەزار سەربازی نیزامی ئەمەریكی كرا بۆ دانانی سنوورێكی ترسناك بۆ هەموو كێشەكە. ژمارەیەك لـەكرێكارە پێشەواكان لەسێدارەدرانو ژمارەیەكی دیكـەی زۆریـش لـەو پێشەوایانە بڕیاری بەندكردنیان بەسەردادرا، لـەكاتێكا هـەزاران كرێكار ئاخنرانـە گـەوڕەكانی گـاو گـۆل[80] سـەربازەكان لەوێدا بەشێوەیەكی داخ لەدلاّنـە لەگـەڵیانا دەجوولاّنەوە.

ئێـستا هەردەبوایـە، نرخـی سـاڵەكانی گەشـەكردن بـدرێ، بازاڕەكـان گـشتیان هەڵئاوسـابوونو گـشتیان دوچـاری نرخدابـەزین بووبـوون، لەگەرمـەی دابـەزینی

داخستوون. ئەو سەردەمە سەیرانەش، دەیانتوانی، بەتەنیا یارمەتیی سازكردنی ئەم دیمەنە سەرسوڕهێنەرە بدەن كە تیادا دەبینین (فارلی) Farley كەخۆی ناودارێكە لەسەركردەكانی مانگرتن شكێن.ساڵی 1906 بەشەمەندەفەرێكی تایبەتی لەولاّتە یەكگرتووەكاندا دەسووڕایەوە، لەنیۆرك لەرۆژهەلاّتەوە بۆ فرانسیسكۆ لەرۆژئاواوە، لەپێشەوەی لەشكرێكی دوو هەزارو پێنج سەد كەسی پڕ چەكو تفاقبوو، بۆ سەركوتكردنی مانگرتنی شۆفێری ئۆتۆمبێلەكان لەسانفرانسیسكۆ. ئەم جۆرە كارە پێشێلكردنێكی زەقی یاساكانی ولاّتبوو. بەلاّم رووداوی ئەم كارەو هەزاران كاری ئاوا، بێئەوەی بەرپرسیاران چ سزایەكی لێوەبدەن. بۆ خوێنەر دەردەكەوێ كە تا چ رادەیەك دادوەری لەو رۆژگارەدا ئەڵقە لەگوێی پلۆتۆكراتییەتبوو.

(80) ئەو رۆژگارانەی كرێكارانی كارگەكان لەئیداهوو، لەدوابەشی سەدەی نۆزدەیەمدا مانیانگرت، واڕێككەوت كەسەربازەكان ژمارەیەكی زۆر لەمانگران لەگەوڕی گاوگۆڵدا بەندبكەن. پاشان ئەو كارە، خۆیو ناوەكەی، لەسەدەی بیستەمدا هەر باوو ئاسایی بوون.

www.pertwk.com

گشتیی نرخدا, داتەپینی نرخی کار لەهەموویان خێراتربوو. وڵات بەناتەبایی و دووبەرەکیی پیشەسازی کرژبووبووەوە کرێکارەکان لێرەو لەوێ, لەهەموو شوێن مانیاندەگرت. کە کرێکاران وازیان لە مانگرتن هێنا, سەرمایەدارەکان دەستیانکرد بەدەرکردنیان, رۆژنامەکان پڕبوون لەچیرۆکی توندوتیژی و خوێن. تاقمە "سەدان رەشتاڵەکان" لەو هەموو رووداوانەدا دەوریانگێڕا. گێرەشێوێنی و سووتاندنی بەئەنقەست و لەناوبردنی موڵك و ماڵ بەجۆرێکی بێبەزەییانە ئەو ئەرکە بووکەپێیان سپێردرابوو. ئەم ئەرکەیان بەچاکی ئەنجامداو هەموو سوپای نیزامی لەمەیداندابوو, پاشئەوەی کردەوەکانی "سەدان رەشتاڵەکان"[81] وایان کرد

---

(81) تەنیا ناوەکەیە, نەك بیرۆکەکە کەلەرووسیا وەرگیراوە. تاقمەکان "سەدان رەشتاڵەکان" درێژبوونەوەیەکی پێشکەوتووی بەکرێگیراوە نهێنییە کارمەندەکان خزمەتکارانی پێشکەوتووی یەکەم سازدانیان لەتێکۆشانە کرێکارییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدابوو. ئەمە راستییەکە دەمەقاڵ و لێکۆڵینەوە هەڵناگرێ. ئێمە لەوەدا پشت بەسەرچاوەیەکی هێجگار باوەڕپێکراو دەبەستین, ئەویش "کارۆڵ د. وایت"ە راسپێردراوی –مفەوەز–ی کار لەوڵاتە یەکگرتووەکان. لەکتێبەکەیدا بەناوی "رەشەکانی کار" "The Battle of Labour" بڵاویکردەوە "کە لەهەندێ مانگرتنی مێژوویی خاوەن کارگەکان خۆیان پەنایانبردەبەر هاندان بەنواندنی کاری توندوتیژی" زۆرجار پیشەسازەکان کرێکارەکانیان هەڵدەفریواند بەمەبەستی دەرباز بوون لەزێدەی شمەك و کەلوپەلی بەسەریەکدا کەڵەکە بوو لەلایەن بەکرێگیراوانی پیشەسازەکان بۆ خۆشکردنی ئاگری مانگرتن و گێرەشیچوێنی سڵیان نەدەکردەوە لەسووتاندنی بارهەڵگراندا لەکاتی مانگرتنەکانی کرێکارانی (هێڵی ئاسنین)دا لەبەکرێگیراوە سیخوڕە کارمەندەکانی خزمەتکارانی سەرمایەداران تاقمەکانی (سەدان رەشتاڵەکان ) دروستبوون, کەچی لەپڕ ئەم تاقمانە بەدەوری خۆیان, بوونە چەکی ترسناکی ئۆلیگارکییەت. مەبەستم "بەکرێگیراوان – هاندەرەکان"ە.

دابەزنەمەیدان. هەموو شارەکان لە سەربازگەی جەنگییان دەکردو کرێکارەکان گوللەبارانەدەکران و وەك سەگ دەکوژران. لەسوپاکانی بێکارەکان مانگرتن شکێنەکان بەکەسانی نوێ بەهێزکران. تاکو ئەگەر یەکێتییەکانی کرێکاران جێبەجێکەرانی مانگرتنەکانیان هەژاند, هێزە نیزامییەکان ببزوون و ئەو یەکێتییانە وردوخاشکەن. بۆ ئەوەش هێزەکانی میلیشیا هەبوون, تا ئەم ساتەش هێشتا پێویستبوون بەیاسای نهێنی میلیشیا سەریهەڵدابوو. لێرەدا تەنیا میلیشیای نیزامی دابەزێنرایە گۆڕەپان, لەهەموو شوێنێك دابەزییە مەیدان, لەماوەی تیرۆردا حکومەت سوپا نیزامییەکەی بەهێزکردو هەزار سەربازی نوێی خستە سەریان.

لەراستیدا پێشتر هەرگیز تووشی ئەم شکستییە تەواوە نەبووبوون. کاربەدەستە پیشەسازییە, ئۆلیگارییەکان, بۆ یەکەمجار هەموو قورسایی خۆیان خستە سەر ئەو کەلەبەرەی کۆمەڵەکانی پیشەسازە خەباتگێڕەکان کردبوویانەوە بەڵام ئێستا شکستییەکی ترسناك دابڕی تووشی بزوتنەوەی تیزامی کرێکران کرد پاش ئەوەی لەسەردەمی قەیرانە سەخت و توندەکەو وەستانی بازاڕو بێ برەوییەکەیدا ناچاری ئەوەیان کرد, پاش ئەوەی کابەردەستە گەورەکانی پیشەسازی لایەنگیرییانکرد. ئەمە هاوپەیمانییەکی یەکجار بەهێزبوو, بەڵام هاوپەیمانی شێرو بەرخۆلەبوو. هەروەك چینی ناوەنجی دوای ئەوە بەماوەیەکی کەم دەرکی پێکرد.

بزوتنەوەی کرێکاری رووگرژیی لەخوێن ئالأبوو. بەڵام وردوخاشکرابوو. لەگەڵ ئەوەشدا شکستییەکەی سنوورێکی بۆ قەیرانە سەخت و دژوارەکە دانەنا. بانکەکان, کە لەهەمان کاتدا هێزێکی گرنگیان لەهێزەکانی ئۆلیگارکییەت پێکدەهێنا, بەردەوامبوون لەسەر داواکردن لەسەوداکەرەکانیان بەداپۆشینی

www.pertwk.com

حیساباتی ئەو رامانەی لەسەریانبوون. کۆمەڵەی وۆڵ ستریت [82] بازڕی پشکەکانی کردە گێژەڵووکە، هەموو بەهاکانی ولاتی تێدا هەڵوەرین، تەنانەت خەریکبوو مایەپووچبێت. لەناو وێرانیو کاولبووندا ئۆلیگارکییەتی نوێی ئازاو بەجەرگی، بێباکی، باوەڕ بەخۆ سەریهەڵدا، قاییمیو پتەویو باوەڕ بەخۆبوونی سامناکبوون، ئەو تەنیا بەسازدانی هێزە بێشوومارەکەوە نەوەستا، بەمەبەستی ئەنجامدانی نەخشەکانی، بەڵکو بۆ ئەوە هێزی گەنجینەی ولاتە یەکگرتووەکانی بەتەواوەتی سازکرد.

وا ئێستا کاربەدەستانی پیشەساز بایانداوەتە سەر چینی مامناوەندی، لەناکاو ئەو کۆمەڵە پیشەسازانەی یاردەی کاربەدستانی پیشەسازییان بەپارچە پارچەکردنی بزوتنەوەی کرێکاریدا، ئێستا خۆیان وادەبینن هاوپەیمانەکانی پێشوویان پارچە پارچەیاندەکەن. لەماوەی هاڕینی پیاوانی چینی مامناوەندیو پیاوانی خاوەن کاردا، پیشەسازیی تروستات خۆیان راگرت. نەخێر، تروستات شتێکی زیاتر لەخۆڕاگرتنیان کرد. رەشەبا دوای رەشەبایان رواند. چونکە تەنیا خۆیان دەیانزانی چۆن گەردەلوول بدروونەوەو قازانجی لێوە بکەن. چ قازانجێك! قازانجی زەبەللاح! کە هێزێکی ئەوتۆیان هەبوو بەجۆرێ بتوانن بەرگریی ئەو گەردەلوولە بکەن کەتا رادەیەکی زۆر دەستکردی خۆیانبوو، بەدوای پەردووی سەرئاوەکە کەوتنو بەتالانیانبرد. بەهاکان بەجۆرێکی ناسۆرانە، کەناچێتە ئەقڵەوە پووکانەوە. تروستەکان سامانەکانیان زیادکردن، چەند جارێك

(82) Wall street بەناوی شەقامێکی شاری نیویۆرکی کۆنەوە ناونراوە، بازاڕی پارەبوو، کە رێکسختنی ناعەقڵمەندانەی کۆمەڵ رێگە بەیاریکردن بەنرخی پشکەکانی هەموو پیشەسازییەکانو بەرزکردنەوەو نزمکردنەوەیان دەدا، بەشێوەیەك کەگشتی فرتوفێڵو قۆڵبڕینە.

زیادکران. مەودای پرۆژەکانیان فراوانترکرد تاکو زۆر مەیدانی نوێ بگرێتەوە. ئەوە هەمووی هەردەم لەسەر حیسابی چینی مامناوەندییە.

بەمجۆرە هاوینی ساڵی 1912 شالاوی لەناوبردنی راستەقینەی دژ بەچینی مامناوەندی بەخۆیەوە گرت. تەنانەت ئێرنست تووشی وڕیو کاسی بوو کەبەوجۆرە زوو ئەو شالاوە هێنرا. بەجۆرێك کەنیشانەی خراپەی لێوە دەهات سەری راوەشاند. بەنائومێدی چاوی بڕییە هەڵبژاردنەکانی دەمی پاییزو گوتی:

-"چاوەڕوانیی چ سوودێك ناکرێ، دۆڕاندمان. پاژنەی ئاسنین لەوێندەرێیە. بەو ئومێدە بووم کەبەرامبەر سندووقەکانی دەنگدان سەرکەوتنی ئاشتیانە وەدەسبێنین، بەلام من بەهەڵەچووبووم کەچی ویکسن، راستبوو، ئەوان ئەو ئازادییە کەمەی کەماویشمانە لێماندەسێنن. پاژنەی ئاسنین بەسەر سەروگوێلاکمانا دەڕوات. جگە لەشۆڕشێکی خوێناوی، کە چینی کرێکاران بەپاییکات هیچ دادمان نادات بێگومان ئێمە سەردەکەوین، بەلام هەر کەبیری لێدەکەمەوە موچرکەم بەلەشدا دێ.

هەر لەوکاتەوە ئێرنست بێسڵکردنەوە پشتی بەشۆڕش بەستو، لەم خاڵەدا پێش پارتەکەی کەوتبوو، هاوڕێ سۆشیالستەکانی نەیانویست بۆچوونەکەی پەسەندبکەن، هێشتا هەر لەسەر ئەوە سووربوون کە دەشێ سەرکەوتن لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەسگیربێ. ئەمەش مانای ئەوەنییە ئەوان هۆشیان لەکەللەیاندا نەماوە. نەخێر، پتەویو ئازایەتییەکی وایانهەبوو کەلەوە بیانپارێزن. بەلام ئامادە نەبوون نەزۆر، نەکەم بڕوا بکەن. ئێرنست هەرچەندی کرد نەیتوانی وایان لێبکات گوترسی بەڕاستی سەرهەڵدانی ئۆلیگارکییەت بخاتە دڵیانەوە. قسەکانی وروژاندنی، بەلام زیاتر لەپێویست باوەڕیان بەهێزی خۆیان هەبوو. لەتێگیەشتنی ئەواندا بۆ گەشەسەندنو پێشکەوتنی کۆمەلایەتی جێگەی چ ئۆلیگارکییەت نەدەبۆوە. کەواتە نابێ ئۆلیگارکییەت هەبێ.

www.pertwk.com

لەیەکێ لەکبۆوونەوە نهێنییەکانماندا پێیانگوت:

-"دەتخەینە سەر کورسی کۆنگرێس و هەموو شتێ باشدەبێ."

ئێرنست بەساردی وەڵامیدایەوە:

-"کە لەکۆنگرێس وەدەرمدەنێن و، پرۆژەکانم لێتێکدەدەن و گوللەیەکم پێوە دەنێن، مێشکم دەپژێنن، پاش ئەوە چ روودەدات؟

لەیەك کاتدا دەرزەنێك دەنگ وەڵامیاندایەوە:

-"ئەم [illegible]ەك."

# پانزەیەم بەش

وەڵامەکەی ئەمەبوو:

-"ئەوکاتە لەخوێنی خۆتانا دەگەوزن. گوێم لەو ئاوازە بوو چینی ناوەنجی دەیگوتەوە. بەلام ئێستا، هەرەشەلێکردنی پەنابردنە بەرچەك گەیاندییە کوێ؟".

www.pertwk.com

# گەورەترین سەرەڕۆیی

مستە ویڵسن داوای لەباوکم نەکردبوو کە بیبینێ، بەڕێککەوت لەناو بەلەمی پەڕینەوە[83]دا کەبۆ سان فراسیسکۆ دەچوو بەیەك گەیشتن، کەوای نیشاندەدا ئەو ئاگادارییەی ئاراستەی باوکمی کرد بەری بیرکردنەوەی پێشترنەبوو. ئەگەر رێککەوتەکە بەیەکی نەگەیاندبان هیچ ئاگادارییەك لەئارادانەبوو. بەڵام ئەمە واناگەیەنێ کەئەنجامەکە شیاوی ئەوەبوو جیاوازبێ. باوکم لەوەچەی ئەو پیاوە جەربەزانەبوو کە "گوڵی ئایار"[84] (مای فلاوەر) هەڵیگرتبوون خوێنی کەللەرەقانەی لەویستی خۆنەهاتەخوار لەدەمارەکانیدا دەگەڕا.

هەرپاش گەڕانەوەی، یەکسەر پێیگوتم:

-"ئێرنست راستیکرد. ئێرنست تا بڵێی لاوێکی رێکوپێکە، من پێم باشترە کەتۆ ببینم خێزانی ئەو بی نەك بتبینم خێزانی خودی رۆکفلەر بی، یاخود شای ئینگلستان.

(83) Ferrg boat بەلەمیچکە بۆ لەڕووبار پەڕینەوە، لەکەنارێکەوە بۆ کەنارێکی تر.

(84) May flower یەکەمین کەشتیبوو کەپاش دۆزینەوەی جیهانی نوێ ئینگلیزە کۆچکەرەکانی گواستەوە بۆ ئەمەریکا. ئەوانەی وەچەی ئەو یەکەمین ئیمپریالیستانەبوون، ماوەیەك لەشانازیکردن بەڕەچەڵەکی خۆیان پێیان لێهەڵبڕی. بەڵام ئەوەندەی نەبرد کەخوێنیان بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبۆوەو دابەشبوو. تەنانەت دەتوانین بڵێین وای لێهات لەدەماری نزیکەی هەموو ئەمەریکییەکاندا دەگەڕا.



بەترسەوە پێمگوت:

-"مەسەلە چییە؟"

-"ئۆلیگارکییەت خەریکە سەروچاوی هەردووکمان بپلیشێنێتەوە هی تۆو هی من. ئەوە پوختەی مانای ئەو قسەیە کەویکسن پێیگوتم. لەگەڵما یەکجار قسەی خۆشبوو، کە ئەوەم لێ چاوەڕواننەدەکرد، بەو سیفەتەی کابرایەکی ئۆلیگارکیبوو. داوای لێکردم کە بمگەڕێنێتەوە زانکۆ. لەو بارەیەوە رات چییە؟ ئەو بۆخۆی زەوتکەری هیچووپووچی دارایی، دەسەڵاتی بڕیاردانی ئەوەی هەیە بگەڕێمەوە سەر دەرس گوتنەوە لەزانکۆی ولایەت، یاخود نا!! بەڵکو لەمەی باشتر خستەبەردەمم: ئەوەی خستە بەردەمم کەسەرۆکایەتیی کۆلیجێکی زل لەکۆلیجەکانی بایلۆجیم پێبسپێرێ کەلەم رۆژانەدا کەلوپەلی دامەزراندنی بۆ ئامادە دەکرێ -دەبێ ئۆلیگارکییەت بەڕێگەییێك لەزێدەکەی دەربازبێ. دەبینی؟

گپێیگوتم: ئەو قسەیەت لەبیرە بەو سۆشیالستەت گوت کەحەز لەکچەکەت دەکات؟ پێتگوت ئێمە دەمانەوێ پێبنێین بەسەروگوێلاکی چینی کرێکاراندا. ئەمەش بەو زووانە دەکەین. بەڵام تۆ لەبەر ئەوەی کەزانای، رێزگرتنێکی قووڵم هەیە بۆت، بەڵام ئەگەر چارەنووسی خۆت بەچارەنووسی کارگەرانەوە ببەستیتەوە ئەو حەلە پێویستە دەست لەدەموچاوت بدەی. ئەمە هەموو شتێکە کەپێمگوتی. ئەمەی گوتو رووی وەرگێڕاو بەجێیهێشتم."

کەئێرنستمان لەم قسانە ئاگادارکرد، گوتی:

-"ئەمە مانای وایە کەدەبێ ئێمە کاتی هاوسەریمان پێشبخەین."

لەسەرەتادا نەمتوانی بزانم پەیوەندیی ئەوە هەمووی بەکاتی هاوسەرییەوە چییە، بەڵام هەر زوو دۆزیمەوە. هەر لەوکاتەدا قازانجەکانی پشکەکانی کارگەکانی کەژایی سییرا دران، یاخود راستتر دەبوایە بدرێن، چونکە باوکم پازانجەکانی پێنەگەیشتبوون. باوکم چەند رۆژێك چاوەڕوانبوو، پاشان نامەیەکی

www.pertwk.com

بۆ سكرتێر نووسی. بێهیچ دواكەوتنێك وەڵامەكەی بۆهاتەوە, دەڵێ لە تۆمارەكانی كۆمپانیادا چ بەڵگەیەكی نییە كەباوكم هیچ پشكی تێدا هەبێ‌و بەقسەی خۆش‌و زمان لووس داوای لێدەكرێ كەزانیاریی روونتر پێشكەشبكات.

باوكم جاڕیدا:

–"هەی نەفرەتی لێبێ! بێزیادوكەم بۆی رووندەكەمەوە."

چووە بانك تا لەسندووقە تایبەتە ئاسنینەكەی پشكەكانی بێنێ.

كە گەڕایەوە كاتێ من یارمەتیم دەدا پاڵتۆكەی داكەنێ, گوتی:

–"ئێرنست پیاوێكی زۆر رێكوپێكە, كچەكەم, دووپاتیدەكەمەوە, ئەو لاوەی تۆ جوامێرێكی زۆر رێكوپێكە."

رۆژگار فێریكردم, هەرچەند جارێ ئێرنست بەمجۆرە بەچاكی باسبكرێ, چاوەڕوانی كارەساتێك بكەم.

باوكم روونیكردەوە گوتی:

–"بەسەر دەموچاوی من كەوتن‌و كۆتاییان پێهێنا. هیچ پشك نییە. دیتم سندووقەكە بەتاڵە. پێویستە لەسەر تۆو ئێرنست بەزوویی ببنە هاوسەری یەكتر"

باوكم سووربوو لەسەر شێوازە تاقیكراوەكان. كارگەگانی سییرای راكێشایە دادگە, بەڵام پێینەكرا دەفتەرەكانی كارگەگانی سییرا راكێشێتە دادگە. چونكە دەسەڵاتیان بەسەر دادگەكاندا نەبوو. لەكاتێكا كارگەكانی سییرا دەسەڵاتیان بەسەریاندا هەبوو. ئەمە هەمووی لێكدرایەوە, یاسا هەر بەئاشكرا پشتی بەرداو كارتێكردنی دزیی ئاشكرای ئەنجامدا.

ئەو رێگەیەی كەپشتی باوكمی پێبەردرا, ئێستا بەپێكەنینم دێنێ, یاخود خەریكە بەپێكەنینم بێنێ. كەبەخەیاڵ دەگەڕێمەوە سەری. بەڕێكەوت, لەشەقامێكدا لەشەقامەكانی سانفراسیسكۆ بەویكسن گەیشت‌و پێیگوت كەخۆی پیاوێكی گەوجی نەحلەتییە. پاشان باوكم بەتۆمەتی دەستدرێژیكردن گیراو لەدادگەی پۆلیس پێی بژاردرا –تغریم كرا– بەڵێنی لێوەرگیرا كە هێمن‌و لەسەرخۆبێ, ئەوە هەمووی مایەی پێكەنینبوو تارادەیێ وای لەخودی باوكم كرد كە ئازادكراو گەڕایەوە ماڵەوە دایە قاقای پێكەنین. بەڵام چ هەڵچوونێك لەرۆژنامەكانی ناوخۆدا نرایەوە! قسەیەكی جددی لەمەڕ ئەو فایرۆسەی توندوتیژی كەتووشی هەموو ئەوانەی رێی سۆشیالستیان گرتبوو, دەكرا. رۆژنامەكان باوكمیان بەژیانە دوورودرێژە هێمن‌و ئاسوودەكەیەوە كردە نموونەیەكی بەرز بۆ ئەو رێبازەی ئەو فایرۆسە كاری پێدەكات. هەر ئەمەش نا, بەڵكو زیاتر لەرۆژنامەیەك ئەوەیان یەكلاكردەوە كەعەقڵی باوكم لەژێر كاریگەریی لیچكۆڵینەوەی زانستیدا سست‌و كزبووەو پێشنیاریانكرد كەلە یەكێك لەخەستەخانەكانی ولایەتداو تایبەت بە نەخۆشیی عەقڵی دەستبەسەر بكرێ. ئەوە تەنیا هەر قسە نەبوو, مەترسییەكبوو خەریكبوو بقەومێ. بەڵام باوكم ئەوەندە دانابوو پێیزانی. لەئەزموونی قەشە دەرسی وەرگرتبوو. بەڕاستی بۆی بووبووە پەند هەرچی ستەمێكی لێكرا, ئەو هیچ خۆی نەشێواند, وەك بزانم بەوەش سەری دوژمنەكانی سوڕما.

وا ئێستا رووبەڕووی مەسەلەی خانوو –خانووەكەمان بووینەوە. بەداوای شیاوی بارمتەكە (رەهنەكە) موڵكیەتەكەی لەئێمە سەندرایەوە, بێگومان, هیچ بارمتەیەك نەبوو, نە لەو ماوەیەو نەلە هیچ ماوەیەكی پێشوودا. لەراستیدا ئێمە زەوییەكەمان بەپارەی كاش كڕیبوو. لەكاتی بیناكردنی خانووەكەدا پارەمان دابوو. خانووەكەو پارچە زەوییەكە هەموو دەم ئازادبوون. هیچ رامیان بەسەرەوە نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا بارمتەكە بەڕێگەیەكی راستی یاسایانە نووسرابوو و ئیمزا كرابوو, لەگەڵ بەڵگەی سوودی سالآنە لەماوەی چەند ساڵێكدا. باوكم چ هاوارێكی ترس‌و لەرزی نەكرد. خانووەكەی لێ سەنرا هەروەها پێشتریش پارەپوولەكەی لێسەنرا. هیچ داڵدەیەكی نەبوو پەناییبەرێتەبەر.میكانیزمی كۆمەڵ

www.pertwk.com

بەدەست ئەو کەسانەوە بوو کەدەیانویست تێکوپێکیدەن. لەقووڵایی ناخییەوە فەیلەسووفبوو. ئێستا وای لێهات تەنانەت لەتووڕەبوونیشەوە دوور بێ.

–"لەچارەم نووسراوە وردوخاشبکرێم. بەڵام ئەمە هۆیەکی ئەوتۆ نییە وام لێبکات تەقەلانەدەم پرۆسەی ئەو وردوخاشکردنە بەپێی توانا سووکبکەم. ئەم ئێسقانە پیرانەم نەرمن. دەرسێکی سەختم وەرگرتووە. خوا ئاگای لێیە من نامەوێ دواڕۆژی ژیانم لەخەستەخانەی شێتان بەسەربەرم"

ئەمەش قەشە مورهاوسم بیردەخاتەوە, کە لەلاپەڕەکانی دواییدا پشتگوێم خست –بەڵام با لەپێشەوە دەربارەی شووکردنم بدوێم. لەگەرمەی رووداوەکاندا دیارە شووکردنەکەم رووداوێکی هیچە, من ئەوە دەزانم, هەر لەبەر ئەمەیە تەنیا ئاماژەیەکی بۆ دەکەم.

کە لەخانووەکەماندا دەریانکردنی باوکم گوتی:

–"ئێستا دەبین بەپرۆلیتاریای راستەقینە, دەمێکبوو بەلاوەکەت هەڵدەکالاّم بەوەی زانیارییەکی کردەیی لەمەڕ پرۆلیتاریا هەیە بەڵام ئێستا هەردوو چاوی سەرم دەبینم و بۆخۆم راستی فێر دەبم."

بێگومان خوێنی سەرچڵی بەتەوژمی گەرموگوڕ لەدەمارەکانی باوکمدا دەگەڕا. سەیری کارەساتەکەمانی کرد وەك بڵێی سەرچڵییەکە. نەتووڕەیی دایگرت و نەتاڵی. ئەوەندە داناو ساکاربوو, لەرق و کینەو تۆڵەسەندن باڵاتربوو. ماوەیەکی درێژخایەن بەسەربردنی لەجیهانی عەقڵدا وای لێکردبوو گوێنەداتە لەدەسچوونی ئەو ژیانە خۆشەی لەکیسمانچوو. بەمجۆرە گوێزرامانەوە سانفراسیسکۆ, لەخانوویێکی هیچی چوار ژووریدا لەگەڕەکی پیسی کرێکاران نیشتەجێبووین, بەوێنەی مناڵێکی دڵخۆش, بەو گەرموگوڕییەی بەعەقڵبەرزیی زانایەکی بلیمەت و دووربینەوە سەرگەرمی سەرچڵیبوو. دەست بەسەرچڵیدەکات. ئەو هەرگیز کەللە رەقنەبوو. تێگەیشتنێکی ساختەی بەرامبەر بەهاکان نەبوو. بەلای ئەوەوە بەها ئاساییەکان شتێکیان نەدەگەیاند, تاکە بەهاکان کەدانی پێدانان راستییەکانی ماتماتیك و زانستی بوون. باوکم پیاوێکی مەزنبوو, عەقڵ و گیانێکی هەبوون وێنەیان تەنیا لای خەڵکی مەزن هەبوو. لەهەندێ رووەوە خودی ئێرنست مەزنتربو ئێرنستێك کەهەرگیز کەسێکم نەدی لەو بەرزتر بێ.

تەنانەت منیش شتێکم لەسرەوتن بەدیکرد لەوگۆڕانەی بەسەر ژیانماندا هات, ئەوە بەسە کەمن بەرەو رزگاربوون دەچووم لەو نەفرەتە رێکەی کەگەورە بەشمانبوو لەشاری زانکۆییدا, لەوەتەی تووشی ناڕەزایی ئۆلیگارکییەتی پێگەیشتوو و دوژمنکارییەکەی بووین سەبارەت بەمن گۆڕان سەرەڕۆییبوو, بگرە مەزنترین سەرەڕۆیی بێهاوتابوو, ئەویش سەرەڕۆیی خۆشەویستی بوو. گۆڕینی چارەنووسمان هاوسەریمانی بەپەلەخست. ژیانم لەناو چوار ژووردا بێل ستریت لەگەڕەکی پیسی کرێکاران لەسان فراسیسکۆدا, وەك ژنێکی بەمێرد دەستیپێکرد.

لەو هەمووەدا ئەمڕۆ ئەم راستییە دەمێنێتەوە. من بەختەوەریم خستە دڵی ئێرنستەوە. چوومەناو ژیانە سەخت و بەتەوژمەکەی نەك وەك هێزێکی وروژێنەری نوێ, بەڵکو وەك هێزێك, ئاسایش و ئاسوودانە تەقەلا دەدا. حەسانەوەم پێبەخشی. ئەوە خەڵاتی خۆشەویستیم بوو بۆی و ئەوە تاکە نیشانەیەکبوو, کەهەڵە ناکات, من لەئەرکەکەما نەبەزیم. جا خۆشییەك هەیە دڵم خۆشتر بکات لەوەی کەمن نەوازش و رووناکی و رەوشەنیی خەڵك بەدوو چاوە ماندووە کلۆڵەکانی بگەیەنم؟

ئای لەو دوو چاوە ماندووە ئەزیزانە! رەنجیاندا, وەك ژمارەیەکی زۆرکەم لەو کەسانەی ورەبەرنادەن و رەنج دەدەن, بەدرێژایی هەموو تەمەنی ئەو رەنج و زەحمەتکێشانەی لەپێناوی خەڵکی دیکەدابوو. ئەوەبوو پیچوەری پیاوانەی و مرۆڤخوازو خێرخوازبوو. بەو گیانەی تێیدا بەرجەستەبووبوو, بەجەستە خەباتگێڕەکەی و گیانە هەڵۆیەکەی –بەوێنەی رووخۆشیی شاعیرو ناسکییەکەی

www.pertwk.com

رەفتاری لەگەڵدا دەکردم. خۆی شاعیربوو. بەکار دەدوا نەك بەقسە. بەدرێژایی ژیانی گۆڕانی مرۆڤی چڕی، کەخۆی ئاوا راهێنابوو، هەر خۆشەویستیی مرۆڤبو کەپاڵی پێوە دەناو لەپێناوی مرۆڤایەتیدا بەخشیو لەسەر خاك گیانی پاکی سپارد.

ئەوەی هەموو کرد بێئەوەی لەدوارۆژدا بەئومێدی پاداش، یاخود خەڵاتبێ. لەتێگەیشتنی بەرامبەر بەشتەکان، پاش مەرگ هیچ جۆرە ژیانێکی دیکە نەبوو. خۆی بەنەمر لەقەڵەمدەدا. ئەوە بوو کەدەروونی بەتەواوەتی کڵپەیدەکرد. ئەوەشبوو ناکۆکیی دیار وەبەرچاو لەکەسییەتیەکەیدا. ئەو کەخۆی گیان گڕگرتبووبوو، ملکەچی دەسەڵاتی ئەو فەلسەفە ساردوسڕە بوو، تەنیایی ماددی. پیشەم ئەوەبوو کە راکانی پووچەڵکەمەوە، کەپێمدەگوت من نەمرییەکەی بەپێوەرێك دەپێوم ئەویش باڵەکانی گیانییەتیو، پێویستە کەمن چەند چاخێکی بێکۆتایی بژیم، تا ئەو پڕۆسەیەی پێوان بەشێوەیەکی تێروپڕ ئەنجامبدەم. ئەو حەلە کردبووی بەخوو کە پێبکەنێو باڵەکانی بۆ رادەخستمو بانگیدەکردم: هۆ فەیلەسووفە شیرینە میتافیزیکییەکەم!

ماندوویی و هیلاکی لەچاوەکانیدا دەترازانو، رووناکیی خۆشەویستی بەختەوەری کەلە هەمان کاتدا درکاندنێکی نوێو تەواوبوو لەمەڕ نەمرییەکەی کە بەرەو هەردووکیان هەڵدەقوڵی.

هەروەها کردبووی بەخوو کەبەناوی "دوو قوڵییەکەم!" بانگیدەکردمو بۆی راڤەدەکردم. کەچۆن (کانت)ی فەیلەسووف، بەهۆی عەقڵی رووتەوە. ئەقڵی هەڵوەشاندەوە تاکو خوا بپەرستێ. دەستیکرد بەنیشاندانی شێوەی لێکچوونو بەکارێکی هاوجۆر تۆمەتباریکردم، کەپێم لەو تۆمەتە ناکە درابووە پاڵ من. بەڵام من داکۆکیم لەو کارە کرد بەو سیفەتەی تارادەیەکی زۆر عەقڵمەندییە، توند گرتمییە خۆیو بەشێوەیەك پێکەنی کەس نایزانێ، یەکێك نەبێ لەخۆشەویستانی خوا خۆیان.

من رام وابوو کەدوان بەتوانستی بۆماوە (وراثة) و ژینگەدا نەنێم لەسەر لێکدانەوەی رەسەنیو بلیمەتییەکەیو بۆچوونەکەم ئەوەبوو ئەو لەوەی زیاتر پێناکرێ کەپەنجەی ساردوسڕی زانست پێیدەکرێ بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو گەوهەرە جیوەییەی لەدروستبوونی خودی ژیاندایەو لەشیکردنەوەو پۆلێنکردنی جیوەکەدایە.

باسی ئەوەم کرد کەشوێنەکە رواڵەتێکە لەڕواڵەتەکانی خوداو، رۆح درێژ بوونەوەی کەسییەتی خودایە. کە بانگیکردم: "فەیلەسووفە شیرینە میتافیزیکییەکەم!"

بانگمکرد: "فەیلەسووفە ماتارلییە نەمرەکەم!" بەمشێوەیە خۆشەویستیمان ئاڵوگۆڕکردو بەختەوەر بووینو لەبەر کارە یەکجار زۆرەکەی لەجیهاندا، ئەوکارەی بێبیرکردنەوە دەیکرد کەهیچ قازانجێکی بۆ گیانی خۆی لێوە دەسکەوێو لەبەر بێفیزیی خودی خۆیو وازلێهێنراوی کەلەخراپەی لەخۆباییبوونو لەخۆڕازیبوونی پاشایانە بەخودی خۆیو بەگیانی خۆی لەمەتریالیزمەکەی چاوم پۆشی.

بەڵام سەر بەرزبوو، چۆن نابێ ئەهەڵۆو سەربەرزییەکەی سینەی ناکاتە لانە؟ بەڵگەکەی دەیگوت کەهەستی گەردێکی ژیانی لەناوچوو وەك بڵێی خواوەندە، بەرزترە لەهەستی خواوەند بەخواوەندییەکەی. لێرەدا ئەوەی کەبەلەناوچوونو نانەمرییەکەی لەقەڵەمدا بەسەربەرزی داناو پێیدا هەڵگوت. زۆر حەزی لەهێنانەوەی هەندێ بڕگەی هۆنراوەیەك بوو، لەڕاتسیدا هەرگیز بەتەواوی چاوی بەهۆنراوەکە نەکەوتبوو. بێسوود تەقەلایدا شاعیرەکە بدۆزێتەوە. وا من لێرەدا ئەم بڕگانە دەچەسپێنم. نەك لەبەرئەوەی تەنیا حەزی لێدەکردن، بەڵکو لەبەرئەوەی

www.pertwk.com

پووختـــەی ئـــەو ناکۆکییـــە دیـــارەی کـــەگیانی و وێنەکێـــشانی رۆحـــی خـــۆی دەپێچێتەوە. جا چۆن پیاوێکی خاوەن گەرموگڕیی کڵپەسەندن و هەستکردنێکی زۆر بەمـەزنی دەتـوانێ ئـەو دێڕانـەی خـوارەوە بڵێتـەوە بەتـەنیا خـاك و خـۆڵێکی لەناوچوو بمێنێتـەوە, کەرتکـە هێزێکـی گوزەرکـەر بـێ, شـێوەیەکی لەناوچووبێ.
ئەوەش دێڕەکانن:

"شادی لەسەر شادی و دەسکەوت لەسەر دەسکەوت
ئەوانە ئەو ماڤانەن کەلەزگماکەوە بۆم لواون
من دەنگم بەسەر بەرزکردنی رۆژە بێکۆتاییەکانم هەڵدەبڕم
بۆ لێواری زەوی دەنگدەرەوە
هەرچەندە کەمن دووچاری هەموو ئەو مردنانە بووم کەمرۆڤ دەتوانێ بمرێت
تاکۆتایی زەمانی دوور تادوا تنۆکی پیاڵەی شادیم نۆشی
لەهـەموو سـەدەیەك و ناوچـەیەکدا سـەرکەڤ لووتبـەرزی بۆوبەرامـەی شـیرینی مێینەی هەن,
من خودی کەفەفەکە دەخۆمەوە
بەڕاستی مەی زۆر خۆشە
کەمن تا ژیان دەخۆمەوەو تا مردن دەخۆمەوەو
گۆرانی دەڵێم
کەدەمرم ئەو پیاڵەیە "من"ێکی نوێ ئەلێسێتەوە!
***
ئەو مرۆڤەی لەبەهەشتی (عەدەنت دەرکرد)
منبووم, خوایە گیان, منبووم
کەزەوی و هەوا لەدەریاوە
بۆ ئاسمان دەتەقنەوە لەوێ دەبم



چونکە جیهانی منە, جیهانە نازەنیە گەشەکەم
جیهانە خەمە شوێن پێوەدیارەکانم
لەیەکەم هاواری کپەوە کە "منەکە"ی تازە لەدایکبوو
بۆ ئامێری ئازاردان دەیکات کەلەژانی ژندا خۆی دەنوێنێ
***
لافاوی خوێنی نەوجەوانی دڕندەی بەزریکەم
شیاوی ئەوەیەو خۆی پڕە لەترپەی دەمارێك هێشتا لەدایکنەبووەو
ئارەزوو لەژیانا پچڕ پچڕیکردووە
کەئاگری بەرێ بکوژێنێتەوە
من ئادەمیزادم, ئادەمیزادم, ئادەمیزاد, لەکوشتی سڕەوە
بۆ گەردی ئامانجی زەوی
لەتاریکیی منداڵدانی سکپڕی تەڕو گەشەوە
بۆ نازداری رۆحە رووتەکەم
***
"ئەو مرۆڤەی لەبەهەشتی (عەدەن) وەدەرتنا
منبووم, خوایە گیان, منبووم,
زەوی و هەوا لەدەریاوە
بۆئاسمان دەتەقنەوە لەوێ دەبم
چونکە جیهانی منە. جیهانی نازەنینە گەشەکەم
جیهانی شادییە جێگاپێوەدیارەکەم
لەگەشترین تروسکەی تەوژمی ناوچەی جەمسەری باکوورەوە

www.pertwk.com

بۆ شەوە زەنگی خۆشەویستیی من" [85]

ئێرنست هەمیشە خۆی بەکار ماندوو هیلاك دەکرد. سەرەڕای ئەوە, ئەگەر ئەندروستییەکی باشی هەبووبێ, لەسایەی جەستە بەهێزە نایابەکەیەوە. بەڵام تەنانەت ئەم جەستەیەش نەیتوانی سەرنجی ماندووی, لەهەردوو چاوەکانی بپارێزێ, دوو چاوە ماندووە ئازیزەکانی! رۆژێ لەڕۆژان شەوێك لەچوار سەعاتو نیو زیاتر نەخەوتوون, لەگەڵ ئەوەشدا باشی بەدەستەوە نەبوون کەبتوانێ هەرشتێ حەزی لێیەتی بیکات. هەرگیز وازی نەهێنا لەئەنجامدانی باری چالاکییەکانی وەك بانگڕادێرێك‌و, رێکخراوەکانی کرێکاران کەبەتاسەوە داوایان لێدەکرد سیمینار لەیانەکانیان پێشکەش بکات. ناچاربوون ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی نۆبەی خۆیان بکەن. پاشان هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستیپێکرد. هەر لەم مەیدانەدا ئێرنست تەقەلایەکیدا ئەگەر یەکێك هەموو کاتی خۆی بۆ تەرخانبکردبایە وەك تەقەلاکەی ئەو دەسەوەستان دەوەستا. پاش (خنکاندنی) دەزگاکانی سۆشیالیزمی بڵاوکردنەوە لەداهاتەکزەکانی بێبەشکراو, لەپڕ خۆی لەبارودۆخێکی شلوق‌و شپرزە بەدی کرد کەوا پێویست دەکات, تەقەلایەکی بەتەوژم بدات بۆنان پەیداکردن. چونکە دەبوایە ئەم نانە پەیدا کات جگە لەئەنجامدانی سەرجەمی ئیشوکاری دیکەی ژمارەیەکی زۆر لەوتاری بابەتی زانیاری‌و فەلسەفی وەرگیراو, ئەگەر لەنیوە شەوێکی درەنگ گەڕایەوە ماڵەوە, هەڵمەتی هەڵبژاردن هێزی لەبەر بڕیبوو, بکەوێتە سەر وەرگێڕان‌و تاکو بەیانی لە رەنجداندا بەردەوام بێ لەسەر هەموو ئەوەشەوە, بەتاسەوە ئارەزووی

(85) ئەوەی ئەم هۆنراوەیەی داناوە هەتا هەتایە بێناو دەمێنێتەوە, ئەم بڕگانەش تاکە بەشی هۆنراوەکەن کەپێناگەیشتوون.

لێکۆڵینەوەی تێدا هەبوو, تا رۆژی کۆچکردنی لەلێکۆڵینەوەدا بەردەوامبوو. ئەم لێکۆڵینەوانەی تارادەیەك سەرسوڕمان فراوانبوون.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە کاتی هەبوو کەخۆشەویستیم پێبەخشێ‌و بەختەوەرمکات. بەڵام ئەمە مەیسەر نەبوو هەتا ژیانم بەتەواوەتی تێکەڵ بەژیانی نەکرد. کورتکردنەوەو چاپکردن بەئامێری نووسینی (تایپ)فێربووم‌و بوومە سکرتێری. ئەو سووربوو لەسەرئەو گوتەیەی کەمن بەمەوە نیوەی تەقەلای ویستراویم کەمکردۆتەوە. بەمجۆرە خۆم لێرا هێنا لەکارەکەی بگەم تاسەو ئارەزوومان interests ئاڵوگۆڕبوون , پێکەوە کارماندەکردوو پێکەوە یاریماندەکرد.

پاشان ساتە شیرینە بۆ هەڵکەوتووەکانمان لەگەرمەی کارماندا تەنیا وشەیەك بوون. ساتەکانمان بەهۆی ئەوەی بۆمان لوابوون زۆر شیرینتربوون. چونکە ئێمە لەبڵندیدا ژیاین, لەکەش‌و هەوا گەش‌و فرە رووناکبوو. رەنجدەران لەپێناوی مرۆڤایەتیدا بوو, هەمیشە دەرگا بەڕووی هیچ‌و پووچ‌و خۆپەرستدا داخرابوو. خۆشەویستیمان خۆشدەویست. هەمیشە خۆشەوستیمان لەپلەی بەرزترو باشتردابوو. بەڵکو لەمەدا گشتی, راستییەك دەمێنێتەوە: ئەویش ئەوەیە کەمن کۆڵمنەدا. ئاسوودەییم پێبەخشی, ئەوەی زۆرتر بەلایەوە گرنگبوو, ئەوەبوو کەبەم هەموو رەنجە لەپێناوی خەڵکی دیکەدا کاریکرد, لاوە خۆبەخش‌و ئازیزە خاوەن دوو چاوە ماندووەکانم!

www.pertwk.com

# دوانزەیەم بەش

# قەشـــەکە

www.pertwk.com

## قەشەکە

هەر بەڕێککەوت، پاش شووکردنم بەئێرنست بەقەشە مورهاوس گەیشتم. بەهەرحاڵ دەبێ من ڕووداوەکان یەك بەدوای یەکدا وەك خۆی بەدرێژی بگێڕمەوە. قەشە پاش هەڵچوونەکەی لەکۆنگرەی T.P.H دا لەبەر فشاری برادەران دابەزی، ئەو پیاوێکی لەخۆڕازیو هێمنبوو. بەڕێگەپێدانو مۆڵەت شاری بەجێهێشت، بەڵام بەورەیەکی پتەوتر لەجاران گەڕایەوە بۆ پەیامی موژدە پێدانی کڵێسا. ترسی ڕەعیەکەی چەندە زۆربوو کە دیتیان پەند دادانەکەی یەکەمی بەتەواوەتی لەخوتبەیەی دەکرد کەلەکۆنگرەدا دای. بەدرێژەدادڕینێکی زۆرو لەسەر ڕۆیشتنێکی کەمایەی خەمو خەفەتبوو، قسەکانی دووپاتکردنەوە، کەکڵێسا لەڕێگەی "مەسیحو ئامۆژگارییەکانی لایداوە، شەیتانی چاوچنۆك لەشوێنی مەسیحدا دانیشتووە، ئەنجامەکەی بەوە گەیی، بەخۆشیو لەناخۆشیبێ ئەوان ڕاپێچیانکرد بۆ نەخۆشخانەیەکی نەخۆشیی عەقڵی ناحکومی. کەچی لەڕۆژنامەکاندا قسەی غەمناك لەبارەی هەرەسهێنانی عەقڵیو پیرۆزیی کەسێتییەکەیەوە بڵاوکرایەوە. لەنەخۆشخانەدا بەندرا وەك بڵێی بەندکراوە. چەند جارێك چوومە نەخۆشخانە، بەڵام ئەوانەی بەڕێوەیاندەبرد ڕێگەیان پێنەدام لەگەڵی دانیشم، ئەم کارەساتە وروژێنە بەشێوەیەکی ترسناك هەژاندمی:

پیاوێکی عاقڵە، تەواوە، لەپیاوێکی چاكو ئیماندارو پیرۆز دەکات، بەویستو خواستی دڕندانەی کۆمەڵ بەهاڕین دەهاڕێت. هەر لەبەرئەوەی کەقەشە دڵپاكو دەروون بەرزبوو، هەروەك ئێرنست گوتی هیچ خەوشی نەبوو، بەڵام بیرەکەی



دەربارەی زانستی زیندەوەرو کۆمەڵایەتی هەڵەبوو، لەبەر ئەم بیرە هەڵەیە نەیتوانی بگاتە وەبەرگرتنی ڕێگەیەکی ڕاست بۆ ڕاستکردنەوەی بارودۆخو چارەسەرکردنی.

ئەوەی هەترەشی بردم دەستەوەستانو بێتوانایی قەشەبوو. وەك بۆی دەرکەوت، دیاربوو ئەگەر لەسەر جاڕدانی ڕاستی سووربێ، ئەوە دەخرێتە ناوشێتان. ئەو حەلە ناتوانێ هیچ بکات. پارەپوولی، پایەی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەکەی، هەموویان ناتوانن دەربازیبکەن. ڕایەکانی مەترسییان هەبوو بۆسەر کۆمەڵ. لەدەسەڵاتی کۆمەڵدانەبوو کەوای بێننە بەرچاو ئەو جۆرە بیروباوەڕە بەترسانە لەعەقڵکی ساغو سەلیمەوە دەرچن. من بۆم دەرکەوت ئەوە هەڵوێستی کۆمەڵبوو لەمەڕ کێشەی قەشە مورهاوس.

بەڵام قەشە وێڕای ژیریو زیرەکیو ڕۆح پاکییەکەی. فێڵبازێکی مەزنبوو. بەڕوونی دەرکی بەو مەترسییە کرد کەلەهەموو لایەکەوە دەوریداوە. خۆی دیت بەتەڵەوە بووە، تەقەلایدا خۆی لێ دەرباز بکات. لەبێبەشکردنی لەو یارمەتیەی لەبرادەرانی وەك باوکمو ئێرنستو خۆم دەیانتوانی بیدەنێ، بەتەنیایی لەمەیدانی هەراکەدا مایەوە، لەدوورخستنەوەی بەزۆری نەخۆشخانەکەدا، لەنەخۆشییەکەی چاکبۆوەو جارێکی دیکە بوو بەعاقڵ. چاوەکانی چیتر خەو نابینن، عەقڵی لەو تارماییە پاکبۆوە کەدەڵێ وەك ئەرکی سەرشان واپێویستدەکات کۆمەڵ چاودێری بەرخەکانی مەسیح بکاتو بەخێویانبکات.

وەك گوتم: بەتەواوەتی لەنەخۆشییەکەی چاکبۆوە، ڕۆژنامەو کڵێسا پێخۆشحاڵیی خۆیان بەگەڕانەوەی دەبڕی. ڕۆژێکیان چوومە کڵێساکەی، کەچی دیم ئەو پەندادانەی دایدا لەهەمان ئەوجۆرەبوو کەپێشتر، دایدەدا، بەرلەوەی بەماوەیەکی درێژ چاوەکانی دەستبکەن بەخەونبینین. تووشی نائومێدی بووم بەڵکو تووشی ڕاتەکانێکی دەروونی بووم. کەوابێ ئایا کۆمەڵ توانی ناچارییبکات

www.pertwk.com

خۆی بدا بەدەستەوە؟ ئاخۆ مۆرهاوس ترسنۆکبوو. ئایا ناچارکرا نکوولّی لەراکانی پێشووی بکات؟ یاخود ئاسا تەنگانە ئەوەندە سەختبوو نەیتوانیٚ بەرگەی بگریٚو بەئارامییەوە ملکەچی ئەو رژێمە بیٚو کەهەر شتێك رێگەی پێبگریٚ رایدەمالّیٚ.

لەخانوە خنجیلانەکەیدا سەرملێدا. تارادەییێکی غەمناك گۆڕابوو, لەجاران لەڕولاوازتربوو. روخساری چرچ و لۆچی تێکەوتبوو کەپێشووتر هەرگیز بەدیمنەکردبوون. لەراستیشدا سەردانەکەی من بەئاشکرا نارەحەتیکرد, لەکاتی قسەکردندا بەشێوەیەکی تووڕە قۆلّی کراسەکەی رادەکێشا, هەردوو چاوەکانی نەسرەوت و شپرزەبوون. لێرەو لەویٚ بەهەمولایەکدا دەشێوان و نەیاندەویست سەیری چاوم بکەن. وادیاربووو وەك بلّێی شتێك مێشکی خەریککردووە, لەپڕ قسەکەی جاروبار دەپچڕاو, لەناکاوێکی سەرسوڕمانەدا لەبابەتێکەوە دەچووەسەر بابەتێکی تر. ئاخۆ دەشیٚ ئەم کەسە پیاوە ئازاکەی, مەسیحئاسابیٚ, کە لەمەوبەر بەدووچاوە بێگەردە روونەکەی و سەرنجە چەسپاوە خۆگرەکەی وەك گیانی خۆی, ناسیبووم؟ دلّڕەقانە مامەلّەی لەگەلاّکراو, بەزۆرو تۆقاندن ملکەچکرا. تا بلّێی رۆح سووکبوو, تا ئەو رادەیە بەهێزنەبوو لەڕووی هێرشە رێکخراوە پڕ لە فێلّەکانیاندا خۆی بگریٚ.

هەستمکرد خەمو پەژارە دلّم دەگوشیٚ, وایدەگوشیٚ کە ناتوانم وەسفیبکەم, بەشێوەیەك تەماوی قسەیکرد. زۆر چاوەڕوانی ئەوەیبوو دەمگوت لێیدەترسا, تارادەییٚ وای لێکردم نەوێرم بەوەلاّمیبێنم. بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی نەخۆشییەکەی خۆی کرد. بەناڕێکی قسەمان لەمەڕ کەنیسەو ئەو دەستکارییانەی لەئەرگۆندا کراون و لەبابەت خێرو خێراتی بچووك کرد, کەبەجێمهێشت بەجۆرێك سرەوتنی پێوە دیاربوو, ئەگەر دلّم پڕ نەبوایە لەفرمێسك پێدەکەنیم.

ئای لەو پالّەوانە بەستەزمانە! ئەگەر من بمزانیبایەو چیترنا, کەچۆن وەك زەبەللاحێك تێدەکۆشا! بەلاّم من چاك بەوەم نەزانی خۆی بەتەنیا دەجەنگا, بەتەنیا لەناو ملیۆنان کەسدا لەبراکانی گۆڕەپانی مرۆڤایەتی, ململانێی نێوان ترسی لەنەخۆشخانەی شێتان و نێوان دلّسۆزیی بۆ راستی و خێرخوازی لەتکردبوو, بە توندی دەستی بەڕاستی و خێرەوە گرتبوو, بەلاّم ئەوەندە بەتەنیابوو بەجۆریٚ نەیوێرا تەنانەت نەیدەوێرا باوەڕ بەمنیش بکات, ئەو دەرسە سەختەی کۆمەلّ دابوویە فێریبووبوو, بەشێوەیەکی چاکتر لەپێویست فێری بووبوو.

بەلاّم هێندەی نەبرد زانیك کە رۆژێك لەڕۆژان قەشە ونبووە. ئاگاداری کەسیشی نەکردبوو کەدەچێتە کویٚ, رۆژان هاتن و رۆژان چوون بێئەوەی سەرلەنویٚ قاووقیژی خەلّك سەرهەلّدا کەلەماوەی ئەو شێتییە کاتییەدا خۆی کوشتووە. بەلاّم هێندەی نەبرد ئەم بیروبۆچوونە نەما, زانرا ئەو هەموو مالّ و مولّکی خۆی –کۆشکەکەی ناوشارو, خانووەکەی گوندی لەمیلوپارك, تابلۆکانی, کۆمەلّە هونەرکارییەکانی و تەنانەت کتێبخانە خۆشەویست و بەنرخەکەی فرۆشتوون. ئاشکرابوو کە ئەو پێش ئەوەی لەبەرچاوان ونبیٚ, بەتەواوەتی و بەنهێنی لەهەمووشتێك قوتاربووبوو.

ئەوە لەو ماوەیەدا روویدا, کەتووشی کارەسات بووین و سەرقالّی ئیشوکاری خۆمان بووین و نەپەڕژاینە سەر هیچ شتێك و بەڕاستی پێماننەکرا بیر لەقەشە بکەینەوەو بزانین چی دەکا. ئەو کاتە بەشێوەیەکی ناوەخت ئاشکرابوو, سەر لەئێوارەیەکی زوو, هێشتا تاریکی دانەهاتبوو, لەشەقام دەپەڕیمەوە, خۆم کرد بەدووکانی قەسابێکدا تاکەمێك گۆشت بۆ شێوی ئێرنست بکرم. لەمالّە تازەکەماندا سێیەم ژەمی خواردنی رۆژانەمان ناونابوو شێو Sapper.

www.pertwk.com

هێشتا لەدووکانەکە دەرنەچووبووم لەبەقاڵخانەکەی سەرسووچەکەی تنیشت دووکانەکە پیاوێك دەرکەوت, هەستێکی سەیری بەهۆگری رایکێشام کەسەرلەنوێ سەیریبکەمەوە. بەڵام پیاوەکە رووی وەرگێڕاو دەستیکرد بەڕۆیشتن و خێرا لێم دوورکەوتەوە, لە پووتبوونەوەی هەردووشانی, رۆخە زیوینییەکەی قژی لەنێوان چاکەت و یەقەکەی و شەپقە لووسکەیدا, بیرەوەریی تەماوی لاوروژاندم. لەباتی ئەوەی لەشەقام بپەڕمەوە بەدوای پیاوەکە کەوتم. گورجتر هەنگاومنا تەقەلامدا ئەو بیرانە لەمێشکی خۆمدا دەرکەم کەلەخۆیانەوە پەیدابووبوون. نەخێر ئەوە هەرنابێ, ئەوە نابێ هەوبێ.. لەو جلەو لینگ زۆر درێژەی, شڕوشیتاڵی لای سمتی, نا.

ئارامم گرت و, گاڵتەم بەخۆهات و, خەریکبوو وازلە راونانی بێنم. بەڵام هەستکردن بەوەی لەئەم دووشانەو ئەو قژە زیوینە بەلای منەوە نامۆنین, هەندەی نەخایاند بەسەرما زاڵبوون. جارێکی دی بەپەلە بەدوای کەوتم, کەلێی تێپەڕیم بەوردی سەرنجمدایە دەموچاوی, پاشان بەشێوەیەکی کتوپڕ بامدایەوەو رووبەڕووی قەشەبوومەوە!

ئەویش لای خۆیەوە بەشێوەیەکی کتوپڕ وەستا, هانکە هەنکی پێکەوتبوو, لەدەستی راستی کیسەیەکی گەروەی کاغەز بەربۆوە سەرشۆستەکەو کیسەکە دڕا, لەبەرپێی قەشەو بەرپێی مندا کۆمەڵێك سەلکە پەتاتە رژاو گلۆربوونەوە, ئەویش بە واق وڕمان و ترسەوە سەیریکردم. پاشان وای لێهات, وەك بڵێی سیسبووەوەو دووشانەکانی بەکزی و خەمۆکی و شکستی شۆڕبووبوونەوە. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.

دەستم بۆ درێژ کرد, دەستی گوشیم, بەڵام دەستی لینجبوو, بەشڵەژاوییەوە ئحمێکی کرد. دەمتوانی ئارەقەی نێوچەوانی بەدیبکەم. ئاشکرابوو کەچاوپێکەوتنەکەم زەندەقی بردبوو, بەکپی مینگە مینگێکی کرد:

–"سەلکە پەتاتەکانم بەگران دەستکەوتوون."

پێکەوە سەلکە پەتاتەکانمان خڕکردنەوەو خستماننە ناو کیسە دڕاوەکەوە, قەشە لەبایەخێکی زۆرەوە خستییە ژێر باڵی. تەقەلامدا دڵخۆشیی خۆمی بۆدەربڕم بەدیداری و پێمگوت کەدەبێ هەر ئێستا لەگەڵم بێتە ماڵەوە, هەروەها گوتم:

–"باوکم بەدیدەنیت خۆشحاڵدەبێت ئێمە تەنیا چەند هەنگاوێك لێرەوە دوورین."

گوتی:

–"ناتوانم, درەنگە دەبێ بڕۆم. بەخوات دەسپێرم."

بەترسەوە چاوێکی بەدەوروبەری خۆیدا گێڕا, وەك بڵێی دەترسا یەکێك پێی بزانێ, تەقەلایدا بۆی دەرچێ کەمنی دی لەتەنیشتیەوە دەڕۆم و زانی پاش ئەوەی دۆزیمەوە پێوەی بنووسێم گوتی:

–"پێمبڵێ ماڵتان لەکوێیە, لەدوایی سەرتان لێدەدەم."

بەتوندی گوتم:

–"نەخێر, دەبێ ئێستا بێیت."

سەیری سەلکە پەتاتەکانی کرد کەخلبوونەوەو یا خەریکبوو خلببنەوە سەر قۆڵی و, هەندێ بەستەکی بچووکی تر کەلەسەر قۆڵەکەی دیکەی بوون.

گوتی:

–"بەڕاستی, ئەوە بەمن ناکرێ. لەخۆلێلادانم ببوورە, ئەگەر راستیت بزانیبایە لێمدەبووراى."

لەوەدەچوو وەختە بکەوێ, بەڵام زۆری نەبرد خۆی پێ راگیرایەوە. لەسەر قسەکانی بەردەوامبوو, گوتی:

www.pertwk.com

–"بۆ ئەویٚ, ئەم خۆراکە بۆ ئەویٚندەریٚیە. ئەوە حاڵەتیٚکە مایەی خەمو پەژارەیە, باریٚکی ترسناکە. ژنیٚکی پیرە, دەبیٚ هەر ئیٚستا بڕۆم بۆلای. پیٚویستی بە خۆراکە. دەبیٚ هەر ئیٚستاکە بڕۆم. بیٚگومان تۆ لەوە دەگەیت. پاش جیٚبەجیٚکردنی ئەم ئەرکە دەگەڕیٚمەوە, بەڵیٚنیت پیٚدەدەم."

لەخۆمەوە پیٚمگوت:

–"با لەگەڵتا بیٚم, ئایا شویٚنەکە دوورە؟؟"

گوتی:

–"لای ئەو دوو کۆمەڵە خانووەوەیە"

بەڕیٚنمایی قەشە شتیٚك لەژیانی دراوسییٚکان گەیشتم. من تەنانەت بەخەونیش, وامنەدەزانیو کە لەو تەنیشت رۆخەماندا ئەمجۆرە دەردەسەریو کلۆڵییە هەیە. هەڵبەت ئەوە لەبەرئەوەبوو کەمن بایەخم بەمەسەلەی چاکەو خیٚر نەدا. چونکە من قەناعەتم هیٚنابوو. ئیٚرنست راستیکرد کاتی گاڵتەی بەچاکەکردن هاتو بەکەممادەی چوواند لەسەر برین دادەنریٚ.. برینەکە مەهیٚڵنو بنبڕی بکەن. ئەوەبوو ئەو چارەیەی کەوەسفیکرد. بەرهەمی دەستی کریٚکار بدەن بەخۆی, مووچەی خانەنشینی, وەك ئەوەی سەربازان وەریدەگرن, بەو کەسانەش بدەن کەلەرەنجەکانیاندا شەریڤانە پیر دەبن, ئەو حەلە هیچ پیٚویست بەبەشینەوەو چاکەو خیٚرناکات. چونکە من قەناعەتم بەوە هیٚنا, لەپیٚناوی شۆڕشدا لەگەڵ ئەودا رەنجمدا, وزەی خۆم لەمتکردنو کپکردنی دەردوبەلای کۆمەڵایەتیدا بەختنەکرد کەبیٚوچان لەسایەی ستەمو زۆرداریی سیستمی کۆمەڵایەتیدا سەریانهەڵدەدا.

بەدوای قەشەدا لەیەکیٚك لەماڵەکانی پشتەوە چوومە ژووریٚکی بچووك, دریٚژیی لەدوانزە پیٚو پانی لەدە پیٚ زیاتر نەبوو.

لەویٚدا ئافرەتیٚکی ئەڵمانی پیری وردیلەمان بینی, قەشە گوتی تەمەنی شەستو چوارساڵە, کەچاوی بەمن کەوت حەپەسا, بەڵام بەچەمانەوە سلاویٚکی شیرینی لیٚکردمو لەسەر دەروونی پانتۆڵیٚکی پیاوانە بەردەوامبوو کەلەسەر کۆشیبوو.

لەتەنیشتیشیەوە لەسەر عەردی ژوورەکە کۆمەڵیٚك پانتۆڵ بەسەر یەکدا کەوتبوون. قەشە بۆی دەرکەوت نەخەڵووز هەیەو نەسووتەمەنی. چوو هەندیٚك لەو دووانە بکڕیٚ. پانتۆڵیٚکم هەڵگرت, بەوردی سەیری ئیشی ئافرەتەکەم کرد. بەبیٚ ئەوەی دەست لەدروونی قوماشەکە هەڵگریٚ, بەناسکی سەریٚکی باداو گوتی:

–"خاتوونەکەم. شەش سەنتە"

زۆر لەسەرخۆ درووبووی. هەرگیز لەدرووماندا نەبڕابوو, وادیاربوو وەك بلیٚی بندەستی "دروومان" کارییە.

لیٚمپرسی:

–"بەرامبەر ئەو هەموو کارە, هەرئەمەندە دەدەن؟ تەواوکردنی پانتۆڵیٚك چەند دەخایەنیٚ؟"

وەڵامیدایەوە:

–"بەڵیٚ, هەر ئەوەندە دەدەن, هەرپانتۆڵیٚك شەش سەنتو درووونی تاکە پانتۆڵیٚك دوو سەعات دەخایەنیٚ" لەروویدا وادیاربوو کەدەترسا ئەم قسەیەی بەلایەك بۆ خاوەنکار بەرپابکات, پاشان گوتی:

–"بەلام خاوەنکار ئەوە نازانیٚ. من لەکاردا خاوم. هەردوو دەستم تووشی رۆماتیزم بوون, کیژان زۆر زۆر خیٚراتر کاردەکەن, ئەوان پانتۆڵیٚك بەنیوە ئەوکاتەی من تەواو دەکەن. خاوەنکار پیاویٚکی بەرەحمە. دوای ئەوەی کەئیٚستا تەمەنم بەسالاچووەو پاش ئەوەی دەنگەدەنگی مەکینە گیٚژم دەکات ریٚمدەدا ئیشەکان بیٚنمەوە مالیٚ, ئەگەر ئەم پیاوەتییەی نەبوایە ئەوا تالاوی برسییەتیم دەچیٚژت.

"بەڵێ ئەوانەی لەدووکاندا کاردەکەن هەشت پێنس وەردەگرن, بەڵام دەتوانی چ بکەیت؟ کاری وانییە بەشی کیژۆڵان بەتەنیا بکات, سەیر نییە ئەگەر دەرفەتی کار بۆ پیرەژنان نەلوێت. من خۆم لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لەپانتۆڵێکم زیاتر پینابڕێ بیدرووم. هەندێ جاریش وەك ئێستا هەشت پانتۆڵم دەدەنێ و داوام لێدەکەن پێش تاریکی داهاتن تەواویانکەم."

لەبابەت ئەو سەعاتانەوە کەئیشیان تیا دەکات لێمپرسی, وەڵامیدایەوەو گوتی ئەوە پابەندە بەوەرزو کەژەکانەوە.

–"هاوینان کەتەوژمی داواکاری بەتیندەبێ لەسەعات پێنجەوە کاردەکەم هەتاکو نۆی ئێوارێ. بەڵام زستانان زۆر ساردەبێ, سەرلەبەیانیان دەستەکانم بۆ ماوەیەك نیمچە رەقدەبن. پاشان دەبێ تۆ تاوەختێکی درەنگ کار بکەیت, هەندێ جار تا نیوەشەو کاربکەیت.

"بەڵێ, ئەم هاوینە هاوینێکی خراپبوو, قەیرانە, هەڵبەت خواتووڕەبوو. هەفتەیەك دەبێ ئەوە یەکەم ئیشە کەجارێ کار پێم دەسپێرێ بیکەم. راستە مرۆڤ ئەگەر کاری نەبێ ناتوانێ لەخواردندا دەستی بڵاوبێ, لەسەرئەوە راهاتووم. هەموو تەمەنم بە بەرگدروون بردەسەر, لەزێدی کۆنمدا. ئالێرە لەسانفراسیسکۆ بەڵێ لەم کارەدا سی و سێ ساڵم بردەسەر.

هەریەك لەئێمە, ئەگەر ئەوەندەی پێبڕێ بتوانێ کرێی ژوورەکەی بدات بارودۆخەکە بەچاك لەقەڵەمدەدات. خاوەنی خانووەکە کابرایەکی بەڕەحمە, بەڵام ناچاریشە کرێکە وەربگرێ. ئەمە رەوایە. ئەو بۆ ئەم ژوورە سێ دۆلارم لێدەسێنێ, ئەمەش هەرزانە. بەڵام بۆ تۆ گران نییە کە هەموو مانگێ سێ دۆلاری تەواوت لەدەستا بمێنێ."

قسەکەی بڕی و, سەریلەقاندەو کەوتەوە تەقەڵ لێدانی خۆی. پێشنیارمکرد:

–"پێویستە چاك ئاگاداربی, کەچەند پەیدا دەکەیت و چۆن خەرجیدەکەیت."

بەسەلماندنەوە سەریلەقاند:

–"بەڵام هەر کە کرێی ژوور دەدەی بارودۆخ نەختێك باشدەبێ. راستە من شیرم نییە لەگەڵ قاوە تێکەڵی بکەم. بەڵام دەتوانم رۆژی ژەمێك خواردن بخۆم, زۆر جاریش دوو ژەم."

بەشانازییەوە ئەم قسەیەی دوایی کرد, لەوشەکانیدا تەنکە سەرکەوتنێك هەبوو. بەڵام کەئەو لەسەر دروومانەکەی بەردەوامبوو, تێبینیمکرد, غەمباری بەسەر هەردوو چاوە شیرینەکانیدا زاڵەو ئێش و ئازار بەسەرلێویەوە دیارە, سەرنجەکانی ئەوهابوون, هەرزوو پەردەم لەسەرچاوەکانی لادا, ئەو پەردەیە رێی لەدروومانەکەی گرت.

پیرەژنەکە روونیکردەوە:

–"نەخێر, برسییەتی نییە کەئێش دەخاتە دڵی مرۆڤ. چونکە هەریەك لەئێمە دەتوانێ لەسەر برسییەتی رابێ و لەگەڵیا بگونجێ, ئەگەر بگریم لەبەر کیژۆڵەکەم دەگریم, مەکینە کوشتی, راستە خۆی بەکارکردن پرووکاند, بەڵام ناتوانم تێبگەم. جەستەیەکی پتەوی هەبوو, تەڕوناسکبوو, تەمەنی لەچل ساڵ تێپەڕنەبوو بوو. سی ساڵی رەبەق کاریکرد. منداڵێکی بچووك بوو کەژیانی کارکردنی دەستپێکرد, ئەمە راستە بەڵام مێردەکەم مرد. کاتێ لەکارگەدا ئیشدەکرد مەنجەڵ بەروویدا تەقیەوە. دەبوایە ئێمە چی بکەین؟ بەڵی کچەکەم تەمەنی دە ساڵانبوو بەڵام بەهێزبوو.. کەچی مەکینە کوشتی, بەڵێ, کوشتی. کوشتی و خۆی کۆنترین کارگەربوو لەدوکانەکەدا. زۆر بیرم لەوە کردۆتەوە من خۆم دەزانم, هەر لەبەر ئەوەشە پێمناکرێ لەدوکان کاربکەم. مەکینە سەرم بەژان دێنێ. من بەشێوەیەکی بەردەوام گوێم لێیەتی دەڵێ: کوشتی! کوشتی!"

بەدرێژایی شەوو رۆژ ئەوە دەلچێ. ئەوجا بیر لەکچەکەم دەکەمەوە لەکار دەکەوم."

www.pertwk.com

سەرلەنوێ چاوەکانی تەماوی بوون، دەبوایە بەرلەوەی دەسبکاتەوە بەدروومان ئەم پەردەیە لابدات. گوێم لێبوو قەشە لەسەر پەیژەکە پێی تێکدەئالآند، دەرگاکەم کردەوە. ئەو دیمەنە چ دیمەنێبوو! نیو گونییە خەڵووزی بەکۆڵی خۆیدا دابوو، کەمێك پارەشی بەسەرەوەبوو. گەردی خەڵووزی دەموچاوی داپۆشیبوو، لەشی چۆڕ چۆڕ ئارەقەی ماندوبوونی دەردەدا، لەقوژبنێکی نزیك ئاگردانەکەوە کۆڵەکەی دانا، رووی خۆی بەدەسەسڕێکی زلی زبری وێنەدار سڕی، زۆر بەزەحمەت بڕوام بە هەستەکانم کرد.. قەشە، وەك هەڵگری خەڵووز رەشە، کراسێکی لۆکەی بێقۆپچەی لەبەردابوو وەك کراسی کرێکاران، بەربێنەیەکی ئاسایی لەبەردا بوو! ئەوە بەشێوەیکی گشتی سەیرترین شتبوو: بەربێنە، بەربێنەی شڕوشیتاڵ لەلای سمتیەوە راکێشراو، لەلای پاژنەکانیەوە، بەپشتێنێکی قایشی باریك وەك قایشی کرێکاران بۆسەرەوە هەڵکێشرابوو.

هەرچەندە قەشە گەرمایبوو، هەردوو دەستە کلۆڵە ئاوساوەکەی پیرەژن لەبەر قەسرینی سەرما رەق ببوون، بەرلەوەی بەجێی بێڵین قەشە ئاگریکردبۆوە.

منیش چەند سەلکە پەتاتەیەکم پاککردن و خستمنە سەر ئاگر بکوڵێن. لەگەڵ رۆژگارا بۆم دەرکەوت بارودۆخی زۆ[illegible]ن لەهی ئەو دەکەن و، زۆر خراپتریش هەن، لەقووڵاییە ترسناکەکانی ماڵە دراوسێکانمانا شاردراونەتەوە.

کەگەڕاینەوە ئێرنستمان بینی، لەبەر دواکەوتنم ئارامی لێهەڵگیرابوو، پاش ئەوی لەناوەختی دیدارەکە رەوییەوە، قەشە لەسەر کورسیەکە پاڵیدایەوەو هەردوو قاچی راکێشان کە بە بەربێنە داپۆشرابوون.

هەناسەیەکی شادی هەڵکێشا. ئێمە یەکەم کەسبووین لەبرادەرە کۆنەکانی لەوەتی وونبوو بوو بمانبینێ. بۆی باسکردین. کە لەماوەی ئەو هەفتانەی رابوردن، لەکاتی ئەو خۆشاردنەوەیەوە، تا رادەیەکی زۆر سەختی و تاڵی تەنیایی چەشتووە. زۆرشتی بۆ باسکردین. بەڵام زیاتر باسی ئەو خۆشییە بوو لەکاتی جێبەجێکردنی راسپێرییەکانی مەسیحدا کەوتبووە دڵیەوە.

گوتی:

-"ئەویش ئەوەیە کەمن ئێستا، بەڕاستی خۆراك بە بەرخەکانم ئەدەم، دەرسێکی گەورەم وەرگرت. ئێمە ناتوانین هیچ یارمەتیەك بەڕۆح بدەین ئەگەر بەتێرکردنی ورگەوە دەستپێنەکەین. دەبێ بەرخەکانی مەسیحیش خۆراکیان نان، کەرە، پەتاتە، گۆشتبێ، پاشئەوە، تەنیا پاش ئەوە رۆحەکان ئامادە دەبن بۆ جۆرێك خواردنی بەزترو بالآتر."

"بەئارەزوو رازەوە لەوشێوەی خوارد کەلێمنابوو. وابزانم، جاران لەسەر خوانی ئێمە قەت بەو ئارەزووە نەیخواردووە. لەمەڕ ئەوەوە قسەمانکرد. گوتی هیچ رۆژێك لەمەوبەر وەك ئێستا بەمجۆرە تەندورستیم باشنەبووە.

-"من ئێستا هەموودەم بەپێی خۆم دەڕۆم." ئەمەی گوت و کە بیری لەو رۆژانە کردەوە راهاتبوو سواری گالیسکەکەی ببێ کوڵمەکانی سوو هەڵگەڕان، وەك بڵێ ئەوە گوناهێکی گەورەبێ، سڕینەوەی بۆ نییە.

پاشان بەپەلە گوتی:

-"ئێستا تەندروستیم لەمەوپێشتر باشترە، من، لەڕاستیدا بەختەوەرم، زۆر بەختەوەرم، ئەوپەڕی بەختەوەری، لەئەنجامدا، بوومە گیانێکی تەرخانکراو بۆ خزمەتکردنی بەرخەکانی "مەسیح".

لەگەل ئەوەشدا ئێشێکی هەمیشەیی نیشتبووە سەر ئێشی ئەو جیهانەی کە ئێستا کردییە جیهانی خۆی. چاوەکانی بەو ژیانە کرانەوە، بەحاڵەتە سروشتییە خۆڕسکەکەی، ژیانێکبوو جیابوو لەوەی لەناو کتێبە چاپکراوە ریزکراوەکانی سەر رەفتەی کتێبخانەکەی شارەزاییبووبوو.

راستەوخۆ بەئێرنستی گوت:

-"لاوۆ, تۆ لەمە گشتی بەرپرسیاری"

ئێرنست شڵەژاو شێوا.

بەزمانی تێکئاڵاو گوتی:

-"ئا .. ئا.. ئاگادارمکردین."

قەشە وەڵامیدایەوە:

-"نەخێر, تۆ خراپ لەمن گەیشتی. من مەبەستم لەوەدا سەرزەنشتکردن نییە, بەڵکو دداننانە بەچاکەدا, ویستم سوپاستبکەم چونکە تۆ رێگەت نیشاندام. دەربازتکردم بۆ ژیان خۆی. جۆرەها ساختەی کۆمەڵایەتی هەڵماڵی. تۆ رووناکیبووی لەتاریکیما, بەڵام من ئێستا, رووناکی دەبینمو, من زۆر دڵشادم, بەڵام.." دوو دڵبووم, ئێشوئازارم دەگوشیو بێئارامی تینی بۆ چاوەکانی هێنا.

ئینجا گوتی:

-"بەڵام ئەم چەوسانەوەیە؟.. من ئازاری کەس نادەم. بۆچی واز لێناهێنی؟ من باکم لەخودی چەوسانەوە نییە. نەخیچر, بەڵام سکاڵای سروشتیی ئەو چەوسانەوەیە دەکەم. دەبوایە من گوێنەدەمێ ئەگەرچی زەبری فەلاقە گۆشتم پارە پارە بکەن, یاخود لەسەر چوار مێخە بمسووتێنن, یاخود سەرەوژێر لەخاچمبدەن. بەڵام شێتخانە زەندەقم دەبات, بەسە کەتۆ ئەوە بهێنیتە بەرچاو! وابێنە هرچاوت کەمن لەنەخۆشخانەیەکی شێتاندام, ئەوە شتێکە کەپیاو قێزی لێدەکاتەوە. کەبەسەرما بسەپێنرێت [illegible] من ئەو ژیانەی ماومە لەناو دیمەنی شێتی بەڕاستیدا بەرمەسەر! نەخێر! ئەمە زۆرە! ئەمە زۆرە"

بەڕاستی شتێکە مایەی بەزەیی پیاهاتنەوەیە. هەردوو دەستەکانی دەلەرزینو هەموو لەشی راچڵەکیو لەو وێنەیەی کەلەخەیاڵی خۆیدا نواندنی رەوییەوە. بەڵام هەندەی پێنەچوو هێمنبۆوەو هەرئەوەندەی گوت:



-"ببوورە لەوەی لەمنەوەبوو, مێشکە دەمارم ماندووە, خۆ ئەگەر خزمەتگوزاریی مەسیح بەرەو ئەوێندەرێم ببات قەیناکا. من کێم هەتاکو سکاڵا بکەمو بپاڕێمەوە؟"

کەسەیریمدەکرد هەستمکرد وەك بڵێی من دەفەرێنم.

-"قەشەی مەزن! قارەمان! قارەمانی خوا!"

سەعاتەکانی شەو بەقورسی تێپەڕینو بەتێپەڕینیان لایەنێکی دیکەمان لەحەقایەتی قەشەزانی.

گوتی:

-"خانووەکەم فرۆشت -یاخود- راستتر خانووەکانمو هەموو ماڵو موڵکی دیکەم, دەمزانی کەمن ناچارم بەنهێنی ئەوە بکەم, ئەگیان هەموو شتێکیان دەبردم. ئەگەر ئەوەیان بکردبایە شتێکی دژواردەبوو. من زۆرجار لەم رۆژانەدا پێم سەیر نییە هەرچەند بیر لەچەردەی زۆری پەتاتە یاخود چەردەی نان, یاخود گۆشت, یاخود خەڵووز, یا سووتەمەنی بکەمەوە- کە دوو سەد, یا سێ سەد دۆلار پێی دەکرێ بیکڕێ."

روویکردە ئێرنستو پێیگوت:

-"لاوۆ تۆ راستدەکەیت. کرێکاران تارادەیەکی ترسناك کرێی کەم وەردەگرن. بۆ نموونە, من, لەژیانما هیچ کارێکم نەکردووە جگە لە تەقەلادان نەبێ بۆسەر سامکردنی دوو رووەکان بەرەوانبێژییەکەم, ئەوکاتە وامدەزانی. من موژدەی پەیامی مەسیح دەبەخشم, لەگەڵ ئەوەشدا سامان بەنیو ملیۆن دادەنرا. من هەرگیز نەمزانیبوو سامانێکی نیو ملیۆن دۆلاری چ دەگەیەنێ, ئەو وەختە نەبێ کەهەستمکرد چەندە پەتاتەو نانو کەرەو گۆشتی پێدەکڕی. ئەوجا هەستم بە شتێکی دیکە کرد کەئەو چەندانە پەتاتەو نانو گۆشتە مولچکی منبوون, من هیچ تەقەلایەکم لەدروستکردنیاندا نەداوە, پاشان بۆم روونبۆوە کەسێکی دیکە

www.pertwk.com

ئیشیکردو دروستیکردن بەڵام لێیسێنرا. کاتێ لەجیهانی هەژاراندا شۆڕبوومەوە, چاوم بەوانە کەوت کە بەری کاریان بردرابوو, ئەوانەی کەبرسیی و کڵۆڵ بوون, چونکە ئەو بەربوومانە بردرابوون."

گێڕامانەوە سەر حەکایەتەکەی, گوتی:

–"پارەوپوول. لەباکی هەمەجۆراو بەناوی هەمە چەشن دامنا. ئەوان هەتا هەتایە ناتوانن لێم بسێنن, چونکە ئەوان هەتا هەتایە نایدۆزنەوە. ئای ئەو پارەوپوولە چەند شیرینە! پێیدەکرێ خواردنێکی یەکجار زۆر بکرێ. جاران هەرگیز نەمدەزانی پارەوپوول بۆچی دەسدەدا."

ئێرنست بەخەمۆکییەوە گوتی:

–"خۆزیا هەندێکیمان لێدەسدەکەوت بۆ کاری پڕوپاگەندە هەندێکیمان دەتوانی خزمەتێکی مەزنمان بکات..

قەشە گوتی:

–"ئایا وایبۆدەچی؟ من بڕوایەکی تەواوم بەسیاسەت نییە. بەڵکو من وادەزانم کەلەسیاسەت ناگەم."

ئێرنست وادەزانم لەم کاروبارانەدا وردبوو, پێشنیارەکەی دووپاتنەکردەوە, هەرچەندە ئەو زۆرچاك دەیزانی کەپارتی سۆشیالست بەهۆی پێویستیبوونی بەپارەپوول, خۆی لەچ تەلەزگەیەکدا بینی.

قەشە لەسەر قسەی خۆی بەردەوامبوو:

–"من لەهەندێ ئوتێلی هەرزاندا دەخەوم. بەڵام دەترسم ئەمەش واملێدەکات لەیەك شوێندا زۆر نەمێنمەوە. لەبەر ئەوە لەناو ماڵی کرێکاراندا, لەدوو گەرشەکی جیای گەڕەکانی شار دوو ژوورم بەکرێگرتبوون. بێگومان ئەمەش دەسبڵاوییەکی زۆرە, بەڵام پێویستیشە. من تۆڵەی ئەم دەسبڵاوییە بەشێوەیەکی کەم دەکەمەوە, بەدەستی خۆم خواردن ئامادە دەکەم. ئەگەرچی هەندێ جار بەهەندێ چایخانە

شتێك دەکڕم و قەناعەتی پێدەکەم. گەیشتمە دۆزینەوەیەك کەلەنیوە شەوێکی درەنگدا هەوا سارد دەبێ. قاپەچێشتی تایمایل,[86] زۆر چاکە, هیچ شەرمی تیانییە, بەڵام زۆر گرانە. بەڵام من شوێنێکم دۆزییەوە دەتوانم بەدەسەنت سێ قاپم دەستبکەون, هەرچەندە لەچاکی پوختیدا ناگەنە قاپە چێشتی تری چێشتخانە, بەڵام گەرموگڕییەکی زۆر بەلەش دەبەخشن.

"لاوۆ بەمجۆرە لەئەنجامدا لەم جیهانەدا خۆم بەسایەی تۆوە دۆزییەوە. ئەوە کاری مەسیحی گەورەیە."

سەیریکردم و چاوەکانی دەبریسکانەوە, پاشان گوتی:

–"کاتێ خۆراکم بەبەرخەکان دەدا, منت گرڕدا هەڵبەت ئێوە هەمووتان نهێنییەکەم دەپارێزن."

بەڕادەیەکی زۆربێباکانە دوا. بەڵام ترسێکی راستەقینە لەپشت قسەیەکەیەوە هەبوو, بەڵێنیدا جارێکی تر سەرمان لێبداتەوە. بەڵام ئێمە پاش هەفتەیەك لەرۆژنامەکاندا هەندێ هەواڵی غەمناکمان دەربارەی قەشە مۆرهاوس خوێندەوە کەبۆ نەخۆشخانەی شێتان لە(نابا) راپێچکراوەو ئیتر ئومێدی چاکبوونەوەی لێناکرێ. تەقەلامانـدا چاومان پێبکەوێ و داوا لەکاربەدەستان بکەین کەچاو بەمەسەلەکەیدا بگێڕنەوە, یاخود سەرلەنوێ لێی بکۆڵنەوە, بەڵام بێهوودە بوو هەرئەمەش نا, بەڵکو نەمانتوانی هیچ شتێکی لێوە بزانین, جگە لەوەی بەیانەکان دووپاتیانکردەوە کەهێشتا ئومێدی چاکبوونەوەی هەیە.

ئێرنست بەتفت و تاڵییەوە گوتی:

---

(86) تایمایل Tamale جۆرە خواردنێکی مەکسیکیە زۆرجار لەئەدەبیاتی ئەو چەرخەدا ئاماژەی بۆ کراوە. دەبوایە بەهاراتێکی زۆری پێوە کرابا بۆئامادەکردن و لێنانی, هیچ وەسفەیەکمان لەچۆنییەتی لێنانی ئەو جۆرە چێشتە پێنەگەیشتووە.

www.pertwk.com

–"مەسیح داوای لەلاوە دەوڵەمەندەکە کرد هەرچی هەیەتی بیفرۆشێ، بەوەی مەسیح فەرمانی پێکرد. قەشە راچڵەکی و ئەوەبوو بەرەو نەخۆشخانەی شێتانی برد. لەسەردەمی مەسیحەوە دونیا زۆر گۆڕاوە. ئەو دەوڵەمەندەی لەم رۆژانەدا هەرچی هەیەتی و نیەتی دەیبەخشێتەوە بەکابرایەکی شێتۆکە لەقەڵەمدەدرێ. بواری دەمەقاڵێ یاخود لێکۆڵینەوە نییە. کۆمەڵ حوکمی داوە."

www.pertwk.com

# سیانزەیەم بەش

# مانگرتنی گشتی

www.pertwk.com

# مانگرتنی گشتی

بێگومان, لەئەنجامی ئەو گۆڕانە لەپڕەی بەسەر رای گشتیداهات, بۆ بەرژەوەندیی سۆشیالیزم, لە هاوینی ساڵی 1912دا, ئێرنست بەئەندامی کۆنگرێس هەڵبژێردرا. بەهێزترین فاکتەر کەیارمەتیی قەبەکردنی دەنگە سۆشیالستەکانیدا, لەناوبردنی هێرست[87]بوو. ئەوە بەلای پلۆتۆکراتییەتەوە کارێکی دژوارنەبوو. هێرست لەپێناوی دەرکردنی رۆژنامە هەمەجۆرەکانیدا, هەموو ساڵێ هەژدە ملیۆن دۆلاری خەرجدەکرد, ئەو پارەیەی بەزیادەوە لەرۆڵەکانی چینی مامناوەندی دەساندەوە لەباتی بلاوکردنەوەی بۆ زانین‌و ئاگاداری لەو رۆژنامانەدا, چینی ناوەنجی سەرچاوەی هەموو هێزو توانایبوو.

(87) ولیام راندۆلف هێرست Hearst ملیۆنێرێکی کالیفۆرنی لاوە, لەوەدا سەرکەوت کەببێی بە بەهێزترین خاوەن رۆژنامە لەولاتە یەکگرتووەکاندا. رۆژنامەکانی لەهەموو شارە گەورەکاندا دەردەچوون, جێی رەزامەندیی چینی ناوەنجی بوون‌و بەرەو هەرەسهێنان چوو هەروەها جێی رەزامەندیی پرۆلیتاریاش بوون. ئەوەندە پشتیوانەکانی زۆربوون توانی دەست بەسەر لایەنە بۆشەکەی کۆنە پارتی دیموکراتیدا بگرێت. پایەیەکی ئاسابەدەری داگیرکرد. داوای سۆشیالیزمێکی سەربە جۆرێکی سەیری سەرمایەداری بۆرژوای بچووکی دەکرد. ئەوە لەتەقەلادانی تێکەڵکردنی ئاوو رۆنی دەکرد. هیچ هیوایەکی بەسەرکەوتن نەبوو. هەرچەندە خۆی لەماوەیەکی کورتدا. بەلای پلۆتۆکراتییەتەوە سەرچاوەی ترسێکی گەورەبوو.



بەلام تروستەکان[88] بۆ زانینیان بلاو نەدەکردەوە. بۆ لەناوبردنی هێرست خەڵکەکە لەوە زیاتر پێویستیان پێنەبوو کە بۆ زانین‌و پڕوپاگەندە لێبڕن.

چینی مامناوەندی هێشتا هەمووی لەناو نەچووبوو ئێسکە پەیکەرە پایەدارەکەی مابوو. بەلام بێهێزو بێدەسەلاتبوو. ئەو کەسانەی بەتەمەنبوون لەپیشەسازی بچووك‌و خاوەنە بچووکەکانی کار, بەتەواوەتی ملکەچی پلۆتۆکراتییەتبوون, لەژێر رەحمەتی ئەودا دەژیان, کەسێتییەکی ئابووری, یا سیاسی سەربەخۆیان نەبوو. هەر کە پلۆتۆکراتییەت فەرمانی خۆی دەرکرد, ئەوانیش بۆ زانینەکانی خۆیان نەدا بەهێرست.

هێرست چووە ناو جەنگێکی سەربەرزەوە, لەدەرکردنی رۆژنامەکانیدا بەردەوامبوو, بەرگەی زیانی مانگانەی گرت کەملیۆن‌و نیوێك دۆلار بوو. بێوچان پڕوپاگەندە بلاویدەکردەوە, بێئەوەی داوای هیچ قەرەبوویێك لەخاوەنەکانیان بکات. جارێکی دیکەش پلۆتۆکراتییەت فەرمانی خۆی دەرکرد, پیشەسازەکان بەیادداشت دایانگرت, تیایاندا داوای وەستاندنی بلاوکردنەوەی بۆ زانینە کۆنەکانیان کرد. هێرست سووربوو لەسەر پەیڕەوکردنی ئەو نەخشەیەی بۆ خۆی کێشابووی. هۆشداری دوای هۆشداریی درایە. لەگەڵ ئەوەشدا هێرست لەسەر بلاوکردنەوەی بۆ زانینەکان بەردەوامبوو. لەبەر بایەخنەدان بەدەسەلاتی دادگەکەو یاخیبوون لەهۆشدارکراوەکانی شەش مانگ حوکمی بەندکردنی بەسەردادرا. کەچی لەڕێگەی ئەو داوا زۆرانەی زیانلێکەوتن‌و لەکاربوون کەلەسەری تۆمار کرابوون فڕێدرایە دۆزەخ‌و چاڵی نابووتی چ ئومێدێکی بەژیان

(88) لەو رۆژانەدا کەچاك‌و خراپ تێکەڵبووبوون زۆر بوو, سەرمایەدارە بچووکەکان تەنیا هەر خۆیانبوون هۆیەکانی بەربەرەکانێیان بەدەستەوەبوون. لەبەرئەوە لەرۆژنامەکان‌و هی دیکەدا بلاویاندەکردنەوە. ئەگەر لەتروست لەئارادابایە, هیچ بەربەرەکانییەك نەبوو. سەیر نییە ئەگەر تروستەکان خۆیان ببینن پێویستیان بە پڕوپاگەندە نییە.

www.pertwk.com

نەما. پلۆتۆکراتییەت حوکمی خۆی بەسەردا دا. دادگەکان لەناو دەستی پلۆتۆکراتییەتدا بووکە شووشە بوون. ئامادەبوون ئەم حوکمە جێبەجێکەن. لەگەڵ هەرەسهێنانی هێرستدا حیزبی دیموکراتیش کەئەو ڕۆژنامەنووسە ماوەیەکی کەم دەسەڵاتی بەسەرداگرت, هەرەسیهێنا.

بەوردو خاشبوونی هێرستو پارتی دیموکرات لەبەردەم پشتیوانەکانیدا تەنیا دوو ڕێگە مایەوە: بچنە ریزی پارتی سۆشیالست, یاخود بچنە ریزی پارتی کۆماری. بەم شێوەیە ئێمەی سۆشیالست بەروبوومی سۆشیالیزمی ساختەی (هێرست)مان چنییەوە, چونکە زۆربەی زۆری ئەوانەی سەر بەئەو بوون هاتنە ریزی ئێمەوە:

خۆ دەبوایە موڵکییەت لەدەست جووتیاران دەربهێنرێ. ئەوەش لەو ماوەیەدا پێکهاتو ببێتەهۆی زۆربوونی ئەو دەنگانەی کەئێمە لەهەڵبژاردندا بەدەستمانهێنابوون, ئەگەر سەرهەڵدانی کورتی بێسوودی پارتیی گراینج نەبا. ئێرنستو پیشەوا سۆشیالستەکان خەباتێکی بەتەوژمیان کرد لەپێناوی راکێشانی وەرزێرەکاندا بۆ ریزەکانیان, بەڵام لەناوبردنی ڕۆژنامە سۆشیالستەکانو دەزگا سۆشیالستەکانی بڵاوکردنەوە تەگەرەیەکی گەورەو ڕێگربوو لەبەردەم پیادەکردنی کەچی پڕوپاگندەیەکی زارەکی هێشتا نەگەیشتبووە ئاستی تەواو. ئەمەش وایکرد کە رامیاری وەك مستەر کالفین کە خۆیان وەرزێر بوونو زۆر لەمێژبوو موڵکییەتی زەویو زاریان لێسەنرابوو وای لێکردن کەبتوانن وەرزێرەکان بۆ ریزی خۆیان راکێشنو هێزی رامیاریی خۆیان بخەنە هەڵمەتێکی بێسوودەوە.

ڕۆژێکیان ئێرنست بەپێکەنینێکی دڵڕەقانەوە گوتی:

–"ئای لەو وەرزێرە بەستەزمانانە! تروستەکان خۆیان بەتەنیا شەقشەقێنیان پێدەکەن."



بەڕاستی ئەوە بارودۆخەکەبوو, چونکە حەوت تروستەکە هاوکارەکە لەمەیدانی کاردا, لەزێدە زۆرەکانیان سندووقێکی یەکگرتوویان دامەزراندو تروستی کشتوکاڵییان دامەزراند. زۆر لەمێژە خاوەنانی خەتی شەمەندەفەر, کەبەسەر نرخی گواستنەوەدا زاڵنو خاوەن بانکەکانو قومارچییانی بۆرصەی دەست بەسەرداگرتووی پشکەکان زەبر لەوەرزێران دەدەنو دەیانخەنە رژێمو باری قەرزاریی تەنگەتاوەوە. خاوەن بانکەکانو ئەوانەی دەستیان بەسەر هەموو تروستەکانداگرتووە, جارێکی دی پارەیەکی زۆریان بەپێشەکی دایە وەرزێرەکان. بەمجۆرە وەرزێرەکان بەتەڵەوەبوون. چ نەمابوو بۆ لەناوبردنیان تەنیا راکێشانی داوی تۆڕەکەو توندکردنی نەبێ. تروستە کشتوکاڵییەکان دەستیان بەمەکرد.

قەیرانی ساڵی 1912 بووەهۆی دابەزینێکی ترسناکانەی نرخی بەرهەمی کشتوکاڵی. ئێستا نرخەکان بەئەنقەست, تارادەی نابووتی گوشراون. کەچی هێڵەکانی شەمەندەفەر بەنرخی چاوچنۆکانەیان پشتی وەرزێرەکانیان شکاند. بەمشێوەیە وەرزێرەکان ناچاربوون زۆر زیاتر قەردبکەن. ئەوەش وایکرد قەردە کۆنەکانیان پێنەدرێنەوە. ئەوەش لێسەندنەوەی موڵکییەتی بارمتەی بەدواداهات بەشێوەیەکی فراوانو بەزۆرەملێ ناچارکردنی قەردارەکان بەدانی کۆمپیالە کات داهاتووەکان, ئینجا وەرزێرەکان زەوییان بۆ تروستی کشتوکاڵی بەجێهێشت. ئایا لەوە زیاتر چییان پێدەکرا؟ تەنانەت ئەگەر وازیان لەزەویو زار هێنا بەخزمەتی تروست بگەنو ببن بە بەڕێوەبەرو چاودێر, چاودێری کرێکارانو کرێکاری ئاسایی. بەمووچە کاریان کرد. بەکرێیەك پێی بژین بوونە کۆیلەو بەندەی بەزەوییەوە بەستراو.

نەیاندەتوانی لەگەورەکانیان جیاببنەوە. چونکە گەورەکانیان پلۆتۆکراتییەتیان پێکدەهێنا, نەشیاندەتوانی رووبکەنە شار. چونکە پلۆتۆکراتییەت لەوێشدا خاوەن وشەی باڵابوون, تەنیا ڕێگایەکیان لەپێشبوو:–

www.pertwk.com

لەزەوی بارکەن‌و ئاوارەبن. والێرەدا تووشی بێدەرەتانی یاسای توندو تیژیان داناو یەکجار دڵڕەقانە جێبەجێیانکرد.

پێویستناکات ئەوە بڵێین, کە هەندێ کشتکار, بگرە چەند کۆمەڵێکی تەواو لەکشتکاران لێرەو لەوێ لەسایەی چەند بارێکی نائاسایی تایبەتییەوە, توانییان لەسەر زەوییەکانی خۆیان بمێننەوەو لەمەترسیی لەچنگدەرهێنانی موڵکداری بیانپارێزن. بەڵام کەمینەکی پەرشوبڵاوبوون, نەپێشکەوتن‌و نەدواکەوتن. بەهەرحاڵ هەندەی نەبرد لەساڵی داهاتوودا پلۆتۆکراتییەت ریزە پەرشو بڵاوەکانیان گرد کردنەوەو لەناویبردن.(89)-

بەمجۆرە پێشەوا سۆشیالستەکان, جگە لەوەی ئێرنست, لەپاییزی 1912دا ئەوەیان سەلماند کە کۆتایی سەرمایەداری نزیکبۆتەوە, لەڕاستیدا قەیرانی

(89) لەناوبردنی موڵکدارە بچووکەکانی زەویزار لەسەردەمی رۆمانییەکاندا بەوخێراییە پێکنەهات کەلەناوبردنی کشتکاران‌و سەرمایەدارە بچووکە ئەمەریکییەکان پێکهات. لەسەدەی بیستەمدا تەوژمێك هەبوو Momentum, کەچی لەڕۆمای کۆندا شتێکی لەو بابەتە نەبوو.

لەڕاستیدا ژمارەی ئەو کشتکارانەی, کە ئارەزوویەکی بەهەڵپەی خاکیان هەبوو, لەگەڵ ئەوانەی ویستیان وانیشادەن کەدەتوانن لەکاتی پێویستدا هەڵبگەڕێنەوەو ببنە جانەوەری دڕندە, تەقەلایاندا لەچنگ دەرهێنانی موڵکایەتی دەربازبن بەنەکردنی هەر سەودایەکی بازاڕی, بێزیاننەهات هیچ شتێ بفرۆشن‌و هیچ شتێبکڕن. لەناو خۆیانا. لەوەدا بەرگەی نەبوونییەکی ترسناك‌و دژوارییەکی سامناکیانگرت. بەڵام سەر سەختانە لەسەر ئەم رێبازە بەردەوامبوون‌و کارەکەیان بووە بزوتنەوەیەکی خاوەن هێزو تین‌و توانا. بەڕاستی ئەو رێگەیەی پێی تێکوپێك شکێنران تاك‌و مەنتیقی‌و سانابوو. چونکە پلۆتۆکراتییەت, لەسایەی دەسەڵاتیدا بەسەر میریدا, پەنایبردە بەر زۆرکردنی باج, ئەوەش خاڵی بێهێزیبوو لەقەڵغان‌و زریکانیاندا. دوای ئەوەی کڕین‌و فرۆشتنیان نەکرد, زۆر پێویستییان بەپارەوپوول بوو, لەئەنجامدا ناچاربوون, زەوییەکانیان بفرۆشن بۆئەوەی باج بدەنە میری.



ئابووریی تیژو ئەو بێکارییە ترسناکەی لەئەنجامی ئەودا سەریهەڵدا, ئەو زەبرە گورچکبڕەی بەرکشتکارو چینی مامناوەندی کەوت, ئەو بەزینە دابڕەی تووشی یەکێتیی کرێکاران بەهەموو مەیدانێکدا بوو, هەموو ئەوانە پاساوی بڕوای سۆشیالستەکان دەداتەوە کەئەستێرەی سەرمایەداری دەستیکردووە بەئاوابوون, بەمەیدانخوازی‌و بەکەمزانینیان دەسکێشەکانیان بەدەموچاویدا دەدەن.

هەی بەداخەوە کەسۆشیالستەکان هێزی دوژمنیان زۆر بەکەمزانی! لەهەموو شوێنێکدا جاڕیاندا کەئەوان دەبێ لەهەڵبژاردندا بیبەنەوە, بەگوزارەی ئاشکراو روون دەستیانکرد بەشیکردنەوەی بارودۆخەکە. پلۆتۆکراتییەت بەچاك هەڵسەنگاندنی رووداوەکان‌و تەرازووبەندکردنیان, لەڕێگەی پەرشوبڵاوکردنەوەی هێزەکەمانەوە ئێمەی بەزاند. پلۆتۆکراتییەتبوو, بەهۆی بەکرێگیراوە نهێنییەکانیەوە ئەو جاڕیدا کەسۆشیالیزم خوانەناسەو. پلۆتۆکراتییەتبوو کە کڵێساکانی هێنانە مەیدان, بەتایبەتی کڵێسای کاتۆلیکی‌و بەشێك لەدەنگەکانی هەڵبژاردنی کرێکارانی لێدزیین, هەڵبەتە پلۆتۆکراتییەتبوو کەبەهۆی نۆکەرە نهێنییەکانییەوە هانی حیزبی (گرایخ)ی دا, تەنانەت تاناوشارو ناوەندییەکانی چینی ناوەنجیی گیانەلا تاڵەکانی رایەڵکردن.

هەرچۆنێکبێ, رای گشتی روویکردە رێبازی سۆشیالیزم, بەڵام لەجیاتی ئەوەی سەرکەوتنێکی راماڵمان دەسگیربێ‌و لەهەموو ئەنجوومەنەکانی یاسادانانددا زۆرینەمان پێببەخشێ, لەو ئەنجوومەنانەدا خۆمان بەکەمینە بینییەوە. راستە ئێمە پەنجا نوێنەرمان بوونە ئەندامی کۆنگرێس, بەڵام هەر کەلەبەهاری ساڵی 1913دا لەسەر کورسییەکانی کۆنگرێس دانیشتن, خۆیان دیت لەهەموو هێزێك دابڕاون. لەگەڵ ئەوەشدا بەشیان لەنوێنەرانی حیزبی گراینج باشتربوو, کەدەسەڵاتیان بەسەر دەرزەنێك لەحکومەتەکانی ولایەتەکاندا هەبێ. ئەوانەی لەبەهاردا رێیان پێنەدرا ئەو پلەو پایانەیان پێبدرێن کە گرتبوونیاننەدەست. داگیرکەرانی ئەو پلەو پایانە نەیانویست بەجێیانبهێڵن, دادگەکان لەدەست

www.pertwk.com

**ئۆلیگارکییەتدابوون. بەڵام لەوکاتەدا من زیاتر لەپێویست لەرووداوەکان تێپەڕمکرد. دەبیٚ من بەرلەوە لەو رۆژە وروژێنانە بدوێم کەلەزستانی ساڵی 1912دا دیمانن.**

**ئەو قەیرانەی کەوڵات بەخۆیەوە دی, بووەهۆی ناتەواوییەکی زۆر لەبەکاربردن, چونکە کرێکاران, لەکارگەکان دەرکران. کرێیان نەبوو کەلوپەلێکی ئەوتۆی پێبکڕن. لەئەنجامی ئەمەدا, پلۆتۆکراتییەت زێدەیەکی مەزنتری لەناودەستی خۆیدا دیت. ئەم زێدەیە وای لەپلۆتۆکراتییەت کرد بەناردنی بۆدەرەوەی سنوور لێی دەرباز بێتو بەهۆی پلانو نەخشە بێشوومارەکانیەوە پلۆتۆکراتییەت پێویستی بەپارەوپوولبوو, بەهۆی ئەو تەقەلا مەزنانەوە کەدابوونی بۆ دەربازبوون لەو زێدەیە لەبازاڕی جیهانی یەخەگیری ئەڵمانیا بوو, دیاردەیەکی ئاساییبوو, خۆلێدانو یەخەگیربوونی ئابووری, جەنگی بەدوادا دەهات, یەخەگیربوونی پلۆتۆکراتییەت لەگەڵ ئەڵمانیای خوای شەڕدا کە خۆی ئامادەکردبوو بۆ شەڕ, ئاسابەدەرنەبوو, وڵاتە یەکگرتووەکانیش خۆی ئامادەکرد بۆ شەڕ.**

**پەڵە هەورێکی رەشی شوومی شەڕ ئاسمانی تەنی. شانۆ بۆکارەساتێکی جیهانی سازکرا. لەهەرناوچەییێك لەناوچەکانی جیهاندا قەیرانی ئابووری, شڵەژانی کرێکاری, چینی ناوەنجیی لەگەڵیاندا, سوپای بێکاران, پێکدادانی نێوان بەرژەوەندیی ئابووری لەبازاڕەکانی جیهانداو مڕاندنو هاتوهاوار لەمەڕ شۆڕشی سۆشیالستی لەئارادابوو.**[90]

---

(90) **ئەم هاتو هاوارو گرمە گرمە دەمێکە دەبیستریٚ. لەساڵی (1906)دا لۆرد ئێڤبۆری کەئینگلیزە, لەئەنجوومەنی لۆرداندا گوتی: ((ئەو مانگرتنانەی لەئەوروپا بەرپابوون, بڵاوبوونەوەی سۆشیالیزمو سەرهەڵدانی گێرەشێوێنیی دژوار ئاگادارکردنەوەیە بۆ حکومەتەکانو چینە کاربەدەستەکان, کە بارودۆخی چینی کرێکاران لەئەوروپادا وای لێهاتووە بەرگە ناگیریٚ, ئەگەر ئێمە بمانەویٚ خۆ لەشۆڕش بەدووربگرین, پێویستە**



**لەبەر دەرزەنێك هۆ ئۆلیگارکییەت ویستی دژی ئەڵمانیا بجەنگیٚ, ئەو رووداوانەی کەشیاوی ئەوەبوون ببنە هۆی داگیرساندنی جەنگ, ئەم لەدابەشکردنەوەی کاغەزی یاریی نێودەوڵەتو بەستنی کۆمەڵێك پەیمانو, هاوپەیمانییەتی نویٚ, ئۆلیگارکییەت لەبەردەمی خۆیدا مەودای فراوانی قازانجکردنی بەدیدەکرد, لەبەرئەمە, شەڕ شایستەی ئەوەیە کەزۆر لەزێدەی نیشتمانی بەکاربەرێتو ئەو سوپا بێئیشو کارانەی پێشتر هەڕەشەیان لەهەموو وڵاتانی جیهان دەکرد کەمیانبکاتەوە, دەرفەتێك بە ئۆلیڤارکییەت ببەخشیٚ تیایا هەناسەبداتو پلانەکانی تەواوبکاتو جێبەجێیانبکات. شەڕێکی ئاوا دەتوانیٚ وا لەئۆلیگارکییەت بکات دەسەڵاتی تەواو بەسەر بازاڕی جیهانیدا بسەپێنیٚ. هەر تەنیا ئەمەش نا, بەڵکو شەڕێکی ئاوا دەتوانیٚ سوپایەکی نیزامی گەورە دروستبکات کەپێویست بە هەڵوەشاندنەوەی نەکات, لەکاتێکا لەمێشکی خەڵکدا**

---

**لەسەرمان هەندیٚ هەنگاو بهاوین لەپێناو زیادکردنی کریٚو کەمکردنەوەی سەعاتی ئیشکردنو هێنانە خوارەوەی نرخی کەرەسەی پێویستی ژیان.)) لەسەر دوانەکەی لۆرد ئێڤبۆرد رۆژنامەی "وۆڵ ستریت جۆرناڵ" کەرۆژنامەییێکە تاقمێك لەقومارچییان بەپشکەدارایییەکان تەعلیقێکیدا, کەئەمە دەقەکەیەتی: "ئەم قسانەی پیاوێکی ئۆرۆستۆکراتیو ئەندام لەخۆ پارێزترین ئەنجومەنی یاسادانان لەهەموو ئەوروپادا گووتی, بەنرخو گرنگی زیاد دەکەن. ئابوورییەکی سیاسی بەنرختریان تیایە لەوەی کەپیاو چاوەڕوانیدەکات لەزۆربەی کتێباندا بەرچاوبکەویٚ. ئەوە واخۆی دەنوێنیٚ وەك بڵێی ئاگادارکردنەوەیە. هۆپیاوانی هەردوو وەزراەتی جەنگو دەریاوانی, ئاگاداربن! ئاگادار! "لەهەمان کاتدا سیدنی برۆکز, لەئەمەریکا وتارێکی لەگۆڤاری "هار بزرویکی"دا نووسی تیایدا گوتی: "ئێوە لەواشنتن هیچ شتێك لەمەڕ سۆشیالیزمەکان نابیسن؟ لەم وڵاتەدا پیاوانی سیاسەت هەمیشە, دواکەسن کەژێر لووتی خۆیان دەبینن, ئەوان گاڵتە بەمن دەکەن کەپێشبینیدەکەم, بەگەورەترین پلەی باوەڕ, کە سۆشیالستەکان, لەهەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆکایەتیدا بەزیاتر لە دووسەد دەنگ دەردەچن."**

www.pertwk.com

دروشمی "ئەمەریکا دژی ئەڵمانیایە" جێگەی دروشمی "سۆشیالیزم دژی ئۆلیڤارکییەتە" دەگرێتەوە.

لەڕاستیدا دەبوایە شەڕ هەموو ئەوشتانە بکات ئەگەر سۆشیالستەکان نەبان. کۆبوونەوەیەکی نهێنی بۆ پێشەوا رۆژئاواییەکان لەماڵە بچووکەکەی ئێمەدا کرا کەوتبووە شەقامی بێڵ‌و لەچوار ژوور پێکهاتبوو. پێشەواکان لەو هەڵوێستەیان کۆڵییەوە کەدەڵێ سۆشیالستەکان بینوێنن. یەکەم جارنەبوو شەڕ بخەینە ژێرپێ.[91] یەکەمجار بوو ئەوەمان لەولاتە یەکگرتووەکاندا کرد, پاش کۆبوونەوەی نهێنیمان پەیوەندیان بەڕێکخراوی نیشتمانییەوە کردو هەرزوو بروسکە ناردراوەکانمان بەشیفرە لەڕێگەی ئەتڵەسییەوە, لەنێوان ئێمەو مەکتەبی نێودەوڵەتیدا ئاڵوگۆڕ دەکران.

سۆشیالستە ئەڵمانەکان ئامادەبوون کەهاوکاریمان بەگەڵدا بکەن, ژمارەیا لەپێنج ملیۆن پتربوو, زۆریان لەسوپای نیزامیدا خاوەن پایەبوون. بۆئەوە, پەیوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ یەکێتییەکانی کرێکاراندا هەبوو, لەهەردوو وڵاتدا سۆشیالستەکان ئازایانەو ئاشکرا دژی شەڕ دەدوان, هەڕەشەی جاڕدانی مانگرتنی گشتییانکرد, لەو ماوەیەدا خۆیان ئامادەکرد بۆ مانگرتنی گشتی. هەر

(91) لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا رێکخراوی نێودەوڵەتیی سۆشیالستەکان, لەئەنجامدا پاش گەلاڵەبوونێکی دوورودرێژ هەڵوێستی خۆی لەمەڕ جەنگ داڕشت. پوختەی ئەم هەڵوێستە ئەم وشانەیە: "لەبەرچی بۆ سوودی ئاغا سەرمایەدارەکانیان کرێکارانی وڵاتێك کوشتار لەکرێکارانی وڵاتێکی دیکە دەکەن؟"
لە21ی ئایاری ساڵی 1905دا کەخەریکبوو شەڕ لەنێوان نەمساو ئیتاڵیادا دابگیرسێ, سۆشیالستەکانی ئیتاڵیاو نەمساو هەنگاریا کۆنگرەیەکیان لەتریێستا بەست, هەڕەشەیان کرد ئەگەر بێتو شەڕ جاڕ بدرێ لەهەردوو وڵاتدا مانگرتنێکی گشتیی کرێکاران جاڕ دەدرێ. لەساڵی داهاتووشدا ئەمە دووپاتکرایەوە کەخەریکبوو (کێشەی مەراکیش) فەڕەنساو ئەڵمانیاو ئینگلیستان تووشی شەڕێکی سەخت‌و دژاوار بکات.



تەنیا ئەمەش نا. بگرە پارتە شۆڕشگێڕەکان لەهەموو وڵاتدا وابەستەیی خۆیان بە بیروباوەڕی سۆشیالستەوە ئاشکراکرد, کەداوای ئاشتی جیهانی دەکرد, کە لەسەر شۆڕشگێڕان پێویستە بیپارێزن‌و بەرگری لێبکەن, گەرچی ئەوە ناچاریانبکات یاخیبن‌و شۆڕش بەرپابکەن.

مانگرتنی گشتی تەنیا سەرکەوتنی گەورەبوو کەئێمەی سۆشیالستە ئەمریکییەکان دەسگیرمانبوو, لەچوارەم رۆژی کانوونی یەکەمدا باڵوێزی ئەمەریکا لەپایتەختی ئەڵمانیا کێشرایەوە. ئەوشەوە کەشتیگەلی ئەڵمانی هێرشی بردەسەر هۆنۆلۆو سێ کەشتی جەنگیی ئەمەریکاییو بەلەمێکی چەکداری لەبەلەمەکانی ئێشکگرانی کەنار نقومکردن‌و شاری تۆپبارانکرد. بۆ رۆژی دووەم هەریەك لەئەڵمانیاو وڵاتە یەکگرتووەکان جاڕی شەڕیاندا. سەعاتێك بەسەر ئەمەدا رانەبورد کە سۆشیالستەکان لەهەردوو وڵاتدا مانگرتنی گشتییان راگەیاند.

بۆ یەکەمجار خوای شەڕی ئەڵمانی رووبەڕووی پیاوانی گورگەلانی ئیمپراتۆریەتەکەی بووەوە کەگیانی ئەو ئیمپراتۆریەتە جڵەوکراوبوون. ئەو نەیدەتوانی بێئەوان ئیمپراتۆریەتەکەی بەساغیو هێزداری بپارێزێ, رووی نوێی هەڵوێست لەوەدابوو کەئەم شۆڕشەیان نێگەتڤانەبوو. ئەوان شەڕیاننەکرد. ئەوان هیچ شتێکیان نەکردو, بەخۆکێشانەوەیان لەکردنی هیچ کارێك هەردوو دەستەکانی خوای شەڕی ئەڵمانیایان بەپەتێکی توند بەستەوە. لێرەدا ئەم خوایە هەلە زێڕینەکەی هاتەدی بۆئەوەی "سەگەکانی شەڕەکەی" بەربداتە جەماوەری گەلە شۆڕشگێڕەکەی. بەڵام لەم خۆشییە بێبەشکرا.

نەیتوانی "سەگەکانی شەڕەکەی" بەرەڵڵا بکات‌و پێینەکرا سوپاکەی ئامادەبکات بۆ هەڵچوون لەم شەڕەدا. هەر ئەمەش نا, بەڵکو نەیتوانی خەڵکە یاخیبووەکەی خۆیشی سزابدات. تاکە شەمەندەفەرێکیش رانەکێشراو تاکە بروسکەیەك لێنەدرا. چونکە کرێکارانی تەلگراف‌و شەمەندەفەر دەستیان لەئیش هەڵگرت, هاوکارییان لەگەڵ رۆڵەکانی دیکەی گەلداکرد.

www.pertwk.com

ئەوەی لەئەڵمانیا روویدا, لەولاتە یەکگرتووەکانیش روویدا. لەئەنجامدا بزوتنەوەی رێکوپێکی کرێکاران پەندی لەئەزموونە دژوارەکانی وەرگرت. پاشئەوەی لەو مەیدانەی خۆی هەڵبژاردو بەتەواوەتی بەزێنرا, ئەو مەیدانەی چۆڵکردو روویکردە مەیدانی رامیاریی سۆشیالستەکان. چونکە مانگرتنە گشتییەکە, مانگرتنێکی رامیارییبوو, لەبەرئەوە ئەو زەبرەی لەبزوتنەوەی رێکوپێکی کرێکاران درا بەجۆرێك بەتەوژمبوو. وایکرد واز لە هەموو یەدەکیو سڵەمینەوەیەك بێنیٚ. تەنها هەر لەبەر نائومێدی بوو. لەمانگرتنی گشتیدا بەشداربوو. بەمجۆرە کرێکاران دەستیانکرد بەلاوەنانی ئامێرەکیانیانو بەملیۆنان کرێکار کارەکانیان بەجێهێشت. بەتایبەتی هەڵوێستی میکانیکییەکان جێگەی سەرسامبوونو رێزلێنانبوو. سەرۆکەکانیان دڵڕەقو تینووی خوێنبوون, رێکخراوەکەیان بەشێوەیەکی بەرچاو وردە خاشکرا. لەگەڵ ئەوەشدا خۆیانو هاوپەیمانەکانیان لەپیشەسازیی کانزاییدا هاتنەلای ئێمە.

تەنانەت کرێکارە ئاساییەکانو کرێکارانی دیکە کەنەهاتبوونە ژێر ئالاّی خودی رێکخراوەکان مانیانگرت. مانگرتنەکە هەمووشتێکی بەستەوە بەجۆریٚ هەموو کەس دەستەوەستانبوو. لەبەرئەمە. ئافرەتان سەلماندیان بەهێزترین پشتیوانی مانگرتنو پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن. بەتوندی بەرهەڵستی شەڕیان کرد. ئەوان نەیانویست هاوسەرەکانیان بەرەو گۆڕەپانی مەرگ بچن. پاشان بیرۆکەی مانگرتنی گشتی بەسەر هەستو سۆزی خەڵکدا زاڵبوو. هەستی پڕوپاگەندەم تێدابەدیکردن. بیرۆکەکە تەشەنەیکرد. هەر ئەوەندەت دەزانی منداڵان لەهەموو قوتابخانەکاندا مانیاندەگرتو کۆمەڵێك لەمامۆستایان, ئەوانەی لەکارنەوەستانیان پێباشتربوو, چۆن هاتن واگەڕانەوە, دوای ئەوە خۆیان دیت دەچنە ژووری چۆڵو هۆڵی دەرسگوتنەوەوە. مانگرتنی گشتی شێوەی سەیرانێکی گەورەی نیشتمانیی بەخۆوە گرت, بیرۆکەی هاوکاریی کرێکاران, کەبەمجۆرە راستو دروستی خۆی چەسپاند, بەخەیاڵو خولیای سەرجەمی



خەڵك پەسەندبوو. ئیتر ترس لەچ مەترسییەك کەلەم "رووخۆشی"یەی بەکۆمەڵی بێشومارەوە سەری هەڵدەدا نەبوو. چونکە چار چییە بۆ سزادانی هەرکەسێك کەلەهەموو کەسێك تاوانبار تر دەبیٚ.؟

ولاّتە یەکگرتووەکان تووشی ئیفلیجی بوو, کەس نەیدەزانی چ روودەدات. نە رۆژنامە هەبوون, نە نامەو نەبروسکە. هەر کۆمەڵە خەڵکێك, لەهەر ولاّتو ناوچەیەکدا, بەتەواوی دوورە پەرێز دەژیان, وەك بڵێی دەهەزار میل لەچۆڵەوانیی سەرەتایی نێوانیو نێوان جیهانی دی جیادەکردەوە –لەم لایەنەوە– جیهان هەر نەبوو. ئەم بارودۆخە هەفتەیەکی خایاند.

ئێمە لەسانفرانسیسکۆ نەمانزانی چ لەئارادایە تەنانەت لەڕێگەی ناوکەندیشەوە لەئۆکلاّند یاخود بێرکلی کاریگەریی ئەوە بەگشتی لەدەرروونی خەڵکدا بووەهۆی دڵگوشین. وای دەستپێکرد وەك بڵێی شتێکی گەردوونیی Cosmic زل مردووەو دڵی ولاّت لەلێدان کەوتووە. لەڕاستیدا ولاّت گشتی مرد, نەگالیسکە هەبوو لەڕێگەو بانەکاندا تەقەتەقیانبیٚ, نەفیکەی کارگەران, نەگیزە گیزی کارەبا لەئاسماندا, نەدەرپەڕینی ئۆتۆمۆبیل لەشەقامەکانداو, نەهاتوهاواری رۆژنامەفرۆشان هەبوون, جگە لەچەند کەسٚك بەیناوبەین بەشەقامەکاندا گوزەریاندەکرد, وەك بڵێی تارمایی گومانلێکراون, ئەوانیش دڵیان پەستبوو, ماتیو بێدەنگی کردبوونی بەزیندەوەری نیمچە خیاڵی.

لەماوەی ئەو هەفتە بێدەنگییەدا ئۆلیگارکییەت دەرسێکی سەختی وەرگرت. ئەم دەرسەشی چاك ئەزبەرکرد. مانگرتنە گشتییەکە ئاگادارکردنەوە بوو, دەبوایە جارێکی دیکە روو نەداتەوە. ئەوەیە کەئۆلیگارکییەت لەسەری سوورەو تەقەلای بۆدەدا. لەکۆتایی هەفتەکەدا کرێکارانی تەلگراف, لەئەڵمانیاو ولاّتە یەکگرتووەکان بەپێی رێکخستنی پێشوو, گەڕانەوە سەر کاروباری خۆیانو بەهۆی ئەوانەوە پێشەوا سۆشیالستەکان لەهەردوو ولاّتدا ئاگادارکردنەوەیان

www.pertwk.com

پێشکەش بەکاربەدەستانکرد. لەسەر کاربەدەستان پێویستە کەفەرمان بەراوەستاندنی شەڕ، دەرکەن، ئەگینا مانگرتنی گشتی بەردەوامدەبێ.

هەر زوو هەردوو لاڕێککەوتن. هەردوو حکومەت بەیانی شەڕ وەستانیان دەرکردو، گەلی هەردوو وڵات دەستیان بەکاروباری خۆیانکردەوە.

ژیاندنەوەی ئەم ئاشتییە بوو کەبووەهۆی پەیمانبەستنی ئەڵمانیاو ئەمەریکا (وڵاتە یەکگرتووەکان)لەڕاستیدا ئەم هاوپەیمانییە لەنێوان ئیمپراتۆرو ئۆلیگارکییەتدا بەمەبەستی رووبەڕووبوونەوەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕی لەهەردوو وڵاتدا بەسترا. ئەم هاوپەیمانییە ئۆلیگارکییەت بەستەمێکی زۆرەوە هەڵیوەشاندەوە، ئەمەش پاش ئەوەی سۆشیالستە ئەڵمانەکان راپەڕینو ئیمپراتۆریان لەسەرتەخت هێنایە خوارەوە. ئەوە هەمان شتبوو کە ئۆلیگارکییەت تەقەلای بۆدا: تێکشکانی بەر بەریکارە گەورەکەی لەبازاڕی جیهانیدا، بەلادانی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا لەسەر رێگا، ئەڵمانیا زێدەی لانامێنێ کەلەدەرەوەی سنوور بیفرۆشێ. چونکە ئەو حەلە گەلی ئەڵمانی بەحوکمی دەوڵەتی سۆشیالستی خۆی، هەرچی دەیهێنێتە بەرهەم، بەکاریدەبات.راستە ئەڵمانیا لەمڕۆوە پەنا دەباتە بەر ناردنە دەرەوەی هەندێ لەوشتانەی دەینهێنێتە بەرهەم بەرامبەر چەند شتێ نایانهێنێتە بەرهەم، بەڵام ئەمە شتێکەو، زێدەی بەکارنەبراو بەتەواوەتی شتێکی جیایە.

کەخەڵك بەناپاکیی ئۆلیگارکییەتی زانی بەرانبەر بە ئیمپراتۆری ئەڵمانیا، ئێرنست گوتی:

–"من گرەوتان لەگەڵ دەکەم کەئۆلیگارکییەت پاکانە بۆ خۆی ناکات، وادەزانێ بەپێی رەوشی باوی خۆی رێگەیەکی راستی گرتۆتەبەر."

بۆچوونەکەی ئێرنست راست دەرچوو، ئۆلیگارکییەت بەرانبەر رای گشتی بەرگری لەخۆی کرد، گوایە ئەو هەڵوێستەی لەپێناو گەلی ئەمەریکادا نواندووە کە ئەو سوورە لەسەر بەرژەوەندییەکانی، کەملیۆزمە ئێشکگرانەکەی لەبازاڕی



جیهانیدا دەرپەڕاندو وای لەئێمەکرد بتوانین لەزێدەی بەرهەممان لەو بازاڕانەدا دەربازبین.

بۆ بەدوواداچوون لەسەرئەوە ئێرنست گوتی:

–"شێوەی گەوجیی و حەپەحەپی لەگشت ئەمەدا ئەوەیە کەئێمە ئەوەندە بێدەسەڵاتو بێکارەین کە رێگە بەو گێلانە دەدەین کەچارەنووسو بەرژەوەندیی ئێمەیان لەدەستدان.

وایان لێکردین کەلەو دیوی دەریاکانەوە، بتوانین چەردەیەکی زیاتر لەبەرهەممان بفرۆشین، ئەمەش واتای وایە کەئێمە لەوڵاتی خۆماندا ناچاردەبین چەردەیەکی لەوەکەمتر بەکار بەرین."

www.pertwk.com

# چواردەیەم بەش

# سەرەتای کۆتایی

www.pertwk.com

## سەرەتای کۆتایی

لەکانوونی دووەمی 1913ەوە. ئێرنست ڕێبازی زانستی شتەکانی بەدیکرد, بەڵام نەیتوانی والەبراپێشەوا سۆشیالستەکانی بکات ئەو وێنەیەی پاژنەی ئاسنین کەلەمێشکی ئەودا کێشرابوو ببینن. زیاتر لەپێویست متمانەیان بەخۆیان دەکرد. ڕووداوەکان بەهەڵمەتێکی بەپەلەی بەرەو لوتکە بەدوای یەکا دەهاتن. درێژەی ئەوەش ئەوەیە کەجیهان ڕووبەڕووی قەیرانێکی ترسناکبۆوە, ئۆلیگارکییەتی ئەمەریکی, بەکردەوە, بازاڕی جیهانی خستەژێر دەسەڵاتی خۆیەوە, بەدەیان وڵات لەو بازاڕانە دەرکران و بوون بەژێر قورسایی زێدەی بەکارنەبراوو ساغنەکراوەو. ئەو ولاتانە تەنیا یەك ڕێگەیان لەبەردەمدا ماوە: ژیانی ئابووریی خۆیان ڕێکبخەنەوە. چونکە ئەو توانایەی نەما لەسەر شێوازە کۆنەکەی بەردەوامبێ لەوەبەرهەمهێنانی زێدەی بەکارنەبراودا. ڕژێمی سەرمایەداری, ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندیی بەوانەوە هەیە, هەرەسێکی نائومێدانەی هێنا.

ڕێکخستنەوەی ئەم وڵاتانە شێوەی شۆڕشی وەرگرت: سەردەمی ئاژاوەو توندوتیژیبوو. لەهەموو شوێنێك دەزگاو حکومەتەکان دەڕمان. لەهەموو شوێنێ, دوو سێ وڵات نەبن ئاغا سەرمایەدارەکانی پێشوو لەپێناوی پاراستنی موڵك وماڵیاندا بەسەختی جەنگان, بەڵام پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ جڵەوی حکومەتەکانی لەدەس دەرهێنان. لەئەنجامدا قسە نەستەقەکەی کارل مارکس هاتەدی: "کەزەنگی مەرگ لێدەدرێ مەرگی موڵکییەتی تایبەتیی سەرمایەداری ڕادەگەیەنێ و داگیرکەرانی موڵك و ماڵیان لێدەسەندرێتەوە." هەرچەندە



حکومەتێکی سەرمایەداری هەرەسبێنێ, لەشوێنی ئەودا حکومەتێکی سۆشیالستی هەرەوەزی دێتەکایەوە.

"بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان لەهی تر جیایە؟" ئەی شۆڕشگێڕە ئەمەریکییەکان چوست و چالاکبن!" ئەوە ئەو نامانەبوون کەهاوڕێ سەرکەوتووەکانمان لەوڵاتانی دیکەوە بۆیان ناردین. بەڵام ئێمە نەمانتوانی پێیان رابگەین. ئۆلیگارکییەت ڕێگەی پێگرتین. وەك بڵێی دیوێکی زلە بەتاوانی گەورە ڕێگەی لێگرتین.

وەڵاممانداندانەوە:

–"چاوەڕوانبن هەتا لەبەهاردا ئەرکی حوکمڕانی دەگرینە دەس و ئینجا دەزانن."

لەبەرئەوەی نهێنییەکەمان لەپشت ئەمەوە پەنهاندەکرا لەبەهاردا جڵەوی حوکمڕانی لەدوانزە ولایەت لەسایەی ئەو هەڵبژاردنەی لەپاییزی رابوردوودا کرا, بکەوێتە دەستیان.

پاش ئەوە یەکسەر دوانزە ولایەتی سۆشیالستی هەرەوەزی دادەمەزرێنن. ئینجا هەموو شتێك سووك و ئاساندەبێ.

ئێرنست پرسی:

–"ئەی ئەگەر گراینجییەکان لەجڵەو لەدەسگرتنی حوکمڕانیدا سەرنەکەوتن؟

هاوڕێکانی گاڵتەیان بەڕەشبینییەکەی هات و ناویاننا "قەلەڕەشی شووم".

بەڵام ئەم سەرنەکەوتنە لەجڵەوگرتنەدەسی حوکمڕانیدا ئەو مەترسییە سەرەکییەی نەبوو وەك ئێرنست پێشبینیدەکرد, هەڵگەڕانەوەو لادانی یەکێتییە گەورەکانی کرێکاران و سەرهەڵدانی سیستمی بەرەبابوو لەچوارچێوەی بزوتنەوەی کرێکاراندا.

ئێرنست گوتی:

www.pertwk.com

–" گانت Ghent ئۆلیگارکییەتی فێرکردووە چۆن ئەوە دەکەن. من گرەو دەکەم کەئەوان کتێبەکەیان "دەرەبەگایەتیی خێرخواز"[92] کردە کتێبی هەتا هەتایە ئەو شەوەم لەبیرناچێتەوە کەئێرنست رووی لەمن کرد, پاش مشتومڕێکی گەرم لەگەڵ نیوە دەرزەنێك پێشەوایانی کرێکاراندا, بەهێمنی گوتی:

–"ئەمە مەسەلەکە دەبڕێنێتەوە. پاژنەی ئاسنین جەولەکەی بردەوە. مرۆ دەتوانێ کۆتاییە نزیکەکە ببینێ."

ئەم کۆنگرە بچووکە کە لەماڵی ئێمەدا بەسترا, کۆنگرەیەکی ناڕەسمیبوو. بەڵام ئێرنست وەك هاوڕێیەکانی دیکەی, تەقەلایدەدا کەپێشەوا کرێکارەکان جەخت لەسەرئەوە بکەن داوا لە ئەندامانو لایەنگرانی بکەن لەمانگرتنی گشتیی داهاتوودا دەس لەکار بکێشنەوە "ئۆکۆنۆر Oconor" ی سەرەك سەندیکای میکانیکییەکان لەناو ئەو شەش پێشەوایەی لەوێبوون, لەهەموویان سوورتربوو لەسەر رەتکردنەوەی یەکلاییکردنەوەی داواکارییەکە..

ئێرنست بەشێلگیریەوە گوتی:

–"ئێوە دیتان لەبەر نوکتە کۆنەکانتان لەمەڕ مانگرتنو دەنگنەدان, شکانێکی سەخت شکان."

---

(92) "دەرەبەگایەتییە خێرخوازەکەمان Our Benevolent Fedalism بوو. دەمێکە لێکۆڵەرەکان دووپاتیدەکەنەوە کە گانت ئەو کەسەیە بیری ئۆلیگارکییەتی خستە مێشکی سەرمایەدارە گەورەکانەوە. ئەم رایە بەپتەوی لەهەموو ئەو سەرچاوانەدا بەردەوامبوو کەلەو سێ سەدەیەدا بۆمان ماونەتەوەو بەسەردەمی پاژنەی ئاسنین لەقەڵەمدەدرێن هەتا سەدەی یەکەمیش لەسەردەمی "برایەتیی مرۆڤخوازی"دا بەردەوامبوو. ئەمڕۆش زانیارییمان فراوانترو وردتربووە. بەڵام ئەم زانیارییە هێشتا ناتوانێ ئەم راستییە بسڕێتەوە, ئەویش ئەوەیە کە "گانت" هەر ئەوپیاوە بێتاوانە درۆ بەدەمەوە هەڵبەستراوەیە کە لەهەموو مێژوودا لەهەموو کەسێ زیاتر درۆی بەدەمەوە هەڵبەستراوە."



ئۆکۆنۆرو برادەرەکانی سەریانبادا.

ئێرنست لەسەر مشتومڕەکەی بەردەوامبوو.

–"خۆ دیتان مانگرتنێکی گشتی دەتوانێ چ بکات. شەڕمان لەگەڵ ئەڵمانیادا راگرت. لەبارەی هاوکاریی کرێکارانو هێزو توانایانەوە, هەرگیز مێژوو لەمەوبەر نموونەیەکی لەونموونەیە بەرزتری بەخۆیەوە نەدیوە. کرێکاران دەتوانن حوکمی جیهان بکەن, سادەشیکەن. ئەگەر ئێوە شان بەشانی ئێمە خۆ بگرن هەردەبێ سنوورێك بۆ فەرمانڕەوایی سەرمایەداری دابنێین. ئەوەش تاکە هیواتانە, خۆشتان چاك دەزانن کە چ رێگەیەکی دیکە نییە بیگرنەبەر. هەرچەند لەچوارچێوەی شێوازە کۆنەکانتاندا تێبکۆشن هەردەشکێن, هەر نەبێ لەبەر هۆیەك, ئەویش زاڵبوونی ئاغا سەرمایەدارەکانە بەسەر حوکمو دادگەکانا"[93].

---

(93) لەخوارەوە نموونەیەك لەچەند بڕیارێکی دژ بە بەرژەوەندییەکانی کرێکاران دەهێنینەوە. ئیشکردن بەمنداڵان لەناوچەکانی کانگەی خەڵووز کارێکی ناپەسەندی زۆر باوبوو, لەساڵی 1905دا کرێکاران توانیان کاربەدەستانی پەنسلڤانیا والێبکەن کەیاسایەك دەرکەن فەرمانبدا کە لەمڕۆوە نابێ هیچ منداڵێك ئیشی پێبکرێ ئەگەر نەگاتە تەمەنێکی دیاریکراوو قۆناغێکی دیاریکراوی رۆشنبیری تەواوکردبێ. بەڵام زۆری نەخایاند دادگەی ناوچەی لوزیرن نادەستووریی ئەم یاسایەی بڵاوکردەوە, بەبیانووی ئەوەی دەرچوونە لەماددەی چواردەیەمینی دەستکاریکراو لەڕووی جیاوازیکردن لەنێوان ئەو کەسانەی سەربەیەك چینن –بەواتایەکی تر, لەنێوان ئەو منداڵانەی چواردە ساڵیان تەواوکردووەو ئەو منداڵانەی نەگەیشتوونەتە ئەم تەمەنە. دادگەی ولایەت پشتگیریی ئەم بڕیارەی کردو لەساڵی 1905دا دادگەی نیویۆرك نادەستووریی ئەو یاسایەی راگەیاند کە کارکردنی منداڵانی بێ باوك (هەتیو)و ئافرەتانی لەکارگەکاندا پاش سەعات نۆی شەوێ قەدەغە دەکات. بەبیانووی ئەوەی کەئەم جۆرە یاسایە جیاوازیی چینایەتیی تێدایە. هەر تەنیا ئەمە نا, بەڵکو کرێکارانی نانەواخانەکان, لەو رۆژانەدا, هەتا پرزە لێبڕان کاریاندەکرد. ئەنجومەنی یاسادانانی نیویۆرك, یاسایەکی دەرکرد کەکاتی کارکردن لەنانەواخانەکانا نابێ رۆژێ لەدە سەعات زیاتربێ. بەڵام

www.pertwk.com

ئۆكۆنۆر وەڵامیدایەوە:

–" تۆ زیاتر لەپێویست پێش ڕووداوەكە دەكەویت. بەڵام لەهەموو ڕێگەیەك شارەزا نیت كەئێمە دەتوانین بیانگرینەبەر. ڕێگەیەكی دیكە هەیە بۆ دەربازبوون. ئێمە دەزانین چ دەكەین. پاش ئەوەی لەمانگرتندا خراپیان بەزاندین لەمانگرتن بێزاربووین. بەڵام من واتێناگەم كەئێمە پێویستمان بەبانگكردنی پیاوەكانمان هەیە جارێكی دەست لەكار هەڵگرن."

–"ڕێگەتان چییە بۆ دەربازبوون؟"

ئۆكۆنۆر پێكەنی و بەسەربادانەوە گوتی:

–"دەتوانم بەڕاشكاوی ئەمەندەت پێبڵێم: ئێمە نەكەوتبووینە ژێر باڵی خەوو ئێستاش خەونابینین."

ئێرنست ڕووبەڕووی بۆوە:

–"هیوادارم, شتێك لەئارادا نەبێت مایەی ترس و شەرم بێت."

بەرپەرچدانەوەكە ئەمەبوو:

–"لەو بڕوایەدام كەئێمە ئەركی خۆمان زۆرچاك دەزانین." ئێرنست بەتووڕەییەكی زۆرەوە گوتی:

–"ئەمە ئەركێكی تەمومژاوی و, بەو شێوازە دەستكردو سازدراوەی ئێوە بۆشاردنەوەی مرۆڤ چاك ئەمەی بۆ دەردەكەوێت.

ئۆكۆنۆر وەڵامیدایەوە:

---

دادگەی باڵای یەكێتی, ساڵی 1906 حوكمی خۆی دەركرد, كەئەم یاسایە نادەستوورییە, لەو حوكمەدا قسەی قازییەكان بەمشێوەیەبوو: "هیچ بنەڕەتێكی مەنتیقی نییە, داوای بەستنەوەی ئازادیی خەڵك, یاخود مافی گرێبەستی ئازاد بكات لەڕێگەی دیاریكردنی ماوەی كاركردن لەنانەواخانەكانا."



–"شارەزاییەكەمان بەئارەقەو خوێن كڕی. شیاوی هەرشتێ بووین كەتووشی بووین. تا ماڵ وەستابێ مزگەوت حەرامە" دەمارەكانی ئێرنست گرژبوون و گوتی:

–"ئەگەر دەترسێی لەو ڕێگەیەی دەتانەوێ بیگرنەبەر ئاگاداربم من بۆخۆم پێتدەڵێم: ئێوە دەتانەوێ بەشداری لەتالاّندا بكەن. لەگەڵ دوژمن گەیشتنە ڕێككەوتنێك و ئەوەتا كردووتانە. مەسەلەی كرێكارانتان فرۆشت, دۆزی هەموو كرێكاران, بەنرخێكی هەرزانی چەند درهەمێك. ئێوە وەك ترسنۆكان لەكۆڕی شەڕدا هەڵدێن."

ئۆكۆنۆر بەویشكی وەڵامیدایەوە:

–"من هیچ شتێ ناڵێم, بەڵام واتێدەگەم بەشێوەیەكی نەختێ باشتر لەوەی تۆ دەیزانی, دەزانین چ بۆ ئێمە باشە."

ئێرنست وەڵامیدایەوە:

تۆ تۆزقاڵێ چەندە, گوێ نادەیتە ئەوەی بۆ گشت كرێكاران باشە, تۆ بەرەو هەڵدێر شەقیان تێهەڵدەدەی."

ئۆكۆنۆر وەڵامیدایەوە:

–"من هیچ شتێ ناڵێم. ئەوە نەبێ كەمن سەرەك سەندیكای میكانیكییەكانم و, ئەركی من هەر ئەوەیە چاودێریی ئەو پیاوانە بكەم كە نوێنەریانم.

كەپێشەوا كرێكارەكان بڵاوەیان لێكرد, ئێرنست, بەوێنەی هێمنیی تیشكان هێڵە گەورەكانی ڕەوتی ڕووداوە داهاتووەكانی بۆ كێشام و گوتی:

–"داب و نەریتی سۆشیالستەكان وابوو, بەدڵخۆشییەوە پێشبینی ئەو ڕۆژە بكەن كەبزوتنەوەی كرێكاری, پاش بەزینەكەی لەگۆڕەپانی پیشەسازیدا, گواستنەوە بەرەو مەیدانی سیاسی بەخۆیەوە دەبینی. باشە, پاژنەی ئاسنین

یەکێتیی کرێکارانی لەبواری پیشەسازیدا بەزاندو بەرەو مەیدانی سیاسی پاڵی پێوەنان. ئەوەش لەباتی ئەوەی ببێتە مایەی دڵخۆشمیان, بۆمان دەبێتە سەرچاوەی خەموخەفەت.

ئەوەی مایەی دڵخۆشیبیٚ, پاژنەی ئاسنین لەڕووداوەکانی رابوردوو پەندێکی گەورەی وەرگرت. ئێمە لەماوەی مانگرتنی گشتیدا, رادەی هێزی خۆمانمان پێشاندا. بۆ روونەدانی مانگرتنێکی نوێی گشتی هەنگاوی پێویست نرا."

لێمپرسی:

–"بەڵام چۆن؟"

–"تەنیا بەپێشکەوشکردنی یاریدەی پارەوپوول بەیەکێتییە گەروەکان. ئەم یەکێتیانە لەمانگرتنی گشتیی داهاتوودا بەشدارییناکەن. کەواتە مانگرتنێکی گشتی نابیٚ.

لەقسەکەیدا هەڵمدایەو گوتم:

–"بەڵام پاژنەی ئاسنین ناتوانیٚ بەردەوام هەتا هەتایە بەپرۆژەیەکی ئاوا خەرجی زۆر جێبەجێبکات."

–"ئای ئەوە بەپارەو پوولەکانی هەموو یەکێتییەکان ناکڕیٚ, ئەوە پێویست نییە. با ئەوەی کەڕوودەدا پێتبڵێم. کە کرێی کرێکاران زیاد دەکاتو سەعاتەکانی ئیشکردن لەیەکێتییەکانی خەتی شەمەندەفەردا, یەکێتییەکانی کرێکارانی ئاسنو پۆڵا, یەکێتییەکانی ئەندازیارانو میکانیکیەکان, کەمدەکرێنەوە, بارودۆخی گونجاوتر باڵ بەسەر ئەم یەکێتییانەدا دەکێشیٚ, سا ئەندامییەتی لەم یەکێتییانەدا دەبێتە شتێکی کورسیئاسا لەبەهەشتدا."

سەرلەنویٚ لەقسەکەیدا هەڵمدایە:



–"من هێشتا ناتوانم تێبگەم.. چ بەسەر یەکێتییەکانی دیکەدا دیٚ؟ ئەو یەکێتییانەی نەچوونەتە ناو ئەم کۆمەڵەیە زۆر زیاترن لەوانەی چوونەتە ناوی.

–"یەکێتییەکانی تر بێهەڵاوێردن هەموویان دەهاڕدرێنو گەسکیان لێدەدریٚ.. چونکە کرێکارانی خەتی شەمەندەفەرو ئەندازیارانو میکانیزمییەکانو کرێکارانی ئاسنو پۆڵا بەتەواوی کاری بنەڕەتیو چالاکیی ژیاریی ئامێریمان رادەپەڕێنن. تەنانەت ئەگەر پاژنەی ئاسنین بە تەواوەتی دڵسۆزی دیکەی ئەم یەکێتییانەی بۆ ساغبۆوە, دەتوانیٚ گاڵتە بەکۆمەڵانی دیکەی کرێکاران بکات. ئاسنو پۆڵاو خەڵووزی بەردینو ئامێرو رێگەی هاتوچۆ دەبنە بڕبڕەی پشتی دروستبوونی سەرتاپای پیشەسازی."

لێمپرسی:

ئەی خەڵووزی بەردین؟ نزیکەی ملیۆنێك کرێکار لە کانەکانی خەڵووزی بەردیندا کار دەکەن."

–"ئەوان ئەو کرێکارانەن کەئیشەکانیان شارەزایی تایبەتییان گەرەك نییە. لەبەرئەوە ئەوان هیچ بەهیچ ناکەن. کرێکانیان دێنەخواریٚو سەعاتی کارکردنیان زیاد دەکات. ئەوان وەك ئێمە دەبنە بەندەو کۆیلە, بارودۆخیان لەئێمە تاریکتر دەبیٚ. بێگارییان پێدەکەن, هەروەك ئەمڕۆ کشتکارەکان, لەخزمەتی ئەو ئاغایانەی زەوییەکانیان لێسەندوون, وەکو یێك بێگارییان پێدەکەن. هەمان شت تووشی یەکێتییەکانی دیکە دەبیٚ کەئەو کۆمەڵەیە رێکیاننناخات. چاودێریان یکە دەبینی بەلادا دێنو خەریکە بکەون, دەبینی ئەندامەکانی خەریکە ببن بەکۆیلەو زگی بەتاڵیانو یاساکانی وڵات ناچاریاندەکەن رەنجبدەن.

"ئایا دەزانی چی بەسەر فارلی[94] و تاقمەکەی لەتێکدەرانی مانگرتن دێ؟ سا پێتدەڵێم: تێکدانی مانگرتن, بەو سیفەتەی پیشەیە, لەگۆڕێدا نامێنێ. چونکە مانگرتن هەرنامێنێ. شۆڕشی کۆیلەکان جێگەی مانگرتن دەگرێتەوە. سا فارلیو هەڤاڵەکانی باڵادەبنو ئەرکی وەبەردانی کۆیلەکانیان پێدەسپێرن. ئای, هەڵبەت ئەوان بەو ناوە ناوینابەن. ئەوان ناوی لێدەنێن ئەرکی جێبەجێکردنی یاسای وڵات کەبێگاری بەکرێکار دەکات.

ئەم ناپاکییەی یەکێتییە گەورەکان دەبێتەهۆی درێژەکێشانی ماوەی ململانێ. تەنیا خوا خۆی دەزانێ لەکوێو کەی شۆڕش سەردەکەوێ."

–بەڵام چ سەرکەوتنێك بۆ شۆڕش دەمێنێتەوە ئەگەر ئۆلیگارکییەت لەگەڵ یەکێتییە گەورەکان هاوکاریبکاتو بەوەوە هێز لەسەر هێز زیاد بکات؟ ئایا لەوانە نییە ئەم هاوکارییە هەتا هەتایە بەردەوامبێ؟"

سەری باداو گوتی:

–"یەك حوکمە بەگشتگیراوەکانمان دەڵێ هەر رژێمێك لەسەر بنەڕەتی چینە کۆمەڵایەتییەکانو بنەڕەتی بەرەبابی رەقهەڵاتووی لەیەکتردابڕاو لەخودی خۆیدا تۆوی داهێنەرانی هەڵگرتووە. کاتێك رژێمێك لەسەر بنەمای چینایەتی بنیاتدەنرێت, چۆن دەتوانرێت رێ لە دروستبوونو گەشەکردنی چینە

(94) جێمس فارلی Farley تێکدەری بەناوبانگی مانگرتن لەو سەردەمەدایە, پیاوێکی ئازابوو زیاتر لەوەی پیاوی رەوشتبێ. پیاوێکی بەتوانابوو, پێویست بە نکوولی لێکردنی ناکات, لەسایەی دەسەڵاتی "پاژنەی ئاسنین"دا ئەستێرەی درەوشایەوە. لەدواییدا بووە یەکێك لەکوڕگەلانی چینی ئۆلیگارکییەت. ساڵی 1932 سارەجینگینز کوشتی کەمێردەکەی بەر لە سی ساڵ بەدەستی یەکێ لەتێکدەرانی مانگرتن کوژرا, کەلەژێر فەرمانی فارلیدا کاریان دەکرد.



رەقهەڵاتووەکان بگیرێ؟ "پاژنەی ئاسنین" ناتوانێ نەهێڵێ ئەم گەشەسەندنە نەیەتەدیو لەئەنجامدا سیستمی بەرەبابی رەقهەڵاتوو "پاژنەی ئاسنین" لەناودەبات, ئۆلیگارکییەکان لەناوخۆیاندا بەرەبابی هەمەجۆریان دروستکردووە, بەڵام چاوەڕوانبە بەرەباب لەچوارچێوەی ئەودا دادەمەزرێنن جا پاژنەی ئاسنین هەرچی هێزو توانای هەیەتی دەخاتەکار کەنەهێڵێ ئەوەببێ. بەڵام هەر دەبێ ژێرکەوێ.

"ئەو یەکێتییانەی ئۆلیگارکییەت لایەنگیریاندەکات گوڵی کرێکارە ئەمەریکییەکان رێکدەخەن. ئەوان پیاوی جەربەزەو کاریگەرن. ئەوان لەڕێگەی بەربەرەکانێی توندەوە لەسەر ئەو کورسییانە بوون بەئەندام لەو یەکێتییانەدا. هەر کرێکارێکی کارامە لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا ئارەزووی ئەوەی دەکەوێتە دڵەوە کەببێ بەئەندامی ئەو یەکێتییانەی کە ئۆلیگارکییەت لەگەڵیاندا بەسۆزە, ئۆلیگارکییەت هانی ئەو جۆرە خواستەو ئەو جۆرە هاڤبڕکێیە دەدا کەلەوەوە دەردەچن. ئەمشێوەیە ئەو پیاوە جەربەزانەی شیاوی ئەوەن کە ئەمە نەبێ لەخزمەتی شۆڕشدا کار بکەن, دەبنە ئەڵقە لەگوێی سەرمایەدارانو, هێزیان بۆ پشتگیری لێکردنی ئۆلیگارکییەت تەرخاندەکەن.

–"لەلایەکی دیکەوە ئەندامانی ئەو یەکێتییانەی سەرمایەدارەکان بەتەنگییانەوەن تێدەکۆشن تاڕێکخراوەکانیان بکەنە کۆمەڵانی داخراو. لەوەشدا سەردەکەون. ئەندامییەتی ئەم یەکێتییانە دەبێتە میراتگری, کوڕەکان شوێنی باوکەکان دەگرنەوە, ئیتر هێزێکی نوێ لەسەرچاوەی هێزی جاویدانی: رەشو رووت هەڵناقوڵێ. ئەمەش مانای داهێزرانی بەرەبابی داخراوی کرێکارانە. چونکە لەئەنجامدا بەرەوبێهێزی, بێهێزی زیاتر دەچن. بەڵام لەهەمانکاتدا –بەسیفەتی

www.pertwk.com

ئەوەی دەزگایەکە لەدەزگاکان– دەسەڵاتێکی تەواوی هەیە. بەڵام بەهەرحاڵ دەسەڵاتێکی کاتییە. ئەو دەبێتە پاسەوانی کۆشکئاسا لەڕۆمای کۆندا. ئەوسا شۆڕش لەکۆشکدا روودەدات‌و لەڕێگەیەوە بەربابە داخراوە کرێکارەکان جڵەوی حوکمڕانی دەگرنەدەست. ئۆلیگارکییەکانیش شۆڕشی کورتی هاوجۆر بەرپادەکەن, زاڵبوون لەنێو هەردوو گرووپدا دەبێتە پێشبڕکێی. جارێك بۆ ئەم تێپە دەنووسرێ, جارێکی دی بۆ ئەو نییە. لەو ماوەیەدا چەند جۆرە بێهێزییەکی حەتمیی بەردەوام تووشی بەرەبابە داخراوە کرێکارەکان دەبیٚ, بەمشێوەیە لەئەنجامدا چینی رەش‌و رووت مافێك لەمافە رەواکانی خۆی دەسگیر دەبیٚ."

ئێرنست بانگەشەی بۆ روودانی گەشەسەندنێکی کۆمەڵایەتیی خاو کرد, ئەمەش لەکاتێکدابوو کەلەناخەوە هەستی بەئازارکرد, بەهۆی هەڵگەڕانەوەو لەڕێلادانی یەکێتییە گەورەکانەوە. من هەرگیز لەوەدا لەگەڵیاندانەبووم, وا من ئێستا –کەئەو چەند دێڕە دەنووسم لەگەڵ راکەی ئەودانیم– لەجاران بەهێزتر سەرپێچی راکەی دەکەم. چونکە ئێمە تەنانەت لەم رۆژگارەی خەڵکدا, هەرچەندە مەرگ ئێرنستی رافراند, لەسەر لێواری ئەو شۆڕشە دەوەستین کەهەموو ئۆلیگارکییەت راپێچدەکات. لەگەڵ ئەمەشدا ئالێرەدا پێشبینییەکەی ئێرنستم هێنایەوە چونکە پێشبینی ئەوبوو, بەرهەڵستی دێوێکی گەورەی کرد, بەوەش لەهەر پیاوێکی دیکە زیاتر یاریدەیدا کە شۆڕش تا ئەم ساتە چاوەڕواندەکریٚ, نیشانەی تەقینەوە بکاتە کارێکی شیاو.[95]

(95) تێڕوانینی کۆمەڵایەتیی ئێڤەرهارد بەرزو نایاببوو, بەوێنەی ئەو روونیەی کەرووناکی رووداوە تێپەڕیوەکان روویتێدەکا, ئەمانەی خوارەوەی دەبینین: هەڵگەڕانەوەو لەڕێلادانی ئەو یەکێتییانە کەسەرمایەداران بەتەنگییانەوە بوون,



ئەو شەوە لێمپرسی:

–"بەڵام ئەگەر هات‌و ئۆلیگارکییەت تەمەنی درێژبوو, چ بەسەر ئەو زێدە بێشومارەدا دیٚ کەهەموو ساڵیٚ بەریدەکەویٚ."

وەڵامیدایەوە:

–"دەبیٚ ئۆلیگارکییەت بەڕێگەیەکی ئەو زێدانە سەرفکات, دڵنیابە کەئۆلیگارکییەکان ئەم رێگەیە لەکیسنادەن, ئەوا لەڕێگەی پان‌و بەرینتر شەق دەکەن. لەکۆڕی هونەردا دەسکەوتی زۆرو بایەخدار ئەنجامدەدرێن, ئۆلیگارکییەکان دەبنە جوانیپەرست. دەبنە دەستەو تاقمی هونەردۆست, لەسایەی بەڕێوەبردنی ئەوان‌و راکێشانیان‌و هەڵفریواندیان بەپاداشتی زۆر, هونەرمەندان رەنجدەدەن. بەری ئەمە گشتی هونەرێکی مەزندەبیٚ, چونکە هونەرمەندان وەك رابردووی نزیك, پەنا نابەنەبەر ختوکەدانی چێژی چینی ناوەنجی بورژوا وریٚ بۆخۆشکردنی. پێتدەڵێم ئەوە دەبێتە هونەرێکی مەزن, شاری موعجیزە دادەمەزریٚ کەشارەکانی سەردەمە کۆنەکان لەئاستیانا ناشرین‌و هەرزان دەنوێنن. ئۆلیگارکییەکان ئەم شارانە دەکەنە هەوارگەی خۆیان‌و نوێژ بۆ جوانی دەکەن.[96]

سەرهەڵدانی بەرەبابە داخراوە کرێکارییەکان‌و داهێزرانە سستەکانیان‌و ململانێی نێوان ئۆلیگارکییەتی‌و رزیوو تایەفە داخراوە کرێکارییەکان لەپێناوی دەست بەسەر ئامێری میریدا.

(96) بنیاتنانی موعجیزەی وەك شاری ئەردیس‌و شاری ئەزنمارد, بەخەیاڵی ئۆلیگارکییەکاندابیٚ. ئێڤەر هارد بەدووربینیی خۆی ئەو شارانەی هێناونەتە بەرچاوی‌و دەرکی بەحەتمیەتی دروستکردنیان کرد.

www.pertwk.com

بەمشێوەیە زێدەکە بەردەوام سەرفدەکرێ, کەچی هەموو بارگرانییەکە دەکەوێتە سەرشانی کرێکاران. دروستکردنی ئەم شارانەو دەسکەوتی قەبەو زل, رۆژانەیەکی ئەوتۆ دەدات کرێکاری ئاسایی کەوەختە بڵێم زگیش تێر ناکات, چونکە قەبەو گەورەبێ زێدە وای گەرەکە کەدەبێ خەرجکردنیش قەبەو گەورەبێ. ئۆلیگارکییەکان بۆ هەزار ساڵ, خوایە لێم نەگری, بۆ دە هەزار ساڵ بەجۆرێ بیان دەکەن کەمبیسرییەکان‌و بایلیەکان خەویشیان پێوە نەدیبێ. هەر کە مەرگ رایاندەرِفێنێ‌و دەوڵەتەکانیان لەناودەچن رێگە مەزنەکان‌و شارە موعجیزەکانیان بۆ برایەتیی کرێکاران دەمێننەوە, پێدەخەنە سەریان‌و دەیانکەنە مەڵبەندی خۆیان(97).

ئەم شتانە ئۆلیگارکییەکان دەیکەن, چونکە لەوەیان زیاتر نەدیتەوە کەبیکەن. ئەم دەسکەوتە مەزنانە ئەو شێوەیە دەبن کەسەرفکردنی زێدەکەیان بەخۆوە دەبینن‌و بەهەمان رێگەش کەچینە کاربەدەستەکان لەمیسری کۆندا ئەو زێدەیان خەرجدەکرد کەلەچنگی گەلیان دەرهێنابوو بۆ بیناکردنی پەیکەرو قووچەك, لەسێبەری ئۆلیگارکییەکاندا چینی کاهینەکان نابووژێنەوە بەڵکو چینی هونەرمەندان دەبووژێنەوە. بەرەبابە داخراوە کرێکارییەکان جێگەی چینی

(97) لەوەتەی بانگەشەی ئەم پێشنییەکراوە, سێ سەدە بەسەر "پاژنەی ئاسنین"و چوار سەدە بەسەر "برایی مرۆڤخوازی"دا رابوردوون, وا ئێمە پێ دەخەینە سەر ئەو رێگایانەی شەقیانکردون‌و لەو شارانەدا دادەنیشین کەئۆلیگارکییەکان دروستیانکردوون.
راستە ئێمە ئەمڕۆ شاری نایابتر لەو شارانە دروستدەکەین, بەڵام شارە موعجیزەکانی ئۆلیگارکییەکان هێشتا ماون.
وامن ئەم چەند دێڕە لەباردیس دەنووسم, کەبەشێوەیەکی رەها یەکێکە لەنایابترینیان.

بازرگانی بۆرژوا دەگرنەوەو, لەپلەی ژێری ژێرەوەی‌دۆزەخ دەبێ, کەزۆرینەی خەڵك‌و رەوش‌و رووتان دەبنە کێم‌و زوخاو, برسیدەبن‌و دەڕزێن‌و هەتا هەتایە خۆیان نوێدەکەنەوەو لەکۆتاییدا کێ دەزانێ کەی دەبێ رەش‌و رووت لەدۆزەخدا دەردەپەڕن, ئەوسا ئۆلیگارکییەت هەرەسدەهێنێ‌و بەرەبابی داخراوی کرێکارییانە هەرەسدێنن, لەئەنجامدا, پاش رەنجێکی چەند پشت‌و وەچەو سەدەیەك درێژخایەن, سەدەی خەڵکی ساکار هەڵدێ. وامدەزانی چاوی خۆم بەدیدەنیی ئەو رۆژە مەزنە رووندەکەمەوە, بەڵام ئێستا بۆم ساغبۆوە کەمن چاوم پێی ناکەوێ."

تاوێك بێدەنگبوو, پاشان سەیری منی کردو گوتی:

–"گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی بەڕادەیەك سستەکە دەبێتەهۆی رقهەستان, ئازیزەکەم ئایا وانیە؟

"دەستم تێوەرنابوو, سەری لەسەر سینگمبوو,

بەچرپە پێیگوتم:

گۆرانیەکی خۆشئاوازم بۆ بڵێ, با بخەوم. خەونێکی وام دی, نامەوێ هەرگیز لەبیرمبچێتەوە."

www.pertwk.com

# پانزەیەم بەش

# دوایین ڕۆژەکان

www.pertwk.com

## دوایین رۆژەکان

ئۆلیگارکییەت لەدوا دوای کانوونی دووەمی 1912دا رەفتاری نوێی بەرانبەر ئەو یەکێتییانەی خاتری دەویستن ئاشکرا کرد. رۆژنامەکان هەواڵی زیادبوونی رۆژانەو کەمکردنەوەی سەعاتی ئیشکردنیان بلاوکردەوە کەتا ئەوسا وێنەیان نەبوو. زیادوکەمی بەر کرێکارانی خەتی شەمەندەفەرو کرێکارانی ئاسن‌و پۆڵاو ئەندازیارو میکانیکیەکان دەکەون. بەڵام ئەم رۆژنامە هەموو راتسییەکەیان نەگوت. چونکە ئۆلیگارکییەکان نەیانوێرا راستییەکە بەتەواوەتی بڵاوبکەنەوە. لەڕاستیدا رۆژانە لەوە زۆر زیاتر زیادیکردو، ئەو جیاوکانەی (ئیمتیازانەی) ئەو کرێکارانە بەخشیانن بەشێوەیەکی هاوتا گەورەتربوون. ئەوە گشتی نهێنییەکبوو لەنهێنییەکان، بەڵام دەبێ نهێنییەکان بڵاوببنەوە.

ئەندامانی ئەو یەکێتییانە هاوسەرەکانیان ئاگادارکردن، ئەوانیش نەیانتوانی زمانی پڕ لەچەنەبازیی خۆیان بگرن، هەر زوو هەموو جیهانی کرێکاران بەوەی زانی کەروویدا.

بەڵام ئەوە تەنیا باگۆڕینێکی مەنتیقی ئەوەبوو کەلەسەدەی نۆزدەیەمدا بەدابەشکردنی تالآن ناسرابوو. چونکە سەرمایەدارەکان لەگەرمەی جەنگی پیشەسازیدا، لەو سەردەمەدا روویانکردە ئەزموونێکی دیکە: دانی بەشێك لەقازانج بەکرێکاران بەوورووژاندنی بایەخدانی دارایی بەکارەکانیان. بەڵام دابەشکردنی تالآن‌و دەسکەوت، وەك سیستمێ، شتێکی کۆمیدی‌و لەتواندا نییە.

دابەشکردنی تالآن سەرنەدەکەوت ئەگەر بارودۆخی دابڕاوی ناو سستەمێکی پابەندی ململانێیەکی پیشەسازیدا نەبوایە. چونکە ئەگەر بهاتایە کرێکاران



گشتیان‌و سەرمایەداران هەموویان قازانجیان دابەشکردایە، ئەوا هەمان بارودۆخ دەهاتە کایەوە کەئەو حەلە ئارادابوونی دابەشکردنی قازانج نەبوو.

بەمشێوەیە لەبیرۆکەی ناکردەیی دابەشکردنی قازانج بیرۆکەی دابەشکردنی تالآنی بەکردە سەریهەڵدا. "رۆژانەی زۆرترمان پێبدەن، جیاوازیی ئەوە بخەنە سەرشانی خەڵکی" ئەوەبوو دروشمی یەکێتییە بەهێزەکان، لێرەو لەوێدا ئەم سیاسەتە خۆپەرستییە سەرکەوتنی بۆ بوو، بەڕاستی جیاوازیی رۆژانە خستنەسەر شانی خەڵکی، باری کرێکارە رێکنەخراوەکانی قورسکرد، ئەوانیش زۆربەی زۆری ئیشکەرانن. هەروەها باری کرێکارانی رێکخراوی رێکخستنی لاوازیشی گرانکرد. لەڕاستیدا ئەو کرێکارانە رۆژانەی زیادکراویاندا کەئەو برایانەی لەوان بەهێزتربوون وەریاندەگرت، برا ئەندامەکانیان لەو یەکێتییانەی پاوانکراوی کرێکاریبوون. وەکو گوتم، تەنیا پاڵپێوەنانی ئەو بیرۆکەیەبوو بۆئەم مەبەستە مەنتیقییە بەشێوەیەکی فراوان.[98]

---

(98) هەموو یەکێتییەکانی خەتی شەمەندەفەر لەم هاوکارییەدا لەگەڵ ئۆلیگارییەکاندا بەشدارییانکرد. سەیر ئەوەیە یەکەم ئەنجامدانی ئاشکراو روونی سیاسەتی دابەشکردنی تالآن یەکێك لەیەکێتییەکانی خەتی شەمەندەفەر لەسەدەی نۆزدەیەمدا کردی، واتە "برایەتیی ئەندازیارانی شەمەندەفەر"و، بەدرێژایی بیست ساڵ پ.م. ئارسەر P.M. Arthur سەرەکی باڵای ئەو برایەتییە بوو. پاش مانگرتن لەخەتی شەمەندەفەری پەنسلڤانیا ساڵی 1877 وای بەمێشکداهات پێشنیاری پلانێکی نوێ بخاتە بەردەم نوێنەرانی کۆمپالیاکە، پەیمانی رێککەوتن‌و لەیەکگەیشتن لەنێوان "ئەندزیارانی شەمەندەفەر"و نێوان کۆمپانیاکە ببەسترێ ئەندازیارەکان لەیەکێتییەکانی دیکەدا واز لەهەڤاڵەکانیان بێنن‌و کۆششیان بخەنە سەر چاککردنی بارودۆخی تایبەتییان. ئەم پلانە سەرکەوتنی باشی وەرگرت، لێرەوە وشەی ئەرثوریزەیش arthurisation، ماوەیەکی درێژبوو بووەهۆی سەرسووڕمانی زانایانی زمان هەرچەندە arthurisation یەکێتی کرێکارانە بەڵام هیوادارم وشەسازییەکەی ئاشکراو روونبێ.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەڵگەڕانەوەی ئەو یەکێتییانەی کە ئۆلیگارکییەکان سۆزیان کەوتە سەریان، هاتو هەوارو گرمە گرمە جیهانی کرێکارانیان گرتەوە. پاشئەوە ئەم یەکێتییانە لەڕێکخراوەکانی دەوڵەتان خۆیان کێشایەوەو هەر پەیوەندییەکی لەنێوانیان‌و نێوان بزوتنەوەی کرێکاراندا هەبوو پچڕاندیان. پاشان ئاژاوەو توندوتیژی بەرپابوون. ئەندامانی یەکێتییە نازدراوەکان مۆری ناپاکییان بەنێوچەوانەوە نرا، لە ساڵۆنەکان نازپێدراوەکان قەحبەخانەکان، شەقامو گارکەکان‌و لەڕاستیدا لەهەموو شوێنێکدا، بەوپەڕی رەقی لەلایەن هەڤاڵەکۆنەکانیانەوە هێرشیانکرایەسەر، ئەو هەڤاڵانەی کە هەڵگەڕاوەکان بەعەزمو ناپاکییەکی زۆر پشتیان بەردان.

ئەوەندە سەروگوێلاك شکێنران کەنایەنە ژمارە، ژمارەیەکی زۆریش کوژران. کەس لەئەندامانی یەکێتییە نازپێدراوەکان لەخۆی ئەمین نەبوو، دەستە دەستە گردبوونەوە تاکو بتوانن بچن بۆکارکردن، یا لەکار بگەڕێنەوە. هەمیشە بەناوەڕاستی شەقامدا دەڕۆیشتن. چونکە ئەگەر لەسەر شۆستە بڕۆیشتبان لەوانەبوو بەخشت‌و چەو کەلەپەنجەرەو سەربانەکانەوە دەڕژانە سەریان کەللەیان وردو خاشبکرێ. کاربەدەستان رێگەیان پێدان چەك هەڵگرن، بەهەموو شێوەیەك یارمەتییاندان‌و، ئەوانەی رێگەیان پێدەگرتن بۆماوەیەکی دوورودرێژ بەنددەکران‌و لەبەندیخانەدا بەڕەقی‌و توندوتیژی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن. کەچی رێگەنەدرا بەهیچ کەسێ جگە لەوانەی چوونەتە ریزی یەکێتییە نازپێدراوەکان چەکهەڵگرن‌و، هەرپێشێلکردنێکی ئەم یاسایە بەگوناهێکی گەورە دەدرایە قەڵەم، ئەوەی کە بیکردایە سزایەکی هاوسەنگ بەرانبەر بەتاوانە مەترسیدارەکەی دەدرا.

بەڵام کرێکارە چەوساوەکان لەسەر تۆڵەکردنەوە لەناپاکان بەردەوامبوون‌و بەشێوەیەکی میکانیکی هێڵە داخراوەکانی چینی کۆمەڵایەتی پێکهات. کوڕانی ناپاکەکان بەدەست کوڕانی کرێکارانی غەدرلێکراوەوە تووشی تاڵی‌و دەردەسەری بوون.

تەنانەت نەیاندەتوانی لەشەقامدا یارییبکەن، یاخود بچنە قوتابخانە گشتییەکان. هەر تەنیا ئەمەش نا، بەڵکو ژنی ناپاکەکان‌و خێزانەکانیان بەسووکی سەیردەکران. پەیوەندیشیان لەگەڵ دوکاندارەکەی سەرسووچەکەدا بڕی، کەهەرچییان پێویستبایە لەویان دەکڕی.

بەمشێوەیە ناپاکەکان خۆیان‌و خێزانەکانیان ناچارکران سەر بەرنەوە قەپێلکی خۆیان‌و ژیانێکی خێڵەکی بژین. چونکە بەلایانەوە نەدەکرا لەناو ئەو پرۆلیتارییەی ناپاکییان لێکرد بەئاشتی‌و ئاسوودەیی بژین. گواستیانەوە بۆ گەڕەکی نوێیان کەبێجگە خۆیان کەسی تری تێدانەبوو. ئۆلیگارکییەکان لەوەدا پاڵپشتیانبوون. خانووی چاکیان بۆ دروستکردن. خانووی مۆدەی نوێ‌و تەندروستی. حەوشەی پان‌و بەرین بەدەوریاندا، لێرەو لەوێ باخچەی گشتی‌و یاریگە لەنێوانیاندا. منداڵەکانیان لەو قوتابخانانە دەیانخوێند کەبەتایبەتی بۆیان دروستکرابوون. پرۆگرامی خوێندن لەم قوتابخانانەدا جەختی لەسەر راهێنانی دەستی‌و زانستی پراکتیکی دەکردەوە.

بەمشێوەیە هەر لەسەرەتاوەو لەم دابڕینەوە، بەجۆرێکی حەتمی چینێکی داخراوی کۆمەڵایەتی سەری هەڵدا. ئەندامانی یەکێتییە نازپێدراوەکان بوونە ئەرستۆکراتیەتی کرێکاران.

لەکرێکارانی دیکە دابڕان. خانووەکانیان لەخانووەکانی کرێکارانی دیکە باشتربوون، جلوبەرگیان باشتربوو، خواردنیان چاکتربوو، ئەو هەڵسوکەوتەی لەگەڵیاندا دەکرا باشتربوو، تائەوپەڕی توانا تاڵانەکانیان لەگەڵ ئۆلیگارکییەکاندا دابەشکرد. لەو ماوەیەدا کرێکارانی دیکە بەشێوەیەکی رەقترو توندتر مامەڵەیان لەگەڵدا کرا. زۆر جیاوکی بچووکیان لێسەنرانەوە، ئەوە لەکاتێکا رۆژانەیان دابەزی‌و ئاستی ژیانیان بەردەوام هاتە خوارێ. بەرێککەوت، قوتابخانەکان تێکچوون. وردە وردە خوێندی تەوزیمی نەما. قەبەبوونی دیاردەی پەرەسەندنی رۆڵەکانی وەچەی نەزان‌و نەخوێندەوار ترسناکبوو، مەترسییەکی گەورەی لێدەکرا.

www.pertwk.com

دەست بەسەرداگرتنی بازاڕی جیهانی لەلایەن ئەمەریکاوە, وڵاتەکانی دیکەی جیهانی پارچە پارچەکردن. لەهەموو شوێنێکا دەزگاو حکومەتەکان دادەتەپین, یاخود سەرلەنوێ دروستدەکرانەوە.

ئەڵمانیا, ئیتاڵیا, ئوسترالیاو زیلەندەی تازە خەریکی پێکهێنانی کۆماری هەرەوەزی بوون. ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا لەبەریەك هەڵدەوەشاو پارچە پارچە دەبوو, ئینگلستان سەری قاڵبوو, لەهیندستاندا شۆڕش لەوپەڕی تەوژمیدابوو. بانگەشەو هاوار لە هەموو ئاسیادا: ئاسیا بۆ ئاسیاییەکانە!" بوو, لە پشت ئەم هاوارەوە ژاپۆن هێشتا هانی گەلانی رەنگزەردو گەنمڕەنگی دەداو دژی رەنگسپییان یارمەتی دەدان لەکاتێکا ژاپۆن خەوی بەئیمپراتۆریەتێکی کیشوەرییەوە دەبینیو تێدەکۆشا, بۆ هێنانەدیی ئەم خەوە پەنای دەبردەبەر سەرکوتکردنی شۆڕشە پرۆلیتارییەکەی. تەنیا شەڕی چینە داخراوەکانبوو: کوولی[99] دژی سامورای[100] سۆشیالستە کوولییەکان بەدەیان هەزاریان لەسێدارەدان, چل هەزار کەس لەو شەڕەی لەشەقامەکانی تۆکیۆدا روویداوە لەهێرشە سەرنەگرتووەکەی بۆسەر کۆشکی میکادو, کوژران کووب[101] بوو بەقەسابخانە. کرێکارانی کارگەکانی لۆکە بەگوللەی تفەنگی ئۆتۆماتیکی کوژران, ئەمەش رووداوێکی کلاسیکییەو بەپیسترین قەسابخانە دەدرێتە قەڵەم کەچەکی نوێی شەڕ ئەنجامیدابێ. ئۆلیگارکییەتی ژاپۆنی, کەئەو حەلە سەری هەڵدا لەهەمووان دڕندەتربوو. رۆژهەڵاتی خستەژێر رکێفی خۆی, بێجگە لەهیندستان, تەواوی بەشی ئاسیاشی لەبازاڕی جیهان پاوانکرد, ئینگلستان توانی شۆڕشە پرۆلیتارییەکەی بهاڕێ‌و هیندستانی لەدەستدا بمێنێتەوە, هەرچەندە ئەوەگشت تواناکانی لەناودەبرد. هەر بەتەنیا ئەمەش نا, بەڵکو ناچاربوو واز لە مۆنۆپۆلە



(99) Colli کۆمەڵی کرێکاران لەهیندستان‌و چین‌و ژاپۆن.

(100) Samurai لەرژێمی کۆنی دەرەبەگایەتیدا لەژاپۆن, چینی خانەدان‌و پیاوانی سوپان.

(101) Kobe بەندەرێکی ژاپۆنە لەکەنداوی ئۆساکا. –وەرگێڕی عەرەبی–

گەورەکانی بێنێ یەك لەدوای یەك لێی جیاببنەوە. بەمشێوەیە سۆشیالستەکان توانیان ئوسترالیاو زیلەندەی تازە بکەن بەدوو کۆماری هەرەوەزی. لەبەرهەمان هۆ, کەنەدا لەنیشتمانی دایك جیابۆوە. بەڵام کەنەدا شۆڕشە پرۆلیتاریەکەی وردو خاشکردو, لەوەدا "پاژنەی ئاسنین" پشتیگرت. لەهەمان کاتدا "پاژنەی ئاسنین" یارمەتیی مەکسیك‌و کووبایاندا بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش. لەهەمان کاتدا بەری ئەمە گشتی ئەوەبوو کە چینی "پاژنەی ئاسنین" لەجیهانی نوێدا چەسپاند. سەرجەمی ئەمەریکای باکووری لەنۆکەندی پەناماوە تا ئۆقیانووسی بەستەڵەکی باکوور, لەبارستەیەکی توندو تۆڵدا تاواندبۆوە.

ئینگلستان, بۆی نەچووەسەر لەهیندستانی زیاتر بەدەستەوە بمێنێ, لەوەدا قوربانیی بەمۆنۆپۆلە گەورەکانیدا. بەڵام ئەمە تەنیا بەدەستەوەدانێکی کاتیبوو, چونکە کێشە لەگەڵ ژاپۆن‌و بەشەکانی دیکەی ئاسیادا بۆ دەربازکردنی هیندستان تەنیا دواخستنبوو. دەبوایە ئینگلستان ئەوەبوو کەبەو نزیکانە هیندستانی لەکیسبچێ, کەچی لەپشت ئەم رووداوەوە کێشەیەکی گەورە لەنێوان ئاسیای یەکگرتوو و جیهاندا سەریهەڵدا.

لەکاتێکا کە دووبەرەکی‌و ناکۆکی هەموو جیهانی پارچە پارچەدەکرد, ئێمە لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا دڵنیاو ئاسوودە نەبووین. هەڵگەڕانەوەی یەکێتییە زلەکان نەیهێشت شۆڕشە پرۆلیتارییەکەمان بەرپابێت, بەڵام توندوتیژی لەهەموو شوێنێکا زاڵبوو. وێڕای ئاژاوەی کرێکاران‌و بێزاریی کشتکاران‌و ئەوەی ماوە لەپاشماوەی چینی مامناوەندی, ئاگری زیندووکردنەوەی ئایینی هەڵگیرسا. لەپڕ ئەستێرەی لقێك لەلقەکانی "ئەوڤێنتستز[102]" درەوشایەوە, تا جاڕی کۆتایی جیهان بدات.

ئێرنست هاواریکرد:

(102) Adventists گرووپێکی ئاینییە, گەڕانەوەی مەسیح بۆسەر زەوی رادەگەیەنێ‌و بڵاویدەکاتەوە کەکۆتایی جیهان نزیکبۆتەوە. –وەرگێڕی عەرەبی–

www.pertwk.com

–"ئاژاوەی سێگۆشەی نەفرەتەکان! چۆن بەئومێدبین لەگەرمەی ئەم ناکۆکیو دووبەرەکیو ئامانجە نەگونجاوانەدا یەکێتی ریزی کرێکاران بهێنینەدی؟"

لەڕاستیدا هێندەی نەبرد چالاکیو ژیاندنەوەی ئایینی تاڕادەیەکی ترسناك پەرەیسەند. خەڵك بەهۆی کلۆڵیو نائومێدییانەوە لەهەموو شتێکی سەر زەوی–بەتاسەوە ئارەزووی بەهەشتێکی ئاسمانییان دەکرد کە ستەمکارانی پیشەسازی نەتوانن بێنە ناوی تەنیا بەقەد ئەوە نەبیٚ کە حوشتر دەتوانیٚ بەکونی دەرزییەوە بچیٚ, ئامادەبوون بەدوای هەرکەسیٚ بکەون بانگیان دەکات بڕوا بەو بەهەشتە بکەن. ئەمشێوەیە سوپای موژدەبەران راپەڕینو بەچاوی خەمو خەفەتەوە لەوڵاتدا دەگەڕان. سەرەڕای ئەوەی کاربەدەستانی مەدەنی بیروبڕوای ئەم گرووپەیان قەدەغەکردو لایەنگیرەکانی بەتاوانی یاخیبوون. چەوساندنەوە, ئەو کۆبوونەوە ئایینیانەی نەدەهاتنە ژماردن توانیان ئاگری پەیوەندیی ئایینی خۆشبکەن.



گوتیان ئێمە گەیشتینە دواڕۆژەکانمان. سەرەتای کۆتایی جیهان. چوار با – کە بەرەڵڵاکرانو, خوا هانی گەلانی دابوو بۆ تێکۆشان. سەردەمەکە, سەردەمی خەوبینینو موعجیزەبوو. لەهەمان کاتدا پێشبینیەکان –لەنێرو مێ– ئەوەندە زۆربوون نەدەهاتنەژماردن.

بەسەدان هەزار کەس, وازیان لەکارهێناو خۆیان گەیاندە شاخ تا لەوێ سەیری دەرکەوتنی نزیکی خواو هەڵکشانی سەدوچلو چوار هەزار کەس بکەن بۆ ئاسمان. بەڵام خوایان بۆ دەرنەکەوت. ژمارەیەکی زۆر لەوان تا رادەی مەرگ تووشی برسییەتی بوون. هەتاکو نائومێدی دایگرتن, بۆ خواردن پەیداکردن بەناو کێڵگەکاندا بڵاوبوونەوە. دوا بەدوای ئەوە, ئەو گێرە شێوێنیو ئاژاوەیەی باڵیان بەسەر ناوچەی دێهاتە کاناکێشا هیچیان بۆئەو کشتکارە کلۆڵانەی موڵکییەتی زەوییەکانیان لەدەست دەرهێنرابوو تیانەبوو, ئەوەنەبیٚ کەکوێرەوەریو کلۆڵییان زیاتر بۆزیادکردن.

لەبەرئەوە, کێڵگەکانو عەمبارەکان موڵکی "پاژنەی ئاسنین" بوون. هێزی سوپای نیزامی دابەزێنرایە مەیدان, دەمارگیرەکان –بەسەری سونگی– –بەنێزە– ناچارکران بگەڕێنەوە سەرکارەکانیان لەشارەکاندا لەوێ بێوچان یاخیبوونو پەنایانبردە بەر خۆنیشاندانو گێرەشێوێنی پێشەواکانیان بەتەواوەتی یاخیبوونو لەسێدارەدران یاخود لەشێتخانەدا بەندکران. لەڕاستیدا ئەوکەسانەی لەسێدارەدران بەهەموو دڵشادییەکی شەهیدانەوە رووبەڕووی مەرگبوونەوە. سەردەمی شێتی بوو, سەردەمێك نەسرەوتنی تیادا بڵاوبۆوە. لەزەلکاوو بیابانو چۆڵەوانیدا لەفلۆریداوە تاکو تەلاسکا, کۆمەڵانی هیندییە سوورەکان توانیان لەزیندویی بمێننەوە. سەمای تارماییان[103] دەکردو چاوەڕوانبوون لەناو رۆڵەکانی توخمەکەیاندا مەسیحێك دەرکەوێت.

لەو هەموو ماوەیەدا, لەکپیو متمانەیەکی ترسناکدا. ئۆلیگارکییەتی, (ئاگری قوردەتی) گشت سەدەکان, لەهەنگاوی سەرکەوتووانەیدا بەردەوامبوو, بەدەستێکی ئاسنینو پاژنەی ئاسنین زاڵبوو بەسەر ملیۆنان خەڵکی بەجۆشو خرۆشدا, لەگەرمەی ئاژاوەدا رژێمی قوتکردەوەو, لەهیولایەکەی –کەرەستەی یەکەم Chance– بناغەو بونیادەکەی دروستکرد.

–"چاوەڕوانبن هەتاکو جڵەوی کاردەگرنە دەست!" گراینجییەکان وایانگوت, هەروەها کالفین لەماڵەکەمان کەلە "بێڵ ستریت" بوو پێی گوتین: "سەیری ئەو ولایەتانە بکەن کەدەنگی زۆرمان تیایانا بەدەستهێنا ئەی سۆشیالستەکان, ئەگەر ئێوە پشتمانبگرن, کە جڵەوی فەرمانڕەوایی دەگرینەدەست, ناچاریاندەکەین بەڕسوایی بدوێن".

سۆشیالستەکان گوتیان:

–"بەملیۆنان داخ لەدڵو هەژارو دەستکورت لەگەڵ ئێمەدان. گراینجییەکان, کشتکارەکان, چینی مامناوەندیو کرێکاران هاتنە ریزی ئێمەو رژێمی سەرمایەداری هەرەسدەهێنیٚ. نزیکەی پاش مانگێك پەنجا نوێنەر دەنێرینە

(103) سەمای تارمایی Ghost danse جۆرە سەمایەکی ئاینییە لەلای هیندییە سوورەکانی ئەمەریکای باکوور. مەبەستی پاڕانەوەیە تا سەماکەر بتوانیٚ پەیوەندی بەڕۆحەکانی برادەرە مردووەکانیەوە بکات.

www.pertwk.com

کۆنگرێس، پاش دووساڵ هەموو پلەو پایەکان دەکەوێتە دەست ئێمە، لەسەرۆکایەتییەوە هەتاکو کاری "سەگکوژی".

ئێرنست هەموو ئەمەی بیست، پاشان سەرێکی بۆ لەقاندو گوتی:

–"چەند تفەنگێکیان هەن؟ ئایا دەزانن لەکوێ گوللەیەکی زۆرتان دەستدەکەوێ؟ بڕوام پێبکەن کەمەسەلە دەگاتە رادەی بەکارهێنانی باروووت، تێکەڵەی کیمیاوی لەتێکەڵەی میکانیکی باشترە."

# شانزەیەم بەش

# کۆتـــــایی

www.pertwk.com

# کۆتایی

که کاتی ئەوە هات منو ئێرنست بڕۆین بۆ واشنتن, باوکم لەگەڵمانا نەهات. دڵکێشی ژیانی پرۆلیتاریا بووبوو, بەچاوی سەرنجدانی لەتاقیگەیەکی زلی زانستی کۆمەڵایەتی سەیری گەڕەکە پیسەکەی کرێکارەکانی کرد, دەستیکرد بەخۆ خەریککردن بەلێکۆڵینەوە گەلێکی وا وەك بڵێی کۆتاییاننایە. دۆستایەتیی کرێکرانی کرد. وەك برادەرێکی دڵسۆز لەدەیان ماڵ پێشوازی لێدەکرا. هەر تەنیا ئەمەش نا, بەڵکو زۆر کاری سەیری کردن, کار لای ئەو یاریبوو بەقەدئەوەی پێزانینێکی زانستیانەبوو. لەبەرئەوە پێی دڵشادبوو, هەمیشە بەتێبینی فراوانەوە دەربارەی سەرچڵییە تازەکانی دەگەڕایەوە ماڵەوە, نموونەی زانای تەواوبوو.

هیچ پێویستییەکی بەکارکردن نەبوو, چونکە ئێرنست توانی لەبواری وەرگێڕاندا ئەوەندە پەیدا بکات بەشی بەخێوکردنی هەرسێکمان بکات. بەڵام باوکم سووربوو لەسەر بەدواکەوتنی تارماییە جێ دیارەکە, لەلای تارماییەکبوو زوو زوو دەگۆڕا, ئەوەش بەپێی ئەو کارانەی پێوەیان خەریکبوو. تاماوم ئەو ئێوارەیەم لەبیرناچێتەوە کەکەلوپەلە تایبەتەکەی بەخوردەفرۆشی لەگەڵ خۆیدا هێنابووە ماڵەوە. (بەفرۆشتنی دەستگێڕ لەشەقامو کەبریتیبوو لەقەیتانی پێڵاوو قایشی پانتۆڵ, هەروەها ئەو رۆژەش کەچووم بۆ دووکانە بچووکەکەی سەر سووچەکە تا هەندێ پێویستی بکڕم, لەپڕ لەوێ چاوم پێیکەوت, ئامادەبوو خزمەتمبکات. دوای ئەوە پێم سەیر نەبوو کەبینیم بەدرێژایی هەفتە, لەچاپخانەیەکی ئەوبەری شەقام شاگردبێ. کاری شەوانە پاسەوانبوو, پەتاتەفرۆشی لەناو کۆڵانەناندا دەکرد, وێنەی پڕوپاگەندەی بەعەمباری ماسیی



سەردینی ناو قوتوودا هەڵدەواسی, لەکارگەی کاغەزی مقەبادا کاریدەکردو, ئاویدەبرد بۆ کۆمەڵێك کرێکاری خەریکی دامەزراندنی هێڵێك لەهێڵەکانی گواستنەوەی هاوبەش لەشەقامێکدا, بەرلە هەڵوەشاندنی سەندیکای قاپشۆران بەماوەیەکی کەم چووە ریزی سەندیکای ناوبراو, وابزانم ئەو نموونەیەی قەشە هێنایەوە, ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندیی بەلەبەرکردنی جلی کرێکارانەوە هەیە, باوکم سەرسامبوو, چونکە کراسی لۆکەی هەرزانی کرێکاران‌و بەربێنەی پشتێنی تەسکی ناوقەدی لەبەرکرد. لەگەڵ ئەوەشدا نەریتێکی لەنەریتە کۆنەکانی ژیانی پاراست: هەر جارێ خواردنی شێوانی بخواردایە, بەرگە رەسمییەکەی لەبەر دەکرد.

دەمتوانی تاماوم لەگەڵ ئێرنستدا بەختەوەربم‌و, بەختەوەریی باوکم لەباری گۆڕاومان بەچاکترین شێوە بەختەوەرییەکانی بۆ تەواو دەبن.

باوکم گوتی:

-"کە منداڵبووم زۆر خۆم لەشت هەڵدەقورتاند. دەمویست بزانم بۆچی شتەکان بوون‌و چۆن بۆیان لواوە رووبدەن. هەرلەبەر ئەمەش پسپۆڕیم لەفیزیادا پەیداکرد. ئەو خوێنەی ئەمڕۆ لەدەمارەکانما دەگەڕێ لەهی سەردەمی مداڵیم کەمتر نییە, خۆتێهەڵقورتاندنی مرۆڤ پاڵنەرێکی سەرکییە بۆ بەسەربردنی ژیان."

هەندێ جار سەرەڕۆیی دەکردو روویدەکردە باکووری "مارکت ستریت", بەرەو شانۆکان‌و دووکانە بازرگانییەکان, لەوێ رۆژنامەی دەفرۆشت‌و کەپیشەی فرۆشتنی رۆژنامەو هەندێ شتی پێویستی دەکڕین بۆ کەسێك‌و دەرگای عەرەبانەی کرێی دەکردەوە. رۆژێکیان, کەخەریکبوو دەرگای گالیسکەیەك پێوەبدات, مستەر ویکسنی دیبوو. ئەوشەوە, باوکم بەکەیف‌و خۆشییەکی زۆرەوە ئەو رووداوەی بۆ گێڕاینەوەو وتی:

-"کەدەرگای عەرەبانەکەم پێوەدا, ویکسن بەوردی سەرنجیدام‌و مینگە مینگێکی کرد.

www.pertwk.com

-"باشه بەر نەفرەت دەکەوم!" بەڵێ, گوتیەوە: "باشە, بەرنەفرەت دەکەم" روخساری سوورهەڵگەڕاو شڵەژا, تەنانەت لەبیری چوو هیچ بەخشیشێکم بداتێ.

بەڵام بێگومان هەرزوو هاتەوە سەرخۆی. گالێسکەکە مەودای پەنجا پێ تێنەپەڕیبوو کە سووڕایەوەو پشتاوپشت وەرگەڕا. ویلسن چەمایەوەو لەپشت دەرگاکەوە سەیریکردو گوتی: "مامۆستا. سەیری ئێرەکە" ئەمە لەپێویست زیاترە. دەتوانم چ خزمەتێکت پێشکەشبکەم؟"

وەڵاممدایەوە, دەرگای گالێسکەکەم لەدواتەوە داخست بەپێی نەریتی باو دەتوانی دە دۆلارم بدەیتێ."

گوتی: واز لەم قسە قۆڕانە بێنە. من لێتدەپرسم چ خزمەتێکی ئەوتۆی وا گەورە هەیە بتوانم پێشکەشتیبکەم؟"

بێگومان بەراستی بوو. لەوانەیە لەبەر تێوەژاندنی ویژدانی بێ وەك ئێسقانی بووبێ* , بەم شێوەیە ساتێك کەوتمە ناو بیرکردنەوەیەکی ڕێکوپێکەوە. کە دەستمکرد بە وەڵامدانەوەی رووی پڕ بوو لە راپەرموون. بەڵام کەلێبوومەوە دەبوایە ئێوە هەردووکتان بتانیبایە.

"پێمگوت: دەتوانی ماڵەکەم بۆ بگەڕێنیتەوەو, پشکەکانم لە کارگەکانی سیرا پێبدەیتەوە.

-"ئەوسا چی گوت؟"

-"دەیتوانی چ بڵێ؟ ئەو هیچی نەگوت. بەڵام من پێمگوت: "هیوادارم بەختەوەر بی, بەخۆتێهەڵقورتاندێکەوە سەیریکرد, لێمپرسی: "پێمبڵێ, ئایا تۆ بەختەوەری؟"

بە عەرەبانچییەکەی گوت بۆی دەرچێ‌و بەشێوەیەکی ترسناك دەستیکرد بەجنێودان, دە دۆلارەکەشی نەدامێ. بگرە خانوو و پشکەکانیش. ئازیزەکەم, بەمشێوەیە دەبینی, پیشەی بۆ هیممەتی باوکت نائومێدیی زۆر تەنیویەتی."

* Ossified واتە بۆ ئێسقان, درکەیە لەمەڕ یەکجار دڵڕەقی.



بەمجۆرە باوکم ویستی و بەلایەوە باشبوو لەماڵەکەمان, لەبێل ستریت بمێنێتەوە, لەهەمان کاتدا من‌و ئێرنست بۆ واشنتن بەرێکەوتین.

بەرێوەبەرایەتییەکە کەمێك دوورخرابۆوە. دوورخستنەو کۆتاییەکەی لەوە نزیکتر بوو کە بۆی دەچووم, بەپێچەوانەی ئەوەی بەتەمای بوین, چ تەگەرەو کۆسپێك نەهاتە پێ جێگەگرتنی نوێنەرە سۆشیالستەکان لە کۆنگرێسدا. هەموو شتێك بەشێوەیەکی سانا راییدەبوو. گاڵتەم بە ئێرنست هات کە لە خودی ئەم سانایییەدا نیشانەی خراپەی بەدیکرد.

چاومان بە هاوڕێ سۆشیالستەکانمان کەوت, گەشبینن‌و لە هێزیان‌و لەوشتانەی دەیانتوانی ئەنجامیانبدەن دڵنیابوون. بە ژمارەیەکی کەم لەو گراینجییانەی بوون بە ئەندامی کۆنگرێس هێزمان زۆرتر زیادیکرد, بەهاریکاریکردن لەگەڵ ئەواندا, بەرنامەیەکی درێژمان دەربارەی ئەوەی پێویستە بیکەین داڕشت, ئێرنست بەدڵسۆزی‌و باوەڕەوە بەشدار بوو, هەرچەندە ئەو جاروبار, خۆی پێنەدەگیرا قسە نەکات‌و دەیگوت:" کە مەسەلەکە دەگاتە رادەی بەکارهێنانی باروت بڕوام پێبکەن ئەگەر بڵێم ئاوێتەی کیمیاوی لەئاوێتەی میکانیکی باشترە".

ئەو گراینجییانەی لە هەڵبژاردنەکەی دواییدا توانیان لە هەندێ ولایەتدا زۆرینە بەدەستبێنن یەکەم کەسبوون کە تووشی کارەسات هاتن ژمارەی ئەم ولایەتانە دوانزە بوو. بەڵام گراینجییە هەڵبژێردراوەکان رێیان پێنەدرا پلەو پایەکانیان وەربگرن. داگیرکەرانی ئەم پلانە نەیانویست وازبێنن. ئەوە کارێکی زۆر سووك‌و ئاسان نەبوو, گوایە بەلای وانەوە هەڵبژاردن شەرعی نەبووە. پشتێنی رۆتینی رەسمییان لە هەموو دۆخەکە ئاڵاند. ئەم پشتێنە درێژەی دواییهاتنی نزیك نییەو, کەوتۆتە دەست گراینجییەکان, پەنایان بردە بەر دەرگاکە. بەسیفەتی ئەوەی دوایین پشکە, بەڵام دادگەکان بووکە شووشەی ناودەستی دوژمنەکانیانبوون.

www.pertwk.com

ئەوە ساتی مەترسیبوو, ئەگەر نوێنەرە گرایـنجییە لە خشتە براوەکان پەنا ببەنە بەر توندو تیژی, ئەوە هەموو شتێکیان لەکیسدەچیٚ, مەپرسە ئێمەی سۆشیالست لە پێناوی راگرتنی سەرکێشییاندا چەند تێکۆشاین! شەوورۆژی وامان بەسەردا هاتن, چاوەکانی ئێرنست هەرگیز چێژی خەویان تیایاندا نەزانی. پێشەوا گەورەکانی پارتی گراینج هەستیان بەمەترسییە گەورەکە کرد. لەریزی ئێمەدا بەدلٚو بەگیان وەك یەك پیاو وەستان. بەلاٚم ئەمە هەمووی بێهوودەبوو. ئۆلیگارکییەت توندوتیژیی گەرەك بوو, بەبەکرێگیراوە هاندەرەکانی گوت چوست‌و چالاکبن. گومانی تیانییە بەکرێگیراوە هاندراوەکان aqent-provocateurs بوون کە بوونە هۆی شۆڕشی جووتیاران.

ئاگری شۆڕش لەدوانزە ولایەتدا هەلٚگیرسا. ئەو کشتکارانەی مولٚکییەتی زەوییەکانیان لێسەندرابوو بەزۆر دەستیان بەسەر حکوومەتەکانی ولایەتەکاندا گرت. هەلٚبەتە ئەوە کارێکی ناودەستووریبوو. حکومەتی ناوەند سوپاکانی هێنانە مەیدان. لە هەموو شوێنێکدا بەکرێگیراوەکان خەلٚکیان بۆ یاخیبوون‌و سەرپێچیکردن هاندا. سیخوڕانی "پاژنەی ئاسنین"دەمامکی هەمە جۆریان پۆشی. ئەوان دەمیٚ پێشەوەرو دەمێکی دیکە کرێکاری کشتکاریبوون‌و لە ساکرامینتۆی, پایتەختی کالیفۆرنیا, گرایـنجیدیەکان بەرەو پتەوکردنی یاساو ئاسایش دەچوون, کەچی لەپڕ هەزاران بەکرێگیراوی نهێنی رووپاندەکردە شاری پشتگیرو تەنها هەر لەخۆیان تاقمی هەرچیوپەرچییان پێکدەهێنان. دەستیاندەکرد بەتەقەکردن لەخانوو بەرەو کارگەو تالاٚنکردنیان. پاشان ئەو بەکرێگیراوانە دەستیانکرد بەهاندانی خەلٚکی بۆ ئاژاوەنانەوەو تەنانەت بەشداریی کردەوەی تالاٚن‌و بردنیان دەکرد. عارەقێکی زۆریان بەسەر خەلٚکی گەڕەکە پیس‌و پۆخلٚەکانی کرێکاراندا دابەشکرد بۆ ئەوەی گەرمیانکەن, پاش ئەوە, کە هەموو شتیٚ سازبوو, لەسەر شانۆی رووداوەکان سەربازی نیزامییەکانی ولاٚتە یەکگرتووەکان دەرکەوتن. ئەوانەی لە راستیدا سەربازی "پاژنەی ئاسنین"بوون.



بەگوللەی تفەنگەکانیان یانزە هەزار کەس لە شەقامەکانی ساکرامنیۆدا کوژران یاخود لەناو مالٚەکانیاندا سەربڕان. حکومەتی ناوەند دەستی بەسەر حکومەتی ولایەتدا گرت‌و سەبارەت بە کالیفۆرنیاش هەموو شتێك کۆتایهات.

ئەو رۆمانەی لە کالیفۆرنیا نوێنرا لە شوێنێکی دیکەشدا نمایشکرا. توندوتیژی هەموو ئەو ولایەتانەی گرتەوە کە پالٚێوراوانی حیزبی گراینجی تیایاندا دەرچووبوون, خوێن بەشووشتن شووشتییەوە. بەکرێگیراوە سیخوڕەکان‌و کۆمەلاٚنی "سەدان رەشەکان" لەسەرەتادا ئەوانبوون ئاژاوەیان دەخولٚقاند, تاکو داوا لە هێزە نیزامییەکان بکریٚ بۆ بەرقەراربوونی ئەمن‌و ئاسایش, ئاژاوەو حوکمی هەرچیوپەرچی هەموو لایەکی دێهاتی گرتەوە. شەوورۆژ دووکەلٚی کێلٚگەو عەمبارو گوندو شارە سووتاوەکان بەرز دەبۆوەو بەری ئاسمانی دەگرت. دینامێت بەکارهێنرا. پردەکانی خەتی شەمەندەفەرو تونێلەکان هەلٚتەکێنران. شەمەندەفەرەکان تێك‌و پێك دران‌و, جووتیارە کلٚۆلٚەکان کوژران‌و ژمارەیەکی زۆریان لەسێدارە دران. تۆلٚەکردنەوەکە زۆر سەخت‌و تالٚبوو. کۆمەلٚێك لە پلۆتۆکراتی‌و ئەفسەرانی سوپا کوژران. ئارەزووی خوێن‌و تۆلٚە سەندنەوە لەدەمارەکانی خەلٚکدا کەفوکولٚیان دەدا. هێزە نیزامییەکان بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە بەرەنگاری گشتکارەکان بوونەوە, هەروەك بلٚێی دژ بە هیندییە سوورەکان دەجەنگێن. هێزە نیزامییەکان هۆیەکی رەوایان هەبوو, دووهەزارو هەشت سەد سەرباز لەوان لەزنجیرەیەکی ترسناکی تەقینەوەی دینامێتدا لە ئۆریگۆن قڕ کران, بەشێوەیەکی هاوتا ژمارەیەك لەبارگەی فارگرنی شەمەندەفەر لە شوێن‌و کاتی جیاجیادا لەناوبران. لەبەرئەوە هێزە نیزامییەکان بۆ بەرگریکردن لە گیانی خۆیان شەڕیاندەکرد, بەهەمان هەندو شێوە کشتکارەکان بۆ پاراستن لە گیانی خۆیان شەڕیاندەکرد.

یاسای سالٚی 1903ی تایبەت بە میلیشیا خرایەکارو هەڕەشەی کوشتن لە کرێکارانی هەموو ولایەتەکان کرا, ئەگەر بەشداریی میلشیا نەکەن بەگوللەی

www.pertwk.com

تفەنگ هاوڕێ کرێکارەکانیان لە ولایەتەکانی تردا دەکوژن. گومانی تێدا نییە کە یاسای میلیشیا لە سەرەتادا بەرهەڵستییەکی توند کرا. زۆر لە ئەفسەرەکانی کوژران‌و ئەو دادگە عورفییانەی لە کۆڕی شەڕدا کۆبووبوونەوە, بڕیاریان لەسەر کوشتنی زۆر لەپیاوانی میلشیادا. پێشبینییەکەی ئێرنست لەسەر هەردوو حاڵەتەکەی مستەر کووالْت‌و مستەر ئاسمۆنین بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر راست دەرچوو. هەردووکیان دانران بۆ بەشداریکردنی ئەو هەڵمەتە تەمبێکردنەی لە کالیفۆرنیا کرایە سەر کشتکارەکانی میزوری مستەر کووالْت‌و مستەر ئاسمونسین بەشداریکردنیان لەو شالاوەدا رەتکردەوە. ماوەیەکی کورتیان درایێ. لەدواییدا برانە بەردەم دادگەیەکی عورفی‌و حوکمی مەرگیان بەسەردا درا. گوللەبارانکران. پشتیان لەو تاقمە کرد کە گوللەبارانیانکردن.

زۆر لەلاوەکان بۆ خۆ دەربازکردن لە خزمەتکردن لە ریزی میلیشا رانکردە شاخ‌و قاچاغبوون.

دوای ئەوەی بارودۆخ کەمێك هاتەوە سەرخۆ. بەسەختی سزادران. حکومەت بەیانێکی دەرکرد تیایدا داوای لە هەموو هاوولاّتییان کرد کە بەتەنگ یاساوەبن, چیاچۆڵکەن‌و لەماوەی سێمانگدا خۆیان بەدەستەوە بدەن. هەر کە ماوەکە تەواو بوو لە هەموو شوێنێکدا هێزی سەربازی کە ژمارەی نیوملیۆن کەس دەبوو, رووویانکردە شوێنە شاخاوییەکان. هیچ لێکۆڵینەوەیەك نەبوو, هیچ موحاکەمەیەك نەبوو. هێزەکان تووشی هەر پیاوێك دەبوون تەقەیان لێدەکردو دەیانکوشت. هێزەکان لەسەر بنەچەی ئەوە کاریاندەکرد کە جگە لە قاچاغ کەس لەشاخ نەماوەتەوە. لەناو ئەو پارتیزانانەدا هەندێ تاقمی خۆ قایمکەر لە مەڵبەندی قایم‌و سەختدا, شەڕێکی ئازایانەیان کرد. لەکۆتاییدا هەموو میلیشیا هەلاّتووەکانیش کوژران.

ئەو سزایەی میلشیا درا کاریگەرییەکی زۆرو دەنگدانەوەی تری لە دڵ‌و دەروون‌و مێشکی خەڵکدا بەجێهێشت. لەراستییدا یاخیبوونی کانسانسی مەزن



لەسەرەتای پرۆسەسەربازییەکانی دژ بە گراینجییەکان روویدا. شەش هەزار کەس لە ناو مێلیشیادا لە سەرکردەکانیان یاخیبوون. بەر لەوە گەرموگوڕی‌و هەڵچوون, بەدرێژایی چەند هەفتەیەك, دایگرتن. بەلاّم یاخیبوونە ئاشکراکەیان, بێگومان, هەرلەپڕ بەکرێگیراوە هاندەرەکان بەرپایانکرد.

لەشەوی بیست‌و دوی نیساندا, جاڕی یاخیبوونیان داو, شمشێریان لەملی ئەفسەرەکانیان ناو, لەوانە ژمارەیەکی زۆرکەمیان لێدەربازبوو, ئەوە دوورترین شتبوو لەو پیلانەی "پاژنەی ئاسنین"نایەوە, چونکە بەکرێگیراوە هاندەرەکان زیاتر لەپێویست جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان زانی. بەلاّم "پاژنەی ئاسنین" زانی چۆن سوود لەهەموو شتێ دەبینێ, ئەو بۆ ئەو یاخیبوونە ئامادەبوو, کەچی کوشتنی ئەم ژمارە زۆرەی هەموو ئەو ئەفسەرانە پاساوێك بەدەستەوە دەدا لەوەی کە دوای ئەوە روویدا. چل هەزار کەس لە سوپای نیزامی, بەوێنەی جادوو, دەوری یاخیبووەکانی ناو هێزەکانی میلیشیایان گرت, ئەوە تەڵە بوو. هێزە میلیشیا کلۆڵەکان بازووکەکانیان تێکدران, ئەو گوللانەی لە عەمبارەکانی تەقەمەنی دەستییان بەسەریاندا گرت بۆ بازووکەکانیان نەدەشیان. ئالاّی سپیی خۆ بەدەستەوە دانیان بەرزکردەوە, بەلاّم گوێیان پێنەدرا. یەکێکییان بەسەلامەتی دەرنەچوون. سەراپا شەش هەزارەکە تەفروتونا کران, لەمەودایەکی کەمەوە رێژنەی نارنجۆك‌و بۆمبای "شرابنیل"یان بەسەردا باری هەتاوەکو ئەگەر بەنائومێدی هێرشبکەنە سەر ئەو خەتانەی دەوریانگرتوون, بەرێژنەی ئاگری بازووکوکان دروونە بکرێن. قسەم لەگەڵ یەکێکدا کرد کە بەچاوی خۆی بینیبووی, گوتی نزیکترین کەس لەپیاوەکانی میلیشیا, لەبازووکەکانەوە سەدو پەنجا یاردە دووربوو. زەوی بەلاشەی کوژراوان داپۆشرا. ئینجا سوارە چەکدارەکان دواهێرشییان بەسمی ولاّخ‌و دەمانچەو شمشێرەکانیان بردە سەر یاخیبووەکان, ئەو بریندارانەیان پلیشاندنەوە کە کەوتبوونە سەرزەوی. لەکاتێکا

www.pertwk.com

**کاربەدەستان ئەم زەبرە گورچکبڕەیان لە گراینجییەکان دا شۆڕشی کرێکارانی کانزاکانی خەڵووزی بەردی بەرپا بوو.**

**ئەوشۆڕشە دوا ئەرك‌و تەقەلابوو کە بزووتنەوەی رێك‌وپێکی کرێکاران لەسەرەمەرگدا دای. سیٚ چارەکە ملیۆن کرێکاری ئەوکارگانە مانیانگرت. بەڵام ئەوان لەهەموو لایەکی وڵاتدا پەرشوبڵاو بووبوونەوە کە توانای سوودوەرگرتن لە هێزەکەیان لەئارادا نەبوو. لەناوچەکانیان دابڕان‌و, ناچارکران خۆ بەدەستەوە بدەن. ئەمە یەکەم کردەی گەورەی پرۆسەی کۆیلەکردنبوون, لەوماوەیەدا پۆکۆك[104] وەك جەللادی کۆیلان ناوبانگیدەرکرد. رق‌وکینەی بێووچانی پرۆلیتاریای پێبڕا. تەقەلایەکی زۆر درا بۆ کوشتنی. بەڵام دیاربوو وەك بڵێی نوشتە دەیپارێزێت. تەنیا ئەو بەرپرسیاربوو لەوەی سیستمی پەساپۆرتی رووسی خستە دونیای کانزاکانەوە, بەرپرسیار بوو لە بێبەشکردنی کرێکارەکان لە مافی گواستنەوە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەی وڵات.**

---

**(104) پۆکۆك Pocok تێکدەرێکی دیکەی بەناوبانگی مانگرتنبوو لەو رۆژگارەدا, تا دوا رۆژ لەرۆژانی ژیانی بۆی چووە سەر کرێکارانی کانزاکانی خەڵووزی بەردین لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا ناچار بکات کە بەردەوام کاربکەن. لویسی کوڕی لەم پیشەیەدا جێی گرتەوە, بەدرێژایی پێنج پشت ئەم بنەماڵەیە کە هەموویان جەللادانی کۆیلە بوون زانیان چۆن کرێکارانی خەڵووزی بەردین دەخەنە ژێر رکێفی خۆیان, پۆکۆکی گەورەی ناسراو بە پۆکۆکی یەکەم بەم شێوەیە وەسفکرابوو:**

**"سەرێکی درێژووکەی لەڕ لەشێوەی نیو بازنەدا, خەتێك قژی بۆروسپی دەورەی داوە, گۆنا ئێسقان زل ریش پڕی رووسیسی, چاو خۆڵەمێشی بێتروسکەی, دەنگگڕی, ورگ زل, بێهیممەت, زادەی خێزانێکی سادەیە, سەرەتای ژیانی بەمەیگێڕ دەستیپێکرد. پاشان بووە پۆلیسێکی نهێنی تایبەتی لە کۆمپانیایەکی هاتوچۆی ئۆتۆبیس. ئینجا هەنگاوی لەسەرەخۆو سستی نا تا ببێتە تێکدەرێکی پیشەداری مانگرتن. بەڵام بۆ کۆکی پێنجەم. کە دوایین وەچەیە لە مانگرتنێکی بچووکدا کە کرێکارانی کانزاکان لەناوچەی هیندی" دا کردیان بۆمبایەك کوشتی. ئەوەساڵی 2073 لەدایکبوونی مەسیح روویدا.**



**لەوماوەیەدا سۆشیالستەکان کۆڵیان نەدا. کەچی گراینجییەکان هەناسە دوای هەناسە لەناودەچوون. بزووتنەوەی کرێکاران کەرت‌و پەرت دەکرا, سۆشیالستەکان دامێنی ئاسایش‌و هێمنییان گرت‌و خەریکی پتەوکردنی رێکخرازە نهێنییەکەیان‌و شێوەو مۆرکی تەواوەتی پیٚ بەخشیبوون, ئێمە بەڕاستی, بۆچوونی قسەکەمان ئەوەبوو, کە هەر یاخیبوونێك ئێمە بیکەین مانای خۆکوشتنی بەکردەی شۆڕشە بەگشتی. چونکە "پاژنەی ئاسنین" لەسەرەتادا گومانی لەتوانای خۆی لەرووبەرووبوونەوەی سەرجەمی پرۆلیتاریا لەیەك کاتدا دەکرد. هێندەی نەبرد دیتی ئەرکەکە هەسان ترە لەوەی چاوەڕوانیبوو. ئەو لەهەموو شتێك زیاتر پێشوازی لە راپەڕینێك دەکات کە ئێمە بیکەین. بەڵام ئێمە خۆمان لەوە دوورخستەوە, هەرچەندە بەکرێگیراوە هاندەرەکان بەژمارەیەکی زۆرەوە بەدزییەوە هاتنە ناومان. لەورۆژە زووانەدا بەکرێگیراوەکانی پاژنەی ئاسنین لە رێبازو شێوازەکانیان دەرچوون. پێویستبوو لەسەریان زۆرشت فێربن‌و لەوماوەیەدا "تاقمە شەڕکەرەکانمان" لە بێژنگ‌و هێڵەگیان دان. ئەرکێکی سەختی خوێناویبوو. بەڵام ئێمە بەرگریمان لەژیانی خۆمان‌و شۆڕش دەکردو پێویستبوو لەسەرمان بەرهەڵستیی دوژمن بەخودی چەکەکانی بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا دادوەربووین. ئێمە هیچ بەکرێگیراوێکی لە بەکرێگیراوانی "پاژنەی ئاسنین"مان بێدادگەییکردن لەسێدارە نەدا. دەشیٚ هەڵەمان کردبیٚ, بەڵام ئەم هەڵانە, ئەگەر راست بیٚ ئێمە کردبێتمانن– زۆر بەدەگمەنبوون. ئازاترین هاوڕێمان‌و بەئارامترینییان لەسەر تێکۆشان‌و لەخۆبوردووترینییان چووە ریزی "تاقمە شەڕکەرەکان". رۆژێکیان پاش تێپەڕبوونی دەساڵ بەسەر ئەم رووداوانە, ئێرنست حیسابێکی کرد, لەسەر بنچینەی ئەو ژمارانەی پێشەواکانی "تاقمە شەڕکەرەکان"پێیان دابوو بونیادیکرد, گەیشتمە ئەو ئەنجامە کە ناوەندی تەمەنی پیاو, ئافرەت پاش چوونە ریزی ئەو تاقمانە پێنج ساڵ زیاتر نەبوو, ئەو هاوڕێیانەمان کە هاتبونە ئێر ئالاّی "تاقمە شەڕکەرەکان" هەموویان قارەمانبوون. سەیر ئەوەبوو کەئەوان دژی کوشتن‌و بڕینبوون. سەرپێچیی خودی خوو رەوشتی**

www.pertwk.com

**خۆیان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئازادییان خۆشویستو, ئامادەبوون لە پێناوی مەسەلەکەدا گەورەترین قوربانی بدەن[105].**

---

(105) "ئەم تاقمە شەڕکەرانە" تا رادەیەك لەسەر شێوەی ئەو رێکخراوە شەڕکەرەی کەلەکاتی شۆڕشی رووسیدا چالاکبوون رێکخراوبون. سەرەرای تەقەلای بێوچانی "پاژنەی ئاسنین"ئەو تاقمانە بەدرێژایی ئەو سێ سەدەیە ژیان کە حوکمی "پاژنەی ئاسنین"لەئارادابوو . لەپیاوو ژن پێکهاتبوون کە نیازێکی بەرزوو ئازایەتیی گیان بەختکردن پاڵیپێوەدەنان, لێرەدا دەسەڵاتێکی گەورەیان هەبوو, جانەوەری‌و درندەیی کاربەدەستانی کەمکردەوە. کارەکەیان تەنیا پابەند نەبوو بە جەنگی نهێنی دژ بەکرێگیراوە نهێنییەکانی ئۆلیگارکییەتەوە, ئۆلیگارکییەکان خۆیان ناچاربوون گوێبدەنە بڕیارەکانی "تاقمە شەڕکەرەکان", ئەگەر یاخیبوونایە, زۆر جار سزای مەرگیان بەسەردا دەدرا هەمان سزاش رووبەرووی دەستوپێوەندی ئۆلیگارکییەکان‌و ئەفسەرانی سوپاو پێشەوایانی بەرەبابە کرێکارییە داخراوەکان دەبووەوە.

ئەو تۆڵە سێنە رێکوپێکخراوانە, تا پێیانبکرابایە سووربوون لە سەر حوکمدانی دادوەرانە. بەڵام بەرزترین شت تیایانا سووربوونیانبوو لە خۆبەستنەوە بەتەقەلادانی یاسایی, بێهەڵچوون‌و بێمەیلی ئارەزووکردن. لەلای ئەوان, دادگەییکردنی سەرپێیی نەبوو. ئەگەر یەکێك بگیرابایە, مافی وەستانی لەبەردەم دادگەیەکی رەواداو دەرفەتی بەرگریکردن لە خۆی پێدەدرا. هەندێ پێویستیی ناچار وایاندەکرد کە دادگەیی خەڵکی زۆر بکرێ, پاشان لەجیاتی دادگە فەرمانی لە سێدارەدانیان ئەنجامبدرێ, وەك ئەوەی ساڵی 2138ی عیسایی بەرامبەر ژەنەراڵ لامپتن Lampton کرا. ئەم لامپیتنە بەدترین بەکرێگیراووتینوو ترینییانبوو بۆ خوێن کە چارەنووسیان بەندبوو بە خزمەتکردنی "پاژنەی ئاسنین"ەوە تاقمە شەڕکەرەکان" ئاگاداریانکرد کە دادگەییانکردووەو بەبەڵگە بۆیان ڕوونبۆتەوە کە تاوانکارەوە فەرمانی مەرگیان بەسەرا داوە, ئەویش پاش ئەوەی سێ وریاکردنەوەی درابوویێ کە پێویستە واز لە خراپەکاری بێنێ بەرامبەر پرۆلیتاریاو مامەڵەی دڕندانە لەگەڵیدا. پاش حوکمدانی بەمردن. دەوری خۆی بەژمارەیەکی بێشوماری هۆکارەکانی خۆپاراستن تەنی. چەند ساڵێك رابوردن, "تاقمە شەڕکەرەکان"لەپێناوی جێبەجێکردنی ئەو فەرمانەی دەریانکردبوو بێهوودە جەنگین.



**ئەو ئەرکەی خۆمان بۆ پالاّوتبوو سێ لقبوو.**

**یەکەم: پاککردنەوەی ناوخۆمان لە بەکرێگیراوە نهێنییەکانی ئۆلیگارکییەت کە هاتبوونە ناومان.**

**دووەم: رێکخستنی "تاقمە شەڕکەرەکان"و رێکخراوی گشتیی شۆڕش.**

---

کەچی هاوڕێ دوای هاوڕێ (ژن‌و پیاو)لەتەقەلادانەکانیاندا سەرنەدەکەوتن‌و, ئۆلیگارکییەت بەشێوەیەکی‌دڵڕەقانە سزای لەسێدارەدانی دەدان‌و, مەسەلەی ژەنەراڵ کە لەخاچدانی وەك شێوەیەکی شەرعیی لەسێدارەدان ژیاندەوە. بەڵام لامپتن لە ئاخریدا جەللادی خۆی لە خودی کیژۆڵەیەکی لاوازی تەمەنەحەڤدە ساڵیدا دۆزیەوە, کەناوی مادلین بروڤانس بوو. بۆ گەیشتن بەمەبەستەکەی, ناچاربوو دووساڵی رەبەق لە کۆشکەکەیدا بەرگدروو بێت. پاش ئازاردانێکی ترسناکی دەستدرێژیکارانە لە بەندیی تاکە کەسیدا مرد. بەڵام ئەمڕۆکە بەنەمری ماوەتەوە, لە "بانتیۆنی برایەتی"لە شاری سێرلیسی موعجیزەدا پەیکەرێکی برۆنزی بۆ دانراوە.

پێویستە لەسەر ئێمە, کە بەتاقیکردنەوەی شەخسی شتێك لەبارەی خوێنرشتنەوە نازانین, لە حوکمدانماندا بەسەر پاڵەوانانی "تاقمە شەڕکەرەکان"دا دڵڕەقنەبین. ئەوان گیانی خۆیان لە پێناوی مرۆڤایەتیدا بەختکرد, لەهیچ قوربانیدانێکی بەنرخدا درێغییان نەدەکرد. لەراستیدا ئەوپێویستییەی کە بێبەزەییە ئەوەبوو کە ناچاریکردن لەسەردەمێکدا لەسەردەمەکانی خوێن دەستی خۆیان پیسکەن. تاقمەشەڕکەرەکان دڕکێکبوون لە کەڵەکەی "پاژنەی ئاسنین", "کە پاژنەی ئاسنین" نەیتوانی بەهیچ جۆرێ دەریبێنێ. ئێڤەر هارد باتوکی ئەم لەشکرە سەیرەبوو, بەرهەمەکانی‌و بەردەوامبوونی سەرکەوتووی بەدرێژایی سێسەد ساڵ بەڵگەیەك راستدەکەنەوە لەسەر ئەو حیکمەتەی مۆرکی پتەوو قایمەی بۆ وەچەکانی داهاتووی داڕشت, تاکو قەڵای بەراستیی سۆشیالیزمی لەسەر بینا بکرێ. هەرچۆنێبێ رێکخستنی "تاقمە شەڕکەرەکان"لەلایەن ئەوەوە, دەبێ لە هندێ لایەنەوە, سەرەڕای کارە چاکە مەزنەکانی لەبواری زانستیی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئیشکردنی وەك سەرکردەیەکی گشتی لە شۆڕشدا, دەبێ لەهەندێ رووەوە لەقەڵەمبدرێ بۆی لوا کە بیکا.

www.pertwk.com

سێیەم:بڵاوکردنەوەی بەکرێگیراوە نهێنییەکانمان لەهەموو لقێکدا لە لەقەکانی ئۆلیگارکییەت– لەبەرەبابە داخراوەکانی کرێکاران, بەتایبەتی لەناو کرێکارانی بروسکەو سکرتێرەکان‌و مووچەخۆری نووسینگەکان‌و, لەناو سوپاداو,ناوەندە بەکرێگیراوە هاندەرەکان‌و جەللادانی کۆیلەکان ئەرکێکی خاوو بەترسبوو, زۆرجار تەقەلاکانمان سەرنەکەوتن‌و زۆرمان لەسەر دەکەوت.

پاژنەی ئاسنین لەشەڕی ئاشکرادا سەرکەوت, بەڵام ئێمە لەشەڕی نوێدا, شەڕی سەیری ترسناکی نهێنی, کە خۆمان دامانهێنا سەرکەوتین, هەموو شتێ نەبینراوبوو, زۆرشت هەبوو تێینەدەگەیشتین. کوێران شەڕیان دژ بە کوێران دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ورەو پێڕۆو دابینکردن ئەمەی گشت ڕێکدەرخست. بەکرێگیراوە نهێنییەکانمان چوونە ناو هەموو ڕێکخراوی "پاژنەی ئاسنین"کەچی بەکرێگیراوە نهێنییەکانی "پاژنەی ئاسنین"هاتنە ناو ڕێکخراوی ئێمە. شەڕێکی تاریکی, بەپەناو پێچی پڕ لە فرتوفێڵ‌و پیلان‌و تەڵەکە بازی دژ بەیەکبوو. لەپشت ئەوەوە گشتی مردن توندو تیژو ترسناکبوو, هەمیشە هەڕەشەی دەکرد. پیاوو ژن لەبەرچاونەمان. نزیکترین‌و خۆشەویسترین هاوڕێمان لەبەرچاونەمان– ئەمڕۆ لەگەڵمانا بوون, بۆ سبەینێ ڕێگەی خۆیان گرتەبەرو, ئیتر بەهیچجۆرێ چاومان پێیان نەکەوتەوە. زانیمان گیانیان سپاردووە. متمانەو ڕاپەرموون لە هیچ شوێنێکدا نەبوو, کە پیاوێکی پیلانگێڕی سەربەئێمە یەکێکبێ لە بەکرێگیراوانی پاژنەی ئاسنین. بەکرێگیراوە نهێنییەکانی خۆمان لەناو ڕێکخراوی "پاژنەی ئاسنین"دا حەشاردان.

لەهەمان کاتدا پاژنەی ئاسنینیش بەکرێگیراوە نهێنییەکانی خۆی لەناو ڕێکخراویئێمەدا حەشاردابوون. هەرچەندە متمانەبوو ناچاربووین هەموو تەقەلای خۆمان لەسەر بنەڕەتی باوەڕکردن دابنێین. زۆرجار لە خشتەبراین. خەڵك خوازەڵوکبوو. پاژنەی ئاسنین بە سانایی پارەو پوول, حەسانەوەو سرەوتن, دڵشادی‌و ئەو خۆشییانەی کە لەشارە موعجیزەکانا چاوەڕوانیبوون پێشکەشدەکردن.



بەڵام ئێمە لە تواناماندا نەبوو, لەو سروەوتنەی کە لە دڵسۆزی‌و وەفای نموونەی بەرزی شەرەفمەندەوە هەڵدەقوڵێ زیاتر پێشکەشبکەین. تەنیا هەر ئەوەنا, بەڵکو کرێی ئەوکەسانەی دەستییان بەپەتی وەفاوە گرت مەترسییەکی بەردەوام‌و ئەشکەنجەو ئازاردانێکی هەمیشەیی‌و مەرگبوو.

خەڵك وەکو گوتمان خوازەڵۆکبوون, لەبەر ئەم لاوازییەیان ناچاربووین پاداشتی دیکەیان پێشکەش بکەین, کە لەتواناماندا بوو, ئەویش پاداشتی مەرگبوو. پێویستی لەتوانا بەدەرمان, ناچاریکردین سزای ناپاکەکانمان بدەین.

هەرکەسێ ناپاکیی لێدەرکردین تۆڵەسێنێکی دڵسۆز, یا زیاترمان دوا دەخست. زۆرجار ژمارەی ئەو تۆڵە سێنانە دەگەیشتە دەرزەنێکی تەواو. لە جێبەجێکردنی حوکمەکانی مردندا, کە دژی دوژمنانمان دەرماندەکردن وەك بنەماڵەی پۆکۆك بەرگەی سەرنەکەوتنمان دەگرت. بەڵام تاکە شتێ کەنەماندەتوانی بەرگەیبگرین, سەرنەگرتنی سزادانی هاوڕێ ناپاکەکانمبوو. لەهەندێ هاوڕێ بەرێدان‌و ئاگادارییی ئێمەوە, هەڵدەگەڕانەوەو دەبوونە ناپاك, تاکو بتوانن بگەنە شارە موعجیزەکان بۆ ئەنجامدانی فەرمانی مەرگ بەسەر ناپاکە راستەقینەکاندا.

لە راستیدا بەرادەیەکی وا توندڕەو بووین ناپاکیکردنی مرۆ لە ئێمە وایلێکرد بەترستربێ لەنواندنی دڵسۆزیی بۆ ئێمە.

شۆڕش تاڕادەیەکی زۆر مۆرکی ئایینی وەرگرت, لەپەیکەری شۆڕشدا, کە پەیکەری ئازادیبوو, خواپەرستیمان کرد. بروسکەی خودایی لە دەروونماندا چەخماخەیدا.

ژن‌و پیاو ژیانی خۆیان لەرێگەی دۆزەکەدا دانا. تازە لەدایکبووەکان بۆ خزمەتکردنی تەرخانکران, هەر وەك چۆن لە سەردەمەکانی رابوردوودا تەرخانکدەکران بۆ خزمەتی خوا. خۆشەویستی مرۆڤایەتی دڵمانی گەشدەکردەوە.

www.pertwk.com

# حەڤدەیەم بەش

# دڵڕەقی خوێناوی

www.pertwk.com

# دڵڕەقی خوێناوی*

بە تێكو پێكدانی ولایەتە گراینجییەكان ئەندامە گراینجییەكانی كۆنگرێس لەبەرچاو ونبوون, بە تاوانی ناپاكیی گەورە حوكمدران, چەند كەسێك لە ئەڵقە لە گەوێیەكانی پاژنەی ئاسنین دەستیان بەسەر پایەكانیانداگرت. سۆشیالستەكان ئەوەندە كەمبوون كە خەڵكی بەزەیی پیایاندا بێتەوە, زۆرچاك دەیانزانی كە كۆتاییان زۆر نزیكە. كۆنگرێسو ئەنجومەنی پیران دوو ڕواڵەتی پووچەڵبوون–گاڵتە جاڕیبوون. كێشە گشتییەكان بەشارەزایی لێیاندەكۆڵرایەوەو بەپێی نەریتی كۆن پەسەند دەكران. كەچی لە راستیدا, هەرچی ئەندامانی ئەو دوو ئەنجومەنە كردیان, تەواوكردنی سیفەتی دەستووری فەرمانەكانی ئۆلیگاركییەتبوو.

ئێرنست كەوتبووە گەرمەی تێكۆشان لەتەلەزگەترین قۆناغەكانیدا كە كۆتاییەكە نزیكببۆوە. ئەوە لە لێكۆڵینەوەی پەرلەماندا بوو دەربارەی پرۆژەی یاسایەك بۆ درێژكردنی دەستی یارمەتی بۆ بێكاران. قەیرانی پار جەماوەرێكی زۆری لە پرۆلیتاریا دابەزاندە خوار هێڵی برسییەتی. ئاژاوەی بەردەوامی درێژخایەن زیاتری دابەزاندن. بە ملیۆنان كەس برسیبوون. كەچی ئۆلیگاركییەكانو لایەنگرەكانیان بەو زێدەیەی هەیانبوو لەبەر زێدەی خۆری ورگیان دەهێشا(106).

(106) لەهیندستان هەمان بارودۆخ لە سەدەی نۆزدەیەمی عیساییدا, لەژێر سایەی حوكمڕانی بەریتانیادا بڵاوبووبووەوە. هیندییەكان بە ملیۆنان لەبرسانا دەمردن. كەچی كاربەدەستەكانیان بەری رەنجییان دەبردنو لەمەهرەجانی گەورەگەورەو كاری پووچەڵی سیحربازیدا خەرجییاندەكرد. هەرچۆنێكبیٚ, ئەوەی لە كردەوەكانی پێشینانماندایە



ئەو كەسانەمان ناونان "كوڕانی دۆزەخ"(107). سۆشیالستەكان پرۆژەی یاسای بێكارییان بەمەبەستی كەمكردنەوەی ئێشو ئازاری "كوڕانی دۆزەخ" پێشكەشكرد, بەڵام ئەوە بەدڵی "پاژنەی ئاسنین"نەبوو. پاژنەی ئاسنین, بەپێی شێوازی خۆی, بۆ ئیشپێكردنی ئەو ملیۆنانەی بێكارن, خۆی ئامادە دەكرد.

بەڵام رێبازەكەی رێبازی ئێمە نەبوو. لە پێناوی ئەوەدا فەرمانی پێویستی كاركردنی بۆ بەرپەرچدانەوەی پرۆژەكەی ئێمە دەركرد. ئێرنستو هاوڕێیەكانی زانیان كە تەقەلاكەیان بیٚ سوودەو كەڵكی نییە. بەڵام لەچاوەڕوانیكردن بێزار بوون, دەیانویست شتێك رووبدات. چونكە ئەوان لەجێبەجێكردنی هیچ كارێكدا

پێویست بەوەدەكات كە لەخوێن دەموچاوی ئێمەی رۆڵەی ئەم سەردەمە رۆشنكارییەدا قوڵپدات. تاكە دڵنەوازییان دڵنەوازییێكی فەلسەفییە. پێویستە لەسەرمان قۆناغی سەرمایەداری لە گەشەكردنی كۆمەڵایەتیدا وا دابنێین, وەك بڵێی هاوشانی كۆنترین سەردەمی مەیمونییە. دەبوایە ئادەمیزاد لە راپەڕینی قوڕەڕەشی ژیانی پڕوپووچی ئۆرگانیدا ئەم قۆناغانە گشتیان ببڕیٚ.

شتێكی حەتمیبوو كەشتێك لە خڵتەی ئەو قوڕەڕەشەی پێوەبنووسیٚو خڵتەكە بەسووكیو ئاسانی لێینەبێتەوە.

(107) The peopleof the abyss ئەم دەستەواژەیە بلیمەتیی ه.ج. دێڵز لەدوادواییەكانی سەدەی نۆزدەیەمی پاش لەدایكبوونی مەسیح دایڕشتوە. وێڵز پەیامبەرێكبوو لە پەیامبەرانی زانستی كۆمەڵایەتی, داناو تەواوبوو, ئادەمیزادێكبوو گەرموگوڕی دڵی پڕكردبوو. گەلیٚ بڕگەمان لەپاشماوەكانی پێگەیشتوون, كەچی دوان لەمەزنترین نووسینەكانی Anticipations و Mankind in the makinj بەتەواوەتیو بێكەموكوڕی بە دەستمانگەیشتوون. پێش ئۆلیگاركییەكانو پێش ئێڤەرهارد, وێڵز پێشبینی دامەزراندنی شارە موعجیزەكانی كردووە. بەڵام لە نووسینەكانیدا ناوناون "شارەكانی دڵشادی".

www.pertwk.com

سەرنەکەوتن, چاکترین شت کە بەئاواتیەوە بوون ئەوەبوو سنوورێك بۆ ئەو یاسادانانە گاڵتەجاڕییە دابنرێ, وێڕای ئەوەی ئەوەش هەندێ لە نوێنەرانی, نەیاندەزانی چ ئەنجامێکی دەبێ, بەڵام هەرگیز بەتەمای شتێك نەبوون کە خراپتر و پڕلەبەڵاو کارەساتی گەروەتر بێ ئەوەی کە بەڕاستی روویدا.

ئەورۆژە لەبەرهەیوانی کۆنگرێس دانیشتم. ئێمە هەموومان دەمانزانی کە خەریکە شتێکی ترسناك رووبدات. لەوبارەیەوە مقۆمقۆیانبوو. باسیان لەم تەوەرەیەدابوو, هێزە چەکدارەکان, دەستەدەستە لەبەر هەیوانەکانی ئەنجوومەنی گردبوونەوەی ئەفسەرەکان لەبەردەرگاکاندا... ئۆلیگارکییەت خەریکبوو دەستی خۆی بوەشێنێ. ئێرنست وتاریدەدا, باسی ئەوکارەساتەی دەکرد کە بێکارەکان دووچاریبوون. وەك بڵێی بیرۆکەیەکی برسی بەسەریا زاڵبووەو بزواندنی دڵو دەروونو ویژدانیان تێریکردووە. بەڵام ئەندامانی کۆمار خوازو دیموکراتیخوازی کۆنگرێس گاڵتەیان پێدەکردو بێزیان لێدەکردەوە, قاوقیژ بەرزبۆوەو گێرەشێوێنێ بەرپا بوو.

ئێرنست لەپڕ قسەکەی گۆڕیو لەگۆشەیەکی نوێوە هێرشیکردو گوتی:

من دەزانم ئەوەی من دەیڵێم ناتوانێ بەزەیی بخاتە دڵی ئێوە, لەبەرهۆیەکی سانا, ئەویش ئەوەیە کە ئێوە بێدڵن. ئێوە شتی نادڕکی Spineless و فشوفۆڵن, ئێوە بەکەشوفشو لەخۆباییەوە ناوی خۆتان ناوە "کۆماری خواز"و "دیموکراتخواز". ئێوە تەنیا مشەخۆروگەوادن, ئێوە تەنیا ئەڵقە لەگوێی پلۆتۆکراتییەتن. ئێوە بەشێوەیەکی کۆنی گەندەڵ, باسی خۆشەویستیتان بۆ ئازادی دەکەن, لەهەمان کاتدا بەرگی "پاژنەی ئاسنینی خوێناوی" دەپۆشن.

هاوارو قیژەی "ئارامی. ئارامی!" بەسەردەنگیدا زاڵبوون. هەروا راوەستاو بەچاوێکی سووك سەیری هەموویانی کرد, کە قاووقیژەکە هەندێك کپبووەوە. دەستی بۆ هەموویان راوەشاندو روویکردە هاوڕێکانی و گوتی:

–"گوێ لە لوورەی ورگئاوساوان بگرن!"



جارێکی تر قاووقیژەکە تەقییەوە. سەرەك ئەنجوومەن چەکوشەکەی کێشا بەمێزەکەدا, هەوڵی بەرقەراربوونی ئارامیی دا. سەیری ئەو ئەفسەرانەی کرد لای دەرگاکانەوە گردبووبوونەوە. چەند هاوارێك هات دەیانگوت: "یاخیبوون!" نوێنەرێکی قەڵەوی نیۆرکی دەستیکرد بەهاوارکردنو ئاماژەی بۆ ئێرنست کرد: "ئاژاوەچی!" شێوەی ئێرنست کەمێك مۆنبوو هەر ژێیەك لە ژێیە جەنگاوەرەکانی دەلەرزیو دەموچاوی لەگیانلەبەرێکی شەڕکەری دەکرد, هەرچەندە زۆر چاونەترسبوو, بەڵام دانی بەخۆیدا گرتبوو.

بەدەنگێکی بڵندتر لەقاووقیژی هەموو ئەندامەکان, لەبیرتان بێ ئێوە وەك چۆن ئێستا بەرانبەر بە پرۆلیتاریا میهرەبانی پیشاندەدەن, رۆژێ لەرۆژان خودی ئەم پرۆلیتاریایە لە ئاست ئێوەدا میهرەبانی دەنوێنێ.

هاوارەکانی زیاتر بوون:" یاخیبوون!" و "گێرەشێوێنی!"

ئێرنست لەسەر قسەکەی بەردەوامبوو:

من دەزانم ئێوە دەنگ بۆ پرۆژەی ئەم یاسایە نادەن: فەرمانێکتان لە ئاغاکانتان پێگەیشتووە کە دژی دەنگبدەن, لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێن من ئاژاوەچیم. ئێوەن کە حکومەتی گەلتان تێکدا, ئێوەن بێئەوەی شەرمبکەن شانازی بە شوورەیی خوێناویتانەوە دەکەن.

لەشوێنە گشتییەکاندا دەڵێن من ئاژاوەچیم. من بڕوام بەئاگری دۆزەخو گۆگردەکەی نییە. بەڵام من لەم جۆرە کاتانەدا لەبەر کەمبزوایم غەمبارو پەشیمانم, نەخێر بڕوام نییە, یانزیکە نەمبێ. ئەوەی کە بێگومانە ئەوەیە پێویستە دۆزەخ هەبێ, چونکە ناشێ لەشوێنێك بێسامتربێ. سزایەکی هاوتا لەگەڵ تاوانەکانتانا بدرێن. لەم گەردوونەدا مادامەکی ئێوە دەژین. پێویستییەکی زیندەگی بەئاگری دۆزەخ هەیە."

جمانێك لای دەرگاکەوە هاتە گوێ. ئێرنستو سەرەك ئەنجومەنو ئەندامەکان گشتییان ئاوڕییاندایەوە تاببینن:

www.pertwk.com

-"جەنابی سەرۆك. بۆداوای سەربازەکانت ناکەستو, فەرمانناندەی بەئەنجامدانی ئەرکیان؟ پێویستە لەسەریان بەزووترین کات نەخشەکەت جێبەجێکەن."

وەڵامەکەی ئەمە بوو:

-"نەخشەی تر هەن سازکراون. ئەمەشە هۆی گردکردنەوەی سەربازان لە ئەنجومەن."

ئێرنست بەگاڵتەوە گوتی:

-"مەبەستت نەخشەکانی ئێمەیە, وابزانم تیرۆرە, یاشتێکی لەم بابەتە."

هەر کە وشەی "تیرۆر"م لەدەم دەرچوو, قاووقیژەکە سەرلەنوێ تەقییەوە. ئێرنست نەیتوانی دەنگی خۆی بگەیەنێتە ئەنجومەن, بەڵام هەر بەپێوە وەستابوو. چاوەڕوانبوو قاووقیژەکە کپبێتەوە پاشان ئەوەی کە چاوەڕواندەکرا روویدا. لەشوێنی خۆمدا لە دەرهەیوانەکەوە جگە لە چەخماخەی تەقینەوە نەبێ چیترم نەدەدی. گرمەوهووڕەکە گوێی کڕکردم. دیتم ئێرنست لەناوگێژەنەی دووکەڵدا بەلادا دەچوو وکەوت, سەربازەکان لەهەموو ڕاڕەوەکانی ئەنجومەندا تەکاندەدەن. هاوڕێکانی هەستانە سەرپێ. تووڕەیی کردبوونیە جانەوەری برسی, ئەوان دەتوانن هەمووجۆرە توندوتیژییەك ساس بکەن. بەڵام ئێرنست پێیەکانی چەقاندو خۆی گرتو دەستی راوەشاند داوای بێدەنگیکرد.

دەنگی زرینگایەوەو هاوڕێکانی ئاگادار کرد:

-"ئەوە پیلانە, هیچ کارێك مەکەن, ئەگینا تێکدەشکێنرێن!"

پاشان ئەو لەسەرخۆ کەوت. سەربازەکان گەیشتنەلای, دواتر سەربازەکان خەڵکیان لەبەر هەیوانەکاندا دەردەکرد, ئیتر هیچ شتێکم نەدی, هەرچەندە هاوسەرم بوو ئەوان نەیانهێشت لێی نزیك ببمەوە, کەخۆم پێناساند خێرا گرتمیان. لەهەمان کاتدا هەموو ئەندامە سۆشیالستەکانی کۆنگرێس لەواشنتن گیران. لەوانە (سیمیسن)ی بەدبەخت کەلە ئوتێلەکەیدا گرانەتا پەکی خستبوو.



دادگەیەکە بەپەلەو کورتبوو بەر لەدادگەییکردنی گیراوەکان حوکم بەفەوتاندنیان درا. سەیرترین شت ئەوەبوو کەقازیەکان حوکمی لەسێدارەدانی ئێرنستیان نەدا. ئەمەش هەڵەیەکبوو ئۆلیگارکیەکان کردیان. هەڵەیەك کەزۆریان لەسەر کەوت بەڵام ئۆلیگارکیەت لەو رۆژانەدا زیاتر لەپێویست متمانەی بەخۆی دەکرد. مەستی سەرکەوتنبوو, هەرگیز خەوی نەدەدی کە ئەو شتە بچووکە لەقارەمانان ئەو هێزەی هەبووە کەلەبنەڕەتەوە بیخاتە لەرزین. بەیانی کەشۆڕشی مەزن دەتەقێتەوەو لەجیهاندا ترپەی پێ دەنگ دەداتەوە, ترپەی پێی بەملیۆنان, ئەوسا ئۆلیگارکیەت دوای ئەوەی کە کار لەکار دەترازێت دەزانێ ئەو کۆمەڵە پاڵەوانانە گەیشتونەتە چ هێزو توانایەك(108).

(108) ئێڤیس ئێڤەر هارد وای دانابوو کەئەم چیرۆکەی لەرۆژگارەکانی خۆیدا دەخوێندرێتەوە. ئەوەی بەمەسەلەیەکی مسۆگەر لەقەڵەمدابوو. بەمشێوەیە ئاگای لەئاماژەکردن نەبوو بۆ ئەنجامدانی دادگەییکردنی سۆشیالستەکان بەتاوانی ناپاکیی گەورە. خوێنەر لەدەسنووسەکەدا سەرنجی زۆرێك لەنموونەی ئەم بێئاگاییە شێوێنراوانە دەدات. پەنجاو دوو کەس لەئەندامە سۆشیالستەکانی کۆنگرێس حوکمدران, گوتیان هەموویان گوناهبارن. سەیر ئەوەیە کەهیچ کەسیان سزای مەرگیان بەسەردا نەدرا.
حوکمی هەتا هەتایە بەسەر ئێڤەر هادو یانزە سۆشیالستی دیکەدا درا, لەوانە تیۆدۆر دۆنڵسن‌و ماتیۆکانت. بەڵام چلەکەی دیکە حوکمی بەندکردنیان درا بۆماوەی دەوروبەری سی ساڵ‌و چل‌و پێنج ساڵ. بەڵام ئارسەر سیمپسن کەلەکاتی تەقینەوەکەدا تووشی گرانەتای تیفۆبووبوو تەنیا پانزەساڵ حوکمدرا, هەندێ گێڕانەوە بۆ ئەوە دەچن والێکدراوەتەوە کەلەبەر کەللە رەقی‌و کۆڵنەدانەکەی‌و رق‌و کینە کڵپە سێن‌و هەڵەشەکەیەوە بووە بەرانبەر هەموو ئەو کەسانەی خزمەتی زوڵم‌و زۆریان کردووە. لە "کابانا"ی سەر بەکووبا مرد, کە سێ هاوڕێی لەوێ بەندکرابوون. پەنجاو دوو ئەندامی سۆشیالستەکانی کۆنگرێس لەقەڵا سەربازییە پەرشوبڵاوەکانی هەموو وڵاتە یەکگرتووەکاندا بەندکران. بەمشێوەیە "دوبوا" و "وودز" لە زیندانێك لە "پورتورێکۆدا" توندکران. کەچی ئێڤەر هاردو میریوادز فڕێدرانە ئەلکاتراز Alcatraz, کەدوورگەیەکە

www.pertwk.com

بەو سیفەتەی شۆڕشگێڕمو بەو سیفەتەی پەیوەندیم بەهێزە بەشۆڕشگێڕانەوە هیواو ترس‌و نەخشە نهێنییەکانیان دەزانم, خۆم دەبینم شیاوی ئەوەم کە —وەك زۆر کەم لەهاوڕێیان— ئەوتۆقانە پووچەڵکەمەوە, کەدەڵێ ئەوانبوون بۆمباکەیان لەکۆنگرێسدا تەقاندەوەو, دەتوانم بەڕاشکاوی بڵێم, بێ هەرجۆرە خۆپاراستنێك یاخود گومانکردنێك. سۆشیالستەکان لەناو کۆنگرێس‌و دەرەوەیدا دەستیان لەمەسەلەکەدا نەبوو. ئێمە نازانین کێ بۆمباکەی هاویشت, بەڵام ئەوەی بەدڵنیاییەوە دەیزانین ئەوەیە کەئێمە نەمانهاویشت.

لەلایەکی دیکەوە, بەڵگەیەك هەیە ئەوە دەگەیەنێ کەپاژنەی ئاسنین لەڕووداوەکە بەرپرسیاربوو. هەڵبەت ناتوانین ئەوە بسەلمێنین, دەرئەنجامی ئێمە دەرئەنجامێکی پێشبینیەو چیترنا. بەڵام ئەمەیە هەندێ لەو راستییانەی کەزۆر گەیشتنە سەرەك ئەنجومەن, کە ئەندامە سۆشیالستەکانی کۆنگرێس نزیکبوو پەنابەرنە بەر سازکردنی شێوازی زەبروزەنگ‌و تیرۆریست. ئەوان لەسەر ئەو رۆژە رێککەوتوون کەتیایا پەنا دەبەنە بەر جێبەجێکردنی نەخشەکەیان. ئەو رۆژەش خودی تەقینەوەکەبوو. هەر لەبەر ئەم هۆیەشبوو کەلەپێشەوە هەموو لایەکی "کاپیتۆڵ" بەهێزە چەکدارەکان پڕکران.

ئەگەر ئێمە هیچ شتێکمان لەمەڕ بۆمباکەوە نەدەزانی, کە بۆمباکە تەقێنرایەوە, کاربەدەستان لەپێشەوە خۆیان بۆ ئامادە کردبوو. شتێکی ستەم نییە ئەوە دەرئەنجام بدەین کە پاژنەی ئاسنین دەیزانی. وێڕای ئەمەش, ئێمە پاژنەی ئاسنین بەدەستدرێژییەکە تاوانبار دەکەین, کەئەو نەخشە دەستدرێژییەی داناو ئەنجامیدا, بۆ ئەوەی بارگرانیی تاوانەکە بخاتە سەرشانی ئێمە بەمەبەستی تێکوپێکشکاندمان‌و لەناوبردنمان.

---

لەکەنداوی سانفرانسیسکۆ, کاربەدەستان زۆر لەمێژبوو کردبوویانە بەندیخانەیەکی سەربازی.



لەسەرەك ئەنجوومەنەوە ئەم ئاگادارییە گەیشتە هەموو ئەندامە ئەڵقە لەگوێکان لەکۆنگرێس. ئەو ئەڵقە لەگوێیانە جلی سووریان لەبەرابوو. کاتێ ئێرنست قسەیدەکرد, زانیان کارێکی توندوتیژ دەکرێ. بەویژدانەوە دەڵێم, ئەوان بەتەواوەتی لەو بڕوایەدا بوون کەئەوکارە توندو تیژییە سۆشیالستەکان دەیکەن. لەدادگەدا, کۆمەڵێك لەوان, بەبڕوایەکی راستگۆوە شایەتییاندا, کەئەوان ئێرنستیان دی خۆی ئامادە دەکرد بۆ بۆمبا هاویشتنەکەو, بەرلەساتەوەخت تەقییەوە.

بێگومان ئەوان شتێکیان لەو بابەتە نەدی, لەژێر قورسایی ترس‌و تەوژمە خەیاڵی ترسناکدا پێیان وابوو, ئەوەیان دیوە, لەمە زیاتر هیچی نەبوو.

هەروەك ئێرنست لەکاتی دادگەییدا گوتی: ئەگەر بمویستایە بۆمبا بهاوێم, ئایا ئەقڵگیرە بۆ ئەم مەبەستە کەپسوولەیەکی بچووکی بێهێزی وەك ئەمەی هاویشترا هەڵبژێرم؟ بارووتێکی تەواوی تێدانەبوو. چڕە دووکەڵێکی بەرپاکرد, بەڵام لەمن زیاتر ئازاری بەکەس نەگەیاند, هەر یەکسەر لەبەرپێمدا تەقییەوە, لەگەڵ ئەوەشدا نەیکوشتم.

بڕوام پێبکەن ئەگەر پەنا ببەمەبەر بۆمبا هاویشتن زیانێکی زۆر دەدەم. بەڵێ ئەگەر پەنامببردایەبەر ئەوە دەبوایە بۆمباکانم شتێکی زیاتر لەدووکەڵیان تێدابێ.

بەرانبەر بەمە, داواکار بۆ ئەوە دەچوو گوایە کەبێ تێبینی بۆمباکە هەڵەیەکبوو سۆشیالستەکان کردیان هەروەها تەقینەوەی ناوەخت, ئەو تەقینەوەیەی لەهۆش لەکەللە نەمانی ئێرنست فڕێدرایە سەر زەوی بۆسەلماندنی ئەم داوایە ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی کۆنگرێس هاتنەپێش‌و شایەتیاندا, کەئەوان ئێرنستیان دیوە بۆمباکەی بەدەستەوە بووەو هاویشتویەتی بەڵام کەس لەئێمە نەیزانی چۆن بۆمباکە هاویشترا. ئێرنست پێی گوتم: ئەو پێش چاوتروکاندنێك لەتەقینەوەی گوێی لێبووەو بینیویەتی, لای پێیەوە کەوتۆتە سەر زەوی, لەدادگەدا ئەو شایەتیەی دا, بەڵام کەس باوەڕی پێنەکرد, لەبەر ئەمە وەك

www.pertwk.com

ڕەشوڕوت دەڵێن: هەموو مەسەلەکە هەڵبەستراوە. پاژنەی ئاسنین لەسەر تێکو پێك شکاندنمان سووربوو. هیچ بوارێك نەبوو بۆ بەرگری.

قسەیەکی نەستەق هەیە دەڵێ: هەردەبێ ڕاستی دەرکەوێ. بەڵام من ئێستا گەیشتومەتە گومانکردن لەڕاستی ئەم قسەیە. 19 ساڵ تێپەڕی، وێڕای ئەو تەقەلا بێپشوودانەی دامان، لەدۆزینەوەی ئەو پیاوەی بەڕاستی بۆمبایەکەی فڕێدا، سەرنەکەوتین. گومان تێدا نییە ئەو کەسە بەکرێگیراوێك بوو لەبەکرێگیراوەکانی پاژنەی ئاسنین. بەڵام لەبەرچاوی ئەوانەی بۆی دەگەڕان خۆی ونکرد، هەرگیز کلیلێکمان نەدۆزیەوە بۆ ناسینی پێناسەکەی. ئێستاش، پاش ئەو هەموو ساڵانە چ نەماوە ئەوەندە نەبێ کەمەسەلەکە لەناو مەتەڵەکانی مێژوودا شوێنی خۆی بگرێ[109].

(109) دەبوایە ئێڤیس ئێڤەر هارد چەندین وەچە بژی بەرلەوەی ببینێ ئەم مەتەڵە هەڵبهێنرێ و ئاشکرا ببێ، بەر لە سەد ساڵ کەمترو دوای شەش سەد ساڵ بەسەر مردنیدا پێ لێنانی پێرڤایس لەپارێزراوە نهێنییەکانی فاتیکان دۆزرایەوە، واچاکە لێرەدا کەمێك لەم بەڵگەنامە تەماویە بدوێین کەتەنها بۆ مێژوونووس گرنگە.

پێرڤایس ئەمەریکیەکی بەنەژاد فەرەنسیبوو. ساڵی 1913 گیراوێکی بەندیخانەی (تۆمز بریزۆن)بوو لەشاری نیویۆرك. چاوەڕوانی دادگەییکردن بوو بەتاوانی کوشتن. لە پێلێنانەکەیدا تێدەگەین کەتاوانکارێکی پیشەکار نەبوو. پیاوێکی هەڵەشەو تووڕەو خوێن گەرمبوو. لەحاڵەتێکی شێتانەی دڵپیسیدا پێرڤایز هاوسەرەکەی خۆی کوشت، ئەو کردەوەیە لەو سەردەمەدا باوبوو. ترسی مردن پێرڤایزی داگرت، ئەمەش بەشێوەیەکی دورودرێژ، لەدانپیانانەکەیدا هاتووە، ئەو لەپێناو خۆدەربازکردن لەحوکمی مردن، ئامادەبوو هەمووشتێك بکات. پۆلیسی نهێنی جەختیان لەسەرئەوە کرد کەهەر دەبێ دادگە بەتاوانی کوشتنی بەئەنقەست تاوانباریبکات. لەو ڕۆژگارەدا کوشتنی بەئەنقەست، سزاکەی مردنبوو. گوناهبار (پیاو یا ژن) لەسەر (کورسی مەرگ)دا دادەنیشت کەبەتایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دروستکرابوو. بەتەوژمی کارەبایی



بەسەرپەرشتی پزیشکی کارامە، بەتەزووی کارەبا گیانی دەکێشرا. ئەوە پێی دەگوترا کوشتنی کارەبایی، Electrocution کە لەو سەردەمەدا شەعبیەتێکی گەورەی هەبوو.

ئەم پیاوە، کەلەجەوهەریدا، پیاوێکی چاکبوو هەرچەندە جانەوەری دڕندانە لەڕوویدا دیاربوو، دوایین ساتەکانی ژیانی لەپشت شیشەکانی بەندیخانەوە بەسەر دەبردن و کەمترین چاوەڕوانی لەمردن نەدەکرد. بەکرێگیراوەکانی پاژنەی ئاسنین قایلیانکرد کە بۆمبا فڕێداتە ئنجومەنی نوێنەران لەپێلێنانەکەیدا بەڕاشکاوی گوتی: کەئەوان پێیان گوتبوو بۆمباکە شتێکی بێ تین دەبێ و چ زیانێکی گیانی بەدوادا نایەت. ئەمەش لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا دەگونجێ کە ئەوکاتە خەڵك زانیبوویان کەبۆمباکە باروتی کەمی تیابووەو تەقینەوەی لەبەرپێی ئێڤەر هاردا کوشندەنەبووە.

پێرڤایز رایکردە یەکێك لەبەرهەیوانە داخراوەکانی کۆنگرێس، بەڕواڵەت بۆ کەمێ پینەوپەڕۆکردن. دەبوایە خۆی ساتی گونجاو بۆ هاویشتنی بۆمباکە هەڵبژێرێ. ئەو ساکارانە پێی لێدەنێ کەخەریکبوو لەگەرمەی چێژ لێبینیندا لەهەڵمەتەکەی ئێڤەر هاردا لەو ئاژاوە سەرانسەریەی بەهۆیەوە بەرپابوو، ئەو ئەرکەی پێیسپێردرابوو لەبیر بکات.

پاژنەی ئاسنین لەپاداشتی کارەکەیدا لەبەندیخانە ئازادیکرد، سەرەڕای ئەوەش هەتاکو مردن دەرامەتێکی هەمیشەیی پێبەخشی. بەڵام ماوەیەکی کەم خواردی. لەئەیلولی 1914دا بەتوندی تووشی باداریی دڵبوو، تەنیا سێ ڕۆژ ما بانگی قەشەی کاسۆلیکی بابە پیتەر دوریان بانگکراو، ئیعترافی بۆ کرد. پێلێنانەکە بەلای قەشەوە بایەخێکی گەورەی هەبوو، بۆیە وای بەباشزانی بینووسێتەوەو پێرڤایس لەسەرە مەرگدا بۆ ڕاستی پێلێنانەکە سوێند بخوا. بەڵام ئەوەی دوای ئەوە ڕوویدا بەپێشبینی و مەزندە نەبێ نایزانین. بێگومان گەیشتنی بەڵگەنامەکە بۆ ڕۆما ئەوەی نیشاندەدا، خەڵکەکە وایان لەقەڵەمدەدا، کەمەترسییەکی گەورە هەیە. دیسانەوە گومانی تێدا نییە، هەر لەوکاتەوە زۆر هێز تەقەلایاندا سەرەونگونی بکەن، بەدرێژایی چەند سەدەیەکی بەردەوام جیهان هەر بەتەواوەتی هیچی لێوە نەدەزانی. هەتاکو سەدەی ڕابردوو کەزانای ئیتاڵی، لوربیا، بەڕێکەوت دۆزییەوە، ئەوەش لەکاتێکدابوو لەفاتیکان خەریکی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانی خۆی بوو.

www.pertwk.com

ئەمڕۆ چ گومانێك ناكرێ كە پاڕنەی ئاسنین بەرپرسیاربوو لەهاویشتنی ئەو بۆمبایەی ساڵی 1913ی عیسایی لەپەرلەمان تەقیەوە, تەنانەت ئەگەر پیلێنانەكەی پێرڤایز قەت ئاشكرا نەبووبا, هیچ بوارێك نەدەما بۆ مانەوەی هەر گومانێكی پەسەند لەم بەرپرسیاریەدا, چونكە ئەو كردەوەیەی ئێمە باسیدەكەین و پەنجاو دووكەسی ئەندامانی كۆنگرێسی فڕێدانە زیندان, تا رادەیەكی زۆر لەكردەوەی دیكەی لەڕادەبەدەری ئۆلیگاركییەكان دەكات كەلەو سەردەمەدا كردیانن, هەروەها سەرمایەدارەكانیش لەپێش ئەواندا كردیان. لەنموونە كلاسیكییەكانی ئەو بابەتە, كوشتنی ئەو توێژە بێتاوانە كەناونران ئاژاوەچییانی بازاڕی (كا) لە چیكاگۆ, كوشتنێكی حوكمدانی دڕندانەی سەركێش بوو, لە دە ساڵەی بەر لەكۆتایی سەدەی نۆزدەیەمی عیسایی. بەڵام سووتاندنی ماڵو موڵكی سەرمایەداریو تێكوپێكدانی بەسوتاندنو تێكوپێكدانی بەئەنقەست لەلایەن سەرمایەدارەكانەوە خۆیان, دەبێ بەجۆرە تاوانكردنێكی لەقەڵەمبدەین كەخۆی لەئارادایە. ئەو خەڵكە بێگوناهانەی لەسەر ئەمجۆرە سووتاندنو وێرانكردنە سزا دران, چەندە زۆرن!؟ خەڵكەكە لەو بێگوناهانە دەربازدەبوون بەناردنیان بۆ بەندیخانە بەتاوانی درۆ, واتە ئەوان –ئەگەر ویستمان زمانی ئەو سەردەمە بەكاربێنین– بەزوڵمو دەستدرێژیلێكردن راپێیچیان دەكردن Tail-Roaded.

لەو مانگرتنە كرێكاریانە كەلە دە ساڵەی سەدەی بیستەمدا لەنێوان سەرمایەدارانو یەكێتی رۆژئاوای كرێكارانی كانزاكاندا بەرپابوون, زۆر شێوازی دروستكراوی لێكچوو, نوێنران بەڵام بۆ خوێن تینووتر بوون. بەكرێگیراوانی سەرمایەداری هێڵی ئاسنینیان لە ئیندی باندس هەڵتەكاند, 13 كەس كوژرانو لەم ژمارەیەش زۆرتر بریندار كران. سەرمایەدارەكان پەنایانبردە بەر تاوانباركردنی كرێكارانی كانزاكان بەم تاوانەو خەریكبوو لەتاوانباركردنیان سەربكەون, دەبێ ئەوەش بگوترێ سەرمایەدارەكان دەسەڵاتیان هەبوو بەسەر دەزگاكانی یاسادانانو دادوەریدا لەولایەتی كۆلۆرادۆ. درێژەی كارەكەش ئەوەیە كەپیاوێك ناوی "رۆماینز – Romaines" بوو, یەكێك بوو لە ئامێرانەی لەم كێشەیەدا بەكارهێنرابوون –وەك پێرڤایز– فڕێدرابووە بەندیخانەیەك لەبەندیخانەكانی ویلایەتی كانساس, كە بەكرێگیراوانی نهێنی سەرمایەداران



پەیوەندییان پێوەكرد, چاوەڕوانی دادگەیی بوو. بەڵام پێ لێنانی رۆماینز – بەپێچەوانەی پیلێنانی پێرڤایز– لەو سەردەمەدا كەتێیدا ژیا, بەسەر خەڵكا بڵاوكرایەوە. پاشان هەر لەم ماوەیەدا كێشەی (مۆیار) و (هایوود) هەبوو, هەردووكیان دوو پێشەوای بەهێزی بەجەرگبوون لەناو پێشەواكانی كرێكاراندا, یەكێكیان سەرۆكبوو ئەوی دیكەیان سكرتێری یەكێتی رۆژئاوای كرێكارانی كانزاكانبوو. فەرمانڕەوای پێشووی ئیداهۆ لەبارودۆخێكی تەماویدا كوژرا. سۆشیالستەكانو كرێكارانی كانزاكان, بەڕاشكاوی خاوەن كانزاكانیان بەم تاوانە تۆمەتباركرد. لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو فەرمانڕەوایی ئیداهۆ و كۆلۆرادۆ پیلانیان گێڕاو هەوڵی فڕاندنی (مۆیار) و (هایوود) یاندا, بەوە دەستووری وڵاتو دەستووری هەردوو ویلایەتەكەیان پێشێلكردو بەتاوانی كوشتن خرانە بەندیخانە, ئەم بۆنەیە بوو كەوای لە ئۆجین. ف. دێبس Debs, پێشەوای سۆشیالستە ئەمەریكیەكان لەو چەرخەدا كرد كەبڵێ:

"ئەو پێشەوا كرێكارانەی دوورن لەبەرتیل وەرگرتنو تۆقاندن دەبێ بۆسەیان بۆ بنرێتەوەو بكوژرێن. تاوانی (مۆیار) و (هایوود) ئەوەیە كەئەوان دڵسۆزێكی ئەوتۆبوون بۆ چینە كرێكارەكەیان كە نازانێ رێگەی لادان چییە. سەرمایەدارەكان وڵاتی ئێمەیان دزیو سیاسەتیان لێ تێكداینو یاسایان پیس كردینو بێبەزەیی و بێ تێگەیشتن مامەڵەیان لەگەڵدا كردین. وا ئێستاش پێشنیار دەكەن, هەركەسێ بەسووكو چرووكی ملكەچی جڵەوكێشی جانەوەرانەیان نەبێ بكوژرێ. هەردوو فەرمانڕەوای كۆلۆرادۆو ئیداهۆ كەفەرمانی ئاغا پلۆتۆكراتییەكانیان جێبەجێكرد هیچ كەمتەرخەمیو درێغیان نەكرد. ئەمڕۆ مەسەلەكە ئەوەیە: "كرێكاران" بەرانبەر "پلۆتۆكراتییەت" خۆ ئەگەر پلۆتۆكراتییەتیش ویستی زەبری یەكەمی توندو تیژی خۆی بوەشێنێ, ئێمەش دوا زەبری خۆمان دەوەشێنین.

(*) وشەكە (قرمزی) بوو كەبەواتای سوورێكی گەشو زۆر تۆخ دێ, بەڵام من كردم بە "خوێناوی" چونكە خوێنڕشتنێكی زۆری تێدایەو دڵڕەقی تێدا بەكارهاتووە. (وەرگێڕ)

www.pertwk.com

# هەژدەیەم بەش

# لەسێبەری سۆنۆمادا

www.pertwk.com

# لەسێبەری سۆنۆمادا

ئەوەی لەم ماوەیەدا پەیوەندیی بەخودی خۆمەوەبێ، زۆرم پێ نییە بیلێم، شەش مانگ لەبەندیخانەدا مامەوە، هەرچەندە رژێم هیچ تاوانێکی ئاراستە نەکردم. گومانم لەکارەکەم دەکرد. ئەوەش دەربڕینێکی تۆقاندنبوو، هەرزوو بۆ هەموو شۆڕشگێڕان لوا کەبیزانین.

بەڵام دەزگا نهێنییە دامەزراوەکەمان دەستی بەچالاکی کردبوو. لەدوا دواییەکانی مانگی دووەمی مانگەکانی بەندیمدا یەکێ لەپاسەوانانی بەندیخانە خۆی پێناساندم بەو سیفەتەی شۆڕشگێڕێکەو پەیوەندیی بەڕێکخراوەکەوە هەیە. پاش چەند هەفتەیەك لە (جوزیف پارکهۆرست) زانی، کە پیش گرتنم پایەی پزیشکی بەندیخانەی پێ سپێردرابوو، ئەندامە لەیەکێ لە "تاقمە شەڕکەرەکان"دا.

بەمشێوەیە رێکخراوە تایبەتمەندەکەمان بەشێوەکی جاڵجاڵۆکانەی پەلبلاو دەستیکرد بەخۆتێخزاندنە ناوسەرجەمی رێکخراوەکانی ئۆلیگارکییەکان. بەم شێوەیە هەرچییەك لەجیهانی دەرەوەدا روویدەدا لێوەی بەئاگابووم. وێڕای ئەوەش هەموو پێشەوا بەندکراوەکانمان پەیوەندییان بەهاوڕێ ئازاکانەوە هەبوو، بەپۆشینی بەرگی پاژنەی ئاسنین" خۆیان گۆڕیبوو، هەرچەندە ئێرنست لەبەندیخانەیەکدا بوو دەکەوتە سەر کەناری ئۆقیانووسی هێمن‌و سێ هەزار میل دوور بوو، پەیوەندیم لەگەڵیدا نەبچڕا. بەشێوەیەکی رێکوپێك نامەمان بۆیەکتر دەنارد.



پێشەواکانمان لەناوەو لەدەرەوەی بەندیخانەدا، دەیانتوانی لەهەڵمەتەکە بکۆڵنەوەو ئاراستەیبکەن. ئێمە پێماندەکرا لەماوەی چەند مانگێکدا هەندێکیان لەبەندیخانە دەربازبکەین، بەڵام بڕیارماندا –دوای ئەوەی دیمان کەبەندیخانە هەرگیز تەگەرە ناخاتە پێش چالاکیمان– کەلەهەر کارێکی ترسناك خۆمان بپارێزین. پەنجاو دوو ئەندامی کۆنگرێس لەبەندیخانەدابوون، هەروەها سێ سەد پێشەوای دیکەشمان. هاتینە سەر ئەو رایە کە پێویستە هەموویان لەیەك کاتدا دەرباز کرێن، چونکە ئەگەر بێتو هەرتاقمێك لەوان رابکات ئۆلیگارکییەکان بەئاگادایێنن‌و ناهێڵن ئەوانی دیکە رابکەن. لەلایەکی دیکەوە هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە دەربازکردنی پێشەواکانمان لەبەندیخانە پەرش‌و بڵاوەکانی هەموو وڵاتدا، رزگارکردنێکی پێکەوەی لەیەك کاتدا، شیاوی ئەوەیە لەناو پرۆلیتاریادا شوێنێکی قەبەی سایکۆلۆژی جێبهێڵی. شیاوی ئەوەبوو رادەی هێزمان دەرخات‌و بڕوا بەخۆکردنمان پێببەخشێ.

پاش بەسەرچوونی شەش مانگ، لەبەند ئازادکرام، رێککەوتین لەبەرچاوان ون بم‌و پەناگەیەکی ئاسوودە بۆ ئێرنست ئامادە بکەم. لەهەمان کاتدا خۆشاردنەوە ئاسان نەبوو، هەر کە ئازادیم چەشت یەکسەر چاوەکانی "پاژنەی ئاسنین"و سیخوڕەکانی دەستیانکرد بەشوێن پێ هەڵگرتنم.

بەر لەهەموو شتێ پێویستبوو من گومڕایانبکەم‌و بتوانم بگەمە کالیفۆرنیا، ئەو شێوەیەی ئەوەم پێئەنجامدا بەڕاستی مایەی پێکەنینبوو.

کاربەدەستان دەستیانکرد بەبەکارهێنانی پێڕۆی پەساپۆرت، لەسەر شێوەی رووسی. نەموێرا بەشێوەی راستەقینەی خۆم کیشوەر ببڕم. ئەگەر بمویستایە سەرلەنوێ چاوم بەئێرنست بکەوێ، چارنەبوو دەبوایە بەتەواوەتی خۆم بگۆڕم، چونکە بەکرێگیراوانی رژێم دوای سۆراخکردنی من‌و راکردنی ئێرنست، جارێکی تر بیگرنەوە. لەبەر ئەمە من نەمدەتوانی وەك ئافرەتێکی پرۆلیتار خۆم بگۆڕم‌و رێگە بگرمەبەر. هیچ نەمایەوە ئەوە نەبێ جلی ئەندامێك لەئەندامانی ئۆلیگارکی

بچووکیش هەبوون, وەك مستەر ویکسن, بۆ نموونە چەند پیاوکێکبوون, چەند ملیۆن دۆلارێکیان دەهێنا, چەند پیاوێکبوون سەر بە ئۆلیگارکییە زلەکان. بێگومان ماوەی خێزانی ئەو ئۆلیگارکییە بچووکانەو کچەکانیان قەبە بوو. راکە هاتەسەر ئەوە کەپێویستە جلی یەکێك لەوانە لەبەر بکەم. ئەوکارەش شیاوی ئەوەبوو, ئەگەر پاش چەند ساڵێك بمکردایە, نەدەکرا. چونکە سیستمی پەساپۆرت بەڕادەیەك توندو قایم بووبوو, لەگشت وڵاتدا تاکە پیاوێ –بگرە تاکە ئافرەتێ, تاکە منداڵی– نەمانەوە تۆمار نەکرابن و لە هەڵسوکەوتیان نەکەونە ژێر چاودێرییەکی وردەوە. لەکاتو ساتی خۆیدا توانیم سیخوڕەکان گومڕا بکەم, تەنیا هەر پاش سەعاتێك ئێڤیس ئێڤەر هارد بوونی نەبوو. لەوساتەدا ئافرەتێ پێیدەگوترا فیلیس ڤان فێردیگان, دووکارەکەرو سەگێکی بچووك لەگەڵیاو کارەکەرێکی دیکەی سەگێکی بچووك(110) پێدەنێتە لۆجێك لەلۆجەکانی "پولمان"(111) و پاش چەند دەقیقەیەك خێرا بەرەو رۆژئاوا بۆی دەردەچێ.

(110) ئەم وێنە گاڵتەجاڕە, رەفتاری سەردەستە بێبەزەییەکان بەچاکترین شێوە دەکێشێ. لەکاتێکا خەڵك لەبرسانا سکیان قوڕەی دەهات ئەو سەردەستانە کاری سەرپەرشتی سەگەکانیان بە کارەکەرەکانیان دەسپارد. ئەو خۆ گۆڕینە لەلایەن ئێڤیس هاردەوە, خۆ گۆڕینێکی باشبوو. ژیانی ئەو ژیانی سەرجەمی مەسەلەی سۆشیالستی رووبەڕووی گەورەترین مەترسی بووبوونەوە. لێرەدا دەبێ ئێمە بەو وێنەیە قایل بین, بەو سیفەتەی کەوێنەیەکی راستەو شیکردنەوەیەکی نایابی گیانی سەردەممان پێشکەشدەکات.

(111) Pullman –ژووری بچووك, یاخود فارغۆنی شەمەندەفەر, قەریوڵەو پاڵپشتی تاكو خۆشی تیایە بۆ خەوتنی نەفەر– بڕوانە: (المورد, منير البعلبكي ل 738 –ك– زانستێکە بەفارگۆنی زۆر پەرلقی شەمەندەفەر لەو سەردەمەدا دەگوترێ, کەبەناوی داهێنەرەکەیەوە ناسراوە.



ئەوو سێ کارەکەی لەگەڵ مندابوون, شۆڕشگێڕبوون. دووانیان لە "تاقمە شەڕکەرەکان" بوون و سێیەمیان –گرایس هۆڵبرۆك– ساڵی تیۆرە سووڕایەوە چووە ریزی ئەو تاقمانەو. پاش شەش مانگ "پاژنەی ئاسنین" لەسێدارەی دا. ئەو سەرپەرشتی سەگەکەی گرتە دەست, لەدووانەکەی تریش "بێرتا ستۆڵ" دوای پانزە ساڵ خۆی شاردەوە. ئانا رۆیلستن هێشتا زیندووەو دەورێکی گەورە لەشۆڕشدا دەبینی(112).

بێ سەرچڵیکردن لەوڵاتە یەکگرتووەکانەوە چووین بۆ کالیفۆرنیا, کە شەمەندەفەر لەئیستگەی شانزەیەم, لەئۆکلاندۆ وەستا, دابەزیین. لەوێ ڤیلیس ڤان ڤێر دیگهان, لەگەڵ دوو کارەکەرەکەو سەگە بچکۆلانەکەی و کارەکەری سەگە بچووکەکەی خۆیان شاردەوە. بۆ هەتا هەتایە نەبینراوە, هاوڕێیانی باوەڕپێکراو دووکارەکەریان برد بۆ شوێنی نهێنی هاوڕێیانی تریش ئاگاداری و سەرپەرشتیکردنی منیان گرتە ئەستۆ. هەر پاش نیو سەعات کەدابەزیم لەسەر بەلەمێکی بچووکی راوکردن بووم, لەسەر ئاوی کەنداوی سانفرانسیسکۆ رایدەفڕاندم با هەڵیکرو رەوتی بەلەمەکەی دواخست. وامان لێهات زۆربەی سەعاتەکانی شەو نەماندەزانی بۆ کوێ بچین. رێگەمان لێتێکچوو بوو, بەڵام

(112) سەرەڕای مەترسیی بەردەوام کە عەقڵ ناتوانێ بیهێنێتە بەرچاو, ئاننا رۆبیستن تا تەمەنی نەوەت و یەکی پاشایەتی ژیا. هەروەها بنەماڵەی پیکۆك رووبەڕووی "تاقمە شەڕکەرەکان" بۆوە, هەروەها رووبەڕووی "پاژنەی ئاسنین" بۆوە. گیانێکی سیحراوی تێدابوو, دەیتوانی لەهەمووجۆرە رێگاوبانێکی مەترسی خۆی دەربازبکات. خۆیشی جەللادێکبوو لەجەللادانی "تاقمە شەڕکەرەکان" ئەو کەبەپاکیزە سوورە ناسراوبوو, یەکێکیبوو لەکەسێتییە ئیلهامبەخشەکانی شۆڕش, کەبووە پیرەژنێکی تەمەن شەست و نۆ ساڵ (هالکیف)ی "خوێناوی" لەناو دەست و پەیوەندە چەکدارەکەیدا کوشت بێئەوەی هیچی لێبێ بۆی دەرچوو. لەئەنجامدا کەپیرتربوو لەپەناگەیەکی نهێنی شۆڕشگێڕاندا, لەچیاکانی ئۆزارکدا مرد.

www.pertwk.com

ڕووناکییەکانی کاترازم بەدیکردنکە ئێرنست لەبەندیخانەی ئەوێدابوو. بەیادکردنەوەی ئەویٚ هەستم بەدڵنەوایی کرد, هەروەك لێوەی نزیکبم. لەگەڵ چێشتەنگاوداو لەسایەی سەوڵلێدانی راوکەرەکاندا, گەیشتیە دوورگەکانی مارین Marin. لەویٚ بەدرێژایی رۆژ خۆمان شاردەوە, شەو داهاتوو خێنراوێکی بەتەوژمو شنەباییێکی خۆش پاڵیان پێوەناین, بەدوو سەعات کەنداوی سان پاپیلۆمان بڕیو, بەڕووباری "پێتالۆ"ی بچکۆلەدا بۆی هەڵکشاین.

لەویٚ چەند ولاٚخێكو هاوڕێیەکی دیکە چاوەڕوانبوون, بێدواکەوتن لەژێر جریوەی ئەستێرەکاندا بۆی دەرچووین. لەلای باکوورەوە دەمتوانی کەژی سۆنۆما بەدیکەم کە ولاٚخەکانمان بەغار بەرەو ئەوێیان دەبردین. لەلای چەپمانەوە شاری سۆنۆمان بەجێهێشت, بەدۆڵێکی نێوان چیاکاندا سەرکەوتین. ڕێگەی گالیسکە بووە ڕێگەی دارستانو ڕێگەی دارستان بووە ڕێگەی گاوگۆل. ڕێگەی گاو و گۆل تەسکبۆوەو گەیشتە لەوەڕگەی بەرزاییەکان.

بەسەر چیای سۆنۆدا سەرکەوتین. ئەوە سەلامەتترینو ئاسوودەترین ڕێگابوو. کەس ئاگای لەتێپەڕینی ئێمە نەبوو.

لەسەر دوندی باکووری چیاکەوە بەیانیمان لێبۆوە, لەگەرمەی ڕووناکیی کازیوەدا لەچرگەنەکەدا (زیەڵین) دابەزینە دۆڵەکانی "سوورەدژ" ی بەبۆنو بەرامەوە نەرمە سروەی هاوینێکی بەسەرچوو. ئەو ولاٚتانە بەلای منەوە نیشتمانێکی کۆنبوون. نیشتمانێك ئاشنای بووبوومو خۆشەویستبوو. هەر زوو من بوومە رابەری هاوڕێیان. بۆ خۆم پەناگەکەم تاقیکردەوە, بە بەربەستەکانمان لادانو لەوەڕگایەکی بڵندمان بڕی. پاشان لەسەر زنجیرەیەك بانو پانتایی نزمی بەداربەڕوو داپۆشراو شۆڕ بووینەوە. ئینجا گەڕاینەوە بەسەر زنجیرەیەك باندا سەرکەوتین, ئەمجارەیان بەژێر درەختی مادرۆنیای بەرسوورو درەختی ماتزانیتای بەر سوورتردا رۆیشتین. کاتیٚ ئێمە بەسەر بانە بەرزەکاندا سەردەکەوتین یەکەم گزنگی خۆرەتاو لەپشتمانیداو پۆلە ژێی چڕگەنەکانیان



لەراندەوەو. لەسەر ریچگەماندا کەروێشکێکی کێوی زل وەك بڵێی بەرانە کێوییە, ئێسکسووکانەو هێمنانە قوتەیدەکرد. پاشان کەڵە کێوییێکی فرە قۆچ چڕ بەخوری زێڕینو سوور گەردنو هەردوو شانەکانی دەبریسکانەوە. لەبەردەم ئێمەدا, لەناو دارو درەختی چڕو تێکئالاٚوی سەر لوتکەی بانەکەدا, ڕێگەی شەقکردو, بۆی دەرچوو.

شوێن پێیمان هەڵگرت. پاشان بەرەو باریکە ڕێیەکی بەپەناو پێچاوپێچی بەینی دوو چیا شۆڕبووینەوە, هێندەی نەبرد بەرەو کۆمەڵێك "سوورەدژ"ی دەوروپشتی گۆمە ئاوێکی رەشداگەڕاود بەرژاکی قەدپاڵی چیاکە. لەڕێگادا بەهەموو پاوانێکم[113] دەزانی. برادەرێکی نووسەرم رۆژیٚ لەڕۆژان پاوانێکی هەبوو. بەلاٚم ئەویش بووە شۆڕشگێڕێك لە شۆڕشگێڕان. ئەو کارەساتەی تووشی ئەو هات لەو کارەساتە گەورەتربوو کە تووشی من هات. چونکە ئەو مردو دواییهات, بێئەوەی کەس بزانیٚ لەکویٚو چۆن مرد. لەو رۆژگارانەدا بەتەنیا دەژیا نهێنی ئەو پەناگەیەی دەزانی کەمن بۆچی دەچووم پاوانەکەی لەبەر نایابیو جوانییەکەی کڕیبوو, پارەیەکی زۆری پێدابوو, بەلاٚم کشتکارەکانی دەوروبەر ناڕازیبوون. ئەویش زۆری پێخۆشبوو باسی نرخی پاوانەکە بکاتو کشتکارەکانیش بەزویرییەوە سەرێك با بدەن, پاش خەملاٚندنی حسابێك بڵێن: "بەلاٚم تۆ ناتوانی لەسەدا شەش قازانجی لێبکەی."

ئێستا مردووە, پاوانەکەش نەبووە هی منداڵەکانی. ئەمڕۆ بۆتە موڵکی مستەر ویکسن, هەمو نشێوەکانی رۆژهەلاٚتو باکووری چیای سۆنۆماش موڵکی ئەون, کە لەزەوییەکانی "سبریکلز"ەوە درێژ دەبنەوە هەتاکو بانی دۆڵی بینیت. لەو رووبەرە گەورەیەدا باخێکی فراوانو خۆشی بۆ بزنو کەڵەکێویان دروستکردبوو, هەموویان, بەسەر هەزاران بەرەجووت لەنشێوی شیرینو دۆڵو راڕەوی سەوزی

---

(113) (ranch) زەوییەکی پانو بەرینە تەرخاندەکرێت بۆ بەخێوکردنی ولاٚخو گاو گۆل لەدەشتەکانی ئەمەریکاو هی دیکەدا (پاوان)... –وەرگێڕی عەرەبی–

www.pertwk.com

ناو دارستاندا دەگەڕان وەك بڵێی وان لەبیابانێكی فراوانو سروشتیدا خاوەن زەوییەكانی پێشوو لێیدەركرابوون. نەخۆشخانەیەكیش كەتەرخانكرابوو بۆ شێتەكان ئەویش تێكدرا تامەودا لەبەردەم بزنو كەڵەكێویەكاندا فراوانبێتو تەواو سەربەستانە بێنو بچن. سەر دەفتەری ئەمە گشتی، كۆختەكەی راووشكاری ویكسن بوو كە لەپەناگەكەی منەوە چارەكە میلێك دووربوو. لەجیاتی ئەوەی مەترسی هەبێ. زۆر ئاسوودە بوو. لەڕاستیدا ئێمە لەپشت ئۆلیگاركییەكی بچووكەوە، لێرەدا لەبەر سروشتی بارودۆخەكە گومانكردن دەخەمە ئەولاوە. باخی بزنو كەڵە كێوییەكانی ویكسن، لەجیهاندا دوا هەواربوو بەمێشكی سیخوڕەكانی "پاژنەی ئاسنین"دابێ. هاتنی ئێرنست بۆلای من، لەوێدا بۆمان بگەڕێن.

وڵاخەكانمان بەقەدی "سوورەدار"ەكانی كن گۆمەكەدا بەستنەوە. لەپەناگەی ئازووقەی پشت كۆلكەدارێكی رزیودا هاوڕێكەم كۆمەڵێك شتی دەرهێنا، گونییەك ئاردی پەنجا كیلۆیی، خۆراكی ناو قووتووی هەمەجۆر، قاپو مەنجەڵ، بەتانی، مشەمای جانفاصو كتێبو پێداویستی نووسین، پێچراوەیەك نامە، تەنەكە نەوتێكی پێنج گاڵۆنیو دوا شت كەلەهەمووان گرنگترە، كلاّفەیەكی گوریسی قایم. ئەو شتانەی هەڵگیرابوون زۆربوون، جارێك گەشتو كۆچیان دەكرد.

بەڵام پەناگەكە زۆر نزیكبوو. من كلاّفە پەتەكەم هەڵگرتو پێشكەوتم، تووڵەڕێیەكم بڕی، پڕیبوو لەكەپرە مێوو تووڕدكی تێكئالاّوی درێژەوبووی نێوان دوو گردی بەدارو درەخت پۆشراو، لەناكاو تووڵە ڕێیەكە، لەكن جۆرگەیەكی یەكجار لێژ دواییهات. ئەو جۆگەیە ئاوی كانیو سەرچاوەی دەهاتەسەر، لەگەرمترین هاویندا وشكینەدەكرد. لەلای راستی باكووریشەوە، گردی بەرز بەرزی بەدارو درەخت داپۆشراو قوتبووبوونەوە، كۆمەڵێ گرد وادەهاتنەبەرچاو وەك بڵێی لەوێدا لەناو دەستی دێوێكی بێباكدا راستبوونەتەوە، لەو گردانەدا هیچ چینو بناغەیەكی بەردین دیارنەبوو، لەبنكە كانیانەوە بەسەدان پێ بەرز بوو



بوونەوە، بریتیبوون لەخاكێكی سووری گڕكانی لەخاكی رەنگ شەرابیی ناوداری سۆنۆما. جۆگەلەیەكی بچووك بەناو ئەو گردانەدا ئاوەڕۆیەكی یەكجار قووڵو لێژی بۆخۆی شەقكردبوو.

بەچینگەڕێو سكەخشكێ شۆڕبووینەوە بۆسەر جۆگەلەكە، پاشان نزیكەی سەد پێ كەوتینە خوار جۆگەلەكەوە، دوایی گەیشتینە ئاودڕە زلەكە، چاوەڕێنەدەكرا لەو ناوەدا ئاودڕ ئاودڕێ هەبێ، نەخێر، بەواتایەكی باو ئەو ئاودڕەش ئاودڕنەبوو.

دەبوایە مرۆڤ بەناو دڕكەزیو لقو پۆپە تێكئالاّوەكاندا خری بخشێنێ تاكو لەپڕ خۆی لەكن هەمان كەناردا بدۆزێتەوە لەپەردەییێكی سەوزەوە سەیر دەكات، كەدرێژییەكەی نزیكەی دووسەد مەتربوو، پانییەكەشی وەك ئەو، بەڵام قوڵییەكەی سەدمەتربوو، وادیاربوو ئاودڕەكە لەئەنجامی تەكاندانی ئاو بەدرێژایی سەدان ساڵو بەهۆی رووداني هەڵیەكەوە لەكاتی قووڵبوونەوەی گردەكاندا بۆشبووبوو. بێگومان راماڵینێكی نائاسایی، یاخود داخورانێكی نائاسایی، یاریدەی ئەوەی داوە.

بینەر چاوی بەهیچ شوێنێكی رووتەنی نەدەكەوت، هەموولایەك سەوزبوو، كەرەوزە كێویلەی پشت زێڕین تا دەگاتە سوورەچنارو سنەوبەر (كاڤ)ی زیوینی زلزل. ئەو درەختە زلزلانە لەقەد دیواری كەندەلاّنەكەوە بەرزبووبوونەوە، هەندێكیان بەجۆرێ نووشتابوونەوە كەگۆشەیەكی پانی نزیكەی چلو پێنج پلەیان پێكدەهێنا، هەرچەندە كەزۆربەیان بەشێوەیەكی راستو رەوان لەدیوارە خۆلاّوییە نەرمە نیمچە ستوونییەكانەوە هەڵكشابوون.

پەناگەیەكی بێهاوتابوو، هەرگیز كەس نەدەچووە ئەوێ، تەنانەت منداڵانی گوندەكەش، گوندی (گلین ئالین). ئەگەر ئەم ئاودڕە لەتەختی دۆڵێكی یەك میل یا چەند میلێكدا بوایە ئەوسا خەڵكەكە بەشتێكی ناوداریان دەزانی، بەڵام لەتەختی

www.pertwk.com

شیوو دۆڵەکەدا نەبوو, لەسەرەتاوە تا کۆتایی درێژایی جۆگەکە لەپێنج سەد یاردە زێترنەبوو.

سێسەد یاردە لەژوور ئاودڕەکەوە جۆگەلەکە وەك کانییەك لەناو مێرگێکی تەختایی هەڵقووڵابوو, سەد یاردە دوور لەئاودڕەکەوە جۆگەلەکە بەرەو زەوییەکی پانوبەرین دەچوو, دەچووەوە سەر جۆگەیەکی سەرەکی و بەخوڕ, بەناو پارچە زەوییەکی کەمێك لێژو بەگژوگیای نەرم داپۆشراودا دەڕۆیشت. یەکەم سەری پەتەکەی بەتوندی لەقەدی دارێك ئاڵاند, سەرەکەی تری لەناوقەدم بەست, بۆ بنەوە شۆڕبوومەوە, لەماوەیەکی زۆر کورتدا گەیشتم, ئەویش هەموو شمەکەکانی لەپەناگەی ئازووقەکەوە بۆمن شۆڕکردەوە, ئینجا ئەو پەتەکەی کێشایەوەو شاردییەوە, بەرلەوەی بەڕێگەی خۆیدا بڕوات قسەیەکی خۆشی ماڵئاوایی ئاراستەکردم.

حەز دەکەم بەرلەوەی لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکەم بەردەوامبم وتەیێ دەربارەی ئەم هاوڕێیەم, جۆن کارڵسن بڵێم, لەناو شۆڕشگێڕەکاندا کەسێکی بێفیزبوو, یەکێکە لەپیاوە نەناسراوە دڵسۆزەکانی کەنایەنە ئەژمار. لەڕاستیدا ئێمە بەسواری دوو وڵاخ لەوڵاخەکانی دیکسن بەچیای سۆنۆمادا سەرکەوتین. جۆن کارڵسن, ئێستا نزیکەی بیست ساڵی بەسەربردووە لەپاسەوانیکردنی ئەو پەناگەیەدا, گومانناکەم کەهەرگیز لەم هەموو ماوەیەدا تارمایی ناپاکی بەمێشکیدا نەهاتبێ, درێغیکردنی لەجێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی پێی سپێردرابوو بەخەیاڵدا نایە. کابرایەکی ئەوەندە ساردو سڕو بودەڵەبوو, وای لەمرۆڤ دەکرد کەبەدەست خۆی نەبێ سەیری پێبێ کەچۆن دەشێ بەلای ئەوەوە شۆڕش یەشێوەیەکی گشتی هیچ مانایەکی نەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستیی ئازادی لەگیانە تاریکەکەیدا چەسپابوو, لەڕاستیدا پەسەندکردنی ئارامگرتن بەلایەوەو پێویستبوونی بەخەیاڵێکی فراوان لەهەندێ لایەنەوە, شتێکی باشبوو.

ئەو بەتەواوەتی عەقڵی لەدەسنەدابوو, دەیتوانی گوێڕایەڵی فەرمانبێ, نە خۆی لەشت هەڵدەقورتاندو نەچەنەبازیشبوو, جارێك لێمپرسی, چۆن بۆی لواوە ببێتە پیاوێکی شۆڕشگێڕ, لەوەڵامدا وتی: کەلاو بووم لەئەڵمانیا سەربازبووم,



دەبوایە هەموو گەنجەکان بچنە ژێر ئاڵای سوپا, منیش ئەوا چومە ژێر ئاڵا, سەربازێکی دی لەوێبوو, ئەویش لەهەڕەتی لاویدابوو, باوکی لەو دەیتەیەبوو کەپێیاندەوتن دەستەی رووتەڵەکان (وروژێنەرەکان), باوکی بەتاوانی خەوشگرتن لەخودی پاشایەتی, ئەوەی کەتۆ پێیدەڵێی قسەی حەق دەربارەی شاهەنشا, خرابووە بەندیخانە, ئەو لاوە دەربارەی گەل و کارو چۆن سەرمایەدارەکان دزی لەگەڵ دەکەن قسەی زۆری بۆکردم, وای لێکردم شتەکان بەڕێبازی نوێ ببینم, بوومە سۆشیالست, قسەکانی زۆر راستبوون, زۆرباشبوون, من هەرگیز بیرمناچنەوە. کەنێردرامە وڵاتە یەکگرتووەکان لەسۆشیالستەکان دەگەڕام, بوومە ئەندامی هۆبەیەك, ئەوە لەو رۆژگارەدا بوو کەحزب بە (S.L.P) ناسرابوو, دوای ئەوە کە پەزتبوون کە (انشقاق) روویدا, چوومە ریزی هۆبەی ناوخۆ لەحزبی سۆشیالست (S.P)[114]. ئەوسا من لەپشتیرێکی گشتیدا لەسانفرانسیسکۆ کارمدەکرد, ئەوە بەر لەبوومەلەرزەکە بوو, بەدرێژایی بیست و دوو ساڵ ئەو باجەمدا کەبەسەرما سەپێنرابوو. من تا ئەمڕۆ ئەندامم و هێشتا ئابوونەی خۆم دەدەم, هەرچەندە کەئێستا جموجووڵم زۆر نهێنییەو هەتا هەتایە ئەو ئابوونەیە دەدەم و زۆربەختەوەر دەبم, کە هەرکاتێ "کۆماری هەرەوەزی" بێتە کایەوە من زۆر بەختەوەردەبم.

تەنانەت کەبەجێیاندەهێشتم دەستمدەکرد بەئامادەکردنی خواردنی بەیانی لەسەر پرمێزی نەوت و مەڵبەندەکەی خۆم رێکدەخست و زۆرجار کارڵسن بەیانیان زوو, یاخود پاش ئەوەی تاریکی دادەهات, بەدزییەوە بەرەو پەناگەکە شۆڕدەبۆوەو, بەدرێژایی دووسەعات کاریدەکرد, لەسەرەتادا مشەماکە لانمبوو, لەدواییدا خێوەتێکی بچووکم هەڵدا, هەتاکو هاتینە سەر ئەو بڕوایە کەشوێنەکە ئاسوودەیەو ئەوسا خانوویێکی بچووکمان دروستکرد. ئەو خانووە بەتەواوەتی لەچاوی هەر رێبوارێکەوە نادیاربوو کەلەڕۆخی ئاودڕەکەوە سەرتاتکێ بکات. رووەکی پاراو کە ئەوپارچە تاریکەی داپۆشیبوو قەڵغانێکی سروشتی پێکدێنن.

(114) مەبەست لە (S.P) پارتی سۆشیالستە. (وەرگێڕ)

www.pertwk.com

خانووەکە بەرانبەر دیوارە ستوونییەکە دروستکرابوو, لەهەمان دیواری راگیراو بەتەختەی بەهێزو مەحکەم, کە هۆکارەکانی هەوا گۆڕکێ‌و ئاو بەردانی باشی تیابوو, دوو ژووری بچووکمان هەڵکەندن, ئای, بڕوام پێبکەن, ئەگەر بڵێم ئێمە هۆی رابواردنی زۆرمان لاهەبوون, کە (بدینباچ)ی تۆقێنەری ئەڵمانی هاتەلامان, دوای ئەوە بەماوەیەکی کەم لەگەڵ مندا خۆی شاردەوە. هۆیەکی دەرهێنراومان بۆ دەرکردنی دووکەڵ دانا, کەوای لێکردین خۆمان بەقرچە قرچی ئاگری دار گەرمبکەینەوە. لێرەوە دەبێ قسەیەکی باش دەربارەی ئەو تۆقێنەرە پاکدەروونە بکەم, کە رادەیەکی زیاتر لەهەموو هاورێکانمان بەخراپی تێیگەیشتوون. هاورێ بدینباچ ناپاکیی لەمەسەلەکە نەکرد, نەخێر, هاورێیان حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا نەدا, وەك هەندی کەس بەهەڵچووبوون. ئەوە درۆو بوختانێکبوو کە ئەڵقە لەگوێکانی ئۆلیگارکییەت هەڵیانبەستبوو, هاورێ بدینباچ داڵغەچیبوو, زوو شتی لەبیر دەچۆوە. لەکارمل, بەهۆی لەبیرچوونەوەی وشەی نهێنی لەکن پەناگەکەوە (ئەشکەوتەکە) بەگوللەی یەکێك لەپاسەوانەکانمان کوژرا. ئەوەش هەڵەیەکی خەمهێنەربوو. بەڵام ئەو قسەیە کەدەڵێ ناپاکیی لەتاقمە جەنگاوەرەکە کردبوو, درۆیەکی ئەبڵەقە, لەڕاستیدا کەسێك نەبوو لەو دڵسۆزترو راستگۆتربێ, کەخزمەتی هۆزەکەی کردبێ(115).

وا ئێستا 19 ساڵ تێپەڕیوەو ئەو پەناگەیەی کەهەڵمبژاردبوو, بەشێوەیەکی نزیك بەردەوام ئاوەدانە. بەدرێژایی ئەو ماوەیە جارێك نەبێ ئەگینا پیاوێکی ئاوارە هەرگیز نەیدۆزیوەتەوە, لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا چارەکە میلێك لەکۆرتێکەی راوکردنی ویکسنەوە دووربوو, مەودای میلێك لەگوندی غلین ئالین, هەموو دەم بەئاسانی دەمتوانی, کەگوێم لەشەمەندەفەری ئێواران‌و بەیانیانبێ, کەدەهاتن‌و

(115) بۆ تێگەیشتنی حەقیقەتی ئەم (بدینباچ)ە, بەناو هەموو ئەو شوێنەوارە نووسراوانەی کەئەو سەردەمانە بۆیان جێهێشتبووین, زۆر بەووردی گەڕاین, بەڵام هیچمان دەستنەکەوت, جگە لەدەستنوسەکەی ئێڤەر هارد, لەناو ئەو شوێنەوارانەدا ناوی نەهاتووە.



دەچوون. کردبووم بەخوو کە سەعاتەکەم لەسەر ئەو فیکەی لەو گۆڕەپانەی کەخشتی لێدروستدەکرا زەبتبکەم(116).

(116) ئەگەر گەشتیار لەگوندی "گلین ئالین"ەوە بەرەو باکوور وەرچەرخێ, ئەوسا خۆی لەسەر شەقامێك دەبینێ کەهەمان رێگە لادێیە کۆنەکەیە, کە حەوت سەدە دەبێ لەوێڕا درێژ دەبێتەوە. مەودای چارەکە میلێك لەگلین ئالینەوە, پاشئەوەی بەپردی دووەمدا گوزەر دەکات, بەلای دەستە راستدا دۆڵێی تەسکی زۆر لێژ بەدی دەکات, وەك قەڵشێك بەناو زەویەکی شەپۆلاوی بەرەو زنجیرەیەك بانی بەدارودرەخت داپۆشراو درێژ دەبێتەوە. ئەو دۆڵە تەنگەبەرە شوێنی رێگەی گشتیی کۆنە, کەلەڕۆژانی موڵکدارێتی تایبەتی زەوی‌و زاردا, بەناو مڵکەکانی کابرایەکدا دەچوو, کەناوی "شوڤ" بوو, ئەو پیاوە رابەرێکی فەرەنسی بوو, لەڕابەرانی کالیفۆرنیا, لەسەردەمەکانی ئەفسانەی زێڕدا. بانە داپۆشراوەکان بەدارو درەخت هەر هەمان ئەو بانانەن کەئێڤەر هارد ئاماژەی بۆ کردبوون.
لەڕاستیدا ئەو بوومەلەرزەیەی ساڵی 1368ی عیسایی بناری بانێکی لەو بانانە جیاکردەوەو توڕیدایە ناو تاشە بەردەی کە ئێڤیس ئێڤەر هاردو هاوسەرەکەی کردیانە پەناگەی خۆیان, لەوەتەی دەستنووسەکە دۆزراوەتەوە, هەڵکەندنێکی زۆرکراوە, ئەو خانووە –دوو ژووری ناو ئەشکەوتەکە– و هەرچی بەسەریەکدا کەڵەکەبووە, شوێنەواری دانیشمەندی دەرکەوتوو, هەندێ کەلوپەل دۆزرانەوە. هەروەها زۆر شوێنەواری بەنرخ دۆزرانەوە, لەناویاندا شتێکی سەیر, ئەو ئامێرەی دووکەڵی بەکاردەبرد, کە بیدینباچ دروستیکردبوو, لەڕۆمانەکەشدا باسی لێوەکراوە. ئەو پشکنەرانەی بایەخ بەو کاروبارانە دەدەن, دەبێ ئەو نامیلکەیە بخوێننەوە کەئارنۆڵد بینزام دایناوەو بەو نزیکانە بڵاو دەکرێتەوە.
ئەگەر مرۆڤ لەبانە داپۆشراوەکانەوە بەدارودرەختە تێکئالاوەکان, میلێك لەباکوری رۆژئاواوە ببڕێ دەگاتە شوێنی (وایك رۆبن لۆدج) لەکن بەیەکگەیشتنی هەردوو جۆگەی (وایلد وۆتەر) و (سۆنۆما) لەڕەچەڵەکدا جۆگەی گراهام (گراهام کریك)ی پێدەگوترێ‌و خۆی لەنەخشە کۆنە خۆماڵیەکاندا ئەم ناوەی لێنرابوو. بەڵام ناوەکەی دوایی بەسەر شوێنەکەدا زاڵبوو. لە (وایك رۆبن لۆدج)دا ئێڤیس ئێڤەر هارد ژیا, پاشئەوە, بەماوەیەکی کورت, ژنێك لەبەرگی (بەکرێگیراوێکی هاندراو)دا لەبەکرێگیراوانی پاژنەی ئاسنین توانی بەئاسوودەیی‌و بەپارێزراوی لەناو خەڵك‌و رووداوی رۆژگاردا رۆڵی خۆی بنوێنێ. رێپێدانی رەسمی بەداگیرکردنی (وایك رۆبن لۆدج) هێشتا لەتۆمارەکاندا پارێزراوەو, واژۆی پیاوێکی دیاری پێوەیە, کە (ویکسن)ە. –ئۆلیگارکی بچووکی دەستنووسەکە–.

www.pertwk.com

# نۆزدەیەم بەش

# وەرچەرخان

www.pertwk.com

# وەرچەرخان

ئێرنست لەنامەیەکیدا بۆی نوسیبووم: (پێویستە لەسەرت دروستکردنێکی دیکە، خۆت دروستبکەیت. دەبێ واز لەوە بێنی کەهەر وەك خۆت بیت. پێویستە ببیتە ئافرەتێکی تر، تەنیا بەو جلوبەرگەی نا، لەبەرتدایە، بەڵکو لەپشت ئەو پێستەی لەژێر جلەکانتەوەیە. پێویستە خۆت دروستکردنێکی نوێ بخولقێنی، تەنانەت من خۆم نەتوانم بتناسمەوە، دەنگت، هێماو ئاماژەکانت، نەریت‌و رەفتارەکانت، ئازایەتیت، رۆیشتنت، هەموو شتێکت نەناسمەوە)

لەم فەرمانەی دەرنەچووم، هەموو رۆژێك بەدرێژایی چەندین سەعات دەستمکرد بە خۆ لێڕاهێنانم، بەناشتنی ئێڤیس ئێڤەر هاردی دێرین، بۆ هەتا هەتایە لەژێر پێستی دووەمین ئافرەتدا دەتوانم ناوی بنێم خودی خۆمی دووەم. ئەمجۆرە ئەنجامانە بەمەشقێکی دوورودرێژ نەبوایە نەدەکرا بێنەدی. بۆ نموونە لەبابەت دەنگ گۆڕینەوە، بەجۆرێکی بەردەوام مەشقمکرد هەتاکو دەنگی خودی خۆمی نوێ چەسپاو بووە ئۆتۆماتیکی. ئەم دەنگگۆڕینە ئۆتۆماتیکیە بۆ رۆڵێك، بووە کارێکی تەوزیمی. دەبوایە لەم دەنگ گۆڕینەدا بگەمە ئەنجامێك کەبتوانم فێڵ لەخۆم بکەم. ئەمە لەفێربوونی زمانێکی نوێی دەکرد، بۆ نموونە زمانی فەرەنسی. لەسەرەتادا قسەکردن بەفەرەنسی دەبێتە کارێکی هۆشمەندانە. مەسەلەی ویستن (ئیرادە)، قوتابی لەپێشەوە بەئینگلیزی بیر دەکاتەوە، پاشان بیروباوەڕەکانی —بەمێشك— وەردەگێڕێتە سەر فەرەنسی، یاخود بەفەرەنسی دەخوێنێتەوە، بەڵام بیروباوەڕەکان —بەمێشك— دەکاتە ئینگلیزی بەر لەوەی بگاتە تێگەیشتن، تەنانەت ئەگەر قوتابیەکە بەهیچ جۆرێ شارەزای زمانەکەش نەبێ.



باری خۆ گۆڕینمان ئاوەهابوو، دەبوایە پرۆڤە بکەین بۆئەوەی رۆڵەکانی خۆ گۆڕینمان سروشتی بنو دەبوایە بگەڕێینەوە سەر دەروونی ئەسڵیمان، ئەوەش مەشقکردنی ویستی‌و شەونخونییەکی بەهێزی گەرەکبوو. سەرەتا زۆر لەوانە، تەنیا مەشقێکی پڕ لەهەڵەبوو، هونەرێکی نوێمان دادەهێنا، دەبوایە شتی زۆر فێربین‌و شتی زۆریش بدۆزینەوە، بەڵام کار لەهەموو شوێنێکدا بەرەوپێشدەچوو، مەشق ئێمەی کردە مامۆستا لەم هونەرەدا، ئازوقەیەکی زۆر لەفێڵ‌و هۆکار لامان کۆدەبۆوەو کەڵەکە دەبوو. ئەم ئازووقەیە بووە نیمچە کتێبێکی خوێندن، هەریەك لەئێمە دەیانگەیاندە ئەویتر. یاخود بڵێ بەشێکبوو لەپرۆگرامی فێربوون —ئەگەر دەربڕینەکە بشێ— لەقوتابخانەی شۆڕش[117].

هەر لەم کاتەدابوو، کەباوکم دیارنەما. نامەکانیم بۆ نەدەهاتن، جاران بەشێوەیەکی رێکوپێك سەری لێدەدام، ئیتر لەماڵەکەماندا لە (بێڵ ستریت) دەرنەدەکەوتەوە، هاوڕێیانمان لەهەموو شوێنێك بەدوایدا دەگەڕان، بەهۆی دەزگا نهێنییەکانمانەوە لەهەموو شوێنێك بەدوایدا گەڕاین، هەموو بەندیخانەیەکی ناو وڵات گەڕاین، بەڵام بەتەواوەتی دیارنەما. وەك بڵێی زەوی قووتیدا، هەتا ئەمڕۆکەش هیچ سەرە دەزویەکمان نەدۆزیوەتەوە یاریدەی ئەوەمانبدات بزانین سەرەنجامی چییە.

---

(117) لەڕاستیدا خۆ گۆڕین لەو ماوەیەدا ببووە هونەرێکی راستەقینە. شۆڕشگێڕان لەهەموو پەناگەکاندا قوتابخانەیان بۆ نواندن دادەمەزراند، قێزیان لەقژی خوازراوو ریش‌و برۆی ساختەو هی تر لەو پێداویستیانەی کە ئەکتەرانی شانۆکار پەنایان دەبردەبەریان دەبۆوە. گەمەی شۆڕش گەمەی مەرگ، یا ژیانبوو، تەنها هۆکارو پێداویستیەکانبوو. خۆگۆڕین دەبوایە بنچینەیی‌و جەوهەری‌و بەشێکی جیانەکراوەبایە لەپێکهاتەی مرۆڤ، لەسروشتی دووەمی. سەرچاوەکان دەڵێن کە (پاکیزەی سوور) یەکێکبوو لەکارامەترین ئەوانەی لەم هونەرەدا کارامەبوون‌و پێویستە کارە دورودرێژە سەرکەوتووەکەی بۆ ئەم کارامەییە بگەڕێتەوە.

www.pertwk.com

لەپەناگەکەدا شەش مانگی رەبەقم بەتەنیایی بەسەر برد, بەلاّم مانگی بێکاری نەبوو[118], رێکخراوەکەمان بەرەوپێشەوە تەکانیداو هەمیشە بەقەد چەند چیایەك کارمان بەسەردا کەڵەکە بووبوو, دەبوایە ئەنجامبدرایە. ئێرنستو هەڤاڵە سەرکردەکانی لەپشت بەندیخانەکانیانەوە بڕیاریاندەدا چ پێویستە بیکەن, دەبوایە ئێمەش, ئێمەی ئەو کەسانەی هێشتا شنەی ئازادیمان لێقەدەغەکرابوو, جێبەجێیان بکەین. رێکخراوی (بانگهێشتی زارەکی)و (رێکخراوی سیخوڕیمان) بەلق‌و پۆپە جیاکانیەوە, لەئارادابوون. دامەزراندنی چاپخانەی نهێنیمان‌و دامەزراندنی هێڵی ئاسنی نهێنیمان کارێکبوو بۆ پێکەوە بەستنی هەزاران پەناگەمان‌و دامەزراندنی پەناگەی نوێ, کە ئەڵقەیەکی ونبوو بوو لەو زنجیرانەی هەموو ولاّتمان پێ دەورە دابوون.

بەمشێوەیە دەڵێم کارەکە هەرگیز تەواو نەکرا, لەکۆتایی شەش مانگەکەدا گەیشتنی دوو هەڤاڵ تاك‌و تەنیاییەکەمیان رەواندەوە, دوو کچۆڵەبوون, دوو گیانی ئازا, دوو دڵداری خوێنگەرمی ئازادی: (لۆرا پیتەرسن) کە ساڵی 1922 دیارنەما, (گایت پێرس) کەلەدواییدا شوی بە (دوبوا)کرد[119], کەهێشتا

(118) دیارنەمان یەکێکبوو لەمەترسییەکانی سەردەم. بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراوو بەرێکەوت. لەگۆرانی‌و چیرۆکدا دەردەکەوت, بەو سیفەتەی پاڵنەرێك لەپاڵنەرەکان‌و خۆی شتێکی حەتمی بوو بۆ ئەو شەڕە نهێنییەی کەئاشەکەی لەماوەی ئەو سێ سەدەیەدا کەوتەگەڕ. ئەم دیاردەیە لەناو چینی ئۆلیگارکی‌و بەرەبابی داخراوی کرێکاراندا بلاّوبوو, لەناو ریزەکانی شۆڕشگێڕەکانیشدا بلاّویانکردبۆوە, بێئاگادارکردنەوە, بێ هیچ سەرو شوێنێك پیاوو ژن, تەنانەت منداڵیش دیار نەدەمان, ئیتر نەدەبینرانەوەو تەمومژ کۆتاییەکەیانی دادەپۆشین.

(119) (دوبوا – Dubois) لێپرسراوی کتێبخانەی ئێستای ئاردیس, لەوەچەی ئەم دوو شۆڕشگێڕەیە کەهاوسەرێتی بەیەکی گەیاندن.



لەگەڵمانایەو چاوی بڕیوەتە خۆری سبەی کەموژدەی (دەرکەوتنی) سەدەیەکی نوێ دەبەخشێ.

دوو کچەکە لەناوجەرگەی هەژان‌و مەترسی‌و مەرگی لەناکاودا گەیشتن. لەناو دەریاوانەکانی بەلەمی راوکردندا, کەلەڕێگەی کەنداوی سان بابلۆوە هێنابوونی, سیخوڕێك لەئەڵقە لەگوێکانی "پاژنەی ئاسنین" زۆر سەرکەوتوانە شێوەی خۆی کردبوو بە شۆڕشگێڕێك لەو شۆڕشگێڕانە بەقووڵی خۆی گەیاندبووە نهێنییەکانی رێکخراوەکەمان. بێگومان ئەو شوێن پێی ئێمەی هەڵدەگرت. چونکە ئێمە ماوەیەکی کەم نەبوو زانیبوومان کە خۆشاردنەوەی من مایەی شپرزەییەکی گەورەبوو لەکن دەزگای ئۆلیگارکییەتی قسەچینی نهێنی, لەخۆشبەختی خۆمان, هەروەك ئەنجامەکان چەسپاندیان, دۆزینەوەکانی لای کەس نەدرکاندبوون. ئاشکرابوو دانانی راپۆرتەکەی دواخستبوو, چاوەڕوانکردنی بەلاوە باشتربوو, بەڵکو خوا بکات بەدۆزینەوەی پەناگەکەی من‌و گرتنم, شتەکان بەکۆتاییەکی سەرکەوتوانە دوایی پێ بێنێ. زانیارییەکانی لەگەل خۆیدا مردن. پاش ئەوەی دوو کچەکە لەکن (پیتا لۆما کریك) دابەزینە سەر زەوی, سواری دوو ئەسپ بوون, ئەویش بیانوویەکی دۆزیەوەو لەناو بەلەمەکەدا دەرچوو.

دوای ئەوەی هەردوو کچەکە بەسەر چیای سۆنۆما سەرکەوتن‌و بەشێکیان لێبڕی, جۆن کارڵسن دوو کیژەکەی بەجێهێشتن‌و بەڕێگەی خۆیاندا بەردەوامبوون, ئەویش ئەسپەکەی لێخوڕی‌و بەپێیان گەڕایەوە. نیازەکانی مایەی وروژاندن بوون, سیخوڕەکە گیراو, لەمەڕ ئەو شتەی پاش ئەوە روویدا بیرۆکەیەکی روونی پێدااین.

–"کوشتم", ئەوە رێبازی کارڵسن بوو کەشنەیەك لەشنەکانی خەیاڵی گەرەکبوو لەوەسفی مەسەلەکەدا "کوشتم" بەمجۆرە دووپاتیدەکردەوەو رووناکییەکی بریسکاوە لەهەردوو چاوەکانیدا دیاربوو, هەردوو دەستە زلە

شێواوەکەی بەزەحمەت بەڕەوانی دەکرانەوەو دەقوچان. (هیچ هاواری نەکرد, شاردمەوە, ئەم شەویش دەگەڕێمەوە سەری‌و بەقووڵی لەناو خاکدا دەینێژم).

لەو ماوەیەدا کردبووم بەخوو, سەرسامبم بەگۆڕانم – Meta Morphosis. هەندێ جار بەزەحمەت باوەڕمدەکرد کەمن لەشارێکی زانکۆیدا ژیانێکی هێمن‌و ئاسوودە ژیابیم, یاخود باوەڕ بکەم کەمن بوومەتە شۆڕشگێڕێکی راهاتووی دیمەنی توندو تیژی‌و مەرگ. یەکێك لەو دوو ژیانە ناکرێ ببیٚ. گومانی تێدا نییە کەیەکێکیان راستبوو ئەویتریان خەوبوو, بەلاّم کامیان بەڕاستیەو کامیان خەونە؟ ئاخۆ ئەم ژیانەی ئێستام, ژیانی ئافرەتێکی شۆڕشگێڕی خۆحەشاردەر لەکونێکدا, مێردەزمەیە؟ یاخود ئایا من ئافرەتێکی شۆڕشگێڕبووم؟ وەك خەو ببینم پێشتر لەشوێنێکاو بەشێوەیەك لەبێرکلی ژیابم‌و هەرگیز لەژیاندا بەشتێکم نەزانیبیٚ لەئاهەنگی چاو سەماو کوڕەکانی وتاردان‌و دایەلۆگ‌و لەهۆڵەکانی سیمینار بەتەوژمتربێت؟ بەلاّم من وابزانم ئەمە هەستێکی گشتیی بوو, هەریەك لەئێمە کەهاتبووینە ژێر ئالاّی سووری برایەتی مرۆڤخوازی لەڕاستی‌و کرۆکەکەی گەیشتبوو.

زۆرجار چەند وێنەیەکی ئەو ژیانەی ترم بیر دەکەوتنەوە کەسەیرە جاروبار لەژیانی نوێمدا دەردەکەوتن‌و بزردەبوون. قەشە (مورهاوس) هەبوو, بێسوود, بەدوایدا گەڕاین, دوای ئەوە رێکخراوەکەمان دامەزراو گەشەیکرد. لەنەخۆشخانەیەکەوە بۆ نەخۆشخانەیەك گوێزرایەوەو, شوێنپێمان لە نەخۆشخانەی تایبەت بەشێتان لە (نابا)وە بۆ نەخۆشخانەی شێتان لە (ستۆکتن) هەڵگرت, لەوێشەوە بۆ ئەو نەخۆشخانەیە لەدۆڵی (سانتاکلارایە)و ناوی (ئاگنیون)ە, لەوێڕا شوێنەوارەکە نەما. هیچ باسێك لەبارەی مردنەکەیەوە نەبوو. لەمەدا ئەوە دەردەکەوێ کەدەبیٚ بەهەر جۆرێکبیٚ رایکردبیٚ. بەئاستەمنەبیٚ, خەوم بەشێوە ترسناکەوە نەدی کەبۆم لوا سەرلەنوێ بەچاوخشانێکی خێراو بەپەلە لەناو گەردەلوولی کوشتاری کۆمۆنەی چیکاگۆ)دا بینیم.



بەلاّم جاکسن کە لەکارگەکانی سیرادا قۆڵێکی قرتابوو فاکتەری گۆڕانمبوو, بووم بەشۆڕشگێڕ, جارێکی دی هەر نەمدیتەوە, بەلاّم ئێمە گشتمان زانیمان بەر لەوەی بمرێ چی کرد. ئەو هەرگیز نەچووە ریزی شۆڕشگێڕان. ئەو چارەنووسەی لەنێوچەوانی نووسرابوو زۆر لەسەر دڵی گرانبوو, کەوتە نێو گێژەنەی بیرکردنەوە لەستەمەی خرابووە سەری‌و بووبوە گێرەشێوێنێکی نا گێرەشێوێنی بەفەلسەفە, بەلاّم تەنیا گیانلەبەرێکی هارو هاجی دڵ پڕ لەڕق‌و کینەو ئارەزووی تۆڵەسەندن. چاکترین تۆڵەی بۆ خۆی سەند. لەنیوە شەودا کاتیٚ پاسەوانەکان بێئاگابوون, خەڵکەکە هەمووی خەوتبوون, کۆشکی بێرتۆنوایسی هەڵتەکاندو کردیە خاکوخۆڵ, تاکە کەسێ دەربازنەبوو, تەنانەت پاسەوانەکانیش دەرباز نەبوون. لەبەندیخانەدا چاوەڕوانی دادگەییکردنبوو, لەناو بەتانییەکانیدا خۆی خنکاند.

د. هامەر فێڵدو د. بالینگ فۆلد گەیشتنە چارەنووسێکی زۆر جیاوازتر لەچارەنووسی جاکسن. دڵسۆزی ئاغاکانیان بوون‌و پاداشتێکی گونجاویان درایە, دوو کۆشکی ئیکلیرکییان پێبەخشران, لەگەڵ جیهاندا بەئاشتی تێیاندا ژیان. هەردووکیان بەرگریان لەئۆلیگارکییەت دەکردو هەردووکیان تا رادەیەکی زۆر قەڵەوو تەنگ ئەستوور بووبوون. دوکتۆر هامەر فیڵد, وەك ئێرنست جارێکیان گوتی: گەیشتە دەستکاریکردنی فەلسەفە میتافیزیکیەکەی بەجۆرێکی وا کەڕەزامەندی خوا لەسەر سیاسەتی "پاژنەی ئاسنین" بپچڕێنیٚ, هەروەها بەجۆرێ کە زۆر لەجوانی پەرستی بگرێتەوەو بوونەوەری بڕبڕەو باری گازئامێز, کە هیگڵ وەسفی کردووە, بکاتە تارماییەکی نەبینراو. جیاوازیش لەنێوان دوکتۆر هامەر فیڵدو دوکتۆر بالینگفۆرد ئەوەیە کەئەوەی دوای کەمێ زیاتر خودانی ئۆلیگارکیەکانی کردە گازدارو کەمێ کەمتر بڕ بڕەدار.

بەلاّم پیتەر دونبلی, چاودێری کرێکاران لەکارگەکانی سیرا, ئەو هیچوپوچەی ئەو رۆژە خەریکی بەدوادا چوونەکەم بووم لەمەڕ مەسەلەکەی جاکسن, کەچاوم پێکەوت , بۆ هەموومان شتێکی لەناکاوبوو. لەساڵی 1918دا یەکێك

www.pertwk.com

لەکۆبوونەوەکانی سووورە سانفرانسیسکۆییەکانم دی. لەناو تاقمە جەنگاوەرەکانماندا بە گشتی ئەم تاقمە پیسترینو دڕندەترینو بێبەزەییترینیانبوو. لەراستیدا بەشێکنەبوون لە رێکخراوەکەمان. ئەندامەکانی دەمارگیری هاروهاجبوون. نەمانوێرا هانی ئەم جۆرە گیانە بدەین. لەلایەکی دیکەوە, پەیوەندییەکی دۆستانەمان لەگەڵیاندا هێشتەوە, هەرچەندە لەژێر ئالآی رێکخراوەکەشماندا نەبوون, ئەومەسەلەیەی ئەوشەوە, بۆئەوێی بردم, لایەنێکی زۆر پرمەترسیی تێدابوو, من, لەناو بیست پیاوی دەمامکداردا تاکە کەسبووم کە پاش تەواوکردنی ئەو ئەرکەی پێمسپێردرابوو, لەگەڕانەوەمدا یەکێکییان نەپۆشیبوو. لەیەکێك لە دالآنەکاندا ئەم رێنیشاندەرە دەنکە شخارتەیەکی داگیرساند, ئینجا لەرووی خۆی نزیککردەوە, دەمامکەکەی لادا کە بەوردی سەرنجی سەروسەکوتیم دا (پیتەر دونیل)ی هەڵزربوو. پاشان دەنکە شخارتەکە کوژایەوە. لەتاریکاییەکەدا پیتەر گوتی:

–"ویستم بزانن کەڕێوانەکەت منم . دالاسی بەرێوەبەری کارگەکەت لەبیرە.

سییرای دەموچاو رێویلەم لەبیرە.

دونیلی بەشانازییەوە گوتی:

–"لەپێشەوە ئەوم کوشت, ئینجا هاتمە ریزی سوورەکان."

لێمپرسی:

–"بەلآم چۆن رەخساوە تۆ لێرەبیت؟ ئەی هاوسەرو منداڵەکانت؟"

وەلآمیدامەوە:

–"مردن."

پاشان بەپەلە لەسەر قسەکەی رۆیی:

–"ئەمەیە هۆیەکە. نەخێر, لەبەر تۆڵەکردنەوەی ئەوان نا, ئەوان لەسەر جێدا بەنەخۆشی مردن, وەك دەبینی, ئەونەخۆشییەی ناوبەناو دەکەوتە گیانیان. کە لەژیاندا بوون دەستییان بەستبووم, وائێستا ئەوان بەرێگەی خۆیاندا رۆیشتن,



دەبینی داوای تۆڵەکردنەوە دەکەم بۆ پیاوەتی تێکشکاوم. رۆژێ لە رۆژان پیتەر دۆتنیلی چاودێری هیچوپووچی کرێکاران بووم, بەلآم ئەمشەو من ژمارە (27)م لەناو سوورە سانفرانسیسکۆییەکاندا. ئێستا وەرە لەگەڵما, لەم دالآنە تاریکەدا دەرتدەکەم.

لەدواییدا, زۆر شتم لێبیست, لەسەر رێچکەی خۆی راستییەکەی درکاند, کە گوتی هەموویان مردن, بەلآم یەکێکیان مابوو, ئەمەشەیان (تیمۆسی) بوو, باوکی بەمردوو لەقەڵەمدابوو, چونکە چووبووە ریزی ئەو تاقمە چڵکاو خۆرەی[120] لەبەرژەوەندی (پاژنەی ئاسنین)دا کاریان دەکرد, هەر ئەندامێك لە ئەندامانی "سوورەکانی سانفرانسیسکۆ" بەڵێنی ئەوەی بەخۆی دەدا کە هەموو ساڵێ دوانزە بڕیار لە بڕیارەکانی مەرگ ئەنجامبدات. تەنانەت ئەگەر ئەندامێك نەیتوانی ئەم بەڵێنەی جێبەجێبکات پەنا بباتە بەر خۆکوشتن. ئەم بڕیارانەی مەرگ لەخۆڕا دەرنەدەکران. ئەم تاقمە هارو هاجە بەردەوام کۆ دەبوونەوەو حوکمیان بەسەر نۆکەرانی ئۆلیگارکییەتو ئەندامە تاوانبارەکانیاندا دەدا.

پاش ئەوە ئەو حوکمانە بە پشك بەسەر تاقمەکەدا دابەشدەکران, بۆ ئەوەی جێبەجێبکرێن. لەراستیدا ئەو ئەرکەی لەشەوی سەردانەکەمدا منی بۆ ئەوێ کێشکرد, دادگەیکردنێك بوو لەو دادگەییکردنانە. چونکە "سوورەکانی سانفرانسیسکۆ" بڕیاری خوێنڕشتنی هاوڕێیەکی ئێمەیان دابوو کە توانیبووی بگاتە وەزیفەیەکی نووسینکاری لە نوسینگەکانی ناوخۆی هۆبەی هەواڵگەریی

---

(120) جگە لەو بەرەبابە داخراوانەی کارگەران بەرەبابێکی داخراوێکی دیکە دامەزرا, ئەویش بەرەبابی سەربازیبوو, سوپایەکی نیزامی لەسەربازی پیشەوە دامەزرێنرا. ئەفسەری ئۆلیگارکی سەرکردایەتیدەکردن, بەسوپای چڵکاوخۆر ناسرابوو. ئەم دەزگایە جێگەی ئەو میلیشیایەی گرتەوە کە سەلماندی خۆی شتێکی ناکردەییە لەژێر سایەی رژێمێکی نوێداو, لەدەرەوەی چوارچێوەی (هەواڵگەریی نیزامی)پاش بەند بە "پاژنەی ئاسنین" هۆبەیەکی نهێنی تر لە گەیاندنی نێوان پۆلیسو سوپای پێکدەهێنا.

www.pertwk.com

سەربە پاژنەی ئاسنین‌و مانەوەی لەوێ بەدرێژایی چەند ساڵێك. دەستیان بەدادگەییکردنی کردبوو، ئەو هاوڕێیەمان لەوێ نەبوو، دادوەرەکانیش نەیانزانی یەکێکە لە پیاوەکانی ئێمە. کاری من ئەوەبوو کە خەڵکەکە بەپێناسەکەی ئاگادار بکەم‌و لە بەردەمیاندا شایەدی‌و دڵسۆزیی بدەم. ڕەنگە خوێنەر بپرسێ چۆن هەواڵی مەسەلەکە بەئێمە گەیشت. بەڵام لێکدانەوەکە ئاسانە، ئەرکی سەرشانمان وای پێویستدەکرد لەسەرمان کە هێندەی ئەوەی چاودێریی دوژمن دەکەین، چاودێریی دۆستیش بکەین. ئەو تاقمە هاروهاجە ئەوەندە کەم‌و هیچ‌وپووچ نەبوون بە جۆرێ لەچاودێریکردنمان دەرباز بن.

با ئێستا بگەڕێینەوە سەر پیتەر بیلی‌و کوڕەکەی سەبارەت بە موریلی، هەموو شتێك بەپێی ئارەزوو بوو، هەتا لەساڵی ئایندەدا لەنێوان ئەو تاوانەدا کە بەپشك فەرمانی مەرگیان بەرکەوت تیمۆسی دۆنیلی بوو. لێرەدا دەمارگیریی خێزانی سەری دەرهێنا، تا ڕادەیەکی نائاسایی لەکن ئەو بەتەوژم بوو خۆی سەلماند، بۆ ئەوەی کوڕەکەی دەرباز کات. ناپاکیی لە هاوڕێکانی کرد، بەشێك لە پیلانی ئەو ناپاکییەی پووچەڵ کرایەوە. بەڵام دوانزە ئەندام لە "سوورەکانی سانفرانسیسکۆ" لەوەدا کوژران، خەریکبوو بەتەواوەتی تاقمەکە لەناو ببات. ڕزگاربووەکان تۆڵەی خۆیان کردەوە، تاڵاوی ئەو مەرگەیان بەقوڕگی داکرد کەلەبەر ناپاکییەکەی بەرانبەر ئەو ناپاکییەی کردی، ژاراوی مەرگی پێشیاویان کرد بەقوڕگیدا، شیاوی ئەوەبوو.

پاش ئەوە تیمۆسی دونیلی ئەوەندە نەژیا "سوورەکانی سانفرانسیسکۆ" شەرتی پیاوەتیان کرد بیکوژن. ئۆلیگارکییەت ئەوپەڕی تەقەلایدا کە دەربازیبکات. لەشوێنێکی وڵاتەوە بۆ شوێنێکی دی گوێزرایەوە. سێ کەس لە "سوورەکان" گیانی خۆیان لەسەر داناو سەرنەکەوتن لەناویبەرن. تاقمەکە تەنیا لە سێ‌کەس پێکهاتبوو، لە ئەنجامدا پەنایانبردە بەر ئافرەتێك، پەنایانبردە بەر یەکێك لە خوشکە هاوڕێکانمان. ئەم ئافرەتەش "ئانا ڕۆیڵستن" بوو. "ئەڵقەکانی



ناوخۆمان" ڕێگەی نەدا ئەم ئەرکە جێبەجێبکات. بەڵام خۆی زۆر ئارەزووی لەوە دەکرد. بەچاوێکی سووك سەیری ڕژێمی دەکردو لێی یاخیبوو، لەبەرئەوە، ئافرەتێکی بلیمەت‌و خۆشەویستبوو، ئێمە بەهیچ بار نەماندەتوانی "دابین"ی بکەین. خۆی بەتەنیا چینێکبوو، نەدەکرا ملکەچی پێوەرە ئاساییە شۆڕشگێڕەکان بکرێت. هەرچەندە نەمانویست ڕێگەی ئەنجامدانی ئەم ئەرکەی پێبدەین، بەڵام ئەو هەنگاوی لەپێناو جێبەجێکردنیدا نا. لەڕاستیدا ئانا ڕۆیڵستن ئافرەتێکی شۆخ‌و شەنگبوو. تەنیا بە ئاماژەیەکی بچووك پیاوی ڕادەکێشا بۆ لای خۆی.

دڵی دەیان هاوڕێ لاوەکانمانی تێك‌وپێکشکاندوو دڵی دەیانی دیکەی بردو بەدڵی پڕ لەخۆشەویستیی ئەوانە سەرکردایەتیی هەموو ڕێکخراوەکەمانی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا سووربوو کەشوو نەکات. تابڵێی منداڵی خۆشدەویست. بەڵام لەوباوەڕەدابوو کە ئەگەر منداڵێکی ببێ سەرقاڵیدەکات‌و ناتوانێ خۆی تەرخانبکات بۆ گەورەکە ژیانی خۆی هەرتەنیا بۆ ئەم دۆزە تەرخانکردبوو.

بەلای ئانا ڕۆیڵستنەوە ڕاکێشانی تیمۆسی دونیلی کارێکی سانا بوو. ویژدانی سەرکۆنەینەکرد. چونکە هەر لەو ماوەیدا کارەساتی "قەسابخانەی ناشفیل" ڕوویدا، ئەو بەکرێگیراوانەی دونیلی سەرکردایەتیدەکردن، هەشت سەد کرێکاریان لەکرێکارانی شنین لەو شارەدا کوشتن. بەڵام دونیلی نەکوشت‌و بەدیلکراوی دایەدەست "سوورەکانی سانفرانسیسکۆ" ئەمەش هەر پار ڕوویدا، ئەمڕۆ ناوێکی دی لێدەنێن. شۆڕشگێڕەکان لەهەموو شوێنێك "پاکیزەی سوور"یان پێدەوت[121].

(121) پاش هاڕینی شۆڕشی دووەم، تاقمی "سوورەکانی سانفراسیسکۆ" کەوتنە جموجووڵ‌و لەنۆژەن گەشانەوە. بەدرێژایی دوو وەچە تاقمەکە گەشانەوە، دوایی یەکێك لەنۆکەرانی "پاژنەی ئاسنین" بەتەڵەکەبازی چووەناو تاقمەکەوەو خۆی گەیاندە هەموو نهێنییەکانیان ڕێگەی لەناوبردنیانی بەتەواوەتی خۆشکرد. ئەمەش لەساڵی 2002دا

www.pertwk.com

گۆلۆنێڵ ئینگرامو كۆلۆنێڵ ڤان گیلبەرت دوو كەسی تر بوون لەناسیاوەكانم, بۆم لوا كە لەدواییدا پێیانبگەم. ئەستێرەی كۆلۆنێڵ ئینگرام لەئاسمانی ئۆلیگاركییەتدا درەوشایەوەو بووە وەزیری مفەوەزی وڵاتە یەكگرتووەكان لەئەڵمانیا, پرۆلیتاریا لەهەردوو وڵات لەدڵەوە رقیان هەڵساندبوو. من لەبەرلین پێیگەیشتم, بەو سیفەتەی كەمن سیخوڕێكی نێودەوڵەتیی باوەڕپێكراوم لەسیخوڕەكانی پاڕنەی ئاسنین پێشوازی لێكردم, بەم بۆنەیەوە یارمەتییێكی گەورەی دام, وا چاكە من ئەوە دەرخەم كە من لەدەوری دوو فاقەییمدا هەندی شتی گرنگم بۆ شۆڕش بەدەستهێنان.

دوای كۆمۆنەی چیكاگۆ كۆلۆنێڵ ڤان گێڵبەرت, بە ڤان ڤێڵبەرتی (هەڵەوەڕ) ناسرا, مەزنترین رۆڵی لەدانانی رەشنووسی یاسای نوێدا هەبوو". بەڵام بەرلەوە, بەو سیفەتەی قازیبوو, لەبەر نەگریسیو رقو كینەی شەیتانییانەی فەرمانی مەرگیان بەسەردا درا. من یەكێكبووم لەوانەی دادگەییانكردو فەرمانی مەرگمان بەسەردا داو ئەنا رۆیلستن فەرمانەكەی جێبەجێكرد.

هەروەها وێنەیەكی تر هەیە لەژیانی سەردەمی كۆندا باڵابوو, ئەویش وێنەی پارێزەرەكەی جاكسن بوو, ئەگەر چاوەڕوانی چەند شتێكم كردبێ, ئەوە گەیشتنی سەر لەنوێم بەم پیاوە جوزیف هێرد, كەمترین شتبوو كەچاوەڕوانیبووم, دیدارێكی سەیر بوو. لەسەعاتێكی درەنگ وەختی شەودا منو ئێرنست گەیشتنە پەناگەی بەندەری بێنتن كە دوو ساڵ بەسەر "كۆمۆنەی چیكاگۆ"دا تێپەڕیبوو, ئەو پەناگەیە لەمشیگان بوو, بەڕێگەی ئەو گۆمەدا كەوتبووە پشت شیكاگۆوە گەیشتینو خەریكبوو دادگەییكردنی سیخوڕێك تەواوبێ, كەبڕیاری مەرگی دەرچووبوو, سیخوڕەكە راپێچكرا بۆ ئەوەی بەسزای خۆی بگات. ئەوە ئەو دیمەنەبوو كەپێیڕاگەیشتین, هەر تەنیا پاش ساتێ پیاوە

روویدا. ئەندامەكان یەك لەدوای یەكو لەماوەی سێ هەفتەدا لەسێدارە دران‌و, لەگەڕەكی كرێكاران لەسانفرانسیسكۆ لاشەكانیان پیشاندران.



كلۆڵەكە خۆی لەبن دەستی دیلكەرەكان راپچكڕاندو خۆی فڕێدایە سەر پێڵاوەكانم. بەشێوەیەكی كارتێكەر باوەشی لەهەردوو چۆكم وەرینا كە كاری دڵدارانی دەهێنایەوە یادو لێمدەپاڕایەوەو بەهەڵوونێكی هاروشێتانە داوای بەزەیی دەكرد. هەر كە بەڕووە خەمو پەژارەكەی تێیڕوانیم ناسیمەوە, جوزیف هیردبوو. هەرچەندە زۆر شتی تابڵێی پیسو لەڕادەبەدەرم دەیبی, نەمتوانیوە مێشكم لەسەرخۆ نەمێنێ بەقەدەر ئەوەی كەنەمما كاتێ سەیری ئەو بوونەوەرە شڵەژاوەم بینی لەبەرم دەپاڕایەوە نەكوژرێ. هارد هاجانە شێلگیربوو لەسەر ژیان لەدەستنەدانی. ئەو دیمەنە مایەی بەزەییو میهرەبانیبوو. وێڕای دەستەیەك دەستی هاوڕێیان نەیدەویست بەرمبدات. تەنانەت كەلەئەنجامدا رایانكێشا ئەو دەگریاو دەیقیژاند. لەخۆچوو بەربۆوە سەرم. كەبەچاوی خۆت دەبینی قارەمانەكان دەمرن زۆر ساناترە لەوەی ترسنۆكی ببینی دەپاڕێیتەوەو داوا لەدوژمنەكەی دەكات كەژیانی پێیببەخشێو نەیكوژێ.[122]

(122) پەناگەی بەندەری بێنتن ژێر خانێكبوو لەڕێگەی بیرێكەوە بەفێڵ بۆی دەچووی. بەڕادەیەكی چاك پاراستن‌و پارێزگاریكرابوو. سەر لێدەری خۆتێهەڵقوتێن, ئەمڕۆ دەتوانێ لەناو تاریكستانەكانیدا بگەڕێ تا دەگاتە هۆڵی كۆبوونەوە, كەبێگومان ئەو دیمەنەی ئێڤیس ئێڤەر هارد وەسفیكرد, روویدا, كەمێك دوورتر ئەو زیندانانە بوون كە گیراوەكانیان تێدا بەندكرابوون‌و ژووری مەرگ كەبڕیارەكانی سزای مەرگیان تێدا جێبەجێدەكران, لەپشت ئەوەوە بەمەودایەك گۆڕستانێك هەبوو وەك راڕەوی دووروودرێژی بەپێچو پەنا لەبەردی رەق هەڵكەنرابوون, لەهەردوو تەنیشتەكانیەوە كونیان تێدایە, شۆڕشگێڕەكان تیایاندا خەوی یەكجارییان لێكەوت‌و, بۆ هەتا هەتایە تیایاندا سەر دەنێنەوە, چین بەچین بەسەریەكەوەن, وەك چۆن هاوڕێكانیان ساڵەهای ساڵە بەجێیانهێشتوون.

www.pertwk.com

# بيستەم بەش

## ئۆليگاركييەكى سەرلێشێواو

www.pertwk.com

# ئۆلیگارکییەکی سەرلێشێواو

لەوەبیرهاتنەوەی ژیانی پێشووم، لەژیانی نوێمدا هەندێ رووداوم هەڵبواردن. رزگارکردنی هاوڕێیانمان. لەبەندیخانەکان کۆمەڵ بەکۆمەڵ، پاش تێپەڕبوونی چەند مانگێك، ساڵی 1915 نەبێ، رووینەدا، پرۆسەیەکی ئاڵۆزبوو، بەڵام بێوچان جێبەجێکراو، شادیی خستە دەروونمان، بەو سیفەتەی کارێکی شوێن دیاربوو.

لەتاکە شەوێکدا، لەکووباوە بەرەو کالیفۆرنیا، لەدەیان بەندیخانەو گرتووخانەی سەربازیو قەڵاتدا پەنجاو یەك نوێنەرمان لەپەنجاو دوو نوێنەری خۆمان لەکۆنگرێس دەربازکردو، لەتەك ئەواندا زیاتر لە سێ سەد پێشەوای ترمان دەربازکردن. پرۆسەکە لەهیچ شوێنێکدا لەبارنەچوو، پێشەواکانمان هەر تەنیا شنەی ئازادییان هەڵنەمژی، بەڵکو هەریەك لەوان توانی بگاتە ئەو حەشارگەیەی کەبۆی دانرابوو. تاکە نوێنەرێ کەنەمانتوانی لەنێوان هاوڕێیاندا —نوێنەرانی کۆنگرێس— رزگاریبکەین ئارسەر سیمبسن بوو، پێ ئەوە، دوای ئەشکەنجەدانێکی جانەوەرانە، لەکووبا گیانی سپاردبوو.

رەنگە ئەو هەژدە مانگەی بەدوایداهات، خۆشترین دەمی لەگەڵ ئێرنستدا، ئێمە بەدرێژایی ئەو ماوەیە قەت لێکدانەبڕاین. لەدواییدا کە گەڕاینەوە جیهان، زۆر لێکدابڕاین. لەڕاستیدا من بێئارامتر چاوەڕوانی کڵپەی شۆڕشی بەیانی ناکەم لەوەی کەچاوەڕوانمکرد، ئەو شەوە ئێرنست بێت. ماوەیەکی دوورودرێژ بەسەرچوو. چاوەکانم بەبینینی نەگەشانەوە، تەنیا بیرکردنەوە لەوەی



کەهەڵەکردنێك لەجێبەجێکردنی نەخشەکانمان، یاخود دواکەوتنێك لەو جێبەجێکردنە شیاوی ئەوەیە کەلە بەندیخانەکەی لەدوورگەکەدا بیهێڵێتەوە... دەڵێم تەنیا بیرکردنەوە لەوە هۆشی لێسەندبووم، یا خەریکبوو. چەند سەعاتێك تێپەڕین، وەك بڵێی چەند وەچەیەکن، من تاکو تەنیا بووم. بیدینباچو ئەو سێ لاوەی لەپەناگەکەدا بوون جێیانهێتشبوو، روویانکردبووە شاخو چەکداربوونو ئامادەبوون بۆ هەرشتێکی لەناکاو، وادێتە بەرچاوم کە ئەو شەوە پەناگەکان گشتیان هاوڕێیانیان تێدا نەبوون.

هەر کەڕووی ئاسمان زەرد هەڵگەڕا، کەنیشانەی نزیکبوونەوەی بەرزبوونەوەی دەرکەوتنی خۆربوو، یەکسەر لەبەرزاییەوە گوێم لەئاماژەکە بوو، وەڵامەکەم دایەوە، لەتاریکیدا خەریکبوو دەست لەملی بیدینباچ بکەم کەئەو لەپێشەوە دابەزی، بەڵام هەرزوو کەوتمە باوەشی ئێرنست، لەوساتەدا گۆڕانەکەم ئەوپەڕی تەواوبوو، تەنانەت بۆم دەرکەوت من نەمتوانی، بەتەقەلایەکی ویستەوە نەبێ، کە ئیڤیس ئێڤەر هاردی جارانبم، بەنەریتو زەردە خەنەکانی کۆنمو هەمیسان بەقسەو دەنگو رەنگی پێشووما، بەتەقەلایەکی یەکجار زۆر نەبێ نەمتوانی پێناسی کۆنم بپارێزم. من رێگەم بەخۆ نەدا کەساتێ لەبیرکەم، تا ئەم رادەیەی پابەندبوونی ئۆتۆماتیکییەت ئەو کەسێتییە نوێیەی دروستمکردبوو دواییهات.

هەر کە چوومە ناو کۆختە بچووکەکەوە، یەکسەر لەڕووناکییەکەدا رووی ئێرنستم بینی. جگە لەزەردهەڵگەڕانی لەبەندیخانەدا، چیتر نەگۆڕابوو، یا هەر نەبێ گۆڕانێکی گەورەی پێوەدیارنەبوو. خۆی هەمان ئازیو هاوسەرو قارەمانەکەی جارانمبوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەختێ باریکیو کزی لەڕەنگو روخساریدا بەدیدەکران، بەڵام بێئەوەی ناڕەحەتبێ بەرگەیگرتبوو. واخۆی دەنواند وەك بڵێی شتێ لەپیاوەتیو رەوشتپاکی دەخاتە سەر، سەرکێشیی ئاژاوەچیی ژیانی،

www.pertwk.com

کەهەمیشە روخساری گرتبۆوە, لەوانەبوو نیشانەی ورەبەردانی کەمێك لە رۆژانی پێشووی زیاتر پێوەدیاربێ, بەڵام هێشتا تریسکەی پێکەنین لەچاوەکانیدا مابوو. کێشی بیست کیلۆ دابەزیبوو, بەڵام لەباریکی جەستەیی زۆرباشدابوو, لەماوەی بەندکردنیدا لەسەر مەشقی وەرزشی خۆی بەردەوامبو, ماسوولکەکانی وەك پۆڵایان لێهاتبوو, بەڕاستی لەحاڵەتێکی باشتردابوو لەوەی ئەو رۆژەی چووە بەندیخانە. چەند سەعاتێك بەسەرچوون بەرلەوەی سەربخاتە سەر سەرین, رامدەژاند, تاکو بخەوێ, بەڵام من چاوم نەچووە خەو, بەختەوەری لەئامێزی گرتم, راکردن لەبەندیخانەو سواربوونی ئەسپ بەشی من نەبوون.

کاتێ ئێرنست خەوی لێکەوت, من جلم گۆڕیو قژم بەشێوەیەکی جیا رێکخستو گەڕامەوە سەر خودی ئۆتۆماتیکی نوێم, کەبیدنباچو هاوڕێیانی دی خەبەریانبۆوە بەیارمەتیی ئەوان پیلانێکی بچووکم تەنی, هەمووشتێك ئامادەکرابوو. کەئێرنست دەرگاکەی کردەوەو هاتە ژوورەوە, ئێمە لەژوورە ئەشکەوتییەکەدا بووین کە کردبوومانە چێشتخانەو خواردنگە, لەوساتەدا بیدنباج قسەی لەگەڵدا کردمو گوتی "ماری", ئاوڕم بۆلای دایەوەو ئەو تاسەو ئارەزووەی کەهەر هاوڕێیەك واچاکە دەریبخات کە بۆ یەکەمینجار پێشەوایەك لەپێشەواکانی شۆڕش دەبینێ, تا ئەم رادەیە بەرزو دیارە, ئاوا سەیری ئێرنستم کرد, ئێرنست نەیناسیمەوە, بێ ئۆقرەو ئارامگرتن چاوی بەهەموولایەکی ژوورەکەدا بەدوای مندا گێڕا, لەساتی داهاتوودا خۆم پێناساند, بەو سیفەتەی کەماری هۆڵمزم.

بۆ تەواوکردنی فێڵەکە, لەسەرخوانەکە قاپەچێشتێکی زیاد داندرابوو. کورسییەکی بەتاڵ مایەوە, کەنیگەرانیو بێئارامیی یەکجار زۆری ئێرنستم بەدیکرد دەبوایە لەخۆشییانا هاواربکەم, ئیتر چیتر نەیتوانی زیاتر بەرگەبگرێ.



بەتوندی پرسی:

-"کوا هاوسەرەکەم؟"

وەڵاممدایەوەو گوتم:

-"هێشتا خەوتووە."

ئەوە ساتێکی لەقبوو, بەڵام دەنگم دەنگێکی سەیربوو, تێبینی هیچ شتێکی باوی تێدا بەدی نەکرد, لەسەر نانخواردن بەردەوامبووین, زۆر قسەمکرد, بەگەرموگوڕی, وەك چۆن مریدێك قارەمانییەتی دەپەرستێ قسەمکرد, ئاشکرابوو کەئەو قارەمانمە, بۆ لوتکەی گەرموگوڕی پەرستن بەرزبوومەوە, بەرلەوەی بتوانێ شتێکی بۆ ئاشکرا بێ هەردوو دەستم لەگەردنی ئالاندو ماچێکی هەردوو لێوەکانیم کرد, بەڵام ئەو بەجۆرێ پاڵیپێوەنام, گەزێك لەخۆی دووریخستمەوە, بەشێواویو شڵەژاویو بێزاری چاوی بڕییە دەوروپشتی, هەر چوار پیاوەکە دایانە قاقای پێکەنین لێکدانەوەو شرۆڤەکردنم بۆ هێنایەوە, سەرەتا گومان بە سەریا زاڵبوو, بەوردی سەرنجیدامێ, نیوە قەناعەتی هێنا, پاشان سەری لەقاندو نەیویست بڕوا بکات, بەتەواوەتی لەو باوەڕەدا نەبوو کەمن بەڕاستی هاوسەری ئەوم. دوای ئەوەی بوومەوە بەئێڤیس ئێڤەر هاردی جارانو, هەندێ نهێنیم بەگوێدا چرپاند, کەهەر خۆیو ئێڤیس ئێڤەر هارد دەیانزانی, جا باوەڕیکرد.

ئەو رۆژە زۆر درەنگ لەباوەشی گرتم, شڵەژانێکی گەورەی دەرخستو, هەستو سۆزی ئەو پیاوەی دەربڕی کە دوو ژن, یا زیاتری هەبن, گوتی:

-"تۆ ئێڤیسی ئازیزیو, تۆ هەمیسان ئافرەتێکی تری, بەڵکو دوو ئافرەت, کەواتە ئێوە هەردووکتان "هاوسەری" منن. بەهەرحاڵ ئێستا ئێمە ئاسوودەین.

www.pertwk.com

ئەگەر شوێن بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان دووری خستینەوە, پێویست بەنائارامی ناکات: ئەو مەرجەت بەجێگەیاند کەشیاوی ئەوەبم ببمە هاووڵاتی تورکی"[123].

ژیانم لەپەناگەکەدا زۆر بەختەوەربوو, راستە ئێمە بەکاربردندا بەدرێژایی چەند سەعاتێ خۆمان ماندوو دەکرد, بەڵام پێکەوە کارمانکرد. هەریەکەمان بەدرێژایی هەژدە مانگ لەبەنرخترین مانگەکانی ژیاندا یەکترمان پێبڕا. هەستمان بەتەنیایی نەدەکرد, هەموو دەم ژمارەیەکی زۆر لەپێشەواو هاوڕێیان دەهاتنە لامان– دەنگی سەیرو سەمەرە لەجیهانی نهێنیی پیلانو شۆڕش حەقایەتی خەباتی گەلانو شەڕ لەخەتی ئاگرەوە, کەلێیان سەیرنەبوو پێماندەگەیشتن, ئێمە تەنیا پیلانگێڕی خەمۆك نەبووین. رەنجێکی سەختمانداو, ئێشو ئازارێکی زۆرمان چێژتو, لەڕیزی ئەوانەی سەربەئێمەن کەلەبەرمان پڕکردنەوەو بۆ پێشەوە هەنگاومان هەڵێنا, لەناوکاری سەختو دژواردا, بەگشتیو ململانێ لەگەڵ ژینو مردندا. کاتێکی زۆرمان لەبەردەم خۆدا دی, کە پێبکەنینو دڵداریبکەین. لەبەردەممماندا هونەرمەندو, زاناو, توێژەرو مۆسیقاژەنو شاعیر هەبوون. لەو کونە مشکەی رۆژوو بەناخی زەویدا, رۆشنبیریی بەرزترو بالاتربوو لەوەی لەکۆشكو تەلاری ئۆلیگارکییەکان یا لەخودی شارە موعجیزەکانیاندا هەبوو[124].

پاشان ئێمە ئەو مانگانەمان لەبەینی چوار دیواردا بەسەر نەبردن, زۆرجار سواری وڵاخ دەبووین, پاشئەوەی تاریکی دادەهات, رووماندەکردە چیا, بەمەبەستی وەرزش, سواری وڵاخی ویکسن دەبووین. خۆزیا دەیزانی ئەسپەکانی چەند شۆڕشگێڕیان هەڵگرتووە! بەڵکو گەشتوگوزارمان بۆ چەند شوێنێکی لاتەریك دەکرد کەپێماندەزانینو بەدرێژایی رۆژ تیانا دەماینەوە, بەر لە کازێوە دەچووینو پاش تاریکدا هاتن دەگەڕاینەوە, هەر ئەمەش نا, بەڵکو قەیماغو کەرەی ویکسنمان دروستدەکرد[125], ئێرنست دەستی نەدەپاراست لەتەقەکردن لەقومریو کەروێشکەکانی ویکسن, هەندێ جاریش لە بەرانە کێوییە بچووکەکانیشی.

بەڕاستی تاراوگە (پەناگە)یەکی ئاسوودەبوو, پێشتر گوتم تەنیا جارێك دۆزرایەوە, ئەوە پاڵمدەنێ کەپەردە لەسەر رووی نهێنی ونبووی ویکسنە بچکۆلە لابەرم, بەڵام وا ئێستا مرد, لەتوانامدا هەیە کەقسەبکەم. لەقوڵایی کونە کۆڵیتە گەورەکەدا قوژبنێك هەبوو هەتاوی لێدەهاتە ژوورەوە, قوژبنێکبوو لەسەرەوە گیرابوو, کۆڵێك چەوی ئاوەڕۆی جۆگەمان برد بۆ ئەوێ, تەنانەت ئەو قوژبنە بووە هەوارگەیەکی شیرینی وشكو گەرم, پیاسەمان تێدا دەکرد. لەوێ, رۆژ لەزەردانێك خەو دایگرتم, نیوە سەرە خەوێکم لەسەر دانەیەکی دیوانی ماندینهۆل

---

(123) لەو سەردەمەدا هێشتا لەتورکیادا فرە ژنهێنان باوبوو.

(124) ئەمە لەلای ئێڤێس هارد لەخۆباییبوون نییە, گوڵی هونەرمەندانی جیهانو هزرمەندانیو شۆڕشگێڕەکانی ژمارەیەکی زۆر کەم نەبێ لەمۆسیقا ژەنو گۆرانیبێژانو کەمێکی کەم لەئۆلیگارییەکان, هەموو بلیمەتەکانی ئەم سەدەیە کەناوەکانیانمان پێگەیشتن, خەڵکی شۆڕشگێڕبوون.

(125) تەنانەت لەو ماوەیەی دواییدا قەیماغو کەرە هێشتا بەشێوەیەکی نەزانانە لەشیری مانگا مێش دەردەهێنران, ئەو حەلە ئامادەکردنی خواردەمەنی لەتاقیگەکاندا دەستی پێنەکردبوو.

www.pertwk.com

شکاند[126]. لەوپەڕی حەسانەوەو ئاسوودەییدابووم, تەنانەت هەڵبەستە لیرکییە گڕگرتووەکانی نەیانتوانی بموروورژێنن.

پاشان لەزرمەی خشتێك بەئاگا هاتم کە کەوتە بەرپێم, دوایی لەژووردا گوێم لەدەنگی شتێکبوو دەخشکا, پاش چاوترووکاندنێ گەنجێکی کۆك بەدیوارە داڕووخاوەکەدا شۆڕبۆوەو لەبەرپێمدا وەستا, ئەولاوە فیلیب ویکسن بوو, هەرچەندە من ئەو حەلە نەمناسی, بەساردی سەیریکردمو, فیکەیەکی باریکی واقوڕمانی کێشا.

گوتی:

–"باشە!"

ئینجا دوای ساتێ لەسەر قسەکەی رۆیی و, شەپقەکەی بەدەستیەوەبوو:

–"داوای لێبوردنت لێدەکەم. من چاوەڕوانم نەدەکرد کەس لێرەبێ".

بەڵام من تا ئەو رادەیە ساردوسڕ نەبووم, هێشتا لەوشتەی پەیوەندی بەڕەفتارەوە هەیە لەهەڵوێستی شلۆقدا ساویلکەو نەزانبووم. دوایی کەبوومە سیخوڕێکی نیودەوڵەتی بێگومان لەسەر ئەو گەوجییە نەماوە, هەرچۆنێکبێ, دەستمکرد بەخشکان لەسەر زگ و هاواری مەترسیمکرد.

بەوردی سەرنجی تیژی دامێ و لێیپرسیم:

–"بۆ ئەمەت کرد؟".

ئاشکراو روونبوو, ئەو کەدابەزی. چاوەڕواننەبوو ئێمە لەوێدا ببینێ, ئەوەم بەدڵنیاییەوە دەرکپێکرد.

وەڵامدایەوە:

–"وەك بزانی بە چ مەبەستێك ئەوەمکرد؟"

بەڕاستی لەو سەردەمەدا گەوج و نەزانبووم

بەسەر لەقاندنێکەوە گوتی:

–"نازانم. مەگەر لێرەدا هەندێ برادەرت لەدەوروبەرابن بەهەرحاڵ گومانی تێدا نییە لێکدانەوەیەکت بەدەستەوەیە. بوونت لێرەدا دەستدرێژییەك دەنوێنێ لەسەر موڵکی خەڵکی. ئەم زەوییە هی باوکمە, و...".

بەڵام بیدبیناچی هەمیشە رۆحسووك و رووخۆش, لەو ساتەدا لەپشت ئەوەوە بەدەنگێکی نزم گوتی:

–"لاوۆی سەردەم دەستەکانت بەرز کەرەوە!"

ویکسنی لاو لەپێشەوە دەستەکانی بەرزکردنەوە, ئەوسا رووی وەرگێڕا تا رووبەڕووی بیدینباج ببێتەوە کە لوولەی تفەنگێکی ئۆتۆماتیکی عەیار سی بەسی تێگرد, نیکسۆن لەسەرخۆو بەجەرگبوو, نەشێوا.

–"ئای, هاوار! شانەی کۆمەڵی شۆڕشگێڕان, بەڵکو لەشانەی کۆمەڵە زەردەواڵەی گەورەش دەچن!

باشە, ئێوە زۆر لێرە نامێننەوە. دەتوانم ئەوەتان پێبڵێم. بیدینباچ لەسەرەخۆ گوتی:

–"کێ دەزانێ, لەوانەیە ماوەیەکی باش لێرە بمێنێتەوە تاکو چاو بەم بڕیارەتدا بگێڕیتەوە. لەو ماوەیەدا پێویستە داوات لێبکەم کەلەگەڵ مندا بێیتە ژوورەوە"

---

(126) لەهەموو ئەو نووسین و باوەڕنامانەی کەلەو ماوەیەدا بۆمان مابوونەوە, چەند ئاماژەکردنێکی بەردەواممان چاوپێدەکەوێ بۆ هەڵبەستەکانی ماندینهۆڵ هاوڕێکانی بە (کڵپە – گڕ) ناویاندەبرد, لەگەڵ ئەوەشدا, بێجگە لە دێڕێکی سەیر, لەکەدووتوێی نووسینی خەڵکیدا بەرچاودەکەون, چیترمان بەدەست نەگەیشت "پاژنەی ئاسنین" لەساڵی 1928دا لەسێدارەیدا.

**لاوەکە بەتەواوەتی حەپەساو وتی:**

**-"بۆ ژوورەوە؟ لەوێدا سەردابێ مردووانتان هەیە؟ لەم جۆرە شتانەم بیستوون".**

**بیدینباچ بەدەنگە زولاڵەکەی وەلامیدایەوە:**

**-"وەرە سەیر بکە!"**

**لاوەکە ناڕەزایی خۆی دەربڕیو گوتی:**

**-"بەلام ئەمە ناڕەوایە".**

**شۆڕشگێڕەکە وەلامیدایەوە:**



**-"بەڵێ لەدیدی یاساکەتاندا, بەلام لەیاسای ئێمەدا, بڕوام پێبکە ئەگەر پێت بڵێم تا رادەیەکی زۆر رەوایە. دەبێ لەم راستییە لێڕابێیت, ئەویش ئەوەیە کەتۆ لەجیهانێکی دیکەدای, ئەو جیهانی زۆرداریو جانەوەرییە نییە کەلەمەوبەر تێیدا ژیاوی".**

**ویکسن مینگە مینگێکی لێوەهات:**

**-"زۆری بە بەرەوەیە بۆ وتووێژ."**

**-"کەواتە لامان بمێنەوە بۆ ووتوێژکردن".**

**لاوەکە پێکەنیو بەدوای دیلکەرەکەی کەوت بۆماڵەوە, بەرەوژوورە ئەشکەوتەییەکەی ناوەوە. بردرا, یەکێ لەهاوڕێ لاوەکان کرا بەپاسەوانی, ئێمەش چووینە چێشتخانەکە بۆ لێکۆڵینەوە لەدۆخەکە.**

**بیدینباچ چاوەکانی بووبوون لەئاو, گوتی کەدەبێو ویکسن بکوژرێ, هەناسەیەکی دوورودرێژی هەڵکێشا کەدەنگەکانی ئێمە بەسەر دەنگی ئەو کەوتنەوەو پێشنیازە ترسناکەکەی سەرینەگرت, لەلایەکی دیکەوە, نەماندەتوانی لەلاوەکە گەڕێین بەڕێگەی خۆیدا بڕوات.**

**ئێرنست گوتی:**

**-"پێتاندەڵێم دەبێ چ بکەن, لەناو خۆماندا دەیهێڵینەوەو تێیدەگەیەنین".**

**بیدینباچ هاواریکرد:**

**-"کەواتە من داوا دەکەم کەشەرەفی رۆشنبیر کردنیم لەبواری شەرعو یاسادا پێببەخشرێ."**

**بەمجۆرە بەپێکەنینەوە گەیشتینە بڕیارێك, ئێمە فیلیپو ویسکن بەدیلی لای خۆمان دەهێڵینەوەو, بەپێی چەمکی خۆمان زانستی رەوشتو زانستی کۆمەلایەنی رەگەیەنین. بەلام دەبێ لەو ماوەیەدا کارێك هەیە بیکەین, دەبێ هەر شوێنەوارێك لەشوێنەوارەکانی ئۆلیگارکیی ئەولاوە بسڕینەوە. ئەو جێپەنجانە هەبوون کەکاتێ بەدیوارە داڕووخاوەکەدا هاتەخوارێ, بەجێهێشتبوون. ئەو ئەرکەمان بە بیدینباچ سپارد. ئەوەندەی رۆژ بەبەرەوە مابوو, رەنجو تەقەلای دا لەژوورا بەپەتێ خۆی شۆڕکردەوە هەتا بەدەستڕەنگینییەکی تەواو دوا شوێنەواری سڕییەوە, لەزارکی کونەکەوە, گەڕانەوە بۆ لوتکەی دۆڵەکە هەمیسان شوێنەوارەکان گشتیان سڕرانەوە, ئینجا چۆن کارلسن لەگەڵ تاریکی شەودا هاتو داوای لێکرد پێلاوەکانی بداتێ.**

**لاوەکە نەیویست دەسبەرداری پێلاوەکانیبێ, بەڵکو گەیشتە ئەو رادەیەی بڵێ ئامادەی لەپێناو بەدەستەوەدانیان شەڕ بکات, هەتا هەستی بەهێزی ناڵی ولاخان کرد لەناودەستی ئێرنستدا, دوای ئەوە کارڵسن لەڕاپۆرتێکدا نووسی کەلاوەکە نەیویست دەسبەرداری پێلاوەکانیبێ, بەڵکو گەیشتە ئەو رادەیەی بڵێ ئامادەیە لەپێناو بەدەستەوە نەدانیان شەڕ بکات, هەتا هەستی بەهێزی ناڵی ولاخیان کرد لەناودەستی ئێرنستدا, دوای ئەوە کارڵسن لەڕاپۆرتێکدا نووسی کە بچووکیی ئەو پێلاوە زۆر برینی تێکردبوو و پێستێکی زۆری پێی بردبوو, بەلام توانی**

www.pertwk.com

کارێکی مەردانەی پێبکات, هەر لەزارکی کونەکەوە کەشوێنەواری سڕاوەی پێی لاوەکە دابڕا, کارڵسن پێڵاوەکەی لەپێکردو بەلای چەپدا ڕۆی, لە دەورەی بان‌و ژوور لوتکەو, بەناو دۆڵدا بەدەیان میل ڕێگەی بڕی, لەدواییدا شوێنەواری ڕۆیشتنی خۆی سڕییەوە, بەوەی کەچووەناو ئاوی جۆگەیەکی بەخوڕ, پێڵاوەکانی داکەندن, لەسەر جێنەهێشتنی هیچ شوێنەوارێك بەردەوامبوو, بەڕۆیشتنی مەودایەکی زیاترو پاشان دواجار پێڵاوەکانی لەپێکردنەوە, دوای دوو هەفتە ویکسن پێڵاوەکانی گەڕاندنەوە.

ئەو شەوە سەگە پۆلیسییەکان بەرەڵڵاکران, دانیشتووانی تاراوگەکە نەیانتوانی بخەون, بۆ ڕۆژی دووەم سەگە وەڕیوەکان چەند جارێك دابەزینە دۆڵەکە, بەرەولای دەستەڕاست تەکانیاند, ژوور ئەو شوێنەوارەی کە کارڵسن بۆی کێشابوون. بەناو دۆڵە نیشتووە دوورەکانی دامێنی چیادا سەری خۆیان هەڵگرت, بەدرێژایی ئەو ماوەیە پیاوەکانمان چاوەڕوانییاندەکردو چەکەکانیان – دەمانچەو تفەنگی ئۆتۆماتیکی– بەدەستیانەوەبوون. ئیتر پێویست بەوە ناکات شتێك دەربارەی نیو دەرزەن چەکی کوشتنی دۆزەخی بڵێین کەبیدینباچ بەدەستی خۆی دروستیکردبوون. پیاو ناتوانێ ڕەوشێك بێنێتە بەرچاو سەرسوڕهێنەرتربێ, کێ ئەوکاتە تەقەلای ڕزگارکردنی ویکسنی دەدا لەو ڕەوشەی وەسفم کرد, ئەمە لەکاتێکا ئەگەر بکەوتنایەسەر ڕێگەی هات‌و نەهات‌و دابەزینایە ناو حەشارگەکەمان. بەمە دەبمە گیرۆدەی چیرۆکی ڕاستەقینەی دیارنەمانی فیلیب ویکسن دەگێڕمەوە, ئۆلیگارکیی جاران‌و پاشان هاوڕێمان لەشۆڕشدا. چونکە ئێمە لەئەنجامدا خستمانەسەر ڕێبازی خۆمان, عەقڵی تەڕو پاراوبوو, بەسروشتی خۆی ئەوپەڕی ئاکاریبوو. پاش چەند مانگێك سواری ئەسپێکی باوکیمان کرد, بەسەر چیای (سۆنۆما)وە بۆ (بێتا لۆما کریك)مان برد, سواری بەلەمێکی ماتۆڕی بچووکی ڕاومانکرد, وردە وردە بەتەنیشت هێڵی نهێنیی ئاسنینماندا بەدزییەوە گەیاندمانە تاراوگەیەکی خۆمان.

لەوێدا هەشت مانگ مایەوە, کەتەواوبوو, لەبەر دوو هۆ نەمویست جیمانبێڵێ, یەکەمیان ئەوەبوو کە کەوتبووە داوی خۆشەویستیی ئانا ڕۆیڵستن, دووەمیان, چونکە بووبووە یەکێك لەئێمە, بەئارەزووی ئێمەی نەکرد تا بگەڕێتەوە لای باوکی, ئەوکاتە نەبێ کە لەخۆشەویستیی ڕۆیڵستن‌و بەدەستهێنانی دڵی نائومێدبوو, ڕاستە ئەو بەشێوەیەکی ڕووکەش هەتاکو مرد لەسەر ئۆلیگارکییەتی خۆی مایەوە, بەڵام لەڕاستیدا, یەکێکبوو لەبەهێزترین بەکرێگیراوەکانمان‌و بەنرخترین‌و پایەدارترینیان "پاژنەی ئاسنین" زۆر جار بەسەرنەکەوتنی نەخشەو پلان‌و کردارەکانی دژمان دەحەپەسا. بەڵام خۆ ئەگەر بیزانیایە کەزۆر لەئەندامەکانی نۆکەری ئێمەن. ئەوسا واقیعی ڕەوشەکەی دەزانی ئەو حەپەسانەی نەدەما. رویکسن دڵسۆزی مەسەلەکەبوو, لایەنگیریی تەواوی پێبەخشی. بەڕاستی بەرخودانی لەپێناو جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا بەرەو مەرگی ڕاپێچکرد. لەگەردەلوولە مەزنەکەی ساڵی 1927دا, کاتێ لەیەکێ لەکۆبوونەوەکانی پێشەواکانماندا بوو, تووشی نەخۆشی وەرەم (ئیسقا) بوو سەرینایەوە[127].

(127) ئەو لاوە قۆزە لەم لایەنەوە هەر تەنیا بەرهەمی خودی خۆی نەبوو, لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەلاوە ئۆلیگارکییەکان دڵسۆزی دۆزە مەزنەکەبوون –بەهۆی هەستی ڕەفتاری ڕاست‌و دروست, یا بەهۆی ئەوەوە کەنگینی شۆڕش کاری لەمێشکیان کردبوو, قوربانیان بەژیانیاندا, کەهاندەری ئاکاری, یا ڕۆمانسی لەپێناویا باڵندەکان, بەهەمان شێوە یەکەم‌و هەڵکشاوو درێژ بۆوەی ئەو شۆڕشەی لەو وڵاتەدا هەڵگیرسا, بینی.

www.pertwk.com

www.pertwk.com

# بیستو یەکەم بەش

## نەڕەی جانەوەری دۆزەخ

www.pertwk.com

## نەڕەی جانەوەری دۆزەخ

لەمانەوەی دوورو درێژمان لەتاراوگەکەدا, پەیوەندیی توندوتۆڵی خۆمان بەجیهانی دەرەوە هێشتەوە, بەتەواوەتی هەستمان بەهێزی ئۆلیگارکییەت دەکرد کەلەدژی دەجەنگاین, دەزگا تازەکان پاش گۆڕانکارییەکانی قۆناغی بەردەوامی گواستنەوە, بەشێوەیەکی روونتر دامەزران و رواڵەتی بەردەوامبوون خاسییەتەکانیان بەخۆوەگرت. ئۆلیگارکییەکان لەدەرکردنی مەکینەیەکی میریی یەکجار ئاڵۆز, یەکجار زلدا سەرکەوتن. ئەو مەکینەیە وێڕای هەموو رەنج و تەقەلامان بۆ تەگەرە تێخستن و کۆسپخستنە پێشی سەرکەوت. ئەمە بەلای زۆر لە شۆڕشگێڕانەوە شتێکی لەناکاو بوو, چونکە ئەوان وای بۆ دەچوون کە کارێکە ناچێتەسەر, لەگەڵ ئەوەشدا کار لەوڵاتدا بەردەوامبوو. پیاوەکان لەکانگەو کێڵگەکاندا رەنجیاندا– هەرچەندە لەکۆیلەو بەندە زیاتر نەبوون. بەڵام لەپیشەسازی سەرەکیدا گەشانەوە. هەموو بوارێکی گرتەوە. ئەندامانی بەرەبابە داخراوە گەورەکانی کرێکاران رەزامەندبوون, بەڕووخۆشی و دڵشادی کاریان دەکرد. بۆیەکەمجار لەژیانیاندا بەئاسوودەیی پیشەسازییان زانی. مانگرتن و داخستنی کارگەو ماوەی بێبازاڕی و کارتی سەندیکا چیتر خەویان لەچاو نەدەزڕاندن, لەخانووی پڕشادی بوون ئەگەر لەگەڵ ئەو گەڕەکە پیس و پۆخڵانە بەراورد بکرێن کەپێشتر تیایاندا دەژیان. خواردنی باشتر, سەعاتی کەمتر کارکردن, رۆژانی پشوودانی زیاتر, چەردەیەك لەرابواردن, شادیی پترو هەمەڕەنگتریان هەبوون. هەر هیچ گوێیان نەدەدا بەبراو خوشکانی لەخۆیان کەمتر, بەکرێکارانی بێبەش و رۆڵەکانی دۆزەخی بەزۆر راپێچکراو وەك کۆیلە بۆ کاری زەحمەت.



سەدەی خۆپەرستی لەسەر توخمی مرۆیی هەڵدەهات, لەگەڵ ئەوەشدا لەسەدا سەد راستنەبوو, چونکە نۆکەرەکانمان زۆرچاك چوونە ناو بەرەبابی کرێکاران, ئەو نۆکەرانە ئەو پیاوانەبوون کەلەپشت پێویستیی زگەوە چاویان بەوێنەی ئازادیی و برایەتی کەوت و گەشایەوە.



چڵکاو خۆرەکان نوێنەری دەزگایەکی گەورەی تربوون کەشێوەیەکی دروستی لەخۆگرتبوو, بەرەوانی دەستی بەکارکردن کردبوو. ئەم هێزە بەرەبەرە, لەسوپای نیزامیی کۆندا دامەزرا, وا ئێستا گەیشتە یەك ملیۆن پیاو, ئەمە ئەگەر شتێ لەبارەی هێزی ئیمپریالیزمەوە باسنەکەین, ئەو چڵکاو خۆرانە رەگێکی سەربەخۆیان پێکدەهێنا. لەشاری تایبەت بەخۆیان نیشتەجێبوون, ئۆتۆنۆمییان هەبوو یاخود هەبێ. جیاوکی زۆریان سپێدرا, لەڕاستیدا ئەوان یاریدەی بەکاربردنی بەشێکی زۆر لەزێدەی شێوێنەریان دا.

وایان لێهات هەرچی پەیوەندیی و بەشداریی ویژدانییان هەیە لەگەڵ رۆڵەکانی تری گەلدا نەمێنێ, بەڕاستی دەستیانکرد بەدامەزراندنی رەوشتکاریی چینایەتیی تایبەتی و ویژدانی چینایەتیی تایبەتییان, لەگەڵ ئەوەشدا بەهەزاران هەزاران بەکرێگیراوی ئێمە چوونە ناو ریزەکانیانەوە(128).

ئۆلیگارکییەکان –وەك پێویستە دانی پێدابنێین, قۆناغێکی پێشکەوتنی نایاب و چاوەڕواننەکراویان دەبڕی, بەو سیفەتەی کەچینن, تا ئەوپەڕی وردی, خۆیان رێکوپێکخست. هەریەکەیان کارێکی پێسپێردراو بەشێوەیەکی تەوزیمی دەیکرد. لەم رۆژەوە, لاوی دەوڵەمەندی بێکار نەبوو. هێزەکەیان بۆ ئەوەی هێزێکی یەکگرتوو بە ئۆلیگارییەت ببەخشێ گردکرایەوە. وەك سەرکردەی هێزە

---

(128) لەدوا رۆژەکانی سەردەمی "پاژنەی ئاسنین"دا چڵکاو خۆرەکان رۆڵێکی گرنگیان گێڕا. لەو ململانێیەی لەنێوان بەرەبابە داخراوەکانی کرێکاران و نێوان ئۆلیگارکییەتدا بەرپابوو, لەنگەری تەرازووی هێزەکانیان راگرت, بەهێزی خۆیان جارێك پاڵپشتی ئەم دەستەو تاقمەیان دەکردو, جارێکی دی ئەو دەستەو تاقمە, بەپێی پێداویستەکانی بارودۆخ و پێداویستەکانی بارودۆخ و پێداویستەکانی فرتوفێڵ و پیلان.

www.pertwk.com

چەکدارەکانو وەك پێشەواکانی پیشەسازی خزمەتیانکرد, هەر ئەمەش بەتەنیا نا, بەڵکو ئەوان لەزانستی پراکتیکدا دیتیان گۆڕەپانەکە لەردەمیاندا فراوانە. زۆریان بوونە ئەندازیاری گەورە, چوونە ناو هۆبەی میریی فرەلایەنو, لەمۆنۆپۆلەکانی دەوڵەتدا خزمەتیاندەکرد, بەدەیان هەزار چوونە ناو دامودەزگاکانی پرسگەی نهێنی بەهەموو جۆرەکانیانەوە, دەتوانم وادابنێم مەشقیانپێکرا کەئەرکی کارکردن لەبواری پەروەردە, هونەر, کڵێسا, زانستو, ئەدەب گشتیان راپەڕینن. لەو بوارانەدا ئەرکێکی ترسناکیان پیادەکرد, کەئەرکی ئاراستەکردنی پرۆسەی ئەقڵی نەتەوەبوو بەڕێبازێك کە ئۆلیگارکییەت بەهێز دەکاتو رەگی لەزەویدا دادەکوتێ.

ئینجا ئەوان بەدەوری خۆیان گەڕانەوەو زانییان ئەوەی کەدەیکەن راستە. هەر لەوساتەوە دەستیانپێکرد, بیرۆکەی ئۆرۆستۆکراتییان نواند, هێشتا منداڵبوون, باری سەرنجیان لەبابەت جیهانەوە وەردەگرت. بیرۆکەی ئۆرۆستۆکراتی تێکەڵ بە تەونی ئۆرگانییان بوو, تەنانەت بووە پارچەیەك لەگۆشتو ئێسقانیان. بەڵکو وەك راهێنەری جانەوەری دڕندە, وەك کاربەدەستی شێری تێکۆشین, سەیری خۆیان کرد, هەمیشە لەژێر پێیاندا گرموهوڕی شۆڕشی نهێنی دەردەچوو, مردنی توندوتیژ هەردەم بەڕووخۆشی لەناویاندا دەڕۆیی, بەچاوی سەیرکردنی چەندین ددانی جانەوەری بەگرمەی دۆزەخ سەیری بۆمباو چەقۆو گوللەیان دەکرد, کەپێویستبوو لەسەریان بیخەنە ژێر رکێفی خۆیان ئەگەر بۆ مرۆڤایەتی هەبێ بمێنێو بەردەوامبێ. رزگارکەری مرۆڤایەتی بوون. خۆیان وا لەقەڵەمدەدا کەپڕ بەکراسەکەیان پاڵەوانییەتیو خۆ بەختکردن لەپێناو باڵاترین خێرو چاکەدا کاردەکەن.

بڕوایان وابوو, بەو سیفەتەی کە چینێکن, هەر خۆیان پاڵپشتی ژیارین, لەو باوەڕەدا بوون کە ئەگەر بێتو بێهێزو بێدەسەڵاتبن ئەوا جانەوەری گەورە قوتیاندەداتو هەرچی جوانو بەرزو شادو خێرو بێرە هەڵیلوشێو, تورپیاندانە ناو ورگە ئەشکەوتە چڵماوییەکەی. ئەگەر ئەوان نەبن ئاژاوە بڵاودەبێتەوەو مرۆڤایەتی بەرەو ئەو شەوە سەرەتاییە دەگەڕێتەوە کەزۆر زەحمەت نەبێ لێی



دەرباز نەدەبوون. وێنەی ئاژاوەی ترسناك هەمیشە دەخرایە بەرچاوی منداڵەکانیان. تەنانەت ئەوانیش بەدەوری خۆیان, پاش ئەوەی ئەو ترسەی لەگەڵیا گەورە بووبوون بەسەریاندا سەپا, وێنەی ئاژاوەیان دەخستە بەرچاوی ئەو منداڵانە کەپاش ئەوان لەدایکبووبوون. ئەوەبوو ئەو جانەوەرەی کەدەبوایە خەڵك بیخەنە ژێر پێو ئەم ژێرپێ خستنەشی بەرزترین ئەرکی ئۆرۆستۆکراتی بوو, بەکورتی ئەوان هەر خۆیان, بەڕەنجو قوربانی بێوچانیان ببوونە بەربەستێکی بەتین لەنێوان مرۆڤایەتی بێدەسەڵاتو جانەوەری بەتواناداو, کەهەرچی هەیە هەڵیلووشێ. بڕوایان بەوەهەبوو, بڕوایەکی پتەویشیان پێ هەبوو.

پێویست بەزێدە ڕەوی ناکا بۆ دووپاتکردنەوەی ئەم ڕەوشتکاریە بەرزەی لەهەموو چینی ئۆلگارکییەتدا دەرکەوت, ئەم ڕەوشتکاریە نهێنیی هێزی "پاژنەی ئاسنین" بوو. ئەو هاوڕێیانی کەدرەنگ لەم رووداوە گەیشتن, یاخود نەیانویست تێیبگەن, چەند زۆربوون؟! زۆر لەوان هێزی "پاژنەی ئاسنین"یان بۆ سیستمی پاداشتو سزا دەگەڕاندەوە کەپشتی پێدەبەست. ئەمەش هەڵەیەو رەنگە بەهەشتو دۆزەخ هۆی گەرموگوڕی سەرەکیی بن لەهەستو نەستی ئایینیدا لای دەمارگیرێك, بەڵام لەکن زۆربەی زۆری دینداران سەبارەت بەحەقو ناحەقەوە دونیایین, حەقپەرستیو حەز لەحەقکردنو خەمباریو سکاڵاکردن لەهەرچییەکی کە حەق نییە, بەکورتی, ڕەفتاری راست هۆی سەرەکییە لەئایینداو, هەمان شتیش سەبارەت بەئۆلیگارکییەکانەوە راستە. بەندیخانەو دوورخستنەوەو لەپایەخستنو جۆری ڕیزلێنانو پایەبڵند کردنو کۆشكو تەلارو شاری سەرسوڕهێنەر, گشتیان شتی رووکەشن ئەو هێزە مەزنەی کەهانی ئۆلگارکییەکان دەدات, باوەڕیان وایە ئەوەی دەیکەن راستە, با نا ئاساییە جیاوازەکان بەلاوە بنێینو, گوێ بەو چەوسانەوەو زۆرداریە نەدەین کە "پاژنەی ئاسنین" فرچکی پێوە گوورابوو. من

www.pertwk.com

لەگەڵ ئەوەدام، بەڵام خاڵی سەرەکی ئەوەیە، کەهێزی ئۆلیگارکییەت ئەمڕۆ لەوەدایە کەقەناعەتی بەڕاستیو دروستی هەڵوێستەکەی خۆی هەیە(129).

لەماوەی ئەوبیست ساڵە ترسناکەدا، هەمیسان هێزی شۆڕش، لەبڕوابوونی بەڕاستزانینیو عەودالەتیدابوو. ئەگینا چۆن دەتوانین قوربانیدانو خوێنی شەهیدانمان لێکبدەینەوە؟ بەڵام ئەمە تاکە هۆبوو کەرۆدلف میندلهۆل لەپێناویدا گیانی خۆی لەڕێگەی دۆزەکەدا داگیرساندو دواگۆڕانییە سەرگەردانییەکەی لەو شەوەدا چری کەتێیدا کوژرا. ئەوەبوو ئەو هۆیەی کەلەپێناویدا هۆلبێرت لەژێر قامچی ئەشکەنجەداندا مردو هەتا دواهەناسەی نەیویست ناپاکی لەهاوڕێکانی بکات. ئەمەبوو بەتەنیا کەوای لەئانا ویڵسن کرد کەدایکایەتیی پیرۆز رەتبکاتەوە، ئەوبوو داوای لەجۆن کارڵسن کرد ببێتە پاسەوانی خۆبەخشو دەستپاکی پەناگەی "گلین ئالین" جا ئەگەر هاوڕێیانی شۆڕش گەورەبن، یان بچووك، پیاوبن یان ژن، پایە بەرزبن، یان نزم، بلیمەتبن، یان گەوج. تۆ دەبینی کەهێزی بەگەڕهێنانیان حەزکردنێکی بەتەوژمی بەردەوامە بۆ هەق.

بەڵام من لەچیرۆکەکەم دوورکەوتمەوە، منو ئێرنست زۆرچاك تێگەیشتبووین، بەرلەوەی لەتاراوگەدا دەرچین. چۆن هێزی "پاژنەی ئاسنین" لەگەڵ رۆژانی ژیاندا دروستدەبوو. بەرەبابی داخراوی کارگەرانو چڵکاوخۆرو سوپای نۆکەرە

---

(129) لەناکۆکیو دوورکەوتنەوەی رەوشتکاریی سەرمایەداریدا، ئۆلیگارییەکان ئاکارێکی نوێیان داهێنا، ئاکارێکی توندوتۆڵی ئاشکراو روون، تیژو رەقی وەك پۆڵا، ئاکارییەك کەهیچ چینێکی ستەمکارو، لەهیچ رۆژێکا لەوە پڕوپووچترو دوور لەزانستی نەبووەو، لەهەمان کاتدا لێی کاریگەرترو بەهێزتر نەبووە، ئۆلیگارکییەکان باوەڕیان بەرەوشتکاری خۆیان هەبوو، هەرچەندە کەبایلۆژیاو پێشکەوتن Evolation هەردووکیان درۆو ساختەی خۆیان دەردەخست. بەهۆی ئەم بڕوایەیان، بەدرێژایی سێ سەدە، توانیان درێژبوونەوەی مەزنی مرۆیی بەربەست بکەن، ئەویش دیمەنێکی ترسناکە رەوشتکاری میتافیزیکی دەتاسێنێو، زۆر گومانو پێداچوونەوە بەکاروبارەکان دەخاتە دەروونی ماتریالیست.

نهێنییەکانو پیاوانی پۆلیس بەجیاوازیی جۆرەکانیانەوە، هەموویان بەڵێنیان دابوو کە بەدڵسۆزی خزمەتی ئۆلیگارکییەت بکەن. ئەگەر گوێنەدەینە لەدەستدانی سەربەستییان، تێکڕا حاڵیان لەپێشتر باشتربوو، بەڵام زۆربەی خەڵکی کلۆڵ، کوڕانی دۆزەخ، لەبەرقێکی دڕندانەوە دەکەوتنە ناو کلۆڵیو ئەشکەنجە هەرچەند جارێ هەندێ پرۆلیتاریای سەرگەرم کە بەڵگەیەکی پتەویان هێنایەوە کەتاوانبار ناکرێن لەسەر یەکجار هێزو کارتێکردنییان لە جەماوەر، ئۆلیگارکییەکان لەناوجەرگەی جەماوەردا رایاندەپچڕاندنو، خۆشیو بەختەوەرییان بەسەردا دەباراندن، یان دەیانخستنە ریزی بەربایی داخراوی کارگەران، یا سوپای چڵکاوخۆران. بەم شێوەیە رژێم کاری بۆ هێورکردنەوەو خۆشکردنی شتەکان کردو پێشەوا سروشتییەکانی لەدەست پرۆلیتاریا دەرهێنان.

بارودۆخی کوڕانی دۆزەخ مایەی بەزەییپیاهاتنەوەبوو، ئەوەندەی کارەکە پەیوەندیی بەوانەوە هەبێ، خوێندنی سەرەتایی دواییهات. وەك گیانلەبەر لەگەڕەکی پیسو پڵۆخی کرێکاراندا دەژیان. کەوتبوونە ناو زوخاوی کلۆڵیو رسوایی. هەموو ئازادییەکانی جارانیان لەدەستچوون. بوونە کۆیلەو بەندەی کار، لەمافی هەڵبژاردنی کار بێبەشکران. لەبەرئەوە لەمافی چەکهەڵگرتن، یا رێگەپێدانی، لەمافی هاتوچۆکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بێبەشکران. ئەوان وەك جووتیاران بەندەی زەویوزار نەبوون.

ئەوان بەندەی مەکینەو بەندەی کاربوون، تەنانەت دەستکورتی، بەشێوەیکی نائاسایی گەیشتە سەرشەقکردنی رێگەی گەورە، دامەزراندنی هێڵی ئاسمانی، هەڵکەندنی نۆکەندو تونێل، رێگەی ژێر عەردو دامەزراندنی شوێنی خۆقایمکردن، ئەوسا کاربەدەستان پەنایاندەبردە بەردەستبەسەرداگرتنییانو بۆ سەرشانۆی پرۆسەکانو دەیانگوێزانەوە. ئێستا کۆمەڵێکی زۆر لەوان لە دروستکردنی شاری ئاردیسدا زەحمەتدەکێشن، خراونەتە ئۆردوگای هیچوپووچەوە، کە هیچ بواری ژیانی خێزانییان تێدانییەو جانەوەرییەکی رووتورەجاڵ جێگەی ئابڕوومەندیی گرتەوە. لەوێدا لەگەڕەکی پیسو پۆخەڵەکانی کرێکاران جانەوەری بەگرمەگرم، جانەوەری دۆزەخ، کە ئۆلیگارکییەکان لێیدەترسنو لەترسی ناوهێنانی هەموو

www.pertwk.com

لەشیان دەکەوێتە لەرزین خۆی دانووساندووە- بەڵام ئەوان خۆیان دروستکەری ئەو جانەوەرەبوون, ئەوان ناهێڵن ئەو مەیموون‌و پڵنگانەی لە پێستی ئەو جانەوەرەدان بمرن.

لەم ساتەدا لەناو خەڵکدا بڵاوبۆوە کە میری بۆ دامەزراندنی ئازگارد, شاری موعجیزە کە نیازی دروستکردنی هەبوو, سەرلەنوێ پەنایبردۆتە بەر دەستبەسەرداگرتنی کرێکاران[130].

بۆئەوەی کە تەواوبوو لەشاری ئاردیس باڵاتربێ. یەکجار بالاتر بێ. ئێمەی لاوانی شۆڕش نێرومێمان لەسەر ئەم کارە مەزە بەردەوامدەبین, بەڵام بەدەستی بەندەی کلۆڵ تەواونابێ,. شوورەو تاوەرو کۆڵکەکانی ئەو شارە خنجیلانەیە لەسەر ئاوازەکانی گۆرانی بەرزدەکرێنەوەو لەگەڵ رایەڵەکانی جوانی‌و نازدارییەکەی, نەك هەنسك‌و گریەوناڵە دەهۆننەوە, بەڵکو مۆسیقاو پێکەنین.

ئێرنست بێئارام چاوەڕوانی دەرچوونبوو بۆ جیهانی ئازاد, خۆئامادەکردن بۆ شۆڕشە بەشوومەکەی یەکەممان, شۆڕشەکەمان کە لە "کۆمۆنەی چیکاگۆ"دا لەباربرا, بە خێراییەکی یەکجار زۆر پێدەگەیشت, لەگەڵ ئەوەشدا ئارامیگرت, لەماوەی ئەو تاسەو چاوەڕوانییە گەرموگوڕەدا کە بۆ ئەم مەبەستە لە ئیلینۆیزەوە هاتبوو, دروستکردنێکی تر دروستیکردەوە[131], چەند نەخشەیەك بۆ رێکخستنی

(130) ئاردیس ساڵی 1942دامەزرا, بەڵام ئازگارد ساڵی 1984 تەواوکرا. دروستکردنەکەی پەنجاو دووساڵی خایاند, سوپایەکی بەردەوامی نیوملیۆن بەندەی تیادا بەکارهێنرا. ئەم ژمارەیە جاروبار قەبەتر دەبوو, خۆی لە کلیۆنێك دەدا. بێجگە لەسەدان هەزار کەس لە ئەندامانی بەرەبابە داخراوەکانی کرێکاران‌و هونەرمەندان.

(131) لەناو پیاوانی شۆڕشدا نەشتەرگەر زۆربوون, دەستڕەنگینییەکی سەیران لە تویکاریکردندا هەبوو. ئێڤیس هارد بەکورتی دووپاتیکردەوە کە لەتوانایاندا هەیە بە واتای راستی, نەك پەنهانی, مرۆڤ جارێکی دیکە دروستبکەنەوەو بیکەنە ئادەمیزادێکی نوێ, لابردنی جێبرین‌و جۆرەکانی شێواندن ساناترین شتبوو لایان.

رۆشنبیران لەناوپرۆلیتاریادا بەمێشکیدا هاتن, بەلایەنی کەمەوە لەدەستنەدانی بەکتریای رۆشنبیری لای کوڕانی دۆزەخ- هەڵبەتە, ئەوە هەمووی بۆکات‌و هەلومەرجی سەرنەکەوتنی شۆڕشی یەکەمە بوو.

نەمانتوانی لەتاراوگەکەدا دەرچین تا لەمانگی کانوونی دووەمی ساڵی 1917دا هەموو شتێك رێکخرابوو, هەریەکسەر وەك دوو نۆکەری هاندەر Ajents Provocateurs لەچوارچێوەی نەخشەو پیلانەکانی پاژنەی ئاسنیندا شوێنی خۆمان گرت‌وکاردەکەین. پێویستبوو کە من ببمە خوشکی ئێرنست, ئۆلیگارکییەکان‌و ئەو هاوڕێیانەی چووبوونە ناویانەوە دەسەڵات‌و کاری گەورەیان بەدەستبوو, یاریدەیاندااین, دەڵێم ئەوان یارمەتییانداین کە خانوویێکمان دەستکەوێت تیادا بحەوێینەوە, هەموو بەڵگەنامەیەکیان پێشکەشکردین‌و, رابوردوومان لێکدرایەوەو پاساوی بۆ هێنرایەوە.

ئەمە لای ئەو کەسەی لەناوپاژنەی ئاسنینەوە یارمەتیدەدری ئازیزنەبوو, چونکە پێناس لەو جیهانە تارماییەی دەزگاکانی هەواڵگەریدا شتێکی تەماویبوو.

بایەخدانێکی میکرۆسکۆبییانە رەنگو روخساری دەموچاویان گۆڕی, تا رادەیێ توانییان جێشوێنی کارەکەیان بەتەواوی بشارنەوە. لووت ئەو ئەندامەبوو کە بەلایانەوە باشتر بوو هونەرەکەیانی لەسەرپراکتیزە بکەن, موتوربەکردنی jraftinj پێست‌و قژ چاندن Hair-transplantinj هەندێ لەهۆیە زۆربڵاوەکانیان بوون هەر بەتەنیا ئەمەش نا, بەڵکو ئەوگۆرانکارییەی توانیان لەرەنگ‌و روخسارو دەموچاودا بیکەن, لەئەفسوونی جادوکەرانی دەکرد, چاووبرۆ, لێو, دەم‌و گوێ بەتەواوەتی هەموارکران, لەرێگەی نەشتەرگەریی کارامەی زمان, قوڕگ‌و لووت, لەتوانادا هەبوو دەنگی پیاو, شیوەی دوانی هەموویان بگۆڕدرێن, رۆژانی سەخت‌و دژواری نائومێدی ناچاریکردن چەند جۆرێکی نائومێد چارەسەربکەن. نەشتەرگەرانی شۆڕش گەیشتنە ئاستی پێویستی‌و مەیدانخوازی, سەرەڕای هەموو ئەمەش دەیانتوانی بالای مرۆڤی بالْق چوار پێنج گرێ درێژبکەنەوە, یاخود یەك دووگرێ کورتیبکەنەوە. ئەوەی کە توانیان نەشتەرگەرییبکەن ئەمڕۆ هونەرێکی نادیارە, ئێمە پێویستیمان پێی نییە.

www.pertwk.com

وەك تارمایی نۆكەران دەهاتن‌و دەچوون. فەرمانیان رادەپەڕاند, ئەركییان بەجێدەهێنا, عەودالّی بەڵگەو كلیلی نهێنی بوون, زۆرجار راپۆرتەكانیان پێشكەشدەكردن بەوسەرۆكانەی كە قەت نەیاندیبوون, یاخود هاوكارییان لەگەڵ نۆكەرانی تردا كە پێشتر چاویان پێیان نەكەوتبوون‌و هەتا هەتا چاویان پێیان ناكەونەوە.

www.pertwk.com

# بیستو دووەم بەش

# کۆمۆنەی چیکاگۆ

www.pertwk.com

# کۆمۆنەی چیکاگۆ

بەوسیفەتەی کە دوو نۆکەری هاندەرین, نەك بەسانایی نەماندەتوانی گەشتوگوزار بکەین‌و چیتر, بەڵکو دیسانەوە بەپێی کارەکەمان, دەمانتوانی پەیوەندیی بەپڕۆلیتاریاو هاوڕێ شۆڕشگێڕەکانمانەوە بکەین. بەم شێوەیە لەیەك کاتدا ئێمە لەناو دوو سەربازگەدا بووین, بەرواڵەت خزمەتی پاژنەی ئاسنین دەکەین‌و, لەژێرەوەش بەهەموو هێزێکمانەوە لەپێناو دۆزەکەدا کاردەکەین. زۆر لەئێمە بەدزی گەیشتینە دامودەزگای نهێنی ئۆلیگارکییەتی جیاجیا. هەرچەندەش جۆرە لەبێژینگدان‌و ڕێکخستنەوە هەبوو, کەو ئەو دەزگا نهێنییانە کەوتبوونە ژێر ڕکێفییان, بەڵام نەیانتوانی هەموومانییان لێدووربخەنەوە.

ئێرنست نزیکبوو نەخشەکێشانی شۆڕشی یەکەم تەواوبکات, یەکێك لەرۆژە زووەکانی بەهاری ساڵی 1918ی بۆ دانابوو, لەپاییزی ساڵی 1917دا ئامادەنەبووین جاڕی شۆڕش بدەین, زۆرشت مابوون. دەبوایە ئێمە بیانکەین, کە بەرلەکاتی خۆی هەڵگیرسا هەر دەبوایە سەرنەکەوێ. هەڵبەت نەخشەکە تارادەیەکی ترسناك ئاڵۆزبوو, بێگومان هەرشتێکی بێبایەخ دەیتوانی پووچەڵیبکاتەوە. ئەوەشبوو کە پاژنەی ئاسنین دەرکی پێکردبوو. نەخشەکانی بەوپێیە دانان.

نیازمان وابوو کە زەبری یەکەممان لەکۆئەندامی دەماری ئۆلیگارکییەت بدەین. چونکە ئۆلیگارکییەت مانگرتنی گشتی هاتەوەبیر. لەوەئاگاداربوو کە کرێکارانی تەلگراف ئێستگەی بێتەل دابنێن‌و چڵکاوخۆران سەرپەرشتییانبکەن. ئێمەش لەلای خۆمانەوە, جوڵانەوەیەکی پێچەوانەمان کرد. کۆمەڵێك لەهاوڕێیانی



پێشمەرگەی خۆمان لەراژەی دۆزەکەدا ئاگادار کرد هەرکە ئاماژە دەدرێ لەهەموو تاراوگەکانی سەرانسەری وڵاتدا, لەشارەگەورەکان‌و شارە بچووکەکان‌و ئۆردووگاکاندا دەرپەڕن‌و ئێستگەکانی بێتەل هەڵتەکێنن.

بەوجۆرە "پاژنەی ئاسنین" لەزەبری یەکەمدا دەکەوێت‌و, بەشەقوپەقکراوی دەکەوێتە سەرزەوی.

لەهەمان کاتدا دەبوایە ژمارەیەکی دی لەهاوڕێیان پردو تونێلەکان هەڵتەکێنن‌و هەموو تۆڕی هێڵی ئاسنین شەقوپەقکەن, وێڕای ئەمەش, دەبوایە چەند کۆمەڵێکی تر لە هاوڕێیان کاتی ئاماژەدان ئەفسەرەکانی پۆلیس‌و چڵکاوخۆرەکان‌و هەرکەسێ کارامەیەکی نائاسایی هەیە لە ئۆلیگارکییەکان‌و هەرکەسێك لەوانە پایەکی ڕاپەڕاندنی هەستەوەری هەیە, وەکو یەك, بگرن. بەمشێوەیە پێشەواکانی دوژمن لەگۆڕەپانی شەڕەکانی ناوخۆدا, کە هەردەبێ لەهەموو سەرانسەری وڵاتدا بەرپابکرێن, دووردەخرێنەوە.

راوتەگبیرەکە ئەوەبوو کە دەبێ زۆرشت, بەجۆرێك لەکاتی خۆیدا رووبدات, کە نیشانەی شۆڕش دەستپێکردن دەدرێ, لەسەر نیشتمانپەروەرانی کەنەدی‌و مەکسیکی, ئەوانە زۆر لەوە بەهێزتربوون کە پاژنەی ئاسنین خەوی پێوە دەبینێت, پێویستبوو کە ئەوانیش خێرا لەوڵاتی خۆیاندا کاری دەقاودەقی کارەکانی ئێمە بکەن. پاشان چەند هاوڕێیەك (یاخود راستر خوشکە هاوڕێ هەبوون چونکە پیاوەکان لە شوێنی دیکەدا سەرقاڵدەبن)ئەو بەیانانەی کە لە چاپخانە نهێنییەکانمانەوە دەردەچوون, پێسپێردرابوون کە بۆ پۆستەخانەی بەرن. دەبوایە هاوڕێیانمان, ئەوانەی پایەی بەرزیان لە "پاژنەی ئاسنین"دا هەبوو, زوو دەستبکەن بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو تێکەڵوپێکەڵکردن‌و ئاژاوەنانەوە لەهەموو دامودەزگاو هۆبەکاندا.

لەریزی چڵکاو خۆرەکاندا بەهەزاران هەزاران هاوڕێمان هەبوون, کە ئەرکیان هەڵتەکاندنی کۆگاکانی ئازووقەو وێرانکردنی میکانیزمی هەموو ئامێری وردی

**جەنگ بوو. لەشارەکانی سوپای چڵکاو خۆران، بەرەبابە داخراوەکانی کرێکاران، راوتەگبیرەکە پیادەکردنی بەرنامەی تێکدەرانەی هاوتای پێویستدەکرد.**

**بەکورتی، خەریکبوو زەبرێکی بێشوماری کوشندەی بوەشێنریٚ، ئەوسا ئۆلیگارکییەت، پێش ئەوەی بتوانیٚ هۆشی بێتەوە بەرخۆی دەمریٚ، چەند رۆژێکی ترسناکو زیانێکی قەبەی گیانی دەگەیەنیٚ. بەڵام هەر مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ لە ئاستی شتی ئاوادا دوودڵدەبیٚ، لەراستیدا ئێمە زیاتر لەپێویست لە نەخشەکانماندا پشتمان بەرۆڵە رێکنەخراوەکانی دۆزەخ بەست، ئەم نەخشەیە ئەوەی پێویستدەکرد کە بۆ پەلاماردانی کۆشكو تەلاری سەردەستەکانو شارەکانیان بەرەڵڵا بکرێن. هیچی تیا بەستەنییە گەر ئەوە خەڵککوشتنو وێرانکردنی موڵكو ماڵی بەدوادابیٚ. با جانەوەری دۆزەخ بنەڕێنیٚو با پۆلیسو چڵکاوخۆر خوێن برێژن، هەرچۆنێکبیٚ جانەوەری دۆزەخ نەڕەیدیٚ، هەرچۆنێکبیٚ پۆلیسو چڵکاوخۆر خوێن دەڕێژن، ئەوە لەوەزیاتر ناگەیەنیٚ کە چەند مەترسییەك هەڕەشەمان لێدەکەن کە ملیان نابووە بەریەكو یەکتریان تێکدەشکاند بێئەوەی ئازارێکیان بەرئێمە بکەویٚ، ئێمە دەتوانین لەو ماوەیەدا کاری خۆمان بکەین، تەنیا نەختێك ناڕەزایی دەردەبڕینو تەگەرە دادەنێین. دەسەڵاتی خۆمان بەسەر هەموو کۆمەڵدا دەسەپێنین.**

**ئەوەبوو هەموو هێڵەکانی پلانەکەمان بەنهێنی کێشرا بوون، لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی دیاریکراودا، ژمارەیەکی زۆر زۆرمان لە هاوڕێیانمان ئاگادار دەکرد، خاڵی مەتریی ئەمەبوو: فراوانبوونی ئەڵقەی ئەوانەی بەپیلانەکەیان دەزانی، بەڵام بەهیچ جۆریٚ نەگەیشتینە ئەو خاڵە مەترسییە. پاژنەی ئاسنین لەرێگەی تۆڕی سیخوڕییەکەیەوە بەپیلانەکەیان زانیو، خۆی ئامادەکرد کە وانەیەك لەوانە خوێناوییەکانیمان بداتیٚ. شاری چیکاگۆ-ش بۆ ئەو وانەیە دەستنیشانکرابوو. ئێمەش زۆر بەباشی ئەو وانەیەمان وەرگرت.**



**چیکاگۆ**(132) **بەشێوەیەکی گشتی پێگەیشتووترین شاربوو، ئەو چیکاگۆیەی جاران شاری خوێنبوو لەسەری پێویستبوو ئەم ناوبانگییەی سەرلەنویٚ بگەڕێنێتەوە. لەویٚ گیانی شۆڕشگێری بەهێزو بەتەوژم بوو، لەماوەی رۆژگارەکانی سەرمایەداریدا ژمارەیەك لەمانگرتنی سەرسەخت سەرکوتکران کە لەوە زۆرترو بەتەوژمترە کرێکاران لەبیریان بچێتەوەو لەسەرکوتکەران خۆش بن. تەنانەت بەرەبابە داخراوە کرێکارییەکانی شار شێتوشەیدای شۆڕش بوون. لەمانگرتنی پێشوودا زۆر سەر وردو خاشکران. هەرچەند کە ئۆلیگارکییەکان پشتگیرییان لێکردنو بارودۆخیان گۆڕانی بەسەردا هاتو رقو کینەیان بەرامبەر چینی دەسەڵاتدار هێشتا خامۆشنەبوو، ئەم گیانە تاقمی چڵکاوخۆرانی ئامادەکرد، لەپڕ سیٚ کەتیبە لەوان بەتایبەتی، ئامادەبوون تێکڕا بێنە ریزی ئێمەوە** en masse.

**چیکاگۆ هەمیشە لە ململانێی نێوان کرێکارانو سەرمایەداراندا "مەڵبەندی گەردەلوول"بوو، هەردەم شاری شەڕی سەرشەقامو مردنی بەتەوژمبوو. رێکخراوێکی سەرمایەداری تێدابوو کە لەچینایەتیی خۆی دەگەیشتو هەروەها**

---

(132) **چیکاگۆ دۆزەخی پیشەسازیی سەدەی نۆزدەیەم بوو، گێڕانەوەیەکی سەیرمان لەبابەت جۆن بێرنزەوە پێگەیشت. خۆی پێشەوایەکی مەزنبوو لە پێشەوایانی کارگەرانی ئینگلیزو ئەندامێکی پێشووبوو لەوەزارەتی بەریتانی. درێژەی گێڕانەوەکە ئەوەیە کاتیٚ رۆژنامەنووسێك بۆ سەردان چووبووە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رای بەرامبەر چیکاگۆ لێپرسیبوو، ئاوای وەڵامدابۆوە: "چیکاگۆ وێنەیەکی میللی دۆزەخە** Apocket edition of heel" **پاش ماوەیەکی کەم کاتیٚ سواری پاپۆڕ بووبوو کە بەرەو ئینگلتەرە بچیٚ، رۆژنامەنووسێکی تر لێیهاتبووە پێشو ویستبووی بزانیٚ ئایا رایەکەی بەرامبەر چیکاگۆ گۆڕیوە، یان نا؟ وەڵامەکەی ئەوەبوو:**
**"بەڵیٚ رام گۆڕیوە، رای ئێستام ئەوەیە کە دۆزەخ وێنەیەکی میللی چیکاگۆیە!".**

ڕێکخراوێکی دارایی کە لە چینایەتیی خۆی دەگەیشت. کەچی لەپڕ مامۆستایان لەرۆژانی دەستبەتاڵیدا, دەهاتنە ریزی سەندیکای کرێکاران‌و لەگەڵ قوڕکاران‌و وەستاکانی خانووی خشت دەهاتنە ریزی یەکێتی کارگەرانی ئەمەریکاوە. بەوجۆرە چیکاگۆ لە شۆڕشی هەوێنی یەکەمدا بووە " مەڵبەندی گەردەلوول".

پاژنەی ئاسنین پەنایبردە بەر پەلەکردن لە بەڵاکە. ئەوەی بەزیرەکانە کرد, چونکە ئەو دەستیکرد بە مامەڵەکردنێکی ریسواکارانەی شەرمەزارانە لەگەڵ هەموو رۆڵەکانی گەل, تەنانەت بەرەبابە داخراوەکانی کرێکارانی پشتگیریکراویش. هەمو بەڵێنێکی پێشێلکردو هەموو رێککەوتننامەیەکی دڕاندو خراپترین سزای گوناهبارو سەرپێچکەرانی دا, هەرچەندەش گوناهو سەرپێچییەکەشیان کەمبن. بەمجۆرە رۆڵەکانی دۆزەخ بەزەبری قەمچیی ئەشکەنجەدان‌و تۆڵەلێکردنەوە لە خەوو کەمتەرخەمییان راپەڕین. بەراستی پاژنەی ئاسنین خۆی ئامادە دەکرد کە جانەوەر – جانەوەری دۆزەخ– ناچار بکات نەڕەیبێ‌و بگرمێنێ. لەتەك هەموو ئەمانەدا, پاژنەی ئاسنین پەنایبردە بەر بێئاگایی لەهەموو راوتەگبیری خۆپاراستن لە چیکاگۆ, بێئاگاییەکی وا کە ناچێتە عەقڵەوە. رژێم دەستی لە بیناقاقانانی پاشماوەی چڵکاویخۆران خاوبۆوە, لەکاتێکا چەندین کەتیبەی کێشانەوەو بۆ چەند لایەکی جیاجیای وڵاتی ناردن.

جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە ماوەیەکی زۆری نەکێشا– چەند هەفتەیەك زیاتر نەبوو. لەبابەت حەقیقەتی بارەکەوە بەندوباو بەئێمەی رۆڵەکانی شۆڕش گەیشت. بەڵام نەکەوتینە سەرشتێکی سنووردار, وامان لێبکات بەشێوەیەکی ئاشکراو روون لەهەڵوێست بگەین. لەراستیدا ئەوەمان بەرۆحێکی شۆڕشگێڕیی لەخۆوە تێگەیشتین کە دەبێ ئێمە بەبایەخێکی زۆرەوە جڵەوی رابگرین, هەرگیز بەخەیاڵمان دا نەدەهات کە بەئەنقەست‌و نەخشەکێشان‌و هەڵبەستراوودروستکراو. لەراستیدا لەلایەن پێشەوایەتی "پاژنەی ئاسنین"خۆیەوە بەشێوەیەکی ئەوپەڕی نهێنی دروستکرابوو, تا رادەیێ وایلێکردین کە نەتوانین بی‌ورۆکەیەکی تەماویی لێپێکبێنین. پیلانە دژکارو بەرانبەرەکە کارێکی کارامانە بوو, بەکارامەییشەوە جێبەجێکرا.

لەنیویۆرك بووم کە فەرمانم پێگەیشت یەکسەر بچم بۆ چیکاگۆ, ئەو کەسەی فەرمانەکەی بۆ دەرکردم ئۆلیگارکیبوو– توانیم لە قسەکەیڕا دەرك بەوە بکەم. هەرچەندە من ناوەکەییم نەزانی‌و دەموچاویشیم نەدی. رێنماییەکانی روونبوون تا رادەیێ بواری هەڵە, یاخود خراپ تێگەیشتنی پێنەدام, بەروونی لەناو دێڕەکاندا خوێندمەوە کە پیلانەکەمان ئاشکرا بوون. پیلانێکی دژکار بەرامبەر ئێمە سازدرا, تەقینەوەکە چاوەڕوانیی پریشکە ئاگرێکی دەکرد بگاتە باروتەکە. ژمارەیەکی بێئەندازەی بەکرێگیراوانی پاژنەی ئاسنین راسپێردران– منیش لەوان بووم– جا ئەو بەکرێگیراوانە لە شوێنی خۆیانبن, یاخود ناردرابنە ئەوێ کە ئەو پریشکە بدۆزنەوە, لەکارامەیی نواندندا توانایەکی وام نیشاندا کە وایلێکردم لەژێر چاوە تیژەکانی ئەو ئۆلیگارکییەدا خۆم نەشێوێنم. بەڵام دڵم هاروهاجانە کەوتبووە خورپەو لێدان. خەریکبوو هاواربکەم‌و هەر دوودەستم لەبینەقاقای بنێم بەرلەوەی دەرکردنی رێنماییەکانی بۆمن زۆر بەساردی تەواو بکات, بەڵام زانیم چۆن دان بەخۆما دەگرم.

کە چوومە دەرێ لێی دوورکەوتمەوە حیسابم بۆ کات کرد, کە زانیم ئەگەر بەختیشم هەبێ, بوارم نییە زیاتر لە چەند ساتێك بتوانم پەیوەندە بە پێشەوایەکەوە لە پێشەوایانی ناوخۆ بکەم بەرلەوەی بگەمە شەمەندەفەر کە دەبوایە بمگەیەنێتە نیازەکەم. بەوپەڕی خێرایی دەرپەڕیم, بۆ خەستەخانەی فریاکەوتن, ئاگام لەخۆبوو کەس شوێنپێم هەڵنەگرێ. بەختم هەبوو هەریەکسەر چووە لای گالفین– سەرەکی نەشتەرگەرانی نەخۆشخانە. بەهەناسە بڕکێوە, هەر زانیارییەکم لابوو پێمگوت, بەڵام ئەو وەستاندمی.

بەهێمنی پێیگوتم, هەرچەندە چاوە ئێرلەندییەکانی ئاگریان لێدەبارێ:

www.pertwk.com

-"ئەوە دەزانم, دەزانم بۆچی هاتووی, بەرلەچارەکێك هەواڵی ئەوەم پێگەیی و گەیاندم. ئێمە هەموو ڕێکارەکانی پێویست دەکەین کەوا لە هاوڕێیان بکەن خۆیان تێکنەدەن. قوربانی بەچیکاگۆ دەدرێ. بەڵام ئەوە لەهیچ شارێکی دیکەدا دووپاتنابێتەوە".

-"ئایا هەوڵتدا هەواڵەکە بەچیکاگۆ رابگەیەنی؟".

سەری لەقاندو ئینجا گوتی:

"خەتی تەلگراف نییە, چیکاگۆ دابڕاوە, خەریکە لەوێ دەرگاکانی دۆزەخ بکرێنەوە."

ساتێ وەستا, سەیری پەنجەکانی دەستەسپییەکانیم کرد دەنووقان تا مشتێکی تێکسمڕاو پێکبێنن. پاشان تەقییەوەو گوتی:

"بەخوا ئەگەر بۆم بلوایە زۆر حەزدەکەم لەوێ بوومایە!"

پێمگوت:

-"هێشتا ماوە هەیە کە نەهێڵرێ کارەساتەکە رووبدات, ئەگەر شەمەندەفەرەکە زیانێکی پێنەگاتو ئەگەر لەکاتی خۆیدا بگاتە ئەوێ. یاخود ئەگەر هەندێ هاوڕێیانی ترمان, ئەوانەی لەدامودەزگاکانی هەواڵگەریی نهێنیدا کاردەکەنو ئەوانەی بۆیان لواوە لە راستییەکە بگەن, لەکاتی خۆیدا بگەنە ئەوێ.

گوتی:

-"رووداوەکان دەریانخست ئێوەبوون- ئێوە کەلەناو پاژنەی ئاسنیندا بۆ دۆزە گەورەکە کاردەکەن- ئەمجارە خەوتان لێکەوتبوو."

بەملکەچییەوە سەرم لەقاند.

ئینجا گوتم:

-"نهێنییەکی تەواویان لەوەدا کردبوو. کەس نەیدەتوانی, تەنیا پێشەواکانی پاژنەی ئاسنین خۆیان نەبن پێی بزانن, هەتا سپێدەی ئەمڕۆ. ئێمە هێشتا نەچووینەتە ناودڵی زیندووی پاژنەی ئاسنین. لێرەدا ناچاربووین بکەوینە ناوتاریکی نەزانین, ئای خۆزیا ئێرنست لێرەبوایە, ڕەنگە ئێستا لە چیکاگۆبێ. ئەوسا هەموو شت بەچاکی دەڕوات."



دوکتۆر گالفین سەری باداو گوتی:

-"دوا هەواڵ بیستم ئەو ناردراوەتەوە بۆ ستن, یان نیوهایڤن. ئەم کارە نهێنییە لەخزمەتی دوژمندا زۆر ڕێگەی لێدەگیرێ, بەڵام لە پوکانەوەی ناو تاراوگە باشترە."

خۆم ئامادەکرد بەجێیبێڵم, گالفین دەستەکانی گوشیمو بەم پەیڤانە بەڕێیکردم.

-"نەکەی ورە بەربدەی چ زیان دەکەین ئەگەر شۆڕشی یەکەممان دۆڕاند؟ شۆڕشی دووەم دەبێتەوە. جا ئەو حەلە ژیرترو دانا تر دەبین, بەخوات دەسپێرمو بەختێکی باش. من نازانم ئایا بۆم دەلوێ پاش ئەمڕۆ جارێکی دی بتبینمەوە؟ دەرگاکانی دۆزەخ لەوێدا دەکرێنەوە. بەڵام ئامادەم کە دەست لەدەساڵی ژیانم هەڵگرم بەومەرجەی لەکاتی گونجاودا بگەیت".

"سەدەی بیستەم"[133] لەسەعات شەشی ئێوارە نیویۆرکی جێهێشت, دەبوایە سەعات حەوتی بەیانیی دووەم رۆژ بگاتە چیکاگۆ, بەڵام ئەوشەوە هەندێ کاتی لەدەستدا. ئێمە لەپشت شەمەندەفەرێکی دیکەوە دەرچووین, لەناو نەفەرەکانی شەمەندەفەری (بۆڵمان)دا کە هەڵیگرتبووین, هاوڕێ هاوتمانی تێدابوو, ئەویش وەك من لەهەواڵگەریی نهێنیی "پاژنەی ئاسنین" کاریدەکرد, هاوڕێ هاوتمان ئەوباسەی ئەوشەمەندەفەرەی بۆ کردم کە یەکسەر لە پێشمانەوەیە. کتومت وەك شەمەندەفەرەکەی ئێمەبوو هەرچەندە کە نەفەری تیانەبوو. مەبەست ئەوەبوو کە ئەو زەبری پێبکەوێ ئەگەر تەقەلای هەڵتەکاندنی شەمەندەفەرەکەمان "سەدەی

(133) لەورۆژگارانەدا بەخێراترین شەمەندەفەر لە جیهاندا ناسرابوو, بەڕاستی ناوبانگێکی مەزنی هەبوو.

www.pertwk.com

بیستەم"درا. هەرلەبەرئەوە خەڵکێکی زۆر کەم لەشەمەندەفەرەکەدا بوون, فارگونەکەی ئێمە تەنیا سێنزە کەسی تێدا بوون. هارتمان گەیشتە ئەو ئەنجامە کە بڵێ:

–"گومانی تێدا نییە کە شەمەندەفەرەکە خەڵکێکی خاوەن شان‌و مەترسی هەڵگرتووە. پێشبینیمکرد کە لە پاشکۆکەیدا فارگۆنێکی تایبەت هەیە".

شەوداهاتبوو کە بۆ یەکەمجار گواستمانەوە بۆ شەمەندەفەرێکی تر لەسەر شۆستەی وایستگەکە دەستمکرد بەپیاسەکردن بۆ هەڵمژینی هەوای سازگارو بەمەبەستی ئەو شتانەی کە دەتوانم بیانبینم, لەناوپەنجەرەکانی فارگۆنە تایبەتەکەدا سێ پیاوم بەدیکردن, کە بەلای منەوە نائاشنا نەبوون, ناسیمنەوە, هارتمان راستیدەکرد, یەکێك لەو پیاوانە ژەنەراڵ ئەلتندۆرف بوو, دووپیاوەکەی تر مایسن‌و ڤاندیر پۆڵد بوون کە مێشکی رۆشنبیرانی هۆبەی هەواڵگەریی نهێنیی ئۆلیگارکییەکانبوون. مانگەشەوێکی خامۆشبوو. بەڵام نیگەرانی بەسەرما زاڵبوو, هەرهیچ خەو نەچووە چاوەکانم, سەعات پێنجی بەیانی, جلم لەبەرکردو قەریوڵەکەم بەجێهێشت.

لەژووری جلوبەرگ‌و خۆئارایشکردن لەکارەکەرەکەم پرسی شەمەندەفەرەکە چەند سەعات دواکەوت؟ گوتی دووسەعات دواکەوت. ئافرەتێکی دوو رەگبوو, سەنجمدا کە رەنگزەردو لێوبەبارەو لە چاویا چەند ئەڵقەیەکی گەورە خۆیان دەنواند, کەچی هەردوو چاوی لەترسی پابەندی خەم‌و پەژارە بەجۆرێك زەقبووبوون.

لێمپرسی:

–"مەسەلە چییە؟"

وەڵامیدایەوە:

–"خانمەکەم, هیچ نییە, وابزانم من تێرخەو نەبووم."



تێرامام. بەیەکێك لەئاماژەکانمان تاقیمکردەوە, بەدەنگمەوە هات‌و لێی دڵنیابووم.

گوتی:

–"شتێکی دژوار لە چیکاگۆدا روودەدات. ئەم شەمەندەفەرە ساختەیەی لەپێشمانەوە دەڕوات‌و ئەو شەمەندەفەرەو شەمەندەفەرەکانی تر کە هێزە چەکدارەکان هەڵدەگرن, بوونە هۆی ئەم هەموو دواخستنەمان."

لێمپرسی:

–"ئەو شەمەندەفەرانەی کە هێزەکان هەڵدەگرن؟"

سەری باداو گوتی:

–"هێڵەکە پڕە لەم شەمەندەفەرانە, بەدرێژایی شەو سواریانبووین‌و, هەرهەموویان بەرەو چیکاگۆ دەردەپەڕین, رۆیشتنیان لەسەر هێڵی راستەوخۆ ئەوە دەگەیەنێ کە شتێك دەقەومێ."

ساتێ بێدەنگبوو, پاشان بەزمانێکی پۆزشهێنانەوە گوتی:

–"دۆستێکم هەیە لە چیکاگۆ, ئەو یەکێکە لەئێمە, لەسوپای چڵکاو خۆراندا کاردەکات دەترسم شتێکی لێبێ."

ئای لەو کچە کلۆڵە! دۆستەکەی لەیەکێ لەو کەتیبانەدا بوو کە ناپاکیی لە ئۆلیگارکییەکان کردو هاتە ریزی ئێمە.

نانی بەیانیم لەژووری خواردندا لەگەڵ هارتمان خوارد, بەزۆر نانم دەرخواردی خۆم دا. هەور بەری ئاسمانی گرتبوو, شەمەندەفەرەکە وەك بروسکەیەك تەکانیدا بەرەو ئەو پەردە بۆرەی کە رۆژی نزیکی دەپێچایەوە. ئەو قولەرەشانەی خزمەتی ئێمەیان دەکرددەیانزانی لەوانەیە شتێکی زۆر دژوار روودات. تەنگە نەفەسییان پێوە دیاربوو, رووخۆشی سروشتییان نەمابوو, لەخزمەتدا سستبوون‌و ئاگایان لەئەرکەکانیان نەمابوو, لەوپەڕی فارگۆنەکەی بەرامبەر چێشتخانەکە بەخەمۆکی چپەیان لێوەدەهات. هارتمان زۆر رەشبینبوو, لەرەوشەکە نیمچە نائومێدبوو.

www.pertwk.com

بەشان هەڵتەکاندنێك کە بێدەسەڵاتی لێدەتکایەوە, بۆ بیستەمین جار پرسیاریکرد:

-"دەتوانین چ بکەین؟"

ئاماژەی بۆ پەنجەرەکە کردو لەسەرقسەکانی رۆیی:

-سەیرکە. هەموو شتێك سازکراوە. باوەڕبکە ئەوان بەمجۆرە, سی,چل میل دوور لەشارەوە دەستبەسەریاندەکەن".

ئاماژەی بۆ ئەو شەمەندەفەرانە کرد کە هێزەکانی سوپایان هەڵگرتبوون‌و لەرۆخ وێستگەکەدا وەستابوون, کاتیٚ کە ئێمە بەترس‌و لەرزەوە دەردەپەڕین, بێئەوەی شتێك لەبەپەلەییە هەترەشچوونەکەمان کەمبکەینەوە, ئەوان بەخۆتێهەڵقورتاندن چاویان بڕیبووە ئێمە کە چووینە ناو چیکاگۆ هەموو شتێك هێمن‌و کپبوو. روونبوو کە هێشتا هیچ شتیٚ روویننەداوە, لە دەرەوەی شار رۆژنامەکانی بەیانیمان بۆ هات‌و کاتیٚ لەناو شەمەندەفەرابووین خوێندمانەوە. هیچیان تێدانەبوو, لەگەڵ ئەوەشدا لەناودێڕەکاندا شتیٚ زۆریان تێدابوو سەبارەت بەوکەسەی لەخوێندنەوەدا کارامەیە, شتی وا کە مەبەستی ئەوەبوو خوێنەری ئاسایی لەناو دەقەکەدا نایخوێنێتەوە. دەستسووکیی "پاژنەی ئاسنین" لەهەر ستوونێك لەستوونەکانیاندا دیاربوو. بریقەیەکی شاردراوەی خستە سەر ئەو کزییەی تووشی چەکی ئۆلیگارکییەت بووبوو, هەڵبەت, شتێکی سنووردارو روونن‌ەبوو, تەگبیرەکە ئەوەی دەگەیاند کە خوێنەر بۆخۆی لەناو ئەم هەموو باق‌و بریقەدا رێگەی خۆی بگریٚ. رۆژنامە نووسەکان لەوەدا زۆر کارامانە سەرکەوتن. ئەو رۆژنامانەی رۆژی بیست‌وحەوتی تشرینی دووەم دەرچوون, سەرەڕای ئەوەی کە پڕبوون لە گێڕانەوەی‌خەیاڵی, شاکاری وابوون بەدەگمەن رۆژگار نموونەی ئاوا دەبەخشیٚ.

ئەورۆژنامانە دەنگوباسی ناوخۆیان تێدا نەبوو. ئەمەش خۆی لەخۆیدا "لێدانی مامۆستا"یە. چیکاگۆ پەردەی مەتەڵی تەماوی پۆشیبوو, ئیحای دابووە



خوێنەری ئاسایی چیکاگۆیی کە ئۆلیگارییەت لەخۆی رانابینیٚ دەنگوباسی ناوخۆ بڵاوبکاتەوە. هەڵبەتە ئەورۆژنامانە تێلنیشانی درۆیان تێدابوو, دەربارەی یاخیبوون کە سەرانسەری وڵاتی گرتبۆوە. تێلنیشانی بە ئاماژەی لەخۆبایی رووپۆشراو بۆ ئەنجامدانی تۆڵە سەندنەوەکە دەکرێن.

هەندیٚ دەنگوباس وایان دەگەیاند کە زۆر ئێزگەی بێتەل هەڵتەکێنران‌و ئەوەیان راگەیاند کە پاداشتی قەبە بەوکەسانە دەدریٚ تاوانباران دەستنیشاندەکەن, بێگومان, هیچ ئێستگەیەك لە ئێستگەکانی بێتەل هەڵنەتکێنران. رۆژنامەکان دەنگوباسێکی زۆریان لەبابەت دەستدرێژیی هاوتایان بڵاوکردەوە کە لەگەڵ نەخشەو پلانەکانی شۆرشگێڕەکان دەگونجان, ئەو باری سەرنجەی ویسترا لە مێشکی هاوڕیٚ چیکاگۆییەکانماندا بمێنێتەوە, ئەوەبوو کە شۆڕشی گشتی بەرپابوو, لەگەڵ ئاماژەی سەرلێتێکدان بەسەرنەکەوتنی لەزۆر خاڵی درێژە دادڕیدا. بەلای ئەوکەسەی ئاگای لە راستیی بارودۆخەکە بوو زەحمەت بوو کە هەستێکی تەماوی نەکات, بەڵام گرەویکرد, کە وڵات بەگشتی پێگەیشتووە بۆ ئەو شۆڕشەی بەراستی بەرپابوو.

هەروەها رۆژنامەکان بلاویانکردەوە کە یاخیبوونی چڵکاوخۆرەکان لە کالیفۆرنیا بەجۆریٚ سامناکبوو نیوە دەرزەنێك لە کەتیبەکان هەڵوەشانەوەو لێکترازان‌و کەس‌وکارو بنەماڵەکانیان لەشارەکەی خۆیان دەرکران‌و فڕێدرانە گەڕەکی پیس‌وپۆخڵی کرێکاران. هەروەها دەبیٚ ئەوەبزانین کە چڵکاوخۆرانی کالیفۆرنیا لەراستیدا دڵسۆزترین کەسبوون بۆ سەروەرەکانیان! بەڵامچۆن چیکاگۆی دابڕاو لەهەموو دونیا پێزانیٚ؟ پاشان بروسکەیەکی داڕزاو هەبوو وەسفی راپەڕینەکەی خەڵکی شاری نیوۆرکی دەکرد کە بەرەبابە داخراوەکانی کرێکاران بەشدارییان تێداکرد. بەم دەقە کۆتایی بەبروسکەکە هێنرابوو: "بەشێوەیەك کە مەبەستی سەرلێتێکدانی خوێنەرە, ئەویش هەڵفڕیواندنە" کە هێزەکانی میری بارو دۆخەکەیان کۆنترۆڵکردووە.

www.pertwk.com

ئەوەی ئۆلیگارکییەکان بەرۆژنامەکانی بەیانیان کرد, هەروەها بەهەزار شێوەی تریش کردیان, کە ئەو شێوازانە بوون ئێمە لەدواییدا پێمانزانین, لەوانەبۆ نمونە نامە نهێنییەکانی ئۆلیگارکییەکان بۆ تاکە مەبەستێ ناردرابوون. ئەویش کە بەئەنقەست بگاتە بەرگوێ شۆڕشگێڕەکان, ناوبەناو, لەسەرەتای سێیەکی شەودا, لەتەلی بروسکە دەگرت.

هارتمان کە تێبینی ئەوەی کرد شەمەندەفەرەکە بەرەو جبەخانەی مەڵبەندی هات, ئەو رۆژنامەیەی فڕێدا, کە دەیخوێندەوەو گوتی:

-"کاتی خۆیان بەفیڕۆدا کە ئێمەیان ناردە ئێرە. بێگومان نەخشەکانیان سەرکەوتن, سەرکەوتنێکی وا کە بە هیچ جۆرێ چاوەڕواننەدەکرا. لەهەرساتێکدا ئاگری دۆزەخ دادەگیرسێ."

کە لە شەمەندەفەرەکە دابەزیین ئاوڕیدایەوەو سەری خوارکردەوە. بەمینگە مینگەوە گوتی:

-"ئەوەم چاوەڕواندەکرد, ئەو فارگۆنە تایبەتەیان لە شەمەندەفەرەکە جیاکردەوە کەرۆژنامەکانی تێدابوون".

هارتمان بەشێوەیەکی نائومێدانە دڵتەنگبوو. ویستم شتێك شادی بخەمە دڵی. بەڵامگوێی بەتەقەلاکەم نەدا. کە لەوێستگەکە دەرچووین, بەپەلە دەستی بەقسەکردن کرد, بەدەنگێکی نزم دەدوا, کە لەسەرەتادا نەمتوانی تێبگەم:

-"من باوەڕمنەدەکرد. بۆیە کەسم ئاگادار نەکرد. چەند هەفتەیەکم بەبیرکردنەوە لەم مەسەلەیەدا بەسەر برد, بەڵام نەمتوانی بگەمە شتێکی گومان لێنەکراو. ئاگاتان لە نۆڵتن بێ و چاودێریبکەن. من گومانی لێدەکەم, ئەو نهێنی بیست تاراوگەی ئێمە دەزانێ ژیانی بەسەدان کەس لە ئێمە لەناو دەستی ئەودایە. من وادەزانم کە ناپاکە. ئەمەش لەلام تەنیا هەستێکی ناخمە, زیاتر لەوەی هەستێکی تربێ. لەوباوەڕەدامو سەرنجمداوە کەماوەیەکی کەمە گۆڕانێکی بەسەرداهاتووە, وەکو خۆی نەماوە. ترسم لەوەیە کە ئێمەی بەدوژمن فرۆشتبێ,



یاخود بیەوێ بمانفرۆشێتە دوژمن. من لەو جۆرە باوەڕەدام. من گومانی خۆم بەگوێی کەسدا ناچرپێنم. بەلام وا خەیاڵدەکەم کە من بەزیندوویی لەشیکاگۆدا دەرناچم. چاوتان بەرامبەر نۆڵتن بکەنەوە.

تەڵەی بۆ بنێنەوە, عەودالبن و شت بزانن من شتێکی زیاتر نازانم, تەنیا پێشبینییە. تا ئێستا نەمتوانیوە بچووکترین بەڵگە بدۆزمەوە."

گەیشتینە شۆستەی شەقامەکە. هارتمان بەگەرموگوڕی قسەکانی تەواو کردن:

-"ئەمەی کەوتم لەبیرتنەچێ. چاوتان بەرامبەر نۆڵتن بکەنەوە!"

هارتمان راستیدەکرد, مانگێکی نەبرد کە نۆڵتن لەبەر ناپاکییەکەی ژیانی لەدەستدا, هاوڕێیان بەرەسمی لە میلووکی فەرمانی مەرگیان بەسەرادا.

لەشەقامەکاندا هەموو شتێك خامۆشبوو, زیاتر لەپێویست خامۆش. شیکاگۆ بەرگی مەرگی پۆشیبوو, نەغەڵبەغەڵبی هاتوچۆو نە گڕەگڕی ئۆتۆمبیلەکان لەئارادا بوون. تەنانەت گالێسکەی بەکرێش لەشەقامەکاندا دیارنەبوون. شەمەندەفەری سەرعەردی و شەمەندەفەری هاتوچۆی سەرشەقام و ڕێگەوبان لەرۆیشتن وەستابوون. تەنیا ناوبەناو چەند رێبوارێکت دەدین کە بەپەنجەی دەست دەژمێردران. بەڵام ئەو رێبوارانە هەرگیز لەسەرخۆ نەدەڕۆیشتن. بۆ پێویستیی کاروباری خۆیان تابڵێی بەپەلەو بەتەکاندان دەڕۆیشتن. لەگەڵ ئەوەشدا لە جووڵانەوەکانیاندا شپرزەییەکی زۆر بەدیدەکرا, وەك بڵێی چاوەڕوانیی ئەوەیان دەکرد کە بیناکان بەسەریاندا هەرەسدێنن, یاخود شۆستەکان لەژێر پێیاندا رۆ دەچن, یان لەهەوادا پەرش وبڵاو دەبنەوە. بەڵام چەند کەسێکی بێدەرەتان لێرەو لەوێ دەخولانەوەو لەچاوەکانیاندا تاسەیەکی کپکراو دیاربوو, چاوەڕوانیی ئەوەیان دەکرد کە رووداوی سەرسامو وروژێنەر روویدەن.

لەشوێنێکی دوورەوە, لەلای باشوورەوە, دەنگدانەوەی تەقینەوەیەکی نزمان هاتە بەرگوێ, ئەوە هەموو شتێبوو, پاشان خامۆشی سەرلەنوێ داکەوت,

www.pertwk.com

هەرچەندە بێدەرەتانەکان سڵەمینەوەو گوێیان بۆ دەنگەکە قولاغکرد, وەك چۆن کارمامزان گوێی خۆیان قولاغدەکەن. دەرگەی خانووەکان گشتیان داخرابوون. دووکانە بازرگانییەکان هەموویان پێوەدرابوون. بەڵام ژمارەیەکی ئێشکچیو پۆلیس هەبوون. ناوبەناو ئۆتۆمبێلێکی چڵکاوخۆرەکان بەشەقامەکەدا ڕەتدەبوو.

منو هارتمان هاتینە سەر ئەو ڕایە, کەشتێکی بێهوودەو بێسوودە کە ئێمە بچین بوونی خۆمان بەرامبەر پێشەوا خۆماڵییەکانی هۆبەی هەواڵگەری بسەلمێنین. ئێمە زانیمان ئەوان شیاوی ئەوەن لەبەررووناکیی ڕووداوەکانی داهاتوودا چاو لەم کەمتەرخەمییەمان بپۆشن, بەمجۆرە ڕوومانکردە گەڕەکی کرێکاران لەلای "باشوور"ەوە, بەوئومێدەی کە پەیوەندی بەهەندێ چاوڕێیانمانەوە بکەین. زانیمان کار لەکارترازابوو, بەڵام نەماندەتوانی لەوشەقامە خامۆشە ڕەنگزەردانەی مردوو ئاسادا دەستەئەژنۆ دانیشین. ئێرنست لەکوێبوو؟ ئەوەبوو کە پرسیارم دەربارەی دەکرد. لەقەڵاو تەلارەکاندا ڕوویداوە؟

دەنگێ, وەك بڵێی وەڵامی پرسیارەکانم دەداتەوە, گرمەیەکی گەورەهات, لەبەرئەوەی دووربوو سەرسوڕهێنەربوو, گرمەیەك هات, تەقینەوەی یەك بەدوای یەکدا دەنگەکەی بڕی.

–"ئەوانە قەڵاکانن, خوا بەزەیی بەوسێ کەتیبەیەدا بێتەوە!"

لەدووریانێکدا, ڕووبە زەنوێری ڕەشەوڵاخەکان تێبینی ستوونێکی بێشوماری دووکەڵمان کرد, کە لەکن دووریانی دووەمدا چەند ستوونێکی دووکەڵی هاوجۆرمان دین کەبەرەو "لای باشووری" (ساوث ساید) بۆ ئاسمان بەرز دەبوونەوە, لەژوور شارە چڵکاو خۆرەکانەوە چاومان بەبالۆنێکی زلی جەنگی کەوت, لەوجۆرەی کە بەهۆی پەتێك, یاخود تەلێکەوە لەشوێنێکدا دەچەسپێنرێ. هەر کە چاومان پێکەوت یەکسەر تەقییەوەو بووبەپەردووی گرتێبەربوو کەوتە سەرزەوی, نەمانتوانی بگەینە نهێنی ئەو کارەساتە ئاسمانییە. پێماننەکرا کە بەتەواوەتی بزانین ئاخۆ هاوڕێیانی ئێمەی هەڵگرتبوو, یان دوژمنان. دەنگێکی



نادیارمان کەوتە بەرگوێ. لەبڵقە بڵقی مەنجەڵێکی ئاوی کوڵاوی زۆر دووری دەکرد. هارتمان وتی: ئەوە دەنگدانەوەی تۆپە گوللە هاوێژە خێراخێراکانو تفەنگە ئۆتۆماتیکییەکانە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵنیاییەکی ڕاستەوخۆوە لەهەنگاونانماندا بەردەوامبووین. هەروەك هیچ ڕووینەدابێ. پۆلیسەکان لێرەو لەوێ دەسووڕانەوە.

هەروەها چەرخەچییەکانی ئاسایشیش بۆ ئۆتۆمبێلە پۆڵابەندەکانیانەوە دەسووڕانەوە. جارێکیان دەرزەنێك ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژانەوەمان دیت, دیاربوو بەشێوەیەکی ئاگرکوژاندنەوە, دەگەڕانەوە. یەکێك لە ئەفسەرە چەرخەچییەکانی ئاسایش لەئۆتۆمبیلەکەیەوە پرسیارێکی لەپیاوانی ئاگرکوژاندنەوە کرد, گوێمان لێبوو یەکێکیان بەقیژاندن وەڵامیدایەوە:

–"هیچ ئاونییە! بۆڕییە سەرەکییەکانیان هەڵتەکاندوون!"

هارتمان بەهەڵچوونەوە ڕووی قسەی لەمن کردو هاواریکرد:

–"ئاومان لێبڕین. ئەگەر بتوانین لەهەوڵێکی بێ بیرکردنەوەی, دابڕاوی, نەزۆکدا ئەوە گشتی بکەین. لەکۆششێکی پێگەیشتووی ڕێکوپێکدا کە گشت وڵات ڕێکدەخات, چ شتێك ناتوانین بکەین؟."

ئەو ئۆتۆمبێلەی ئەفسەرەکەی تیابوو, کە پرسیاری لەپیاوانی ئاگر کوژاندنەوە کرد, دەرپەڕی. لەپڕ دەنگی تەقینەوەیەك هات کە گوێی کەڕدەکرد. ئۆتۆمبێلەکە بەنەفەرەکانییەوە هەڵزەقییەوەو کەوتە ناو تەمو دووکەڵو پاشان بوو بە تۆپەڵەیەك پەردوو ومەرگو کەوتە سەرزەوی.

هارتمان دڵشادبوو, بەچرپە چەند جارێك دووپاتیکردەوە:

–"نایابە! نایاب! ئەمڕۆ پرۆلیتاریا دەرسێك وەردەگرێ. بەڵام لەهەمان کاتدا دەرسێکیش بەئۆلیگارکییەت دەدات."

پۆلیسەکان بەپەلەپروسکێ بۆ شوێنی ڕووداوەکە دەچوون, چەرخەچییەتییەکی تریش بەپەلە پروسکێ بۆ هەمان شوێن چوو, لەپرتاوەکەی

www.pertwk.com

هەموو ئەمە, کە سەرسوڕهێنەری بروسکەییبوو من سەرم گێژی خوارد. چۆن ئەوە روویدا؟ من نازانم چۆن, لەگەڵ ئەمەشدا راستەوخۆ سەیرمکرد. ئەوسەر سووڕانە بەتەوژمەی گێیکردبووم, بەرادەیەك توندبوو وەختبوو ئاگام لەوساتە نەبێ کە کەوتینە بەردەست پۆلیس. لەپڕ پۆلیسێکم بینی رووی لوولەی دەمانچەی لە هارتمان کردبوو. بەلام هارتمان خۆی نەشێواندو, بەپەیڤی نهێنی دەدوا, دیتم دەمانچەکە کشایەوەو پاشان بەربۆوە, گوێم لەفنەفنی قێزلێبۆوەی پۆلیسەکە بوو, هەتا بلێی تووڕەبوو, نەفرەتی لەهەموو هۆبەی هەواڵگەری دەکرد. جەختی لەسەر ئەوەکرد کە ئەم هۆبەیە هەموودەم رێگەی پێدەگرتن. لەهەمان کاتدا هارتمان, بەشانازییەکی شیاو بەکەسانی هۆبەی هەواڵگەری, بەرپەرچیدەدایەوەو گەوجی و گێلی و نەزانیی پیاوانی پۆلیسی بۆ باسدەکرد.

دواتر زانیم ئەوە چۆن روویدا. خەڵکێکی زۆر دەوری پەردووی ئۆتۆمبێلەکەیان دابوو, دووکەس ئەفسەرە بریندارەکەیان هەڵگرتبوو بۆ ئۆتۆمبێلێکیتر, ترس و تۆقین هەموویانی داگرتبوو, بەهەمووڵایەکدا پەرتوبڵاوبووبونەوە, بەترسێکی کوێرانەیاندەکرد. ئەفسەرە بریندارەکەیان لەدووی خۆیان بەجێهێشتبوو, کە زۆر خراپ کەوتە سەر عەردی. پۆلیسە کورتە بنەکەی دەوروبەری من, ئەویش تێیتەقاند. هەروەها من و هارتمانیش وامانکرد, بێئەوەی خۆشم بزانم بۆچی. هەمان ترسی کوێرانەمان گەیشێ کەوایلیێکردین لەو شوێنەدا دوورکەوینەوە.

ئەوکاتە بەڕاستی, هیچ شتێ روویندا, بەڵام زۆری نەخایاند هەموو شتێ روونبۆوە. راکردوەکان بەشەرمەوە دەگەڕانەوە, بەڵام چاوەکانیان هەمیشە بێئارام دەیانڕوانییە بینا بەرزەکە, کە پەنجەرەی زۆر بوو, لە هەردوولای شەقامەکەوە وەك دیواری دۆڵێك بەرزبووبووەوە. بۆمبایەك لەپەنجەرەیەکەوە لەو پەنجەرانەی نایەنە ژماردن هاویشترا, بەڵام چ پەنجەرەیەك؟ بۆمبایەکی تر لەئارادا نەبوو. نەخێر, تەنها ترس لەبۆمبایەکی تر هەبوو. بەبێئارامییەکی تێرامانەوە, سەیری پەنجەرەکانمان دەکرد, لەوانەبوو هەر یەکەیان مەرگی تێدابێ. دەشیا لە هەربینایەکدا بۆسە نرابێتەوە. ئەمە جەنگێکبوو لەو جەنگەڵە نوێیەدا– لەو شارە گەورەیەدا بەرپابووبوو.هەر شەقامێك دۆڵێکبوو, هەربینایەك کەژێك. ئێمە جیاوازییەکی زۆرمان لەگەڵ ئادەمیزادی سەرەتاییدا نەبوو– وێڕای ئۆتۆمبێلی جەنگی کە شەقامەکانیان دەپێوا.

لەپڕ لەسووچەکەوە پێچمانکردەوە. ئافرەتێکمان بینی, لەسەر شۆستەکە کەوتبووە ناو گۆمی خوێن, هارتمان نووشتایەوە سەری و لێیوردبۆوە. من تووشی هێڵنجێکی کوشندە بووم. ئەو رۆژە کوژراوێکی زۆرم بینین, بەڵام ئەو هەموو لاشانە بەقەد ئوز لاشە پشتگوێخراوەی بەرپێم لەسەر شۆستەی شەقامەکە کاریان تێنەکردم.

هارتمان وتی:

–"گوللە بەرسینگی کەوتووە." وەك چۆن منداڵێك شتێك دەگرێتە باوەش, ئەویش بەستەیەك چاپەمەنیی لەباوەش گرتبوو, وادیاربوو هەتا مردن نەیویستبوو واز لەو بەستەیە بێنێ کە هۆی کوشتنی بووبوو. هەرکە هارتمان بەستەکەی راکێشا, یەکسەر زانیمان چەند پەرە کاغەزێکی گەورەی چاپکراوە– لەبەیانەکانی پیاوانی شۆڕش.

گوتم:

–"خوشکێکە لە هاوڕێیانمان".

بەڵام هارتمان هەر نەفرەتی لە "پاژنەی ئاسنین"کردو کەوتینەوە رێ. چەند جار پۆلیس و ئێشکچی ئێمەیان راگرت, بەو پەیڤە نهێنییانەی پێماندەگوتن رێیان پێدەداین. لەسەر رۆیشتن بەردەوامیین. چیتر هیچ بۆمبایەك لە پەنجەرەکانەوە نەخرایە خوارێ. واپێدەچوو, وەك بلێی رێبوار لەشەقامەکاندا نەما, هێمنیی لەناکاومان قووڵتر بۆوە, هەرچەندە کە مەنجەڵە زلەکە لەمەودایەکی دووردا لەسەر بڵقە بڵقی خۆی بەردەوامبوو, لەهەمووڵایەکەوە دەنگدانەوەی کزی تەقینەوە دەهاتە بەرگوێمان, ئەوا لەکاتێکا ستوونەکانی دووکەڵ بەشێوەیەکی بەشوومتر بەرەو ئاسمان بەرزدەبوونەوە.

www.pertwk.com



# بیست و سێیەم بەش

# کوڕانی دۆزەخ

www.pertwk.com

# کوڕانی دۆزەخ

هەموو شتیّ گۆرا, کەشەکە سڕبوونێکی هەژانی تێکەوت, ئۆتۆمبێل دوو دوو, سیّسیّو, دەدە بەگوڕ دەردەچوون, لەوێوە ئاگادارکردنەوەو هوشیار کردنەوەیان دەنارد, ئۆتۆمبێلێکییان یەکجار خێرا, لەدووریی ریزە خانوویەکەوە بەتەوژم لایدا, لەپڕ ئەو شۆستەیەی لێوەی تێپەڕی لەبەر یەك هەڵیوەشاند, پاش چەند ساتێك, تەقینەوەی بۆمبایەك کردییە چاڵێکی زل. دیمان پیساوانی پۆلیس لەبەرچاو وندەبن و خۆیان دەکوتنە شەقامە قەدەغەکراوەکان و لەدەست مەرگ رادەکەن, زانیمان کە خەریکە شتێکی ترسناك روودات, بەسانایی هارژنە بەرز بووەکەمان دەبیست.

هارتمان وتی:

–"وا هاوڕیّ دلێرەکانمان هاتن."

توانیمان پێشەنگی کەتیبەکەیان ببینین کە لەم سەری زێرابەکەوە تا ئەو سەر شەقامی پڕکردبوو. کاتیّ کە دوا ئۆتۆمبێلی جەنگی خۆی دەرباز دەکرد, ئۆتۆمبێلەکە ماوەی ساتێك رێك بەرامبەرمان وەستا, سەربازێك لێوەی بازبدا, بە خۆپاراستنەوە شتێکی لەناو دەستابو, بەهەمان خۆپاراستن شتەکەی ناودەستی لەزێرابەکەدا دانا, لەقوژبنەکەوە پێچیکردەوەو لەبەر چاوان بزر بوو. هارتمان بەپەلەپروسکیّ چوو بۆلای زێرابەکە بەسەر ئەو شتەدا نووشتایەوە کە تێیدا داندرابوو.

ئاگاداریکردمەوە پێیگوتم:

–"توانیم ئەوە ببینم کە بەهەردوو دەستەکانی خێرا کاری دەکرد.کە گەڕایەوە لام نێوچەوانی عارەقەیەکی زۆری دەردابوو.

گوتی:

–"لەکارمخست, ئەوە لەدواساتدا بوو, سەربازەکە گەوجبوو, بەنیازی کوشتنی هاوڕێیانی ئێمە داینا, بەلاّم وەختێکی باشی نەدایە. دەبوایە پێش کاتی خۆی بتەقێتەوە. بەلاّم ئێستا هەتاهەتایە ناتەقێتەوە!"

ئێستا هەموو شتێك بەخێرایی روودەدات, لەشەقامەکەوە, لەدوورییی چەند خانوویەکەوە, توانیم چەند کەسێك بەدیبکەم کە لەبیناکەوە سەریان دەرهێنابوو, هەر کە سەرنجی هارتمانم بۆ راکێشان, یەکسەر ئاگرو دوکەڵێکی زۆر خەست و چڕ رووی بیناکەی سەرەکانی لێوە دیاربوون شاردەوە, تەنانەت بەتەقینەوەکە هەوا کەوتە لەرزە. لەهەنیّ شوێن ئەو چینە بەردینەی شکابوو ئەو ئاسنەی دەرخست کەلەوەوبەر لەپشتەوە شاردرابۆوە. پاش کەمێك پێشی بیناکەی بەرامبەری لەشەقامەکەوە چەند پەردەیەکی هاوجۆری ئاگرو دووکەڵ تەنییان. لەنێوان تەقینەوەو تەقینەوەیەکی تردا دەمتوانی گوێم لە شرقوهۆری دەمانچەو تفەنگی ئۆتۆماتیکی بیّ. ئەم شەڕە "ئاسمانییە" چەند خولەکێك بەردەوامبوو, پاشان ئاگرەکەی کپ بۆوە. ئاشکراو روونبوو هاوڕێیانمان لە بینایەکدا بوون و بەکرێگیراوەکان لە بینایەکی دیدا بوون, ئەوان لە شەقامەکەدا شەڕیان دەکرد, بەلاّم بۆمان ساغنەبۆوە هاوڕێیان لەکام بینادان و, چڵکاوخۆران لەکام بینادا.

لەم ساتانەدا کەتیبەکە رووبەڕوومان بۆوە, یاخود نزیکبوو. هەر کە گەیشتە بەرامبەر هەردوو بینا شەڕکەرەکە, یەکسەر هەردووکیان لەنوژەنەوە جموجوڵیان تێکەوت, لەیەکیّ لە بیناکانەوە بۆمبا فڕێدەدرایە سەرشەقامەکە, دوای ئەوەی هێرشیبرایەسەر, بە هێرشێکی هاودژ وەلاّمدرایەوە. بەمجۆرە زانیمان کام بینابوو هاوڕێیانمان داگیریانکردبوولەپێناوی مافدا شەڕێکی چاکیان کردو, ئەوکەسانەی لەشەقامدا بوون لە بۆمباکانی دوژمنان دەربازیانکرد.

www.pertwk.com

هارتمان قۆڵی گرتم‌و, بەرەو دەروازەیەکی پان‌و بەرینی بردم. هاواریکرد بەگوێمدا:

–"ئەوان هاوڕێی ئێمە نین".

دەرگاکانی ژوورەوەی دەروازەکە بەئاسن توند توند داخرابوون. لەتواناماندا نەبوو رابکەین. پاش کەمێك کەتیبەکە بەرامبەرمان تێپەڕی. خۆی کەتیبەنەبوو, بەڵکو کۆمەڵێك هەرچی‌وپەرچی– رووبارێکی ترسناك شەقامەکەی داپۆشی.



کوڕانی دۆزەخ مەی‌و ستەم شێت‌و هاری کردبوون, لەئەنجامدا راپەرین, دەیانقیژاندو تینووی خوێنی سەروەرەکانیان بوون. لەمەوبەر کوڕانی دۆزەخم دیبوون. بەگەڕەکەکانیاندا گەڕابووم, وامدەزانی کە دەیانناسم, بەڵام ئێستا زانیم کەمن بۆ یەکەمجار سەیرمدەکردن تێگڤژانە لاڵەکە نەما.

ئێستا بوونە دیمەنێکی دینامی, بگرە دیمەنێکی نازدار لە ترس. لەبەرچاوم هاژەی شەپۆلی رق‌و کینەیان دەهات, دەینقیژاندو دەیانگرماند, زۆر تامەزرۆی گۆشت بوون.

بەویستێکی تالانیی کۆگاکان سەرخۆشبوون, سەرخۆش بەرق‌وکینە, سەرخۆشبوون بە حەزکردن لەخوێن. ژن‌و پیاوو منداڵ لە جلی شڕوشیتاڵدا بوون. گیانی برسی هەرشتێ کە یەزدانییە لەرەنگ‌و روخساریدا نەمابوو, چوبووە قاڵبێکی هەرشتێ کە شەیتانییە. مەیموون, پڵنگ, ئێسقادار, کەمخوێن, جانەوەری کەتەی مودار لە چوارپێی بارهەڵگر, رووی سیس‌و ژاکاو کە کۆمەڵی تالانچی ئاوگی ژیانی مژیبوون شێوەی ئاوساوی ئەستوور بە سیمی جەستەیی‌و گەندەڵی, پیرەژنی سەرسپیی چرچ‌و سیس, کەللەی قورس‌و گرانی ریشدار وەك پیرە (کاهن)کۆنەکانی گاورەکان, لاوێتی خوێن‌و کێم, پیرییەتی کێم‌و خوێن رووی‌دێو, داهۆڵی چاوتیژی شێوێنراو کە باری ئەشکەنجەکانی نەخۆشی‌و هەموو مەترسییەکانی بەدخۆراکیی درێژخایەن سیسیکردبوون, کە پەکی ژیان‌و گەندەکەی.. بێگەلێکی بەقاوقیژ, هاوارکەر, کەدێو سواری پشتیان بووبوو!



بۆچی نا؟ کوڕانی دۆزەخ بێجگە لەکڵۆڵی‌و چەرمەسەریی ژیان هیچ شتێکیان نەبوو لەدەستیان بچێ, چ قازانج دەکەن؟ هیچ شتێك, جگە لە دڵپڕبوونێکی کۆتایی ترسناك لە تۆڵەسەندن. کاتێ چاودێری هەموو ئەوەم دەکرد بە مێشکما هات کە لەپێناوی ئەم تەقینەوە گڕکانییەی خەڵك بە پیاووهاوڕێیان‌و قارەمانەکانییەوە, پەیامەکەیان وروژاندنی جانەوەری دۆزەخ‌و, سەرلێشێواندنی دوژمن‌و سەرقاڵکردنی بوو بەشاڵاوبردنەسەری‌و لێدانی.

لەوساتەدا, شتێکی سەیرم تووشبوو, ئاشنای گۆڕانێکی دورووتی زۆربووم, ترسی مەرگ سەبارەت بەمن‌و سەبارەت بە خەڵکی تۆ, لەپڕ لێرەوییەوە. هەڵچوونێکی سەیر هەژاندمی, کەوا من قەوارەیەکی نوێم لە ژانێکی تازەدا. هیچ شتێك واتا, یان نرخی نەما, دۆزە گەورەکە جارێ بەناوچوو, بەڵام ئەم دۆزە سبەی لێرەدا, هەمان دۆز دەبێ, هەمیشە تەڕوپاراو دەبێ‌و هەمیشە کڵپە دەسێنێ. لەناو جەرگەی ئەوترسەی لەماوەی چەند سەعاتی داهاتوودا بەتووندی هەڵیکرد, توانیم هەڵوێستی بایەخدانی لەسەرخۆو هێمن بنوێنم, مردن هیچ واتایەکی نەدەبەشخی. ژیانیش شتێکی نەدەگەیاند, من بەوریایی‌و هوشیارییەوە چاودێریی رووداوەکانم دەکرد, هەندێ جار خۆم بینی, کە تەوژمی ململانێ بەبەشدارکردنێکی خۆتێهەڵسووانە راپێچیکردووم, چونکە ئەقڵم بازیداوە پایەکی بڵندی ساردوسڕی‌و بەشێوەیەکی دوور لە هەڵچوون چاوی بەبەهایەکاندا گێڕایەوە, خۆ ئەگەر خۆی ئەوەنەکات کەواتە هیچ گومانی تیا نییە کەمن بەمەرگ دەگەم.

ماوەی نیومیل هەرچیوپەرچییەکان بەلامانا تێپەڕین ئینجا ئێمە ئاشکرابووین. ئافرەتێك جلی شڕو وڕی لەبەرابوو, من‌و هارتمانی بینی– ئافرەتێکی گۆنا قوپاوی شێوە ئەشکەوت,, دوچاوی بچووکی رەشی وك درێشەیەکی گڕگرتوو, قیژاندی‌و لەئێمە نزیکبۆوە, تیپێك هەرچیوپەرچی لە ئاپوورە زۆرەکە دابڕان‌و تەکانیان بۆ لای ئێمەدا, کە من ئەم چەند دێڕە دەنووسم دەتوانم ئێستا کە

www.pertwk.com

بەتەواوی بیهێنمەوە پێش چاوی خۆم, سپییە نەرمە تاڵ تاڵییە تێکئالاوەکەی دەشەکایەوە. لە برینەکەی سەرییەوە خوێن بەنێوچەوانیدا هاتبووە خوارێ تەورێك بەدەستی راستییەوە بو, کەچی دەستە چەپە باریکە چرچەکەی, کە لە چرنووکێکی زەردی دەکرد, بەدەمارکرژییەوە تەقەلای دەدا (با)دەسگیرکات. هارتمان بازێکی دا. تاکو بمپارێزێ. لەو هەڵوێستەدا بواری لێکدانەوە نەبوو جلمان رێك و پێك بوو. هەرئەمەش بەتەنیا بەسنەبوو, مستەکۆڵەیەکی زۆر بەهێزی لەنێوچاوە گرگرتووەکەی داو پاشەکشێی پێکرد, بەلام بەردیواری هاورێ شالاوبەرەکانی کەوت. جارێکی تر گەڕایەوە بۆ پێشەوە, تووشی گێژبوون و نائومێدی هاتبوو, کەچی تەورەکەی بەدەستییەوە بوو و رایدەوەشاند, بەهێواشی بەربۆوە سەرشانی هارتمان.دوای ئەوە, نەمزانی چ رودەدات, قەرەباڵغییەکە بەتەواوەتی هارپیمی, شوێنە گەمارۆدراوەکە پڕبوو لە قاووقیژو هات وهاوارو نەفرەتکردن, دەستووشانەکە بەمندا دەکێشرا, دەستەکان جل و گۆشتمییان دادەدڕین.

هەستمکرد لەتوپەت کراوم, داهێزراوم, هەستم بەخنکان کرد, لەناو ئاپوورەکەدا, دەستێك شانی گرتم, بەشێوەیەکی دڕندانە دەستیکرد بەگوشینی, لەنێوان ئازارو گوشیندا لەهۆش خۆم چووم. هارتمان هەرگیز لەوناوەدا دەرنەچوو. لەشی کردبووە قەڵغانی من, گورزی یەکەمی هێرشەکە بەرئەکەوتن, ئەمە رزگاریکردم, چونکە ئاپوورەکە هەرزوو چڕبۆوە, بەرادەیەکی وا جگە لە دەست لێکگیرکردن بە شێوەیەکی هاروهاجانەو لەتوپەتکردن هیچ شتێ بەدینەدەکرا.

لەناو بزووتنەوەیەکی بەتەوژمدا هۆشم هاتەوەبەر, هەرچی لەدەوروپشتمابوو , تەنها هەمان ئەو بزووتنەوەیەبوو, دیلی لافاوێکی بەگوڕ بووم, خۆشم نەمدەزانی بەرەوکوێ راپێچمدەکات.

هەوای سازگاری بێگەرد لەکوڵمەکانی دەداو, بەناسکی سیەکانمی دەچووزانەوە. هەستێکی تەماویم کرد, تووشی سەرسووڕان و لەهۆشچوون بووم. دەستێکی بەهێز لەژێر باڵم ئالابوو, نیوەبەرزکردنەوەیەك بەرزیدەکردمەوەو بۆ پێشەوە رایدەکێشام, بەبێهێزی و سستی هەردوو پێیەکانم یاریدەیان دەدام, رێکی خۆم توانیم لەپشتەوە چاکەتی پیاوێك بەدیبکەم, کە لەسەرەوە تا خوارەوە هەڵقڵیشێندرابوو, بەترپەوریتم دەشەکایەوە. چونکە پشتە هەڵقڵیشێندراوەکەی چاکەتەکە, بەشێوەیەکی رێکوپێك لەگەڵ هەرهەنگاوێکدا لەهەنگاوەکانی ئەو پیاوەی لەبەریکردبوو دەکرایەوەو دادەخرا. تاوێك ئەم دیاردەیە دڵی بردم, کاتێ کە بەهۆش خۆم هاتمەوە, هەستمکرد ئاگام لە چووزانەوەی کوڵمەکان و لووتم بوو, هەستمکرد خوێن بەرووومەتمدا دێتە خوارێ, شەپقەکەم لێونبووبوو, قژم هاتبووە سەر نێوچەوانم و دەشەکایەوە, بەو برژانەوەی لە پێستی سەرمدا هەبوو ویستم وێنەی ئەو دەستە بێنمەوە بیرخۆم کە قژی راکێشام, ئەو کاتەی کە ئاپوورەکە لەبەردەرگای بیناکەدا دەوریدام. سینگم داڕووشابوو, هەردوو قۆڵەکانیشم داڕووشابون. هەموویان لەزۆر شوێندا ئازاریاندەدام.

مێشکم زۆر سافتربوو بەراکردنەوە پێچمکردەوەو سەیری ئەو پیاوەم کرد کە راستیکردمەوە. ئەوبوو کە رایکێشام و دەربازیکردم, تێبینی جوولانەوەکەمی کرد و بەدەنگێکی گڕ هاواریکرد:

–"قەیدی نییە ئێستا ناسیمیتەوە."

نەمتوانی چاك بیناسمەوە, بەلام پێش ئەوەی بتوانم قسە بکەم پێم لەشتێکی زیندوو نا, لەژێر پێمدا جینگڵی دەدا. ئەوکەسەی لە پشتمەوە بوو رایکێشان. نەمتوانی سەرم دانەوێنمەوەو بیبینم. لەگەڵ ئەوەشدا من زانیم کە پێم لە ئافرەتێ نابوو کەوتبووە سەرزەوی و بە سەدان پێی بەدوای یەکدا بەسەریا رەتدەبوون و فڕێیاندابووە سەرچەقی رێگا.

دووپاتیکردەوەو گوتی:

www.pertwk.com

–" قەیناکا... من گارڤوایت"م.

ریشی هێشتبۆوە، رووییێکی سیس‌وپیسی هەبوو، بەڵام من توانیم بیناسمەوە. خۆی ئەو لاوە دلێرەبوو، کە بەر لەسێ ساڵ چەند مانگێك لە حەشارگەکەمان لە "عگین ئالین"دا مایەوە، وشەنهێنییە تایبەتەکانی هۆبەی هەواڵگەریی "پاژنەی ئاسنین"ی نهێنی دامێ، کە نیشانەی ئەوەبوو، ئەویش لەخزمەت ئەودا کاردەکات‌و دڵنیایکردم‌و یەکلایکردەوە:

–" هەرکە دەرفەتم بۆ هەڵکەوێ لەم شوێنەدا دەربازتدەکەم. بەڵام لەهەنگاو هاویشتندا هوشیاربە، نەکەی پێت هەڵزەنێ‌و بکەوی."

لەپڕ ئەو رۆژە، شتەکان گشتییان روویانداو، لەپڕ تاوێکی هێڵنجێنەردا ، هەرچیوپەرچییەکان جڵەوی سەرکێشی خۆیان راگرت‌و لە شوێنی خۆیاندا وشکبوون، بەتوندی بەرژنێکی قەبە کەوتم کە لەپێش منەوە بوو (پیاوە چاکەتە هەڵقڵیشێندراوەکە لەبەرچاو نەما)، کەچی ئەوی لەپشت منەوە بوو بەرمن کەوت. قاووقیژێکی بەتەوژم– هات‌وهاوارو، نەفرەتکردن‌و هاواری هەڕەشەکردنی کوشتن خۆی سەپاند، کەچی گرمەگرمی تۆپی لەسەریەکی زۆر شڵەژاوو شلینگی تفەنگ، بەسەر ئەوەدا گشتی زاڵبوون. لەسەرەتادا نەمتوانی شتێ تێبگەم. خەڵك لەدەوروبەرمدا، بەچەپ‌و راستدا دەکەوتن. ئەو ژنەی لەبەردەممدا بوو زۆر نووشتایەوەو بەشێوەیەکی هاروهاجانە نینۆکەکانی چەقاندنە سکی پیاوێك لەبەر پێمدا هەڵدەلەرزی‌و پەلەقاژەی مەرگی دەکرد.

وام بەخەیاڵداهات ئێمە لە پێش کەتیبەکەوە وەستاوین. ئەونیو لەدووریی نیومیلەوە لەبەرچاوان بزربوو– بەڵام لەکوێ‌و چۆن، هەرگیز ئەوەم نەزانی. تەنانەت تاکو ئێستاش نازانم چ بەسەر ئەونیومیلەی حەشامەتەکەدا هات– ئایا هەورە تریشقەیەکی ترسناکی شەڕ تەفروتوونایکردن، یاخود لەناوچووم‌و بەرەبەرە فەوتان، یان رایانکرد. بەڵام وا ئێمە لەوێین لەپێشەوەی کەتیبەکە نەك لەناوەراستیدا. ئاوا لێشاوی گیزەگیزی گوللە گیانمان دەردەکات.



هەر کە خەریکبوو مەرگ لایەکی ئاپوورەکە تەنکبکات. گارپوایت، کە هێشتا قۆڵی منی گرتبوو، دەستەیەك لەوکەسانەی دەربازبووبوون، بردنی بۆ دەروازەیەکی فراوانی یەکێك لەو بینایانەی پڕ بوو لە نووسینگەی کۆمپانیا خاوەن کارەکان. لەوێ لەدواوە، لای دەرگاکانەوە حەشامەتێك، کە هانکەهانکیان پێکەوتبوو تەنگاویانکردین. لەوماوەیەدا هیچ گۆڕانێك بەسەربارودۆخماندا نەهات. گارپوایت دەستیکرد بەبانگکردنم‌و پاڵاوتنم بۆ کارێ:

–"لەوەدا زۆر چاك سەرکەوتی. تۆم خستە تەڵەو داوەوە. لەشەقامدا بەختی دەربازبوونمان لەبەختی قومارچییەکی دەکرد. بەڵام لێرەدا هەرهیچ بەختمان نییە، هەمووشتێك دواییهات هاوارکردن نەبێ.

بڕی شۆڕش پاشان ئەوەی چاوەڕوانیدەکرد دەرکەوت. هێزەکانی چڵکاوخۆران بێوچان خوێنییان دەرشت. لەسەرەتادا لێشاوی مرۆڤ تەنگاویکردبووین، رامالدەربوو، بەڵام خوێنڕشتنی بەردەوام تەوژمەکەی لەسەر سووککردین. مردووەکان‌و ئەوانەی لەسەرەمەرگا بوون کەوتبوونە سەرزەوی‌و بواری شوێن پێیەکیان دابوو. گارپوایت دەمی بەگوێمەوەناو هاواریکرد. بەڵام گیزەگیزە ترسناکەکە نەیهێشت هیچ وشەیەك تێبگەم. چاواڕوانینەکردو گرتمی‌و لەعەردی کوتام، پاشان ژنێکی راکێشا کە لەدواهەناسەی گیانداندابوو و تووڕیدایە سەرمن، زۆر بەتەوژم وتەکان کشایە پاڵم‌و کەمێك کەوتە سەرم، هەریەکسەر گردێك لە مردوو و ئەوانەی لەسەرەمەرگا بوون بەسەرماندا کەڵەکەبوو. لەسەر ئەو گردۆڵکەیە، ئەوانەی کە ژیانیان تێدا مابوو، نینۆکیان لێگیر دەکردو ئاهو ناڵەی بەئازارییان لێوە دەهات. هەندەی نەخایاند ئەوانیش خپبوون‌و نیوە ماتییەك‌و بێدەنگییەکی پچڕپچڕ، بەنووزەی هەناسە بڕان‌و هەناسە هەڵکێشانی دووردوودرێژو دەنگدانەوەی باڵی بەسەر ئەو شوێنەدا کێشا.

ئەگەر گارپوایت نەبوایە، بەتەواوەتی دەهاڕرام، وادیاربوو، لەوبارو دۆخەدا پێمنەدەکرا بەرگەی ئەو قورساییە بگرم کە کەوتبوومە ژێر باری‌و دواهەناسەی

www.pertwk.com

ژیانم بەدەستەوە بمێنیٚ. لەگەڵ ئەوەشدا تاکە هەستیٚ کە خۆی بەسەرا سەپاندم، سەرەڕای ئێش‌و ئازار، خۆتێهەڵقورتاندنبوو، بەشێوەیەك ئەوە دوایی دیٚ ؟ مردن بە چ جۆرێك دەبیٚ؟ بەم شێوەیە راگریی سووری خۆم لەو قەسابخانە چیکاگۆییەدا، دانا بەرلەوە لەکن من مردن تەنیا هەر تیۆر بوو بەڵام لە رۆژانی دواییداو ئێستاش مردن لای من بووەتە رووداوێکی ساکارو چ لەمەسەلەکە ناگۆڕیٚ، تابلێی ئەوە کارێکی سووکە. بەڵام چڵکاوخۆران قایلنەبون بەوەی کردیان، دەروازەی بینایەکەیان داگیرکرد، برینندارەکانیان لەناوبردن. لەهی وەك ئێمە دەگەڕان، کە هیچ ئازارێکیان پێنەگەیشتبوو، یان خۆیان کە خۆیان کوژراوەکاندا پیاوێکیان راکێشا کە لەبەربەیان دەپاڕایەوە نەیبەن، پاشان گوللەی دەمانچەیەك بێدەنگیکرد، ژنێك لەناو گردێکی کوژراواندا مەخزەنی تفەنگەکەی پڕدەکرد، دەیقیژاندو تەقەیدەکرد، بەرلەوەی بیگرن شەش گوللەی تەقاندو نەمانزانی چ ئازارێکی گەیاند. تەنیا هەر لەڕێگەی دەنگەوە دەمتوانی لەکارەساتەکان ئاگاداربین.

بارودۆخێکی شەوکوێرانەی هاوجۆر جاروبار روویدەدا، پاشان بە گوللەی دەمانچەیەك، کەسنووری بۆ دادەنا، دەگەیشتە چڵەپۆپە، لەوماوانەدا توانیمان گوێمان لەسەربازان بیٚ، کاتیٚ لەناو لاشەکاندا دەگەڕان، دەدەدوان‌و جنێویاندەدا. ئەفسەرەکانیان لێیانڕادەخوڕین کە پەلە بکەن.

پاشان هاتن بۆ کارکردن لەناو کەڵەکەی مرۆیی ئێمەدا. توانیمان هەست بەکەمبوونەوەی تەوژم‌و فشار بکەین هەرجاریٚ کە لاشەی مردوویێك، یان جەستەی برینندارێکیان رادەکێشا، گارپوایت بەدەنگێکی بەرز وشەی نهێنی دەدرکاند.

لەسەرەتادا کەس گوێی لێنەبوو، ئنجا دەنگی بەرزکردەوە

ڤێمان لێبوو سەربازێك دەیگوت:

–"گوێبگرن! گوێبگرن!"



دوای ئەوە دەنگێکی تیژی ئەفسەرێکمان هاتە بەرگویٚ:

–" کەمێك ئارامت هەبیٚ! ئێوەش ئەی سەربازەکان ئاگاداربن!"

ئای، لەیەکەم هەناسەی هەوا کەسییەکانمان پێپڕکردو ئێمەیان لەژێر لاشەکاندا دەردەهێنا! لەپێشەوە گارپوایت دەستی بەقسانکرد، بەڵام من ناچار بووم ملکەچی پشکنینێکی پوخت بم تاکوبیسەلمێنم کەمن لە ریزی "پاژنەی ئاسنین"دا کاردەکەم.

ئەفسەرەکە گەیشتە ئەم دەرئەنجامە:

–"ئای، لەبەکرێگیراوە هاندەرەکانن. قەیناکا!

مێرمنداڵێکبوو، شاگردێك بوو لە شاگردەکانی قوتابخانە سەربازییەکان، سەربەبنەماڵەیەکی گەورەی ئۆلیگاریەت بوو.

گارپوایت بەبێزارییەوە بۆڵەبۆڵێکی لێوەهات:

–"ئای کە چ ئەرکێکی نەفرەتلێکراوە! تەقەلا دەدەم کەواز بێنم‌و بچمە ریزی سوپاوە. ئەی پیاوانی سوپا بەڕاستی ئێوە چوستی‌و چالاکیی زۆرتان هەیە!"

ئەفسەرە لاوەکە لەوەڵامدا گوتی: –"تۆ شیاوی ئەوەیت. من هەندیٚ دەسەڵاتم هەیە. بابزانم، ئەگەر بکریٚ ئەم گواستنەوەیەت بۆ دەکەم، دەتوانم ئاگادارییانبکەم چۆن تۆم دۆزیوەتەوە."

ناوی گاراپویت‌و ژمارەکەی نووسی، پاشان رووی لەمن کردو گوتی:

–"ئەی تۆ؟"

منیش بەروییێکی خۆشەوە وەڵامم دایەوە:

–"ئۆی، من خەریکە شووبکەم، ئەوسا لەمە گشتی دەکشێمەوە"

ئاوا کەوتینە ناوقسان، لەهەمان کاتدا کوشتنی برینداران بەردەوامبوو، کاتیٚ ئەوە هەمووی وەبیرخۆم دەهێنمەوە، لە خەوێك تێپەڕناکات، بەڵام لەوکاتانەدا لەهەموو شتێك سروشتیتر بوو لە جیهاندا. گارپوایت‌و ئەفسەرە لاوەکە کەوتبوونە ناو دوانێکی سیحراوی لەبابەت جیاوازیی نێوان ئەوەی پێیدەگوتریٚ شەڕی

www.pertwk.com

نوێو شەڕی ئێستای شەقامەکانو شەڕەکانی بیناکانی ناوهەوران کە بەپانیو بەدرێژیی شارەکەدا بەرداشەکەیان دەسووڕا, بەوریایی گوێم بۆ قسەکانیان قولاخکردبوو, لەهەمان کاتدا قژی خۆم چاکدەکردو تەننوورە دڕاوەکەم بە دەرزیلە قایمدەکرد.

بەدرێژایی کات کوشتنی برینداران بەردەوامبوو. هەندێ جار تەقەی دەمانچەکان بەسەردەنگی گارپوایتو ئەفسەرەکەدا زاڵدەبوو. ناچار دەبوون ئەوەی دەیانگوت دووپاتیبکەنەوە.

سێ ڕۆژ لەرۆژگارەکانی کۆمۆنەی چیکاگۆ ژیام. مرۆ دەتوانێ فراوانییەکەیو فراوانی قەسابخانەکە بێنێتە بەرچاو, ئەگەر من بڵێم, بەدرێژایی ئەوماوەیە جگە لەکوشتنی کوڕانی دۆزەخو جگە لەو کوشتارەی سەرزەوی, نێوان بیناکانی ناوهەوران, شتێکی ترم نەدەدی. لەراستیدا هیچ کاری قارەمانانەی هاوڕێیانم بەدینەکرد. دەمتوانی گوێم لە تەقینەوەی مینو بۆمباکانیان بێو دووکەڵی شوێنی ئاگرتێبەردانەکانیان ببینمو چیتر نا, بەهەرحاڵ لەمنارەیەکەوە بەشێ ئاسمانم بینی, ئەوەش هێرشە باڵۆنییەکانبوون کە هاوڕێیانمان بۆسەر قەڵاکانیان بردبوون. ئەمەیان دووەمین ڕۆژبوو. سێ کەتیبەکەی کە لایەنگیر نەبون تادوا پیاو تەفروتوونا بوون. قەڵاکان پڕبوون لە چڵکاو خۆران. با, بەئاراستەی دروستدا هەڵیکرد, باڵۆنەکانمان بەرزبوونەوە بۆیەکێ لە بیناکانی نووسینگەکانی ناوشار. بیدینباچ, پاش دەرچوونی لە "گلین ئاین بیدینباچ تەقەمەنییەکی داهێنابوو کە ناوی نا (بەرەڵڵا). ئەمە ئەو چەکەبو کە باڵۆنەکان بەکاریانهێنا. تەنها باڵۆنی پڕ لەهەوای گەرمبوون, کە بەپەلە لەپارچە پەڕۆ دەروستکرابوون, بەڵام ئەوکارەی پێیان سپێردرابوو بەجێیانگەیاند. ئەوەم لەیەکێ لە قولەپۆپەی بیناکانی نووسینگەکان دی. باڵۆنی یەکەم ڕێی قەڵاکانی هەڵەکردو بەرهیچ کامێکیان نەکەوتو لەئاسمانا ونبوو. بەڵام لەدواییدا سەرەنجامەکەمان زانی "پۆرتۆن"و "ئۆساليڤان" لە باڵۆنەکەدا بوون. لەکاتی نیشتنەوەدا یەکسەر خۆیان لەسەر شەمەندەفەرێکی سەربازان دیبوو کەو بەپەڕی خێرایی بەرەو چیکاگۆ تەکانیدەدا. ئەوانیش هەموو تەقەمەنییەکانیان فڕێدابووە سەرشەمەندەفەرەکە, کەڵەکەبوەکەو ئەو شتانەی بەسەر یەکدا کەتبوون چەند ڕۆژێك ڕێگەی شەمەندەفەرە هەڵمییەکانیان گرتبوو, چاکترینشت ئەوەبوو کە باڵۆنەکە لە قورسایی تەقەمەنییەکان دەربازبووبوو, بە ئاسماندا تەکانی دابوو, پاش ئەوەی شەش میل لەئاسمانا بەرز نەبۆوە ئەوجا نیشتەوە. بەوشێوەیە هەردوو قارەمانەکان دەربازبوونو ئازاریان پێنەگەیشت. بەڵام باڵۆنی دووەم سەرکەوتنی وەدینەهێنا, بەرزاییەکەی لەئاسمانا بەرزاییەکی لەنگبوو. لەهەوادا زۆر بەرزنەبووبووەوە, بەرلەوەی بگاتە قەڵاکان گوللەیەکی پێکەوتبوو کونی تێبووبوو. "هێرتفۆردو "گینس"ی تیبوون, پارچەپارچە بوونو هەڵتەکێنران, پاشان زانیمان بیدینباچ تووشی سێیەم باڵۆن بوو. بەنزمی فڕی بەڵام بەختی هەبوو. بەهیچ جۆرێ گوللە بەر باڵۆنەکەی نەکوت. ئێستاکەش وەك ئەوسا هەر لەبەرچاومە. لە لوتکەسەرکەشەکەی بیناکەوە– ئەو کیسە بەهەوا پفدراوەی لەگەڵ هەوادا دەڕوات, لەگەڵ ئەو پیاوە تۆزقاڵەدا کە نووسابوو بە بیناکەیان . من نەمتونی قەلاکە بەدیبکەم. بەڵام ئەوانەی سەربانەکە لەگەڵ مندا بوون دیتیان ئەویەکسەر لەسەر لوتکەکە بوو. تەقەمەنی یەکەمم نەدی کە فڕێیدا بکەوێ, بەڵام من توانیم باڵۆنەکە ببینم کە لەپڕ بۆ ئاسمان هەڵبەزییەوە. پاش ئەوە کەمێکی پێوو ستوونی تەقینەوە قەبەکە لەئاسمانا بەرزبۆوە, ئنجا گوێم لەگرمەکەی بوو. بیدینباچی رۆحسووك قەڵاییێکی رمان– دوابەدوای ئەو دووباڵۆنی تر بۆی دەرپەڕین. بەڵام یەکێکییان لەهەوادا پارچە پارچە بوو, دوای ئەوەی ئەژدەرە بەرەڵڵاکان تەقینەوەکە لەناویادا بوون, باڵۆنەکەی تربەشێوەیەکی نایاب کەوتە سەرقەڵاکەی ترو دڕا. نەدەکرا لەوەی چاکتر بکرێ– هەرچەندە ئەو دووهاوڕێیەی کەتیایا بوون گیانی خۆیان بەخشی.

بەڵام با بگەڕێینەوە سەر کوڕانی دۆزەخ, شارەزاییم دەربارەیان کەمبوو, هاروهاجانە تەکانیان داو دەستی کوشتن‌و بڕین, وێرانکارییان خستە ناو هەموولایەکی شارەرسەنەکە. پاشان ئەوانیش لەناوچوون. بەلام هەموو جارێکیش نەیانتوانی بگەنە شاری ئۆلیگارکییەکان کە کەوتبووە لای رۆژئاوا. ئۆلیگارکییەکان زۆرچاك خۆیان پاراستبوو زانیبویان چۆن خۆیان‌و خێزانەکانیان لەووێرانکارییە دەربازکەن کە ناوجەرگەی شارەکەی کردە پەردوو. پێیانگوتم کەمنداڵەکانیان لەورۆژگارە ترسناکانە لەباغەگشتییەکاندا یارییاندەکردو, چاکترین یارییان ئەوەبوو کە ئەوانیش وەك باوکەکانیان پێبنێن بەسەر جەستەی پرولیتارەکاندا.

بەڵام چڵکاو خۆرەکان بۆیان دەرکەوت کە زەحمەتە بەرەو ڕووی کوڕانی دۆزەخ ببینەوەو لەهەمان کاتیشدا دژ بە هاوڕێیان بجەنگێن. چیکاگۆ, داب‌ونەریتی خۆی دەپاراست. هەرچەندە وەچەیەك لەشۆڕشگێڕان لەناوچوون, لەهەمان کاتدا بەتەواوەتی نزیکەی وەچەیەك لەدوژمنەکانی خۆی لەناوبرد. "پاژنەی ئاسنین ژمارەی کوژراوەکانی ئاشکرا نەکرد, بەڵام بەلانی کەمەوەو بەپێی ناوەنجیترین قەبلاندن سەدوسی هەزار کەس لە هێزەکانی چڵکاوخۆران کوژران. لەهەمان کاتدا هاوڕێیان لە رەوشێکی نائومێدیدا بوون. لەجیاتی ئەوەی هەموو وڵات یەکدەست بۆ شۆڕش راپەڕن, هاوڕێیان خۆیان بەتەنیا بینییەوە. ئۆلیگارکییەت دەیتوانی, ئەگەر پێویستبکات, تەواوی هێزەکەی خۆی بنێرێتە سەریان. سەعات دوای سەعات‌و رۆژ دوای رۆژ چڵکاو خۆران بەشەمەندەفەری بێشومارو بەسەدان هەزاران دەرژانە ناو چیکاگۆ.

ئای کە کوڕانی دۆزەخ چەند زۆربوون! هەر کەسەربازان لە کوشتن‌و بڕین‌و خوێنرشتن بێزاربوون دەستیان بەبزووتنەوەی "لێخوڕینی چەند کەژاوەیەك"ی قەبە کرد بەمەبەستی بردنی هەرچیوپەرچی, وەك ڕەوە رەشەوڵاخ, بەرەو دەریاچەی "مچیگان". کە من‌و گارپوایت بە ئەفسەرە لاوەکە گەیشتین ئەو بزووتنەوەیە لەسەرەتایدا بوو, لە راستیدا ئەو بزووتنەوەیە لەسایەی ئەوکارە بەرزەی هاوڕێیان کردیان بەتەواوەتی نوشستیهێنا, لەجیاتی ئەوگردکردنەوە بێشومارەی کە چڵکاوخۆران دڵی خۆیان پێخۆشکردبوو, توانیان تەنیا چل هەزار کلۆڵ ببەن بۆ دەریاچەکە. جاروبار هاوڕێیانمان دەکەوتنە خەریککردنی چڵکاوخۆران. هەر کە چڵکاوخۆران بیانتوانیایە کۆمەڵێك لە کلۆڵان بەرەو گۆمەکە راپێچکەن جاروبار هاوڕێیانمان دەبوونە ڕێگریان, من‌و گارپوایت دوای گەیشتنمان بە ئەفسەرە لاوەکە نموونەیەکمان لەوەدی. درێژەی ئەوە, ئەوەبو کە ئەو هەرچیوپەرچییانەی ئێمە بە شێکمان لەوان پێکدەهێناو, ئەوانەی پاشەوپاش گەڕانەوە, بەنێزەی چەند هێزێکی زۆر توند ڕێگەی راکردنیان بۆ باشور, یا رۆژهەڵات لێگیرا. ئەو هێزانەی گەمارۆی ئێمەیاندا لەلای رۆژئاواوە ڕێیانپێگرتن, باکوور تاکە بوارێکبوو کە لە پێشیاندا مابۆوە. بەرەو باکوور تەکانیاندا, گە دەریاچەکەی لێبوو, لەلای رۆژهەلات‌و رۆژئاواو باشوورەوە بەئاگر بارانی تفەنگ‌و دەمانچەی ئۆتۆماتیکی هەموویان رامالران. بەڵام هەندەی نەبرد کە قەرەباڵغی هەرچیوپەرچی بەرەو شەقامێك تەکانیدا, کە بەشێوەیەکی پانوپۆر بەرەو رۆژئاوا دەچوو– نازانم ئایا ئەوە لەبەر دەرککردنی خەڵکەکە بوو کە رایاندەپێچن بۆ گۆمەکە, یاخود لەبەرجینگڵدانی کوێرانەی جانەوەربو و– بەرەو شەقامەکەی دوای ئەو پێچیکردەوە, پشتاوپشت کشایەوەو بەرەو لای باشوور تەکانیدا, بەرەو گەڕەکە گەورەکەی کارگەران.

ئەوە لەمن‌و گارپوایت, تەقەلاماندەدا بەرەو رۆژئاوا ڕێگا شەقکەین, بۆئەوەی خۆمان لە چوارچێوەی شەڕوکوشتاری شەقام دەربازبکەین. بەڵام هێندەی نەبرد سەرلەنوێ لەقووڵاییەکەدا نقوومبووینەوە. کاتێ ئێمە بۆلای گۆشەکە دەچووین, دیمان هەرچیوپەرچییە بەگرموهۆڕەکان بەرەو ئێمە تەکانیاندەدا. گارپوایت باڵی گرتم. هێشتا دەستمان بەراکردن نەکردبوو, کەلەبەردەم پێچکەکانی نێودەستەی ئۆتۆمبێلی جەنگی رەشاش لەسەر کەبەرەو ناوچەکە گورج دەڕۆیشتن, منی بۆ

www.pertwk.com

پشتەوە راتەکاند لەپشت ئەو ئۆتۆمبیلانەوە سەربازەکان بەتفەنگە ئۆتۆماتیکییەکانیانەوە هاتن. هەر کە شوێنی خۆیان گرت, هەرچیوپەرچییەکان یەکسەر شاڵاویان بردە سەریان, وەك بڵێی کشانی میللیی بەگوڕ نقومیاندەکات, بەرلەوەی ئەوان بتوانن هیچ بکەن. لێرەو لەویٚ سەربازێك بە تفەنگەکەی تەقەیدەکرد.

بەڵام ئەو تەقە پەرشوبڵاوە نەیتوانی هەرچیوپەرچییەکان بوەستێنیٚ. کۆمەڵەکانیان هێرشیان هێنایە سەرسەربازەکان‌و بەرقێکی ئەستوورەوە دەیانقیژاند. وادیاربو کە نەدەکرا بەهیچ کلۆجیٚ رەشاشەکان بتەقێنرێن. ئەو ئۆتۆمبیلانەی رەشاشیان بەسەرەوە بوو, شەقامەکەیان گرتبوو, سەربازەکانیان ناچارکرد کە لەنێوان‌و لەسەر شۆستەکان لەشوێن بگەڕێن.

لەنویٚ ژمارەیەکی زۆر لەسەربازان ڕژانە سەرشەقام, لەگەرمەی قەرەباڵغیدا نەمانتوانی رابکەین. گارپوایت هەردوو باڵەکانی گرتم, پێکەوەو بەتوندی خۆمان نووساند بەدیوارێکدا.

هەرچیوپەرچییەکان هەر بیست‌و پێنج پیٚ دووربوون کە رەشاشەکان ئاگربارانیانکردن. بەڵام هیچ کەس ناتوانیٚ لەناو ئەو مەرگە کلّپەدارەدا رزگاربیٚ. هەرچیپەرچییەکان گورجتر هەنگاویان هەڵهێنایەوە,بەڵام نەیانتوانی بۆ پێشەوە بچن, بەسەریەکدا کەڵەکە بوون, بوونە گردۆڵکە, بەڵکو شەپۆلێکی یەکجار گەورەی مردووان‌و گیانەلاّیان ئەوانەی لەپشتیانەوە بوون هانیاندان بۆ پێشەوە بچن.

هەرچی‌و پەرچییەکان لە زێرابێکەوە بۆ زێرابێکی تر یەکتریان شاردەوە. برینداەرکان بەژن‌و پیاوەوە بەسەر لوتکەی ئەوشەپۆلە ترسناکەدا رشانەوەو گلۆر بوونەوە, تەنانەت وەك تاو لەرز لێهاتوو لەژێر تایەی ئۆتۆمبیل‌و پێی سەربازاندا جنگلیاندا, ئەو سەربازانەش نێزەکانیان لە سینگی کلۆڵە یاندارەکان کوتا, بۆخۆم کلۆڵێکم دی توانی هەستێتە سەرپیٚ‌و پڕبداتە قوڕقوڕاگەی یەکیٚ



لەسەربازەکان‌و ددانی لێگیرکات, هەردووکیان لەناو حەشامەتە تێکقژاوەکەدا, کەوتنە گۆڕیٚ.

تەقە وەستا , پاش ئەوەی ئەوتەقەلایەی رەش‌ورووت بۆ رێگەکردنەوە دایان سەرینەگرت کار جێبەجێکرا فەرماندرا کە پێچکەی ئۆتۆمبێلی جەنگی دەربهێنرێن, چونکە نەیاندەتوانی بەسەر شەپۆلی مردووەکاندا بەرەوپێش بچن. تەگبیرەکە وای پێویستدەکرد کە بۆ ئەو شەقامەی رێی گرتبوو پاڵبدرێن. کە ئەوە رویدا سەربازەکان لاشەکانیان رادەکێشان. لەدواییدا زانیمان, چۆن ڕوویدا, لەدووریی چەند بینایەکەوە سەدکەس لە هاوڕێیانمان لەبیناکاندا رێگەی خۆیان کردەوەو بەجۆریٚ چوونە پێشیٚ, کە دەیانڕوانی بەسەر سەربازە پاڵپێکدەرەکاندا. پاشان کوشتارێکی پێچەوانە روویدا.

بێهیچ ئاگادارییەك لەسەربانی بیناکەوە رێژنە بۆمبایەك کەوتنە خوارەوە, ئۆتۆمبێلەکانیان پارچەپارچەکردن‌و زۆر سەربازیش لەگەڵیاندا پارچەپارچە بون. ئێمەش لەگەڵ ئەوانەی رزگاربوون, پاشەوپاش گەڕاینەوە. هاروهاجانە گەڕاینەوە, پاش ئەوەی لەچەند بینایەك تێپەڕبووین, لەبینایەکی ترەوە ئاگرباران کراین. وەك لەمەوبەر سەربازان شەقامیان بەفەرشی بەندەی مردوو داپۆشی, ئەوانیش بەدەوری خۆیان بوون بەفەرشی شەقامەکە, بەڵام من‌و گارپوایت نوشتەیەك ژیانی دەپاراستین, وەك کرداری لەمەوبەرمان, جارێکی دی لەدەروازەیەکدا حەشارگەیەکمان دەستکەوت. بەڵام گارپوایت نەیهێشت. ئەمجارەیان بێئاگا بگیریٚ. هێشتا گرمەو هارژنەی بۆمباکان کپنەبووبووە کە ئەو دەستیکرد بە تێڕامان‌و سەرنجی ورد, بانگی لێکردم‌و گوتی:

–"هەرچیوپەرچی جارێکی دی دێنەوە! دەبیٚ لەم شوێنەدا دەرچین!"

رامانکردو دەستم لەناودەستیدا بوو, بەشۆستە خوێناوییەکەدا هاتینە خواریٚ, ساتمەماندەکرد, هەردەخلیسکاین‌و بەرەو گۆشەکە دەچووین. لەرێگەی شەقامە رێگرەکەدا دەمانتوانی چەند سەربازیٚ بەدیبکەین‌و ئێمە هێشتا هەر

www.pertwk.com

رامانـدەکرد. ئەوحەلـە شـتێکییان پێنەدەکـەوت, ڕێگەکـە هاتوچـۆی تیـابوو. بەمشێوەیە ساتێك ئارامماندگرت, ئاوڕمان لەپشتەوە دایەوە, هەرچیوپەرچییەکان بەهێواشی هاتن.

هـەموونیازێکیان دەست بەسـەراگرتنی تفەنگـەکانی سـەربازەکانو لنـاوبردنی برینـدارەکانیان بـوو. کۆتـایی ئـەو ئەفسەرە لاوەمـان دی کـە ئێمـەی دەربـازکرد. بەدەم ئێشو ئازارەوە بە ئانشکی خۆی بەرزکردەوە, دەمانچە ئۆتۆماتیکییەکەی لێکەوتە خوارێ.

گارپوایت پێکەنینی هات کە ئافرەتێك بەرە برینـدارێك غاریـدەداو قیمـەکێش (سیخناخ)ێکی رادەوەشاند. پێیگوتم:

–"هیوای بەرزبوونـەوەی پلـەم بڕا! خێراکە! ئەمەیـە ڕێبازی هەڵـە. بەڵام ئێمـە بەشـێوەیەکی دی دەربـازدەبین. بـەلای ڕۆژهەڵاتـدا بـەناو شـەقامە خامۆشـەکاندا رامـانکرد, ئامـادەبوین بـۆ هەرشـتێ کـە لەوانـەبو لەهـەر شـەقامێکی ڕێبەسـتدا ڕووبـدات. بـەرەو باشـووریش ئاگرکەوتنەوەیـەکی زەبـەللاح ئاسمـانی تـەنیبوو. زانیمان کە گەڕەکی گەورەی کرێکاران بۆتە خۆراکی ئاگر, ئیتر لەسەر شۆستەکە راکشام, هەموو لەشم داهێزرابوو, چیتر نەمدەتوانی هیچ هەنگاوێکی تر هەڵێنمو بـەرەوپێش بـچم. لەشـم رووشـابوو, برینـداربووم هـەمووگیانم ژانیـدەکرد. سەرەرشـای ئـەوەش بـەدەم گارپوایتـەوە خـۆم پێنـەگیرا زەردەم نەیـەتێ کـە جگەرەیەکی دەپێچایەوەو دەیگوت:

–" من دەزانم خـراپ رزگـارمکردی. بـەڵام نـاتوانم هـیچ شـتێ لەبارودۆخەکـە بگـەم. بەراسـتی تەڵەیـە. هەرچـەند تەقـەلای راکردنمـان دابـێ شـتێ ڕوویـداوەو پشتاوپشت گەڕاوینەتەوە. ئێمە هێشتا چەند خانوویێك لەوشوێنەوە دوورین کە لە دەروازەکەدا دەرمهێنای. دۆستو دوژمن واتێکەڵاو بوون لێکناکرێنەوە.

لەباری نەبوون chaos دەکات. تۆ نازانی کێ لەو بینا بەنەعلەتییانەدان هەوڵێ بـدە لەراسـتی رەوشـەکە ئاگـاداربی بۆمبایـەك بەرسـەرت دەکـەوێ. هەوڵبـدەی بەئاسـودەیی ڕێ بگریتـە بـەر, خـۆت لەناوحەشـامەتی هەرچیوپەرچـییەکاندا دەبینیتەوەو بەگوللەی رەشاش گیان لەدەستدەدەی, یان خۆت لـەناو هێزەکانی چـڵکاوخۆراندا دەبینـی بەگوللـەی هاوڕێیانـت لـەبانی بیناکـەوە دەکوژرێیـت. سەرەڕای ئەوەش, هەرچیوپەرچی پەلامارتدەدەنو دەشتکوژن."

بەخەمۆکییەوە سەری لەقاند, جگەرەکەی داگیرساندو لەتەنیشتمەوە دانیشت. لەسەرقسەکانی رۆیی و گوتی:

–"من وا خەریکە لەبرسانا دەمرم, دەتوانم چگڵی ڕێگە بخۆم!"

پـاش چـاوتروکانێ یەکسەر قیتبـۆوە, بـەرەو شـەقام تـەکانی داو لـە چـگڵێك وردبـۆوە, پاشـان هێنـایو کێـشای بـە پەنجـەرەی دووکـانێکی پـشتەوەمانداو کونێکی تێکرد.

کاتێ گارپوایت یاریدەیدەدام لەکونەکەوە بچمە ژوورێ, بۆی روونکردمەوە:

–"ئـەوە نهـۆمی زەوییـە, هەرچـەندە شـوێنێکی باشـنییە, بـەڵام ئـەوە چـاکترین شتە کە دەیکەین, تۆ سەرخەوێك بشکێنە, منیش دەچم تا لەراستیی هەڵوێستەکە بگـەم. ئـەم پرۆسـەی دەربازکردنـە بەچـاکترین شـێوە رادەپـەڕێنم. بـەڵام مـن کـاتم گەرەکە. کات کاتێکی زۆریشو شتێ کە ئاگاداریبم."

ئـەو شـوێنەی خۆمـان تێدا دیێتـەوە دووکـانی کەلوپـەلی ولاخ بـوو, لەنووسینگە تایبەتییەکەی لەپشتەوە بو لەناو نوێنێکدا داینام کە لەچەند بەتانیەك پێکهاتبوو. ئەوژانـە سـەرە قورسـەی کـە تووشـم هـات کوێرەوەرییەکـەی پـتر کـردم. تـابڵێی شادبووم کە چاوەکانم لێکنانو ئەویش خەوی لەخۆی رەواندەوە.

بەم وشانە بەجێیهێشتم:

–"زوو دەگەڕێمـەوە, مـن بەخۆمـدا رانەپـەرمووم ئۆتۆمبێلێکـت بـۆ بێـنم. بـەڵام بێگومان هەندێك خواردنت بۆ دێنم."

www.pertwk.com

لەماوەی سێ ساڵدا ئەوە دواجار بوو گاراپوایتم دی. لەجیاتی ئەوەی بگەڕێتەوە لام . بردرایە نەخۆشخانەیەك. گوللەیەك سییەكانی سمیبوو، گوللەیەكی تریش گۆشتی ملی.



# بیست و چوارەم بەش

## مێردەزمە

www.pertwk.com

# مێردەزمە

لەناوشەمەندەفەر "سەدەی بیستەم"دا، دوێنێشەو خەونەچوە چاوم، لەبەرئەوەو لەبەرئەو هیلاکیو ماندووبوونەی بێتاقەتیکردبووم، خەوێکی قووڵم لێکەوت. کە لەخەوهەستام، شەوبوو هێشتا گارپوایت نەگەڕابۆوە. سەعاتەکەم لێونبووبوو ئاگاداری سات‌وکات نەبووم. کاتێ کەدرێژبووبووم‌و چاوم لێکنابوو هەمان دەنگەکزەکەی تەقینەوە دوورەکانم دەهاتە بەرگوێ، هێشتا ئاگری دۆزەخ دەسووتا، لەناودوکانەکاندابۆ پێشەوە خشکام لەپڕ ئاگری ئەوسووتانە گەورەیەی کە لەئاسمانەوە پێچەوانە دەبۆوە رووناکییەکی، وەختە بڵێم، وەك رۆژی رەوشەن دەرژاندەسەر شەقام.

ئادەمیزاد دەیتوانی بەسووکیو سانایی وردترین پیتی چاپ بخوێنێتەوە. لەدوریی چەند بینایەکەوە گرمەی بۆمبای نارنجۆك‌و دەنگدانەوەی رەشاش دەهاتنە بەرگوێ. لەمەودایەکی دوورترەوە زنجیرەیەك تەقینەوەی گەورەگەورە هت، لەسەر جلی ولاَخ بەگاگۆڵکێ گەڕامەوەو سەرلەنوێ خەوم لێکەوتەوە.

کە جارێکی دی لەخەو هەستام، رووناکییەکی کز و زەرد لێیدەدام. ئەوە کازێوەی دووەم رۆژبوو. بەگاگۆڵکێ بەرەو پێشەوەی دووکانەکە چووم. لەپڕ دووکەڵێکی زۆرو خەست‌و چڕم بەدیکرد ئاسمانی تەنیبوو، تریسکەی تۆخی تێدا بوو. لەوبەری شەقامەکەوە کۆیلەیەکی کلۆڵ بەلادا لارەلار بەدەستێکی توند توند کەلەکەی خۆی دەگوشی، شوێنەوارێکی خوێناوی بەدوای خۆیدا بەجێدەهێشت. چاوە ئەبڵەقەکانی بەهەموو لایەکدا دەگێڕان، پڕ بون لەترس‌و لەرز، جارێك راستەوخۆ چاوی تێبڕیم، رەنگ‌و روی جۆرەها خەمی کپ‌و لاڵی دەدرکاند کە روخساری گیاندارێکی بریندراوی راونراو دادەرزێنن. سەیری منی کرد، بەڵام هیچ جۆرە ناسیاوییەکمان نەبو، هەستینەکرد کەمن هیچ جۆرە بەشداربوونێکی ویژدانیم بەرامبەر ی هەیە، بۆیە سەریداخست‌و بەرەو پێشەوە خۆیکێشکرد. دەیتوانی لەسەر ئەو هەموو زەوییە پان‌وبەرینەی یەزدان چاوڕوانی یارمەتیی هەرکەسێکبێ. کۆیلەیەکی بەندەبوو لە ئاهەنگی راوکردنی بەندەی کۆیلەدا، کە ئاغاکان دەیانگێڕا. هەرچییەکی لەتوانایدابوو داوایبکات‌و هەرچییەکی لیێدەگەڕا، تەنیا کونێکبوو کە بتوانێ خۆی بکوتێتە ناوی‌و دەربازبێ‌و وەك هەرگیانلەبەرێك خۆی تێدا بشارێتەوە.

کە گوێی لە ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بوو بەرەو گۆشەکە تەکاندەدا، سڵیکردەوە، ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بۆ وێنەی ئەو نەکراوە، بەنووزەیەکی پڕ لە ئێش‌و ئازارەوە لەبەردەم دەروازەی بینایەکدا بەدەمدا کەوت، پاش خولەکێ سەرلەنوێ بەشەلەشەل بەشێوەیەکی کلۆڵانە بەرەو شەقام دەرپەڕی.

گەڕامەوە سەرجلەکانی ولاَخەکان کە لەسەریان درێژ بوبوم، ماوەی سەعاتێك چاوەڕوانی گارپوایت بووم. ژانە سەرەکەم هیچ بەرینەدام، بەپێچەوانەوە تا دەهات زیاتر دەبوو. زۆر تینم دایەخۆم، ئینجا توانیم چاوبکەمەوەو سەیری شتەکان بکەم، لەگەڵ چاوکردنەوەم‌و سەیرکردنی شتەکان ئازارێکی وام تووشبوو کە بەرگەینەگرم، لەبەرئەوە، مێشکم بەتوندو تیژی لێیدەدا. لەپەنجەرە شکاوەکەوە. بێهێزو بەشێوەیەکی غەریزی داواکەر تەقەلامدا لەو قەسابخانە ترسناکەدا راکەم. دوای ئەوە کەوتمە ژێرباری قورسی مێردەزمە. ئەوەی لەبیرمەو لەوسەعاتانەی بەدوایدا هاتن، هەرئەوەیە کە ئادەمیزاد لە مێردەزمەوە بەبیری دێتەوە. زۆر رووداو لە تیشکۆی مێشکما گرددەبنەوەو زۆرێکیشیان لە نێوان ئەو وێنانەدان ك ناسرێنەوەو لەبیری خۆمدا چەند ماوەیەکی نەست دەیانهێڵمەوە. بەڵام ئەوەی لەوماوانەدا روویدا ئەوەیە کە نایزانم. ئەوەیە کە هەتا هەتایە نایزانم.

www.pertwk.com



لەبیرمە لەقوژبنەکەدا پێمنا بەپێی پیاوێکدا، ئەویش ئەو کلۆڵە بەستەزمانە راونراوەبوو کە بەرامبەر پەناگەکەی من خۆی رادەکێشا. ئای ك چەند بەروونی هەردوو دەستە دەردەدارە سیسەکانیم لەبیرن کەمایەی بەزەیبون، لەوکاتەدا کە کەوتبووە سەرچڵکەکەی رێگە- دوودەست کەزیاتر لە بەدرێژایی تەمەن شێواندبوونی. هەردوو ناولەپی کەچینێك چڵکی پێستی رەق نیشتبووە سەریان، نیوگرێ ئەستوور دەبوو. کاتێ کە دەگلام‌و هەڵدەستامەوەو دەکەوتمەوە رۆیشتن سەیری رووی ئەوشتەم کرد دیم هێشتا ژیانی تیاماوە، چونکە چاوەزیرەکەکانی سپی دانەگرابوون، سەیری منیان دەکردو منیان دەبینی.

دوای ئەوە بۆشاییەکی پڕ بەزەیی داهات. من هیچم نەزانی‌و هیچم نەدی. بەرەتدان‌و لارەلار تەنیا بۆ سەلامەتی وێڵبووم مێردەزمەکەی دوای ئەو کە نیشتبووە سەرم، شەقامێبوو لەمردووان کە هێمنی بەسەریانا زاڵبو، لەناکاو گەیشتمە لای، وەك چۆن رێ لێونبوونێك لەلادێ دەگاتە جۆگەیەکی بەخوڕ. لەگەڵ جیاوازیی ئەوەدا کە ئەو جۆگەلەیەی سەیرمکرد بەخوڕ نەبوو، بەمەرگ بەستبووی. لە شەقامێکەوە بۆ شەقامێکی دی‌و، بەدرێژایی شۆستەکان‌و مەوداکانیان تەرمەکان کەوتبوون، تەخت‌و رێك راکشابوون، جگە لە تۆپەڵەیەك، یاخود گردۆڵکەیەك جەستە، کە لێرەو لەوێدا بوون هیچشتێ رێگر نەبوو. ئای لەکوڕانی بەستەزمانی دۆزەخ! ئای لەبەندەو کۆیلەی راونراو! وەك کەروێشك نەریتێکی باوبوو. نەریتی جووتیارەکان لەهەر ناوچەیەکدا وابوو کە هەموویان لەرۆژێکی دیاریکراودا کۆببنەوەو بەریزی لێکنزیکەوە بەناو دێهاتدا تەکانبدەن. هەزارەها کەروێشك دەرپەڕێنن بۆ ناو کۆترێکی ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە.

پیاوو مێرمنداڵیش بەکوتەك دەکەوتنە سەریان هەتا دەیانکوشتن. بەدرێژایی‌و پانایی شەقامدا گێڕا. بێهەست‌و خوستبوو، بیناخامۆشەکان لەپەنجەرە زۆرەکانییانەوە دەیانڕوانییە دەیمەنەکە.



هەرتەنیا جارێك و چیترنا، قۆڵێکم دی لەوجۆگە مردووەدا دەجوولا. سوێند دەخۆم من دیتم دەجوولایەوە. لە ئازارێکی بەسوێی سەیردا، لەگەڵیا سەرێکی خوێناوی، بەشێوەیەکی زۆر ترسناك، کە نایەتە وەسفکردن، بەرزبۆوە، سەرێك بەپەلەپروسکێ کەوتە قسەو رووی قسەکەی لەمن کرد، پاشان سەرلەنوێ کەوتە سەرپشت و ئیتر چیتر جووڵەینەکرد.

من شەقامێکی ترم لەبیرە. لەهەردوو لایەوە بینای هێمنی تیایە، ئەوترس‌و لەرزەی تا هۆش رایتەکاندم کە جارێکی دی چاوم بەکوڕانی دۆزەخ کەوتەوە، بەلام ئەمجارەیان لە جۆگەکەیدا کەوا دەرۆیی‌و هەنگاوی بۆ پێشەوە دەنا، شتێکم نەدی لێیبترسم. جۆگەکە بە هێواشی دەڕۆیی، کەچی ناڵەو گریان‌و فیڤان‌و لەعنەت‌و وڕێنەی خەڵەفاوو هیستریاو شێتی لێبەرزدەبۆوە. چونکە ئەوانە نەوجەوانانی گەش‌و تەمەن بەسالاچو، بێهێزونەخۆش، بێکارەو نائومێدو... داروپەردووی هەموو گەڕەکە پیسەکەی کرێکاران بوون. سووتاندنی گەڕەکی گەورەی کرێکاران لە "ساوپ سایددا بەرەو دۆزەخی کوشتاری شەقامی راپێچکردن. بەلام بۆ کوێ چوون‌وچییان بەسەرهات، ئەوە شتێکە نەمزانیوە و هەرگیز هەواڵەکەییم پێنەگەیشتووە [134].

من چەند بیرەوەرییەکی بە ئاستەمم لان دەربارەی ئەوەی پەنجەرەیەکم شکاندو خۆم لەدووکانێکدا شاردەوە، تاکو خۆم لەدەست تاقمی رەش‌وورووتەکان دەرباز بکەم کە سەربازەکان راویاندەنان. جارێکیشیان لە نزیك منەوە بۆمبایەك لەشەقامێکدا تەقییەوە کە خامۆشی باڵی بەسەریا کێشابوو، هەرچەندە کە من سەرم بڵندکردو چەند جارێك نەویمکرد نەمتوانی هیچ ئادەمیزادێ بەدیبکەم.

---

(134) زەمانێکی دوورودرێژ خەڵك لەسەر یەك را نەبوو دوربارەی ئاگری گەرەکی کرێکاران لە"ساوث ساید" ، ئایا شتێکی رێککەوتبوو، یاخود کردەوەی چڵکاوخۆران. بەلام ئێستا راکە بەتەواوەتی ساغبۆتەوە کە هێزەکانی چڵکاوخۆرانبوون ئاگریان لەو گەڕەکە بەرداو فەرمانەکانی سەروەرەکانیان جێبەجێکردن.

www.pertwk.com

بەڵام یەکەم بیرەوەریی تیژ لە بیرەوەرییەکانی داهاتووم لەگەڵ شلینگی تفەنگو هۆشـێکی لـەپڕ کـە سـەربازێك لـە ئوتۆمبیلێکـدا تەقـەی لێکـردمو گوللەکـەم پێنەکەوت, لەپڕ ساتیٚ دوای ئەوە دەیقیژاندو, وشە نهێنییەکانم دەدرکاند. من بەشێوەیەکی زۆر تەماوی سواربوونی ئۆتۆمبێلم لەبیرە. هەرچەندە ئەو سواربوونە بەدەوری خۆی, بەشێوەیەك لە شێوەکانی پڕ لە ژیان پچڕا.

شلینگی تفەنگی ئەو سەربازەی لە تەنیشتمانەوە بوو, وایلێکردم چاوم بکەمەوە, (جۆرج میلفۆرد)م دی. کە لەرۆژانی (شەقامی بێلڵ)دا دەمناسی. لەسەرخۆ لەسەر شۆستەکە کەوت. تەنانەت لەکاتی کەوتندا, سەربازەکە سەرلەنویٚ گوللەبارانیکرد, میلفۆرد لوولی خواردو نووشتایەوە, پاشان بەلرخەلرخ کەوتە سەر عەردی. سەربازەکە پێکەنی و ئۆتۆمبێلەکە خێرا دەرپەڕی.

ئەوشتەی دی کە من پاش ئەوە پێمزانی ئەوەبوو لە خەوێکی قووڵدا, لەترپەی پێی کابرایەك کە زۆر لەنزیك منەوە لە شوێنەکەدا هاتووچۆیدەکرد, بێدارکرامەوە.

دەموچاوی گرژومۆنبوو, ئەوعارەقەی بەنێوچەونیدا دەهاتە خوارەوە لەسەری لووتییەوە دەتکا. دەستێکی دەستەکەی تری بەتوندی لەسەرسینگی چەسپکردبوو. لەکاتی رۆیشتنیا خوێنی لێدەهاتو دەڕژایە سەر زەوی.

جلی رەسمیی چڵکاوخۆرانی لەبەردابوو, لەدەرەوە, وەك بڵێی بەناو دیوارێکی ئەستووردا, گرمەی خەفەکراوی بۆمبی تەقیوە دەهت, لە بینایەکدابووم کە دژی بینایەکی تر کەوتبووەشەڕ.

دوکتۆر هات برینەکانی سەربازەکە تیمار بکات, زانیم کە سەعات دووی پاش نیوەڕۆیە, هێشتا ژانەسەرەکەم هەروەك خۆی بەتەوژمبوو کە دوکتۆرەکە لە ئیشی خۆی بۆوە, بێهۆشکەرێکی بەهێزی دامیٚ تاکو چالاکیی دڵ کەمبکاتەوەو کەوتمەوە باوەشی خەو. شتێکی تر کە زانیم ئەوەبو کاتیٚ چاودێریی هێرشی باڵۆنەکانم دەکرد بۆ سەرقەڵاتەکان.

کابرایەك دەستی تێئاڵاندم ك زۆر بەتوندی خۆم پێوەنووساندبوو وەکە کارێکی بەهێزو بەردەوام کە گومانی تیا نییە وام بەخەیاڵداهات, کە خودی ئێرنستبوو, لەبەرخۆمەوە پرسیارمکرد چۆن بەمشێوە خراپە لەقژو هەردوو برۆیەکانی کردووە!

لەوشارە ترسناکەدا, هەر بەرێککەوت یەکترمان دیتەوە. نەیدەزانی کە لە نیویۆرك دەرچووم. کە ئەو ژوورەی بەجێهێشت من تێیدا خەوتبووم, لەوباوەڕەدا نەبوو جارێکی دی بمێنێتەوە.

لایەکی زێدەم لە "کۆمۆنەی چیکاگۆ"دی. پاش چاودێریکردنی هێرشی باڵۆنەکان ئێرنست منی دابەزاندە ناوجەرگەی بیناکە, کەوا رۆژ لەزەردانو شەوم بە خەوێکی دوورودرێژ بەسەربردنو رۆژی سێیەممان لە بیناکەو لەچوارەم رۆژدا لە هێزەکانی چڵکاوخۆران مۆڵەتو ئۆتۆمبێلێکی وەرگرتبوو, لە چیکاگۆ دەرچووین.

ژانە سەرەکەم نەما, بەڵام تابڵێی بەلەشو گیان ماندوو بووم, لە ئۆتۆمبێلەکەدا پاڵمدا بە ئێرنستەوە, بەچاوی بێبایەخدان چاودێریی سەربازەکانم دەکرد, تەقەلایاندەدا ئۆتۆمبێلەکە بۆ دەرەوەی شار بەرن. شەڕ هێشتا لەئارادابو, بەڵام هەر لەویٚ دەسەڵاتی خۆیان بەسەر چەند ناوچەیەکدا گرتبوو, بەڵام ئەم ناوچانە هێزی قەبەو زل دەورەیاندابوو.

بەم شێوەیە هاوڕێیانمان لەناوسەد بەندو داوی دابڕاو زیاتر گەمارۆ دران, کەچی کردەی سەرپێدانەواندنییان بەردەوامبوو. سەرپێشۆڕکردن واتای مردنی دەگەیاند, چونکە لەوشەڕەدا هەرگیز وچاننەبوو, تا دوا پیاو قارەمانانە شەڕیانکرد[135].

---

(135) گەلێك بینا لەهەفتەیەك پتر خۆیان راگرت, ئەوە لەکاتێکا یەکێکیان (21)رۆژ خۆی گرت, دەبوایە هەموو بینایەك بگیریٚ وەك بڵێی قەڵاتە. چڵکاوخۆران چین چین رێگەی خۆیان بۆ بینا بڵندەکان کردەوە, شەڕێکی ترسناکبوو, نە وچان دەدراو نە وچان دەسێنرا, لە شەڕەکەدا شۆڕشگێڕەکان لە دوژمنەکانیان جیا دەکرانەوە بەوەی کە شوێنە بەرزەکانیان دەگرتن. هەرچەندە کە شۆڕشگێڕان کەوتنە بەر دروێنەی مەرگ, زیانەکە

ئێمە هەرچەندە لەمجۆرە شوێنانەدا نزیکدەبووینەوە, پاشەوانەکان دەیانگەڕاندینەوە شوێنی پێشوومان. جارێکییان تاکە ڕێگایەك کە بەرەو دووشوێنی سەخت لەشوێنەکانی هاوڕێیانمان دەرچوو, دەبوایە پارچەیەکی سووتاو ببڕین, کە کوتبووە نێوانیان لەهەردوولاوە دەمانتوانی گوێمان لەگرموهۆری شەڕ بێ, کەچی ئۆتۆمبێلەکە بە ئاگادارییەوە بەناو کەلاوە دووکەڵاویەکان و دیواری لارەوبووی رووەوکەوتندا ڕێگەی خۆی گرتبووەبەر.

زۆر جار چەند چیایەك لە دارو پەردوو بەجۆرێ شەقامیان دەگرت, ناچاردەبووین بەرێگەی خۆماندا بگەڕێینەوە, کەوتبوینە ناو کەلاوان, لەسەرەخۆ هەنگاومان بۆ پێشەوە دەنا.

"پشتێر" کۆزی رەشەولاخ و "گەڕەکی کرێکاران و کارگەو هەموو شتێ" کەلاوەبوون و دەسووتان. دوور لەدەستە راستەوە, تەمە دووکەڵێکی یەکجار زۆر روی ئاسمانی لێڵکردبوو, ئەوە وەك سەربازە لێخوڕەکە پێی راگەیاندن, شاری (بۆلمان) یاخود لەمەوبەر شاری (بۆلمان)نەبوو. چونکە بەتەواوەتی وێرانکرابوو, رۆژ لە زەردانی سێیەم, ئۆتۆمبێلەکەی بۆ ئەوێ بردو هەندێ نامەی پێبوو. پێیگوتین کە توندترین شەڕ لەوێ روویداو لەبەرکەڵەکەبوونی مردووان زۆر شەقام هی تێپەڕین نین.

ئۆتۆمبێلەکە جارێ لەدەوری دیوارەکانی بینایەکی رووخاودا نەسووڕابۆوە, لەناوچەی پشتێری رەشەولاخ, کە یەکسەر شەپۆلێك کوژراو ڕێگەیان پێگرت. بەتەواوەتی لەشەپۆلێکی دەکرد کە دەریا هەڵیدەدا, بەلام چۆن سەریهەڵدا, ئەوە لای ئێمە شاردراوە نەبو. کاتێ کە هەرچیوپەرچی هێرشیاندەبردو گۆشەکەیان تێپەڕدەکرد, لەسەر چەند گۆشەیەکی راست و لە نیشانگەیەکی ئاسۆیی,

---

هەر لەیەك لانە بو. پرۆلیتاریای شانازیکەری چیکاگۆ لەسەر ئاستی نگیپە کۆنەکانی, توانی بەقەد ئەو ژمارەیەی لە رۆڵەکانی کوژرابوو, لە دوژمنان بکوژێ.

کەوتنەبەر دروێنەکردنی ئاگری ئەو رەشاشە پاڵپێکدەرانەی لای شەقامە رێپێگرەکە. بەلام کارەساتێك تووشی سەربازەکان بوو.

گومان لەوەدانەبو کە بۆمبایەك لەناو لینگییاندا تەقییەوە, چونکە ئەو هەرچی و پەرچییانەی هێرشەکەیان بەربەستکرا کوژراو گیانەلاکانیان ئەو شەپۆلەیان پێکهێنا. تەکانێکی توندو تیژییان دابوو, کەفوکوڵی خۆیان دەرکردبوو ك بریتیبوو لە کۆیلەی زیندووە جەنگاوەر, بەمجۆرە سەربازو کۆیلە پێکەوە دەکوژران.

لەدەوروبەرو بەرەو سەرەوەی پەردووی ئۆتۆمبێلەکان و تفەنگەکان, شێوێنراو وشەق و پەقکرابوون.

ئێرنست لەپر بازێکی دا چاوی بەدووشانی ئاشنا کەوت لە کراسێکی لۆکەداو چەند تاڵەموویێکی سپی بەسەریاندا شۆڕبووبوونەوە, کە بەلایەوە نامۆ نەبوو. من کەسم بەدینەکرد. کە هاتەوە تەکم و ئۆتۆمبێلەکە ئێمەی راڕڤاند گوتی:

ئەو کابرایە قەشە "مۆرهاوس"بوو.

هەرزوو گەیشتینە لادێیە سەوزەکە, دوا سەرنجماندایە ئاسمانە پڕ دووکەڵەکە, بەشێوەیەکی کزی دوور دەنگی تەقینەوەیەکی لەسەرەخۆ هات. پاشان من سەرم بەسینگی ئێرنسەتەوە نا فرمێسکی ئەفسووسم بۆ ئەو دۆزەهەڵرشت کە دۆڕاندمان, هەردوو باڵەکانی ئێرنست کە تێم ئالابوون پڕبوون لەوپەڕی خۆشەویستی.

گوتی:

–" گیانە ئازیزەکەم, دۆڕانەکەمان کاتییە, بەلام هەتا هەتا نییە. فێربووین. بەیانی دۆزەگەورەکە لە گلانەکەیدا راستدەبێتەوە بەدانایی و پێڕۆ پشتئەستوورە."

ئۆتۆمبێلەکە ئێمەی برد بۆ وێستگەیەکی شەمەندەفەر, لەوێ چاوەڕوانبووین کە بەشەمەندەفەرێ رابگەین بۆ نیویۆرکمان بەرێ. کاتێ لە وێستگەکەدا چاوەڕوانبووین, سێ شەمەندەفەر گرمەیان هات و بەلامانا تێپەڕین, بەلای

www.pertwk.com

رۆژئـاوادا بـەرەو چـیکاگۆ چـوون پڕبـوون لـە کرێکـاری جـل شـڕووڕ کرێکـاران لەکارامەییە هونەرییەکەیان, تێبینی ئەوەیان لێکردن– کە کوڕانی دۆزەخن.

ئێرنست گوتی:

–"کۆیلـەو بەنـدەن, بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی چـیکاگۆ تـەرخانکراون, چـونکە کۆیلەکانی چیکاگۆ بەندەن, وەك دەزانی هەموویان کوژران.



# بیست و پێنجەم بەش

# تیرۆرستەکان

# تیرۆرستەکان

منو ئێرنست، تا لە نیویۆرك نەگەڕاینەوە، لە رادەی ئەوکارەساتەی تووشی دۆزەگەورەکە بوو نەگەیشتین. بارودۆخەکە تاڵو خوێناویبوو، لەزۆر شوێنی پەرشو بڵاو، لەسەرانسەری وڵاتدا، بەندەکان راپەڕینو خوێنیان ڕژا، ژمارەی شەهیدان یەکجار زیادیکرد، لەهەموو شوێنێ ئەوەندە خەڵك لەسێدارەدران کە لەژمارە نایەن. چیاو دەشتودەر پڕبوون لەڕاونراوانی دادو ئەوپەنابەرانەی بێبەزەیی راونران، تاراوگە تایبەتەکانمان پڕبوون لە هاوڕێیانی خۆمان کە حکوومەت بۆسەری هەریەکێکییان نرخێکی دانابوو. سەربازانی "پاژنەی ئاسنین"بەدەیان پەناگەی ئێمەیان داگیرکردن، دوای ئەوەی سیخوڕەکانی خۆیان پێشانیان دابوون. ژمارەیکی زۆر لە هاوڕێیانمان گیران، بەشێوازی تیرۆریستانە تۆڵەی خۆیان سەند ئەونائومێدییەی کە تووشیانبو وایلێکردن دۆش دابمێننو

www.pertwk.com

نائومێدبن، چەندین رێکخراوی تیرۆریست کە سەربەئێمە نەبوون، سەریان هەڵدا، زۆر بەڵایان بۆ بەجێهێشتین(136).

---

(136) سالنامەی ئەم ماوە کرتە پڕ لەنائومێدییەی دێڕو لاپەڕە خوێناوییە تۆڵەسەندنەوە هاندەری خۆسەپێنبوو. ئەندامانی رێکخراوە تیرۆریستەکان گوێیان نەدەدا بەگیانی خۆیان، دەستییان شووشتبوو، دانییەکان(Danites) ئەوانەی ناوی خۆیان لە فریشتەی تۆڵە، لە میپۆلۆجیای مۆرمۆنی وەرگرتبوو، لە چیاکانی رۆژئاوای گەورە (Great West)ەوە دەرپەڕیبوونو، بە درێژایی و پانایی کەناری باسفیك لە پەنەماوە تا دەگاتە ئالاسکا بڵاوبووبوونەوە. بەڵام ڤاڵکیرەکان (Valkyries) هەموویان ژنبوون، رێکخراوەکەیان بە شێوەیەکی گشتی پیسترین ئەو رێکخراوانە بوو هیچ ژنێك نەدەبوو بەئەندامی ئەگەر یەکێك لە خزمەنزیکەکانی بەدەست ئۆلیگارکییەت نەکوژرابا. ئەندامەکانیان بە ئازاردانی دیلەکانیان تا رادەی مردن، تاوانبارکران. رێکخراوێکی بەناوبانگی تری ئافرەتان هەبوو، ئەویش رێکخراوی (بێوەژنی شەڕ)بوو، بەڵام گروپی Berserkers بێرسێرکەرز رێکخراوێکی "خوشك"ی گرووپی ڤاڵکیرەکانبوو. لەراستیدا ئەو پیاوانە باکیان لە هیچ مەترسییەك نەبوو، هەرچەندە گەورەش بوایە. ژیانیان لەبەرچاویان هەر هیچ نەبوو، لەراستیدا ئەوان بوون شارەگەورەکەی چڵکاوخۆرەکانیان بەتەواوەتی وێرانکرد کە ناوی بێلۆنا Bellona بوو، دانیشتووانەکانی، کە دەگەیشتنە سەد هەزارو زیاتر، کوشتوبڕکردن، بەڵام دوو گرووپەکەی "شێتان" Bedlamites و "دۆزەخییەکان" Heudamites دوو رێکخراوی جمکبوون لەناو رێکخراوەکانی کۆیلە بەندەکان، لەکاتێکا ئەو ماوەیە تیپێکی نوێی ئایینی ناسی کە تەمەنی درێژ نەبوو، ئەو تیپە ناونرا "تووڕەیی خوا" هەروەها لەو گروپانەی تر کە سەریانهەڵدا، لێرەدا ناویاندەهێنین– بۆ دەرخستنی جیددییەتی فەوتێنەرانەیانو حاڵەتە سەیرو سەمەرەکەیان– ئەو رێکخراوانە بوون: "دڵە خوێناوییەکان"، "رۆڵەکانی بەیانی"، "ئەستێرەکانی بەیانی"، "پێشێلکارەکان Flamingoes"، "گۆشە سێقۆڵییەکان"، "سێ لوولەکان"، "رۆبۆنیکییەکان Rubonics"و "تۆڵە سێنەکان"، کۆمانشییەنەکان Coma nchesو ئەریبووسییەکان Erebustes.

www.pertwk.com

ئەوخەڵکە سەرلێشێواوو گومڕایە سەرکێشانە قوربانییان بە ژیانی خۆیانداو، زۆرجار پلانەکانی ئێمەیان تێکدان و تەگەرەیان خستە پێش بەرەوپێشەوچوونی ڕێکخراوەکەمان.

لەوهەموو ماوەیەدا "پاژنەی ئاسنین" شێلگیرانەو بێبەزەییانە هورووژمیانهێنا، پێکهاتنی بونیاتی کۆمەڵایەتی بەگشتی هێنایە هەژان لە دواگەڕانی بەشوێن هاوڕێیانداو، کنەکردنی چڵکاوخۆرەشوێن بەرزەکان و، بەرەبابە داخراوەکانی کرێکاران و هەموو هۆبە نهێنییەکانی. سزای بێبەزەیی و بێرق و کینەی دەدا، بەبێدەنگی بەرگەی ئەو شاڵاوانەی تۆڵەی دەگرت یەکسەر پڕیدەکردەوەو لەهەمان کاتدا ئێرنست هەندێ پێشەوای تر، خەریکی

---

* نسیبەتە بۆ Dan یەکێك لە دوانزە کوڕەکانی یەعقووب، دانییەکان ئەندامی ڕێکخراوێکی نهێنی مۆرمۆنی بوون، مەزەندەدەکرێ ساڵی 1837 پێکهێنرابێ (وەرگێڕی عەرەبی).

** ڤاڵکیرەکان Valkyriesلە میپۆلۆژیای سکەندنیافیدا، کارەکەری خواوەندی گەورە (ئۆدین)Odin ، ئەرکی ئەوان ئەوەیە کە سواری هەوابن بۆ گۆڕەپانی شەڕ، بۆ ئەوەی ئەو قارەمانانە هەڵبژێرن کە بۆیان لواوە بکوژرێن تاکو ڕۆحەکانیان بەرن بۆ هۆڵی نەمری کە ناوی "ڤاڵهالایە"Valhallo . "وەرگێڕی عەرەبی".

***بێرسێرکەر لە میپۆلۆژیای سکەندنیاڤی جەنگاوەرێکی نۆرماندییە کە هێزو ئازایەتییەکی زۆری پێوە دیارە، لە کۆڕی شەڕدا بەجەربەزەییێکی بێئامان ناوی دەرکردبوو. "وەرگێڕی عەرەبی"

**** نیسبەن بۆ Erbus کە لە میپۆلۆژیای گریکیدا شوێنێکی تەنگ وتاری دۆزەخییە، سێبەری مەرگی پێدا تێدەپەڕێ، کە ڕێگەی بەرەوئاگری دۆزەخە، کە لایان بە (Hades) ناسراوە. (وەرگێڕی عەرەبی)



ڕێکخستنەوەی هێزەکانی شۆڕش بوون و مرۆڤ دەتوانێ دەرك بە مەزنی ئەرکەکان بکات ئەگەر[137] ............

## پوختەیەك لەژیاننامەی نووسەر

جاك لندن یەکێکە لە درەوشاوەترین ئەو ناوانەی لە ئاسمانی ئەدەبی ئەمەریکیدا دەرکەوتن. ساڵی 1876 لەسانفرانسیسکۆی سەربەولایەتی کالیفۆرنیا لەدایکبووە. ڕۆڵەیەکی زۆڵی باوکێکبوو وکاری فاڵگرەوەیەکی گەڕۆکبوو، دایکیشی کارورەفتاری مەسەلەی ڕۆحانییەتبوو. لەنەوجەوانیدا بۆ نان پەیداکردن ژمارەیەك کاری بچوکی کرد. ڕۆژنامە فرۆشی حەماڵی یاخود کرێکاری گالیسکەی بەفر، پاشان بەتاڵکردن و بارکردنی کەشتی، تا لەئەنجامدا دڵکێشی دەریابوو وروویکردە کارکردن لە کەشتیدا. ساڵی 1894، کە لەناوچەی تاڤگەکانی نیاگارادا دەگەڕا دەسگیرکراو بەتاوانی سەرگەردانی ڕاپێچی بەندیخانە کرا، بێدادگەییکردن ماوەی سی ڕۆژی تیادا بەسەر برد. لەبەندیخانەدا ئاشنای چینی کارگەرانی هاڕدراوبوو کە لەلایەن خاوەن کارەکانەوە دووچاری

---

(137) ئەمەیە کۆتایی دەستخەتەکەی خانمە ئیڤار هارد، لەپڕ لە ناوەراستی ڕستەیەکدا دەپچڕێ. بێگومان ئاگادارکردنەوەیەکی پێگەیشت کە هێزەکانی چڵکاوخۆران وادێن. بەڵگەی بۆ ئەمە ئەوەیە کە کاتێکی باشی بەدەستەوەبوو بۆ شاردنەوەی دەستخەتەکە بەرلەوەی رابکات. یاخود بگیرێ. بەداخەوە نەژیا تا چیرۆکەکەی تەواو بکات. ئەگەر وایبکردبایە، ئەوتەمەی بەدرێژایی حەوت سەدە کوشتنی ئێرنست ئێڤەر هاردی تەنیوە، دەڕەوییەوە.

www.pertwk.com

چەوساندنەوە بووبوون. هەر کەلە بەندیخانە دەرچوو، یەکسەر چووە ریزی لقی پارتی سۆشیالست لە ئۆکلاند و بێپێشوودان سەرقاڵی خوێندنەوەو نووسینبوو، ئارەزووکردنی بەرەبەرە پتر بوو کە خەونەکەی بێتە دیو ببێتەنووسەرێکی گەورەو لەوباوەڕەدابوو بۆ ئەوەی ئەم ئامانجە بێنێتە دی، پێویستە فەلسەفەیەکی روونو بیروباوەڕێکی جیاکراوەی هەبن* .

یەکەمین چیرۆکی ساڵی 1899 لەگۆڤاری (ئۆڤەر لاند مۆنثلی)دا بڵاوکراوەتەوە. بەڵام یەکەمین رۆمانی کە (کچۆڵەی بەفرەکان)بوو، ساڵی 1902 دەرکەوت.

ساڵی 1904 دەستیکرد بە نووسینی "گورگی دەریاکان"، ئەوکاتە کاری پەیامنێری رۆژنامەنووسیبوو، داوای لێکرا کە بچێتە ژاپۆن بۆ نووسین دەربارەی دەنگوباسی جەنگی ژاپۆنی-رووسی. رۆمانەکەی لەهەمان ساڵدا دەرچوو، بۆئەوەی سەرکەوتنێکی بێهاوتا وەدیبێنێ.

وێڕای کورتیی ژیانی، کە (40) ساڵبوو، تابڵێی دەوڵەمەندو همە جۆربوو. لەوشانزە ساڵەی دواییەدا نۆزدە رۆمانو هەژدە کۆمەڵە چیرۆكو سێ شانۆنامەو زیاتر لە 150 وتارو هەشت کتێبی لەبارەی کۆمەڵگەو ژیاننامەی خویەوە نووسی.

لەشاکارەکانی: "بانگەوازی جانەوەر". "پاژنەی ئاسنین"، "رۆڵەی گورگ"، "کەڵبەی سپی" و "گورگی دەریاکان"ن.

ساڵی 1916 بەخۆکوشتن سەرینایەوە.

---

* سەرچاوەی ئەم زانیارییە: (ذئب البحار) جاك لندن. ترجمة- عمران ابو حجلة. دار منارات للنشر- عمان- الأردن.

# چەند دێڕێك لەژیانی رۆشنبیریی وەرگێڕی کوردی

*ناو: کەمال حوسێن ئەحمەد (غەمبار).

*ساڵی 1937 لەشاری کۆیە لەدایکبووە.

*ساڵی 1961 بۆتە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی عیراق.

*ساڵی 1961-1962 بەشی ئەدەبو زمانی عەرەبی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە.

*تائێستا (4)شانۆنامەو (3)کتێبی لە عەرەبییەوە کردوونەتە کوردی، لەدانانی (3) کتێبی قوتابخانە بەعەرەبی و وەرگێڕانی سێ کتێبی تردا بەشداریکردووە.

*سەرپەرشتیی زمانەوانی ژمارەیەك نامەی ماستەرو دوکتۆرای کردووە.

www.pertwk.com

*بەژمارەیــەك بەرهــەمی (شــیعرو چــیرۆك)ی وەرگێــڕاو بــۆ زمــانی عەرەبیــدا چۆتەوەو پێشەكی بۆ نووسیون.

*پێنج ساڵ سەرپەرشتیی زمانەوانی رۆژنامەی "الوقائع العراقیە"ی كردووە.

*بـــەدەیان نووســـین و توێژینـــەوەو لێكۆڵینـــەوەی بـــەزمانی عـــەرەبی بڵاوكردوونەتەوە.

*نووســەرو خــاوەن ئیمتیــازو سەرنووســەری ژمارەیــەك رۆژنامــەی كــوردیو عەرەبی بووە.

*لە زانكۆی بەغداو سەلاحەدین وانەی رەخنەو ئەدەبی بەكوردیو عەرەبی.

*ئێــستا ســەرقاڵی وەرگێڕانــی نامەیــەكی دوكتۆرایــە بــەزمانی عــەرەبی بــۆ ســەرزمانی كــوردی, هــەروەها سێبەرگی قەبــەی كتێبێكــی دی لەكوردییــەوە بــۆ عەرەبی.



# پێڕست

بابەت


1–پێشەكیی وەرگێڕی كوردی.........

2–پێشەكیی ئەناتۆل فرانس........

3–یەكەم بەش–هەڵۆكەم..........

4–دووەم بەش–بەگژدا چوونەكان........

5–سێیەم بەش–قۆڵی جاكسن.........

6–چوارەم بەش–كۆیلەكانی ئامێر..........

7–پێنجەم بەش–فیلۆماثییە كان...........

8–شەشەم بەش–سەرنجەكان...........

9–حەوتەم بەش–جیهانی بینینی قەشە..........

10–هەشتەم بەش– ئامێر تێكدەرێك.............

11–نۆیەم بەش–بیركاریی خەون............

12–دەیەم بەش–گێژاو............

13–یانزەیەم بەش– گەورەترین سەرچڵی........

14–دوانزەیەم بەش– قەشەكە........

15–سێنزەیەم بەش– مانگرتنی گشت......

16–چواردەیەم بەش–سەرەتایی دوایی.........

17–پانزەیەم بەش–رۆژەكانی دوایی..........

18–شانزەیەم بەش– كۆتایی............

19–حەڤدەیەم بەش–دڵڕەقی خوێناوی.........

20–هەژدەیەم بەش– لەسێبەری سۆنۆمادا.........

21–نۆزدەیەم بەش– گۆڕان..........

22–بیستەم بەش– ئۆلیگاركیەكیسەرلێشێواو........

23–بیستویەكەم بەش– نەڕەی جانەوەری دۆزەخ.........

24–بیستودووەم بەش– كۆمۆنەی چیكاگۆ..........

25–بیستو سێیەم بەش–كوڕانی دۆزەخ............

26–بیستو چوارەم بەش– مێردەزمە..........

27–بیستو پێنجەم بەش– تیرۆرستەكان.......

www.pertwk.com



زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان

| ژ | ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | ساڵی دەرچوون | وەرگێر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 29 | رۆشنبیرو دەسەڵات | عەرەبی | سعدالدین ابراهیم | رۆشنبیری | 2004 | هەڵکەوت عەبدوللا |
| 30 | شانۆ لە چەند وتارێکدا | عەرەبی | عەونی کەڕومی | شانۆیی | 2003 | پەروەر نەجمەدین |
| 31 | ستراتیژیی سەربازیی | فارسی | ریچارد کاگلەر | سیاسی | 2003 | دلێر میرزا |
| 32 | نامەیەك دەربارەی لێکبوردن | فارسی | جۆن لۆك | فەلسەفی | 2004 | شۆڕش جوانڕۆیی- فەرشید شەریفی |
| 33 | مەولاناخلیدو تەریقەتی نەقشبەندی | فارسی | سەید طاهر هاشمی | فیکری | 2004 | دلێر میرزا |
| 34 | سێ شانۆ نامە | عەرەبی | جان کۆکتۆ<br>ئۆین ج. ئارنۆ<br>میشێل دی. ئۆنامۆنۆ | شانۆیی | 2004 | هەورامان قانع |
| 35 | را پۆرتی برۆدی | فارسی/ عەرەبی | خۆرخە لویس بۆرخس | چیرۆك | 2004 | یاسین عومەر |
| 36 | بیرەوەرییەکانی هەڵەبجە | کوردی | بەکر حەمە صدیق | مێژووی | 2004 | بەکرحمە صدیق/ کوردی |
| | | | | | | دلێرمیراز/ فارسی<br>م. حسن عبدالکریم<br>ئینگلیزی/ فوئاد تاهیر |
| 37 | رەهەندەکانی ناسیۆنالیزم | فارسی | کۆمەڵێ نووسەر | نەتەوەیی | 2004 | ئارام جمال |
| 38 | ریفراندۆم باشترین شێوازی خەباتە | سویدییەوە | تۆم گولبێری | سیاسی | 2004 | ئیدریس ئیبراهیم |
| 39 | شانۆی پانتۆمایم | عەرەبی | بورهان قەرەداخی | شانۆی | 2004 | بورهان قەرەداخی |
| 40 | گوڵەزەر ماڵئاوا | عەرەبی | جەنگیز ئیمتاتۆف | چیرۆك | 2004 | جەوهەر کرمانج |

بەرهەمی داهاتووی خانە بۆ بەردیدی خوێنەرانی ئازیز

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ |
|---|---|---|---|
| 1 | مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی | سید طاهری هاشمی | دلێر میرزا |
| 2 | سەرچاوەکانی زانای و نەزانی | کارل پۆپەر | ناصری سەلاحی |
| 3 | یادەوەریەکانی ئەندامێکی میت | محمدی ئەیموری | ئارام علی عەزیز |
| 4 | کاریگەری هەڵچوون و لەبەرپرسێتی تاواندا | همداد مجید علی | دلێرمیرزا |
| 5 | دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی | گرامش | مامەند رۆژە |
| 6 | ئازارەکانی هونەرمەندێك | یوسف فرانسیس | ئاری بابان |
| 7 | نیوەکەی تری جیهان و چەند جیرۆکێك | چەند نووسەرێك | نوری سەعید قادر |

www.pertwk.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| 8 | جینۆساید لەباکوری عیراق | ڕێکخراوی مافی مرۆڤ | محمد حمە ساڵح |